**هەرێمی کوردستانی عێراق**
ئەنجوومەنی نیشتمانیی
کوردستانی عێراق

## ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق

# پرۆتۆکۆلەکان

# ٥

بەرگی پێنجەم ـ ١٩٩٢

---

چاپی یەکەم ١٩٩٨

له بڵاوکراوەکانی ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق

ناوی کتێب: ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق
پرۆتۆکۆڵەکان ـ ١٩٩٢/ بەرگی پێنجەم

چاپی یەکەم: ١٩٩٨

تیراژ: ١٠٠٠

ژمارەی سپاردنی بە کتێبخانەی نیشتمانیی هەرێمی کوردستان: ٢٠٧

# پێرست:


پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (٦٣) شەممە ڕێکەوتی ١٩٩٢/١٢/١٢ ـــــــ ل٥

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (٦٤) یەک شەممە ڕێکەوتی ١٩٩٢/١٢/١٣ ـــــــ ل٥٥

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (٦٥) سێ شەممە ڕێکەوتی ١٩٩٢/١٢/١٥ ـــــــ ل٨٥

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (٦٦) چوارشەممە ڕێکەوتی ١٩٩٢/١٢/١٦ ـــــــ ل١١٩

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (٦٧) سێ شەممە ڕێکەوتی ١٩٩٢/١٢/٢٢ ـــــــ ل١٤١

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (٦٨) چوارشەممە ڕێکەوتی ١٩٩٢/١٢/٢٣ ـــــــ ل١٦٥

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (٦٩) شەممە ڕێکەوتی ١٩٩٢/١٢/٢٦ ـــــــ ل١٨٣


پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (٧٠) یەک شەممە ڕێکەوتی ١٩٩٢/١٢/٢٧ ـــــــ ل٢٠٩

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (٧١) دووشەممە ڕێکەوتی ١٩٩٢/١٢/٢٨ ـــــــ ل٢٥١

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (٧٢) سێ شەممە ڕێکەوتی ١٩٩٢/١٢/٢٩ ـــــــ ل٢٨٣

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (٧٣) چوارشەممە ڕێکەوتی ١٩٩٢/١٢/٣٠ ـــــــ ل٣١٧

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (٧٤) پێنج شەممە ڕێکەوتی ١٩٩٢/١٢/٣١ ـــــــ ل٣٣٩



# پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژماره (٦٣)

**شەممە رێکەوتی ١٢/١٢/١٩٩٢**

# پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژماره (٦٣)

## شەممە ڕێکەوتی ١٩٩٢/١٢/١٢

***کاتژمێر (١٠) ی سەرلەبەیانی ڕۆژی شەممە ڕێکەوتی (١٩٩٢/١٢/١٢)، ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستان بە سەرۆکایەتی جێگری سەرۆک بەڕێز نەژاد ئەحمەد عەزیز ئاغا و، بە ئامادەبوونی بەڕێز فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵلا سکرتێری ئەنجوومەن، دانیشتنی ژمارە (٦٣)ی خولی یەکەمی ئاسایی ساڵی یەکەمی خۆی بەست.***

***سەرەتا ڕادەی یاسایی دانیشتنەکە لەلایەن دەستەی سەرۆکایەتییەوە چەسپێنراو، ئەوجا بەڕێز جێگری سەرۆک بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان دانیشتنەکەی بەناوی گەلی کوردستانەوە دانیشتنەکەی دەست پێکرد.***

***بەرنامەی کار:***

***١ــ خوێندنەوەی ڕاپۆرتێک لەسەر داواکارییەکانی دانیشتووانی شاری قەڵادزە.***

***٢ــ پێش چاو خستنی پڕۆژەی یاسای وەزارەتی شارەوانی و گەشتوگوزار.***

***٣ــ تازە بابەت.***

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجوومەن:**

وەکو بەرنامەی کار لەبەر دەستاندایە، خوێندنەوەی ڕاپۆرتی داواکاریەکانی دانیشتووانی شاری قەڵادزێ، و پێش چاو خستنی یاسای وەزارەتی شارەوانی و گەشت و گوزارە، لەسەر تازە بابەت بەڕێزان چ پێشنیاریان هەیە؟.

**بەڕێز حەسەن عەبدولکەریم بەرزنجی:**
**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

بۆ خاڵی تازە بابەت دوو پێشنیارم هەیە:

یەکەم: ئۆردوگای بنەسلاوە (٧) هەزار ماڵە (٤٢)هەزار کەسی لێ دادەنیشێ تا ئێستا لە زۆر خزمەتگوزاری بێ بەشن و، ئەو خزمەتگوزاریانەی هەیە باش نییە بنکەیەکی پۆلیسی لێ نییە، کە خەڵکەکە هانای بۆ ببات. وا پێشنیار دەکەم ئەمە وەکو تازە بابەتێک بخرێتە خشتەی ئەمڕۆمان.

دووەم: ئەمڕۆ لە هەولێر خاوەن پاسەکان دیسان مانیان گرتووە بۆ ئەوەی پارە لەسەر خەڵک زیاد بکەن، ئەگەر ماوە هەبێ ئەم خاڵەش ئەمڕۆ باس بکرێت، سوپاس.

**بەڕێز فـــــــرەنـســـــــۆ تـۆمـــــــا هـەریری:**

**بەڕێز ســــــــەرۆکی ئـەنجـــــــومـــــــەن.**

من پشتیگری لە هەردوو پێشنیارەکە دەکەم، بە تایبەتی پێشنیاری مانگرتنی خاوەن ریم و پاس و کۆستەرەکان، کە ئەمڕۆ بەڕێز وەزیری شارەوانی لێرەیە واباشە ئەم بابەتە باسی لێ بکرێت، سوپاس.

**بەڕێز جـــێگری ســـەرۆکی ئەنجـــومـــەن.**

بەپێی پێڕەو دەبێ پێشنیازی تازە بابەت تەنها لە سەرۆکی فراکسیۆنەکانەوە بێت، لەبەر ئەوە ئەم پێشنیارە تازە لەلایەن ئەندامێکی فراکسیۆنی کەسک کراو،سەرۆکی فراکسیۆنی زەرد پشتگیری لێ کرد، ئەم شێوازە هەڵە بوو.

ئێستا پێشنیارەکەی فراکسیۆنی سەوز دەربارەی مانگرتنی خاوەن پاسەکان دەخەینە دەنگدانەوە.

کێ لەگەڵ ئەوەدایە ئەم خاڵە بخرێتە کاری ئەمڕۆمان؟.. تکایە دەست بەرز بکاتەوە.. دەست بەرز کرایەوە.. سوپاستان دەکەین.. کێ لە دژە؟.. بە زۆربەی دەنگ پێشنیارەکە پەسەند کرا.

لەسەر پێشنیاری د.جەلال شەفیق کە راپۆرتێکی دەربارەی باری قەڵادزێ داوە پێم، خستومانەتە بەرنامەی ئەمڕۆوە بۆ ئەوەی پێشکەش بەڕێزتانی بکەین، بەڵام پێش ئەوە ئێمە لە سەرۆکایەتی تێبینیمان لەسەر ئەو جۆرە راپۆرتانە هەیە، ئەو ئەندامەی کە راپۆرتێک دێنێت وابزانم مافی ئەوەشی هەیە پێش ئەوەی بیهێنێتە بەردەستی بەڕێزتان داوا لە سەرۆکایەتی بکات کە باسی بکات، پێویستە خۆی، یاخود هەندێ پەرلەمانتاری ئەو ناوچەیە لێی بکۆڵنەوە و بڕوا بۆ سەرچاوەی ئەوانەی کە داوای ئەم داخوازیانەیان کردووەو لەگەڵیدان باسی بکات و، ئەگەر پێویستیش بکات ئیستعانە بە لێپرسراوان بکات لەم بارەیەوە، لەوانەیە هەندێ لەو داوایانە توانای جێبەجێ کردنیان نەبێ دەتوانێ خەڵکەکە هۆشیار بکاتەوەو، پێیان بڵێ کە بەراستی حکومەت لەم بارەی کە ئێستا تیایەتی ناتوانێ هەموو شتێک جێبەجێ بکات. پاشان پوختەی ئەو راپۆرتە بخرێتە بەردەمی پەرلەمانەوە، ئینجا لەسەر شانی ئەندامان پێویستە بەراستی ئەو جۆرە راپۆرتانە بەو جۆرە چارە بکەن.

ئەمە لەلایەکەوە لە لایەکی ترەوە شتێکی دیکە هەیە کە ئێمە تێبینی دەکەین هەندێک لە ئەندامانی بەڕێز لەناو کۆبوونەوەی ئەنجومەندا یەکێک فکرەیەکی بەخەیاڵدا دێ یەکسەر دەیخاتە روو بۆ ئەندامێکی بەڕێز، بەڵام ئەم ئەندامەی کە دانیشتووە لە کۆبوونەوە فکری بە زۆر شتەوە مەشغولە و ناتوانێ تەرکیز بکا لەسەر ئەوە، بۆیە پێشنیار دەکەم کەوا ئەندامانی بەڕێز ئەوانەی راو تێبینیان هەیە دەتوانن داوا بکەن کە کۆنگرەیەک ببەستێ لەو هۆڵەی کە بۆ ئەندامان تەرخان کراوە، پاشان کە لەگەڵ یەکتر دەگەنە رایەک ئەو کاتە ئیمزای بکەن پێسشیارەکە بخەنە روو.

سەبارەت بە گۆڕینی ناوی زانکۆی هەولێر کە پێشنیارمان بۆ هاتبوو لە کاتی باس کردنیدا کەس بەرگری لێ نەکرد ،دیار بوو بە تێروتەسەلی ئەم بابەتە باس نەکرابوو.

**بەڕێز فـــــرەنســــــۆ تـۆمـــــا هـەریـری:**

**بەڕێز ســــــەرۆکی ئـەنجـــــــومــــــەن.**

ئەگەر سەرۆکایەتی رازی بێت قسە لەسەر پرۆژەی یاسای گەشتوگوزار بکەین، تا ئەو کاتەی بەڕێز جەلال دێت، ئەو راپۆرتانە بخرێتە بەشی دووەم و سێ یەمی کۆنگرە بۆ ئەوەی شتە بنەڕەتییەکان زووتر تەواو بکرێ، سوپاس.

**بەڕێز جـــێگری ســــەرۆکی ئەنجــــومــــەن:**

جاری با شتێک بۆ بەڕێزتان روون بکەمەوە ئەویش ئەوەیە ئەمە پێشنیاری د.جەلال نییە، ئەمە پێشنیارێکە لە ئەنجوومەنی شاری قەڵادزێ لەبەرەی کوردستانی قەڵادزێ و لێپرساوی ی.ن.ک و کۆمیتەی ئاودێری قەڵادزێوە کراوەوەو، کۆمیتەی کشتوکاڵی پشدەر هاتووە، هی د.جەلال نییە کە خۆی شتێکی کردبێ و لێرە د.جەلال تەنها وەک پێشنیارێک بە پەرلەمانی داوە.

**بەڕێز بـارزان خـــــــالیــــــد عــــــەزیز:**

**بەڕێـز ســـــــەرۆکی ئـەنجـــــــومـــــــەن.**

راپۆرتی دانیشتووانی قەڵادزێ:

ئاگادارن کە شارەکەمان شاری دوو جار شەهیدی قەڵادزێیە هەردەم لە خەبات و تێکۆشان دوانەکەتووە، لەوانەیە زۆربەی رێکخراوو، حزبە کوردییەکان لە کاتی بەرهەڵستیدا سەریان نەکردۆتەوە لە داگیرکەرو خوێنی ئاڵی شەهیدان و ئۆباڵی ئەوە دەکێشێ و هەر بۆیەش بووە چەندین جار شارەکەمان کەوتۆتە بەر شالاوی داگیرکەران و، هاتە سەر شەهیدکردنی و گواستنەوەیان بۆ ناوچەی بازیان و هەولێر لەساڵی (١٩٨٨)دا، بەڵام دوای بڕیاردانی سەرکردایەتیی بەرەی کوردستانی بۆ راپەڕین و راماڵینی خەڵک لە کوردستاندا یەکەم چەخماخەی ئەو راپەڕینە کە زۆربەی خەباتی سەری هەڵدا بوو لەلایەن دانیشتوانی شارەکەی ئێمە بوون و یەکەم شەهیدی ئەم راپەڕینە مەزنە کاکە بەختیاری قەڵادزێی جوانەمەرگ، شارەکەمان چۆن لە خەبات و، تێکۆشان سڵی نەکردەوە و ئاواش گیانی لەخۆبووردن و، ئاوەدانکردنەوەی لە دەروونیان تەقیوەوە و دوای راپەڕینەکە خەڵکی گەڕاونەوەتەوە ناوچەکەیان لەسایەی ئیرادەی گەل و شۆڕش و ئەنجوومەن و حکوومەتی فیدراڵ لە ناوچەکەیان شاردوونەوە کەوتوونەتە ئاوەدانکردنەوەی، بەڵام دوژمنی داگیرکەر بە شێوەیەک شارەکەمانی لەگەڵ خاک یەکسان کردووە کە گیرگرفتێکی زۆری بۆ ئەم وڵاتە هێناوەتە پێش، کە داوامان لە ئێوەی بەڕێزو تێکۆشەر کە ئاورێک لەشارە شەهیدەکەمان بدەنەوە و زیندووی بکەنەوە دەستی هاوکاری بۆ درێژ بکەن لەو ئاستانەی کە لەتوانای خەڵکە دڵسۆزەکەیدا نییە پێمان خۆشە وەفدێکی ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستان و، حکوومەتی فیدراڵی سەردانی شارەکەمان بکەن لە نزیکەوە هاوبەشی

بکەن تا بتـوانین جـوڵانەوەی ئاوەدانکردنەوەی شـارەکـەمـان بەرەو پێش بەرین کـە هەندێ لەو کەموکوڕیانەی لەم چەند خاڵەی خوارەوە دەردەکەوێت:

١ـ تا ئێستا لەدەست پێ کردن و ئاوەدانکردنەوەی شارەکەمان (١٤٠٠) تەن چیمەنتۆ دراوە بە قەڵادزێ، ئەگەر تەماشای ڕێژەی ئەو خانووانە بکەین کە دروست کراونەتەوە خانووی یەک تەن چیمـەنتـۆی بەرناکـەوێ لە کـاتێکدا چیـمـەنتـۆ لە بازاڕی ڕەشـدا کـە تەنی زیاتر لە (١٥٠٠) دینارە نرخەکەی لەگەڵ ئەوەشدا لە شارەکانی تری کوردسـتـان چەندی دەدرێ لە کارگەی چیمەنتۆی سەرچنارەوە، لەگەڵ ئەوەشدا کە چەندین جار لە کوردستان لێپرسراوانی شۆڕش ئاگاداری بەڕێوەبەری کارگەی چیمەنتۆیان کردووە هاوکاریمان بکەن، بەڵام بێ سوود بووە بەبڕوای ئێمە بۆ ماوەی چەند مانگێک چیمەنتۆی کارگەکان بۆ بڵاوکردنەوەی ئەو شوێنە رووخاوانە تەرخان کرا کە داگیرکەری بەعس وێرانی کردوون لەناویاندا شارەکەی ئێمەش خرایە بەرچاو، چونکە بڕواتان هەبێ گـیـانی ئاوەدانکردنەوەی زۆری شـارەکـەمـان لەگـەڵ ئەم هەموو گرانیە و هەل و مەرجی ئەمڕۆی کوردستان نییە.

٢ـ ڕژێمی بەعس هەرچی سەرچاوەی بیرەکانی ئاو هەیە هەمووی تەقاندۆتەوە کە دیارە ئاو سەرچاوەی ژیانە، بە هیمەتی جوامێرانەی خەڵکی قەڵادزێ توانرا بەسەر جادەی ئاوی داودیە بگەڕێتەوە بۆ ناو شار، بەڵام بەهۆی تەقاندنەوەی شارەکە زۆربەی بۆریەکان تەقیون ئەمەش دەتوانرا کـەڵکی لێ وەربگیـرێ هەرچەند لەلایەن چەند ڕێکخـراوێکی خـێـرخـوازیەوە یارمەتیـمان دراوە بۆ چاککردنی بیرەکان، بەڵام ئەمەش وەکـو پێویست بەشی شـارەکەمان ناکات ڕۆژ بە ڕۆژ زیاتر ئاوەداندەبێتەوە تکایە هیمەت بفەرموون، چونکە ئاو سەرچاوەی ژیانە گیروگرفتێکی گەورەی بۆ دروست کردووین.

٣ـ پاک نەکردنەوەی شارو جادەکـان پاش رووخـانی شارەکـەمـان بۆتە هۆی دواکـەوتنی ئاوەدان کردنەوەی کـە سـیـمـای شـاری پێـوە دیار نیـیـە لەبەر نەبوونی تـوانای خـەڵکەکـە هەرچەندە دەزگای میدیکۆ، دەسەڵاتی ڕێکخستنی کۆمیتەی یەکێتی نیشتمانیی کوردستان چەند جـار بۆ مـاوەی چەند هەفـتـەیەک بە شـۆفڵ و گـەڵابە بەم کـارە هەڵسـاون، بەڵام هێـشـتـا گیروگرفتی گەورە لە ڕێمان دایە.

٤ـ بەهۆی تێکچوونی شارەکەمان، هەموو زێرابەکانی شار تێکچوون وەکو پێویست نین دەبێ چاک بکرێنەوە، چونکە مـەتـرسی بڵاوبوونەوەی نەخـۆشی و ڕوودانی لافـاو دەبێ لە شارەکەماندا.

٥ـ تا ئێستا لە ڕووناکی کارەبا بێ بەشین و، هەرچەندە حکومەت بڕێک پارەی بۆ ئەم مەبەستە تەرخان کردووە و، عەقدی لەگەڵ دەزگای (کرۆ) کردووە کە بەشێکی کارەبای شارەکەمان و لە ناحیەی سەنگەسەرەوە دابمەزرێنن، بەڵام ئەمان هەندێ ماتۆڕی کارەبایان بۆ داناوین بێ ئەوەی تەلەکان ببەستن محاولەیەکی بۆ بێنن ئیشەکەیان خستە پشتگوێ، ئەمە کۆسپێکی

تری هێنانەوەی کارەبا و هەرچەندە دەزگای (کرۆ) بەپێی ئەو عەقدە دەبوو کارەکەی خۆی تەواو کردبایە، بەڵام دوای ماوەیەک چەند کۆمیتەیەکی ئاوەدانکردنەوە دروست کرا لە شارەکان لەوانە کۆمیتەی کارەبا کە رێکخراوی (میدیکۆ )یارمەتی دان بۆ گەڕانەوەی کارەبا، ئەم کۆمیتەیە سەرەتا پەیوەندیی کرد بە کارگێڕی سەرکردایەتیی بەرەی کودستانی و هاوکاری کردن بۆ پەیدا کردنی پێداویستی کارەبا، هەروەها پەیوەندییان کرد بە بەڕێوەبەری کارەبای سلێمانی کە شەهید «حەمە سەعید» لێی بەرپرسیار بوو ئەو کاتە زۆر بە جوامێرانە دەستی یارمەتی دان و، هەموو بەڵێنی پێدان کە هاوکاری تەواویان بکات لەو بارەیەوە، بەڵام ئێستا کۆسپی نەبوونی تەل و عەموودە پێداویستی تەل لە رێگادا هەیە، بۆ نموونە پێویستی بە (١٥٠)کم تەلی (ضغط عالی) هەیە بۆ گەڕانەوەی کارەبا لە حاجیاوە بۆ قەڵادزە کە دەست ناکەوێت، بەڵکو ئێمە لە فەرمانگەکانی تری پارێزگاکان بۆمان دابین بکرێ، یان رێگا بدرێ ئەو ئۆردوگایانەی کە خەڵکی قەڵادزێی لێ بوون ئیستا چۆڵ کراوە و گەڕاوە شتەکانی کارەبا ئەوانەی لێ وەربگرن بۆ ئەم مەبەستە.

٦ــ نەخۆشخانە تا ئێستا وەکو پێویست نەکراوەتەوە کە نەخۆشخانەیەکی ئەوتۆ دروست بکرێ بۆ لەگەڵ رێژەی شارەکەماندا بگونجێت لەگەڵ رێزماندا. ئەو هەوڵ و تەقەلایەی کە دکتۆر و کارمەندانی نەخۆشخانە هەوڵیان بۆ داوە لەگەڵ گەڕانەوەی هاووڵاتییان بۆ ناوچەکە بازووی کاریان لێ هەڵکردووە لە ناخۆشترین کاتدا خزمایەتیان بە جەماوەری ناوچەکە گەیاندووە کە بەرای ئێمە شیاوی هەموو یاداشتێکە هەرچەندە چاوەڕوانن لە پاداشت ئەم کارەیان ئەنجام داوە بەردەوام ئێستا شارەکە پێویستی بە نەخۆشخانەیەکی رێکوپێکی هەیەکە ئەنجام بدرێ.

٧ــ تا ئێستا قوتابخانەی پێویست نییە تا قوتابیان دەرسی تیا بخوێنن هەرچەندە دەزگای (شیلتر) چوار قوتابخانەیان دروست کردووە، بەڵام بەشی قوتابییان ناکات، بەڵکو هەر قوتابخانەیەک چەندین دەوامی تێدا دەکرێ ماموستایانی دڵسۆز فریای دەرس وتنەوە ناکەون لەبەر کەمی ژمارەیان.

٨ــ کێشەی زەوی و، خانووبەرە بۆ ئەو کەسانەی کە لەکاتی رابردوو درابوو بەکرێ خانووبەرەیان نەبوو ئەمەش بۆتە هۆی شێواندنی سیمای شارەکەمان بە ناچاری پەنای بردووەتە سەر دروست کردنی خانوو لە شوێنە گشتییەکان و، دایرەکان بە تجاوز کە بوونە هۆیەک کە نەتوانن دایرەکان لەکاتی گەڕانەوە لە شوێنەکانی خۆیان دروست بکرێ لەگەڵ ئەمەشدا کە دەزگای «شیلتر» پلانی شارێکی نوێی کرد بۆ قەڵادزێ لەو زەویانەی کە دەکەونە دەوروپشتی قەڵادزە لەسەر نەخشەیەکی رێکوپێک کە بریار بوو دەوڵەتان بۆ ئێمە دروستی بکەنەوە کەچی ئەویش هیچی دیار نەبوو دەگەڕێ بەپێی وڵاتان کەبێتەوە وەعدیان دابوو هاوبەشی بکەن لە بنیادنانی کوردستان گەر ئەوەی حکومەتی کوردستان دەتوانێ ئەم

زەویانە بەسەر هاوولاتییان دابەش بکات لە ڕێگای شارەوانیەوە و، لەسەر شێوەی نەخشەی ڕێکوپێکی کە بۆی کراوە.

٩ـ بازگەکانی شۆڕش گرفت لەبەردەم ئاوەدان کردنەوەی شارەکەمان دروست دەکەن ڕێگا دەگرن لە هێنانەوەی کەرەستەی خانوو بەرەکان لە ئۆردوگا زۆرە ملێکان لە شارەکە وەکو هێنانەوەی بلۆک و دارو پەنجەرە و شیش و شوشە و شتومەک و چەند ئامێرێکی تر کە بۆ خەڵکی شارەکە بەکاردەهێنرێن و، داوای گومرک و بەخشیشیان لێ دەکەن هەر دەمێ بیانویەک دەگرن کە ئامادەنین کە وەسڵی گومرکی کۆن کە پەنجەرەی کۆنە بۆ ئاوەدانکردنەوەی شارەکەمان بخەنە بەرچاوتان کە پارەی لێ ستاندوین ئەمەش ڕاستەوخۆ دەبێتە هۆی ئەوەی کە شتومەک ڕاستەوخۆ گران بێت، خەڵکی پێیان نەکرێت، لەگەڵ ئەوەشدا چەندین لۆری گەورە شوفڵ و، سەیارە و شتی تری کارەبای قاچاخچی ئاودیو دەکرێ و، لەبەردەم بازگەکاندا تێدەپەڕێت و پارەیان لێ وەردەگرن بێ ئەوەی سەعاتێک بە ئاوەدانکردنەوەی شارەکەمان.

١٠ـ دانیشتوانی شارەکەمان لە بارێکی زۆر خراپدا دەژین بۆ ئەوەی ئەو هەلومەرجەی بەسەری هاتووەو، گواستنەوەی بۆ ئۆردوگا زۆرە ملێکان و، دیسانەوەی دروست کردنی خانووەکان لەوێ بەبێ هیچ دەرامەتێک دوای گەڕانەوە دیسانەوە دەبێت خانوو دروست بکات هەرچی هەیانبووە لە ماوەی ئەم چەند ساڵە بۆ ئەم مەبەستە خەرجیان کردووە بۆیە پێویستە هەوڵێکی جدی بدرێت بۆ هێنانی ئەو وڵاتە خێرخوازانە کە یارمەتی ئاوەدانکردنەوەی کوردستان بدەن بۆ ناوچەکەمان کە بە چاوی خۆیان پاشماوەی خەیاڵە نامرۆڤانەکەی بە تێکڕای هەوڵ بدەن هاوکاریمان بکەن و، بگاتە ڕیزی شارەکانی تری کوردستان.

ئەمەی کە دەیخەینە بەرچاوتان مشتێکە لە خەرواره مەینەتیەکانی ئاوارەکانی شارەکەم بەتەنیا دروست بوونی گرێ کوێرەی دەروونمان ڕۆژانە چەندین جار ئاوات دەخوازین پاش ئەو گیروگرفتانە بە هانامانەوە وەرن تۆزێ لە خەمەکانمان سووک بکەن و، ڕاوشکاریمان بۆ بکەنەوە کە هەرچەندە دەزانین کە حکومەتەکەمان ساوایە، بەڵام تەئیدی ئێوەی بەڕێزو تێکۆشەر دەکەین کە هەندێ باری لەشمان سووک بکەن، لەگەڵ ڕێزماندا هەر شادو سەرکەوتووبن، سوپاس.
ئیمزا/

**قوتابخانەی قەڵادزە.**
**ئەنجوومەنی شاری قەڵادزە.**
**بەرەی کوردستانی قەڵادزێ.**
**لێپرسراوی یەکێتی مامۆستایان کەرتی قەڵادزێ.**
**کۆمیتەی ئاوی قەڵادزێ.**
**کۆمیتەی کشتوکاڵی پشدەر.**

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجوومەن:**

بەڕێزان ئەم کێشەیەی کە باسیان کرد زۆر پەل وپۆی لێدەبێتەوە و هەندێکی پەیوەندی بە وەزارەتی پیشەسازییەوە هەیە، هەندێکی پەیوەندیی بە وەزارەتی شارەوانیەوە هەیە، بەڵام لەسەرتاوە پێشنیاریان کردووە کە وەفدێکی ئەنجوومەنی نیشتمانیی بڕوا، لەگەڵ ئەنجوومەنی وەزیراندا بۆ ئەوەی لە کێشەکان بکۆڵێتەوە لەگەڵ داخوازیەکانیان ،بەڵام بزانن کامە ڕەوایە بەپێی توانای وەزارەت قابلی جێبەجێ کردنەو، کامەشیان ئیشارە پێدان بە خۆیان بکرێ هەتاکو حکومەتەکە دەکەوێتە سەر پێی خۆی و، بتوانێ چارەسەری هەموو ئەوانە بکات.

**بەڕێز فەرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

من پێموایە لە جیاتی ئەوەی وەفدێکی پەرلەمانی بچێت وەفدێکی پسپۆڕ لە وەزارەتەکان بچن بۆ ئەوەی دیراسەتی وەزعەکە بکەن و، ڕاپۆرتێک بنووسن و، قەڵادزێش تێبگەیەنن کە قەڵادزە مشتێکە لە خەرواری کوردستان یانی هەر ئەوان نین کوردستان هەمووی وێران بووە، بەڵام دەبێ ئەوان بزانن زۆر شوێنی ترهەیە تەنیا هەر قەڵادزە نییە، هەڵەبجە لەوان وێرانتر بوو، گەڵاڵە لەوان خراپتر مێرگە سوور لەوان وێران تر یانی زۆر شوێن هەر لە بنەڕەتدا نەماوە، با وەفدێکی پسپۆڕ بچێ لەوێ دیراسەتی وەزعەکە بکات و، بە چاکی ڕاپۆرتەکە بنووسێ ئیشەکان هەموو ئیشی وەزارەتەکان هیچ ئیشی ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستان نییە، ئەگەر پێویستی بەیاسا بوو داوا بکەن ئەو کاتە ئێمە یاسایەک دادەنێین، سوپاس.

**بەڕێز کەمال ئیبراهیم فەرەج شالی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

پشتگیری ئەوە دەکەم کە وەفدەکە پێکبهێنرێت، بەڵام پێشنیار دەکەم لەمەودوا لێرە بیکەین بە قاعیدەیەک هەرچی ڕاپۆرتێکمان بۆ دێ لە شارێک، یان لە هەر جێگایەک بۆ ئەم جۆرە کێشانە ئێمە یەکەم جار وەفدێک بنێرین بۆ ئەو شوێنە لەسەر ڕۆشنیایی ئەو ڕاپۆرتەنانە، خەڵکی ئەم شوێنانە ئاگادار بکەینەوە کە داواکارییەکانیان چەندی لە توانادایە جێبەجێ بکرێ و، چەندی جێبەجێ ناکرێ، چونکە ئێمە ناتوانین ئەو کێشانەی لە شارێکدا هەیە سەربەخۆ لە پەرلەماندا چارەسەری بکەین، بەڵکو دەبێ ئێمە سەردانی وەزارەتەکان بکەین و، ئەوەی پەیوەندییان هەیە بەو ئیشەوە لەگەڵیاندا باسی بکەین، ئەگەر گەیشتە ئەنجام دەیهێنینەوە بۆ پەرلەمان، بۆ ئەوەی پەرلەمان بڕیارێکی لەسەربدات، سوپاس.

**بەڕێز یونس محەمەد سەلیم ڕۆژبەیانی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

هەروەکو لای هەموو لایەک ئاشکرایە کوردستان بەگشتی وێران بووە، حکومەت بە دەیان شارو شارۆچکە و هەزاران گوندی کوردستانی وێران کردووە، بەڵام من وابەباش ئەزانم ئەمە کاری

ئەنجــوومــەنی وەزیرانە بەتایبــەتی ئەو وەزارەتانەی کــە پەیوەندیدارن بەو کــارە، وەکــو وەزارەتی (ئاوەدانکردنەوە) و، وەزارەتی (یارمەتی مرۆڤایەتی)، چونکە بە ئیمکانیاتی ناوخۆی هەرێمی کــوردســـتــان بەراســتی لەوانەیە نەتوانرێ ئەو وێرانکاریە چارەســـەر بکرێ و، زیاتر پشت بە یارمەتیی‌ەکانی دەرەوە دەبەستین، هەروەها وابەباش دەزانم ئەنجوومەنی وەزیران چەند لیژنەیەکی پسپۆڕ لەهەر وەزارتێک کە پەیوەندیدار بن بەو مەسەلەیە مەسحێکی گشتی کوردستان بکەن.
بەرای من پەرلەمان و، ئەنجوومەنی وەزیران هەنگاوێک باوێن بۆ مەسەلەی کوردستان بەگشتی و، ئەو جێیانەی کە ئەسبەقیەتی پێئەدرێت، پێویستەوەکو شاری (هەڵەبجەی شەهید)، وەکو (قەڵادزە)وەکو شوێنەکانی تر بزانین ئەو توانایەی کە بە دەست حکومەتی هەرێمی کوردستان ئەکەوێت چۆن خەرجی بکات، سوپاس.

**بەڕێز ئەحمەد ئەبو بەکر حەسەن بامەڕنی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

هەفتەی رابردوو راپۆرتی هەڵەبجە هاتبوو ئێمە کە بریارمان دا بیدەینە ئەنجوومەنی وەزیرانی ئەمە لەسەر پێشنیاری ئەوەی کە پێمان دەکرێ یا نا؟، وابزانم ئەمەش لەهەمان بابەتەو، ئێمە ئەتوانین دوای هەفتەیەک، یان (١٥) رۆژی تر داوا بکەین لە سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران کە چیان کردووە و، چ هەنگاوێکیان ناوە بۆ جێبەجێ کردنی راپۆرتەکە؟، من پێم باشە ئەو راپۆرتەی شاری قەڵادزێ بدرێ بە سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران و، لەوێدا کۆمیتەیەک بۆ ئەم مەبەستە پێک بێت، سوپاس.

**بەڕێز حازم ئەحمەد محمود یوسفی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

منیش پشتگیری قسەکانی بەڕێز ئەحمەد بامەڕنی دەکەم، چونکە کە راپۆرت هاتە پەرلەمان دەبێ پشتگوێ نەخرێ و، دەبێ نوێنەرانی ناوچەکە سەردانی ناوچەکە بکەن و، پێویستە ئێمە وکو پەرلەمان داوا لە دەسەڵاتی جێبەجێ کردن بکەین ئایا چی پێشکەش دەکەن بۆ خەڵکی کوردستان؟ ئێمە لێرە کە وتمان ئیشمان چاودێری دەسەڵاتی جێبەجێ کردنە، دەبێ ئێمە ئەو شتانە رووبەرووی ئەنجوومەنی وەزیران بکەینەوە و، لیژنەیەکی چاودێرییمان هەبێت بۆ بەدواداچوونی کارەکان، سوپاس.

**بەڕێز یەحیا محەمەد عەبدولکەریم بەرزنجی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئاوارەکانی بازیانیش هەندێ داواکارییان هەیە، پێشنیار دەکەم هەردوو راپۆرتەکە یەک بخرێ و، ئاراستەی ئەنجوومەنی وەزیران بکرێ بۆ لێکۆڵینەوەو جێبەجێ کردنی، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجوومەن:**

لەراستیدا ئەم راپۆرتە بۆ ئێمە هاتووە پێویستە گرنگی پێ بدەین و، وەفدێک لە ئەنجوومەنی

وەزیران و، ئەنجوومەنی نیشتمانیی سەردانیان بکات، ئینجا مەرج نییە هەموو ئەو شتانە راست بێت، لەوانەیە بەشێکی موبالغەی تیادا بێ، چونکە خەڵک وا دەزانێ وەزارەت دەتوانێ هەموو شتێ بکات و، ئەگەر ئێوە رازی بن ئەوەی کە شێخ عەبدولکەریم پێشنیاری کرد کە بە راپۆرتێکی کورتی چڕ بدرێت بە ئەنجوومەنی وەزیران داواشیان لێ بکەن، لەگەڵ ئەنجوومەنی نیشتمانیی بە هاوبەشی بڕۆن سەردانی ناوچەکە بکەن.

ئێستا سەبارەت بە پێش چاوخستنی یاسای شارەوانی ئەمە بوو دوێنێ ئێمە کۆبوونەوەمان نەکرد وتمان کۆبوونەوە نییە، لە هەمان کاتدا لەگەڵ بەڕێزان سەرۆکی هەردووکی فراکسیۆنەکە رێککەوتین کە بەڕێز سکرتێری ئەنجوومەن بە ئەندامان بڵێ ئەم رۆژە رۆژی کۆبوونەوەی لیژنەکانە، هەندێ لیژنە پێنج شەممە ئامادە بێت، هەندێ دوو شەممە ئامادەبێ.

**بەڕێز یونس محەمەد سەلیم رۆژبەیانی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئێمە دوێنێ وەکو لیژنەی پێشمەرگە گشت ئەندامان ئامادە بووین تا شتەکەمان بەدەستەوە بوو، بەڕێزان (نەوشیروان ، ئازاد) بە ئیشوکار چووبوون بۆ وەزارەتی پێشمەرگە، ئێمە دانیشتین ئیشوکارەکانی خۆمان لەو کارە ئەنجام داو کە چووینە ژوورەکە (٥) ئەندام ئامادە بوون، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجوومەن:**

من کە وتم مەبەستم لە زۆربە بوو، لیژنەی یاسا ئامادە بوو.

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

تێبینیەکمان هەبوو ویستمان بیخەینە بەرچاوی بەڕێزتان ئەویش ئەوەیە پرۆژەی یاسای وەزارەتی شارەوانی کە بۆ لیژنەی یاسایی هاتبوو ئێمە ئەوەی دەستکاریمان کردووە لە دەست نووسەکەی هاتووە ئەوەی دابەش کرا بەسەر ئەندامان تەنیا دەستکاریەکی بنەڕەتی نییە ئەوەی لە پرۆژەکەدا هاتووە چەند برگەیەکیشمان پێش و پاش خستووە، هەندێک روونکردنەوە هەیە لەناو پرۆژەکەدا لێکماندلاوە، ئێمە بە پێویستمان نەزانی بۆ سیستەمی واقعیمان هێشتەوە کە یاخود بۆ ئەو رێنماییانەی لە دەسەڵاتی ئەنجوومەنی وەزیرانە، یان لە دەسەڵاتی وەزیرە، ئێمە گۆڕانکارییەکی ئەوتۆمان نەکردووە، سوپاس.

ئێستا یاساکە دەخوێنمەوە.

بسم الله الرحمن الرحيم.

باسم الشعب.

قانون البلديات والسياحة في اقليم كوردستان العراق رقم ( ) لسنة ١٩٩٢.

استنادا الى احكام فقرة (١) من المادة (٥٦) من القانون رقم (١) لسنة ١٩٩٢ قررنا اصدار

القانون الآتي :-
ئەوەی لە پرۆژەی لیژنەی یاسادا هاتووە بەم شێوەیەی خوارەوەیە:
بسم الله الرحمن الرحيم
باسم الشعب
استنادا الى احكام فقرة (١) للمادة (٥٦) من قانون رقم (١) لسنة ١٩٩٢ وبناء على ما اقترحه وزير البلديات والسياحة، وسادة مجلس الوزراء قرر مجلس الوطني لكوردستان العراق بجلسته المنعقدة بتاريخ (........) اصدار قانون الآتي:
قانون رقم (١) لسنة ١٩٩٢ قانون وزارة البلديات وسياحة لاقليم كوردستان العراق.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجوومەن:**

هیچ تێبینییەک هەیە لەسەر ئەم پێشەکییە؟، نییە.
کێ لەگەڵ ئەوەدایە ئەو پێشەکییە وەکو خۆی وەربگیرێ؟.. تکایە دەست بەرز بکاتەوە.. دەست بەرز کرایەوە.. سوپاستان دەکەین.. کێ دژە.. ؟ بەزۆربەی دەنگ پێشەکییەکە پەسەند کرا.

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

التعاريف والاهداف:
المادة الاولى/ يقصد بالتعابير التالية المعاني المبينة ازاءها:
الاقليم - اقليم كوردستان العراق.
الوزارة - وزارة البلديات والسياحة في اقليم.
الوزير- وزير البلديات والسياحة في الاقليم.
الوكيل - وكيل وزارة البلديات والسياحة في الاقليم.
المجلس - المجلس الاستشاري لوزارة البلديات والسياحة في الاقليم:
بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن، لە سەرەتای شەرحەکە (يقصد بالتعابير الآتية المبنية ازاءها لاغراض قانونية) وشەی (قانون) زیاد کراوەو، هەروەها هەڵەیەکی تری تێدایە کە تکا دەکەم چاکی بکەنەوە (وەکیل وەزیری شارەوانی) خۆی (وەکیل وەزارەت)ی شارەوانییە، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجوومەن:**

کێ لەگەڵ ئەوەدایە مادەی یەکەم وەکو خۆی بمێنێتەوە؟.. تکایە دەست بەرز بکاتەوە.. دەست بەرز کرایەوە.. سوپاستان دەکەین.. کێ دژە؟... بە زۆربەی دەنگ مادەی یەکەم پەسەند کرا.

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

المادة الثانية:
تعمل الوزارة على تقديم الخدمات المحلية والبلدية والخدمات الماء والمجاري وتوجيه الحركة

السياحية وتطويرها في كوردستان في اطار خطط تعتمد لهذا الغرض تنفيذها على اساس شركات مختصة ويساهم فيها بالاضافة الى الوزارة القطاعين المختلط والخاص.
ئەوەی لە پرۆژەی ترە هێشتا بەرەهایی ماوەتەوە لە دەسەڵاتی وەزارەتدا، بۆ ئەوەی سەربەخۆ بێ چۆن و، بەچ شێوەیەک جێبەجێی دەکات، ئەوەی وەزارەت دەڵێ:(وتنفيذها) پاش (لهذا الغرض عن طريق شركات مختلفة ويساهم فيها بالاضافة الى وزارة، القطاعين المختلط والخاص).

**بەڕێز کەمال ئیبراهیم فەرەج شالی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پرۆژەی وەزارەت بخوێننەوە بۆ ئەوەی بزانین رای لیژنەی یاساو رای وەزارەت چییە؟، بۆ ئەوەی بەراورد بکەین لە نێوانیاندا، سوپاس.

**بەڕێز فەرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پێموایە باشترە هەر دەستکارییەک کە لیژنەی یاسایی لە یاساکەی وەزارەتی کردووە، دەبێ دوایی خوێندنەوەی رای بەڕێز وەزیری شارەوانی وەربگیرێ، بزانن رازین لەسەری، یان نا؟ پاشان ئێمە قسەی لەسەر بکەین، ئەگەر وەزارەت رەزامەندی لەسەر بکات ئێمە گیروگرفتمان نییە، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەن:**

وابزانم مادەی دوو ئاڵۆزە لە پێشدا رای وەزارەتمان وەرگرت وتمان رای چییە کە وتی ئێمە لاریمان نییە، ئینجا ئەوە بوو وتمان کێ دیکە رای هەیە؟.

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

المادة (٢) تعمل الوزارة على تقديم الخدمات المحلية والبلدية وخدمات الماء والمجاري، وتوسيع الحركة السياحية وتطويرها في كوردستان في اطار خطة المدروسة تقدم لهذا الغرض، وتنفيذها عن طريق شركات مختلفة، ويساهم فيها بالاضافة الى القطاعين المختلط والخاص.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەن:**

وەکو دیارە کە تێکهەڵچوونێک هەیە کەرتی تایبەتی هەر چۆنێک بێت ناتوانێ ئەم پرۆژانە بکاتەوە، بەڵکو کەرتی تایبەتی دەتوانێ ئوتێلێک بکاتەوە، یاخود پرۆژەیەکی گەشتوگوزار بکاتەوە.

**بەڕێز کافیە سلێمان عەبدوڵلا/ وەزیری شارەوانی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە پێمان باشە ئەم رستەیەی لەگەڵدا بێت (وتنفيذها عند الاقتضاء عن طريق شركات مختلفة)، لێرەدا دەتوانین بەپێی پێویست ئەو کاتەی پێویستی کرد لە رێگەی کۆمپانیاکانەوە

دەبێ بتوانێ بیکات و، دەستی کراوە بێت، بۆ نموونە ئەگەر پاککردنەوەی شار لە ڕێگەی کۆمپانیا بێت بەو شێوەیە و شارەوانی نەیتوانی سەرپەرشتی لەسەر بکات وابزانم شتێکی باش دەبێت، سوپاس.

**بەڕێز بەختیار حەیدەر عوسمان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من لەگەڵ پێشنیارەکەی لیژنەی یاسایم، بەڵام مادەکە بە ڕەهایی بێت باشترە، لەبەر ئەوەی ئەو سیغەیەی کە لە پرۆژەی وەزارەتدا هاتووە زۆر ڕێکە دەڵێ :(عن طريق شركات مختلفة ويساهم فيها بالاضافة للوزارة ألقطاعين المختلط والعام ) خۆی ئەسڵەن (تێکەڵاو) واتە (گشتی) کە دەبێتە وەزارەت لەگەڵ کەرتی تایبەتی لێرەدا دەڵێ (عن طريق شركات مختلطة يساهم)، هەڵەیە، چونکە تیکراری تێدایە، سوپاس.

**بەڕێز کاکەڕەش محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دەقەکەی لیژنەی یاسا زۆر ئوسولیە، چونکە کۆمەڵێک ڕێگا هەیە لە تواناداا نییە وەزارەتی شارەوانی ئیشوکاری خۆی بکات ئەوە ڕێگای ڕاستەخۆیە کە پێی دەوترێ (طريقة تصنيف المباشر)، یان بە ڕێگای مقاوەلات دەتوانرێ پرۆژەیەکی بەڕێگای (مناقصە)، هەر خۆی بیگۆڕێ بۆ کۆمپانیایەکی تایبەت لەوانەیە خۆی تەداول بکات یا کۆپانیایەکی مقاوەلاتی بێگانە دێتە ناو کەمکردنەوەکە (مناقصە)، لەبەرئەوەی بەرای من مادەکە بە ڕەهایی بێ باشترە، سوپاس.

**بەڕێز عەدنان محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ویستم تەنیا خاڵێک ڕوون بکەمەوە بەڕێز وەزیری شارەوانی فەرمووی لە دەرەوەی وڵات کۆمپانیاکان پاککردنەوەی شار وەردەگرن، بەڵام وابزام وەزارەت کەسایەتییەکی زیادەو، شەخسێکی مەعنەوییە هەقی خۆیەتی کە بەڵێن لەگەڵ هەر کۆمپانیایەک ببەستێت، بوونی دەق بۆ ئەمە شتێکی زیادە، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەپێی ئەم دەقە (في اطار خطة مدروسة تعدها لهذا الغرض) وەزارەت دەتوانێ ئەوەی دەیەوێ بە ڕێگای کۆمپانیاکان، یان بەڕێگای کەرتی تێکەڵاو بیکات، سوپاس.

**بەڕێز کافیە سلێمان عەبدوڵڵا/ وەزیری شارەوانی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە ڕامان لەگەڵ ڕای جەنابتانە و، پێمان باشەو، مادام وەزارەت بتوانێ دەستی کراوە بێت بۆ جێبەجێ کردنی خزمەتگوزارییەکانی بەو ڕێگایەی کە پێی باشە، ئێمە ڕازین لەسەر ئەمە، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەن:**

کێ لەگەڵ ئەوەدایە مادەی (٢) وەکو خۆی وەربگیرێ؟.. تکایە دەست بەرز بکاتەوە.. دەست بەرز کرایەوە.. سوپاستان دەکەین.. کێ لە دژە؟.. بە زۆربەی دەنگ مادە (٢) پەسەند کرا.

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**

المادة الثالثة: مركز الوزارة و مديريات العامة فيها ـ ويتكون مركز الوزارة بالاضافة الى الوزير من:

أـ مجلس الوزارة.

ب ـ وكيل الوزارة.

ج ـ شركة السياحة في كوردستان العراق (شركة مختلطة)

دـ المشاور القانوني.

هـ ـ مكتب الوزير.

و- مكتب الوكيل.

ز- مديرية الرقابة وتدقيق.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سەبارەت بە لیژنەی یاساوە ئێمە پێناسەی وەزیرو، وەکیل وەزارەمان هەیە، پاش هەندێ کە هاتینە سەر تەشکیلاتی وەزارەت، سوپاس.

**بەڕێز حەسەن عەبدولکەریم بەرزنجی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەو پرۆژەی کە لە وەزارەتی شارەوانییەوە هاتووە وامان هەست کرد تێکەڵاو بوونێکی تێدایە، وەزیر لە شوێنێکدا هاتووە بریکاری وەزارەت لە شوێنێکی دیکەدا هاتووە، ئەو پرۆژەی لەبەردەستاندا هی وەزارەتە لە مادە (٣) هەتا مادە (١٦) هەمووی ژماردنی ئەرکەکانە، ئێمە هەموومان کۆکردەتەوە وەزیرمان دانایە، پاشان بریکاری وەزیر و، دوای ئەوە نووسینگەی وەزیر، نووسینگەی بریکاری وەزارەت، پاشان بەڕێوەبەرایەتییە گشتییەکان یەک لە دوای یەک هاتووە، سەربارەت بە هۆبە و بەشەکان ئێمە دەسەڵاتمان داوەتە وەزیر کە پێکیان بێنێت، یاخود لێکیان بدات، لەبەر ئەوە پرۆژەکەی لیژنەی یاسا تەنیا لە زنجیرە جیاوازی هەیە لەگەڵ پرۆژەی وەزارەت، بەرای من پرۆژەی لیژنەی یاسا بخوێنرێتەوە باشترە.

لە مادە (٣)دا هاتووە: (تتالف الوزارة من: مجلس الوزارة، شركة سياحة)، لە مادە (٤)دا باسی وەزیر دەکات، ئینجا بۆیە ئێمە یەکسەر لە مادە (٣)دا وەزیر و، بریکاری وەزارەتمان پێناسە کردوە، دوای مادە ٤: (تتالف الوزارة من تشكيلات التالية)، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەن:**

لیژنەی یاسا ئێستا لە مادەی (٤)دا لە پرۆژەی وەزارەتدا دەڵێ (الوزير)، ئینجا ئێستا بۆ ئەوەی

سەرمان لێ تێک نەچێ کە مادەی ٤ بخوێنینەوە بزانین وەزیرەکە لە مادە (٣) لەوە دەچێ یا نا ئەو تفاسیلە چی پاش و پێش بکەین گرفت نییە.

**بەڕێز حەسەن عەبدولکەریم بەرزنجی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێستا مادە (٤) لە پرۆژەی وەزارەتدا دەخوێنینەوە کە دەکاتە مادەی (٣) لە پرۆژەی لیژنەی یاسا، سوپاس.

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**

المادة الرابعة:

الوزير هو رئيس الاعلى للوزارة ومسؤول عن توجيهاتها و ممارسة اشراف والرقابة على فعاليتها وتصدر عنه التعليمات وقرارات والاوامر في كل ما له العلاقة بمهمات الوزارة وتشكيلاتها وسائر شؤونها الادارية والمالية والفنية ضمن احكام القانون والنظام ويكون مسؤولا امام مجلس الوزراء باعتباره عضوا متضامنا فيه وله تخويل بعض الصلاحياته الى وكيل او مدراء العامين او من يراه مناسبا في وزارته.

ئێمە لە لیژنەی یاسادا (ممارسە)مان گۆڕیوە بۆ (نشاطات) و لە کۆتاییدا (فی الوزارە) لەباتی ئەو (فی وزارتە)، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئێستا لە لایەن داڕشتنییەوە بزانین کە ئەگەر ناوەڕۆکەکە وەکو خۆی بمێنێ رای بەڕێز وەزیری شارەوانی چییە؟.

**بەڕێز کافیە سلێمان عەبدوڵلا/ وەزیری بلدیات:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە لەگەڵ ناوەڕۆکەکەین، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەن:**

لەو مادەی پێشنیار کرا چ هەموارێک هەبوو؟.

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەوەی لە پێشنیاری وەزارەتدا هاتووە (توجة اعمالها وممارسة)، ئێمە وشەی (ممارسەمان) سڕیوەتەوە، چونکە پێویست ناکات، دوای ئەوە (اشراف والرقابة على فعاليتها) لەباتی (فعاليات) کردوومانە بە (نشاطاتها)، هەروەها ئەم رستەیەمان داناوە (او من يراه مناسبا للوزارة) لەباتی وشەی (في وزارتە).

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەن:**

کێ لەگەڵ ئەوەدایە بڕگە (١) لە مادەی (٣) وەکو ئەوەی خوێندرایەوە وەربگیرێ؟.. تکایە

دەست بەرز بکاتەوە.. دەست بەرز کرایەوە.. سوپاستان دەکەین.. کێ لە دژە؟ .. بە زۆربەی دەنگ برگە (١) لە مادە (٣) پەسەند کرا.

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

الوكيل يكون مسؤولاً عن تنفيذ سياسة الوزارة وخطتها فيما يتعلق الاختصاصات ويخولها الوزير اليه.

لە مادە حەوتیشدا هەر باسی بریکاری وەزارە دەکرێ لە پرۆژەی وەزارەتدا هاتووە: (يتولى وكيل الوزارة الذي يكون مسؤولا امام الوزير مهمة اشراف على شركة للدوائر تابعة للوزارة وضمان سير العمل فيها وتدوين المشاكل التي يواجهها ومعالجتها وتقديم المقترحات بشأنها الى الوزير، وللوزير تحديد الوحدات التنظيمية التي ترتبط بها).

ئێمە پێشنیاری لیژنەی یاسامان هێشتەوە برگە (٢) لە مادەی (٣): (الوكيل يتولى مهمة الاشراف على الشركات ودوائر التابعة للوزارة وضمان سير العمل فيها وتدوين المشاكل التي يعالجها وتقديم مقترحات بشأنها الى الوزير ومهام الاخرى التي يوكل اليها الوزير.

**بەڕێز فرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دەبێت دەسەڵاتی بریکاری هەموو وەزارەتەکان وەک یەک بێت، لە یاسای زۆربەی وەزارەتەکانی دیکە دەسەڵاتی بریکاری وەزارەت لەلایەن وەزیرەوە دیاری دەکرێت، بەڵام لەم یاسایەدا دەسەڵاتەکانی بریکار دەستنیشان کراوە، ئەگەر وابێ دەبێت دەسەڵاتی بریکاری وەزارەتەکانی تریش دەستنیشان بکرێت لە یاسادا، سوپاس.

**بەڕێز د.عیزەدین مستەفا رەسول:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من لەگەڵ قسەکانی بەڕێز فرەنسۆم لەلایەنێکەوە کە دەبوو لە هەموو وەزارەتەکاندا بریکارەکان هەر کۆمەڵێ دەسەڵاتییان بۆ دەستنیشان بکرێ، یان هەر هەموویان بەو شێوەیە بێت کە خۆی دەستنیشان کراوە کە وەزیردەسەڵاتیان دیاری بکات، بەڵام لە ئەنجامیشدا ئەمە کاری پەرلەمانە، پەرلەمان دەتوانێ لە پرۆژەی هەر وەزارەتێکدا شتێکی تازە بکات، بەڵام لەبەرئەوەی لە وەزارەتەکانی تر بەو جۆرە کراوە، بۆ باری ئەمڕۆمان بۆ پرۆژەی وەزارەتەکانی داهاتووش ئەوەمان پێ باشترە کە هەر هەمووی وەک یەک بێت، سوپاس.

**بەڕێز بورهان عەلی جاف:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ مادەی (٢) وەکو دەنگی لەسەر درا بەفراوانی هات و، لە ئەرکەکانی وەزیریشدا هیچ ئاماژە بە سەرپەرشتی کردنی کۆمپانیاکان نەکرا. داوا دەکەم لە ئەرکەکانی

بریکاری وەزارەتدا ئەو کۆمپانیایانە لابدرێ و، بکرێ بە (ما يتولى وكيل اشراف على الدوائر التابعة للوزارة)، سوپاس.

**بەڕێز عەبدولخالق محەمەد رەشید زەنگەنە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پێشنارێکم هەیە، دوو شێواز گونجاو نییە بەیەکەو بخرێتە روو، بەرای من دەبێ یەک سیغە پێشکەش بکرێ، پێش ئەوەی کە بخرێتە بەرچاو، پێویستە گفتوگۆ بکرێ لەگەڵ وەزارەتدا بۆ ئەوەی ئەو گرفتانە نەبێت، پاشان تەنها یەک دانەی رێک لە یاساکە دابەش بکرێ بەسەر ئەندامان، سوپاس.

**بەڕێز پەریخان مەحمود عەبدولقادر:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من تکا دەکەم برگە (٢) بریکاری وەزارەت بەو شێوەیە بێت، چونکە لێرە سەرپەرشتی کردنەکە دوو جار دووبارە کراوەتەوە بکرێت بە (توجه من الوزير يتولى مهمه اشراف)، سوپاس.

**بەڕێز حازم ئەحمەد مەحمود یوسفی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پشتگیری لە قسەکانی بەڕێز فرەنسۆ دەکەم، لەبەرئەوە من پێشنیاری ئەوە دەکەم، مادەی (٥) کە لە پرۆژەی وەزارەتدا هاتووە ئەوە پەسەند بکرێ: (الوكيل ان يكون مسؤولا عن تنفيذ سياسة الوزارة وخططها فيما يتعلق بالإختصاصات التي يخولها اليه الوزير)، مادەی (٧) نەمێنێ، یان بڵێین (يتولى وكيل بمهام التي يوكلها اليه الوزير)، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەن:**

تعارض هەیە لەسەر مادەی (٥) (ان يكون مسؤولا عن تنفيذ سياسة الوزارة وخططها فيما يتعلق بالاختصاصات التي يخولها اليه الوزير)، وابزانم ئەمە لەگەڵ پێشنیارەکەی بەڕێز فرەنسۆ دراوەتە دەست وەزیر کە دەسەڵاتی پێ دەدات بۆ ئەوانی تر کە هاتبوو بخرێتە جێگای برگە (٢) کە لیژنەی یاسا پێشنیاری کردووە.

**بەڕێز کافیە سلێمان عەبدوڵلا/ وەزیری شارەوانی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمەش لەگەڵ رای جەنابتانین وەکو هەموو وەزارەتەکان وەکو (الوكيل مسؤولا عن تنفيذ) وەکو لە مادەی (٥)دا هاتووە، یان وەکو هەموو وەزارەتەکان وەکو خۆی هاتووە، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەن:**

کێ لەگەڵ ئەوەدایە کە برگە (٢)ی مادەی (٣) ئەوەی لە پرۆژەی لیژنەی یاسادا هاتوو وەربگیرێ (الوكيل ان يكون مسؤولا عن تنفيذ سياسة الوزارة وخططه و فيما يتعلق بالاختصاصات التي يخولها اليه الوزير) و، مادەی (٧) لابدرێت ؟..تکایە دەست بەرز بکاتەوە..دەست بەرز کرایەوە.. سوپاستان دەکەین.. کێ دژە ؟... بەزۆربەی دەنگ برگە (٢) پەسەند کرا، مادەی (٧) لابرا.

**بەڕێز ئەیاد حـــاجی نامق مـــەجـــیـــد:**

(المادە الرابعـە)، خـاڵێـک هەیە لێـرە بەڕێز حەسـەن بەرزنجی ئاماژەی بۆ کـرد، بەڵام لە پرۆژەی وەزارەتدا تەشکیلاتی وەزارە بەم شێوەیە هاتووە:

المادة السادسة:

١ـ يشكل في الوزارة مجلس الاستشارة باسم مجلس الاستشاري للوزارة البلديات والسياحة برئاسة الوزير ويضم كل من وكيل الوزارة.

٢ـ مدير العام للتخطيط ومتابعة مقرر من مجلس.

٣ـ المدير عام للمجاري.

٤ـ رئيس شركة للسياحة في كوردستان العراق.

٥ـ مدير عام للبلديات.

٦ـ مديرعام للتخطيط العمراني.

٧ـ مدير عام للآدارة والمالية.

٨ـ المشاورة القانونية.

٩ـ رووٴساء بلديات في مراكز محافظات الاقليم في حالة انتخابه.

لە پێـشنیـارەکەی لیژنەی یاسادا بۆتە لقی (ز) لە مـادەی (٤) ئێـمە هەمـوو ئەو مـادانەمـان خستوتە ناویەک مادە لە تەشکیلاتی وەزارەتدا.

**بەڕێز جـــێگری ســـەرۆکی ئەنجـــومـــەن:**

ئینجا لقی(ز)لە پرۆژەی لیژنەی یاسا بخوێننەوە.

**بەڕێز ئەیاد حـــاجی نامق مـــەجـــیـــد:**

**بەڕێز ســـەرۆکی ئەنجـــومـــەن.**

زـ يشكل في الوزارة مجلس استشاري باسم مجلس استشاري للوزارة البلديات والسياحة يرأسە الوزير ويضم في عضويتە كل من:

١ـ الوكيل الوزارة نائباً للرئيس .

٢ـ المدير العام للتخطيط ومتابعة مقرراً للمجلس.

٣ـ المدير عام للماء والمجاري.

٤ـ المدير عام للسياحة، لە جیاتی (رئيس شركة كوردستان للسياحة في كوردستان العراق).

٥ـ المدير عام للبلديات.

٦ـ المدير عام للتخطيط العمراني.

٧ـ المدير عام للادارة والمالية.

٨ـ المشاور القانوني.

٩- رؤساء بلديات مراكز محافظات للاقليم. ئەو برگەیە (فی حالە انتخابە) ئێمە لاماندا، ئینجا وەزارەت پاشان دەتوانێ بە نیزامێک، یاخود بە ڕێنماییەک دەری بکات.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەمە معقولە (رؤساء بلديات محافظات الاقليم)، بەڵام ئێستا شتێکی ترتان لابردووە ئەوەی سەرۆکی کۆمپانیای گەشتوگوزار لە کوردستان کردووتانە بە (المدير عام للسياحە) لەسەر چ ئەساسێک ئەوەتان داناوە؟.

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لە تەشکیلات ئێمە شەریکەکەمان لادا کردمان بە (المديريە العامە)، برگەی (و) (وترتبط بها مديريات السياحة في محافظات الاقليم)، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەن:**

پرسیارەکەی من ئەوەیە بۆچی (رئيس شريكة سياحة)تان کرد بە (مدير عام للسياحة)؟.

**بەڕێز حەسەن عەبدولکەریم بەرزنجی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە وامان دەزانی کە (شەریکات) لە زمنی فەرمانگەکانی شارەوانی نییە، لەبەرئەوە ئێمە کردمان بە (مدير عام للسياحة)، سوپاس.

**بەڕێز کەمال ئیبراهیم فەرەج شالی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە بڕیاری ئەو (مدیر عامانەمان) داوەتێ ئێستا لێرە باس دەکرێ، وابزانم دەبێ (مدير عامەکان) پەسەندی بکەن، ئینجا ئەو (مجلسە)، سوپاس.

**بەڕێز کافیە سلێمان عەبدوڵڵا/ وەزیری شارەوانی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەگەر ئەو کۆمپانیایە هەبێ ئێمە پێمان وایە دەتوانی سەرپەرشتی بکات لەسەر کۆپانیاکانی دیکە چ لە دەرەوە بێت چ لەناوەوە، یاخود لە گەڵ کۆماپانیا تایبەتییەکان بێت، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەن:**

موبەڕری لیژنەی یاسایی ئەوەیە کە ئەمە تەشکیلی وەزارەتە با لە جیاتی ئەوەی سەرۆکی کۆمپانیاکە ئەندام بێت لەم ئەنجومەنەدا، (مديری عامی سياحە) ئەندام بێت تیایدا.

**بەڕێز کافیە سلێمان عەبدوڵڵا/ وەزیری شارەوانی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پێموایە ئەگەر (هەیئەتی سیاحە) بێ ئەو کاتە سەرۆکی ئەو ئەبێ ئەندام بێت لەو ئەنجوومەنەدا، ئەو کاتە ئەو دەستە لە وەزارەتدا دەبێ، سوپاس.

**بەڕێز د. عیزەدین موستەفا رەسول:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجوومەن.**

ئەگەر ئەم ئەنجوومەنە پەسەند بکەین مانای وایە ماددەکانی تر پەسەند دەکەین، چونکە بڕیار هێشتا لەسەری نەدراوە دەکرێت بە ئەندامی ئەنجوومەن، ئەگەر بڕیاری ئەمە بدەین گفتوگۆ بەرۆتینی دروست بێ، سوپاس.

**بەڕێز کاکەڕەش محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجوومەن.**

پێشنیار دەکەم ئەو پرۆژەی لیژنەی یاسا دایناوە ئەو پرۆژە بخوێنرێتەوە، بەڕێز وەزیری شارەوانی لێرە دانیشتووە هەر بەرهەڵستییەکی هەبوو ئەو کاتە بەرهەڵستیەکەی دەخەینە گفتوگۆوە، دەگەڕێینەوە بۆ ئەوانەی پەسەند دەکەین و، هێشتا کۆمەڵێک شت ماوە پەسەند نەکراوە، پرۆژەکە بە زنجیرە دەخوێنرێتەوە و، ئیعترازەکە گفتوگۆی لەسەر دەکرێ، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆكی ئەنجوومەن:**

لە رووی نیزامی و، یاسایشەوە پێشنیارێک هەیە لە ئەنجوومەنی وەزیرانەوە بۆ ئێمە هاتووە و، دەبێ ئەوە بخوێنینەوەو، زیاتر لەوە بدوێین.

**بەڕێز عەدنان محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجوومەن.**

من روونکردنەوەیەکم هەیە سەبارەت بە لادانی (شەریکەی سیاحە) وەکو وەزیری شارەوانی دەزانێ پرۆژەی (شەریکەی سیاحە) ئێمە دوامان خست لەبەر ئەوەی (شەریکەی سیاحە) وجودی نەبوو، ئێمە بەڕێز ئەیادمان راسپارد کە پەیوەندیی بکات لەگەڵ وەزیری شاراوەنی بە رەزامەندی ئەو ئێمە ئەوەمان گۆڕی و، کردمان بە (مدیر عام للسیاحە)، سوپاس.

**بەڕێز مەلا هادی خضر کوێخا:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجوومەن.**

ئێمەش لە لیژنەی خزمەتگوزاری کە بەشدار بووین لەگەڵ لیژنەی یاسا لەدانانی پرۆژەکە، رامان لەگەڵ رای ئەوانە، سوپاس.

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجوومەن.**

راستە من پەیوەندیم لەگەڵ بەڕێز وەزیری شارەوانی کرد، ئەو رای وا بوو کە ببێتە (الهیئة العامة للسیاحة)، لەبەر ئەوەی گەشتوگوزار پرۆژەی زۆرەو، دەبێ فراوانتر بێت، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆكی ئەنجوومەن.**

من پێموایە ئەو پێشنیارەی کە بەڕێزان د.کەمال و، د. عیزەدین کردیان وەکو خاڵی نیزامی

شتێکی بەجێیە، چونکە دەبێ ئێمە بەڕێوەبەرایەتییەکان پەسەند بکەین، ئینجا بێین باسی ئەوە بکەین کە ئەم ئەنجوومەنە لە ئەم بەڕێوەبەرایەتیانە پێک هاتووە.

**بەڕێز حەسەن عەبدولکەریم بەرزنجی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

رای لیژنەی یاسا ئەوە لە پێش دەستتانە لە هەردوو مادەی (٨ ـ ٩) ئەوانە دێتە سەر وەزیر و، بریکاری وەزیر، ئێستا ئەنجوومەنەکە باس دەکرێ ئێمە وەزیر و، نووسینگەی وەزیر،بریکار و، نووسینگەی بریکاری وەزیرمان داناوە، ئینجا هاتینە سەر بەڕێوەبەرایەتییەکان، پاشان هاتینە سەر ئەنجوومەنەکە ئێمە ئەو زنجیرەمان بە ڕێککەوتن لەگەڵ وەزارەت داناوە، ئینجا ئەگەر ئەمر بفەرموون ئەم زنجیرە بخوێنینەوەو، گفتوگۆی بکەین بەڕێز وەزیری شارەوانی لێرەیە پرۆژەکەی ئێمەشی لەلایە لە هەر خاڵێک ڕەخنەی لەسەری هەبوو دێینە سەری گفتوگۆی دەکەین، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجوومەن:**

پێشنیارەکەم ئەوە بوو کە بەڕێزان لە لیژنەی یاسادا ئەو ئەو بەڕێوەبەرایەتییانە بخوێنینەوە و، پەسەند بکرێن و، لە پاشدا باسی ئەو ئەنجوومەنە بکرێ و، چونکە ئەگەر ئێمە ئەو ئەنجوومەنە پەسەند بکەین، لەوانەیە پاشان لە کاتی باس کردنی بەڕێوەبەرایییەتییەکان، هەندێ لە بەڕێوەبەرایەتییە ڕەخنەیان لەسەر هەبێ، دەبێ ئەو کاتە بگەڕێینەوە بۆ مادەکەی کە دەنگدانمان لەسەر کردووە.

**بەڕێز حەسەن عەبدولکەریم بەرزنجی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

لە پرۆژەکەی ئێمە لە برگە (ز) هاتووە یانی (٦) برگەی پێشتر هاتووە (مدیریات) هەمووی ڕۆیشتووە، ئینجا ئەوە هاتووە ئەمە لە برگەی (ز)مان دانایە ئەوان لە پێش ئەوە دایان ناوە بۆیە جێگاکەمان گۆڕیە، ئەگەر پرۆژەی ئێمە تەماشا بکەن مادەی (٤) یەکەم و دووەمی هەیە، یەکەم مەرکەزی وەزارە (أ، ب، ج )ی هەیە دووەم (المديريات العامە)، ئینجا هاتوونەتە خوارێ (مدیریە عامەمان) باس کردووە، بەڵام لە پرۆژەی وەزارەتدا بە موتەفەرقە هێناویانە بۆ مادە (٣) هەندێکیان باس کردووە لە مادەی (٦)دا هاتووە، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجوومەن:**

لە مادەی (٨)ەوە دەست پێ دەکات ئەوەی کە پێشنیار و، لای ئێوەش مادەی (٤)، ئینجا با ئەو مەکتەب وەزیر بخوێنێتەوە.

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**

المادة الرابعة: تتألف الوزارة من التشكيلات التالية:

١ـ مركز الوزارة ويتكون من:

أـ مكتب الوزير ويرأسه موظف بدرجة مدير وذو خبرة و كفاءة والاختصاص.

ب ـ مكتب الوكيل ويرأسه الموظف من ذوي الخبرة والاختصاص.
ئەو (کفائە) لە پرۆژەی لیژنەی یاسایی نییە بەراستی ئەو هەڵەیە کراوە (ذو الخبرة و الاختصاص) ئەو کفائەش دەگرێتەوە.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەن:**

بۆ سڕاوەتەوە دەبێ بگەڕێتەوە (کفاءە و خبرە) نییە و، (اختصاص) نییە ڕەنگە ١٠ ساڵ ئیش بکات (٢٠) ساڵ ئیش بکات کفائەتی نەبێ، ئەم مادەی (٨) لە مادەی (٤) کۆتان کردووەتەوە.

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

(مرکز الوزارە) لە پرۆژەی لیژنەی یاسادا ئەوەی نووسینگەی وەزیر و، نووسینگەی بریکاری وەزیر ئێمە، هەندێ روونکردنەوەی تێدا بوو لە مادە (٨)دا لە پرۆژەی وەزارەت بەباشمان نەزانی دایبنێین ئەمە دەگەڕێتەوە سەر پێڕەوی ناوخۆ، یاخود بە ڕێنمایی وەزیر ئەم دەسەڵاتانە بخاتە روو، ئێمە لە پرۆژەی لیژنەی یاسادا بەم شێوەیە دامانا، (مكتب الوزير: يرأسه موظف من ذوي خبرة والكفاءة والاختصاص)، (مكتب الوكيل: يرأسه موظف من ذوي خبرة والكفاءة والاختصاص)، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئێستا ئەم مادەیە دەخەینە دەنگدانەوە:
کێ لەگەڵ ئەوەدایە برگە (١) لە مادەی (٤) وەکو خۆی وەربگیرێ تکایە دەست بەرز بکاتەوە؟.. دەست بەرز کرایەوە.. سوپاستان دەکەین .. کێ دژە؟.. بەزۆربەی دەنگ برگە (١) لە مادەی (٤) پەسەند کرا.

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**

**ثانيا/ المديريات العامه:**

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن، ئێمە ئەو (مديريات العامه) ئەوەی لە پرۆژەی وەزارەتدا هاتووە هەمان (مشروعات) بۆ هەر (مديرياتێک )هاتووە، ئێمە هەموومان کۆکردۆتەوە لەسەر ئەوە بۆ (مديريات عامه) بۆ(اقسام شعب) کە بەو شێوەیە دامانناوە:
(المديريات العامة: ويرأس كل مديرية عامة موظف بدرجة مدير عام يحمل الشهادة الاولية الجامعية من ذوي خبرة والكفاءة في حقل الاختصاص وترتبط بها المديريات والاقسام ويرأس كل منها موظف بدرجة المدير او رئيس قسم يحمل شهادة الاولية جامعية من ذوي خبرة والكفاءة في حقل الاختصاص)، ئینجا هاتینە سەر بەڕێوبەرایەتییەکان و ئەو بەش و هۆبانەی بەشانەی کە بەستراوە پێیان، سوپاس.

**بەڕێز کـاکـەڕەش مـحـەمـەد نەقـشـبـەندیی:**

**بـەڕێـز سـەرۆکی ئـەنجـوومـەن.**

ئەنجوومەن بەرای من سەبارەت بە سەرۆک بەشەکان ئەو برگەیە لابچێ (یحمل شهادة اولیة جامعیة)، چونکە فەرمانبەری تێدایە ئێستا لای خۆی سەرۆک بەشێکی زۆر باشە، بەڵام دەرچووی ئامادەییە، لەبەر ئەوە (ذوی خبرەو کفاءە) بەسە بۆ بەڕێوەبەر گشتییەکان و، سەرۆک بەشەکان، سوپاس.

**بەڕێز حـەسـەن کـانەبی خـضـر بلبـاس:**

**بـەڕێـز سـەرۆکی ئـەنجـوومـەن.**

بەرای من ئەو بەڕێوبەرایەتییە گشتییانە زیادن لە هەرسێ پارێزگادا، ئەگەر هەموو کوردستانی گەورە لە ژێر دەستی خۆمان با پێویستیمان پێ هەبوو، بەڵام ئێستا سێ پارێزگامان هەیە، ئەگەر یەک بەڕێوبەرایەتی گشتی بەڕێوەبەرێکی لێ هاتووی هەبێ دەتوانێ هەموو بەڕێوەبەرایەتیەکان بە ڕێکو پێکی بەڕێوە ببات، سوپاس.

**بەڕێز حـسـێن عـارف عـەبدولڕەحـمـان:**

**بـەڕێـز سـەرۆکی ئـەنجـوومـەن.**

مـەسـەلەی بڕوانامـە لەبەر گـرنگی وەزارەتەکـە جـەخـتی لەسـەر کـرا، چونکە ئەم وەزارەتە پەیوەندییەکی راستەوخۆی لەگەڵ جەماوەرەوە هەیە، سوپاس.

**بەڕێز جـێگری سـەرۆکی ئەنجـوومـەن:**

بەڵام کاک حسێن لە وەزارەتی شارەوانیدا ئەرکی هەموو سەرۆک بەشێک تەکنییکیە، هیچ ئیداری نییە وەکو وترا ڕەنگە یەکێک دەرچووی ئامادەیی بێت، بەڵام سەرۆک بەشێکی لێهاتوو بێت، ئەگەر ئێمە مەرجی بڕوانامە دابنێین واتا نابێت کەس دابمەزرێنین.

**بەڕێز حـەسـەن عـەبدولکەریم بەرزنجی:**

**بـەڕێـز سـەرۆکی ئـەنجـوومـەن.**

لە مـادەی (٣)ی پڕۆژەی وەزارەتی شارەوانی هەتا مادەی (١٦) دەکاتە (١٣) مادە کۆمان کردووتەوە لە یەک مادە، چونکە هەموویان پەیوەندییان بەیەکەوە هەیە، ئەگەر ماوە بدەن مادەی (٤)ی خۆمان بخوێنینەوە، پاشان وەزیری شارەوانی، ئەگەر ڕەخنەیەکی هەبوو ئەو بۆی دەکەین، بەڵام دەبێ پڕۆژەی هەردوو لامان برگە بە برگە دەنگی لەسەر دەدەین و، دەڕوات، سوپاس.

**بەڕێز مـەلا هـادی خـضـر کـوێخـا:**

**بـەڕێـز سـەرۆکی ئـەنجـوومـەن.**

ئێمە وەکو لیژنەی خزمەتگوزاری کە بەشدار بووین لەگەڵ ئەندامانی لیژنەی یاسا، تێبینیمان نیشان دا، دەربارەی (شەهادەو خبرە) خدمە لە (١٠تا ١٥) ساڵ نووسراوە، لەبەر ئەوە ئێمە

ژمارەیەکی زۆر لەکەداری خۆمان هەیە، چونکە بەپێی ئەو مەرجانە دەبێ ئیستعانە بە خەڵکی وا بکەین کە لەوانەیە نەتوانن ئامانجەکانی ئێمە بهێننە دی، سوپاس.

**بەڕێز حەسەن عەبدولکەریم بەرزنجی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بێگومان لیژنەی یاسا دەزانێ وەک و بۆچوونی هەموو میللەتێک بەرەو دەوڵەتی یاسا دەڕۆین ( الرجل المناسب فی مکان المناسب)، ئینجا بۆ وەزارەتی شارەوانی سەرۆک بەش دەبێ (خبرەو کفاءە و شهادەی) تەواوی هەبێ ئێمەش رایەکەمان وابوو بروانامە هەبێ باشترە بە تایبەتی لە وەزارەتی شارەوانیدا، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەن:**

رای وەزارەتی شارەوانییمان چییە لەسەر ئەو پێشنیارەی کە مەرجی بڕوانامەی زانکۆیی بۆ سەرۆک بەش لابدرێ بۆ پلەی بەڕێوەبەری گشتی بمێنێتەوە؟.

**بەڕێز کافیە سلێمان عەبدوڵلا/ وەزیری شارەوانی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەنجوومەن ئێمە پێمان وایە ئەگەر بۆ هەمووی ببێ باشترە، بەڵام ئەگەر نەبێ تەنها بۆ سەرۆک بەش ئەوە قەیناکە، بەڵام بۆ بەڕێوەبەرو، بەڕێوەبەرە گشتییەکان ئەو مەرجی بڕوانامە دەبێ هەبێ، سوپاس.

**بەڕێز فرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پێموایە بۆ وەزارەتی شارەوانی وگەشتوگوزار بۆ هەموو وەزارەتەکان (خبرە)کە گرنگترە، هەروەها بەپێی ئەو مەرجە، ئێمە رێگا لە زۆر کەس دەگرین کە نەیانتوانیوە بخوێنن بەهۆی ئەوەی (١٥)، یان (٣٠) لە خزمەتی پێشمەرگایەتی دابوون، بەڵام شارەزو پسپۆڕن لە کاردا، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەن:**

بۆ مەسەلەی (کفائەو خبرە) دەتوانرێ لە کەسێکدا هەبێ کە بڕوانامەی زانکۆی نییە بەتایبەتی لەو کارانەی کە هونەری نین، لەگەڵ ئەوەی بڕوانامەی زانکۆ بەراستی رێزێکی زۆری لێ دەگیرێ، چونکە ئەو کەسەی کە خبرەو ئەوانەی نەبێ دەتوانێ زیاتر ئیش بکات.

سەبارەت بە تێبینییەکەی بەڕێز فرەنسۆ سەبارەت ئەو کەسانەی کە پێشمەرگایەتیان کردووە، وابزانم پێشمەرگایەتیش ناکەین بە مەرجێک بۆ مەسەلەی (خبرەو کەفائە)، بۆ ئەوەی زۆر لەسەر ئەم خاڵە نەڕۆین، ئێستا ئەم پێشنیارە دخەینە دەنگدانەوە کە مەرجی بڕوانامەی زانکۆ بۆ سەرۆک بەش هەڵبگیرێ، بەڕێز ئەیاد تکایە دارشتنەکەی بخوێنەوە.

**بەڕێز ئەیاد حـــاجی نامق مـــەجـــیـــد:**

المديريات العامة: يرأس كل مديرية عامة موظف بدرجة مدير عام يحمل شهادة اولية جامعية من ذوي خبرة والكفاءة والاختصاص وترتبط بها المديريات والاقسام ويرأس كل منها موظف بدرجة مدير يحمل شهادة اولية جامعية من ذوي الخبرة و الكفاءة وفي حقل الاختصاص، و رئيس قسم من ذوي الخبرة والكفاءة.

**بەڕێز حـــسـێن عــارف عــەبدولڕەحـــمـان:**

**بەڕێز ســــەرۆکی ئـەنجـــــومـــــەن.**

پێش ئەوەی دەنگدانەکە بکەین بۆ ئەوەی شتەکە تێک نەچێت و، ئەگەر مەرجەکە بۆ سەرۆک بەش لابدرێت دەبێ تۆزێ دەستکاری تیادا بکرێ بەم شێوەیە بێت: (ترتبط بها المديريات والاقسام ويرأس كل مديرية عامة بدرجة مدير يحمل الشهادة الاولية..)، سوپاس.

**بەڕێز عـەبدولکەریم کـاکـە حـەمـە عـەبدولکەریم:**

**بەڕێز ســــەرۆکی ئـەنجـــــومـــــەن:**

من یەک پرسیارم هەیە لە لیژنەی یاساو، لە وەزیری شارەوانی ئایا ئێمە ئێستا فەرمانبەرمان نییە بە پلەی بەڕێوەبەر، لەگەڵ ئەوەشدا دەرچووی زانکۆ نەبن؟، سوپاس.

**بەڕێز ئەیاد حـــاجی نامق مـــەجـــیـــد:**

**بەڕێز ســــەرۆکی ئـەنجـــــومـــــەن.**

ويرأس كل مديرية موظف بدرجة مدير يحمل شهادة الاولية جامعية من ذوي خبرة والكفاءة في حقل الاختصاص، و يرأس كل قسم موظف من ذوي خبرة وكفاءة.

مەرجی شەهادە لابرا.

**بەڕێز جـــێگری ســــەرۆکی ئـەنجـــومـــەن:**

کێ لەگەڵ ئەوەدایە برگە (٢) لە مادە (٤) وەکو خوێندرایەوە وەربگیرێ؟.. تکایە دەست بەرز بکاتەوە.. دەست بەرز کرایەوە.. سوپاستان دەکەین..کێ لە دژە؟.. بە زۆربەی دەنگ پەسەند کرا.

**بەڕێز ئەیاد حـــاجی نامق مـــەجـــیـــد:**

أـ المديرية العامة لشؤن الادارية والمالية، وترتبط بها المديريات التالية:

١ـ مديرية شؤون الادارية والافراد.

٢ـ مديرية شؤون مالية والتدقيق.

٣ـ الدائرة القانونية (دائرة المشاورة قانونية).

**بەڕێز کافیە سلێمان عـەبدوڵلا/ وەزیری شارەوانی:**

**بەڕێز ســــەرۆکی ئـەنجـــــومـــــەن.**

سەبارەت بە (دایرەی یاسایی) لە پرۆژەکەی ئێمە ئەویش بەتەنیا لەناو (مدیریەی مالیە) نییە ئەویش خۆی بە تەنیا دایرەیەکە لە وەزارەتدا یەکسەر بەستراوە بە وەزیر، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەن:**

نازانم لیژنەی یاسا چۆن وا (دایرەی قانونیان) کەم کردۆتەوە لە وەختێکدا لای ئێمە لیژنەی یاسا لە هەموو لیژنەکان گرنگی زیاترە و، هەندێ جار وەک مەکتەبی سیاسیی پەرلەمانە.

**بەڕێز عەدنان محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەناوی لیژنەی یاساوە سوپاسی بەڕێزتان دەکەین، بەڵام بابەتەکە هەر ئەوە نەبوو کە فەرمانگەیەکی سەربەخۆی (مشاوری یاسایی)، ئەگەر ئەم فەرمانگەیە دابنێین کۆمەڵێک فەرمانبەری دەوێ، ئێمە دەبێت هەوڵ بدەین بەپێی توانا وەزارەتەکەمان بچووک بکەینەوە لەبەر نالەباری باری ئابووری کوردستان، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەن:**

لە یاسای وەزارەتەکانی تر فەرمانگەی یاسایی سەربەخۆیە، پێویستە وەزارەتی شارەوانیش بە هەمان شێوە بێت، بەتایبەتی ئەم وەزارەتە کێشەی یاسایی زۆرە.

**بەڕێز حەسەن عەبدولکەریم بەرزنجی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

هیچ لە بابەتەکە ناگۆڕێ ئەگەر (فەرمانگەی یاسایی) بکەین یەکێک لەو لقانەی راستەوخۆ سەربە وەزیرن، سوپاس.

**بەڕێز بورهان عەلی جاف:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پێشنیار دەکەم (المديرية العامة للشؤون المالية) بکرێ بە (مديرية شؤون العامة والافراد) ئەوەی تریش بکرێ بە (مديرية العامة لشؤون الادارة والمالية)، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئێستا لەگەڵ ئەوەدایە کە (دایرەی قانوونی) گرنگی یەکی تایبەتی پێ بدرێ و، ببەسترێتەوە بە وەزیری شارەوانی؟.. تکایە دەست بەرز بکاتەوە.. دەست بەرز کرایەوە.. سوپاستان دەکەین.. کێ لە دژە؟.. بە زۆربەی دەنگ ئەم پێشنیارە پەسەند کرا. ـ

**بەڕێز حەسەن عەبدولکەریم بەرزنجی:**

مركز الوزارة يتكون من :

أ ــ مكتب الوزير.

ب ــ مكتب وكيل الوزير.

ج ــ الدائرة القانونية ترتبط بالوزير. بوو بە لقی (ج) لە (مركز وزاره).

**بەڕێز جێگری سەرۆكی ئەنجومەن:**

أـ المديرية العامة لشؤون مالية، ترتبط بالمديريات التالية:

١ـ مديرية شؤون الادارية والافراد.

٢ـ مديرية شؤون المالية وتدقيق.

ئێستا كێ لەگەڵ ئەوەدایە خاڵی (١ و ٢) لە بڕگە (أ) وەكو خۆی وەربگیرێ؟.. تكایە دەست بەرز بكاتەوە.. دەست بەرز كرایەوە.. سوپاستان دەكەین.. كێ لە دژە؟.. بە زۆربەی دەنگ پەسەند كرا.

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**

ب/ المديرية العامة للتخطيط والمتابعة وترتبط بها المديريات واقسام التالية:

١ـ مديرية التخطيط والدراسات.

٢ـ مديرية المتابعة والتفتيش.

٣ـ مديرية الاحصاء والحاسبة الاكترونية.

٤ـ مديرية القوى العاملة والتطوير.

٥ـ قسم الخدمات الهندسية.

**بەڕێز حەسەن عەبدولكەریم بەرزنجی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

مادەی (١١)دا لە پێشنیاری وەزارەت ئەو شەرحەمان نەكردووە لە جۆری بەڕێوەبەرایەتییەكان هیچ نەگۆڕاوە، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆكی ئەنجومەن:**

پرسیارێک ئاراستەی بەڕێز سكرتێری ئەنجومەن و، لیژنەی یاساو، بەڕێز وەزیری شارەوانی دەكەم، بەشی ئەندازە دەنگی لەسەر دراوە بۆچی لێرە بووتە بەڕێوەبەرایەتیی؟.

**بەڕێز كافیە سلێمان عەبدوڵلا/ وەزیری شارەوانی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

سەبارەت ئەوەی كە نووسراوە (ترتبط مديريات واقسام التالية)، بەڕێوەبەرایەتیی و بەش دەگرێتەوە، هەندێكیان بە شێوەی بەش دەتوانن ئیشوكارەكانیان جێبەجێ بكەن، سوپاس.

**راوێژكاری وەزارەتی شارەوانی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

هەر بەڕێوەبەرایەتییەک بەجیا بەكاروباری خۆی هەڵدەستێت، وەكو بەڕێوەبەرایەتی چاودێری تەنیا چاودێری جێبەجێ كردنی پرۆژەكان دەكات، چونكە پرۆژە لە وەزارەتدا جێبەجێ ناكرێ، بەڵكو لەناو بەڕێوەبەرایەتییەكانی شارەوانی جێبەجێ دەكرێ، هەروەها بەشی (خدماتی هندسی) هەڵدەستێت بە كاروباری خاوێن كردنەوە، بەڵام رێكخستن ناكات، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجوومەن:**

ئەوەش بۆ بەڕێزتان دەمێنێتەوە.

کێ لەگەڵ ئەوەدایە بڕگەی (ب) وەکو خۆی بمێنێتەوە؟.. تکایە دەست بەرز بکاتەوە.. دەست بەرز کرایەوە.. سوپاستان دەکەین.. کێ لە دژە؟.. بە زۆربەی دەنگ بڕگە (ب) پەسەند کرا.

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**

ج ـ المديرية العامة للبلديات وترتبط بها المديريات واقسام التالية:

١ـ مديرية الاملاك والاراضي.

٢ـ مديرية شؤون الفنية والتخطيط العمراني التي تضم الاقسام التالية:

أـ قسم الدراسات والبحوث.

ب ـ قسم التصاميم.

ج ـ قسم هندسة مرور.

دـ قسم االآليات والمعامل.

٣ـ مديرية التخطيط والمتابعة.

٤ـ مديرية الادارة والمالية.

٥ـ رئاسة بلديات مراكز المحافظات الاقليم ومديريات بلديات فيها.

ئێمە بەڕێوەبەرایەتی (التخطيط العمراني) لە (مديرية شؤون الفنية)مان زیاد کرد، لە پرۆژەی وەزارەتدا (المديرية العامة للتخطيط العمراني) لە بڕگە یەکدا هاتبوو کە باسی ئەوە دەکات (ترتبط بها المديريات تخطيط العمراني لجميع المحافظات الاقليم) ئێمە وەکو لیژنەی یاساو، لیژنەی خزمەتگوزاری وامان بەباش زانی کە (مديرية تخطيط العمراني) بەتەنیا دەبێ لە ئاستی شارەوانیدا نەبێت، لەبەر ئەوە کردمانە (مديرية شؤون فنية وتخطيط العمراني)، سوپاس.

**بەڕێز فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵڵا/سکرتێری ئەنجوومەن:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

لە بەڕێوەبەراتییە گشتییەکان هاتووە (مديرية شؤون الادارية و افراد)، دووبارە لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی شارەوانی بەڕێوەبەرایەتییەک هەیە بەناوی (مدرية الادارة المالية)، تکایە ئەمان بۆ روون بکەنەوە، سوپاس.

**بەڕێز حەسەن عەبدولکەریم بەرزنجی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

بەڕێوبەرایەتی گشتی ئیدارەو دارایی دیاری کراوە، باشە بۆچی بەڕێوبەرایەتیەکانی دیکە دیاری نەکرێن؟!، ئێمەش دەزانین هەموو فەرمانگەکانی شارەوانی بەڕێوبەرایەتی دارایی دەبێ هەبێ، چونکە بەڕێوبەرایەتی گشتی دارایی لە وەزارەتدا کاروباری دارایی بەڕێوبەرایەتییەکانی دیکە نابینێ، سوپاس.

**بەڕێز حسێن عارف عەبدولڕەحمان:**
**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

هەمان خاڵ لە لیژنەی یاساوە ئاماژەی بۆ کراوە زۆر لەسەری راوەستاین، لە ئەنجام گەیشتینە ئەوەی کە شارەوانی وەزارەتێکی زۆر فراوان و گەورەیە، کارمەندی یەکجار زۆری هەیە، هەندێ لە بەڕێوەبەراتییە گشتییەکان بۆ هەڵسوڕاندنی کاروباری ناو وەزارەتە، ئەوانی دیکەش بۆ فەرمانگەکانی سەر بە وەزارەتی شارەوانییە، چونکە ئەو فەرمانگانە زۆر گەورەن پێویستیان بە بەڕێوەبەرایەتیەکی دارایی تایبەتی هەیە، سوپاس.

**بەڕێز د. فایەق محەمەد گوڵپی:**
**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

من هەمان تێبینیم لەسەر (مديرية تخطيط والمتابعة) هەیە لێرە بەڕێوەبەراتییەکی گشتیمان هەیە بەناوی (مدرية التتخطيط و المتابعة)، لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی شارەوانی دیسان دووبارە بۆتەوە، من پرسیار دەکەم بۆچی ئەم بەڕێوەبەرایەتییە سەر بە (مدرية متابعة العامة) نەبێت؟، سوپاس.

**بەڕێز د. عیزەدین مستەفا رەسول:**
**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەرای من لە دانانی ئەو جۆرە بەڕێوەبەراتییانە باری ئابووری ئێستامان رەچاو بکەین، ئەگەر بکرێ تا بتوانین شتی کەمتر دابنێین کەمتر لێرەش (مديرية مالية والتخطيط المالي ومديرية الاملاك والاراضي) خۆی ئیعتباری خۆی هەیە، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەرای من زۆر پرسیار و تێبینی هەیە لەسەر هەیکلەی وەزارەتی شارەوانی، لەبەر ئەوە پێشنیار دەکەم کە ئەم تێبینیانە پاشان ئەندامانی بەڕێز لەگەڵ وەزارەتی شارەوانی لەسەر شێوازێک رێک بکەون، ئینجا بۆ کۆبوونەوەی بەیانی بۆ ئەوەی هەردوو لا لەسەر هەیکەلەکە رێک بکەون و، بدرێت بە لیژنەی یاساو، لەگەڵ وەزارەتی شارەوانی بگەنە شێوازێک لەسەر ئەو تێبینیانەی کە وترا بەتایبەتیش دووبارە نەبێتەوەو، هەوڵ بدرێت کورت بکرێنەوەو، لەگەڵ باری ئابووری ئێستادا بگونجێ، بە مەرجێک کە کار نەکاتە سەر کاروباری وەزارەت، ئەگەر بەڕێزتان لەسەر ئەم پێشنیارە رازی بن ئەوە لێرە دەوەستین سبەینێ ئەو هەیکەلە باس بکەین.
کێ لەگەڵ ئەوەدایە باس کردنی هەیکلەی وەزارەتی شارەوانی دوا بخرێ بۆ دانیشتنی بەیانی؟.. تکایە دەست بەرز بکاتەوە.. دەست بەرز کرایەوە.. سوپاستان دەکەین.. کێ لە

دژە؟.. بە زۆربەی دەنگ پێشنیارەکە پەسەند کرا.
پشوویەک بۆ ماوەی نیو کاتژمێر وەردەگرین، دوای ئەوە کۆبوونەوە دەست پێ دەکات سەبارەت بە یاساکان، تا ئێستا ئەو یاسایەی کە لەبەر دەستماندایە یاسایی وەزارەتی شارەوانییە دوو وەزارەت هەیە کە ماونەتەوە یاساکانیان نەناردووەو.
سەبارەت بە یاسای وەزارەتی پیشەسازی و، وەزارەتی ناوخۆ و، وە وەزارەتی ئەشغال و، وەزارەتی ئاوەدانکردنەوە، ئەوانە ئیختساسەکانیان لەیەک دەچن، لەبەر ئەوە ئێمە ناردوومانەوە بۆ ئەنجوومەنی وەزیران بۆ ئەوەی خۆیان یەکلای بکەنەوە.
ئێستا هەروەکو لەسەری رێککەوتووین باسی خاڵی تازە بابەت دەکەین لە پرۆگرامی ئەمرۆدا.
بەرێزان لە پێش نیوەڕۆ بریارمان وابوو کە ئەو هەیکلەی وەزارەتی شارەوانی لەگەڵ لیژنەی یاسا باسی بکات بگەنە رایەکی هاوبەش بەتایبەتی ئەو پێشنیارەی ئەو ئەندامانەی کە رایان دا لێرە داوامان لێ کردن کە شتێک بنووسن، لیژنەی یاسا دەڵێ تەنها یەک ئەندام پێشنیاری داوە بە لیژنەی یاسا و، وەزارەت، لەبەر ئەوە بریارماندا مادام ئەو ئەرکەیان جێبەجێ کرد با گفتوگۆکردنی یاسای وەزارەتی شارەوانی تەواو بکەین، ئینجا تکایە لیژنەی یاسا بفەرموون بۆ ئێرەو، بۆ ئەو پێشنیارەی خۆیان کە وەزارەتی شارەوانی رەزامەندی لەسەر کردووە بخوێنینەوە.

**بەرێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**

مادة/ ٤

ج ـ المديرية العامة للبلديات وترتبط بها المديريات العامة والاقسام التالية:

١ـ مديرية الاملاك والاراضي.

٢ـ مديرية شؤون الفنية والتخطيط العمراني التي تضم الاقسام التالية:

أـ قسم الدراسات والبحوث.

ب ـ قسم التصاميم.

ج ـ قسم هندسة مرور.

د ـ قسم معامل والآليات.

٣ـ مديرية التخطيط والمتابعة.

٤ـ مديرية شؤون الادارية والمالية.

٥ـ رئاسة بلديات مراكز المحافظات للاقليم ومديريات بلديات فيها.

بەرێز سەرۆکی ئەنجوومەن، رای بەرێز وەزیری شارەوانی ئەوەیە کە (تخطیطی عمرانی) ئەوەی کە بەستراوە بە بە (مديرية الشؤون الفنية) لە ئەو بەرێوەبەرایەتیە گشتییە کە بچینەوە برگە (د) (مديرية العامة للتخطيط العمراني) لە هەر پارێزگایەکی کوردستاندا بەرێوبەرایەتییەکی تایبەتی هەبێت بە (تخطیطی عمرانیەوە).

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەن:**

کێ لەگەڵ ئەوەدایە بڕگە (ج) لە مادە (٤) وەکو ئەوەی خوێندرایەوە وەربگیرێ؟.. تکایە دەست بەرز بکاتەوە.. دەست بەرز کرایەوە.. سوپاستان دەکەین.. کێ لە دژە؟.. بە زۆربەی دەنگ بڕگە (ج) پەسەند کرا.

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**

مادة ٤ـ د/ المديرية العامة للتخطيط العمراني وترتبط بها المديريات التالية:

١ـ مديرية الدراسات والبحوث والتصاميم التفصلية.

٢ـ مديرية التصاميم الاساسية والافرازات.

٣ـ مديرية التطوير الريفي.

٤ـ مديريات التخطيط العمراني في محافظات الاقليم.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەن:**

کێ لەگەڵ ئەوەدایە بڕگە (د) لە مادە (٤) وەکو خوێنرایەوە وەربگیرێ؟.. تکایە دەست بەرز بکاتەوە.. دەست بەرز کرایەوە.. سوپاستان دەکەین.. کی لە دژە؟.. بە زۆربەی دەنگ بڕگە (د) پەسەند کرا.

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**

ه ـ المديرية العامة للماء والمجاري و ترتبط بها المديريات التالية:

١ـ مديرية التشغيل والصيانة.

٢ـ مديرية المخازن.

٣ـ مديرية شؤون الادارة والمالية.

٤ـ مديريات الماء والمجاري في محافظات الاقليم.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەن:**

کێ لەگەڵ ئەوەدایە بڕگە (ه) لە مادە (٤) وەکو خۆی وەربگیرێ؟..تکایە دەست بەرز بکاتەوە.. دەست بەرز کرایەوە.. سوپاستان دەکەین.. کێ دژە؟.. بە زۆربەی دەنگ بڕگە (ه) پەسەند کرا.

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**

و/ المديرية العامة للسياحة، وترتبط بها مديريات السياحة في محافظات الاقليم.

**بەڕێز کافیە سلێمان عەبدوڵلا/ وەزیری شارەوانی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە وامان داناوە(الهيئة العامة للسياحة وتنظيم اعمالها بنظام خاص)، ئەگەر ئەمە بێت بۆ جێبەجێ کردنی ئیشوکارەکان باشتر دەبێ، سوپاس.

**بەڕێز ئەیاد حـــاجی نامق مـــەجـــیـــد:**

**بەڕێز ســــەرۆکی ئەنجـــوومـــەن.**

و/ الهيئة العامة للسياحة وتنظم مهامها واعمالها بنظام خاص.

**بەڕێز عـــەدنان مـــحـــەمـــەد نەقـــشـــبـــەندیی:**

**بەڕێز ســــەرۆکی ئەنجـــوومـــەن.**

تەنها یەک تێبینیم هەیە (تەشکیلات) دەبێ زیاد بکەین ئێمە لە لیژنەی یاسادا وا لەگەڵ وەزیری شارەوانی ڕێک کەوتووین، سوپاس.

**بەڕێز حـــسێن عـــارف عـــەبدولڕەحـــمـــان:**

**بەڕێز ســــەرۆکی ئەنجـــوومـــەن.**

هەندێ شت هەیە زۆر جار وتراوە لە کاتی وەرگێڕان، هیچ جیاوزای نییە لە نێوان (مهام) و (اعمال) ئەمانە تەنیا وشەن، با یەکێکیان دابنرێت (مهام)، یان (اعمال)، سوپاس.

**بەڕێز ئەیاد حـــاجی نامق مـــەجـــیـــد:**

**بەڕێز ســــەرۆکی ئەنجـــوومـــەن.**

و/ الهيئة العامة للسياحة وتنظم اعمالها وتشكيلاتها بنظام خاص.

**بەڕێز جـــێگری ســـەرۆکی ئەنجـــوومـــەن:**

کێ لەگەڵ ئەوەدایە بڕگە (هـ) وەکو ئەوەی دوا جار خوێندرایەوە وەربگیرێ؟.. تکایە دەست بەرز بکاتەوە.. دەست بەرز کرایەوە.. سوپاستان دەکەین.. کێ لە دژە؟.. بە زۆربەی دەنگ بڕگە (و) پەسەند کرا.

**بەڕێز ئەیاد حـــاجی نامق مـــەجـــیـــد:**

ز/ يشكل في الوزارة مجلس استشاري باسم المجلس الاستشاري في الوزارة البلديات وسياحة يرأسه الوزير ويضم في عضويتها كل من:

١ـ وكيل الوزارة ـ نائبا للرئيس.

٢ـ المدير العام للتخطيط والمتابعة ـ مقررا للمجلس.

٣ـ المدير العام للماء والمجاري.

٤ـ الرئيس الهيئة العامة للسياحة.

٥ـ المديرية العامة للبلديات.

٦ـ المديرية العامة للتخطيط العمراني.

٧ـ المديرية العامة للادارة والمالية.

٨ ـ المشاور القانوني.

٩ـ رؤوساء بلديات مراكز محافظات الاقليم.

**بەڕێز کافیە سلێمان عەبدوڵلا/ وەزیری شارەوانی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

(رئیس الهیئە) لە زنجیرەکە دوای بریکاری وەزارەت دێت.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەن:**

کێ لەگەڵ ئەوەدایە برگە (ز) وەکو ئەوەی خوێنرایەوە وەربگیرێ؟ .. تکایە دەست بەرز بکاتەوە.. دەست بەرز کرایەوە.. سوپاستان دەکەین.. کێ لە دژە... بە زۆربەی دەنگ برگە (ز) پەسەند کرا.

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ثانیا- لە پرۆژەی وەزارەتدا ئەو ئەرکانەی کە هاتووە ئێمە بەراستی لە کاتی دارشتنیدا هەندێ برگە هاتووە کە پێویست نەبوو لێکمان داوە، لە هەندێ برگەی دیکەشدا شتی زیاد هەبوو لامان بردووە بەبێ ئەوەی دارشتنەکەی بگۆڕین.

ثانیا/مهمات المجلس:

١- صیاغة الاهداف العامة لخطة الوزارة.

٢- مناقشة الخطة الاولیة المقدمة من قبل المدیریة العامة للتخطیط و المتابعة علي ضوء الخطط المقدم وتشکیلات الوزارة واقرارها مبدئیا.

٣- متابعة خطط الوزارة ومراقبة تنفیذها.

٤- اقتراح السیاسات المالیة والاقتصادیة في الوزارة.

٥- دراسة المشروعات القوانین والانظمة والتعلیمات المتعلقة باعمالها داخل الوزارة وما یراه في هذا الشئن من الملاحظات والتوصیات.

٦- مناقشة تقریر الدوري العام في الوزارة التي تصدر من قبل المدیریة العامة للتخطیط والمتابعة ودراسة المعوقات التي تعترض مسیرتها، و اقتراح حلول العلمیة لمعالجتها.

**بەڕێز حسێن عارف عەبدولڕەحمان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لێرەش هەر مەسەلەی خۆ رزگار کردن لە (٤-٥) وشەیە، لە رستەی (صیاغة الاهداف العامة للخطط الوزارة) ئەوەی کە وتمان (وزارە) ئیتر باقی تر رزگارمان دەبێ لەم وەزارەتە، مەبەستم ئەوەیە لە لە دارشتنی یاساییدا دووبارەکردنەوە گونجاو نییەو، دەبێ کورت و بەسوود بێ، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەن:**

کێ لەگەڵ ئەوەدایە کە برگەی دووەم لە مادە (٤) وەکو بۆتان خوێندرایەوە وەربگیرێ؟.. تکایە

دەست بەرز بکاتەوە.. دەست بەرز کرایەوە.. سوپاستان دەکەین..کێ لە دژە؟.. بە زۆربەی دەنگ بڕگەی (٢) پەسەند کرا.

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ثالثا: يعقد المجلس اجتماعاته بدعوة من الوزير ويستكمل الاجتماع نصابه بحضور رئيس المجلس وثلثي عدد اعضائه.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەن:**

کێ لەگەڵ ئەوەدایە بڕگە (٣) لە مادە (٤) وەکو ئەوەی خوێنرایەوە وەربگیرێ؟.. تکایە دەست بەرز بکاتەوە.. سوپاستان دەکەین.. کێ لەدژە؟.. بە زۆربەی دەنگ بڕگە (٣) پەسەند کرا.

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**

المادة الخامسة:

أ- يحدد بنظام العام اختصاصات وتشيكلات الوزارة.

ب - للوزير استحداث او دمج او مديريات او اقسام شعب عند الاقتضاء.

ج - للوزير تشكيل لجان دائمية او وقتية وحسب الحاجة.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەن:**

کێ لەگەڵ ئەوەدایە مادە (٥) وەکو خۆی بمێنێتەوە؟.. تکایە دەست بەرز بکاتەوە.. دەست بەرز کرایەوە.. سوپاستان دەکەین..کێ لە دژە؟.. بە زۆربەی دەنگ مادە (٥) پەسەند کرا.

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**

المادة السادسة:

للوزير اصدار التعليمات اللازمة لتسهيل تنفيذ احكام هذا القرار.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەن:**

کێ لەگەڵ ئەوەدایە مادە (٦) وەکو خۆی بمێنێتەوە؟.. تکایە دەست بەرز بکاتەوە.. دەست بەرز کرایەوە.. سوپاستان دەکەین.. کێ لە دژە؟.. بە زۆربەی دەنگ مادە (٦) پەسەند کرا.

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**

المادة السابعة:

لا يعمل بأي نص يتعارض واحكام هذا القرار.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەن:**

کێ لەگەڵ ئەوەدایە مادە (٧) وەکو خۆی بمێنێتەوە؟.. تکایە دەست بەرز بکاتەوە.. دەست بەرز کرایەوە.. سوپاستان دەکەین.. کێ لە دژە؟.. بە زۆربەی دەنگ مادە (٧) پەسەند کرا.

**بەڕێز ئەیاد حـــاجی نامق مـــەجـــیـــد:**

المادة الثامنة:

علی الوزراء المختصین تنفیذ احکام هذا القرار.

**بەڕێز جـــێگری ســـەرۆکی ئەنجـــوومـــەن:**

کێ لەگەڵ ئەوەدایە مادە (٨) وەکو خۆی وەربگیرێ؟.. تکایە دەست بەرز بکاتەوە.. دەست بەرز کرایەوە.. سوپاستان دەکەین.. کێ لە دژە؟.. بە زۆربەی دەنگ مادە (٨) پەسەند کرا.

**بەڕێز ئەیاد حـــاجی نامق مـــەجـــیـــد:**

المادة التاسعة: ینفذ هذا القرار إعتباراً من تاریخ نشره في جریدة الرسمیة.

**بەڕێز جـــێگری ســـەرۆکی ئەنجـــوومـــەن:**

کێ لەگەڵ ئەوەدایە مادە (٩) وەکو خوێنرایەوە وەربگیرێ؟.. تکایە دەست بەرز بکاتەوە.. دەست بەرز کرایەوە.. سوپاستان دەکەین.. کێ لەدژە؟.. بە زۆربەی دەنگ مادە (٩) پەسەند کرا.

ئێستا کێ لەگەڵ ئەوەدایە کە یاسای وەزارەتی شارەوانی و گەشتوگوزار بە گشتی پەسەند بکرێ؟.. تکایە دەست بەرز بکاتەوە.. دەست بەرز کرایەوە.. سوپاستان دەکەین.. کی لەدژە؟.. بە زۆربەی دەنگ یاسای وەزارەتی شارەوانی گەشتوگوزار پەسەند کرا.

ئێستا لە تازەبابەتدا دوو پێشنیار هەیە یەکێکیان ئۆردوگای بنەسلاوە، کە حەوت هەزار خێزانی تێدایە بێ بەشن لە خزمەتگوزاریی و، بنکەی پۆلیس، ئەگەر بەباشی دەزانن بە تایبەتی ئەو ئەندامەی کە ئەو پێشنیارەی کردووە شتێک پێش کەش بکات دەربارەی ئەم بابەتە.

**بەڕێز حـــەســـەن حـــەمـــیـــد ڕەحـــیـم:**

**بەڕێز ســـەرۆکی ئـەنجـــوومـــەن.**

ئێمە دوێنێ چووین سەردانێکی ناو ئۆردوگای بنەسلاوەمان کردو، سەردانی زۆربەیماڵە شەهیدەکانمان کردو، یارمەتییەکی بچووکمان بۆ بردن، لەمیانی سەردانەکە بۆمان دەرکەوت چوار ناتەواویان هەیە:

١ــ مەسەلەی کارەبا: خۆتان دەزانن ئەو ئۆردوگایە جیایە لەگەڵ ئوردوگاکانی تر ئەوانە هەم سەریان هەم ماڵیان چووە، هەندێ ماڵ هەیە سێ کوڕییان شەهیدە، لەگەڵ ئەمشدا کارەباکە لە کاتێکدا دەیان دەنێ هیچ سوودی نییە، چونکە ئاوی ئەوێ بە ماتۆڕە ، چووین سەردانی پرۆژەکەمان کرد پیاوێکی زۆر خراپ بووە بە لێپرسراوی پرۆژەکە لە ڕۆژێک دوو ڕۆژ سەعاتێک سەردەدا ئەوەش هیچ شتێکیان بۆ چارە ناکات، ئینجا ئەگەر بکرێ یەکێ باش دانێین بەم کارە هەڵبستێت.

پێشنیار دەکەم لە سەعات (٨ــ١٢) کارەبایان هەبێت، چونکە ئەو وەختە ئاو هەیە سوود لە کارەباکە وەردەگرن.

٢ـ مەسەلەی خەستەخانە: لە بنکەی تەندروستی (٦ـ ٨) دکتۆریان هەیە تا ئێستا شەوکاریان نییە، ئەگەر بە شەو لێیان بقەومێ کەس نییە دەرزیەکیان لێبدات.

٣ـ بۆ مەسەلەی ئازووقە هەموو رۆژێک بەڵێنیان پێ دەدەن، بەڵام تا ئێستا هیچ ئازووقەیان وەرنەگرتووە، دانیشتوانی بنەسڵاوە کەوتوونەتە گومان کە بەهاریش بەریان نەکەوێت، ئەگەر بکرێ ئازووقە و نەوت لەلایەن پارێزگارەوە دەست پێشخەری بکات لەگەڵ ئێرە بیاندرێتی، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئێمە وا پێشنیار دەکەین کە ئەو ئەندامانەی سەردانی ئۆردووگاکەیان کردووە، دیارە هەرسێکیان خەڵکی سلێمانین ئەگەر راپۆرتێک بنووسن دەربارەی ئەوە بۆ سەرۆکایەتی و، ئێمە ئاراستەی ئەنجومەنی وەزیرانی دەکەین و، ئەگەر ئەندامێکی خەڵکی هەولێریش لەگەڵیاندا بێت باشترە، چونکە ئەو نزیکترە لە مەسەلەکەو، ئاگاداری هەیە، پاشان بەدوای جێبەجێ کردنی راپۆرتەکەدا بچن.

**بەڕێز عەدنان محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لە راستیدا ئەمە شتێکی باشە ئەو راپۆرتە بنووسن و، ئاراستەی ئەنجومەنی وەزیران بکرێ، بەڵام من یەک تێبینیم هەیە ،جۆرەها راپۆرتی وا چووە، بەڵام لە پەرلەماندا بەدوای دا نەچوونە، من پێشنیار دەکەم لیژنەیەک هەبێ لە پەرلەماندا چاودێری جێبەجێ کردنی ئەم راپۆرتە بکات، سوپاس.

**بەڕێز حەسەن حەمید رەحیم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پشتگیری پێشنیارەکەی بەڕێز عەدنان نەقشبەندیی دەکەم، راستە دەبێ لیژنەیەکی پەرلەمانی هەبێ بۆ بەدواداچوونی جێبەجێ کردنی راپۆرتەکە لە وەزارەتەکاندا، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئێمە لە راستیدا کە ئەو شتانە دەنێرین بۆ ئەنجوومەنی وەزیران بۆ بەدواچوونی، کە وەڵاممان بداتەوە ئێمە ئاراستەی لیژنەکەی دەکەین یان ئەو ئەندامەی پرسیارەکەی کردووە دانەیەک لە ئەو وەڵامەی پێ دەدەین، ئەمە یەک.

دوو ئەو ئەندامەی یاخود ئەو کۆمەڵە ئەندامەی پرسیار دەکەن، یاخود پێشنیار دەکەن دەینێرن بۆ سەرۆکایەتی، ئێمە ئاراستەی ئەنجوومەنی وەزیران دەکەین، ئەرکی سەرشانی ئەوانە بەبێ ئەوەی پێویستی بە لیژنەیەکی تایبەتی ببێ بە دوای جێبەجێ کردنی پێشنیارەکەیان دا بچن، لەبەر ئەوەش ئێمە پێشنارمان کرد ئەو برادەرانەی کە چوون بۆ ئەو ئۆردوگایە خۆیان چاودێری جێبەجێ کردنی کارەکە بکەن.

**بەڕێز حەسەن عەبدولکەریم بەرزنجی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

چاودێری کردنەکە بەو جۆرە دەبێ لیژنەیەکی تایبەتی بۆ دابنرێ هەموو ئەندامانی پەرلەمان ڕاستە بەرپرسن، بەڵام بەو فراوانییە نەبێ هەر بڕیارێک دەربچێ لە ئەنجوومەنی وەزیرانەوە بۆ وەزیرێک دەچێ، لیژنەیەکی تایبەت لەناو پەرلەماندا هەیە پەیوەندیی بە ئیشوکاری ئەو وەزارەتەوە هەیە دانەیەکی ئەم ڕاپۆرتە بدرێتە ئەو لیژنەیەی پەرلەمان بۆ ئەوەی بە دوای جێبەجێ کردنی کارەکە دا بچێت، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجوومەن:**

زۆر باشە لەسەر ئەو پێشنیارەی بەڕێزتان دانەیەک لەم ڕاپۆرتە با بدرێت بە لیژنە پەیوەندیدارەکان بۆ بەدوا داچوونی.

**بەڕێز عەبدوڵلا ئیبراهیم عەبدوڵلا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

من پێشنیارێکم هەیە بۆ مەسەلەی چاودێری کردن، ئەو کۆمەڵە ئەندامە بەڕێزەی کە پێشنیارێک پێشکەش دەکەن بۆ با ڕاستەخۆ لەگەڵ ئەنجوومەنی وەزیران و، وەزارەتی پەیوەندیدار چاودێری کارەکە بکەن، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجوومەن:**

ئەو پێشنیارانەی کە دەکرێن لەلایەن سەرۆکایەتییەوە پەسەند دەکرێن و، ئاراستەی سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیران دەکرێن، ئەو ئەندامانەی دەتوانن لە ئەنجوومەنی وەزیرانەوە بەدواوی دا بچن.

**بەڕێز ئازاد عەبدولقادر قەرەداغی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

بەراستی لیژنەی بەدواداچوون زۆر گرنگە لە هەر دەزگایەک لە پەرلەماندا چ وەزارەت بێت چ حزبی بێت.

بابەتێکی دیکە هەیە ئەوەیش دەزگاکانی ڕاگەیاندنە، بەراستی ئەم دەزگایانە زۆر شت دەنووسن لەسەر پەرلەمان و، ئەنجوومەنی وەزیران، کە هیچ ئەرکیان ئەنجام نەداوە، من پێشنیار دەکەم لیژنەیەکی ڕاگەیاندن لە پەرلەماندا هەبێت، وەڵامی ئەم جۆرە بابەتانە بداتەوە و، ئەو هەنگاوانەی کە دەنرێن بۆ جەماوەر ڕوون بکرێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجوومەن:**

پەرلەمان جیاوازی هەیە لەگەڵ وەزارەتەکان و فەرمانگەکانی دیکە، کە ئەوان لیژنەی چاودێری خۆیان بەدوای کارەکانیان دا دەچن، بەڵام بەداخەوە لیژنەکانی ئێمە بەو ئەرکەی سەرشانیان هەڵناسن بەراستی وابزانم لە پەرلەماندا هەست بەو بۆشاییییە دەکەن، ئێمە لیژنەی ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندنمان هەیە کە ئەرکی سەرشانی ئەوە بەم کارە هەڵسێ.

**بەڕێز د. قاسم محەمەد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەڕێز حەسەن حەمید ناوی فەرمانبەرێکی ئاودێری هێنا وتی خراپە خزمەتی خەڵکی ناکات، ئەمە پەیوەندیی بە وەزارەتی شارەوانییە هەیە، دەبێ ئەمە وەکو نووسراو بنێرن بۆ وەزارەتی شارەوانی، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەن:**

لەم پێشنیارە بووینەوە ئێستا دێینە سەر مەسەلەی مانگرتنی پاسەکانی هەولێر کە بۆ زیادە کردنی کرێیە.

**بەڕێز ئەهلە محەمەد سەعدوڵلا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەوەی ئەمڕۆ روویدا مانگرتنی شوفێرەکانی ریم و کۆستەرەکانی ناو شاری هەولێر ئەمڕۆ هەر خۆم بینیم چارەکە سەعات لەسەر ریم راوەستام هەموو بە تەحەداوە بە بەتاڵی دێن لە پێش ئەو خەڵکە لە هەر گەڕەکێک (١٠٠ ـ ٢٠٠) نەفەر راوەستاوە من خۆم یەکێکم بەزۆری راگرت ویستم قسەی لەگەڵدا بکەم وتم کاکە بۆ نەفەر هەڵناگرن وتی گازمان بۆ پەیدا بکەن زۆر قسەی ناشرینی بەپەرلەمان و ئەنجومەنی وەزیران گووت.

لە راستیدا هۆی ئەم مانگرتنە گرانی نرخی گازو نەوت و بەنزینە، هەروەها بازاڕ کۆنترۆڵی لەسەر نییە، تا ئێستا پارەی وردە نارِوات و، کێشەی پارەی ئەسڵی و تەزویر هەیە، شوفێرەکانیش ئەم هەلە دەقۆزنەوە بۆ ئەوەی نرخی هاتووچۆ گران بکەن لەسەر هاوولاتییان و قازانجێکی زۆر بکەن، ئەمڕۆ نرخی هاتووچۆ بوو بەدینارێک لەگەڵ ئەمەشدا هاوولاتییان مەمنوون بوون بەمە، چونکە نرخی کرێی تەکسی (٢٠) دینارە.

بەراستی ئەمڕۆ خەڵکەکە زۆر بێزار بوون و، درەنگ گەیشتنە دەوامیان، لەبەر ئەوە دەبێ چارسەرێکی ئەم کێشەیە بکرێ.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەن:**

وابزانم لە رووی مبدەئییەوە مانگرتن مافێکی رەوای هەموو کەسێکە کە خەڵک ناڕەزایی خۆی دەربڕێ لە بارەی شتێک، یان بە پەرلەمان جنێو بدرێ، ئەوەش مافێکی دیموکراتییە لەجیاتی ئەوەی بە رێگەیەکی تر دەربببڕن بە جنێو دەریدەبڕن، مرۆڤ دەبێ شی بکاتەوە بزانێ ئەمە هەقی ئەوەیان هەیە مان بگرن یان نا؟، ئەو رای منە.

**بەڕێز ئەحمەد ئەبو بەکر حەسەن بامەڕنی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

وەکو بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن فەرمووی خۆپیشاندان و، مانگرتن مافی رەوای هەموو کەسێکەو، پێویست ناکات هیچ رەزامەندی وەربگیرێ، لە جیهاندا خۆپیشاندان و مانگرتن

مافێکی ڕەوایە، ئینجا ئەوانەش حەقیانە بەرای من ئێمە توند نەبین بەرامبەر بەوە، چونکە لەمەودوا خۆمان لەوانەیە هەموو ڕۆژێ یا هەموو هەفتەی جارێک خۆپیشاندان و مانگرتنێک هەبێ، ئینجا شوفێرەکان کە مانیان گرتووە بەناوی سەندیکای خۆیان ئەم کارەیان کردووە، سوپاس.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

مەسەست لە مانگرتنی پاسەکان گران بوونی گازوایل نییە، بەڵکو تەخریبە، چونکە ئەم پاسانە کە لەلای کۆلیژی ئەندازەوە تاوەکو بازاڕ بە بەتاڵی دێن و دەچن، ئەوە گازەکە هەر سەرف دەکەن، لەبەر ئەوە من دەڵێم: ئەم مانگرتنە بە مەبەستی گێرە شێوێنییە، داوا دەکەم دەبێت لێپرسینەوەیەکی قورسی بکرێن، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەن:**

چۆن گەیشتیتە ئەو ئەنجامەی کە ئەمە تەخریبە؟.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من لەوە بۆم دەرکەوت کە ئەم پاسانە لە مەڵبەندی شاری هەولێرەوە تاوەکو زانکۆ بە بەتاڵی دێن و دەچن، گازەکە هەر سەرف دەکەن، واتا لێرە مەبەست گران بوونی نرخی گازوایل نییە، سوپاس.

**بەڕێز حسێن عارف عەبدولڕەحمان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پشتگیری قسەکانی بەڕێز ئەحمەد دەکەم وە بۆ زانیاریش هەر بۆ ئەوەی توندو تیژ نەبین شوفێرەکانی بنەسلاوە کێشەکەیان بەم شێوەیە خستە ڕوو، داوایان کرد کە فریاکەون رزگارمان بکەن لەو چەکدارانەی کە لە شوێنی هاتنی گازی قاچاغ دەستیان بەسەر ئەو ناوچەیەدا گرتووە لەوێوە کێشەکە دەست پێ دەکات کە چەند چەکدارێک لەوێ ڕێگەمان لێ دەگرن کە گاز بە هەرزانی بکڕین، بۆ ئەمە ویستم ئاگاداری مەسەلەکە بن هەر ئاوا نییە مەسەلەکە پیلان و، تێکدانە دەبێ ئێمە بگەڕێینەوە سەرچاوەکەی کە لەوێوە دەست پێ دەکات لەوێ چارەسەر بکرێ کارێکی وا بکرێ نەهێڵێن کە ئەو قاچاغچیانە دەست بەسەر گازوایلەکەدا بگرن، سوپاس.

**بەڕێز کاکەڕەش محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پێشنیارم پێشکەش کرد کە کۆمەڵێک چەکدار هەن دەستیان بەسەر سەرچاوەی نەوت و گازوایلەکەدا گرتووە لەوێدا بەناوی ئەوەی کە گوایە زروفی ئاسایش ڕێگا نادات کە هەموو خەڵک بچێ پەیوەندیی بکات، کۆمەڵێک چەکداریان داناوە خۆیان دەچن نەوتەکە لەودیو دێنن و دەستی بەسەر دادەگرن، بە کەیفی خۆیان هەمووشیان (٣ـ٤) کەسن لەوانەیە ڕێیان

گرتووەو، ناوچەکەیان کۆنترۆڵ کردووە، باشە ڕێگای موسڵ دانەخراوە بۆ ڕێگا بەرووی خەڵک دابخرێ؟، کە گوایە ناهێڵن خەڵک بچێ ئەمە هۆیە سەرکییەکەیە گازوایل ئێستا بەرمیلی بە (١١٥٠) دینارە، بەڕێوەبەری ئاسایش خۆی گەڕاوە نەیتوانیوە سەیتەرەیان لەسەر بکا لەو ڕۆژانەدا چووە راپۆرت بەرز دەکرێ وەک ئوسوڵی خۆی، سوپاس.

**بەڕێز حەمەد ڕەحیم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من ناوی کابرایەکم لایە ئەوەی گازی گران کردووە ئەوە ئامر کەرتێکە سەر بە (ی.ن.ک)ە ناوی نەوزادە خەڵکی سفیەیە بە (١٠٠) هەزار دینار لەگەڵ هەندێ کەس ڕێککەوتوون گازەکەیان گران کردووە، ئەگەر دەست بەسەر ئەو سنوورانەدا بگیرێ کۆمەڵێ خەڵکی باش بە ئاگاداری دەوڵەت دابنرێن وابزانم هیچ گران نەبێ، سوپاس.

**بەڕێز ئازاد عەبدولقادر قەرەداغی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

مەسەلەی مانگرتن لە کوردستاندا بۆتە ئارەزووی کەسی، هەر کەسێ بۆ خۆی بیردەکاتەوە چی بەرژەوەندی خۆی و، خێزانەکەی هەیە بیکات، هەروەها ئەو بڕیارانەی کە لە پەرلەماندا دەرچوون و دەکرێن بە یاساو، دەدرێن بە وەزارەت، بەڵام هیچیان جێبەجێ ناکرێ، ئەو کۆمەڵە شوفێرەش وابیر دەکەنەوە بەرژەوەندیان چۆنە وادەکەن. من پێشنیار دەکەم سەرۆکی یەکەی ئیداری، یان لایەنێکی تر ئەم شوفێرانە کۆبکاتەوە نرخێکیان بۆ دابنێ، بۆ ئەوەی ئەم کێشەیە لە بنەڕەتدا چارەسەر بکرێ، سوپاس.

**بەڕێز مەلا تەڵحە سەعید قەرەنی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من زۆر شوفێرم دیوەو، پرسیارم لێیان کرد ئەمڕۆ بۆچی مانتان گرتووە؟، وتیان لەبەر دوو هۆی سەرەکی یەکیان پارەی ئاسنمان دەدرێتێ کەس لێمان وەرناگرێ، ئەوەی تر گاز زۆر گران بووە کە ناتوانین بیکڕین، سوپاس.

**بەڕێز حەمەد سەلیم میران:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەرای من سەندیکای شوفێرەکان نرخی هاتووچۆ دیاری بکات، بە مەرجێک نرخەکە چەسپاو بێت و، لە دینارێک زیاتر نەبێت، بەرامبەر بەوەش نرخی گاز دابەزێت، بۆ ئەوەی تەوازنێک هەبێت لە نێوان کرێی هاتوو چۆو، نرخی گازوایل، ئەمە یەک.

دوو، ئێمە ئەڵێین هەر کەسێ ئازادە لەوەی کە خۆپێشان بکات و هەرچی دەکات بیکات، بەڵام ئەمە لەوڵاتێکدا دەبێ کە کرێ بەرانبەر گرانی بدرێت، بۆ نموونە لێرە فەرمانبەرو مامۆستا مووچەکەیان کەمە لەوانەیە هەموو پارەکەیان بدەنە کرێی هاتووچۆ، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەو رایەی کە باس کرا بۆ ئەوە نەبوو هەر کەس بە ئارەزووی خۆی کرێ زیاد بکات، بەڵکو بۆ ئەوە بوو ئایا مانگرتن لەسەر داوای (مطالب) ئەوە مافی رەوای خۆیانە یاخود ئیعتیبار دەکرێ بە گێرەشێوێنی؟.

جا ئێستا پاش ئەو هەموو گفتوگۆیە وا باشە، ئەگەر دوو ئەندامی پەرلەمان لەگەڵ سەندیکای شوفێرەکان و، وەزارەتی گواستنەوە لەگەڵ شوفێرەکان دانیشن و بەیەکەوە ئەو کێشەیە باس بکەن و، بزانن هۆی ئەم کێشەیە چییەو چارەسەری بکەن، چونکە بەراستی ئێمە ناتوانین دەست بەسەر نرخی گازوایل دابگرین، لەبەر ئەوەی نرخی سووتەمەنی هەموو رۆژێک لەبەرز بوونەوە دایەو، هەروەها ئێمە ناتوانین بڵێین بە شوفێرەکان نرخی هاتووچۆ هەرزان بکەن لەبەر ئەوەی مووچەی مامۆستا (١٠٠) دینارە.

**بەڕێز حەسەن عەبدولکەریم بەرزنجی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پێشنیار دەکەم لیژنەی خزمەتگوزارییش بەشداری دانیشتنەکە بکات لەگەڵ سەندیکای شوفێران. لەبارەی مافی مانگرتنەوە، بێگومان هەموو کەسێ مافی مانگرتنی هەیەو، مافی ئەوەی هەیە حەقی خۆی داوا بکات و، چونکە ئێمە فیدرالی کوردستان لە ئەنجامی پێشێل کردنی مافی مرۆڤ هاتووە ئێمەش مافی مرۆڤ پێشێل ناکەین، بەڵام هەر شتێک گومانی خۆی هەیە، بۆ نموونە بۆ سەرۆکی پەرلەمان هەیە ئەگەر ئەندامێک بەگوێی نەکرد دانەنیشت بۆی هەیە یەکسەر کۆبوونەوەکە رابگرێ، ئینجا با لێکۆڵینەوە بکرێ ئایا ئەو برادەرە شوفێرانە مانگرتنەکەیان بەرەسمی کردووە؟، یاخود هەر وا بۆ تێکدان کردوویانە، سوپاس.

**بەڕێز عەبدولخالق محەمەد رەشید زەنگەنە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەم بابەتە پەیوەندیی بە بابەتی رێکخستنی کۆمەڵەوە هەیە ئێمە هەتاکو ئێستا نەمانتوانیوە یاسایەک بۆ کار دابنێین هەتا بتوانین موحاسەبەی کەس بکەین، هەروەها تاکو ئێستا هەڵبژاردن نەکراوە بۆ پێکهێنانی سەندیکاکانی کوردستان. هەروەها بەرز بوونەوەی نرخ لە کوردستاندا هۆیەکی ترە بۆ ئەم جۆرە کارانە، لەبەر ئەوە بەرای من یاسای کار گرنگە پەسەند بکرێ وەکو یاسای حزب و کۆمەڵەکان.

سەبارەت بە پێشنیارەکەی بەڕێزتان بەرای من لیژنەی خزمەتگوزاریش بەشدار بێت لە کۆبوونەوە لەگەڵ شوفێرەکان، بۆ ئەوەی بزانێ ئەم مەسەلەیە راستە یان نا؟، چونکە لەوانەیە هەندێکیان راست بکەن، هەندێکیشیان دەستی تابووری پێنجی تێدا بێت بە مەبەستی تێکدان، داوا دەکەم ئەم مەسەلەیە بە زووترین کات چارەسەر بکرێت، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەن:**

پێشنیارێک هەیە کە ئەو لیژنە پەرلەمانییە، لیژنەی خزمەتگوزاریشی تێدا بێ و، لەگەڵ سەندیکای شوفێرەکان قسە بکەن، پاشان لەگەڵ وەزارەتی گواستنەوە وگەیاندن، یاخود لایەنێکی تر تێکرا بەیەکەوە باسی بکەین ئەم کێشەیە بکەن.

**بەڕێز د. عیزەدین مستەفا رەسول:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لە پاڵ ئەو شتانەی کە وترا داوا دەکەم یاسای کارو، یاسای مانگرتن و خۆپیشاندان و، یاسای کۆمەڵ پەلەیان لێ بکرێ، لەگەڵ ئەوەشدا لیژنەی خزمەتگوزاری پەرلەمان لەگەڵ وەزارەت ئەبێ پرۆژەیەکی خێرا دابنێن بۆ ئەوەی دەست بەسەر ئیحتکاری ئەو کۆمەڵە سەرمایەدارە بگرن، بەراستی نرخی سووتەمەنی رۆژ بە رۆژ لە زیاد بووندایە و، ئەو چینە سەرمایەدارە لەسەر حیسابی میللەت خۆیان دەوڵەمەند دەکەن، سوپاس.

**بەڕێز عەدنان محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بێگومان من لەگەڵ ئەو رایەم کە مافی مانگرتن لە هیچ کەسێک قەدەغە نەکرێت، بەڵام بۆ ئەوەی بزانن هەر شتێ سنووری خۆی هەیە لە جێگاکانی تر کاتێک خۆپیشاندان دەکرێ، خۆپیشاندەران پێش وەخت رەزامەندنی فەرمانگەو، پۆلیس وەردەگرن و مانگرتنەکە بەرەسمی دەکەن.

سەبارەت بە پێکهێنانی لیژنەکە بەرای من دوو کەس یا سێ کەس لە ئەندامانی پەرلەمان بن وابزانم پەرلەمان جێگەی رێزە کە دوا شت بێتە لای پەرلەمان، وەزارەتی پەیوەندیدار لەگەڵ پارێزگار دیراسەی بکەن و، راپۆرتێک بۆ ئێمە ئامادە بکەن سەرچاوەی قاچاغچێتی کە هەندێ برادەر باسیان کرد دەبێ ئەمە چارە بکرێ و، پەرلەمان چارەسەری بۆ بدۆزێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەفەر محەمەد حسێن:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من لەگەڵ ئەو مەبدەئەم کە خەڵک مافی مانگرتیان هەبێت، بەڵام دەبێ ئێمە واقعی بین لە بارودۆخی ئێستای خۆمان دەبێ ئەو مافە سنووری خۆی هەبێت و، کار نەکاتە سەر بەرژەوندیی نەتەوەییمان، چونکە ئێمە ئێستا لە بارێکی سیاسی زۆر ترسناک دەژین، ئێستا ئێمە وەزارەتی گواستنەوەو گەیاندمان هەیە کە دەتوانێت ئەم کارانە جێبەجێ بکات، سوپاس.

**بەڕێز ئەحـــمـــەد ئەبو بەكـــر بامـــەڕنی:**
**بەڕێز ســـــەرۆكی ئـەنجـــــومـــــەن.**

دوای هەموو مـانگرتنێک دەبێت دەسـەلاتی پەیوەندیدار گـفـتـوگـۆ لەگـەڵ ئەو کـەسـانەی کـە مـانیـانگرتووە بکات، لەبەر ئەوە من پێشنیـارم دەکـەم ئەوانیش بەیانی گـفـتـوگـۆ بکەن، چونکە دەبێ چارسەری بۆ بدۆزینەوە، داوا دەکەم ئەندامانی پەرلەمان لە لیژنەی خزمەتگوزاریدا بەشدار بن لەم گفتوگۆیە بۆ ئەوەی بزانن ئایا ئەم شوفێرانە چییان دەوێ؟، سوپاس.

**بەڕێز حـــازم مــەحــمــود ئەحـــمـــەد یوسـفی:**
**بەڕێز ســـــەرۆكی ئـەنجـــــومـــــەن.**

بەرای من مانگرتن مافێکی ڕەوایە لە هەموو دەستورەکانی جیهاندا هاتووە، ئەمە یەک.
دوو ئێمە دەبێ لە ئەوانە نەترسێن کە مان دەگرن، بەڵکو ئەمە کاری دەسەلاتی جێبەجێ کردنە کە چارەسـەری گـیـروگـرفـتی ئەم کـەسانە بکات، چونکە ئەمـانە کـوڕی ئەم مـیـللەتەن، هەرەوەها من پشتگری لەو پێشنیـارە دەکەم کە لیژنەی خزمەتگوزاری بچێ لەم مەسەلەیە بکۆڵێتەوەو، بزانێت هۆیەکەی چییە؟، سوپاس.

**بەڕێز حـــەســـەن حـــەمـــیـــد رەحـــیـم:**
**بەڕێز ســـــەرۆكی ئـەنجـــــومـــــەن.**

بەراستی من لەگەڵ ئەوەدام کە ئەم مانگرتنە کراوە، چونکە خەڵک لە خۆڕایی ئەمـە ناکات و، ئێمە دەسەلاتی جێبەجێ کردنمان زۆر لاوازەو، دەسەلاتی نییە، تەنیا خەریکی ئەوەن خانوو بۆ فلان وەزیر چاک بکەنەوەو، ئوتومبێل بۆ فلان وەزیر بکڕن و، تاکو ئێستا زەبتی ناوچەی زاخۆ ئەو شـوێنانـەیان نەکـردووە، هەر کـەس بە ئارەزووی خـۆی نرخ بـۆ شـتـوتـەمـەک و سـووتـەمـەنی دادەنێت، سوپاس.

**بەڕێز عـەبدولخـالق مـحـەمـەد ڕەشـیـد زەنگـەنە:**
**بەڕێز ســـــەرۆكی ئـەنجـــــومـــــەن.**

بەراستی مانگرتن و خۆپیشـاندان لە گشت دنیادا لە گشت دەوڵەتێکی دیموکراتیدا هەیە، بەڵام مەسەلەی مانگرتن هەمیشە بەپێی یاسا دەکرێت، کە لایەنێک گیـروگرفـتێکی دەبێ لە ڕێگای سەندیکا لەگەڵ دەسەلات گفتوگۆ دەکات، دوای گفتوگۆیەکی زۆر دووردرێژ، ئەگەر داواکەیان ڕەت کرایەوە، ئینجا دوای ئەوە هەڕەشەی مانگرتن دەکەن، لەگەڵ ئەمەشدا جار بەجار پەرلەمان داوا دەکات مانگرتنەکە دوابخرێ، لەبەر ئەوە مـەسـەلەی مانگرتن شـتـێکی ڕەهایی نییـە ئەوە پەیوەندیی نییـە بە ئازادی خەبات، هەرچەندە من لەگەڵ دیموکراتیـەتی فراوانم، بەڵام مـەسـەلەی مانگرتن و، خۆپیشاندان پەیوەندیی هەیە بە (یاسای کار)، سوپاس.

**بەڕێز د. عـــیـــزەدین مـــوســـتـــەفـــا ڕەســـول:**

**بەڕێـز ســـــــەرۆکی ئـەنجـــــــومــــــــەن.**

تێکۆشـانی کرێکاران، تێکۆشـانی خـەڵک چەند پلەیەکی هەیە سەرەتا داوا کردنە و، کۆمـەڵی شتە، ئینجا دەگاتە مانگرتن ئێمە هەر قوتابی ئەم قوتابخانەین، لەبەر ئەوە دەبێ لە کرێکارەکانمان بگەیەنین کە یەکسەر دەست نەکەن بە مانگرتن ئەوەش بە وشیار کردنەوە دەبێ، سوپاس.

**بەڕێـز جـــێـگـری ســــەرۆکی ئـەنجـــــومــــــەن:**

ئێـسـتـا زۆر را لەسـەر ئەو بابەتە هەیە، بەڵام ئەوەی ئاشکرایە ئێـمـە نابێ لەمـانگرتن و ڕەخنە بترسێین، هەندێک لە ئەندامان باسیـان کـرد کە دەبێت مـانگرتن بەپێی یاسا بکرێت و، دەبێت حکومـەت و، سـەندیکا بڕیاری ئەمـە بدەن، لەسـەر حکومـەت ئەمـەیە کـە هەوڵ بدات بۆ ئەوەی هۆیەکـانی بزانێ لەبەرچی کـراوەو؟، چارسـەری بکـات. بێگومـان ئەو لایەنانەی کـە مـانگرتن دەکەن پاش ئەوە دەیکەن کە لەگەڵ حکومەتدا لە ڕێگەی گفـتوگـۆوە، ناگەنە ئەنجـام،لەبەر ئەوە ناچارن ئەم ڕێگەیە بگرنە بەر. بەرای مـن ئەگـــەر ئەندامـــانی پەرلەمـــان یارمـــەتی بدەن بۆ چارسـەرکـردنی ئەو کـێـشـەیە ئەوە کـەمـبـوونەوە نییـە بۆ پەرلەمـان و، پێـمـوایە ئەو ئەندامـانەی ئەمەیان وت مەبەستمان ئەوە نەبوو ئەمە کەبوونەوەیە لە گرنگی پەرلەمان و مەبەستیان ئەوە نەبوو کە ئەندامانی پەرلەمان چاودێری نەکەن بە تایبەتی لیژنەی خزمەتگوزاری پەرلەمان.

**بـەڕێـز فـــــــرەنـســــــۆ تـۆمـــــــا هـەریـری:**

**بـەڕێـز ســـــــەرۆکی ئـەنجـــــــومــــــــەن.**

هەر مـانگرتنێک دەبێ ئامـانجی هەبێ، داخوازی هەبێ، نازانم ئەوانەی کـە مـانیـانگرتووە هیچ داخوازیەکـیـان پێـشـکەش کردووە، دەبێ بە نـووسین پێشکەشی بکەن، ئێـسـتـا ئەم مـانگرتنە لە هەولێـرکـراوە ئـیـشی پارێزگاری هەولێـرو، دەسەڵاتـی جـێـبـەجێ کـردنە بزانێ ئەم مـانگرتنە بۆچی کراوە، سوپاس.

**بەڕێـز جـــێـگـری ســــەرۆکی ئـەنجـــــومــــــەن:**

بە تەواوەتی ئەمە ئیشی دەسەڵاتی ڕاپەڕاندنە هەمووماـن لەسەری کۆکین، بەڵام پێشنیارەکە وایە کە ئەندامانی پەرلەمان بەتایبەتی ئەو لیژنەی پەیوەندیدارە، پەیوەندیی بە سـەندیکاو دەسـەڵاتی ڕاپەڕاندن بکەن، لەوانەیە پەرلەمـان دەورێکی هەبێ لەم چارەسـەر کردنی ئەم کـێشـەیە، وابزانم تەنها لە هەولێر مانگرتن نەبووە، هەرچەند لە سلێمانی مانگرتـن ڕووی نەداوە، بەڵام شـوفێـرەکـان نرخی هاتووچۆیان بەرز کردۆتەوە.

ئێـسـتـا پـێـشـنـیـارەکە بەم شـێوەیە: (لـیژنەی خزمەتگوزاری پەرلەمـان و، دوو ئەندام پەیوەندیی بکەن بە بەڕێز پارێزگاری هەولێرو، سەندیکای شوفێران، بۆ چارەسەرکردنی ئەم کێشەیە).

کێ لەگەڵ ئەوەدایە ئەم پێشنیارە وەربگیرێ؟ تکایە دەست بەرز بکاتەوە.. دەست بەرز کرایەوە.. سوپاستان دەکەین..کێ دژە؟... بە زۆربەی دەنگ پێشنیارەکە پەسەند کرا.

**بەڕێز فـــــرەنـســـــۆ تـۆمـــــا هـەریـری:**

**بەڕێز ســــــەرۆکی ئـەنجـــــــومـــــــەن.**

بۆ هەموو شتێک ئێمە ئەندامانی پەرلەمان بنێرین سبەی دوو سبەی رێژەی ئامادەبووان تەواو نابێ و، بۆ قەڵادزە پەرلەمان بچێ، بۆ ئیشی حزبەکان پەرلەمان بچێ، من رام وایە پاش ئەوەی کێشەی ناوچەی پشدەر تەواو دەبێت، ئەو کاتە دوو ئەندام بچنە لای پارێزگار، سوپاس.

**بەڕێز جـــێگری ســـەرۆکی ئەنجـــومــــەن:**

ئێمە گوتمان دوو ئەندام پەیوەندی بەپارێزگارو سەندیکاوە بکەن بزانن ئەم کێشەیە چییە؟، ئەو ئەندامەی بەو کارە نێردرابێت بە ئامادەنەبوو دانانرێت، کەواتە دێن دەتوانن ئامادە بن و، نیسابەکە تەواو بێ ئینجا برۆن.

لێرەدا دانیشتنی ئەمڕۆمان کۆتایی پێ دێت، زۆر سوپاس.

| | | |
|---|---|---|
| **فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵڵا** | **نەژاد ئەحمەد عەزیز ئاغا** | **جوهر نامق سالم** |
| **سکرتێری ئەنجوومەن** | **جێگری سەرۆکی ئەنجوومەن** | **سەرۆکی ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق** |

# یاسای وەزارەتی شارەوانی و گەشت و گوزاری هەرێمی کوردستانی عێراق

**مادەی یەکەم:**

مەبەست لەم وشانەی خوارەوە بۆ خواستەکانی ئەم یاسایە ماناکانی تەنیشتیانە:

١- هەرێم: هەرێمی کوردستانی عێراق.

٢- وەزارەت: وەزارەتی شارەوانی وگەشت وگوزاری هەرێم.

٣- وەزیر: وەزیری شارەوانی وگەشت وگوزاری هەرێم.

٤- بریکار: بریکاری وەزارەتی شارەوانی وگەشت وگوزاری هەرێم.

٥- ئەنجوومەن: ئەنجوومەنی راوێژکاری وەزارەتی شارەوانی وگەشت وگوزاری هەرێم.

**مادەی دووەم:**

وەزارەت کۆشش دەکا بۆ پێشکەش کردنی خزمەتگوزاریی ناوخۆیی وشارەوانی وخزمەتگوزاری ئاووئاورۆو فراوانکردنی بزووتنەوەی گەشتوگوزار وپەرەپێدانی لەکوردستاندا لەچوارچێوەی ئەو نەخشانەدا کەبۆ ئەم مەبەستە دادەنرێت.

**مادەی سێیەم:**

١- وەزیر سەرۆکی بالای وەزارەتە وبەرپرسیارە لەرێنوێنی کردنی لەکارەکانیدا ولەسەرپەرشتی وچاودێریکردنی چالاکی یەکانیدا ولەویشەوە ئەو رێنمایی وبریارو فەرمانانە دەردەچن کەپەیوەندی یان بەئەرکەکانی وەزارەت ودام ودەزگاکانی وگشت کاروبارە ئیداری ودارایی رێک وپێکی هونەری یەوە لەچوارچێوەی حوکمی یاساو پێرەودا هەیە لەبەرامبەر ئەنجوومەنی وەزیراندا بەسیفەتی ئەندامێکی هاوبەشێتی بەرپرسیارە وبۆی هەیە هەندێ لە دەسەلاتەکانی خۆی بەبریکارو بەرێوەبەری گشتی یەو هەرکەسێ خۆی پەسندی دەکا بسپێرێ.

٢- بریکار بەرپرسیارە لە جێبەجێ کردنی سیاسەتی وەزارەت ونەخشە بۆکێشانی هێندەی پەیوەندیی بەو تایبەتکاری یانەوە هەبێ کە وەزیر پێیانی دەسپێرێ.

**مادەی چوارەم:**

وەزارەت لەم دام ودەزگایانە پێکدێ:

١- مەلبەندی وەزارەت کەپێکدێ لە:

أ- نووسینگەی وەزیر: مووچەخۆرێک بەپلەی بەرێوەبەر سەرۆکایەتیی دەکا کە دەبێ لەکارمەندان وپسپۆران بێ.

ب- نووسینگەی بریکار: مووچە خۆرێک لەکارمەندان وپسپۆران سەرۆکایەتیی دەکا.

جـ- فەرمانگەی یاسایی کەپەیوەندیی راستەوخۆ لەگەڵ وەزیردا دەبێ.

٢- بەڕێوەبەرێتی یە گشتی یەکان: هەریەکێ لەبەڕێوەبەرێتییە گشتییەکان مووچە خۆرێک بەپلەی بەڕێوەبەری گشتی سەرۆکایەتیی دەکات کەدەبێ باوەڕنامەیەکی سەرەتایی زانکۆی هەبێ ولەبواری پسپۆڕیدا لەکارمەندان ولێهاتووی بێ چەند بەڕێوەبەرێتی وبەشێکیشیان پێوە دەبەسترێتەوە کە هەریەکێ لە بەڕێوەبەرێتی مووچەخۆرێک بەپلەی بەڕێوەبەر سەرۆکایەتیی دەکا کەدەبێ باوەڕنامەیەکی سەرەتاییی زانکۆی هەبێ ولەبواری پسپۆڕیدا لەکارمەندان ولێهاتووان بێ وهەربەشێکیش مووچەخۆرێک لەکارمەندان وپسپۆڕان سەرۆکایەتیی دەکا.

أ- بەڕێوەبەرێتیی گشتیی کاروباری بەڕێوەبردن ودارایی کە ئەم بەڕێوەبەرێتی یانەی پێوە دەبەسترێنەوە.

یەکەم: بەڕێوەبەرێتیی کاروبارو بەڕێوەبردن وکەسان.

دووەم: بەڕێوەبەرێتیی کاروباری دارایی وپێداچوونەوە.

ب- بەڕێوەبەرێتیی گشتیی نەخشەدانان وبەدواداچوون کە ئەم بەڕێوەبەرێتیی وبەشانەی پێوە دەبەسترێنەوە.

یەکەم: بەڕێوەبەرێتیی نەخشەدانان ولێکۆڵینەوە.

دووەم: بەڕێوەبەرێتیی بەدوا داچوون وپشکنین.

سێیەم: بەڕێوەبەرێتیی سەرژمێری وکۆمپیوتەر.

چوارەم: بەڕێوەبەرێتیی هێزی کارگەو پەرەپێدان.

پێنجەم: بەشی خزمەتگوزاریی ئەندازیاری.

ج- بەڕێوەبەرێتیی گشتی شارەوانییەکان کە ئەم بەڕێوەبەرێتیی وبەشانەی پێوە دەبەسترێنەوە.

یەکەم: بەڕێوەبەرێتیی موڵک وزەویوزار.

دووەم: بەڕێوەبەرێتیی کاروباری هونەری کە ئەم بەشانەی پێوە دەبەسترێنەوە.

أ - بەشی لێکۆڵینەوە وتوێژینەوە.

ب- بەشی سکێچ کێشانی.

ج- بەشی ئەندازیاریی هاتووچۆ.چوارەم

د - بەشی کارگەو ماشینەکان.

سێیەم: بەڕێوەبەرێتیی نەخشەدانان و بەدوا داچوون.

چوارەم: بەشی کاروباری بەڕێوەبردن ودارایی.

پێنجەم: سەرۆکایەتیی شارەوانییەکانی مەڵبەندەکانی پارێزگاکانی هەرێم و بەڕێوەبەرێتییەکانی شارەوانییان.

د- بەڕێوەبەرێتیی گشتیی نەخشەدانانی ئاوەدانی کە ئەم بەڕێوەبەرێتانەی پێوە دەبەسترێنەوە.

یەکــەم: بەڕێوەبەرێتیی لێکۆڵینەوە وتوێژینەوە وسکێچ کێشان بەراشکاوی.
دووەم : بەڕێوەبەرێتیی سکێچ کێشانی بنچینەیی و جوداکردنەوە.
سێیەم: بەڕێوەبەرێتیی پەرەپێدانی لادێ.
چــوارەم: بەڕێوەبەرێتییەکانی نەخشەدانانی ئاوەدانی لە پارێزگاکانی هەرێمدا.
هـ- بەڕێوەبەرێتیی گشتیی ئاوو ئاوەڕۆ کە ئەم بەڕێوەبەرێتییانەی پێوە دەبەسترێنەوە:
یەکــەم: بەڕێوەبەرێتیی ئیش پێکردن وچاککردنەوە.
دووەم : بەڕێوەبەرێتیی گەنجینەکان.
سێیەم: بەڕێوەبەرێتیی کاروباری بەڕێوەبردن ودارایی.
چــوارەم: بەڕێوەبەرێتی یەکانی ئاووئاوەڕۆ لەپارێزگاکانی هەرێمدا.
و- دەستەی گشتیی گەشتوگوزار کە ئەرک ودامودەزگاکانی بە پێڕەوێکی تایبەتی ڕێکدەخرێ.
ز-یەکـەم: ئەنجـوومـەنێکی راوێژکـاری بەناوی ئەنجـوومـەنی راوێژکـاریی وەزارەتی شـارەوانی وگەشتوگوزارەوە پێکدێ کە وەزیر سەرۆکایەتیی دەکا وئەمانەش ئەندامی دەبن:
١- بریکاری وەزارەت.
٢- بەڕێوەبەری گشتیی نەخشەدانان وبەدواداچوون جێگری سەرۆک مقرری ئەنجوومەن.
٣- بەڕێوەبەری گشتیی ئاووئاوەڕۆ.
٤- سەرۆکی دەستەی گشتیی گەشتوگوزار.
٥- بەڕێوەبەری گشتیی شارەوانییەکان.
٦- بەڕێوەبەری گشتیی نەخشەدانانی ئاوەدانی.
٧- بەڕێوەبەری گشتیی بەڕێوەبردن ودارایی.
٨ راوێژکاری یاسایی.
٩- سەرۆکەکانی شارەوانیی مەڵبەندەکانی پارێزگاکانی هەرێم.
دووەم: ئەرکەکانی ئەنجوومەن:
١- دارشتنی ئامانجە گشتییەکانی نەخشەی وەزارەت.
٢- لێکۆڵینەوەی ئەو نەخشە سەرەتاییانەی لەلایەن بەڕێوەبەرێتیی گشتیی نەخشەدانانەوە ئامـادەکـراوون وبەدواداچوون لەبەر ڕۆشنایی ئەو نەخـشـانەی لەلایـەن دامـودەزگـاکـانی وەزارەتەوە پێشکەش کراون وبڕیار لەسەردانیان.
٣- بەدوا داچوونی نەخشەی وەزارەت وچاودێری کردنی جێبەجێ کردنی.
٤- پێشنیاز کردنی سیاسەتی دارایی وئابووریی وەزارەت.
٥- لێکۆڵینەوەی ئەو پرۆژەی یاساو پێڕەوو ڕێنمایی یانەی پەیوەندییان بەکاروئامانجەکانی وەزارەتەوە هەیە وهەر تێبینی و ئامۆژگاری یەکیش کەپەسندیان دەکا.
٦- لێکۆڵینەوەی ئەو راپۆرتە دەوری یە گـشـتـی یەی وەزارەت کـە لەلایەن بەڕێوەبەرێتی

گشتیی نەخشەدانان وبەدواداچووندا ئامادە دەکرێ ولێکۆڵینەوەی ئەوکۆسپانەی دێنە رێگای وپێشنیازکردنی چارەسەری عەمەلی بۆیان.

سێ یەم: ئەنجوومەن لەسەرداوای وەزیر کۆدەبێتەوە (نصاب)ی کۆبونەوەش بە ئامادەبوونی سەرۆکی ئەنجوومەن ودوو لە سێ بەشی ژمارەی ئەندامانی:

**مادەی پێنجەم:**

أ- ئەرک و تایبەتکارییەکانی دامودەزگاکانی وەزارەت بە پێرەوێک دیاری دەکرێن

ب- وەزیر بۆی هەیە بەرێوەبەرێتی و بەش و لقی نوێ بەپێی پێویست پێکبێنێ، یا بیانخاتە پاڵ یەکتر.

ج- وەزیر بۆی هەیە بەپێی پێویست لیژنەی هەمیشەیی، یا کاتی پێکبێنێ.

**مادەی شەشەم:**

وەزیر بۆی هەیە رێنمایی پێویست بۆ ئاسانکردنی جێبەجێ کردنی ئەم یاسایە دەربکا.

**مادەی حەوتەم:**

کار بە هیچ دەقێک ناکرێ کە لەگەڵ حوکمەکانی ئەم یاسایە دا ناکۆک بێ.

**مادەی هەشتەم:**

دەبێ وەزیرە پەیوەندیدارەکان حوکمەکانی ئەم یاسایە جیبەجێ بکەن.

**مادەی نۆیەم:**

ئەم یاسایە لە رۆژی بلاوکردنەوەیەوە لە رۆژنامەی رەسمیدا کاری پێدەکرێ.

**نەژاد ئەحمەد عەزیز ئاغا**

**و. سەرۆکی ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانی عیراق**

# پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژماره(٦٤)

## یەک شەممە رێکەوتی ١٩٩٢/١٢/١٣

# پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژماره(٦٤)

## یەک شەممە ڕێکەوتی ١٩٩٢/١٢/١٣

*کاتژمێر(١٠) سەر لە بەیانی ڕۆژی یەک شەممە ڕێکەوتی ١٩٩٢/١٢/١٣ ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستان بە سەرۆکایەتی جێگری سەرۆک بەڕێز نەژاد ئەحمەد عەزیز ئاغا و، بەئامادە بوونی بەڕێز فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵڵا سکرتێری ئەنجوومەن، دانیشتنی ژمارە(٦٤)ی خولی یەکەمی ئاسایی ساڵی یەکەمی خۆی بەست. سەرەتا ڕادەی یاسایی دانیشتنەکە لەلایەن دەستەی سەرۆکایەتییەوە چەسپێنرا و، ئەوجا بەڕێز جێگری سەرۆک بەناوی خوای بەخشەندەو میهرەبان، دانیشتنەکەی بەناوی گەلی کوردستانەوە دەست پێکرد.*

*بەرنامەی کار:*

*١ـ بەرچاو خستنی پێشنیاری پرۆژەی گۆڕینی ناوی وەزارەتی ئەوقاف وکاروباری ئیسلامی.*

*٢ـ بەرچاو خستنی پێشنیاری پرۆژەی ڕاگرتنی(تجمید) بڕیاری ئەنجوومەنی سەرکردایەتیی شۆڕش دەربارەی تەمەنی قوتابیان.*

*٣ـ پێش چاوخستنی ڕاپۆرتی لیژنەی تەندروستی وکاروباری کۆمەڵایەتی.*

*٤ـ تازە بابەت.*

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجوومەن:**

بەرنامەی کاری ئەمڕۆمان لە پێش دەستی بەڕێزتانە، ئەگەر چ پێشنیار و تێبینیەکتان هەیە، یاخود چ زیادەیەک هەیە، بفەرموون پێشکەشی بکەن.

**بەڕێز حەسەن عەبدولکەریم بەرزنجی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

سەبارەت بە مەسەلەی مانگرتنی پاسەکان تێبینیەکم هەیە، چونکە ئەمە بابەتە چەند دوابخرێ قوتابیان وفەرمانبەران وخەڵکەکە ناتوانن بچنە سەرکاری خۆیان، با چارەیەکی بۆ بکرێت، ئەگەر چارەش کراوە ئەوە با ئەندامان بیزانن، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجوومەن:**

بە ڕاستی هیچ بۆ ئەو کێشەیە نەکراوە، دەتوانین لە کاتی پشوودان چارەیەکی بۆ بکەین.

**بەڕێز فەرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

بەر لەوەی منیش پێشنیارەکەی خۆم پێشکەش بکەم، دەمەوێ بزانم دانیشتنەکەمان داخراوە، یانە؟ دەزگاکانی ڕاگەیاندن کەسیان لێرە نییە؟، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجوومەن:**

نەخێر، دانیشتنەکەمان داخراو نییە.

**بەڕێز فرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

من بۆ خاڵی تازە بابەت پێشنیارێکم هەیە، ئەویش یەک خستنی جلوبەرگ(توحید الزی الموحد)ە لە زانکۆ و پەیمانگا وقوتابخانەکان، چونکە ئەوانەی کە باری ئابووریان باشە هەر ڕۆژە و جۆرە جلێک لەبەر دەکەن، سوپاس.

**بەڕێز حەسەن عەبدولکەریم بەرزنجی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئێمەش لایەنگیری کاک فرەنسۆ دەکەین بۆ پێشنیارەکەی، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجوومەن:**

ئەم پێشنیارە دەخەینە دەنگدانەوە،کێ لەگەڵ ئەوەدایە کە ئەم پێشنیارە بکرێتە خاڵێک لە تازە بابەتدا؟.. دەست بەرز کرایەوە..کێ لە دژە؟ بەزۆربەی دەنگ پەسەند کرا.

پێش ئەوەی بچینە سەر بەرنامەی کار هەندێ تێبینی بچووک هەیە، یەکەمیان ئەوەیە هەندێ لە ئەندامە بەڕێزکان جۆرە نارەزاییەکیان دەربڕی بوو بەرامبەر بەوەی کە دانیشتنەکانی ئەنجوومەن کراوەیە و دەزگاکانی راگەیاندن بڵاوی دەکاتەوە، هەندێ لەو بڵاوکردنەوانەش سلبیاتی تیادایە کە توانجە لە هەندێ لە ئەندامە بەڕێزەکان، یان سەرۆکایەتی ئەمە دەبێتەوە هۆی خوڵقاندنی هەندێ سلبیات لە ناو جەماوەردا، رەنگە بگوترێ هەندێ لە ئەندامان رەخنەیان گرتووە لە ئەنجوومەنی وەزیران دەربارەی شت کرین، رەنگە بەڕێز سکرتێری ئەنجوومەن لەوەدا لەگەڵمان نەبێت من پێموایە کە ئاشکرایی بەشێکە لە بنەمای دیموکراتیەت، خۆ ئەگەر بێت وشت لە جەماوەر بشارینەوە و لێرە باسی بکەین، من پێموایە هەر چەندە ئێمە راست گۆبین و شت بخەینە بەردەمی جەماوەر ئەوەندە جەماوەر پاڵپشتمان دەبێت و، ئەگەر کەموکوورییشمان هەبێت هاوکاریمان دەکات بۆ ئەوەی ئەم کەموکوورییە راست بکاتەوە و، مەرج نییە ئێمە لە هەموو شت بزانین وئەوانیش خاوەن بەرژەوەندین لە پتەوکردن و بەهێز کردنی ئەم هەرێمە و، پتەوکردنی وەزارەت و، پتەوکردنی پەرلەمان، ئەوە رای منە لە سەر ئەوەی کە دەزگا راگەیاندنەکان بن لە ئەوەی کە دەیەوێ لەم دانیشتنانە بڵاوی بکاتەوە. تەنها ئەو بابەتانە نەبێت کە پەیوەندیی بە ئاسایش و سەربازیەوە هەیە، چونکە ئەو مەسەلانە راست نییە ئاشکرا بکرێت و، دەبێت لە دانیشتنی داخراودا باس بکرێت.

**بەڕێز حەسەن عەبدولکەریم بەرزنجی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

لە واقعی ئێستای کوردستاندا پێویستە، هەموو کەسێک شارەزایی هەبێت لەوەی کە

پەرلەمانی کوردستان چ دەکات، کەموکوورییەک ئەگەر هی پەرلەمان بێت، یان هی ئەنجوومەنی وەزیران بێت، ئێمە بمانەوێ ونەمانەوێ خەڵک بە کەموکووریی هەر دەزانێت، جا ئەم کەموکوورییە لە لای ئێمەوە هەوڵی چارەسەرکردنی دەدەین و ئێمە خۆشمان ئامادە دەکەین، چونکە جەماوەر مومارسەی دەکات، تەنها ئەو دانیشتنانە دەبێتە نهێنی کە پەرلەمان رەزامەندی لە سەر دەکات، دەستەی سەرۆکایەتی نا یکاتە نهێنی، بەپێی پێڕەوی ناوخۆ دەستەی سەرۆکایەتی پێشنیار دەکات کە دانیشتنەکە نهێنی بێت، ئەگەر پەرلەمان پەسەندی کرد ئەوکاتە دەبێتە نهێنی، ئەگەر تەلەفزیۆنەکان ودەزگاکانی راگەیاندن زیرەک بن دەتوانن چوون بە میللەتی رابگەیەنین، بەبێ ئەوەی زەرەر بەمەسەلەکە بگەیەنن، سوپاس.

**بەڕێز د. قاسم محەمەد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

سیستەمی جیهان گۆڕاوە، ئێستا لە جیهان مەوجەکی دیموکراتی هەیە، ئێمەش ئەمە یەکەم ئەزموونمانە، لە بەر ئەوە لەوانەیە ئەم شتە لای ئێمە نا ئاسایی بێت وبترسین کە نهێنییەکانی ناو پەرلەمان رووبەرووی جەماوەر بکرێتەوە، بەڵام بۆ ماوەیەکی تر دەبێتە شتێکی زۆر ئاسایی، جەماوەریش مافێکی سروشتی خۆیەتی کە بزانێت لە پەرلەمان چی دەکرێت وچی ناکرێت، سوپاس.

**بەڕێز ئەحمەد ئەبوبەکر حەسەن بامەڕنی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

میللەت هیوای بە ئەو دوو دەزگا هەیە کە بتوانی چارەسەری کێشەکانی بکات، بەتایبەتی کێشەی رۆژانە، یەکەمیان پەرلەمانە کە نوێنەری خۆیەتی وخۆی هەڵی بژاردووە، دووەمیش حکومەتە، بەڵام حکومەت دەسنیشان کراوە لەلایەن پەرلەمانەوە، جا ئەو ئەوەندە حەقی بە حکومەتەوە نییە، زیاتر حەقی بە پەرلەمانە هەیە، کە ئایا کێشەکانی چارەسەر دەکات یان نا؟. با جەماوەر بزانێت کە پەرلەمان خەریکی چارەسەر کردنی کێشەی ئەوانە، رۆژانە هەوڵ دەدات کە چارەسەرییان بۆ بدۆزێتەوە، بۆیە مافێکی سروشتی ئەو خەڵکە کە ئێمە نوێنەری ئەوانین بزانن ئێمە چ دەکەین لێرە، دووەمین دەزانن لە ناو پەرلەماندا کام ئەندام قسەی باشی کردووە و بەرگری لە مافی ناوچەکەی خۆی کردووە، چونکە ئێمە لە هەڵبژاردنی داهاتوودا دەچینە بەردەم ئەو خەڵکە، لەوێ جارێکی تر دیاری دەکرێ کە کام ئەندامی پەرلەمان چالاک بووە و کامی چالاک نەبووە، ئەمە لەلایەک ، لە لایەکی تر هەندێ لە ئەندامان وتەی خراپ بەکار دێنن، من بەباشی دەزانم کە راگەیاندن لێرە بێت، چونکە کە ئەندامێک هەڵدەستێت دەبێت قسەکانی رێکوپێک بکات، چونکە ئەگەر ئەو قسەی نارێکی کرد، خەڵکەکە دەزانن و لێیدەپێچنەوە، ئەوەش دەبێتە هۆی ئەوەی ئەم جۆرە وشانە لە گفتوگۆکانی ئێمەدا کەمتر بێت، جا بۆیە من بە پێویستی دەزانم کە دانیشتنەکانی پەرلەمان بڵاو بکرێتەوە بەتایبەتی رۆژانی سێ شەممە،

چونکە وەزیرەکـان لێـرە ئامـادە دەبن وبە خـەڵکەکـە بەڵـێن دەدەن، بۆ نموونە ئەو ڕۆژە سـەرۆک وەزیران بەڵێنی دا کە(١٠٠) دینار بە هەموو قوتابییەک بدات، ئێستا خەڵک پرسیار دەکات، ئایا پارەکـە چی لێ هاتووە ئەوە دەبێت وەڵامی هەبێت، چونکە قـوتابیـانەکـانی زانکۆ هەمـوو ژووریان گرتووە، لەبەر ئەم جۆرە شتانە دەبێت دانیشتنەکانی پەرلەمان لە دەزگاکانی ڕاگەیاندندا بڵاو بکرێتەوە، سوپاس .

**بەڕێز بەختـــیـــار حـــەیدەر عـــوســـمـــان:**

**بەڕێـز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــومـــــــەن.**

پێویست بەوە ناکات باسی ئەوە بکەین، کە دیموکراتیەت پێویست بەوە دەکات کە دانیشـتنەکانی پەرلەمـان لە دەزگاکانی ڕاگەیاندندا بڵاو بکرێتەوە، چونکە یەکێک لە ئەرکانەکانی دیموکراتیەت ئەوەیە کـە خـەڵک ئاگـاداری دانیـشـتـنەکـانی پەرلەمـان بێت، ئەوەش جیـاوازی ئێـمـە لەگـەڵ جێگاکانی تریدا لە وڵاتانی(الشرق الاوسط)دا کە هەموویان ناتوانن هیچ قسەیەک بکەن ئێمە لێرە هەموو قسەیەک دەکەین و، ڕەخنە لە دەزگاکانی خۆمان دەگرین زۆر بە ئازادی، پێویستیشە خەڵکەکـە ئاگاداری ئەو شتە بن، بەتایبەتی فێری دیموکـراتی دەکەین کە خەڵکێکی زۆر هەیە لەوانەیە هەتا ئێستا فێری دیموکراتیەت نەبووبێ، بەڵام لێرە تێبینیەک هەیە، زۆر قسە هەیە کە پێویستی بەوە ناکات کە بڵاوبکرێتەوە، ئەمەش ئیشی ئەو کەسەیە کە وێنە دەگرێت، وێنەگر دەبێت مونتاجی قسەکان بکات، دەزگا تەلەفزیۆنیەکان پێویست ناکات هەموویان بێن وهەموویان بڵاوی بکەنەوە، بەڵام ئەگـەر بێت و تەلەفـزیۆنی هەرێمی کـوردسـتـان مـونـتـاجی بـکات و بڵاوی بکاتەوە ئەو شـتـێکی زۆر پیـرۆز دەبێت و، ڕۆڵێکی زۆر سـەرەکی دەداتە تەلەفـزیۆنی هەرێم وخەڵکەکەش چاودێری دەکات، سوپاس.

**بەڕێـز جـــێگری ســـەرۆکی ئەنجـــومـــەن:**

دەوڵەت، یاخود سەرۆکایەتی پەرلەمان ئەو مافە لە دەزگاکانی ڕاگەیاندن وەربگرێتەوە و، بیخاتەوە دەستی یەک دەزگا ئەویش دەزگای هەرێمە، بە مەرجێک بێت کە بڵاوی بکەنەوە، ئینجا دەبێتەوە سەر ئەوەی بڵێین هەندێ جار ئەوەیان بۆکرد ئەوەیان بۆ نەکرد، وابزانم ئەمە ئەرکێکی زۆرە لەهەمان کاتدا کەم کردنەوەی مافی تەلەفزیۆنەکانە، کە مافی ئەوەیان هەیە بێنە ئێرە.

**بەڕێز د. جـــەلال شـــەفـــیق عـــەلی:**

**بەڕێـز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــومـــــــەن.**

من لە گـەڵ ڕای بەڕێزتانم بۆ ئەوەی مـیللەت ئاگـادار بێ لەو گـفـتـوگـۆیانەی کـە لە پەرلەمـاندا دەکرێت، بەڵام ئەو وەزعەی کە ئێستا ئێمەی تێدایـن بەتایبەتی لە بەرگرانی ئازوقە وکەم بوونی سـووتەمـەنی (طابوری پێنج) ڕۆڵێکی زۆر خراپ دەبینێت، لە بەر ئەوە هەندێ شت هەیە ئێـمـە نەتوانین وا بەزەقی باس بکەین، وەکو کـەمـوکـوڕیی لیـژنەکـان من خـۆم یەکێکم لە ئەندامـانی لیـژنەی کـشـتـوکـاڵ، ئەگـەر سـاردییـەک، یان کـەمـوکـوڕییـەک لە لیـژنەکـاندا بوو بێت لـەوانەیە

کەموکووڕیی خۆمانی تیادا بێت، بەڵام بەشێوەیەکی سەرەکی دەکەوێتە سەر کەموکووڕیی فراکسیۆنەکان، هەر دووکیان، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاک جەلال ئەگەر ببوری بابەتەکەمان هیچ پەیوەندیی بە لیژنەکانەوە نییە، پاشان دێینە سەر باسی لیژنەکان.

**بەڕێز د. جەلال شەفیق عەلی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پەیوەندیی بە وەزعەوە هەیە و، دوومانگ لیژنەی کشتوکاڵی کۆ نەبوونەوە لە بەر ئەوەی سەرۆکی نەبووە، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەن:**

خۆ جێگری سەرۆک هەیە، بە پێی پێڕەوی ناوخۆ لیژنە دەتوانێت کۆبێتەوە، بابەتەکەمان لە سەر ئەمە نییە، بەڵکو لەسەر شتێکی ترە، سوپاس.

**بەڕێز حازم ئەحمەد مەحمود یوسفی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دەزگاکانی ڕاگەیاندن و ڕۆژنامەکان لە جیهاندا بوونەتە دەسەڵاتی چوارەم لە دەسەڵاتی هەر وڵاتێک، ئەمڕۆ لە کوردستاندا زۆر پێویستە کە خەڵکەکە بزانێت ئێمە چی دەکەین بەتایبەتی لە پەرلەماندا، چونکە حکومەت کە دەسەڵاتی جێبەجێ کردنە زیاتر پەیوەندیی بە خەڵکەوە هەیە، لە بەر ئەوەی کە خەڵکەکە بزانێت حکومەت چ دەکات، یان چ ناکات، بەڵام ئێمە وەک پەرلەمان زۆر پێویستە کە خەڵک بزانێ ئێمە لێرە چ دەکەین، لە بادینان خەڵکی هیچ شتێک نازانێ هەر ئەوەندە دەزانن ئەندامانی پەرلەمان چوونە هەولێر ولە هەولێر گەڕانەوە، ئێمە دەبێت جەخت لە سەر ئەوە بکەین ئەو برادەرانەی کە دێنە ئێرە و دانیشتنەکان تۆمار دەکەن دەبێت زۆر ورد بن لە تۆمار کردنی دانیشتنەکان و، بزانن چ بڵاو دەکەن و چ بڵاو ناکەن، بۆ نموونە زۆر شت لە کوردستان نوێ بڵاو کراوەتەوە کە لە ڕاستیدا شتی وا نەبووە. لێرە قسەک کراوە لەوێ شتێکی تر بڵاوبۆتەوە. نموونەیەکی تر ئەم جارە من لە بادینان بوم ولە تەلەفزیۆنەکانی ئەوێ یاسای تەکریمی پێشمەرگە بڵاوکرایەوە، من پێشنیار دەکەم کە نووسینگەیەکی ڕاگەیاندنی خۆمان هەبێت لە ناو پەرلەماندا و، ئەو نووسینگەیە لەگەڵ دەزگا ڕاگەیاندنەکاندا ڕێک بکەوێت بۆ بڵاو کردنەوەی دانیشتنەکان و، کەی بڕیارێک لە پەرلەماندا پەسەند کرا، پاشان بدرێتە تەلەفزیۆن و ڕۆژنامەکان، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاک حازم ئەوەی تۆ وتت لەگەڵ ئەو شتەی کە باسکرا ناکۆکی نییە، بە پێچەوانەوە دووپاتی دەکاتەوە، ئەو شتانەی کە فەرمووت بڵاوکراوەتەوە لە ئاکامی کەم زانیارییە لەسەر بابەتەکە، بەڵام

ئەگەر دەزگاکانی راگەیاندن ئەو بوارەیان هەبێت راستەوخۆ دانیشتنەکان بڵاو بکاتەوە، ناتوانێ شتی تری بخاتە سەر و، بۆ هەموو ئەندامێک هەیە کە سەرنجیان رابکێشێ، ئەگەر هەڵەیەک هەبوو لەم بابەتەدا،ئێمە کێشەمان زۆرە، کێشەی سووتەمەنی، ئازووقە، گرانی شت ئەمە راستییەکە، باس بکەین، وباس نەکەین جەماوەر موعاناتی هەیە لەگەڵ ئەوە، زۆر لە ئەندامان باسی ئەوە دەکەن کە ئێمە لە بارو گوزەرانێکی تایبەتیدا دەژین ئەو هانگاوانەی کە تا ئێستا حکومەت ناویەتی و، پەرلەمان ناویەتی جێگای رێزە، هەتاکو لە رای گشتی جیهانیشدا، بەڵام ئێمە شتێک ئاشکرا ناکەین کە خەڵک پێی نەزانێ کە گرانی هەیە، کە سووتەمەنی نییە، ئەمە شتێکی واقعییە و خەڵکەکەش پێی دەزانێت، سوپاس.

**بەڕێز فەلەکەدین سابیر کاکەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەم بابەتە بەراستی زۆر گرنگە، لێرە ئەم مەسەلەیەش چەند لایەنی هەیە، ١ـ لایەنی هونەری. ٢ـ لایەنی سیاسی. ٣ـ لایەنی ئەمنی. سەبارەت بەلایەنی هونەری ئێمە لە لیژنەی رۆشنبیری پێش چەند رۆژێک لەگەڵ بەڕێز وەزیری رۆشنبیری و بریکاری وەزارەتی رۆشنبیری دانیشتین و هەمان مەسەلەمان باس کرد، مەسەلەی راگەیاندن وهاوکاری نێوان حزبەکان وهاوکاری نێوان دەزگاکانی راگەیاندن و، گەیاندنی بەرنامەکانی وەزارەتی رۆشنبیری چی لە تەلەفزیۆن ورادیۆ هەروەها رۆژنامەی هەرێم وئەوانی تر، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاک فەلەکەدین ئێمە تەنها خاڵێک باس دەکەین کە دەزگاکانی راگەیاندن مافیان هەبێت لە دانیشتنەکانی پەرلەماندا ئامادە بن و دانیشتنەکان داخراو نەبن، بۆ ئەوەی ئەو شتەی کە خۆیان دەیانەوێ بڵاوی بکەنەوە، یان نا؟.

**بەڕێز فەلەکەدین سابیر کاکەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

باسی ئەوەمان کرد کە پەرت وبڵاوی هەیە لە بڵاوکردنەوەی هەواڵەکان هەندێ هەواڵ هەیە هەمان هەواڵە، بەڵام دەزگایەکی راگەیاندن بە شێوەیەک تر بڵاوی دەکەنەوە، ئێمە پێشتر لێرە بریارمان دا کە هەموو دانیشتنەکان کراوە بن ودەزگاکانی راگەیاندن مافی ئەوەیان هەبێت بێن بۆ ئێرە، تەنها ئەو دانیشتنانە نەبێت کە خۆمان بریاری لێ دەدەین داخراو بێت، ئەوان دێنە ئێرە مافیان هەیە کە دانیشتنەکە پەخش بکەن، ئەگەر مافیان نەبێت پەخشی بکەن بۆ بێن بۆ ئێرە، هەندێکی پەیوەندیی هەیە بەرادەی(مستوای) راگەیاندنەوە، یەکێک لەو خاڵانەی کە لەگەڵ وەزیری رۆشنبیری باس کرا بۆ ئەوەی هەواڵەکان یەک رەنگ بێت وەیان بەیەک شێوە باس بکرێت پەلە بکرێت لەوەێ ئاژانسی دەنگوباسی کوردستان بکەوێتەکار، چونکە لە هەموو وڵاتێک ئەگەر ئەم ریپۆرتاژانە لەیەک سەرچاوە دەرچوو رێکوپێک کراو مونتاج کراو، ئەوە باشتر دەبێت، من

نالێم ڕێ بەکەسی تر نەدرێ قسە بکات، بەڵام وەکو بڕیار دراوە لێرە لە پەرلەمان نووسینگەی ڕاگەیاندن هەبێت، یان لە هەندێ جێگەی تری گرنگ وەکو ئەنجوومەنی وەزیران، یان بارەگای حزبە سەرەکییەکان و، هەندێ وەزارەتی تر. ئێستا مەسەلەیەک هەیە کە پەیوەندیی بە وشەی (نیشتمانی پەروەری)، یان هەڵوێستی نیشتمانیی کامەیەتی، یەعنی سنووری نیشتمانی پەروەری کامەیەتی، ئێستا ئێمە کیانێکمان هەیە ناوی لێ دەنێین فیدرالیزم، دەبێت ئێمە خەتی سوور دابنێین بۆ ئەوەی بزانین کە لەمە تێپەڕی زیان دەگەینێ بەو ئەزموونەی کە هەمانە، مەسەلەی مافی مرۆڤە، مەسەلەی فیدرالیزمە ئەگەر ڕەخنەکە زەرەری لە مافی کوردی دا کە فیدرالیزمە وبیروخێنی، بێگومان ئەمە سنورێکی بۆ دادەنرێ، هەندێ حزب کە لە ناو پەرلەمان نین، ڕەخنە زۆر دەگرن لە پەرلەمان، ئەگەر ئەوان وا بیر دەکەنەوە کە پەرلەمان تەنها هی یەکێتی وپارتییە بۆ ئەو مەبەستە ئەوان بەربەستی دادەنێن و بۆ ئەوەی کە ئەو دوو حزبە لە دەسەڵاتی لابچن، هیچ لاریان لەوە نییە کە پەرلەمانیش تێک بچێت، ئەمە پێی ناگوترێ هەڵوێستی نیشتمانی دەبێت ئەمە سنووری بۆ دابنرێت، لە بەر ئەوە ئەگەر ئێمە هەڵوێستی نیشتمانی پەروەری دیاری بکەین و لە هەمان کاتیشدا یاسای چاپەمەنی دەربکەین وئاژانسی دەنگوباس بکەوێتە کار ئەوە ڕاپۆرتەکانیش ڕێک دەکات وابزانم زۆر لەو کێشانەش چارەسەر دەبێت. ئەو دانیشتنانەی کە ڕێگە دەدرێت بە دەزگای ڕاگەیاندن بێتە ژوورەوە، هەقیان هەیە هەموو شتێکیش بگوازنەوە و بە ڕای من ئاژاوە وگرفت لەگەڵ ئازادیدا باشترە لە نەبوونی ئازادی، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجوومەن:**

لەسەر ئەو بابەتە زۆر ڕۆیشتین من لەگەڵ ئەوەدا نیم کە دەزگاکانی ڕاگەیاندن هەر یەک بۆ خۆی شت بڵاوبکەنەوە، دانیشتنەکان هەر لە تەلەفزیۆنی هەرێمی کوردستان بڵاو بکرێنەوە.

**بەڕێز عەبدولخالق محەمەد ڕەشید زەنگەنە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

بەڕای من شەش مانگە کە پەرلەمان دامەزراوە، ماوەیەکی باشە هەتاکو میللەت(تقییم)ی ئێمە بکات و، بزانێت ئێمە چیمان کردووە و چیمان نەکردووە، لە بەر ئەوەی ئێمە نوێنەری میللەتین، هەروەها هیچ لایەنێک نییە موتابەعەمان بکات ولێمان بپرسێتەوە تەنها میللەت نەبێت و، ئەویش ئەگەر لە ڕێگای ڕاگەیاندن وتەلەفزیۆن نەبێت لە کوێ دەزانن ئێمە کێشەکانیان چارەسەر دەکەین، یان نا. هەروەها (طابووری پێنج )و ئەو کەسانەی کە دژی ئەو پەرلەمانەن ڕۆڵێکی زۆر دەبینن لە پروپاگەندە کردن دژی پەرلەمان وئەنجوومەنی وەزیران ودەڵێن تەنها خەریکی خۆیانن، هەتا زۆر دعایەی خراپیان دەرکرد کە ئێمە تەنها خەریکی بارەگا وماڵ وسەیارەین، لە بەر ئەوە بەڕاستی دەزگای ڕاگەیاندن زۆر گرنگە کە لە دانیشتنەکاندا ئامادە بن و دانیشتنەکان پەخش بکەن، بەڵام تێبینییەکم هەیە هەندێ لە حزبەکان تەلەفزیۆنەکانیان زۆر بایەخ بە ئەو

ئەندامانە دەدەن کە سەر بەو حزبەیە لە کاتی گفتوگۆ کردندا، بەرای من گفتوگۆکان هەمووی پێشکەش بکرێت و بە تایبەتی رای دژ بۆ ئەوەی دیموکراتیەت نرخی خۆی وەربگرێت، ئێستا جێی شانازییە کە دەڵێن کوردستان ئازادە و دیموکراتی هەیە، بەرای من ئەوە زیاتر لە راگەیاندندا دیار دەبێت، سوپاس.

**بەڕێز فەرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پێشەکی رەخنە لە هەموو دەزگاکانی راگەیاندن دەگرم، من پرسیارێکم لە جەنابتان کرد کە ئایا دانیشتنەکەمان داخراوە، یا نە؟ بۆ راگەیاندنەکان نوێنەریان لێرە نییە؟ دیارە دەزگاکانی راگەیاندن هەر خۆیان هاتووچۆ ناکەن، جا بۆیە پێشەکی رخنە لە تەلەفزیۆنی خۆمان وتەلەفزیۆنی گەلی کوردستان وپاشان لە نوێنەرەکانی تری راگەیاندن دەگرم. دووەم من لەگەڵ دانیشتنە داخراوەکاندا نیم، ئێمە باسی ئاسایش دەکەین، یا باس هەر شتێکی تر دەکەین مادام تەلەفزیۆنەکان لێرەن بۆیان هەیە بلاوی بکەنەوە، هیچ ئەگەرێک وهیچ بەلامیکی نابێت تێی بخرێت، ئەگەر پێویستی بە ئەگەر و بە بەلام بوو ئەبێ پێیان بلێن فەرموون بڕۆنە دەرەوە بۆ خۆمان قسەکانی خۆمان بکەین، بەلام تا لە ژوورەوەن ئەبێ هەموو شتێک بلاوبکەنەوە، تکایەکیشم هەیە نەک تەنیا(لا تقربوا الصلاة) بلاوبکەینەوە، ئێمە لەگەڵ ئاشکرایین و دانیشتنەکان بەتەواوی بلاو بکەنەوە هەر هەموویان، داوایەکم لە خۆمان هەیە کە با قسەکانمان لە ئاستێکدا بێت مادام خەڵکی گوێی لێمان دەبێت، با قسەکانمان بۆ مزایدە نەبێت، هەندێ شت هەیە ئەبێت جورئەتمان هەبێت کە بە ئاشکرایی باسی بکەین، با تەنها قسەکردنمان بۆ ئەوە نەبێت کە خەڵکی بزانێت قسە دەکەین، هەندێ شت هەیە ئەگەر لە بەرژەوەندیی نییە با جورئەتمان هەبێت بلێین ئەوە لە بەرژەوەندی نییە، مادام بڕوامان بە ئاشکرایی هەیە ئەبێت دانیشتنەکان وقسەکانمان بهێنینە ئەم ئاستە، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەپێی پێڕەوی ناوخۆ بەڕێزانتان مافی ئەوەتان هەیە کە پێشنیار بکەن ئەم دانیشتنە داخراو بێت، پاشان دەخرێتە دەنگدانەوە کە پەرلەمان بڕیاری لە سەردا ئێمە هەموومان مل کەچی ئەو بڕیار دەبین دانیشتنەکەمان دەکەینە دانیشتنێکی نهێنی ئەویش لە سەر بڕیاری بەڕێزانتان.

ئێمە لێرە خاڵێکمان هەیە ئەویش بەر چاوخستنی پرۆژەی گۆڕینی ناوی وەزارەتی ئەوقاف وکاروباری ئیسلامییە، بەراستی ئێمە ئەم بابەتەمان باس کرد کاتی کە گفتوگۆی یاسای وەزارەتی ئەوقافمان دەکرد و، گفتوگۆیەکی زۆر زۆر تێروتەسەلمان لە سەر کرد و، پاشان گەیشتینە ئەو بڕیارەی کە ئەم ناوە وەکو خۆی بمێنێتەوە ئەویش لەبەر ئەو هۆیانەی کە باس کرابوو، بەلام لە پاش ئەوە هەندێ لە ئەندامە بەڕێزەکان داوایان کرد کە ئەم ناوە بگۆڕێت و بکرێت بە کاروباری ئایینی لەوانەش کاک حازم یوسفی، عومەر سەید عەلی، شەوکەت حاجی

موشیر، حسێن ئیبراهیم، ئەحمەد بامەڕنی، نەسرین مستەفا، پەریخان مەحمود، بەکر حاجی سەفەر، یونس ڕۆژ بەیانی، ئازاد قەرەداغی، ئەم ئەندامانە ئەم داوایان کردبوو خۆش بەختانە هەر دوو فراکسیۆنی تیادا بوو. لەپاش ئەوە نووسراوێکمان لە ئەنجوومەنی وەزیرانەوە بۆ هاتووە کە دەڵێت:(یرجي عرض موضوع تعديل الفقرة(١٥) من المادة(٩) من قانون مجلس الوزراء المرقم« ٣ » لسنة ١٩٩٢، من وزارة الاوقاف والشؤون الاسلامية الى وزارة الاوقاف والشؤون الدينية، مع اعتماد التعديل المقترح من كافة القوانين الصادرة في الاقليم على المجلس بغية اعتماده مع التقدير.).

ئێمە هەر دوو پێشنیارەکەمان پێشکەشی لیژنەی یاسا کرد بۆ ئەوەی بیرو رای خۆیان دەربڕن لە لە رووی یاساییەوە و دایڕێژنەوە، بۆ ئەوەی پێشکەشی بەڕێزانتانی بکەین و، وەڵامیان وەرگرتەوە لە سەرۆکی لیژنەی یاسا کە ئەڵێت: لەسەر نووسراوەکەی ئەنجوومەنی وەزیران رای لیژنەکەمان ئەوەیە پێشنیارەکە بخرێتە بەردەم پەرلەمان، بۆ ئەوەی پەسند بکرێت، پاشان لەلایەن لیژنەکەمانە پێویست بە داڕشتنەوە دەکات لەگەڵ ڕێز وسوپاس.

ئێمەش لە سەر ئەم دوو داوایە پێشنیارەکان دەخەینە بەردەم بەڕێزتان بۆ ئەوەی گفتوگۆی لە سەر بکرێ زوو بڕیاری خۆتانی لە سەر بدەن.

**بەڕێز فرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

لەبەر ئەوەی گفتۆگۆ لە سەر وەزارەتی ئەوقاف وکاروباری ئیسلامی دەکرێت، پێویست بوو بەڕێز وەزیری ئەوقاف وکاروباری ئیسلامی لێرە ئامادە بێت، بۆ ئەوەی ئەویش قسەیەکی لە سەر بکردایە، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجوومەن:**

خۆ گفتوگۆکە لە سەر یاسای وەزارەتی ئەوقاف نییە، تەنها لە سەر گۆڕینی ناوەکەیە و، لە ماوەی باس کردنی یاسای وەزارەتی ئەوقاف بەڕێز وەزیری ئەوقاف وکاروباری ئاینی، ئەوە رای خۆی لێرە دەربڕیوە و، ئەم ناوە لە ئەنجوومەنی وەزیرانەوە بۆمان هاتووە بە تەئکید رای وەزیری ئەوقافیشی تیادایە، سوپاس.

**بەڕێز فرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

پێویستە ئەم پرۆژەیە لە لایەن لیژنەی ئەوقاف وکاروباری ئیسلامی پەرلەمانەوە پێشتر گفتوگۆ بکرابایە، ئایا ئەوان تا ئێستا قسەیان لە سەر کردووە؟، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجوومەن:**

ئەم پرسیارە زۆر بە جێیە و ئەبوایە قسەیان لە سەر کردبایە، بەڵام لیژنەی ئەوقاف وکاروباری ئیسلامی قسەیان لە سەر نەکردووە و، پێشەکیش دەزانین کە قسەکانیان لە دژە، لە بەر ئەوەی

قایل نییە ئەوان بگەنە ئەو ئاکامەی کە ناوەکە ببێت بە (ئایینی) ئەمە لە کاتی خۆیشی باسکرا.

**بەڕێز مەلا محەمەد تاهر محەمەد زین العابدین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

من پرسیارێک دەکەم، ئایا بۆ پەرلەمان پیاچوونەوەی ناو گرنگە، یاخود خزمەت وداهێنان ویاسا سازی وکەم کردنەوەی برسێتێ وقات وقڕی؟، ئایا ئەم پرۆژەیە بۆ پێشتر نە دراوەتە لیژنەی ئەوقاف وکاروباری ئیسلامی ودراتە پەرلەمان؟ ئایا لیژنەکە شەرعیەتی نییە؟ بەرای من گۆڕینی ناوەکە کارێکی سلبی دەکاتە سەر بابەتەکەمان لەم قۆناغەدا و، لەم خولەدا و، کارێکی سلبی دەکاتە سەر خۆمان لە کوردستاندا و لە دەرەوەشدا، لە بایەخی لیژنەی ئەوقاف وکاروباری ئیسلامیش کەم دەکاتەوە و، ئەو تەیارانەشمان لێ دەکاتەوە کە بەناوی ئیسلامەوە لە کوردستاندا کاردەکەن و، ئەم ناوە چ ئایینی بێت چ ئیسلامی وەک یەکە، پەرلەمانی کوردستان باشتر وایە کە بە شتێکەوە خەریک بێت کە بارودۆخی ئەمڕۆی وڵات چاک بکات، جا لەگەڵ ڕێزمدا، ئەگەر ناوەکە وەک خۆی بمێنێتەوە زۆر چاک ترە و، هیواشم وایە کە جارێکی تر لەم خولەدا پەرلەمان بە شتی( مالا یعنی)یەوە خەریک نەبێت، وەک پێغەمبەر دەفەموویێت:(من حسن الاسلام ترك ما لا يعنيه) مرۆڤ کە شتێکی زۆر مەبەست نەبوو با وازی لێبێنێت، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجوومەن:**

وەک کاک فرەنسۆ وتی وەزیری ئەوقاف لێرە نییە وەڵامی پرسیارەکان بداتەوە، ئەو ئەندامانەی کە ئەم پرۆژەیان پێشکەش کردووە، بۆیان هەیە گفتوگۆ بکەن، بەڵام مامۆستا زۆر لە سەر حەقە کە دەڵێت: ئەم پرۆژیە نەدراوە بە لیژنەی ئەوقاف ئەوە بەراستی هەڵە وکەموکورتی سەرۆکایەتییە، کە خۆم یەکێکم لە سەرۆکایەتی تەحەمولی ئەو هەڵەیە دەکەم، بەڵام لەوانەیە وای بۆ چووبن کە دەرئەنجامە (تحصيل حاصل)ە.

**بەڕێز عەبدوڵلا حاجی ئیبراهیم عەبدوڵلا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

من هەر بەپێویستم نەدەزانی ئەو پرۆژەیە لەم کاتەدا باس بکرێت، چونکە لە کاتی خۆی ئەم مەسەلەیە زۆر گفتوگۆی لە سەر کرا ،من یەکێک بووم لەوانەی کە ناوی(وەزارەتی ئەوقاف وکاروباری ئایینی) بێت، بەڵام گۆڕینی لەم کاتەدا پێویست نییە، کارێکی سلبی دەکات، چونکە ئێمە وڵاتێکی ئیسلامین دەبێت حسابی جیهانی ئیسلامیش بکەین، بەراستی ئێمە نابێ خۆمان بێ باک بکەین و خۆمان بدەینە دەست ناحەزانمان کە دژی حکومەتی کوردستان وپەرلەمانی کوردستانن، کاتی خۆی کاک فرەنسۆ لە جیاتی برا مسیحییەکان باسی کرد کە ئەوان هیچ لارییان نەبوو کە ناوی وەزارەتی ئەوقاف وکاروباری ئیسلامی بێت، من پێموایە ئەوان لایان باشتر وپەسند ترە کە بە خۆیان سەربەست وئازاد بن، دەستەیەک ،یا لیژنەیەک، یا بەڕێوەبەرایەتییەک دروست دەکەن، لەوانەیە زیاتر سەربەستییان هەبێت و سەر بە سەرۆکی

وەزیران بن لەگەڵ ئەوە رێکخستنی کاروباری ئایینی خۆیان بکەن، لە بەر ئەوە بە رای من ئەو ناوە هەروەک وخۆی بهێنێتەوە بە (وەزارەتی کاروباری ئەوقاف وکاروباری ئیسلامی)، گۆڕینی ئەم ناوە زۆر سلبیات ومەردوو‌داتی خراپی دەبێت، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجوومەن:**

بەراستی خۆی بنەما ناوەڕۆکە، نەک ناوە، ئەگەر ببێ بە (ئەوقاف وکاروباری ئایینی)، ئەوقاف هەروەک خۆی دەمێنێتەوە و ئیسلامیش هیچ لە واقعەکە ناگۆڕێت، ئەگەر بەڕێزانتان لەگەڵ ئەوەدان کە ئەم خاڵە ئێستا باس نەکرێت و دوابخرێت، تاوەکو پرۆژەکە دەدرێت بە لیژنەی ئەوقاف و، بەڕێز وەزیری ئەوقافیش لێرە ئامادە دەبێت.

**بەڕێز حەسەن عەبدولکەریم بەرزنجی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

یەکەم پێشنیاری گۆڕینی ناوی وەزارەتی ئەوقاف وکاروباری ئیسلامی لەوەزارەتەوە هاتووە و، گەیشتە دەستی لیژنەی یاسا بۆ ئەوەی بڕیاری لە سەر بدرێت.

دووەم، بۆ دوای بخەین ئەمە شتێکی یاسایی نییە بڵێین دارشتنەوەی تیادا دەبێت، ئەمە ناو گۆڕینە، یا رازین، یان رازی نین و، لیژنەی ئەوقاف و کاروباری ئیسلامی لێرەنە با پرۆژەکە جارێک بخوێنینەوە، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجوومەن:**

بەپێی پێڕەوی ناوخۆ ئەبوایە پرۆژەکە بدرایەتە لیژنەی ئەوقاف، نەک تەنها پێشنیارەکەی وەزارەت، بەڵکو پێشنیارەکەی ئەندامانیش ئەبوایە بچووبایەتە لایان، ئەمە یەک، دووەم مەسەلەی وەزیری ئەوقاف کە لێرە نییە ئەمەش ناحیەیەکی گرنگە، هەر چەند ئەمە لە ئەنجوومەنی وەزیرانەوە هاتووە، رەنگە داوای لێ بکرێ پاساودانی ئەو پێشنیارە چییە کە کردووتانە، ئەمەش بەراستی لە رووی پێڕەوەوەیە، جا بۆیە من پێشنیار دەکەم کە ئەمە دوابخرێت.

**بەڕێز حازم ئەحمەد مەحمود یوسفی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئەم پێشنیارە کە پێشکەش کرا ئەوە بوو کە گفتوگۆی یاسایی وەزارەتی ئەوقاف بکرێت و، زۆر بە تێروتەسەلی مەسەلەکە گفتوگۆی کرا و، بابەتەکە کۆتایی پێهات و، هەر دوو فراکسیۆنەکەش لەسەری رازی بوون، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجوومەن:**

واتە جەنابت لەگەڵ ئەوەدای کە ئەمە ئێستا باس نەکرێ؟.

**بەڕێز حازم ئەحمەد مەحمود یوسفی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

سەبارەت بە ئێمە کە پێشنیارەکەمان پێشکەش کردووە دەیکێشینەوە، سوپاس.

**بەڕێز فەرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئەم بابەتە قسەی لە سەر کراوە لەم خولە ورەت کرایەوە، من پێمـوایە بەپێی پێڕەو حەق نییە جارێکی تر باس بکرێت، تاخولی داهاتووا، چونکە جارێک رەت کراوە، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجوومەن:**

بەڵام ئەمە یاسا نییە، ئەگەر یاسا بایە راستە نە دەبوو لەم خولەدا جارێکی تر باس بکرایە، بەڵام ئەمە نووسراوێکی وەزارەتە یاسا نییە.

**بەڕێز مەلا محەمەد ئەمین عەبدولحەکیم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

بە رای من دوا بخرێت، تاوەکو وەزیری ئەوقاف خۆی لێرە ئامادە دەبێت و، ئەو ئەندامانەی کە پێشنیارەکەیان کردووە لێرە ئامادە بن و، هەروەها پرۆژەکە بدرێتە لیژنەی ئەوقاف، لیژنەی ئەوقافیش بە تێروتەسەلی رای خۆی لە سەر دەربڕێت، شتێکی تر هەیە دەمەوێ ئاماژەی بۆ بکەم، ئایا بۆ ئەندامە بەڕێزەکان پێیان ناخۆشە ناوی وەزارەت(وەزارەتی ئەوقاف وکاروباری ئیسلامی)بێت؟، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجوومەن:**

وابزانم ئەو ئەندامانە و ئەو وەزارەتەی کە ئەم مەسەلەیان باس کردووە، لە سەر ئەو بنەما نەیان کردووە کە بەڕێز مەلا محەمەدئەمین باسی دەکات، لە سەر ئەو بنەما بوو هەندێ لە برادەران وتیان لە سعودیەش ناوی ئیسلامی نییە و، لە زۆر لە وڵاتانی ئیسلامیش ناوی ئیسلامی نییە، هەندێک وتیان ئەقەلیاتی ئاینیی هەیە بۆ ئەوەی ئەوان وا نەزانن کە مافیان نییە، لە بەر ئەمە بوو. کێ لەگەڵ ئەوەدایە کە ئەم پێشنیارەی ئەنجوومەنی وەزیران ولیژنەکە دوابخرێت؟.. تکایە دەست بەرز بکاتەوە.

**بەڕێز فەرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئەم ئەندامانە پرۆژەیەکیان پێشکەش کردووە و، هەقیان هەیە کە پرۆژە پێشکەش بکەن، بەڵام بەپێی مادەی(٦١)ی پێڕەوی ناوخۆ مافی ئەوەمان نییە گفتوگۆی لە سەر بکەین لەم خولەدا، چونکە جارێکی تر قسەی لە سەر کراوە ورەت کراوەتەوە، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجوومەن:**

بڕیاری رەت کردنەوە وەرنەگیرا، وترا جارێ وەکو خۆی بمێنێتەوە.

**بەڕێز فەرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

وەک خۆی بمێنێتەوە، واتە رەت بوو، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجوومەن:**

ئەمەیان پەسەند نەکرا و لە سەر یاساکە بڕیاردرا.

**بەڕێز د. عیزەدین مستەفا ڕەسول:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

جەنابت خستتە دەنگدانەوە و، فەرمووت هەڵەی سەرۆکایەتی بوو، دیارە بۆ سەرۆکایەتی خۆی هەیە ئەم هەڵەیە ڕاست بکاتەوە یان سوور بێت لە سەری، ڕاست کردنەوەکە ئەوە بوو کە پرۆژەکە بدرێت بە لیژنەی ئەوقاف، ئەگەر بەم جۆرە ڕاست کرایەوە وابزانم بڕیاریشی ناوێت، ئەبێت بدرێت بە لیژنەکە، دووەم لە کاتی دەنگدان دا، کە دەنگ درا بەڕێز سکرتێری ئەنجوومەنی خەریکی دەنگ ژماردن بوو، کە بەڕێز سەرۆکی کتلەی سەوز دەستی هەڵ بڕی، ئەو دەست هەڵ بڕینەی بۆ قسەکردن بوو، بەراستی کار دەکاتە سەر دەنگدان، کە دەنگ درا ئیتر ئەمە دووبارە نا بێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجوومەن:**

ئەم بابەتە زۆر باسکرا، جا ئێستا کێ لەگەڵ ئەوەدایە کە ئەم بابەتە دوابخرێت؟..دەست بەرزکرایەوە.. کێ لە دژە؟ کەواتە بەزۆربەی دەنگ ڕەت کرایەوە.

**بەڕێز د.عیزەدین مستەفا ڕەسول:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

لە پرۆژەی یاسادا ناوی وەزارەتەکە بە تێروتەسەلی باسکرا و، ڕای زۆری ئەوانەی کە قسەیان کرد دیارە لە بەر چییە، بەڵام وەک دەردەکەوێت هەندێک لەو برادەرانەی کە ئیمزای ئەو پرۆژەیان کردووە، ئەو کاتە ئەندامی پەرلەمان نەبوون لە بەر ئەوە بە کورتی ڕاکەی خۆم دووبارە دەکەمەوە، جارێ کە وتمان ئەوقاف هەر خۆی کاروباری ئیسلامی ناوێ، ئەوقاف هی موسڵمانانە ڕەنگە ئەوقافی مەسیحیش زیاتر بگرێتەوە، لە بەر ئەوە مامۆستاکانمان ئەو بەڕێزانەی کە ئەندامی پەرلەمانن، لایەنێک پاڵی پێوە نابوو کە هێرشێکی نارەوایان ئەکرا بە سەردا لە بەر ئەوەی لە بەرەی کوردستانین، لە بەر ئەوەی لە پەرلەمانن، گوایە بۆ مەلا ناگونجێ لەگەڵ بەرەی کوردستانی بێت و، ئەندامی پەرلەمان بێت، لە بەر ئەوە ئەوان زۆر سوور بوون کە ناوی ئەوقاف وکاروباری ئیسلامی بێت، ئەگینا خۆشیان دەزانن کە تەنها ئەوقاف بۆ ئەمە بەسە و، ڕای بەڕێز وەزیری ئەوقافیش ئەمە بوو، هەرچی(کاروباری ئایینییە) ئێمە خۆمان دەزانین ڕژێمی فاشیستی بەعس لەو دواییە ئەمەی خستە سەر، جاران دیوانی ئەوقاف بوو کە کرایە بە وەزارەت، بۆ ئەوەی هەرچی کنیسە وئاینەکانی تر هەیە هەموویان بخاتە ژێر ڕکێفی وەزیری ئەوقاف، وەزیری ئەوقافیش لە دائیرەی ئەمنەوە دەهات، ئەمە ڕەوشتی بەعسییەکانە، وەزیرەکانی ئەوقافی پێشوو ئەفسەر بوون لە ئەمندا تەنها بۆ ئەمە بوو ئاینەکانی تر بخەنە ژێر ڕکێفی خۆیان، ئەگینا برا یەزیدییەکان هیچ مڵکوماڵیان پەیوەندیی بە وەزارەتی ئەوقاف نییە، تەنها بۆ ئەوە بوو کە

سەربەستی ئاینیان کەم بکەنەوە،رای من وایە هەر (ئەوقاف و کاروباری ئیسلامی) بمێنێتەوە باشترە و، دیمەنی کوردستان ئازادمان باشتر دەردەخات و، ئەو ملکومالەی کە ئەوقاف هەیەتی بۆ موسلمانانی خەلک وەقفی کردووە، بۆ نموونە زۆر وەقف هەیە کە بۆ ئیسلام وکاروباری مزگەوت کراوە، بەلام هەمیشە لەسەرەتای دامەزراندنی رژێمی عێراقییەوە بەشی ئەوقاف لەلایەن بەعسیەکانەوە دەدزرا، با وەزارەتی ئەوقاف با خەریکی ئەوە بێ وحەقی بەئاینەکانی تر نەبێ، ئەوانی تر مەرجەعی خۆیان هەیە بۆ کاری خۆیان، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجوومەن:**

ناوەکان زۆرە ناچارم کەمی بکەمەوە، لەگەل ئەوەش تکاتان لێ دەکەم با تێبینیەکانتان کورت بێت.

**بەڕێز ئازاد عەبدولقادر سەعید قەرەداغی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

راستە من ئەم پرۆژەیەم ئیمزا کردووە، بەلام ئەمە پێش ئەوە بوو کە یاسایی وەزارەتی ئەوقاف باس بکرێت و، لە پەرلەمان بڕیاری لە سەر بدرێت ئەمە لە لایەک، لایەکی ترە بەنیسبەت ئێمەوە دینی ئیسلام لامان زۆر پیرۆزە، مەبەستیشم ئەوەیە کە ئاینەکانی تر هەست نەکەن کە بواریان پێنادرێت کە سەربەست بن لە بیروڕای ئاینیی خۆیان، سوپاس.

**بەڕێز موحسین خالید مستەفا موفتی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

بۆ ئەوەی زۆر درێژەی نەدەینێ ئەم بابەتە باسکراوە دەنگدانیشی لە سەر کراوە، رای ئەندامانی بەڕێزی لە سەر بووە، لە لایەکەوە ئێمە بەشێوەی ئاینی ئیسلامی بۆی بڕۆین، ئێمە سوور بووین لە سەر ئەوەی وەزارەتی ئەوقاف وکاروباری ئیسلامی بێت ئەمە لە لایەک، لە لایەکی تر ئێمە تا ئێستا پروپاگەندەیەکی زۆرمان لە سەر کراوە کە میللەتی کورد میللەتێکە خەریکە واز بێنێ لە ئیسلامەتی، بە هەموو جۆرێک پروپاگەندە دژ بە ئێمە کراوە وەک میللەت و وەک حکومەت، حەق وایە ئێمە یەکەم پەرلەمانی کوردستانین کە بڕیاری ئەوەماندا زیاتر سوور بین لە سەر ئەوەی کە نوێنەرانمان بنێرین بۆ جیهانی ئیسلامی کە میللەتەکەمان ئیسلامە وهاوکاری لەگەل میللەتە موسلمانەکانی تر دەکات ئەمە لە لایەک، دووەمین پاشگەز بوونەوە لە وشەی(ئیسلامی) یەکەم جار ئەگەر دەنگدانی لە سەر نەکرایە ئێمە سوور نە دەبووین لە سەری، نەمان دەگوت بابکرێتەوە بە (ئیسلامی)، ئەگەر یەکەم جار وشەی (ئاینی) بوایە، بەلام ئێستا ناوەکە چەسپێنرا و لە هەموو رۆژنامە ودەزگاکانی راگەیاندن بەم جۆرە هاتووە و، نێراوە بۆ جیهانی ئیسلامی ئەمە بگۆڕین گەورەترین لێدانە سەبارەت بە ئێمەوە، یەکەم ئێمە کە لیژنەی ئەوقاف وکاروباری ئیسلامین هەلنەستاین بە رۆلی خۆمان، چونکە رۆلی ئێمە وەک لە پێڕەوی ناوخۆی ئەنجوومەندا هاتووە و دەلێت: ( تنظر في امور الاوقاف والاهتمام بالشريعة والعلوم والمقدسات الاسلامية ومهام المساجد والجوامع وابراز دورها التاريخي في تربية الشعب الكردي المسلم). ئەمە

چەسپاوە لەپێڕەوی ناوخۆی ئێمەدا، ئەگەر بەمە هەڵنەستین و بەرگری لێ نەکەین مانای وایە بە ڕۆڵی خۆمان هەڵنەستاون و، ڕای ئێمە وەک لیژنەی ئەوقاف ئەوەیە کە ناوەکە وەکو خۆی بمێنێتەوە، بۆ ئەوەی ئێمە وەک میللەتێکی ئیسلامی بتوانین لە نێوان میللەتانی ئیسلامیدا ڕا و بۆ چوونی خۆمان دیاری بکەین، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجوومەن:**

یەک دوو جار باس کرا ئەم یاسایە وەکو یاسا وەکو پرۆژە دەنگدانی لە سەر کراوە، لە بەر ئەوە دەتوانین بگەڕێنینەوە سەری، کاک فەرسەت لە ڕووی یاساییەوە تێبینییەکی هەیە.

**بەڕێز فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵلا/سکرتێری ئەنجوومەن:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئەو دەنگدانەی کە کرا لەسەر یاسایی وەزارەتی ئەوقاف بوو، پاش ئەو یاسایە پرۆژەی ناو گۆڕینی وەزارەتی ئەوقاف هاتە پەرلەمانەوە و، ئەمە شتێکی ئاساییە کە گفتوگۆ لەسەر ناوگۆڕینەکە بکرێت، سوپاس.

**بەڕێز فرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

من پێموایە تەنها ئەگەر ناوەکە بگۆڕێت، ئەبێ زۆر شتی تریش بگۆڕدرێت، ئەبێ دەسکاری ئەو شتەش بکرێت کە ئێستا شێخ موحسن باسی کرد، کە ئەرکی لیژنەکە چییە ئەبێت سەر لە نوێ دەسنیشان بکرێت، بۆیە من وەکو مەسیحیەک داواتان لێدەکەم، ئەگەر لە بەر خاتری ئێمەیە تکاتان لێ دەکەم کە ناوەکە نەگۆڕن و، ئێمە لەگەڵ گۆڕین دا نین من بەش بەحاڵی خۆم لەگەڵ ئەوەدام کە ناوەکە وەکو خۆی بمێنێتەوە زۆر ڕێکوپێک ترە، ئەگەر ئەوقافیش بەتەنها بێت هەر کاروباری ئیسلامی دەکات ئیتر ناوەکە بۆ بگۆڕین، وا بڕیاریش دراوە کە دەستەیەک پێک بێنین، سوپاس.

**بەڕێز حەسەن عەبدولکەریم بەرزنجی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

مەسیحی وئیسلام هەر دووکیان پێیان خۆشە کە ناوی وەزارەتەکە نەگۆڕێت و وەکو خۆی بمێنێتەوە، نازانم بۆ دەیانەوێ بیگۆڕن، منیش لەگەڵ ئەوەدام کە وەکو خۆی بمێنێتەوە بە کاروباری ئیسلامی، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجوومەن:**

ئێستا کێ لەگەڵ ئەوەدایە کە پێشنیارەکەی ئەنجوومەنی وەزیران ڕەت بکرێت و ناوەکە وەکو خۆی بمێنێتەوە؟ ..دەست بەرزکرایەوە..کێ دژە؟ کەواتە بەزۆربەی دەنگ وەرگیرا.

لە لایەن ئەنجوومەنی وەزیران نامەیەک هاتووە، بۆ سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی نیشتمانیی دەڵێ: (بەهۆی بارودۆخی ڕابردووی عێراق بەردەوام بوونی لە سەر شەڕ وجەنگ چ لە ناوەوەی عێراق و

له دەرەوە بڕیارێکی دەرکرد بۆ رێکخستنی هاوولاتیان بۆ سەربازی و، هەندێک لەوانە زۆر کاریان کردووە لە سەر قوتابییان، لەوانە بڕیاری (١٣١٧)لە ساڵی (١٩٨٢) بڕیاری (١٩٤١) لە ساڵی (١٩٨٣) بەپێی ئەو بڕیارە رێگا نادرێتە قوتابییان کەتەمەنیان دەگاتە (١٨) ساڵ و دوو ساڵ لە وانەکانیان کەوتن، دەوامیان لە دەوامی رۆژانە لە ساڵی سێیەم بووبە ئێوران، جگەی لەوەی ئەم قوتابییانە دەپچرێن لە دەوامیان بە هۆی غیاباتەوە و، ئەگەر دوو ساڵ لە یەک مەرحەلە کەوتن بە هەمان بڕیار مامەڵە دەکرێن و بۆیان نییە جارێکی تر بخوێنن تا سەربازی تەواو نەکەن و. لە بەر ئەوەی ئەم بڕیارانە لەگەڵ بارودۆخی کوردستان ناگونجێن.

تکایە ئەم مەسەلەیە بخەنە بەردەستی ئەنجوومەنی نیشتانیی بۆ هەڵوەشاندنەوەی لەگەڵ رێزمان.

**بەڕێز حەسەن عەبدولکەریم بەرزنجی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئەمە رای لیژنەی یاسایە کە بۆتانی دەخوێنینەوە لەو بارەوە، بۆ بەڕێزان سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی کوردستان:

بابەت/ وەڵام:

نووسراوی ئەنجوومەنی وەزیران(٧٣) لە (٥/ ٩/ ١٩٩٢)ی نووسراوی لیژنەی پەروەردەی ئەنجوومەنی ژمارە(٥) لە (٩/١٥) رای لیژنەکەمان ئەوەیە کە ئەم دوو بڕیارەی ئەنجوومەنی سەر کردایەتی رژێم ژمارە(١٣١٧)وە (١٩٤١) کە کاریان پێنەکرێ (تجمید) بکرێت، بخرێتە بەردەم ئەنجوومەن، بۆ ئەوەی پەسندی بکات لەگەڵ رێز وسوپاسماندا، بڕیاری (١٣١٧)تان بۆ دەخوێنمەوە:

استنادا الى احكام الفقرة(١) من المادة(٤٢) من الدستور الموقت قرر مجلس قيادة الثورة بجلسته المنعقدة بتاريخ(٢٤/ ١٠/١٩٨٢) ما يلي:

اولا: تعدل الفقرة(١) من قرار مجلس قيادة الثورة المرقم(٣٢٢) في (١/٣/١٩٨٢) وتقرأ على الوجه الآتي:

١- لا يسمح للطلاب والطالبات الذين تجاوزت اعمارهم( الثامنة عشرة) ممن رسبوا سنتين متتاليين في المدارس النهارية العامة والمهنية بالدوام سنة ثالثة في المدارس الثانوية المسائية.

٢- ينشر هذا القرار في الجريدة الرسمية، ويعمل به من بداية السنة الدراسية ١٩٨٢-١٩٨٣.

قرار رقم ١٩٤١ مجلس قيادة الثورة:-

(استنادا الى احكام الفقرة(أ) من المادة(٤٢) من الدستور المؤقت قرر مجلس قيادة الثورة بجلسته المنعقدة بتاريخ /٩/١٩٨٣ما يلي:

اولا: لايجوز استمرار الطلاب الذين تجاوزوا سن(١٨) في المدارس الثانوية العامة والمهنية في الاحوال التالية:

١- اذا فصل من المدرسة بسبب تجاوز غياباته الحد المقرر في انظمة المدارس المذكورة واعتبار تلك السنة من سنوات الرسوب.
٢- اذا رسب سنتين في الدراسة المتوسطة او الدراسة الاعدادية لغير السبب المذكور في الفقرة السابقة.

ثانيا: تعتبر الرسوب في المرحلة الواحدة السابقة لغير سبب مذكور في الفقرة السابقة لتاريخ صدور هذا القرار سنة رسوب واحدة لاغراض تنفيذ هذا القرار.

ثالثا: تعامل معاهد المعلمين ذات السنتين بعد الدزاسة الاعدادية معاملة الدراسة الاعدادية فيما يتعلق بالرسوب والفصل بسبب الغياب وتطبق على طلابها الفقرتان(١)و(٢) من البند(اولا) من جميع الاحكام الواردة في هذا القرار.

ئەمە هەر دوو بڕیارەکەیەکە دەمانەوێت بڕیاری(تجمید) کردن بدەین لە لایەن پەرلەمانەوە، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجوومەن:**

ئێمە لە کاتی خۆیدا بڕیاری ئەوەمان دا کە بژارکردنی ئەم جۆرە بڕیارانە بکەین کە لەگەڵ بەرژەوەندیی گەلەکەمان رێک ناکەوێت و، پێموایە ئەو بڕیارانەی کە دەرچوونە لەگەڵ ئەوە رێک ناکەون و، ئەو پێشنیارەی کە ئەنجوومەنی وەزیران کردوویەتی و ناردوویەتی بۆ سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی نیشتمانیی ئەوەیە کە ئەم بڕیارە (تجمید) بکرێت.

**بەڕێز حازم ئەحمەد مەحمود یوسفی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

من سوورە لێم کە زۆربەی ئەندامە بەڕێزەکان نازانن هەردوو بڕیارەکە چین، بۆ نموونە دەڵێت ئەوی دوو ساڵ دواکەوتبێت وتەمەنی لە(١٨) ساڵ تێپەڕ بووبێ بەهۆی غیاب باشە ئەمە فەسڵ دەکرێت وقبوڵ ناکرێت زەرەری چییە لێرە؟!، هەموو ئەندامان دەپرسن کە ئەم بڕیارە خراپە، خراپ نییە ، با گفتوگۆی لەسەر بکرێت، سوپاس.

**بەڕێز کەمال جەلال غەریب:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

جاران کە قوتابی دەرنەدەچوو لە دەوامی رۆژانە دەردەکرا و دەیتوانی بەشەو بخوێنێت، ئێستا بە پێی ئەو بڕیارە لە دەوامی شەوانەکەش دەرتکرد، واتە رێگای تری نەماوە تەنها دەبوایە بچووبایە بۆ عەسکری، مادەکەی تریشیان نەوەک هەر بۆ دواناوەندیی وئامادەییە، بەڵکو پەیمانگای مامۆستایانیشی گرتووەتەوە، بۆ نموونە ئەگەر یەکێک خۆی دوو ساڵ لە پۆلێکدا دەنەچووبێت، غیاباتیش ئەگەر هەبوو دەکرێ بە ساڵێک ئەوە بووەیە(٣) ساڵ بە جارێ پشتی دە شکێنن، بەرای من ئەمە روونکردنەوەیە بۆ پرسیارەکەی کاک حازم، سوپاس.

**بەڕێز ئەحمەد تاهر ئەحمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لە کاتی خۆیدا کە ئەم بڕیارە دەرچووە، سەبارەت بە قادسیە دەرچووبوو،بۆ ئەوەی ئەو گەنجانە بە کوشتنیان بدات هەر قوتابییەکیش کاتی خۆی کە(١٨)ی تەواو دەکرد، بواری پێ دەدرا کە سالی سێیەم لە خوێندنی شەوان دەوام بکات، بەلام کە ئەو بڕیارە دەرچووو بواری ئەوەی نەدەدا کە بووە(١٨) سال چ لە ئامادەیی بێت، چ لە پەیمانگا بێت دەبێت بڕوات بۆ سوپا، ئەم بڕیارە لە بەرژەوەندیی رژێم بوو، نەک لە بەرژەوەندیی میللەتی عێراق و ئەم بڕیارە بڕیارێکی گشتی بوو و، بەتایبەتی لێرەدا بواری ئەوە درا کە بڕیارەکە پەیدا بێت، قوتابیان چوار سالیان بۆ دانرا بۆ ناوەندی وچوار سالیانیش بۆ دانرا بۆ ئامادەیی دەبێت تەواوی بکات، واتا یەک سال دەرنەچوون لە قۆناخی ناوەندی ویەک سالیش لە قۆناخی ئامادەیی، پێشتر وانەبوو پێشتر قوتابی دوو سال سێ سال ماوەی هەبوو لە دەوامی (مسائی ونهاری)، بەلام بەپێی ئەو بڕیارەی (مەجلسی قیادەی سەورە) قوتابیی هیچ ماوەیەکی پێنەدەدرا کە خوێندنی خۆی تەواو بکات، سوپاس.

**بەڕێز ئەحمەد ئەبوبەکر حەسەن بامەڕنی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەراستی لێرە باسی ناحیەی سیاسی وعەسکەری کرا، بەلام من دەبینم ئەم یاسایە دژی زانستە، یەکێک نەیتوانیوە تا تەمەنی(١٨) سال بخوێنی، یان هەندێک گیروگرفتی بۆ هاتووە نەیتوانیوە ئامادەیی لەتەمەنی(١٨) سالی تەواو بکات، ئایا دەبێت ئێمە رێگای لێ بگرین وبلێین دەبێت تۆ نەخوێنی، چونکە تەمەنی(١٨) سالی تەواو بووە؟!، سوپاس.

**بەڕێز د. عیزەدین مستەفا رەسول:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

برایان زۆر لایەنی ئەم بڕیارەیان روون کردەوە، من لەگەل ئەم روونکردنەوانەم، بەلام ئەوەی دەمەوێت زیادی بکەم ئەوەیە کە ئێمە کۆمەلە قوتابییەکی زۆرمان لە کوردستان هەیە بە هەلوەشاندنەوەی ئەم بڕیارە وەک عەرەب دەلێت:«اعادة الحق الى خسارة» بەهۆی زرووف وئازاردانی رژێمەوە نەیان توانیوە خوێندن تەواو بکەن، هەتاکو ئەگەر هەندێک یاسای نێودەولەتیش هەبێت بۆ تەمەن ئەمان لە بەر زرووفی کۆن لە خوێندن بێ بەش بوونە. بە هەلوەشاندەوەی ئەم بڕیارە کۆمەلێک قوتابی حەقیان دەدرێتێ کە خوێندن تەواو بکەن، تەنها ئەو یاسایە نییە، بەلکو کۆمەلێک یاسای تر لە زانستگاش هەیە وەک (نظام العبور) هەر بۆ ئەوە بوو قوتابیی ببەن بۆ سەربازی، ئێمە قوتابییمان هەبووە کە(٦) سالە لە بەندیخانە بووە، کە خۆی لە کۆلیژی پزیشکی بووە وئێستا لە زانکۆ دەلێن ئەمانە مافی خوێندنیان نییە و، لەم تەمەنەدا نابێت ببێ بە پزیشک لە بەر ئەوە من لەگەل هەلوەشاندنەوەی ئەم بڕیارەم، سوپاس.

**بەڕێز فـــــــرەنســـــــۆ تـۆمــــــا هـەریـری:**
**بەڕێز ســــــــەرۆکی ئـەنجــــــــــومــــــــەن.**

منیش لەگەڵ هەڵوەشاندنی ئەم بڕیارەم، سوپاس.

**بەڕێز جــــێگری ســــەرۆکی ئەنجـــــومـــــەن:**

ئەم بابەتە بە تێروتەسەلی باس کرا، ئێمە دەمانەوێت بڕیار لە سەر راگرتنی بڕیارەکە وەربگرین و، داوا لە لیژنەی یاسا دەکەین کە وەکو بڕیارێک دایبڕێژنەوە.

ئێستا دەیخەینە دەنگدانەوە کێ لەگەڵ ئەوەدایە کە ئەم یاسایە رابگیرێت؟..دەست بەرزکرایەوە.. کێ دژە؟ بەزۆربەی دەنگ وەرگیرا.

ئێستا راپۆرتی لیژنەی تەندروستیمان هەیە، ئێمە لەگەڵ د. فایەق کە هەڵبژێردراوە بۆ ئەم لیژنەیە، ئەوان هەموویان لە سەر ئەساسی سیاسی هەڵبژێردراون، هیچ لە سەر ئەو ئەساسە هەڵنەبژێراون کە ئەوانە پسپۆڕن لە مەسائلی دارایی ویاسا وتەندروستی، چونکە بەراستی مانای ئەوەی نییە هەر کەسێک لە لیژنەی یاسا بوو یاسازان بێت وئەوەی لە لیژنەی دارایی بێت مانای ئەوە نییە کە لە هەموو رووەکانی دارایی دەزانێت، دەبێ ئەم لیژنانە پشت بە رای پسپۆڕ ورای شارەزایان ببەستن و، لەگەڵیاندا کۆببنەوە و، بەپێی پێرەوی ناوخۆ دەتوانن لە کۆبونەوەکاندا ئامادە بن ، ئێستا کێشەی کشتوکاڵی لە کوردستاندا کێشەیەکی زۆر گرنگە، ئێمە لە ناو ئەندامانی پەرلەماندا گەڕاین کە لە سەر ئەساسی سیاسییەوە هاتووە بێ ئەوەی کە پەیوەندیی بە کشتوکاڵەوە هەبێت، با ئەوە بچێتە ئەو لیژنەیەوە، مانای ئەوە نییە ئەمانە پسپۆڕن لە کشتوکاڵ ئەم مەسەلەیە تایبەتی نییە، بەڵکو پەیوەندیی بە رای حزبەکانەوە هەیە.

دێینەوە سەر باسی راپۆرتەکە، بەڕێز د. فائەق لەگەڵمان بوو وەکو لیژنەیەک سەردانی هەموو دەزگاکانی تەندروستی کرا لە هەموو ناوچەکاندا، ئەویش بۆ چارەسەر کردنی گیروگرفتەکان، بەڕێز د.فایەق پێشنیارێکی باشی کرد، ئەویش کردنەوەی کارگەی بەرهەم هێنەری(ئۆکسجین)ە، بەڵام ئەم کارگەیە(١٨)ملیۆن دیناری دەوێت.

**بەڕێز د. فـــــایەق مــــحــــــەمــــــەد گـــــوڵپی:**
**بەڕێز ســــــــەرۆکی ئـەنجــــــــــومــــــــەن.**

ئەم راپۆرتەی کە ئێستا بۆ ئێوەی بەڕێزی دەخوێنمەوە، لە ئەنجامی ئەو سەردانە مەیدانیانە بووە کە خۆم کردوومە بۆ نەخۆشخانەکانی پارێزگای هەولێر وپارێزگای سلێمانی و، لە نزیکەوە لەگەڵ کۆمەڵێک پزیشکی پسپۆڕ وکارمەندانی تەندروستی دانیشتووم، هەروەها چەند جارێکیش زانیاریم لە بەڕێزان کاک حازم وکاک ئەحمەد بامەڕنی وەرگرتوە سەبارەت بە نەخۆشخانەکانی دهۆک، دوای ئەوە لەگەڵ لیژنەی تەندروستی وکۆمەڵایەتی پەرلەمان لە سەر ئەم مەسەلانە قسەمان کردووە.

## (باری تەندروستی لە کوردستاندا)

پاش راپەرینە مێژوویییەکەی بەهاری ساڵی (١٩٩١) جەماوەری شۆڕشگێڕ و فیداکاری کوردستان لە کۆچ رەوکەی هەمان ساڵ وشان بەشانی راپەرینەکانی تەمووز وئۆکتۆبەری ساڵی (١٩٩١)دا ودەزگاکانی تەندروستی بە نەپچڕاوی بەردەوام بە پێشکەش کردنی (خدمات)ی تەندروستی بۆ بریندارانی راپەڕین ونەخۆشەکانی تری میللەتەکەمان، ئەم بەردەوام بوونە لە خزمەتدا بووە و، لەلایەکەوە تا رادەیەک نەخۆشخانەکانی پاراست لە دەستی بێ بەزەییانەی تالان کەران و، لە لایەکی ترەوە پزیشک وکادرەکانی نەخۆشخانەکان، زیاد لە کرێکار وفەرمانبەرانی دامودەزگاکانی تر ماندوو بوون، بۆیە دەبێ هەمووما‌ن ئەوە بزانین، کە بەشی (خدمات) تەندروستی لە کوردستاندا، هێندە بەر شالاوی بژار کردن دەکەون، تاوەکو دامودەزگاکانی تری دەوڵەت سەر لە خۆی دەست پێبکەینەوە، بەڵکو دەتوانین بڵێین لە بواری تەندروستیدا، لە خاڵی (٧٠ـ٨٠) دەستمان پێکردووە بەرە و (٩٠ـ١٠٠) نەک بگەڕێینەوە بەرە (٤٠ـ٥٠) بینایەی هەموو نەخۆشخانەکان وەکو خۆیان ماون، پزیشکەکان تارادەیەکی زۆر لە جێگەی خۆیان ماون، ئامێرو کەرەستەی پێویستی نەخۆشخانەکان شتی وای لێ نەفەوتاوە کە ئیشوکاری لە سەر بووەستێ، هاوکاری کۆمەڵە خێرخوازەکان لە رووی دەرمان وپێویستی نەخۆشخانە ونەخۆشخانەی گەڕۆک وهێنان، دروست کردنی بینایەی نەخۆشخانە هی تر زۆر باش بووە و بەردەوامە.

ئەوەی لە سەر حکومەتی هەرێمی کوردستان وپەرلەمانی کوردستان پێویستە بۆ بەگەڕخستنی نەخۆشخانەکان لە پێناوی زیاتر وباشتر خزمەت کردنی نەخۆش و بریندارەکانمان ئیدارەیەکی بەتوانای وایە کە لە ئاستی پێویستیدا بێت وپارسەنگیەک واتە (توانەیێک) دروست بکات لە نێوان ماف وئەرکەکانی سەر شانی پزیشکەکاندا.

لەم خاڵانەی خوارەوە دا کۆمەڵێک کەموکووریی دەسنیشان دەکەین وئەیخەینە بەردەستی ئەنجوومەنی وەزیران هەرێمی کوردستان بە مەبەستی لێکۆڵینەوە وچارەسەر کردنیان:

١ـ وەکو زۆربەی وەزارەتەکانی تری حکومەتی هەرێمی کوردستان سەر پاکی فەرمانگەی تەندروستی پارێزگاکان وسەرۆکی نەخۆشخانەی شارەکان وسەرۆکی بەشەکانی فەرمانگە ونەخۆشەکان لە جێگەی خۆی دەرنەچووە کە ئەوان لە جێگە وپلەی خۆیاندا دەمێنێتەوە، ئەم لێپرسراوانە سەرەڕای ئەوەی کە لە سەردەمی رژێمی بەعس پلەیان هەبووە، ئێستاش پاشە رۆژی پلەوپایەی خۆیانیان لێ دیار نییە، لە بەر ئەو لێپرسراوانە سەیری ئەرکەکانی سەر شانیان ناکەن، پێویستە ئەنجوومەنی وەزیران ئەو لێپرسراوانە بە زووترین کات بگۆڕێت وخەڵکی تر لە جێگەیان دابنێت، یان ئەگەر بەڵگەی گۆڕینیان لەم کاتەدا نەهاتۆتە پێش با بڕیاری دامەزراندنیان بۆ دەربچێت ولە بارە انتقالیە (قلقە) رزگاریان بێت و با بۆ هەموو

کەسێک ئاییندە وئەرکی دیار بکات.

٢ـ دەوام کردنی لە نەخۆشخانەکاندا:ـ دەوام لە نەخۆشخانەکاندا لە لایەن پزیشک وکادرەکانەوە لە ئاستی پێویست دا نییە، بەیانیان زۆر درەنگ دێنە نەخۆشخانە، کە دێنە نەخۆشخانەکانیش زۆربەی کاتەکەیان بەبێ سوود بەسەر دەبەن، پێش ئەوەی دەوام تەواو بێت کارمەندەکان نەخۆشخانە بەجێ دەهێڵن، چونکە لە سزا ناترسن.

٣ـ بردنە دەرەوەی دەرمان وکەرەستەی جیراحی لە نەخۆشخانەکان لە لایەن هەندێ لە فەرمانبەرانەوە، ئەم دیاردە دزێوە پێش هەڵبژاردنی پەرلەمان ودامەزراندنی حکومەتی هەرێمی کوردستان باو بوو، بەڵام وەزارەتی تەندروستی هیچ هەنگاوێکی لەو بارەیەوە دیار نییە، بۆ رێگاگرتن لەم دیاردە دزێوانە.

٤ـ کەم بوونەوە، یان نەمانی هەندێ دەرمانی زۆر پێویست لە دەرمانخانەکانی نەخۆشخانە ودەرەوەی نەخۆشخانەکان، سەرەرای ئەوەی دەرمان هێنان لە دەرەوە ئاسانە، کۆمەڵە خێرخوازەکان هەموو کاتێک ئامادەیی خۆیان نیشان داوە بۆ بەخشینی داوودەرمان ونەخۆشخانەی گەرۆکیش.

٥ـ چەند وچۆنی ئەو دەرمان وئامێرە پزیشکیانەی کە لە رێگەی کۆمەڵە خێرخوازەکانەوە گەیشتوتە کوردستان بۆ دابین کردنی پێویستییەکانی نەخۆشخانەکان دیار نییە، چەند هاتووە، مانگانە، ساڵانە چەند دێت، چۆن سەرف دەبێت، ئەمە لوغزێکە پێویستە بە پەرلەمان وحکومەتی هەرێمی کوردستانەوە ئەم سەر و ئەو سەرەکەی بیدۆزینەوە، تا بزانین توانامان چەندە وچۆن پەرە بە نەخۆشخانەکان دەدەین.

٦ـ کزبوونی چاودێری تەندروستی، یان هەر نەمانی ئەو چاودێرییە لە هەندێ شوێن بۆ دابین کردنی مەرجی تەندروستی لەناو ژوور وهۆڵی ئوتێلەکان و لە ناو چێشتخانە و سەر مێزو قاپ وکەوچکی چێشتخانەکان و، پاراستنی کۆڵان وجادەکان لە زبڵ وپیسی وگەرەک وماڵان وهی تر.

٧ـ دیاری نەکردنی نرخی پلیتی پشکنینی پزیشکەکان لە عیادە تایبەتییەکان هەر پزیشکە و بە ئارەزووی، یان بە ویژدانی خۆی نرخی پشکینینەکەی دیاری دەکات، پێویستە لیژنەیەکی تایبەتی دروست بکرێت چاو بگێرێت بەو گۆرانکاریانەی بە سەر نرخی دیناردا هاتووە لەگەڵ پسپۆری، یان شارەزای پزیشکەکاندا وئەوجا نرخی پشکنین هەر پزیشکێک بەپێی پسپۆری دیاری بکات.

٨ـ دانانی عیادەی تایبەتی لە لایەن هەندێ پزیشکەوە بەبێ ئیزنی فەرمانگەی تەندروستی ئەو شارە، یان پێش ئەوەی پزیشکەکە (تدرجی طبی) تەواو بکات، ئەم کەسانە سوودیان لەو لێشاوە ئیداریيە وەرگرتووە لە لایەکەوە، لە لایەکی ترەوە لە سێبەری هەندێ حزبەکاندا، مەسئوولی ناياسایيان لێ هەڵکێشاوە.

٩ــ کردنەوەی عیادەی نەخۆش بینین لە لایەن هەندێ لە (معاون طبی) وبرینپێچەکانەوە لەناو شارو قەزا و ئۆردوگاکاندا بەم شێوەیە نەخۆش دەبینن، هەرچەندە ئەم کارە لە لایەن ئەو کەسانەوە کارێکی زۆر ناياساييە و، نەخۆش سوود لەو علاجانە وەرناگرێت ئەم دیاردەیە هەر زۆر نا بەجێیە و، پێویستە بە زووترین کات وەزارەتی تەندروستی بە هاوکاری وەزارەتی ناوخۆ هەنگاو بنێن بۆ نەهێشتنی.

بڕگەی دووەم:ــ پزیشک وەکو کادرێکی زانستی هەرە پێویستی ناو کۆمەڵەکەمان ئەرکی سەر شانی ئەوە، لە ڕێگەی زانستەکەیەوەی بەرامبەر نەخۆش وبریندار ئەنجام دەدات، پێویستە ئەم راستیانەی لای خوارەوە بەرامبەر پزیشکەکان رەچاو بکەین، بۆ ئەوەی بەشێوەیەکی ڕێکوپێک سوود لەتواناییان وەربگرین.

١ـ شارەزای لە زانستی پزیشکی تایبەتە بە پزیشکەکانەوە پزیشکی وەکو سیاسەت وئەدەب نییە، هەموو هاوولاتییەک بۆی هەبێت دەستی بۆ ببات ومعامەلەی لەگەڵدا بکات بێجگە لە پزیشکەکان.

٢ــ لە زانستدا و لەوانەش لە پزیشیکدا دیموکراتیەت نییە، هاوولاتی بۆی نییە نەخۆش بۆی نییە، چی بوێت وچۆنی بوێت لە پزیشکەکەی بخوازێت بۆی بکات، ئەگەر بۆی نەکرد بکەوێتە رەخنە وگلەیی کردن.

٣ــ پزیشکیی زانستێکی خزمەت گوزاری زۆر پێویستە بەشێوەیەک کە، ئەگەر بۆ ماوەی چەند رۆژێک لە هەر شارێکدا دەرگای نەخۆشخانە دابخرێت کارەسات دروست دەکات.

٤ــ لە شۆڕشی رزگاریخوازی گەلی کوردا، شۆڕشی ئەیلوول، یان شۆڕشی نوێ، پزیشکەکان هەردەم لە پێشەوەی خەڵکە شۆڕشگێڕەکانی کوردستان بوونە بەکار وبە کردەوە بە شداری شۆڕشیان کردووەو، یان بەهەڵوێستی شۆڕشگێڕی وکاری نهێنی لە ناو شارەکاندا.

٥ــ رژێمی فاشی بەغدای خوێن مژ رقێکی ئەستووری دروست کردبوو بەرامبەر بە پزیشکەکان لە بەر ئەوە بوو ژمارەیەکی زۆر کەم لە پزیشکەکان ملیان دابووە بەر رژێمەکەی.

٦ــ لە راپەرینی بەهاری ساڵی١٩٩١ پزیشکەکان بەو پەڕی توانا و لە خۆ بردنەوە ئەرکی سەر شانی خۆیان جێبەجێ دەکرد لە چارە سەرکردنی بریندارەکانی پێشمەرگە وجەماوەردا، ئەگەر هات و رەچاوی ئەم خاڵانەی سەرەوەمان نەکرد وکوێرانە هەڵکوتینە سەر پزیشکەکان وەکو راگەیاندنی هەندێ لە حزبەکان کە جارجار بەر دەبنە گیانی پزیشک وپیشەی پزیشکی، یان بەر دەبنە گیانی پزیشکێکی ناوبرا و کێشە وگێرە بۆ دکتۆرەکان دروست دەکەن بۆ چارەسەرکردنی ئەم کێشانە وبۆ ئەوەی دووبارەی ئەکەینەوە پێشنیار دەکەم:

١ــ پەرلەمانی کوردستانی بەڕێز ئاگاداری سەرکردایەتیی سیاسی بەرەی کوردستانی بکاتەوە بەنووسین کە چی تر راگەیاندنی ئەو حزبانە توانج لە پزیشکەکان نەدەن، هەر رەخنە وگلەیەکیان هەبێت لە ڕێگەی فەرمانگەی تەندروستی شارەکانەوە و لە ڕێگەی کۆمەڵەی

پزیشکی کوردستانەوە، یان لە ڕێگەی پەرلەمانەوە ئاراستەی بکەن نەک لە ڕێگەی ڕۆژنامە وتەلەفزیۆن ورادیۆدا.

٢ــ پەرلەمانی کوردستان وحکومەتی هەرێمی کوردستان، کۆمەڵەی پزیشکی کوردستان بەرەسمی بناسینێت وەکو نقابەی پزیشکی بۆ ئەوەی کەموکوورپی پزیشکەکان لە ڕێگەی نقابەوە چارەسەر بکرێت، یان لیژنەیەکی هاوبەش دروست بکرێ لە نقابە وکۆمەڵەی پزیشکی، ئەو لیژنەیە بەرەسمی بناسرێت بۆ ئەوەی چارەسەری کێشەی پزیشکەکان بکات.

٣ــ ژمارەی پزیشک هەتا زیاد بێت باشترە، ژمارەیەک پزیشکی کورد لە دەرەوەی وڵاتن، خوێندنیان تەواو کردووە وپسپۆڕن گەلەکەمان زۆر پێویستی پێیانە هەیە، داواکارم پەرلەمانی کوردستان بانگەوازێک بنێرێت بۆ ئەو پزیشکە کوردانەی دەرەوەی وڵات کە بگەڕێنەوە و، ڕێز و پێزانینیش دیاری بکرێت بۆ ئەو پزیشکانەی کە لە کوردستاندا خزمەتیان کردووە.

٤ــ ئەنجوومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان چاوێک بخشێنێت بە مووچەی پزیشکە موقیمەکان و، ئەوە لە بەرچاو بگرێت کە پزیشکی موقیم(٢٤) سەعات لە نەخۆشخانەدایە و مافی ئەوەی نییە کە عیادەی تایبەتی خۆی هەبێت ولە دەرەوەی نەخۆشخانە کار بکات، لەگەڵ دابەزینی نرخی دینار وگرانی ڕەچاو بکات.

٥ــ داوا لە ئەنجوومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان دەکەین کە بەشی خوێندنی باڵای پزیشکی لە زانکۆی سەلاحەدین بکرێتەوە و ئەوەی لە هەمان کاتدا دێتە دی ولە تواناداا هەیە(دبلوم لە جراحە وباطنیە)دا بۆ ئەوەی ئەم موقیمانە تەدەرجیان تەواو بکەن و، بۆ یان هەبێت پەسپۆڕی وەربگرن وبییانەووی پسپۆڕیەوە لە کوردستان دەچنە دەرێ.

٦ــ لیژنەیەکی لێکۆڵینەوە دروست بکرێت بۆ لێکۆڵینەوە لە هۆ وئەنجامی داخستنی دەرگای هۆڵی عەمەلیات لە نەخۆشخانەکانی پارێزگای سلێمانی، ئایا لە ئەنجامی نەبوونی پێویستییەوە هاتووە، یان لە کەموکوریی لێپرسراوانەوە، هۆیەکەی هەرچی بێت جەماوەری هەژار باجەکەی دەدات ودەبێت لە نەخۆشخانەی ئەهلی عەمەلیات بکات بە پارەیەکی زۆر.

٧ــ لە بەر ئەوەی پارێزگای کەرکوک نەخۆشخانەی گەورەی نییە لە سنوورە ڕزگارەکەیدا، پێشنیار دەکەین حکومەتی هەرێمی کوردستان و، وەزارەتی تەندروستی بە هاوکاری کۆمەڵە خێرخوازەکان، نەخۆشخانەیەک لە شاری دەربەندیخان دامەزرێنن کە بتوانێ پێویستی نەخۆش وبریندارەکانی چەمچەماڵ وکفری وکەلار ودەربەندیخان جێبەجێ بکات و، هەروەها ئەم کارەش پێویستی بە پارە نییە، چەندان نەخۆشخانەی گەڕۆک هەیە ئاگادارم لە سلێمانیش نەخۆشخانەیەکی گەڕۆک هەیە، دەربەندیخان پێویستی بە یەکێک لەونەخۆشخانانە هەیە، لەگەڵ گواستنەوەی چەند پزیشکێک کە لە زۆر شوێندا پزیشکێکی زۆر هەیە.

٨ـ هەروەها بۆ زیاتر خزمەت کردنی جەماوەری چەوساوەی گەرمیان وبۆ گەیاندنی شاری چەمچەماڵ بەشاری دەربەندیخان داوا کارین کە هەوڵ بدرێت رێگەی سەنگا و دەربندیخان بەیەک بدرێت لە رێگەی وەزارەتی ئیشغاڵ و نیشتەجێ کردن و رێکخراوەکانەوە، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجوومەن:**

زۆر سوپاسی لیژنەی تەندروستی دەکەین بۆ ئەو راپۆرتەی کە پێشکەشیان کرد، پێمولیە ئەو راپۆرتە لە پاش لێکۆڵینەوە و باس کردنی ئاراستەی ئەنجوومەنی وەزیران بکرێت، پاش ماوەیەک خۆمان داوا لە وەزیری تەندروستی دەکەین کە لەگەڵ دوو ئەندامی لیژنەکە کۆبێتەوە، بۆ باس کردنی ئەم خاڵانەی کە لەم راپۆرتەدا هاتووە، هەروەها پێشنیاری ئەوەش دەکەین کە لیژنەیەکی هاوبەش لە ئەندامانی پەرلەمان و وەزارەتی تەندروستی سەردانی مەیدانی هەموو پارێزگاکان بکەن و، لە بارەی تەندروستییەوە راپۆرتێکی هاوبەش ئامادە بکەن، تاوەکو بزانین چ شتێک لەوانە دەتوانرێت جێبەجێ بکرێت، بۆ جێبەجێ کردنیش پەرلەمان هاوکاری دەکات.

**بەڕێز کەمال ئیبراهیم فەرەج شالی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئەم راپۆرتە زۆر رێکوپێکە وزۆر شتی ئیجابی تیادایە، بەڵام بە رای من ئەمە یەکسەر لەگەڵ وەزارەتی تەندروستی باس بکردرایە و بزانین وەزارەتی تەندروستی چی دەکات وچی ناکات، پاشان ئاگاداری ئەنجوومەنی وەزیران بکردرایەتەوە ئەمە یەک، دووەم سەبارەت بە ئیدارەی نەخۆشخانەکانی سلێمانی من رام وایە و داوا لە ئەندامانی لیستی زەردو سەوزیش دەکەم، کە کەسانێک دابنێن بۆ ئیدارە کە پسپۆڕ و شارەزایان هەبێت، پێویست نییە سەر بە یەکێتی، یان سەر بە پارتی، یا سەر بەلایەنێکی تربن، گرنگ ئەوەیە کە ئیشەکە بە رێکوپێکی بەڕێوە بەرێت ، هەندێ مەرجی باشی تیادا بێت، چاک بێت، دز نەبێت، بەعسی نەبووبێت، پاشان با سەر بەهەر چی لایەنێک دەبێت، یاخود بێ لایەن بێت.

**بەڕێز د. نەبەز عەبدولکەریم عەبدولحەکیم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

بەراستی راپۆرتەکەی لیژنەی تەندروستی زۆر بەچاکی نووسراوەتەوە، بەڵام چەند خاڵێک هەیە پێم خۆشە کە لیژنەی تەندروستی بیداتە ئەنجوومەنی وەزیران بۆ ئەوەی یەک لا بکرێتەوە.

یەکەمیان: مەسەلەی یاسای وەزارەتی تەندروستی، تا ئێستا نەهاتووەتە پەرلەمان، جا ئەگەر ئەم یاسایە دراسەت بکرابایە لێرە ئەم خاڵانەی کە تیایدایە زۆر شت چارەسەر دەکرا، بۆ نموونە یاسایی (التدرج الطبي) و(التأمين الصحي).

دووەم: ئیزدواجیەیەک هەیە لەنێوان نقابەی(اطباء) وکۆمەڵەی پزیشکی کوردستان، چونکە هەر دووکیان یەک رۆڵیان هەیە، (نیقابە اطباء المرکزیە) بارەگای لە بەغدایە و لێرەش لقی هەیە و، کۆمەڵەی پزیشکی لێرە هەیە، دەبێت ئەم ئیزدواجیە چارەسەر بکرێت، وەکو نقابەی(پارێزەران)

دەبێت بەرەسمی نقابەیان بۆ دابنرێت ویاسایان بۆ دابنرێت.

سێیەم: پلیتی عیادە تایبەتیەکان دیاری بکرێت، بەڵام شتێکی گرنگ هەیە لە عیادە تایبەتیەکان و لە نەخۆشخانی تەئمین سەحیی، ئەویش ئەوەیە کە پلیتی ئیدارات بە(١) دینارە وبەیانیان بە(٢٥) فلسە، بەڵام لە هەندێ لە نەخۆشخانەکاندا بە دینارو نیوێکە، بە هیچ شێوەیەک نرخی پلیت دیاری نەکراوە، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ نەبوونی یاسایی وەزارەتی تەندروستی. من پێم خۆش بوو کە ئەم خاڵانە لیژنەی تەندروستی وەری بگرێت ولێیبکۆڵێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەن:**

د. نەبەز جەنابت لە لیژنەی تەندروستیت؟.

**بەڕێز د. نەبەز عەبدولکەریم حەکیم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

نەخێر.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەن:**

مادام جەنابت پزیشکی بۆ چی نەچوویتە لیژنەی تەندروستییەوە؟.

**بەڕێز د. فایەق محەمەد گوڵپی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پێشنیارەکانی د. نەبەز هەموو لە جێی خۆیەتی، بەڵام ئەم راپۆرتەی ئێمە باسی شتی ئانی دەکات، پێشنیارەکانی د. نەبەز باسی شتی ستراتیجی دەکات کە لە یاسایی وەزارەتی تەندروستی رەچارەی بکەین، ئێمە هەڵبەت پێشنیار و بۆچوونی ترمان هەیە کە لە توێی ئەوانەدایە کە د. نەبەز باسی کرد، کە دەبێت ئەمانە لە یاسایی وەزارتی تەندروستیدا هەبێت، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەن:**

لەبەر ئەوەی یاسایی کۆمەڵەکان تاوەکو ئێستا دانەنراوە، پەرلەمان ناتوانێت بڵێت من دان بەم کۆمەڵەیە دەنێم، یا نانێم.

**بەڕێز د. فایەق محەمەد گوڵپی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

تەبیعی کۆمەڵەی پزیشکی هەیەو، نقابەی پزیشکانیش هەیە، ئێستا لیژنەیەکی هاوبەش دروست بووە لە نێوان کۆمەڵە و نەقابە بۆ چارەسەر کردنی ئەو کێشانە، بەڵام ئەم لیژنە هاوبەشیە بەرەسمی کار ناکات بۆ ئەوەی چارەسەری کێشەکان بکەن و، هەندێ جار وەزارەتی ناوخۆ وئاسایش هەڵدەستی بە چارەسەرکردنی کێشەی پزیشکەکان، کە تا ئێستا لە مێژوودا شتی وا نەبووە، جا هیوادارین دووبارە نەبێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز د. قاسم محەمەد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پێشەکی سوپاس ئەو برادەرانە دەکەین کە زەحمەتیان کێشاوە و ئەم راپۆرتەیان ئامادە کردووە، ئەگەر گوێ بگرین کەم تەرخەمییەیەک لە ناوچەی دهۆک هەیە، پێویست بوو لیژنەکە سەردانی ناوچەی دەهۆکی بکردایە، یا داوای لە یەکێک لە نوێنەرانی دهۆک بکردایە کە کاتی راپۆرت نووسینەکە هاوبەشیانی بکردایە بۆ ئەوەی راپۆرتەکە تەواو بووایە ئەمە یەک.

دووەم ـ ئەوەی کە ئەندامان باسیان کرد دەربارەی دزین لە نەخۆشخانەکان، راستە ئێستا دزینی کەرەستە و دەزگا پزیشکیەکان هەیە لە نەخۆشخانەکاندا، دا هەوڵ بدەین بە زووترین کات ئەم کێشانە چارەسەر بکرێن، چونکە لە دوا رۆژدا پێویستمان بە ئەوانە دەبێت، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەن:**

دەگەڕێینەوە سەر راپۆرتەکە وتمان: پاش ئەوەی ئەو خالانەی کە باس کرا رەچاو دەکرێن و، تێبینییەکەی بەڕێز د. قاسمیش راستە کە دەڵێت: دەبێت راپۆرتەکە فراوانتر بێت و، دهۆکیش بگرێتەوە و، لە ئەنجامیشدا ئاراستەی ئەنجوومەنی وەزیران بکرێت و، داوا لە وەزارەتی تەندروستی بکرێت کە لەگەڵ دوو ئەندام لە لیژنەکە بچن سەردانی مەیدانی نەخۆشخانەکان بکەن و، لەگەڵ لێپرسراوانیان دابنیشن و بزانن کێشەیان چییە، پاشان ئەگەر ئەوە پەسند دەکەن ئەوە کۆتایی بەم خاڵە دێنین، سوپاس.

**بەڕێز حەسەن عەبدولکەریم بەرزنجی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پێشنیار دەکەم کە هەر ئێستا لیژنەی تەندروستی دروست بکرێت و، لیژنەکە دەست بەکار بێت، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەن:**

پێویست ناکات بۆ ئەم جۆرە لیژنانە دەنگدان بکرێت، چونکە لیژنەکە لە دوو کەس پێک دێت و، ئەگەر دوو پزیشک بێت باشترە لە یەکێکی تر.

**بەڕێز د. فایەق محەمەد گوڵپی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من لەگەڵ پێشنیارەکەی جەنابتاندام، بەڵام پێشنیاری ئەوەش دەکەم کە لیژنەکە لە دوو پزیشک و ئەندامێکی پەرلەمان کە سەر بە پارێزگای دهۆک بێت پێک بێنن، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئێستا کێ لەگەڵ ئەوەدایە کە پاش ئەوەی راپۆرتەکە فراوانتر دەکرێت، بدرێت بە ئەنجوومەنی وەزیران و، داوا بکرێت کە لەگەڵ وەزارەتی تەندروستی کۆببینەوە و، ئەو ئەندامانەی کە لیژنەکە دەبن پزیشک بن؟..دەست بەرز کرایەوە.. کێ دژە؟ کەواتە بە زۆربەی دەنگ پەسەند کرا.

ئێستا دێینه سەر خاڵی تازە بابەت و، گفتوگۆی(الزي الموحد)دەکەین و، ئەم پێشنیارەش لەلایەن فراکسیۆنی پارتییەوە بۆمان هاتووە، پێشنیارەکە دەڵێت: لە هەموو قوتابخانەکانی خوێندن(یەک بەرگی) هەبێت.

**بەڕێز فەلەکەدین سابیر کاکەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەم بابەتە لەگەڵ زۆر لە مامۆستا وقوتابییان باسکراوە، لە لایەکەوە لە بەر ئەوەی ئابلووقەی ئابووری هەیە بووەتە هۆی خراپ بوونی باری ژیانی خەڵکی، رەنگە(زي الموحد) بە هەموو کەسێک نەکرێت ئەمە لەلایەک، لەلایەکی ترەوە لە هەندێ لە کۆلیژ وپەیمانگاو دواناوەندییەکان، هەندێک لە قوتابییەکان جلوبەرگی وا دەکەنە بەریان کە لەوە دەچێت لە شایی ولە میهرجاندا بن، یان رۆژ نا رۆژ جلوبەرگی دەگۆڕێ، ئەمە زۆر کارێکی سایکۆلۆجی سلبی کردۆتە سەر قوتابییان وهەندێ مامۆستاش گلەییان لەم جۆرە دیاردانە هەیە، ئەگەر بکرێت بەرێگەی ئامۆژگاری لە زانکۆ و ئەگەر(الزي الموحد)یش نەبێت لێرە دوو لایەن هەیە، کە ئەوانەی هەژارن لە توانایاندا نییە (زي الموحد) بکەن، ئێمە (زي الموحد) بە سەر دەوڵەمەندەکانا بسەپێنین ئەم پێشنیارێک بوو و، پێشنیارێکی تر هەیە دەڵێت نەخێر، (زي الموحد) بۆ هەمووان بێت بۆ ئەوەی هەست کردن بە جیاوازی چینایەتی لە نێوان دەوڵەمەند وهەژاردا نەمێنێت لە ناو زانکۆ وقوتابخانەکاندا و، ئەو پێشنیارەی کە کرا وتیان :هەر چۆنێک بێت (زي الموحد) باشترە، چونکە هەندێ لە قوتابییان زۆر خشڵ دەکەنە بەریان، کە کارێکە بە هیچ شێوەیەک لەگەڵ جێگەی خوێندندا ناگونجێت، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەن:**

پێشنیارەکە ئەوە بوو کە هەموو قوتابییەک دەبێت(زي الموحد) لە بەر بکات، دەبێ دوو دەستە جلی (زي الموحد) بکات، یەکێکیان لە بەر دەکات و ئەوی تر دەنێرێت بۆ شوشتن و، بۆ هاوینیش دوو دەستە جلی(زي الموحد) دەوێت، واتە دەبێت چوار دەستە جل بکات، ئایا ئێمە بۆ ئەوەی چارەی ئەو مەسەلەیە بکەین چوار دەستە جل بە سەر قوتابییدا بسەپێنین، جا دەبێت ئەم دوو رووە بخرێتە بەر چاو.

**بەڕێز پەریخان مەحمود عەبدولقادر:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من لەگەڵ قسەکانی بەڕێز کاک فەلەکەدینم، بەڵام قۆناخەکانی سەرەتایی و دواناوەندیی خۆیان (زي الموحد)یان هەیە، سەبارەت بە زانکۆکانیش من لەگەڵ ئەوەدانیم کە ئێستا(زي الموحد)یان پێبکەن، دووەم بۆ ئەنجوومەنی کۆلیژ خۆی و مامۆستاکان خۆیان هەیە کە موحاسەبەی قوتابییەکان بکەن، مامۆستا دەتوانێت موحاسەبەی قوتابی بکات و، بڵێت بەو جلە مەیەرە موحازەرەوە، بەڵام من لەگەڵ ئەوەنیم کە لەم رۆژەدا(زي الموحد) بکرێت، سوپاس.

**بەڕێز ئەحــمــەد ئەبوبەکــر حــەســەن بامــەڕنی:**

**بەڕێــز ســـــەرۆکی ئــەنجــــــومــــــەن.**

بە رای من ئەگەر ئێمە بلێین: (زي الموحد) جێبەجێ بکرێت لە زانکۆکاندا، ئازادی ئەو کەسە پێشێل دەکەین کە نەتوانێت جلەکانی خۆی هەلبژێرێت، لە لایەکی تریشەوە من ئەوە بە بڕیاری پەرلەمــان نازانم کــە ئێـمــە دانیـشـین باسی(زي الموحــــد)ی قــوتابییــان بکەین، ئەمە ئـیـشی سەرۆکایەتی زانکۆیە، چونکە بڕیاردان لە سەر ئەمە بەراستی ئیشی ئێمە نییە، سوپاس.

**بەڕێز جـــێگری ســـــەرۆکی ئەنجـــومــــەن:**

راتان چییــە ئەمە لە لیژنەی خوێندنی بالا قسـەی لە سەر بکرێت، ئەگەر مەسـەلەکە تایبـەتە بە زانکۆوە، چونکە ئەگەر بێت وئێمە ئەم جیاوازییە چینایەتییە بگۆڕین کە لە واقیعدا ئەمە هەیە، دەبێت لە ناو پەرلەمـاندیشـدا هەمـان شت بکەین، چونکە ئێـمـە لە پەرلەمـان جلەکـانمان لەیەک ناچێت، هەروەها ئۆتۆمبیلەکانمانیش.

**بەڕێـز فــــــرەنــســـــۆ تــۆمـــــا هــەریـری:**

**بەڕێــز ســـــەرۆکی ئــەنجــــــومــــــەن.**

ئێمە پێشنیارەکەمان بەم شێوەیە نەکردووە کە بڕیارێک، یان یاسایەکی بۆی دەربکرێت، بەڵام لە ئەنجــومــەنی وەزیران دەتوانن بڕیارێک بۆ (زي الموحد)دەرکــەن کــە قــوتابییــەکـان لە زانـکۆدا هەموویان بە یەک جلولەرگ دەوام بکەن، سوپاس.

**بەڕێز جـــێگری ســـەرۆکی ئەنجـــومـــەن:**

با ئەو پێشنیـاره لێرەدا باس نەکـرێت، با لیـژنەی خـوێندنی بالا لـەگەڵ سـەرۆکـایەتی زانکۆدا چارەیەک بۆ ئەم مەسەلەیە بدۆزنەوە.

زۆر سوپاستـان دەکەین، دانیشـتنی ئەمڕۆمان تەواو بوو، سبەی دانیشـتنی لیژنەکانی پەرلەمان هەیە.

**فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵڵا**
**سکرتێری ئەنجوومەن**

**نەژاد ئەحمەد عەزیز ئاغا**
**جێگری سەرۆکی ئەنجوومەن**

**جوهر نامق سالم**
**سەرۆکی ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق**

# پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژماره(٦٥)

## سێ شەممە ڕێکەوتی ١٩٩٢/١٢/١٥

# پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژماره(٦٥)

## سێ شەممە رێکەوتی ١٥/١٢/١٩٩٢

***کاتژمێر(١٠)ی سەرلەبەیانی رۆژی سێ شەممە رێکەوتی ١٥/١٢/١٩٩٢ ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستان بە سەرۆکایەتی جێگری سەرۆک بەڕێز نەژاد ئەحمەد عەزیز ئاغا و، بە ئامادە بوونی بەڕێز فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵلا سکرتێری ئەنجوومەن، دانیشتنی ژمارە(٦٥)ی خولی یەکەمی ئاسایی ساڵی یەکەمی خۆی بەست. سەرەتا رادەی یاسایی دانیشتنەکە لەلایەن دەستەی سەرۆکایەتیەوە چەسپێنرا و، ئەوجا بەڕێز جێگری سەرۆک بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان، دانیشتنەکەی بەناوی گەلی کوردستانەوە دەست پێکرد.***

***بەرنامەی کار:***

***١ـ ئامادە بوونی بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران.***
***٢ـ خوێندنەوەی راپۆرتی نوێنەرانی پەرلەمان لەسەر مانگرتنی شوفێری ریەکان.***
***٣ـ هەموار کردنەوەی(تعديل) برگەی(٢)ی بڕیاری قەدەغەکردنی ناردنە دەرەوەی ئامێرەکان.***
***٤ـ خوێندنەوەی وەڵامی وەزارەتی ئەشغال ونیشتەجێ کردن لەسەر پرسیاری ئەندامی ئەنجوومەن بەڕێز ئیبراهیم سەعید.***
***٥ـ خوێندنەوەی راپۆرتی لیژنەی دابەش کردنی گەنم لە کۆمەڵگای سموود.***
***٦ـ بەرچاوخستنی پرۆژەی یاسایی خوێندنی باڵا.***
***٧ـ تازە بابەت.***

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجوومەن:**

بەڕێزان سەرۆکی فراکسیۆنەکان، ئەگەر چ تێبینی، یا پێشنیارێکیان هەیە بۆ خاڵی تازە بابەت با بفەرموون.

**بەڕێز حەسەن عەبدولکەریم بەرزنجی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

هەر چەندە بەرنامەی ئەمڕۆمان زۆرخاڵی تێدایە، بەڵام من ئەم دوو خاڵەم هەیە:

خاڵی یەکەم: بێگومان کشتوکاڵ کوڵەگەی پێشکەوتنەو بنەرەتیمان ونەمانی خەڵکی کوردستانە.. رژێمی بەغدا نایەڵێت جووتیاران کێڵگەکان بچێنن وگەنم وجۆ و دەغڵودان بە بەرهەم بێنن، ئێستا هەموو جووتیارانی ناوچەکانی (شەمامک وملکیە و کەندیناوە)، قەدەغە کراون کە بچن لەوێ زەویەکانیان بکێڵن وپێشنیارەکەم ئەوەیە کە ئەندامان بیروڕای خۆیان لەسەری دەربڕن و، داوا لە(U.N)بکرێت کە هەڵوێستێک دەربڕێت بەرامبەر بە ئەم وەزعە،

تاکو جووتیارەکان بتوانن زەویەکانیان بکێڵن.
خاڵی دووەم: بۆ نویێ کردنەوەی مانەوەی (چەکوشی ئامادە) لە تورکیادا، لە راستیدا بۆ مانەوەی (چەکوشی ئامادە)داوا لە پەرلەمانی تورکی کراوە کە رەزامەندی خۆیان دەربرن بۆ مانەوەیان و، لەناو پەرلەمانی تورکیدا زۆریان هەن کە نایانەوێت نوێ بکرێتەوە، لەبەر ئەوە من بە پەسەندی دەزانم کەوا ئەم مەسەلەیە باس بکرێت و، پێشنیار دەکەم کە ئێمە وەکو پەرلەمانی کوردستان ئامادە بوونی خۆمان پیشان بدەین بۆ پێشوازی کردن لە (چەکوشی ئامادە) لەکوردستاندا، سوپاس.

**بەڕێز فـــــرەنســــۆ تـۆمــــــا هـەریری:**

**بەڕێز ســـــــەرۆکی ئـەنجــــــومـــــــەن.**

فەرمووت : دابەش کردنی گەنم بەسەر (مولگە) من راستی دەکەمەوە، چونکە (کۆمەڵگایە) نەک (مۆڵگە) ئێمە داوامان کرد کەوا یارمەتی ناوچەی گەرمیان بدرێت، بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران شتێکی چاکی کرد هەندێک گەنمی بۆ هەندێ کۆمەڵگا نارد، بەڵام هەندێ ناوچە لە گەرمیاندا بێ بەش بوون، وەکو(کفری، پێباز، کەلار)داوا لە ئەنجوومەنی وەزیران دەکەین کە بۆ ئەو سێ شوێنەش بنێرن، ئەمە یەکەم..
دووەم: رۆژی ١/٢٥ رۆژی لە دایک بوونی حەزرەتی مەسیحە، واتە جەژنە و رۆژی ١/١ جەژنی سەری ساڵە بۆ مەسیحیەکان. من پێشنیار دەکەم کەوا چ پەرلەمان، یان ئەنجوومەنی وەزیران بەو بۆنەوە پیرۆزباییەک ئاراستەی برا مەسیحیەکانی جیهان وکوردستان بکەن. ئەگەر بە پەسەندی دەزانن، سوپاس.

**بەڕێز جـــێگری ســـەرۆکی ئەنجـــوومــــەن:**

ئەگەر بەڕێزتان لاریتان نییە، با ئەم خاڵانە بڕیاری لەسەر بدرێت بۆ ئەوە لە دانیشتنی بەیانی باسی بکرێت، جا بەڕێزان سەرۆکی فراکسیۆنەکان بیروڕایان چییە لەسەر ئەم خاڵانە؟.

**بەڕێز حـــــەســــن عــــەبدولـکەریم بـەرزنجی:**

**بەڕێز ســــــــەرۆکی ئـەنجــــــــومــــــــەن.**

بێگومان چاندنی زەویوزار چەند پەلەی لێبکرێت چاکترە بۆ خەڵکی کوردستان، لەبەر ئەوەی ماوە نامێنێ و، بەڵام ئەگەر خاڵی مانەوەی(تواجدی)هێزە هاوپەیمانەکان لەتورکیا بخرێتە تازە بابەتی بەرنامەی کاری بەیانی لاریمان نییە، سوپاس.

**بەڕێزجـــێگری ســـەرۆکی ئەنجـــومــــەن:**

دەمانەوی بزانین بیروڕای سەرۆکی فراکسیۆنەکان چییە؟، بەپێی پێڕەوی ناوخۆ.

**بەڕێز فەرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

من پێموایە کە خاڵی مانەوەی هێزە هاوپەیمانەکان لە تورکیادا دوانەخرێت، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجوومەن:**

جا ئێستا بابزانین کێ لەگەڵ ئەوەدایە ئەم پێشنیارانەی کە باس کران بخرێنە بەرنامەی ئەمڕۆ؟..دەست بەرزکرایەوە..کێ دژە؟ کەواتە بەزۆربەی دەنگ وەرگیرا.. لە بەرنامەی ئەمڕۆماندا باس دەکرێن.

پرۆژەی یاسای خوێندنی باڵا لە بەرنامەی ئەمڕۆماندایە، لەکاتی باسکردنی بەرنامەی ئەنجوومەنی وەزیران ئەوە باسکرا، کە ئایا خوێندنی باڵا وەزارەتێکی تایبەتی بێت وەکو وەزارەتەکانی تر؟،ئەم مەسەلەیە بەرچاو خرا وباسی لێ کرا و، لەبەر ئەوەی یەک زانکۆ هەیە پێموایە باشترە کە ئەنجوومەنێک دابنرێت تا چەند زانکۆیەکی تر دەکرێتەوە.

پرسیارێکمان بۆ بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران هەیە، ئەویش ئەوەیە،(پاش ئەوەی کە زانکۆی سلێمانی بە دوو کۆلیژ کرایەوە و زانکۆی دهۆک بڕیاری لەسەر درا، ئایا ئەنجوومەنی وەزیران بیری لەوە نەکردووەتەوە کە وەزارەتێک دابنرێ لە جیاتی ئەوەی کە ئێمە ئەم ئەنجوومەنە دابنێین؟، جا ئەگەر بەڕێز د.فوئاد وەڵامی ئەم پرسیارەمان بداتەوە.

**بەڕێز د. محەمەد فوئاد مەعسوم/سەرۆک وەزیران:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئەوکاتەی کە ئەم پرۆژە ئامادە کرا تەنها زانکۆی سەلاحەدین و چەند پەیمانگایەک هەبوو، بەڵام دوای زانکۆیەک لە سلێمانی و زانکۆیەکیش لەدهۆک کرایەوە. لە بارودۆخی ئەمڕۆدا پێویستیمان بەوەزارەتی خوێندنی باڵا هەیە، دەتوانم بڵێم لە ماوەی مانگی رابوردوودا ئیشوکارەکان زۆربەیان سەبارەت بە خوێندنی باڵا و کێشەکانیان بوو، جا پێویستیمان بە دامەزراندنی وەزارەتی خوێندنی باڵا (العلیم العالی)هەیە. ئەم مەسەلەیە دەبێت دوابخرێت تا ئەو کاتی کە پرۆژەی وەزارەتی خوێندنی باڵا لەم رۆژانەی داهاتوودا گەڵاڵە دەکرێت، ئەوکاتە پرۆژەکە پێشکەش دەکەین.

لە ئەنجامی ئیش کردن لە ئەم ماوەیەدا هەندێ وەزارەت دوولایەنی «ازدواجیەت» کەوتۆتە بەینی ئیشەکانیان، پێویستە لێک بکرێنەوە وهەندێ وەزارەت پێویستییان پێیان هەیە لەبەر ئەوە دەبێت دروست بکرێت، لەوانەیە پێویستیمان بە هەندێ وەزیریش هەبێت. ئەو تاقیکردنەوانەی هەمانە دەیکەینە راپۆرتێک لەگەڵ پێشنیار کردنی دەنگی هەندێ لە وەزارەتەکان وکردنەوەی هەندێ وەزارەتی تازە پاشان پێشکەشتانی دەکەین، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجوومەن:**

جا لە نێوان ئەو وەزارەتانە، وەزارەتی خوێندنی باڵاشی تادا بێت، ئەگەر لاریتان نییە ئەوا

خالّی (یاسای خوێندنی باڵا) دوا دەخەین ڕەنگە زۆری پێنەچێت کە ئەنجوومەنی وەزیران ئەم کێشانە بەشێوەیەکی پێویست چارەسەر بکەن.

**بەڕێز کەمال ئیبراهیم فەرەج شالّی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

بەراستی من لەگەڵ ئەوە نیم کەبۆ (خوێندنی باڵا) وەزارەت دابنرێت، بەتایبەتی لە بارودۆخی ئێستاماندا، چونکە بەراستی ئەم دانیشتنەی ئێستامان تایبەتە بەم خاڵانەوە، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجوومەن:**

کاتێک کەیاسای وەزارەتی (خوێندنی باڵا) هاتەکایەوە و باسمان کرد ئەوکاتە بەڕێزتان مافتان هەیە لەسەر ئەم یاسا و بڵێن ئەم وەزارەتمان ناوێت، بەڵکو ئەنجوومەنی (خوێندنی باڵا) مان دەوێت، بەڵام ئێستا با ئەم مەسەلەیە باس نەکرێت.

بابەتە دەخەینە دەنگدانەوە. کێ لەگەڵ ئەوەدایە کە ئەم خاڵە پاش ئەم روون کردنەوەیە باس نەکرێت؟ ..دەست بەرز کرایەوە.. کێ دژە؟ کەواتە بەزۆربەی دەنگ وەرگیرا.

ئێستا دێینەوە سەر خاڵی یەکەم کە پرسیارکردنە لە بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران.

با بزانین پرسیارەکان چییە؟.

**بەڕێز ئازاد عەبدولقادر قەرەداغی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

پرسیارەکەی من دەربارەی برا وەزیراکان و جێگرەکانە، چونکە لە ڕاستیدا هەندێک پڕوپاگەندە لە ناو خەڵکدا بڵاوبووەتەوە کە گوایە ئەم خانووانەی بە وەزیر و جێگرەکان دراوە خەرجییەکی زۆری تیاکراوە!، داوا لە بەڕێزتان دەکەین کەوا روون کردنەوەیەکمان بۆ باس بکەن، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجوومەن:**

بەڵێ، تۆ دووخاڵی تریشت هەیە.

یەکەم: گوایا ئۆتۆمبیل دەکڕێ بۆ وەزیرەکان؟. دووەم: کەرەستە وچەکیشیان بۆ دەکڕدرێ؟..ئایا شتی وابووە؟ شتی وا رووی داوە؟.

**بەڕێز ئازاد عەبدولقادر قەرەداغی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

بەڵێ، شتی وابووە وبیستراوە ئینجا دەمانەوێ لەم سێ (بڕگە) یەوە هەندێ شتمان بۆ روو بکەنەوە و جاری وا هەیە لەناو ئەندامانی پەرلەمانیشدا ئەم شتانە باس دەکرێ، سوپاس.

**بەڕێز د. محەمەد فوئاد مەعسوم/ سەرۆک وەزیران:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

پڕوپاگەندە زۆرە، قسە دەکرێ چ بەناوی پەرلەمان، یان بەناوی وەزیرەکان قسە دەکرێت و، بە فرسەتی دەزانم کەوا ئەم مەسەلەیە هاتە پێشەوە وەگلەیی هەندێ لە وەزیرەکان کە لە پەرلەمان

هەیانە بکەم.
ئەندامانی وەزارەت گلەییان هەیە لە هەندێ هەڵوێستی پەرلەمان بەرامبەر بە وەزیرەکان، بۆ نموونە ئەندامی پەرلەمان ئامادەیی دانیشتنەکان بێت، یان نەبێت هیچ مەسئولیەتی لەسەر نییە، هەیە سێ مانگ چاوی بەئێرە نەکەوتووە کاری دەست بەرزکردنەوە و گفتوگۆ کردنە، بەڵام وەزیر دەبێت لە سەعات(٨)ی بەیانیەوە دەوام بکات و، زۆربەیان تەنانەت بەشەویش دەوام دەکەن ومەسئولە بەرامبەر بەپەرلەمان و بەرامبەر بە جەماوەر.
مەسەلەی خانوو، وەزیر بە شەویش دەوام دەکات، بەڵام ئەگەر جێگایەک نەبێت بچێت وای لێ دێت کەوا فکری نارەحەت بێت، ئەندامانی پەرلەمان خۆتان ئەم موعاناتانە دیوە، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەگەر وابێت وەزعی ئێوە وەکو وەزعی ئێمە دەبێت؟.

**بەڕێز د. محەمەد فوئاد مەعسوم/سەرۆک وەزیران:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

نەخێر، جیاوازی هەیە وەزیر ئەگەر یەکێک لە فەرمانگەیەک هەڵە، یا سەرپێچی بکات و، بەدوایدا نەچێت لێرەدا خۆتان زوو بڕوای پێنادەن ودەڵێن: ئاگای لە ئیشەکەی خۆی نییە، بەڵام ئەگەر ئەندامی پەرلەمان بێت، یان نەیەت هیچ کارێکی یاسایی لەسەر ناکەن.
دووەم: مەسەلەی خانوو،گوایە پارەی بۆ خەرج کراوە فەرموون بالیژنەیەک بچێت وبزانێ زیادە مەسرەف کراوە، یاخود هەمووی شتی پێویستە، چونکە ئەم خانووانە لە دەست خەڵکانێک بووە ئاگادارییان نەکردووە، بەڵکو کاولیان کردووە جامەکانیان شکاندووە، کاشیەکانیان دەرهێناوە،پێویستە لیژنەیەک دانرابێت بۆ لێکۆڵینەوە.
سێیەم: مەسەلەی ئۆتۆمبیل، ڕاستە بۆ وەزیر، یان هەموو وەزارەتێک ئەوەی کە پێویستییەتی ئۆتۆمبیلی بۆی بکڕێت، ئێستا بۆ دوو وەزیر ئۆتۆمبیل کراوە، چونکە پێویستیان بە حیمایە هەبووە، ئەویش بۆ شەخصی وەزیر نییە، بەڵکو کە وەزیرەکە وەزارەتەکەی بەجێ هێشت دەبێتەوە موڵکی حکومەت.
چوارەم: مەسەلەی چەک کڕین بۆ هیچ وەزیرێک چەک نەکراوە، بەڵام چەک بۆ وەزارەت دەکرێت، هەندێ لە وەزارەتەکان هەن کەوا پاسەوانەکان بێ چەکن لەبەر ئەوە فەرمانمان داوەتێ کەوا چەک بکڕن، ئەویش لە سنووری سێ چەک، یان چوار چەک.
لە سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران ئەوانەی کە هەن چەکی خۆیان پێیە، چەکەکانیان هیچی قۆناخ دار نییە بۆ هەندێ مراسیم فەرمانمان داونەتێ کەوا چوار، یان پێنج چەکی قۆناخ داریش بکڕن. تەلەفزیۆن ورادیۆی هەرێمی کوردستان چوار پێنج پاسەوانی هەیە وتمان لاریمان نییە چوار پێنج چەکیان بۆ بکڕن بەنرخێکی هەرزان، بەپێی ئەم زانیارانەی لەلای من هەیە بۆ هیچ وەزیرێک چەک نەکراوە وەزیرەکان زۆربەیان خۆیان چەکی خۆیان هەیە، سوپاس.

**بەڕێز ئازاد عەبدولقادر قەرەداغی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

من مەبەستم ئەوە نەبوو کەوا ئێمە گلەیی لە ئەنجوومەنی وەزیران بکەین و ئەنجوومەنی وەزیران گلەیی لە پەرلەمان بکات.. ئەندامانی پەرلەمان ئەوەی کە نە هاتبێ، یا کەدوا دەکەوێ ئەوە پێڕەوی ناوخۆ هەیە و، سەرۆکایەتی دەتوانێ لێبپێچێتەوە و، هەروەها مەسەلەی خانووەکان ئەوانەی کە تێکچوونە، پێویستیان بە چاککردنەوە هەیە، بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران فەرمووی با لیژنەیەک بەدوایدا بچێت و بزانێ چەند پارەی تیا خەرج کراوە، تاکو وەڵامی خەڵکی پێ بدەینەوە، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجوومەن:**

بەدواداچوونەوە تەنها بە خاوەنی پرسیارەکە دەدرێت، ئێمە کەباسی ئەم مەسەلە دەکەین لەراستی زۆر لەجێی خۆی نییە، نابێت بەراوردی ئەندامی پەرلەمان بە وەزارەتەوە بکرێت، چونکە کارەکانیان جیاوازی هەیە، بەپێی پێڕەوی ناوخۆی هەردوو ئەنجوومەن ئەوەی کە ئەندامی پەرلەمان دەڕوا بۆ شوێنێک، یان ئەندامە لە لیژنەیەک و راسپێدراوە بۆ ئیشێک هەر وەکو ئەو وەزیرەیە کە دەوام ناکات و، رەنگە مەسەلەکە کەوا وەزیرەکان لە(٨)دەوام دەکەن، بەرای من ئەوە هەر چۆنێک بێ مبرری ئەوە نییە کەوا ئەو بڕوا گشتیەی کە ئێمە دامان ناوە و وابزانم بەڕێز د.فوئادیش لەدژی ئەم بڕوایە نییە بەتایبەتی لە بارودۆخی ئەمڕۆی کوردستاندا، پێویستە (تقشف) بکرێ، لەبەر ئەوە پەرلەمان حەقی ئەوەی هەیە کەوا جەخت بکات لەسەر کاروباری ئیداری هەموو کوردستان و بەراستی ئەوەی لەگەڵ (تقشف) نەبێت، پێویستە ئەنجوومەنی وەزیران خۆی بەرپرسیار بێت لەهەموو ئەو شتانەو لێکۆڵینەوەی لێ بکات.

وبۆ مەسەلەی ئۆتۆمبیل ئەوانەی بەڕێز د.فوئاد باسی کرد پێویستە لە هەموو وەزارەتێک ئۆتۆمبیلێک هەبێت. هەمووتان دەزانن کە باری مادی جەماوەر و خەڵک باش نییە و، کە وەزیرێک دەڕوات جامبۆیەک دەکرێت، یان مارسیدسێک دەکرێت ئەمە بۆ نموونەیە، یا ئەمە کۆنە، ئەگەر کۆنیش بێت لەوانەیە چوار هەندی لێ خەرج بکات لەگەڵ ئەوەشدا پێویستە وەزیرەکانی کوردستان ببنە نموونە بۆ وەزیرەکانی وڵاتانی تر، ئەگەر بچێت بەرازیلییەک بکرێ ئەمە لە شان وقەدری وەزیر کەم ناکاتەوە، لەبەر ئەوە دەبێت بەقەدەر بەڕەی خۆمان پێ رابکێشن.

سەبارەت بە خانووەکانیش وەک جەنابت فەرمووت ئەو خەڵکانەی کە تیایدا بوون خەڵکێکی بێ رەحم و بێ مەبدەء بوونە، جا بۆیە منیش بۆ بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیرانم نووسی کە ئەو خەڵکانە سزا بدرێن وپێشکەشی دادگا بکرێن وداوای قەرەبوویان لێ بکرێت و، ئەم خانووانە هی وەزارەت بێت، یاخود هی پەرلەمان بێت، چاک کردنەوەیان لەسەر ئێمەیە و ئەم چاک کردنەوەش زۆری تێ دەچێت.

**بەڕێز فـــــرەنـســـــۆ تـۆمـــــا هـەریری:**

**بەڕێز ســــەرۆکی ئـەنجـــوومـــــەن.**

بەڕێز د. فـوئاد تەنها وەڵامی پرسیارەکەی نەدا، بەڵکو باسی هەندێک شتی تری کرد. لەبەر ئەوە من پێشنیار دەکەم کەوا ڕێگە بە بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان بدرێت کە بەرگری لە خۆیان بکەن، چونکە ئێمە لێرەدا دانەنیشتوون تەنها دەست بەرز بکەین ودەست بهێننە خوارەوە، سوپاس.

**بەڕێز د. محەمەد فوئاد مەعسوم/سەرۆک وەزیران:**

**بەڕێز ســــەرۆکی ئـەنجـــوومـــــەن.**

من دێمەوە سەر ئەو دوو خاڵەی کە ئێستا باسکران:

یەکەم: (تقشف)لە ئەنجوومەنی وەزیران ئەم بڕیارە درا و بەسەر هەموو وەزارەتەکان وفەرمانگە کە دەبێت (تقشف)بکرێ و نابێت هیچ خەرجییەکی زیادە بکرێت.

دووەم: پەرلەمـان حـەقی خـۆیەتی وئەرکی سـەرشـانی ئەوەیە کـەوا لە ئەنجـوومـەنی وەزیران بکۆڵێـتـەوە و، لەسـەر ئەو بنەمـا هەڵوێسـتی خـۆی بزانێت چۆنە و چۆن نیـیـە و، بڕیاری خۆی هەبێت. باسی گلەیی کرا، گلەیی کردن شـتێکەو(طعن)شتێکی ترە لە ڕاستی گلەیی دەکرێت، ئەوانیش شتێکیان هەیە واتە گلەییان هەیە نەک (طعن). پەرلەمان لە هەموو ولاتێک هەروەک ئێمە هەوڵ دەدەین ولاتی ئێمەش ولاتێکی دیموکراتی بێت و، پەرلەمـان گەورەترین دەسەلاتە کە دەتوانێ لە گەورەترین کەس بکۆڵێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز جـــێگـری ســــەرۆکی ئەنجـــوومـــەن:**

ئەم بابەتە تەواو بوو و ئێمە بەوە کۆتایمان پێهێنا کەوا مەسەلەی(تقشف)کە بڕوایەکی بنچینەیی بێت بۆ ڕۆیشتنی کاروبار.

**بەڕێز حـــســـــەن عــــبدولـکەریم بەرزنجی:**

**بەڕێز ســــەرۆکی ئـەنجـــوومـــــەن.**

من دەمـەوێت چارەسـەرێکی ناوەندی بۆ ئەم مـەسـەلەیە دابنرێت و، دەمـەوێت بەرگـری لەخـۆمـان بکەم، سوپاس.

**بەڕێز فـــــرەنـســـــۆ تـۆمـــــا هـەریری:**

**بەڕێز ســــەرۆکی ئـەنجـــوومـــــەن.**

داوا دەکـەم بۆ دوو بەیانی، یان ڕۆژی شـەممە ئەو وەزیرانەی کـە گلەییـان هەیە بێن دابنیـشن گفـتوگـۆیان لەگەڵدا بـکەین، بابزانین ئێـمـە لێـرەدا دانیـشـتووین تەنها بۆ دەست بەرزکردنەوە و دەست هێنانە خـوارەوە، یان بە ئارەزووی خـۆمـان دەوام دەکـەین دەوام ناکـەین، هەقـە ڕێگە بە ئەندامانی پەرلەمان بدرێت کە بەرگریی لە خۆیان بکەن، سوپاس.

**بەڕێز جـــێگـری ســــەرۆکی ئەنجـــوومـــەن:**

ئەرکی پەرلەمان جیاوازی هەیە لەگەڵ ئەرکی وەزارەت، وەزارەت(٨)سەعات، یان(١٠)سەعات

دەوام دەکات ئەمە فەرمانێکی خۆیەتی، ئەندامی ئێمەش دەچێت بۆ ئۆردوگای سموود بۆ دابەش کردنی گەنم کە لەلایەن ئەنجوومەنی وەزیرانەوە دابەش کراوە و، ئەو ئەندامانەی کە دەچن بۆ دێهات و شارو شارۆچکەکان ژیانیان لە مەترسیدایە، هیچ یەکێکیان کەموکوورییەکیان نە نواندووە لە کاروبارەکانیان. ئێمە ئەنجوومەنی وەزیران وا دادەنێین کە لە خۆمان هەڵقولاون و، هیچ دژایەتییەک لە ئێمە وئەنجوومەنی وەزیراندا نییە.

لێرە ماوە دەدەین بە ئەندمانی پەرلەمان کەوا بۆ خۆیان قسە بکەن، فەرموون لە هەردوو فراکسیۆن یەکی دوو کەس قسە بکات.

**بەڕێز حەسەن عەبدولکەریم بەرزنجی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

بێگومان وەزیر ماندووە بە وەزارەتەکەی، بەڵام ئەندامی پەرلەمان ماندووە بە چاودێری کردنی (١٥) وەزارەت، وەزیر لەیەک گۆشەوە تەماشای کوردستان دەکات، ئێمە لە هەموو گۆشەیەکەوە تەماشای کوردستان دەکەین، لەبەر ئەوە منیش لەگەڵ پێشنیارەکەی کاک فرنسۆدام . خاوەنی گلەییەکان بێنە بەرەو روو وهیچ لاریمان نییە، ئەگەر گلەیەکانیان راست بوو ئەوا بەدڵێکی فراوان پێشوازی لێ دەکەین و، ئەگەر راست نەبوو ئەوکاتە ئێمە گلەییمان هەیە دەبێت ئەوان خۆیان راست بکەنەوە، سوپاس.

**بەڕێز عەبدولخالق محەمەد رەشید زەنگەنە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

حەز دەکەم سەرۆکایەتی پەرلەمان ماوە بداتە ئەندامانی پەرلەمان کە قسە بکەن، تەنها سەرۆکی کتلەکان گشت شتێک نین، سەبارەت بە پرسیارەکەی بەڕێز کاک ئازاد، بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران تەئکیدی کرد کە شتی وا هەیە و تەنها برگەیەک نەبێت کە دەڵێت: (چەکمان نەکریوە بۆ وەزیر، بەڵکو بۆ وەزارەت کراوە)واتە ئەو پروپاگەندەیەی کە بڵاو بۆتەوە لە ناو خەڵک و لە ناو پەرلەمان راستە، بەڵام هەندێ کەسی خراپ وای لێ بکەن کەوا بە خراپە بگەڕێتەوە بۆ سەر حکومەت وپەرلەمانی کوردستان، بە رای من مەسەلەکە دوو لایەنی تیادایە کە لایەنێکیان بە(تقشف)وە بەستراوە و، سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران زۆر بە ئاشکرا وتی: کە ئێمە لە زۆر وەزعێکی ناسکین و، ئەو بڕیارەی کە وەریان گرتووە کەوا بۆ وەزیر هەیە(١٤٠,٠٠٠)دینار بۆ سەیارەیەک، یان(٣٠,٠٠٠)،یان(٤٠,٠٠٠) بۆ چککردنەوەی ماڵەکانیان، ئەمە شتێکی زۆرە و ناگونجێت لەگەڵ بارودۆخی ئابووری ئێستای کوردستاندا، من لەگەڵ ئەوەدام وەزیر بۆی هەبێت سەیارەیەکی بۆ بکڕێ لە(٥٠,٠٠٠)دینار زیاتر نەبێت. ئەوە سیاسەتی (تقشف)ە جگە لەوە هەندێ وەزیر هەیە زۆر لەوە زیاتری کردووە سەیارەی کڕیوە لەسەر ئەوەش(١٤٠,٠٠٠)دینارە کەشی دراوەتێ، لە حسابی خۆی بێ، یاخود حزبەکەی بێت، خەڵکی ئەمە نازانێ. من پێموایە ئەنجوومەنی وەزیران چاوێک بەم جۆرە بابەتانە بخشێنێتەوە و

مـەجـاڵ نەدەن بەم زیادە مـەسـرفـە. بەڕێز سـەرۆکی ئەنجـوومـەنی وەزیـران بەراوردی لە نێـوان ئەنجوومەنی نیشتمانیی وئەنجوومەنی وەزیران کرد، کەوا ئیشی پەرلەمان تەنها دەست هەڵبڕین ودەست داگرتنە، بە رای بەڕێز سەرۆک وەزیران ئەم برگەیە بکێشێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز ئیبراهیم سەعید محەمەد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئێمە فەرمانبەری دەوڵەت بووین پێش ئەوەی بێینە پەرلەمان و ئیلتزاماتمان بەو چینەی خۆمان هەبوو و، رەنگە زۆر لە ئێمە (شکرو تقدیر)مان هەبوو بێت، بەڵام کە هاتە ناو پەرلەمان ئیشەکەی گۆڕا لێرە لە سەعات(٩)ی بەیانی پەیوەندیمان لەگەڵ جەماوەر هەیە و، کێشەکانی خەڵک بەرچاو دەخەین وحەز دەکەین گفتوگۆی بکەین. بەپێی پێڕەوی ناوخۆ نابێت هەموو ئەندامانی پەرلەمان قسە لەسەر هەر بابەتێک بکەن، خۆتان دەستنیشانتان کردووە کە دەبێت لە هەر فراکسیۆنێک دوو کەس، یان سێ کەس قسە لەسەر بابەتێک بکەن.

مەسەلەی دەنگدان ئەمە شتێکی سروشتییە ولە هەموو پەرلەماناتی دونیادا دەنگدان هەر بەم شێوەیە دەکرێت و، ئێمەش لە هەموو ئاستە رۆشنبیریەکانمان هەیە کە بتوانین بڕیار بدەین وبزانین لەگەڵ ئەو رایە بین ،یان لەگەڵ ئەو رایە نەبین.

لە بارەی بابەتی سەیارەوە من زۆر زانیاریم هەیە، لە دهۆک بیستم کەوا نەک تەنها وەزیرەکان، بەڵکو فەرمانبەرەکانیش (١٠٠,٠٠٠تا ٢٠٠,٠٠٠) دیناریان داونەتێ و وتیانە بۆ خۆتان برۆن سەیارە بکرن، وای لێ هاتووە لە دهۆک کە دەلالەکان دەچن بە مەسئولەکان دەڵێن ئەم جۆرە سەیارەم بۆت هێناوە، بە رای من باشترە ئەوەیە کە وەزارەت خۆی سەیارە بۆ فەرمانبەرەکانی بکرێت، نەک بۆ خۆیان بچن سەیارە بکرن، سوپاس.

**بەڕێز فەرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

منیش هەر لەگەڵ بیروڕای ئەو ئەندامانەم کەوا قسەیان کردووە، بەڵام دوو تێبینیم هەیە:

یەکەم: هەروەک بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران وتی: هەندێ ئەندام هەن سێ مانگە دەوامیان نەکردووە، ئەگەر جەنابی سەرۆکی وەزیران ناوی ئەو ئەندامانەمان بۆ بڵێت، تاوەکو بەپێی پێڕەوی ناوخۆ رەفتاریان لەگەڵ بکەین.

دووەم: بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن وتی: لەوانەیە ئەندامی پەرلەمان ئیشوکاری تەنها دەست بەرزکردنەوە بێت واتە گفتوگۆ تەنها (نعم ولا)بێت، ئەندامی پەرلەمان بەرپرسیارە بەرامبەر بەمیللەت و ئەمەش گەورەترین بابەتە هەروەکو خۆتان دەزانن، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجوومەن:**

هەروەک بڕیارمان دا کەوا لەهەر فراکسیۆنێک دووکەس قسە بکات ئەوە دووکەس قسەی کرد لەهەر فراکسیۆنێک، ئێمە تەئکید لەسەر شتێک دەکەین ئەویش ئەوەیە کەوا هەموو ئەم

گفتوگۆیانە ئەوە ناگەینێ کە پەرلەمان لەگەڵ وەزارەتدا لە ناکۆکین، بەپێچەوانەوە بەهاوکاری لەگەڵ یەکتردان وپەرلەمانیش زۆر ئاگاداری ئەوەیە، جەماوەریش تەقدیری ئەوەی هەیە کەوا وەزارەت توانی لە ماوەیەکی کەمدا تارادەیەکی زۆر حوکمی یاسا دابنێت، دیاردەی چەکداری کەم بکاتەوە و، دەزگای پۆلیس وئاسایش دابنێت و، لەهەمان کاتیشدا کەوا هەموومان بەچاوی خۆمان دەبینین کە کۆنترۆڵی ئەو یارمەتیانەی کرد کەوا لە دەرەوە دێن بۆ کوردستان، مایەی شانازییە یەکێک لە ڕێکخراوە دەوڵەتیەکان کەوا لە یەکێک لە چاوپێکەوتنەکاندا لێپرسراوی (یونیسێف)دەڵێت: بەراستی ئەم شتە دەبێت شانازی پێبکرێت کەوا وەزارەت بتوانێ ئەم جۆرە روونکردنەوانە بکات.

ئەم جۆرە راوبیر و پرسیارانەش دیاردەیەکی دروستە لە نێوانی پەرلەمان وەزارەتدا لەبەر ئەوە دەبێت هەموو لایەک بە دڵێکی فراوانەوە پێشوازی لەم دیاردەیە بکەن و بەشتی ئاسای وەری بگرن. بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیرانیش تەئکیدی لەسەر ئەوە کرد کە دەبێت لە هەموو لایەک(تقشف)بکرێت و، ئێمەیش تەئکید لەسەر ئەوە دەکەین کەوا هەموو برادەران ئەمە رایان بێت کەوا هیچ دیاردەیەکی وا نابێت ببێتە هۆی لاواز کردنی وەزارەتەکەی خۆمان .

سەبارەت بە چاک کردنەوەی خانووەکانیش، راستە ئەم خانووانە وای لێهاتووە کە خەڵکی ناتوانن تیایدا بژین، بۆ لەبەر ئەوە پێویستی بە چاک کردنەوە هەیە، پێویستی بە خەرجیش هەیە، بەڵام لە سنوورێکی مەعقول دا.لێرە بەقسەیەکی کورتی بەڕێز د.فوئاد ئەم خاڵە دادەخەین، سوپاس.

**بەڕێزد. محەمەد فوئاد مەعسوم/سەۆک وەزیران:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

من لەسەرەتادا وتم هەندێ لە برادەرانی وەزارەت گلەییان هەیە دیسان دەڵێمەوە«گلەیی» و، بەراستی ئەگەر قسەکە شیی بکرێتەوە کە بەراوردی ئەم پەرلەمانە دەکرێت لەگەڵ هەندێ پەرلەماناتی کارتۆنی، وابزانم ئەمە زوڵمێکە لە خۆمانی دەکەین و، کەسیش حەدی ئەوەی نییە بێت ئەم جۆرە بەراوردە بکات، ئەگەر قسەیەکیش بکرێت لەوانەیە لەلایەنی دەربڕینەوە ئێمە حیسابی بۆ بکەین، نەک بە توانجەوە، واتە بەشێوەی گلەییەک لە نێوان پەرلەمان وەزارەتدا، من حەز دەکەم لەگەڵ وەزیرەکاندا دانیشتنێک بکرێت وگوێ بدەنە موعاناتی ئەوانیش.

ئەو خانووانەی چۆڵ بووە باوەڕ ناکەم هەر یەکە بە(٣٠) هەزار دینار چاک بکرێتەوە، بەڵام هەر خانووی بە(٥٠ تا ٧٠)هەزاریش چاک ناکرێتەوە و، وەکو وتیشم ئێمە لە ئەنجوومەنی وەزیران بڕیاری (تقشف)مان دەکردووە و بە سەر هەموو وەزارەتەکاندا بڵاو دەکرێتەوە، بەڵام(تقشف)یش رادەیەکی هەیە وزیادە مەسرەفیش رادەیەکی هەیە، من جەخت لەسەر ئەوە دەکەمەوە کەوا ئێمە هەموومان لەگەڵ(تقشف) داین و ئاگامان لەو مسەلە هەیە، بەڵام تکام وایە کە لە مەسەلەکە وا تێنەگەن کە لە ئەنجوومەنی وەزیران هەندێ وەزیر دێن و (طعن) لە پەرلەمان دەدەن و، ئەنجوومەنی وەزیرانیش لێی بێدەنگ دەبێت، چونکە شتی وا نەبووە و قەت رووی

نەداوە ئەوانە هەر یەکەیان، ئەگەر ئینتمای تەواوی حزبێکی نەبێت لایەنگری یەک لە حزبەکانە و، هەردوو حزبیش بەتەئکید پشتگیری پەرلەمان وئەنجوومەنی وەزیران دەکەن، ئەوانەی کەوا لە ئەنجوومەنی وەزیرانن کەسێکیان لەوەدا نین کەوا خوانەخواستە بێن(طعن) لە پەرلەمان وئەندامانی پەرلەمان بدەن، بەڵام دیسان دەگەڕێمەوە سەر وشەی (گلەیی)وحەز دەکەم دانیشتنێک هەبێت وگوێ بدەنە موعاناتی ئەوانیش، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجوومەن:**

زۆر سوپاس بۆ ئەو روونکردنەوانەی د. فوئاد فەرموو کاکە سەید حەسەن جەنابت پرسیارێکت هەبوو.

**بەڕێز حەسەن عەبدولکەریم بەرزنجی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

قوتابیەکانمان ئەوانەی لە کە دەرەوەی هەولێرەوە دێن بۆ زانکۆ باری ئابووریان زۆر خراپە و، بریار وا بوو کەوا(١٠٠)دینار بۆ ئەوانەی دەرەوە و(٣٠)دیناریش بۆ ئەوانەی ناو هەولێر مانگانە خەرج بکرێت، لەکۆبوونەوەی رابردوو لەگەڵ بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران باس کرا و، بەڕێزی وتی: هەندەک ئیشی ئامار کردن تەواو نەبوو بۆیە ئەو یارمەتیانە خەرج نەکراوە، بەڵام ئێستا وا بەرەو نیوی ساڵ وکۆتایی دەڕۆین حەز دەکەین باسێکمان لەسەر ئەم مەسەلەیە بۆ بکات، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجوومەن:**

فراکسیۆنی سەوز دوو پرسیاری تریشی هەیە، جا ئەگەر ئەو ئەندامانەی کەوا پرسیارەکانیان کردووە، پرسیارەکانیان بکەن، تاوەکو بەڕێز د.فوئاد بە سەر یەکەوە وەڵامیان بداتەوە.

**بەڕێز مەلا تەها محەمەد تەها:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

دوو مانگ پێش ئێستا بەیانێک دەرچوو کەوا ئەو ئامێر وشتانە نەچنە دەرەوەی کوردستان ومن زۆر جار چوومە لای حاجی ئومەران وئەو ناوە بەچاوی خۆم بینیومە کە بە درێژایی ئەم دوو مانگ شت وچەک ئاودیو دەکرێت، پرسیارەکەم ئەوە کە بۆچی ئەم یاسایە پیادە نەکرێت؟ دەمانەوێ روونکردنەوەیەکمان بۆ بکرێت لەسەر ئەم مەسەلەیە و بزانین بریارەکە هەڵوەشاوەتەوە، یاخود جێگرە ولە جێگەی خۆیەتی؟، سوپاس.

**بەڕێز حەسەن عەبدولکەریم بەرزنجی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

پرسیاری سێیەم هەر لە فراکسیۆنەوەیە، ئەویش سەبارەت بە ئەو کەسانەیە کە گیانیان بەخشیوە بۆ کوردستان و بۆ ئەو بارودۆخەی کە ئێستا ئێمەی تیادایین، ئایا هەنگاوی وەزارەت بۆ رێزلێنانی ئەو شەهیدانەی کوردستان و ئەو ئەنفال کراوانە چی بووە و چیان بۆ کراوە؟، سوپاس.

**بەڕێزد. محەمەد فوئاد مەعسوم/سەرۆک وەزیران:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

سەبارەت بە ئەو یارمەتییەی کە بڕیار بوو بۆ قووتابیەکان خەرج بکرێت، بە دوایدا دەچم تاوەکو بزانم دەستی پێکراوە، یان نا و وەڵامەکەش بەنووسین ئاراستەی سەرۆکایەتی دەکەم.

سەبارەت بە کۆنترۆڵ کردنی تەواوی ڕێگاوبانەکان، ئەنجوومەنی چۆمان خۆشی پارە لە خەڵکەکە وەردەگرن. ئەمانەش هەمووی دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی هەندێ کەموکوڕییمان هەیە، هۆیەکەشی نەبوونی پارەیە.

سەبارەت بە ڕێزلێنان لە بنەماڵەی شەهید وئەنفالەکان، بەڕاستی وەک هەڵوێست وڕێزلێنان وابزانم دەبێت هەمیشە سەری نەوازش بۆ ئەوانە نەوی بکرێت، بەڵام کە دێینە سەر لایەنی یارمەتی بۆ ئەمە حسابات هەیە کەوا حوکمی بەسەردا دەکات، ئێستا یارمەتیدانی خێزانی شەهید وئەنفالەکان ڕەنگە بگاتە(٢٠)ملیۆن وزیاتر بێت و، سەرچاوەی ئێمەش تا ئێستا گومرکە ئەو گومرکەش تا ئێستا هیچ ئیستقرارێکی نییە، ڕۆژێک بە ناوی داخستنی سنوور لەلایەن حکومەتەکانەوە، جارێک لە لایەن P.K.Kوە و، جارێکی تر لەلایەن خۆرسکەوە و، ئێستا هاتووچۆی ئیبراهیم خەلیل زۆر کەم بووە باسی(١٠٠)لۆری(٨٠)لۆری(١٢٠)لۆری دەکرێ ڕۆژانە دێت کە جاران لە (١٠٠٠)تا(١٥٠٠)بووە، جا بۆیە کە بڕیارێک دەدرێت دەبێت جێبەجێ بکەین، چونکە ئێستا لەوانەیە لێرە وەکو یاسایەک دەربچێت، بەڵام ئایا دەتوانین جێبەجێی بکەین، جا بۆیە پرۆژەیەک هەیە بە ناوی پرۆژەی(دەزگای شەهید)بۆ بەدواچوون و لێکۆڵینەوە لە بارو گوزەران ویارمەتیدانی کەسوکاری شەهید و ئەنفالەکان، جا نازانم بەرنامەکەمان گەیشتووە یان نا؟، مەسەلەکە لێرە پارەیە، چونکە لەو نییە بڵێین ملیۆنێک دوو ملیۆن وسێ ملیۆن، بەڵکو یەکجارە زۆر، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجوومەن:**

کاکە سەید حسن هیچ تێبینی هەیە؟.

**بەڕێزحەسەن عەبدولکەریم بەرزنجی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

یەک خاڵی بچوکم هەیە لە بارەی شەهیدەوە ویارمەتی دانیان بۆ دانانی پرۆژەیەک کە یارمەتی خێزانی شەهیدی پێ بدرێت، لەوانەیە ئەو پرۆژەیە دوا بکەوێت.

بەڵام دەبێت کوڕە شەهیدێک تەفزیل بکرێتە سەر یەکێکی تردا، سوپاس.

**بەڕێز مەلا تەها محەمەد تەها:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

وابزانم ئەوشتانەی کە ئێمە پیشانمان دا وابزانم هەموویان پێویستییان بە توانای مادی نییە، ئێستا گومرکەکمان وەرقە دەدەن بە بەرواری کۆن و وەرەقەیان دەدەنێ وهیچ پارەیەکیش نایەت

بۆ خەزینەی هەرێمی کوردستان ئەگینا کەس ناتوانێت بەبێ ئیمزا شت بەرێت، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەڕێز د.فوئاد هیچ پێداچوونەوەیەک هەیە لەسەر قسەکەی مامۆستا مەلا تەها؟.

**بەڕێز د. محەمەد فوئاد مەعسوم/سەرۆک وەزیران:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڵێ دەبێت ئەمە لێکۆڵینەوەی تێدا بکرێت، سوپاس.

**بەڕێز شێروان ناسح عەبدوڵڵا حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بێگومان لەدوای راپەرینە مەزنەکەی گەلەکەمان لە ساڵی(٩١)دا بەرەی کوردستانی ئەوکاتە دەسەڵاتی ئەمری واقعی هەبوو و دەستی بەسەر دامودەزگاکانی میریدا نا ولە میانییاندا بانکەکانی کوردستان بوو کە دەستی بەسەردا گیرا و، هاووڵاتییان وایان لێهات نەیان توانی رەسیدی خۆیان لە بانکەکاندا بکێشنەوە، جا نازانین بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران، یاخود وەزیری پەیوەندیدار هیچ نەخشەیەکیان بۆ ئەم کێشەیە داناوە بۆ ئەوەی رەسیدی هاووڵاتییان رزگار بکەن و پارەکانیان بکێشنەوە، سوپاس.

**بەڕێز د. محەمەد فوئاد مەعسوم/سەرۆک وەزیران:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لەراستیدا دەبێت ئەو پرسیارە زیاتر لە وەزارەتی دارایی بکرێت، چونکە من زانیارییەکی تەواوم نییە، بەڵام ئەوانەی رەسیدیان هەیە لە بەنکەکاندا پێویستە هی ئەوانە شتێکی سادە بێت، بەڵام ئەوانەی پارەیان هەبووە لە بانکەکاندا و بەتایبەتی هی توفیر ئەمانەی هەمووی حکومەت کێشاویەتیەوە و، ئەمەش کێشەیە کە دیسان تووشی ئەرکێکی زۆرمان دەکات و، ئەمەش و نییە کە ملیۆنێک ودوو ملیۆنێک بێت، لە وەزارەتی داراییدا وا خەریکن چارەسەیەک بۆ ئەم کێشەیە دەدۆزنەوە، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەن:**

د.فوئاد دەڵێت پارەکە لە سنووری(٥٠٠)ملیۆندایە؟ نەک لە سنووری پارەیەکی کەمدا.

**بەڕێز د. محەمەد فوئاد مەعسوم/سەرۆک وەزیران:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڵێ، پارەکە گەلەک زۆرە و لە توانای ئێمەدا نییە، سوپاس.

**بەڕێز شێروان ناسح عەبدوڵڵا حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پرسیارەکەی من سادەیە من پێموایە یەکێکە لە هەرە کێشە زەقەکانی جەماوەری ستەم دیدەی

کوردستان، کێشەی نەبوونی سووتەمەنییە کە ڕۆژانە بەشێوەی جیاجیا خۆی زەقتر پیشان دەدا، ئەگەر سەیری ژیانی ڕۆژانەی خەڵکی کوردستان بکەین دەبینین هەر لە مانگرتنی شوفێرەکانی پاسەکانەوە بگرە هەتا دەگاتە ئەوەی خەڵکی وا هەیە ڕۆژانە دڵۆپە نەوتێک نییە کە بیسووتێنێ، من پێموایە لێرەدا هۆیەکی تایبەتی هەیە بۆ ئەم جۆرە دیاردانە، دەبێت باجەکەی جەماوەری ستەمدیدە بیدات و، چەند چەکدارێک هەن گیرفانی خۆیان پڕ دەکەن، مەبەستم لەگەڵ پێشمەرگە نییە.

چونکە پێشمەرگە دڵسۆزە هیچ کاتێک بیر نە لە دەوڵەمەندی نە لە بڕینی گیرفانی خەڵک دەکاتەوە، ئەوەی دمەوێ باسی بکەم دوو ڕێگایە یەکێک ڕێگای (سفیە)و ڕێگای(ئیفرازە)کە پێموایە حکومەتی کوردستان دەتوانێت کۆنترۆڵیان بکات و، دەزگایەکی تایبەت دابنێت بۆ ئەم جۆرە کێشانە.

لە ڕێگای(سفیە) ڕۆژانە(٢٥٠٠)تا(٣٥٠٠)بەرمیل نەوت وبەنزین دێتە هەولێر جگە لەگاز، چەند چەکدارێک خۆیان بە سەردا سەپاندووە ئێستا بوونەتە قاچاخچی(٢٥٠٠)، یان(٣٥٠٠)بەرمیل گازو نەوت وبەنزین دەهێننە ناو شاری هەولێر ئەویش بەپارەی قەڵب(مزوەر)دەی کڕن، بەپارەی (ئەسڵی) دەیفرۆشنەوە، خەڵکەکە بە مەزادی عەلەنی لە(٨٠٠)دینار دەست پێدەکات ودەفرێ هەتا دەگاتە(٢٠٠٠)دینار کەچی لەوبەر ڕەنگە بە(٤٠٠)دیناری(تەزویر)بیکڕن، بەلەمەکانی هی خۆیانە کرێی پەڕینەوەی یەک بەرمیل(٨٠)دینارە، ئەگەر بێت و حکومەتی کوردستان کۆنترۆڵی ئەمە بکات، دەرامەتێکی باشی دەبێت و دەتوانێ لە نرخی نەوت وبەنزین بێنێتە خوارەوە.

لە ڕێگای (افراز)یش هەندێک چەکدار ناڵێم پێشمەرگە ڕێگای (افراز)یان گرتووە و، شەوانە لۆری شیش ئاودیو دەکەن بۆ دەرەوەی کوردستان ئەو شتانەی کەوا لە کوردستان بایەخی خۆی هەیە، کە بە ڕۆژیش مەفرەزەی ئاسایش دەچن بۆ پشکنینی ئەو جێگایە هیچ شتێک نابیننە، بەڵام شەوان گواستنەوە کردنی ئەم شتانە دەکرێت، پرسیارەکەی من لێرەدا ئەوەیە بۆچی(کۆنترۆڵ کردنی ڕێگای صفیەو افراز)نەکرێت؟، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئێمە باسی مەسەلەی مانگرتنی شوفێری پاسەکانمان کرد و، دەسنیشانی دوو لە ئەندامانی کرد بۆ ئەوەی لەگەڵ بەڕێز پارێزگار و نقابەی شوفێرەکانەوە کۆبوونەوە بکەن. سەبارەت بە مەسەلەی(سفیە) لە و ڕاپۆرتەی کە بۆتان هاتووە دەخوێنرێتەوە و هێزێکی هاوبەشیش لە پۆلیس وئاسایش لەگەڵ هێزی پێشمەرگە بۆ ئەو گوندە ناوبراوانە دەربچێت بۆدەست بەسەر گرتنی ئەم خەڵکەی کە ئیحتیکاری ئەو مەسەلەیانە کردووە. ئەو سووتەمەنییانەی کە لە دەرەوە هاتووە دابەش دەکرێت وبە یەکسانیش دابەش دەکرێت. فەرموو د.فوئاد ئەگەر جەنابت شتێکت هەبێت.

**بەڕێزد. محەمەد فوئاد مەعسوم/سەرۆک وەزیران:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

بەنسبەت ئەوەی (صفه)یە قەول وابوو هەندێک کەس لەوێ کە بەناوی حزبەکانەوە ئیش دەکەن بکێشرێنەوە، هەندێ کەس هەن بوونەتە «مافیا» جا ئەمە دەبێت گومرک وپۆلیس زیادی بۆ بنێردرێت ونەدرێتە کەس ئەوانەی گومرکی ئاکرێ وتیان: ئێمە ناوێرین تێکەڵاوی ئیشوکاری وگومرک بین، چونکە بەچەکێکی زۆرەوە دێن، ئەم کێشەیە دەبێت چارەسەر کرێت، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجوومەن:**

جا ئێستا بەپێی ئەم پرۆگرامە پرسیار کردن لە سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران تەواو بوو، تەنها ئەگەر خۆی ئامادە بێت پرسیاری لێ بکەین و مافی رەوای خۆیەتی بڵێت کاتم نییە، یاخود ئەمە بخەینە دانیشتنێکی تر، فەرموو د. فوئاد.

**بەڕێزد. محەمەد فوئاد مەعسوم/سەرۆک وەزیران:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

لەسەرەتادا بڕیار بوو کە چەند شتێک ئەمڕۆ باس بکرێت لەوانەش(مەسەلەی کشتوکاڵ) و، پەرلەمان داوای بکات لە(U.N)کە وەکو وتووێژێک نوێ بکرێتەوە لەگەڵ تورکیا و، هەروەها مەسەلەی تەرخانکردنی گەنم بۆ ئەو شوێنانەی کە پێویستیان پێ هەیە و، سەبارەت بە سەری ساڵ وجەژنە پیرۆزەکان کە کاک فرەنسۆ پێشنیاری کرد، دەمەوێ لە سەریان هەندێک قسە بکەم، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجوومەن:**

بەڕێزان سەرۆکی فراکسیۆنەکان ئێوە راتان چییە لەسەر وەڵام دانەوەکەی بەڕێز سەرۆک وەزیران؟ فەرموو کاک فرەنسۆ.

**بەڕێز فرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

لەگەڵ ئەوەدام کە ئێستا بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران بیروڕاو بۆ چوونی خۆی سەبارەت بەو پێشنیارانە پیشان بدات، سوپاس.

**بەڕێزحەسەن عەبدولکەریم بەرزنجی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

بێگومان مانەوەی بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران لێرە سوود بەخش تر دەبێت، بەڵام خاڵی پێش ئەوە لەسەری رازی بوون کەوا باس بکرێت، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجوومەن:**

بەپێی ئەو رێککەوتنەی کە کردوومانە دەکرێت لە سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران بپرسین، ئەگەر حەزی لێیە وەڵامی پرسیاری تر بداتەوە ئەوا پرسیارەکان دەکەین، چونکە لەوانەیە پرسیاری تریش بەدوای ئەوەوە بێت جا ئەوە لە سەر خۆی دەمێنێتەوە.

**بەڕێز حـــەســـەن عـــەبدولـكەریم بـەرزنجی:**

**بـەڕێـز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــومـــــەن.**

بەڵێ، دەزانم پرسیارەکانم لەبەر دەمدایە وتم: ئەگەر چەند پرسیارێک ناتوانم بڵێم یەک پرسیار و ئێوەش لەجیاتی ئەوەی بیدەن بە ئێمە داوتانە بە خۆی کە دەبوایە بیدەن بە ئێمە نەک بەخۆ و، ئێستا هەروەکو کاک فرەنسۆ وتی: کەوا باس بکرێت، فەرموو د. فوئاد، سوپاس.

**بەڕێز د. محەمەد فوئاد مەعسوم/سەرۆک وەزیران:**

**بـەڕێـز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــومـــــەن.**

یەکەم مەسەلەی کشتوکاڵ کەوا لە ناوچەی (شەمامک، ملکیە، کەندیناوە)، قسە لەگەڵ نەتەوەیەکگرتووەکان کراوە، ئەویش بەرێگای(M.C.C)وە چاوەڕوانی وەڵامین، بەڵام هێشتا وەڵامەکانمان وەرنەگرتووە. دووەم، کەوا پەرلەمان داوا بکات لە نەتەوەیەکگرتووەکان کە، ئەگەر تورکیا رازی نەبوو (چەکوشی ئامادە) لە خاکی بمێنێتەوە، ئێمە خۆمان بڵێین: فەرموون وەرنە کوردستان لەگەڵ خۆمان هەڵسووکەوت بکەن.

رەنگە ئێستا ئەگەر شتێکی وا دەر بچێت بە ناوی پەرلەمان، یان حکومەت جۆرە ورووژاندنێک بۆ تورکیا و، ببێتە جۆرە بەڵگەیەک بۆ دوا کەوتنی هەندێک لە ئیشوکارەکانمان، بەڵام دەکرێ بەشێوەیەکی تر قسەیان لەگەڵدا بکەین .

سەبارەت بە تەرخان کردنی گەنم بۆ شوێنەکانی تر بەراستی بۆ ئەمە دەبێت بگەڕێینەوە بۆ توانای خۆمان و بزانین چیمان هەیە، چونکە ئەو رۆژەی کە جێبەجێ کرا بۆ ناوچەکانی سموود وناوچەکانی لای چەمچەماڵ زیاتر لە مانگێکی خایاند، چونکە پێمان نەدەکرا، ئەگەر بێت بمانەوێت بکرین تووشی کێشەیەک دەبین زەحمەتە بۆمان بکرێت.

بە بۆنەی سەری ساڵ پیرۆزبایی لە جیهانی مەسیحی بکەین ئەوەش پێشنیارێکی زۆر باشە بۆ پەرلەمان و وڵاتانی تری بنێریت و، حکومەتی کوردستانیش بۆ حکومەتی وڵاتانی بنێریت، سوپاس.

**بەڕێز جـێگری ســـەرۆکی ئەنجـــومـــەن:**

زۆر سوپاسی بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران دەکەین بۆ ئەم روونکردنەوانە، لەگەڵ ئەوەشدا کە پرسیارەکانی زۆر درەنگ وەخت پێی گەیشت بوو.

**بەڕێز د. محەمەد فوئاد مەعسوم/سەرۆک وەزیران:**

**بـەڕێـز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــومـــــەن.**

دوایین قسەش کە دەمەوێ بیکەمەوە تکام وایە قسەکان لە خانەی خۆیدا بێت، وتم گلەییان هەیە و مەبەستم سروشتی یاسا بوو، چونکە دەبێت پەرلەمان لە نزیکەوە گوێ بدەنە موعاناتی ئەوانیش بۆ ئەوەی پەردەیەک لە نێوان هەر دوو دەسەڵاتدا نەبێت و لە ئەنجوومەنی وەزیرانیش بەڕوا بەوە هەیە کە پەرلەمان هەروەک یاسا و بڕیار دەردەکات، بە دوادا چۆنی جێبەجێ

کردنیشی هەبێت و، لێتوێژینەوەشی بەرامبەر هەر کەسێک کە کەموکووڕیی هەبێت بکات، ئەوەش نەک مافی خۆیەتی، بەڵکو ئەرکی سەر شانیشیەتی، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجوومەن:**

لە پەرلەمانیش بە هەمان چاو سەیری ئەنجوومەنی وەزیران دەکرێت، کەوا ئەنجوومەنێکە لە پەرلەمانەوە هەڵ قوڵاوە و، ڕێزێکی تایبەتی خۆیان هەیە لای پەرلەمان، چونکە بەراستی مایەی سەربەرزی گەلەکەمانە و داواش دەکەین کە هەرچی ڕەخنەیەکیش هەبێت ئەوا هەر بەوچاوە سەیر دەکەین هەر بەو مەبەستەیە کەوا ئیشی هەردوو لامان بەڕێوە بچێت.

کاک مەزهەر ئەگەر بفەرمووی بۆ ئەوەی ئەو ڕاپۆرتەی کە دەربارەی مانگرتنی پاسەکانمان بۆ بخوێنێتەوە.

**بەڕێز مەزهەر عەلی مستەفا کاکی هیرانی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ڕۆژی (١٢/١٣)لەسەر ڕاسپاردەی ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستان ئێمە دوو ئەندام (مەزهەرکاکی هیرانی و عەلی ڕەسول)کۆبوونەوەمان لەگەڵ بەڕێز پارێزگای هەولێر کرد، ئەویش لە بارەی مانگرتنی ڕیمەکانی ناو شاری هەولێرەوە، هەروەها بەڕێوەبەری هاتووچۆی هەولێریش لە کۆبوونەوەکەدا بەشداری کرد. قسەشمان لەگەڵ بەڕێوەبەری خەتەکان وسەرۆکی ئەنجوومەنی شوفێرەکان کرد و، خاڵە سەرەکی کێشەکانیان ئەمانەی خوارەوە بوو.

١ـ گرانی نرخی گازوایل، کەوا نرخی هەر بەرمیلێک لە(١٠٠٠)دینار زیاترە.

٢ـ کێشەی پارەی خوردە کەدەستیان دەکەوێت وناتوانن ساغی بکەنەوە، بۆ ئەم مەبەستەش بڕیارمان دا لەگەڵ بەڕێز پارێزگاو بەڕێوەبەری هاتووچۆی هەولێر، کە هەموو مانگێک بڕێک لە پارەی وردە بۆیان بگۆڕدرێتەوە بەپارەی درشت.

بڕیار درا کەوا بەڕێوەبەری هاتووچۆ کۆبوونەوەیەک لەگەڵ بەرپرسانی هەموو خەتەکان بکات بۆ جێبەجێ کردنی ئەم کێشەیە ونەهێشتنی مانگرتنیان وهەر ئەمڕۆ(٥٠٪)ی خەتەکان دەست بەکار بوون و، کۆمپانیایی سەفینیش بە هەموو ڕیمەکانیەوە کەوتوونەتە کارکردن .

مەسەلەی گوندی(سفییە)ئەمڕۆ هێزێکی هاوبەش لە پۆلیس وئاسایشیش لەگەڵ هێزێکی پێشمەرگەدا بۆ گوندی ناوبراو ڕەوان کران، ئەویش بۆ دەست بەسەردا گرتنی کڕینی سووتەمەنی لە دەست ئەو خەڵکانەی کە ئیحتیکاریان کردووە، سوپاس.

**بەڕێز فەرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئەو هێزەی کە دەچێت بۆ (سفییە)، ئایا بۆ ئەوە دەچێت کە دەست بەسەر نەوت و بەنزینەکەدا بگرێت، یان بۆ ئەوە دەچێت ئەو کەسانە کەوا ئیحتیکاریان کردووە بگرێت؟، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجوومەن:**

ئەو هێزەی کە دەردەچێت تەنها بۆ ئەوەیە کە بچن هاوبەشی لەگەڵ هێزی پۆلیس وئاسایش بکەن نەک دەست بە سەر بەنزین ونەوتەکەدا بگرن.

**بەڕێز حەسەن عەبدولکەریم بەرزنجی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

من وای بۆ دەچم کە حکومەتی عێراق چاک دەزانێت ئەم نەوت وبەنزینە چۆن دابەش دەبێت وچۆن دابەش نابێت، بۆیە هێشتویەتی لەم شوێنە بێت، بەڵام ئەگەر ڕێکوپێک بکرێت، لەوانەیە حکومەت بەیەکجاری نەهێڵێت سووتەمەنی بێت بۆ کوردستان، پێویستە ئاگاداری ئەم خاڵە بین، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجوومەن:**

بەڵێ، ڕاستە.

**بەڕێز شەوکەت حاجی موشیر ئەحمەد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

من پرسیارێکم هەیە، ئایا هیچ گۆڕانێک ڕووی داوە لە نرخی سووتەمەنی، یان هەر وەکو خۆیەتی؟، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجوومەن:**

تاوەکو ئێستا هیچ جۆرە گۆڕانێک ڕووی نەداوە، بەڵکو بەڕێز پارێزگاری هەولێر وتوویەتی هێزێک دەنێرم بۆ ئەو مەسەلەیەی کەوا باستان کرد، ئێستا تەنها ئەوە دەمێنێت کە لەگەڵ بەڕێز پارێزگاردا بەدوای مەسەلەکەدا بچین و بزانین هیچیان کردووە؟.

**بەڕێز حازم ئەحمەد مەحمود یوسفی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

من پێشنیار دەکەم کە ملیۆنێک دینار تەرخان بکرێت بۆ کڕینی گاز و نەوت و، بەسەر شوفێرەکاندا دابەش بکرێت دابەش، ئەویش بۆ ئەوەی ئەم مەسەلەیە چارەسەر بکرێت، سوپاس.

**بەڕێز بەختیار حەیدەر عوسمان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

لە مەسەلەی مانگرتنی ئەو شوفێرانە کێشەی پارەشیان هەیە، ئەو پارە وردەیەی کە وەری دەگرن، پێویستە لیژنەیەکی ئابووری لێتوێژینەوە لەسەر ئەم بابەتە بکات، چونکە پەیوەندیی بە پارەی (ئەسڵی ومزەوەروە) هەیە، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجوومەن:**

ئەم ڕاپۆرتە دەنێردرێتەوە ئەنجوومەنی وەزیران، ئەنجوومەنی وەزیرانیش خۆیان لیژنە پێک دێنن بۆ ئەم مەسەلەیە.

**بەڕێز ئەحمەد ئەبوبەکر حەسەن بامەڕنی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پرسیارێکم هەیە، ئایا هیچ بەدوادا چوونێک کراوە، یان نا ؟هیچ گۆڕانکارییەک هەیە لەم کێشەیەدا؟ پێویست بوو ئێستا بگەیشتینایەتە قۆناخێکی تر.

پرسیارێکی تریشم هەیە، ئایا وەزارەتی ئەشغال ونیشتەجێ کردن واتە ئەوەی کە پەیوەندیی هەیە بە وەزارەتی گواستنەوە و گەیاندن بۆ بەشدار نەبوونە؟، سوپاس.

**بەڕێز شەوکەت حاجی موشیر ئەحمەد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

سەبارەت بەو پارە وردەوە، هەر لەوێ بڕیارێکی مەبدەئی لەسەر درا کەوا بڕێکیان بگۆڕدرێتەوە و ئەوە دینار ونیو دینارە کاغەزیەش ئەویش بڕیار درا کەوا هەموو سەرە مانگێک بڕێک پارەیان بۆ بگۆڕدرێتەوە، ئەوجا هەرچەندێک بێت، ئێمە چووین کۆبوونەوەمان لەگەڵ پارێزگار و بەڕێوەبەری هاتووچۆی هەولێر وسەرۆکی نیقابەی شۆفێرەکان و بەڕێوەبەری هەموو خەتەکان کرد و، تێمان گەیاندن کەوا ئەو شێوازەی کە بەکارتان هێناوە شێوازێکی هەڵەیە و، پێویست بوو داواکاری پێشکەش بکەن و بێتە لای جەنابی پارێزگار، یاخود بێنە لای بەڕێوەبەری هاتووچۆ سەبارەت بە ئەو کێشەیەی کە هەتانە و باسی بکەن، ئەگەر بەڕێز پارێزگار بۆتانی چارەسەر نەکرد، ئەوە داواکاریەکەتان پێشکەش بە بەڕێز وەزیری ناوخۆ کردبایە، ئەگەر ئەویش هیچی نەکرد ئەو کاتە پێشکەشی بەڕێز سەرۆک وەزیرانتان کردبایە، ئەگەر ئەویش هیچی نەکرد ئەو کاتە پێشکەشی پەرلەمانتان کردبایە، هەرچۆنێک بوو تا رادەیەک بڕوایەکی چاکمان بە قسەکانیان هێنا، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەم کێشەیە لێرەدا کۆتایی هات و چیتر باسی لەسەر ناکەین.

ئێستاش ئەگەر لیژنەی یاسا هەموارکردنی بڕگەی(٢) لە یاسای ژمارە(٢١)مان بۆ بخوێننەوە.

**بەڕێز شێروان ناسح عەبدوڵڵا حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەو هەموار کردنەی کە ئێستا دەیکەین، بڕگە(٢)ی یاسایی ژمارە (٢١)ە بەرواری ٤/١٠/١٩٩١ کە دەڵێت:(تباع بالمزاد العلني الاموال المصادرة وتودع ثلاثة ارباعها في الخزينة ويوزع الباقي على افراد المفرزة التي قامت بالقبض عليها).

ئێستاش ئەوەی کە هەموار کراوە ناوەڕۆکەکەی دەخوێنینەوە، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەوەی کە ئێستا دەخوێنرێتەوە، کێ داوای هەموار کردنی کردووە وبۆ چی هەموار دەکرێت؟.

**بەڕێز شـێـــروان ناسح عـــەبدوڵلا حـــەیدەری:**

**بەڕێـز ســــــەرۆکی ئـەنجــــــومـــــــەن.**

ئەنجوومەنی وەزیران داوای هەموار کردنی کردووە و، مەبەستیشیان ئەوەیە کە ئامێرو کەرەستەی پزیشکی ودەرمانی لێ ئیستسنا بکرێت، لە فرۆشتنی ئاشکرا و بدرێتە وەزارەتی تەندروستی.

ئەمەش بڕگەکەیە پاش هەموار کردنی:ـ

بسم الله الرحمن الرحيم

باسم الشعب

المجلس الوطني لكوردستان العراق

رقم القرار(     ) تاريخ القرار(          )

(قرار)

استنادا الى احكام الفقرة(أ)من المادة(٥٦)من القانون رقم(١)لسنة ١٩٩٢وبناءا على ماعرضه مجلس الوزراء قرر المجلس الوطني لكوردستان العراق بجلسته المنعقدة (          )

اصدار القرار الآتي :-

تعدل الفقرة الثانية للقرار(٢١)الصادر من المجلس الوطني لكوردستان العراق في ٤/١٠/١٩٩٢وتقرأ على الوجه الآتي:-

تباع بالمزاد العلني الاموال المصادرة وتودع ثلاثة ارباعها اقيامها في الخزينة ويوزع الباقي على افراد المفرزة التي قامت بالقبض عليها ويستثنى من البيع الاجهزة الطبية ومايتعلق بها والادوية وتحلل لوزارة الصحة والشؤون الاجتماعية للاقليم مجانا .

**بەڕێـز جـــێـگـری ســــەرۆکی ئـەنجــــومـــــەن:**

کێ تێبینی هەیە لەسەر ئەم بڕگە کە پەیوەندیی بە لیژنەی دارایی وتەندروستیەوە هەیە.

**بەڕێز د. فـــــایەق مـــحــــمـــــەد گـــوڵـپـی:**

**بەڕێـز ســــــەرۆکی ئـەنجــــــومـــــــەن.**

من پشتگیری لە هەموار کردنی بڕیارەکە دەکەم، سوپاس.

**بەڕێز جـــــەلال جـــــوهر عـــــەزیـز:**

**بەڕێـز ســــــەرۆکی ئـەنجــــــومـــــــەن.**

دوو بڕگەی تر هەیە ئەگەر بکرێت ئەویشی بخرێتە سەر، ئەویش سەرەڕای ئامێرەکانی پزیشکی، ئەگەر ئامێری کۆمپیووتەر و ئامێرەکانی پەیوەندیی و بەتەل وبێتەلیشی بخرێتەسەر بۆ ئەوەی دەوڵەت سوودی لێ وەرگرێت، سوپاس.

**بەڕێز جـــــەمـــــیـل عـــــەبـدی سندی:**

**بەڕێـز ســــــەرۆکی ئـەنجــــــومـــــــەن.**

ئێمە زۆرمان پێخۆشە کە پەرلەمان شوفێری ڕیمەکان ئاگادار بکاتەوە کە نابێت هەڵەی وا دووبارە

بکەنەوە. هەمـوارکـردنی ئەم برگـە زۆر لە جێگەی خـۆیەتی و، منیش ئەم زیادەیەم هەیە، ئەگـەر بخرێتـە سەری (ويستثنى بيع الاجهزة الطبية ومايتعلق بها وللذي تملك لوزارة الصحة والشؤون الاجتماعية تعطى مجانا وفي هذه الحالة يمنح لافراد المفرزة التي قامت بالقبض عليها مكافئة مناسبة)، چونکە ئەگەر بەخشیش نەبێت لەوانەیە ئەو مەفرەزەیەی کە دەستی بەسەر ئەو ئامێرە پزیشکیانە گرتووە، هیچی بە ئێمە نەدات و بۆ خۆی بیبات، سوپاس.

**بەڕێز ئەهلە محەمەد سەعدوڵلا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پشتگیری لە قسەکانی بەڕێز کاک جەمیل دەکەم، سوپاس.

**بەڕێز د. قاسم محەمەد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

منیش پشتگیری لە قسەکانی بەڕێز کاک جەمیل دەکەم، بەڵام من زیادەیەکم هەیە بۆ سەرقسەکانی بەڕێز کاک جەلال کە وتی: (کۆمپیووتەر و ئامێری پەیوەندیی بەتەل وبێ تەل)، با چەکی قورسیشی بخرێتە سەر، سوپاس.

**بەڕێز بەختیار حەیدەر عوسمان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

برگە(٢) کە دەڵێت:(تباع المواد المصادرة بالمزاد العلني) ئەمە مادەیەکی زیادە ئەم مەوادانە کە زۆربەیان (ئامێرو، ئەجهیزەی دەقیقەیە و، کەلوپەلی بیناسازی، وکارەباییە)ئیستسنا کراوە، سەبارەت بە ئامێر ودەزگا پزیشکیەکانیشەوە، پێویستە هیچ ئیستسنائێکی تێدا نەبێت، با دەسبەسەردا گرتنەکە گشتیی بێت و بدرێتە وەزارەتەکان و، سوودی لێبکرێت، تەنها ئەوشتەی کە دەزانین خۆمان سوودی لێ ناکەین و بەکەڵک نایەت بفرۆشرێت، سوپاس.

**بەڕێز شەوکەت حاجی موشیر ئەحمەد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

باسی ئەوە کرا تا ئێستا سنوورەکەمان بۆ کۆنترۆڵ نەکراوە ودزی پەرەی سەندەوە شتومەک دەڕوا بۆ ئەو دیو، یەکێک لە هۆکارەکان ئەوەیە کە دەرگای سنوور کراوەتەوە و، خەڵکێکی زۆر شت دەبات بۆ ئەو دیو و وەرەقەشیان پێیە و دەڵێن لە وەزارەتەکانمان کڕیوە. هەروەکو کاک بەختیار باسی کرد پێویستە لیژنەیەکی تایبەتی دابنرێت بۆ ئەم مەسەلەیە و، ئێمە وەرشەمان هەیە، با لە ڕێگای ئەم وەرشانەوە هەوڵ بدەین کە ئەم شتانە چاک بکەینەوە و نەیەڵێن بچێتە ئەو دیو، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەن:**

خـۆی لە بنەڕەتەوە یاسـاکـە بۆ ئەوەیە کـە شت نەچێت بـۆ ئەو دیو، لەبەر ئەوە دەبێت ئاگـادار بکرێنەوە و قەدەخەش بکرێت، ڕایەکیش هەیە کەوا ئەو ئامێرانەی کە دەوڵەت پێویستی پێیەتی بەکاری بهێنن و ئەوەی پێویستی پێ نییە دەبێ بفرۆشرێت.

جا ئێوه راتان چییه بۆ ئەوەی ئێمە ئەم پێشنیارانە لەگەڵ ئەنجوومەنی وەزیران باس بکەین و، بڵێین: ئەو گۆڕینەی کەوا پێشنیارتان کردووە هەندێ گۆڕانی تیادا دەکرێت.

**بەڕێز عەدنان محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

من تەنها روونکردنەوەیەکم هەیە، مەبدەئی دەسبەسەرداگرتن شتێکی ئیستسنائییە، چونکە لە بنەڕەتەوە نابێت ماڵی خەڵکی دەسی بەسەردا بگیرێت، بەڵام لێرەدا کراوە و، ئەمەش شتێکی مەشروعی نییە، هەروەها حکومەتیش دەتوانێت وەکو کەسێکی مەعنەوی بەشداری لەو موزایەدەیە بکات، بەڵام بە بەشداری کردنی حکومەت لە موزایەدەکەدا مافی خەڵکێکی زۆر دەبڕن، ئێمە ئەگەر بێتو ئەوەی باشە بۆ حکومەتی دانێین وئەوەیشی خراپە بۆ خەڵکی بهێڵینەوە وابزانم شتێکی باش نییەو یەکسانیی نییە، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجوومەن:**

ئێستا ئەو پێشنیارەی کە هەیە، ئەگەر بە گرنگی دەزانن ئەوە دەیدەینە ئەنجوومەنی وەزیران بۆ ئەوەی چاوی پیادا بخشێننەوە، ئایا راتان چییە کە ئەمە دوای بخەین؟.

**بەڕێز حەسەن عەبدولکەریم بەرزنجی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئەو بڕگەیەی کە ئەنجوومەنی وەزیران داوا دەکەن کە هەموار بکرێت، ئەو بڕگەیە نییە، بەڵکو ئەو بڕگەیە دەنگی لەسەر دراوە و رۆیشتووە، ئەو بڕگەیەی کە هاتووە زیادەکەی دەنگی لەسەر نەدراوە و دەسەڵاتمان هەیە کە فراوانی بکەین و زیادی بکەین، دەقێک لەلای کاک حازم هەیە، ئەگەر بواری پێ بدەن کە بیخوێنێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز حازم ئەحمەد محەمود یوسفی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئێمە رامان وایە کە بڕگەکە وابێت:(يستثنى من البيع مايمكن الاستفادة منه من قبل الجهات الرسمية حيث يملك لمجلس الوزراء وفي هذه الحالة تكافأ المفرزة التي قامت بالقبض عليها).

ئەوەی ئەنجوومەنی وەزیران خۆی سوودی لێوەردەگرێت بۆ خۆی دەمێنێت و، ئەوەیشی کە سوودی لێ وەرناگرن دەیدەن بە مەزادی عەلەنی، سوپاس.

**بەڕێز کاکەڕەش محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

بە رای من بابەتی موزایەدەی دوکانەکان بمێنێت، چونکە سوودی لێوەردەگیردرێت، یەکەم هەر وەزارەتێک کە دەچێتە ناو مزایەدەوە دەتوانێ نرخی موزایدەکە بەرز بکاتەوە، شتێکی ئەوتۆ دەچێتە ناو موزایدەکە کە خەڵکەکە بەگەرمییەو بۆی دێن و، شتەکەش لە نرخی خۆی زیاتر دەفرۆشرێت، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجوومەن:**

سەبارەت بە پێشنیارەکەی بەڕێز کاک حازم راتان چییە؟.

**بەڕێز کاکەڕەش محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

بە رای من تەنها دەرمانەکە ئیستسنا بکرێت و، ئەوی تری بفرۆشرێت، چونکە فەرمانگەکان وەک شەخسێکی مەعنەوی دەتوانێت بێتە ناو مەزادەکە و سوودێکی زۆری لێدەکەن و، نرخەکەشی بەرز دەبێتەوە، دووەم دەوڵەت پارەکەی بۆ خۆی دەگەڕێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجوومەن:**

کاک حازم جارێکی تر پێشنیارەکە بخوێنەوە.

**بەڕێز حازم ئەحمەد مەحموود یوسفی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

(تباع بالمزاد العلني الاموال المصادرة وتودع ثلاثة ارباع المبلغ في الخزينة ويوزع الباقي على افراد المفرزة التي قامت بالقاء القبض عليها).

لەجیاتی ئەو ئیستسنائیە ئەمە دادەنێین(ويستثنى من البيع ما يمكن الاستفادة منه من قبل الجهات الرسمية حيث تملك لمجلس الوزراء) لەو حاڵەتەدا وەزارەت دیاری ناکرێت، کام وەزارەت پێویستییەتی ئەنجوومەنی وەزیران بەوی دەدات(وفي هذه الحالة تكافأ المفرزة التي قامت بالقاء القبض عليها). سوپاس.

**بەڕێز شێروان ناسح عەبدوڵلا حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

من پێموایە، مادام ئەو پێشنیارە هی ئەنجوومەنی وەزیرانە و لەوێوە هاتووە، بۆچوونەکەی کاک حازم پەسەندە، بەڵام لەهەموو حاڵەتێک رای ئەنجوومەنی وەزیران وەربگیرێت، سوپاس.

**بەڕێز فرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

منیش لەگەڵ ئەوەدام کە جارێ وەکو هەنگاوی یەکەم ئەوەی کە بەڕێزان ئەنجوومەنی وەزیران داوایان کردووە جێبەجێ بکرێت، ئەوی تریش با جارێکی تر لیژنەی یاسا دابنیشن و لێتوێژینەوەی لەسەر بکەن، ئەگەر بەپەسندیان زانی بڕیار لەسەر ئەویش دەدەین، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجوومەن:**

ئێستا رایەک لای کاک فەرسەت هەیە کە دەڵێت: ئەگەر ئێستا ئەو هەموار کردنە بکەین پاشان هەموار کردنێکی تر لەسەر هەمان مادە بکرێت لە رووی یاساییەوە، لەبەر ئەوە با نەیخەینە دەنگدانەوە. وئەو هەموارکردنەی کە ئەنجوومەنی وەزیران داوای کردووە وبۆتان خوێنرایەوە لەلایەن لیژنەی یاساوە، زۆربەی ئەندامان لەگەڵ ئەوەدان کە پەسەند بکرێت.

**بەڕێز شێروان ناسح عەبدوڵڵا حەیدەری:**

(تباع بالمزاد العلني الاموال المصادرة وتودع ثلاثة ارباع ارباحها في الخزينة ويوزع الباقي على افراد المفرزة التي قامت بالقاء القبض عليها ويستثنى من البيع الاجهزة الطبية ومايتعلق بها من الادوية

وتملك لوزارة الصحة والشؤون الاجتماعية للاقليم مجانا).

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجوومەن:**

واتە ئەو مادەیە کە تەنها ئیستسنای مەوادی پزیشکی دەکات؟ و، ئەوە شتی نەگوتووە کەموادی پزیشکی دەگیرێ وپارەکەی دەگیرێ یان ناگیرێ، یەعنی تەنها ئەو دوو شتە بنەماییە هەبوو لەسەر گفتوگۆکان، بەڵام ئەوەی بۆی خوێندنەوە وەک ئەنجوومەنی وەزیران پێشنیاری کردووە دەخەینە دەنگدانەوە. کێ لەگەڵ ئەو پێشنیارەدایە کە وەربگیرێت؟.. دەست بەرزکرایەوە.. کێ دژە؟ کەواتە بە زۆربەی دەنگ پەسەند نەکرا. کاک حازم پێشنیارەکەی خۆت بخوێنەوە؟.

**بەڕێز حازم ئەحمەد مەحمود یوسفی:**

(تباع بالمزاد العلني الاموال المصادرة وتودع ثلاثة ارباعها في الخزينة ويوزع الباقي على افراد المفرزة التي قامت بالقبض عليها ويستثنى من البيع مايمكن الاستفادة منه من قبل الجهات الرسمية وتملك لمجلس الوزراء في هذه الحالة وتكافأ المفرزة التي قامت بالقبض عليها..).

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجوومەن:**

کێ لەگەڵ ئەوەدایە کە ئەم دەقە وەربگیرێت؟.. دەست بەرزکرایەوە.. کێ دژە؟. بە زۆربەی دەنگ پێشنیارەکە وەرگیرا.

داوا لە لیژنەی یاسا دەکەین کە وەری بگرن..

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجوومەن:**

ئێستاش دێینە سەر خاڵێکی تر کە ئەویش وەڵامی وەزارەتی ئیشغاڵ ونیشتەجێ کردنە، لەسەر پرسیاری ئەندامی پەرلەمان بەڕێز کاک ئیبراهیم سەعید و لەلایەن سکرتێری ئەنجوومەن دەخوێندرێتەوە.

**بەڕێز فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵڵا/سکرتێری ئەنجوومەن:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

پرسیارەکە ئەوەبوو(الى السيد رئيس المجلس الوطني لاقليم كوردستان):

١- طرق دهوك - اربيل.. يرجى توجيه سؤالي الى السيد رئيس الوزراء لاقليم كوردستان حول وضع طريق (دهوك-اربيل-عقرة-اربيل)فقد قدمت اكثر من ثلاثة اسابيع استفسارا الى هيئة رئاسة البرلمان حول الوضع السئ للطريق وتم احالته الى وزير اشغال واسكان الا انه لم يطرأ على الطريق اي جديد لذا نسأل عن جدوى وعدم جدوى قيام تصليح وصيانة وادامة

هذا الطريق الحيوي مع الشكر..)

وەلامەکەش بەم شێوەیە بوو:-

الى المجلس الوطني لكوردستان العراق.. مكتب الرئيس

م/سؤال..

كتابكم ٧٥٤/٣/٤ في ١٩٩٢/١١/٢٦نؤيد ماجاء في مذكرة عضو البرلمان السيد ابراهيم سعيد بصدد الاهمية القصوى لطريق(اتروش-قسرو-قنديل-ده شتي حرير) واعطيت الاولية اللازمة لها من قبلنا وتم اشارة ذلك في مجلس الوزراء في جلساته منذ تشكيل الحكومة في الجلسة(١٠)بتاريخ ١٩٩٢/٨/٢٦من اصدار قرار تخصيص سلفة على حساب ومبلغ(١)مليون دينار ولكافة مشاريع وارتنا، وتم الموافقة على صرف نصف مليون فقط حسب كتاب وزارة المالية(٨١٥)في ١٩٩٢/٩/١٤

وبسبب الروتين المتبع تم استلام المبلغ بتاريخ ١٩٩٢/٩/٢٦وتم توزيع المبلغ لكافة مشاريع الوزارة وبطي كتابنا نسخة من مذكرة السيد الوزير بتاريخ ١٩٩٢/٩/٧الى مجلس الوزراء ونود توضيح مايلي:-

١- بصدد تخصيص مبلغ(٥/٩١٠٠٠)خمسة ملايين وتسعمائة وعشرة آلاف لهذه الوزارة فأن المصادقة على المبلغ قد تم تبليغها الينا بكتاب وزارة المالية(٢٧٨٠) في ١٩٩٢/١١/١٧ والمورد على حساب وزارتنا في تاريخ ١٩٩٢/١١/٢٢ وتأخير هذا ليس من مسؤولية وزارتنا، اما بصدد العمل نرفق طيا نسخة من تقرير عمل وزارتنا الى مجلس الوزراء للتفضل بالاطلاع واتخاذ مايلزم بصدد الصعوبات الخارجة عن ارادتنا التي لها تأثير على سير الاعمال عموما في كافة الدوائر والوزارات الكوردستانية المحررة..

٢- حصلت الموافقة على مشروع جسر قنديل، شركة كوردستان على دعم مباشر من منظمة (S.C.F) اضافة الى دعم المنظمات الانسانية المشرفة على برنامج الاغاثة ثم تكثيف الجهود في الموقع وتتوقع انجاز الجسر والمفترقات قبل ١٢/١٥/ وكذلك تهيئة خمسة فرق لادامة المحور في مواقع(زاويتة-عقرة-مريبة-قنديل-اميران)لادامة المحور الى اربيل والسليمانية اثناء موسم الامطار والثلوج لانقاذ سيارات الاغاثة عند الحاجة.

٣- بخصوص الاشراف المركزي واولويات المشاريع في كوردستان نرفق طيا نسخة من مقترح وزارتنا الى رئاسة مجلس الوزراء بصدد تشكيل مجلس الاعمار الاعلى في كوردستان راجين اخذه بنظر المقترح الى المجلس الوطني الموقر لما فيه المصلحة العامة لشعبنا وكوردستان المحررة) وشكرا.

**يونادم يوسف كنا**
**وزير الاشغال والاسكان**

**بەڕێز جــێگری ســـەرۆکی ئەنجـــوومـــەن:**

سوپاسی ئەنجوومەنی وەزیران دەکەین کە بایەخی داوە بە پرسیارەکانی ئەندامانی پەرلەمان و وەلامیان داوەتەوە، کێ دەیەوێ لەسەر ئەمە بابەتە قسە بکات.

**بەڕێز ئیبـــراهیم سـەعـیـد مـحـمـد:**

**بەڕێـز ســـەرۆکی ئـەنجـــوومـــەن.**

پێشەکی ئێمە کە پرسیارێک دەکەین، پێشکەشی جەنابتانی دەکەین، ئامانجی یەکەمان ئەوەیە کە ئێمە دەمانەوێ چارەسەرێک بۆ ئەم کێشەیە بدۆزینەوە و هیچ مەبەستمان توانج لێدان نییە لە کەسێک، دەمەوێت هەموو ئەندامان ئاماژەی ئەو شتە بکەن.

بە بۆچوونی من ئیـزدیواجیـەت هەیە لە هەندێ وەزاراتدا، بەتایبەتی وەزارەتی ئیشـغـال و نیشتەجێ کردن لەگەڵ وەزارەتی پەروەردەدا.

هەموومان موعاناتێکی گەورە لەو رێگەیە دەبینین کەسیک نییە ئاگاداری وەزعی ئەو رێگایە نەبێت، مافی خۆمانە کە داوای چاککردنی بکەین، بەلام وا دەردەکەوێت کە وەزارەتەکانی ئێمە تەنها وەزارەتی مەکتەبین، وەزارەتی مەیدانی نین، ئێمە ئەو گلەییەمان هەیە.

خالێک هەیە بەرچاوی دەخەم، ئەویش ئەوەی کە بەڕێز وەزیر فەرموی و دەلێت: پردی قەندیل لە ١٥/١٢/تەواو دەبێت و هێشتا تەواو نەبووە. ئێمە رازی نین بە بەلگەکان، دەبینم نەیان توانیوە رۆلی خۆیان ببینن، دەبوایە ئەمە یەکەم ئیشیان بوایە، لیژنەی ئاوەدانکردنە و بووژاندنەوە لە پەرلەماندا دوو سێ جار راپۆرتی ناردوە. داوای لێ بوردن لە لیژنەی ئیمرۆ دەکەم نەختێ گلەییان هەبوو کە وتیان بۆ بێ زانیاری ئێمە ئەو راپۆرتە پێشکەش کراوە، ئەو راپۆرتە پرسیارێک بوو ئاراستەی ئەندامێک کرابوو، دەقی پرسیارەکەش هەیە، بێ ئەوەی پەیوەندیی بە لیژنەی ئاوەدانکردنەوەی پەرلەمان بکات، سوپاس.

**بەڕێز جــێگری ســـەرۆکی ئـەنجـــوومـــەن:**

رخنەکە لە جێگای خۆی نییە، چونکە هەموو ئەندامێک مافی ئەوەی هەیە پرسیار بکات و، نامەی خۆی ئاراستە بکات بۆ سەرۆکایەتی ئەنجوومەن، ئەو شێوەیەی کە جەنابت دەلێت هەموو شتێک ئەتوانرایت بکرێت کە ئەوان وتیان لە (١٥/١٢) دەکرێت رەنگە ئەو بەروارەدا بۆیان تەواو نەبێت.

**بەڕێز نەهلە مـحـمـد سـەعـدوللا:**

**بەڕێـز ســـەرۆکی ئـەنجـــوومـــەن.**

وابزانم کاک ئیبراهیم باسی گلەیی کرد، گلەیی لیژنەکەمان لەوەدا بوو کە ئەو پرسیارە ئاراستەی دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان کراوە، بە ئەو نیازە نەبووە کە رەوانەی وەزارەتەکان بکرێت، بۆ ئەوە بوو کە بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران بێتە ئێرە، ئەو پرسیارەی لێبکرێت، گلەییش لەوە هەیە کە دەبوایە دەستەی سەرۆکایەتی بێ ئاگاداری لیژنەی نەخشەکیشان ئەو پرسیارەی

ئاراستەی ئەنجوومەنی وەزیران نەکردابیە ،جا پرسیارەکە لە بەڕێز وەزیری ئیشغال ونیشتەجێ کردن کرابایە، لەوانەیە ئەگەر ئەو پرسیارە بۆ لیژنە ئاراستە کرابایە، بە شێوازێکی تر بنووسرابایە، بەڵام ئێمە ڕێگە لەکەس ناگرین پرسیار بکات، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجوومەن:**

ئەو نامەی بەڕێز کاک ئیبراهیم نووسیویەتی، ئەوەی تیا نییە کە وەزیر بڕیاری جدی نییە، چونکە دەڵێت:(حول وضع الشئ للطريق رغم احالته الى وزير الاشغال والاسكان الا انه لم يطرأ على الطريق اي جديد) ئەمە لەلایەک، لایەنی دووەم: دووبارەی دەکەمەوە زۆر شت لەگەڵ لیژنە باس بکرێت،دەبا ئەو پرسیارە لە ڕێگای فراکسیۆنەکانەوە ئاراستەی سەرۆک وەزیران بکرێت.

**بەڕێز د. قاسم محەمەد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

لە نووسراوەکەی وەزارەتی ئیشغاڵدا هاتووە دەڵێت:(الصعوبات الخارجة عن ارادتنا) وابزانم زەحمەت نییە ئەگەر چەوریژ بکرێت، سوپاس.

**بەڕێز فەرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

پرسیارێکمان هەیە، ئەویش لە بەڕێز وەزیری ئیشغاڵ ونیشتەجێ کردنی دەکەین کە ئەمڕۆ بەرواری (١٢/١٥)یە، ئایا بۆ پرۆژەکەیان تەواو نەبووە؟، تا کەی وەزارەتی ئێمە مەکتەبی بێت، دەبێت زیاتر مەیدانی بێت دەبێ ئیش بکات، ئەو دەڵێت تەگەرەمان لەپێشە، باشە کە تەگەرەیان لە پێشە، بۆ دەڵێن ئیشەکەمان لە(١٥)ی مانگ تەواو دەبێت!، من پێشنیار دەکەم کە بەمەوە ڕانەوەستن و، شتێکمان بۆ بنووسن، سوپاس.

**بەڕێز مەلامەحمود فندی عەبدوڵڵا دێرشەوی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

بەراستی هەروەک لە نووسراوەکەی وەزارەتدا هاتووە و، وتوبەتی ڕۆتینە، دروستە ئەویش ئێش وئازاری ئێمە دەرمان ناکات، ئەگەر ئەوان داوای هاوکاری میللەت بکەن، میللەت ئامادەیە هاوکارییان بکات و، ئەو ڕۆتینە لابەن، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجوومەن:**

هەندێ شت هەیە وەک ئەندامەکان وتیان: ڕۆتینی تیایە لێرەدا دەڵێن:(تم استلام المبلغ فی ٩/٢٦/ وتم توزيع المبلغ على كافه المشاريع ٩/٧/) ئەوەی ئێمە ئێستا مەبەستمان و ئەوەی تێبینی کراوە دەڵێن: لە ١٢/١٥و ئەمڕۆ ١٢/١٥یە و نەکراوە، ئێمە وەڵامی ئەمە دەدەینەوە.

**بەڕێز شمائل ننۆ بنیامین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

اؤيد كلام الاستاذ فرنسو. كاك قاسم يقول تواجد لديكم قلابات، فأنا اعتقد بان لديكم ايضاً

بلدوزرات و شفلات و الوقود ايضاً متوفرة. حسب معلوماتي نصب الجسر، وفي غضون الايام القليلة المقبلة سيفتتح الجسر، شكراً.

**بەڕێز حەمید سەلیم میران:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

من تێبینیەکم هەیە دەربارەی وەڵامەکەی بەڕێز وەزیری ئیشغاڵ کە دەڵێت: ئەنجوومەنی ئاوەدانکردنەوە دروست دەکەین، ئێمە لە ڕاپۆرتی لیژنەی ئاوەدانکردنەوەی پێشوودا داوامان کرد کەوا ئەنجوومەنی نەخشەکێشان دروست بکرێت، هەروەها هەموو ڕێکخراوەکانی(G.O.N)لە کۆنگرەکانیاندا کە لە دەرەوە دەیکەن داوای ئەوە دەکەن کەوا ئەنجوومەنی نەخشەکێشان دروست بکرێت و پیلان دانرێت بۆ پرۆژەکان، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجوومەن:**

ئێستا کاتی گفتوگۆ کردنی ئەم مەسەلەیە نییە، دوو پێشنیار هەیە یەکێکیان ئەوەیە کە وتمان بەدواداچوونەوەیەک لەسەر ئەو کاغەزە بکرێت و باسی ئەو مەسەلە ڕۆتینەش بکرێت و، داواش دەکەین بزانین پاش ئەو کاغەزە چ ئەنجام دراوە. پێشنیارەکەی تریش ئەوە بوو کە بەڕێز کاک فرەنسۆ وتی، ئەگەر بەڕێز وەزیری ئیشغاڵ ونیشتەجێ کردن بێت بۆ ئێرە و باسی ئەم مەسەلەیەمان لەگەڵدا بکات.

**بەڕێز فرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

من مەبەستم ئەوە بوو بەڕێز وەزیری ئەشغاڵ ونیشتەجێ کردن بێت بۆ ئێرە، مەبەستی من گشتی بوو، مەبەستم هەموو وەزیرەکان بووە، لەجیاتی ئەوەی ناو بنووسن خۆیان ئامادە بن.

پرسیارێکم هەیە، ئایا مێژووی پرسیارەکەی بەڕێز کاک ئیبراهیم چەندە؟، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجوومەن:**

لە (١١/٣٠)دا پرسیارەکەی کرد، کاک فرەنسۆ جەنابیشت ئیمزات کردووە.

**بەڕێز حەسەن حەمید رەحیم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

وەزارەتەکانی ئێمە هەتاکو بە تەواوی سەقامگیر دەبن پێشمەرگەن و ئیش دەکەن، باشترین شت لە کوردستاندا ئەمڕۆ ڕێگا و بانەکانە کە چاک بکرێن، بۆ هێنانی خواردەمەنی وگواستنەوە وهاتوچۆ، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجوومەن:**

ئەم کێشە زۆر دەخایەنێ، خەڵکی ئەم وڵاتەین و ئاگامان لەو کارەساتەی کە بەسەرمان هاتووە هەیە، لەبەر ئەوە هەوڵ دەدەین بۆ ئەو شتەی کە بەدەستمانەوەیە بە زۆرترین کات تەواوی بکەین، وەزیرەکان تا سەعات دوو نارۆنەوە، چونکە هەموویان دەوامی پاش نیوەڕۆشیان هەیە، بێجگە

لەوەی گەرانیشیان هەیە. بەڕێز د.فوئاد لەگەڵ وەزیری پەروەردە ولەگەڵ چەند وەزیرێکی تر لە دهۆک بوون لەوێ کارێکی زۆریان بە ئەنجام گەیاندووە، ئەوان مەکتەبی نین و، بیرۆقراتیش نین، بەڵکو خەڵکێکی نیشتمان پەروەرن، زۆریان پێشمەرگە بوون وئەندامانی مەکتەبی سیاسی هەردوو حزبن. ئیتر ئەم خاڵە دادەخەین..

خاڵی خوێندنەوەی راپۆرتی دابەشکردنی گەنم لە کۆمەڵگای(سموود) دوای ئەوە چەمچەماڵ، من لە ئەنجوومەنی وەزیرانەوە بیستم کە ئیشێکی زۆر باشیان کردووە، خۆی گەنمەکە هی حکومەتە، بەڵام ئەوان وتویانە هی پەرلەمانە.

**بەڕێز فرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئێوە باسی سووتەمەنیتان کرد، داوا لە بەڕێزتان دەکەم کە داوا لە ئەنجوومەنی وەزیران بکەن بۆ مزگەوت وکەنیسەکانیش سووتەمەنی دابین بکەن، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجوومەن:**

راپۆرتێکی وەزارەتی پەیوەندییەکان هاتووە و، بە درێژی باسی دابەش کردنی ئەو سووتەمەنییە دەکات، دامان ناوە سبەینێ پیشەکەشی بکەین.

**بەڕێز سەلاحەدین عەبدولحەمید عەبدوللا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبانەوە، بە ئومێدی ئەوەین کە هەموومان هەمیشە لە خزمەتی میللەتە ستەمدیدەکەمان بین بێ نکۆڵی کردن هەوڵ بدەین بۆ بنیادنانی کوردستانێکی نوێ، دوور لە چەوسانەوە بچین بە هانای گەلە هەژارەکەمانەوە کە لە مێژەوە تامەزرۆی چێشتنی بەرهەمی قوربانی وخوێنی شەهیدانی گەلەکەمان کە لەسایەیاندا پەرلەمانی کوردستان وحکومەتی هەرێمی کوردستان هێنایە رێ.

دوای ئەوەی بڕیارتان لەسەر ئەوەدا کە ئێمە سەرپەرشتی دابەش کردنی ئەو گەنم بکەین کە پەرلەمان وحکومەتی هەرێمی کوردستان بەخشیان بە ئۆردوگای ئەنفال کراوی (سموود) لە ناوچەی کەلار، لە رۆژی ١٣/١١دا، پاشان ئامادە بووین بۆ وەرگرتنی ئەو(١) هەزار تەنە گەنمە ولە (١١/١٤) گەنمەکەمان بەم شێوەی خوارەوە پێگەیشت:

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

پێش ئەوەی نەخشەکە بخوێنمەوە تێبینییەک هەیە لەبەر ئەوەی گەنمەکانمان پێگەیشت بە شێوەیەکی(فەل) لە کیسە نەبوو ئێمەش مەترسی ئەوەمان لێ دەکرد کەکەم بکات، لەسەرەتا کەممان دابەش کرد هەر نەفەری(١٧)کیلۆمان دا، لەبەر ئەوەی نەوەک کەم بکات ئێمەش شەرمەزار بین.

رۆژی ١٤/١١/١٩٩٢،(١٦)شاحنە گەنم گەیشت کە بارەکەیان(٢٢٩)و(١٨٠)کیلۆ بوو

رۆژی١٥/١١/١٩٩٢(٢١)شاحنە گەیشت بارەکەی(٢٩٤)تەن و(١٦٠)کیلۆ بوو، رۆژی ١٦/١١/١٩٩٢، (٦)شاحنە گەیشت بارەکەی(٧٩)تەن و(٧٢٠)کیلۆ بوو، رۆژی ١٧/١١/١٩٩٢،(٨)شاحنە گەیشت بارەکەیان(١١١)تەن و(٧٨٠)کیلۆ بوو رۆژی ١٨/١١ /(١١)شاحنە گەیشت بارەکەیان(١٨٦)تەن و(٨٠)کیلۆ بوو، رۆژی ١٩/١١/١٩٩٢،(٧)شاحنە گەیشت بارەکەیان(١٠٨)تەن و(٤٤٠)کیلۆ بوو، کەسەرجەمی هەموو گەیشتە(١٠٠٩)تەن(٣٦٠)کیلۆ گەنم. بۆ چۆنیەتی دابەش کردنی گەنم لیژنەیەکمان پێک هێنا لە ئەنجوومەنی شارۆچکەی (سموود) ولێپرسراوی دارایی سموود وبەسەرپەرشتی خۆمان، پەناشمان بردە بەر بەڕێوەبەرایەتی دارایی سموود کە سەرژمێری دانیشتوانیان لابوو.

دابەش کردنیش بەم شێوەیەی خوارەوە بوو:

(٨٨٤)تەن(٥٢٠)کیلۆ دامانە وەکیلەکان کە ژمارەیان(١٠٨) وەکیل بوو هەروەکیلێکیش (٤٥٥) نەفەری لابوو. هەر نەفەری(١٨)کیلۆی وەرگرت، ئێمە لە سەرەتادا(١٧)کیلۆماندا بەوەکیلەکاندا، بەڵام دەبوایە ئەو(١٦/٥)بدات بە هاوولاتی بە بریاری ئێمە، بەڵام دوایی کە ماوە دیسان دابەشمان کرد بەسەر دانیشتوان، پاشان(٦٥)تەنمان دا بەو کەسانەی کە ئاوارەی (دووز و کولەجۆ)ن ئەوانەی کە سەرژمێری نەکرابوون بەپێی لیستی ئەنجوومەنەکان ولایەنەکان(٤٠)تەن دامان بە هەموو فەرمانبەرەکانی سموود ومامۆستاکان موچەخۆرانی فەرمانگەکانی ئاو وکارەبا و خانووبەرە و شوناسنامە ومەلا ئاینییەکان..هتد. پاشان(٢٠)تەن مایەوە دیسان دابەشمان کرد بەسەر فرۆشیارەکان و هەر خێزانەی(٢)کیلۆی بەرکەوت.

سەر ئەنجامی بەخشینی ئەو گەنمە لەلایەن پەرلەمان وحکومەتی هەرێمی کوردستان بەو خڵکە رەشورووتەی سموود رەنگدانەوەی واقعێکی گەورەی هەبوو لە ناو خەڵکەکەدا، باوەڕی جەماوەری ناوچەکەی زیاتر پتەو کرد بە پەرلەمان وئەنجوومەنی وەزیران، بە تایبەتی گەیشتنی گەنمەکە لەکاتێکی زۆر ناسکدا بوو کە برسیەتی گەیشتبووە ئەو پەڕی و، بەجارێک پێی بووژانەوە لە کۆتاییدا سوپاسی ئەنجوومەنی سموود ئەو پێشمەرگانەی لەوێن دەکەین، بەراستی سەرکەوتنی دابەش کردنەکەی ئێمە بەهۆی ئەوان بوو، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجوومەن:**

کاک سەلاح ئێوە کاتی خۆی لە دانیشتنێکدا باسی ئەوەتان کرد کە هەندێک مبادراتی زۆر زیرەکانەتان کردبوو کە هەندێ پارەشتان پەیدا کردبوو، لە ئەنجامی ئەو دابەش کردنەدا ئەوەش سوودتان لێ وەرگرتبوو بۆ دابەش کردن کە ئەوەش شتێکی زۆر باشە.

**بەڕێز سەلاحەدین عەبدولحەمید عەبدوڵڵا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

کاتی ئێمە رۆیشتین سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران پێی باش بوو ئێمە خۆمان پارە سەرف بکەین کە هاتینەوە حسابیان لەگەڵ بکەین، پاشان رێککەوتین لەگەڵ بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەنی

وەزیران کە هەر کیلۆی(٥٠)فلس لە هاوولاتییان بسەنین کە هەندێ خێزان هەیە کە چەند گونیەکی بەرکەویت بێ ئەوەی کار بکات سەر داهاتیی، ئەگەر(٣ـ ٤)دینارێک بدات بەرامبەر(٣ـ٤)گونیە گەنمێک شتێکی زۆر ئاساییە، ئێمە پارەمان هەر لە(١٧)کیلۆی یەکەم وەرگرت پاشان کە(١٨)کیلۆکە کە دابەش کرا، دوای ئەو(٢)کیلۆیەکەی کە بەسەر مامۆستا وموووچە خۆرەکان دابەشمان کرد پارەمان وەر نەگرت، هەندێ پارەی لێمایەوە دوایی لیستەکە ئاراستەی سەرۆکایەتی پەرلەمانی دەکەم، من ومامۆستا تاهر بە باشمان زانی ئەو پارەیە دابەش بکەین بەسەر ئەو قوتابخانانەی کە لە سموودن، بۆ کەموکوورپی قوتابخانەکانیان هەروەها ماتۆڕێکی ئاو لە سموود پەکی کەوتبوو ئەویشمان چارەسەرکرد.

**بەڕێز مەلا محەمەد تاهر محەمەد زین العابدین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

سەبارەت بە ئەو پارەیەی کە کاک سەلاح باسی کرد، حەز دەکەم تێبینیەکی بخەمە سەر. ئەو(١٠٨)فرۆشیارە، هەر فرۆشیارێک(٥٠)دیناری بۆ گەڕاوەتەوە، ئەویش کرێی حەماڵی کە لەسەر حسابی گەنمەکە بووە، ئەو پارەیە هەمووی لە سموود خەرج کرا و لەوێ دەرنەچووە، بۆ نموونە چاک بوونی ماتۆڕەکەیان و گەڕانەوەی پارەکە بۆ فرۆشیارەکان، زەلامی وا هەبووە(٥٠)دینار زیاتری دراوەتێ لەبەر ئەوەی زۆر سکالای کردووە بۆ ماڵی خۆی، پاشان ئەوە دەکەینە لیستەیەک و دەیدەین بە سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیران وسەرۆکایەتی پەرلەمان بۆ ئاگاداری.

ئەو کارە زۆر پیرۆز بوو کە باوەڕی خەڵکەکەی بەهێز کرد بە حکومەت وپەرلەمان، دڵی هەزار خەڵکی ئەنفال کراوی خۆش کرد، دەروازەیەکی خێر بوو بۆ خەڵکی سموود، بەڵام ئێمە وامان تێگەیاندن کە ئەوە هەنگاوی یەکەمە هەنگاوی تری لە دواییە. خەڵکی گەرمیان کە بریتییە لە(کفری وکەلار و باوەنوور و بناری دەربەندیخان و ئەم بەری سیروان) چاوەڕوانن کە وەکو سموود دەستی حکومەتی هەرێمی کوردستان بەخش بکات بەسەریاندا کە ڕێژەی(٦٠٪)ی خەڵکەکەی بێدەرامەتن، خەڵکی کەلار لە(٤٠٪)لێی قەوماوە، ئینجا داوا دەکەین هەر لە دەربەندیخان تا کفری واتا ئەم بەر و ئەو بەری سیروان یارمەتی ئازووقە و نەوتی پێبدرێت، بۆ نموونە دەربەندیخان لە ١٩٩٢/٣/١٥هیچی پێنەگەیشتووە، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجوومەن:**

ببوورە مامۆستا ئەم خاڵە بۆ دابەش کردنی گەنم بوو لە سموود، ئەگەر هەر پێشنیارێکی تر هەیە لەم دانیشتنە نە، بەڵکو وەکو ڕاپۆرتێک پێشکەش بکەن و، لە دانیشتنێکی تردا باسی دەکەین.

**بەڕێزعەبدولخالق محەمەد رەشید زەنگەنە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

بەراستی ئەم کارە پیرۆزەی کە ئەم لیژنەیە کردی زۆر ناودەنگێکی ئیجابیی هەبووە لەناو دانیشتوانی سمووددا و لە گەرمیانیش بە گشتیی، لەبەر ئەوە من لەگەڵ ئەوەدام ئەم ئەزموونە سەرکەوتووە ناوچەکانی تری گەرمیان بگرێتەوە، داوا لە ئەنجوومەنی وەزیران دەکەم کە ئەم یارمەتییە جێگاکانی تریش بگرێتەوە کە باری ژیانیان خراپە لە زۆر جێگای تر یارمەتی هەیە، بەڵام ئەم شوێنانە پشت گوێ خراون، لەبەر ئەوە داوا دەکەم کە با دەستی یارمەتی بە هەموو شوێنەکانی تری گەرمیان بگات، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجوومەن:**

لەسەر ئەم بابەتە هیچ قسەیەکی تر هەیە بکرێت؟ کەواتە زۆر سوپاستان دەکەین، دانیشتنی ئەمڕۆ تەواو بوو، سبەینێ لە کاتژمێر (٩,٣٠)دادەنیشین ئیتر سوپاستان دەکەین.

| | | |
|---|---|---|
| **فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵڵا**<br>**سکرتێری ئەنجوومەن** | **نەژاد ئەحمەد عەزیز ئاغا**<br>**جێگری سەرۆکی ئەنجوومەن** | **جوهر نامق سالم**<br>**سەرۆکی ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق** |

# پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژماره (٦٦)

چوارشه‌مه رێكه‌وتی ١٦/١٢/١٩٩٢

# پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژماره (٦٦)

## چوارشەممە ڕێکەوتی ١٦/١٢/١٩٩٢

*سەعات ١٠ی سەرلەبەیانی چوار شەممە ڕێکەوتی ١٦/١٢/١٩٩٢، ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق بەسەرۆکایەتی جێگری سەرۆک، بەڕێز نەژاد ئەحمەد عەزیز ئاغا و، بە ئامادەبوونی بەڕێز فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵڵا سکرتێری ئەنجوومەن، دانیشتنی ژمارە (٦٦)ی خولی یەکەمی ئاسایی ساڵی یەکەمی خۆی بەست. سەرەتا ڕادەی یاسایی دانیشتنەکە لەلایەن دەستەی سەرۆکایەتییەوە چەسپێنراو، ئەوجا بەڕێز جێگری سەرۆک بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان، دانیشتنەکەی بەناوی گەلی کوردستانەوە دانیشتنەکەی دەست پێکرد.*

*بەرنامەی کار:*

*١ـ خوێندنەوەی ڕاپۆرتی وەفدی پەرلەمان کە لە وڵاتی نەمساوە هاتووە.*

*٢ـ خوێندنەوەی نووسراوی وەزارەتی یارمەتی مرۆڤایەتی سەبارەت بەو یارمەتییانەی بە کوردستان گەیشتووە و، دەگات.*

*٣ـ خوێندنەوەی ڕاپۆرتی لیژنەی تایبەت سەبارەت بە چۆنیەتی دابەشکردنی ئازووقە لە شاری هەولێر.*

*٤ـ خوێندنەوەی ڕاپۆرتی نوێنەرانی پەرلەمان دەربارەی چۆنیەتی دابەشکردنی کارەبا.*

*٥ـ تازە بابەت.*

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجوومەن:**

لە خاڵی تازە بابەتدا ئەگەر هیچ پێشنیارێک هەیە لەلایەن فراکسیۆنەکانەوە بفەرموون.

**بەڕێز عەدنان محەمەد نەقشەبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

بۆ تازە بابەت تەنیا خاڵێکمان هەیە ئەویش چۆنیەتی دابەشکردنی ئازووقەیە لەلایەن ئەو ڕێکخراوە خێرخوازانەی کە لە دەرەوە دێن.

تێبینییەکی ترم هەیە ئەگەر پێتان باش بێت خاڵی سێیەم لە بەرنامەی ئەمڕۆدا، بەرای من واباشە لە دانیشتنێکی داخراودا باس بکرێت، چونکە زۆر شتی تێدایە کە پەیوەندیی بە خەڵکێکی زۆرەوە هەیە، سوپاس.

**بەڕێز حەسەن عەبدولکەریم بەرزنجی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئیشی ئاسایش پاراستنی خەڵکە، بەڵام لەهەمان کاتدا لایەنێکی دیکە پشتگوێ خراوە ئەویش

پاک و خاوێنی وڵاتەکەمانە، ئەگەر تەماشا بکەین یەکجار زۆر زبڵ و پیسی و پاشماوە لە کۆڵانەکانی ناو شاری هەولێردا کۆبۆتەوە، ئاژەڵی بەرەڵڵا لەناو هەموو شوێنەکانی شاردا بڵاوبۆتەوە، دەبێ گرنگی بەم لایەنە بدرێت.

خاڵێکی تر هەیە سەبارەت بە ئۆردوگای بنەسلاوە، بەراستی خەڵکی ئەم ئۆردوگایە لەلایەنی خۆراکەوە زۆر برسین، داوا دەکەین کە ئەم مەسەلەیە چارەسەر بکرێ، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەن:**

دەربارەی پاککردنەوە ئایا پێویستە ئەمە بکرێت بە خاڵێک لە پەرلەماندا؟، بەرای من پاک و خاوێنی ئیشی شارەوانییە، ئەمە یەک.

دوو، دەزگاکانی راگەیاندن دەتوانن ئەم رۆڵە ببینن کە هانی جەماوەر بدەن بۆ ئەوەی هاوکاری بکەن بۆ پاکردنەوەی شارەکەی خۆیان.

دەربارەی چۆنیەتی دابەش کردنی ئازووقە کە رێکخراوە خێرخوازەکان دەیدەن لەلای ئێمە هیچ زانیارییەکی وامان نییە، جا ئەگەر کوتلەی زەرد لارییان نییە لەسەر ئەوان یان هەندێ ئەندامانی تر ئاراستەی لیژنەی پەیوەندیداری بکەن بۆ ئەوەی ئەوان پەیوەندیی بکەن و، زانیاری تەواومان بۆ بێنن لەپاشان روونکردنەوەیەک دەربارەی مەسەلەکە بکەن، بۆ ئەوەی بخرێتە ناو بەرنامەی کارەوە.

دەربارەی ئەو خاڵەی جێگری سەرۆکی فراکسیۆنی زەرد خستییە روو، کە خاڵی سێیەمی بەرنامەی کار لە کۆبوونەوەیەکی داخراودا باس بکرێت، بەرای من ئەم راپۆرتە شتێکی وای تێدا نییە، تەنیا باسی دزی و سەرپێچی دەکات، بەڵام رای دوایی بۆ بەڕێزتانە کە بریار بدەن لێرە باس بکرێت و خەڵک پێی بزانێ و، یاخود هەر لەناو خۆماندا باسی بکەین ئەم پێشنیارە دەخەینە دەنگدانەوە.

**بەڕێز عەدنان محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەو ئەندامە بەڕێزەی پرسیارەکەی کردووە، زانیاری تەواوی هەیە من وابە باشی دەزانم، ئەگەر ئێوە پەسندی بکەن لێرەدا باسی لێ بکرێ، پاشان بیدەن بە وەزارەتی پەیوەندیدار، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەن:**

یەکەم: ئێستا کێ لەگەڵ ئەوەدایە خاڵی دابەشکردنی ئەو ئازووقەیەی کە لەلایەن رێکخراوە مرۆڤایەتییەکان دێت ببێتە خاڵێک لە بەرنامەی ئەمڕۆدا؟ تکایە با دەست بەرز بکاتەوە.. دەست بەرز کرایەوە.. سوپاستان دەکەین.. کێ لە دژە؟.. بە زۆربەی دەنگ ئەم پێشنیارە پەسەند کرا.

دووەم: کێ لەگەڵ ئەوەدایە کە خوێندنەوەی (راپۆرتی چۆنیەتی دابەشکردنی ئازووقە) بخرێتە

دانیشتنێکی داخراو؟، تکایە دەست بەرز بکاتەوە؟.. دەست بەرز کرایەوە.. سوپاستان دەکەین..کێ دژە؟..زۆربە لە دژە، لەبەر ئەوە راپۆرتەکە لە دانیشتنێکی کراوەدا دەخوێنرێتەوە.
مەسەلەی پاککردنەوەی شارەکان وەکو جێگری سەرۆکی کوتلەی سەوز پێشنیاری کرد، ئایا ئەوە ببێتە خاڵێک لە بەرنامەی کاری ئەمرۆدا.

**بەڕێز حەسەن عەبدولکەریم بەرزنجی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

بەلای منەوە ئەم خاڵە پەیوەندیی بە گەلێک وەزارەتەوە هەیە بەتایبەتی وەزارەتی ناوخۆ، پۆلیس و ئاسایش، ئەو ئاژەڵ و پیسییەی لە بازاڕەکاندا هەیە پێویستە لابدرێن بۆ ئەوەی شارەکە شێوەیەکی شارستانی وەربگرێ، هەروەها پەیوەندیی بە وەزارەتی شارەوانی هەیە کە دەبێ ئاگاداری پاک و خاوێنی شار بێت، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجوومەن:**

سەبارەت بە خاڵی پاککردنەوە رای ئێمە ئەوە بوو کە جەماوەر هۆشیار بکرێتەوە بۆ ئەوەی شارەکان بە پاک و خاوێنی رابگیرێن و، لەهەمان کاتدا هاوکاری بکەن، چونکە راگرتنی پاک و خاوێنی شار بۆ تەندروستی خۆیانە نابێ هەمووکەس چاویان تەنیا لە حکومەت بێت.
جا کێ لەگەڵ ئەوەدایە کە خاڵی پاککردنەوە ببێت بە خاڵێک لەبەرنامەی ئەمرۆدا؟.. تکایە دەست بەرز بکەنەوە.. دەست بەرز کرایەوە.. سوپاستان دەکەین.. کێ لەگەڵ نییە؟.. بە زۆربەی دەنگ ئەم پێشنیارە رەت کرایەوە.
دەربارەی ئۆردوگای بنەسلاوە ئەو پێشنیارەی کوتلەی سەوز کردی دەربارەی ئەم ئۆردوگایە لە دانیشتنی رابردوودا باسی لێوە کرا، پوختەی باسی ئەو کێشانەیان کرد، لەسەر ئەو بنەمایەی کە لیژنە راپۆرتی خۆی پێشکەش بکات بۆ ئەوەی گفتوگۆی لەسەر بکەین.

**بەڕێز حەسەن عەبدولکەریم بەرزنجی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

تکا دەکەم رێگای بەڕێز حەسەن حەمید رەحیم بدەن روون کردنەوەیەکتان پێشکەش دەکات، سوپاس.

**بەڕێز حەسەن حەمید رەحیم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

راستە ئێمە راپۆرتەکەمان پێشکەش کرد، بەڵام زۆریان دەهاتن داوایان دەکرد، پەلە لە دابەشکردنی ئازووقە بکرێ، هی وایان تێدا بوو نانی سبەینانیان نەبوو بیخۆن، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجوومەن:**

رایەک هەیە کە راپۆرتی ئۆردوگای بنەسلاوە ئاراستەی ئەنجوومەنی وەزیران بکرێت و، لە

پەرلەمانەوە چاودێری بکرێت و، بەداوی دابچین.
کێ لەگەڵ ئەوەدایە ئەم پێشنیارە وەربگیرێ؟.. تکایە دەست بەرز بکاتەوە.. دەست بەرز کرایەوە.. سوپاستان دەکەین.. کێ لەدژە.. بە زۆربەی دەنگ پێشنیارەکە پەسەند کرا.
بەڕێز بارزان بفەرموو بۆ خوێندنەوەی راپۆرتی پەرلەمان کە لە ولاتی نەمساوە هاتووە.

**بەڕێز بارزان خالید عەزیز:**
**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

رۆژی پێنج شەممە کاتژمێر (٧) ئێوارە رۆژی (١٩٩٢/١٢/٣). لەلایەن بەڕێز وەزیری دەرەوەی نەمسا (د. ئەلویس مۆک) پێشوازی کراین. هەروەها لێپرسراوی بەشی رۆژهەلاتی ناوەڕاست لە ئەفریقیا بەڕێز ( ئەلکسەندەر کریستانی) لەم کۆبوونەوەیەدا باسی بارودۆخی کوردستانیان کرا ورایانگەیاندو گوتیان: ئێمە ئاگاداری باری ئێوەین خۆشحاڵین بەم ئەزموونە، شایستەی پشتیگیرییە، هەروەها گوتیان، ئێمە توانای داراییمان زۆر کەمە، بەلام لەهەر کوێ بتوانین یارمەتی مرۆڤایەتیان دەدەین، ئێمەش رامان وایە کە عێراق رێز لە مافی مرۆڤ ناگرێ ،و بڕیارەکانی (U.N) جێبەجێ ناکات بەتایبەتی بڕیاری (٦٨٨).
رۆژی هەینی رێکەوتی (١٩٩٢/١٢/٤) لە کاتژمێر (١١)، کۆنگرەیەکی رۆژنامەگەرییمان بەست لەناو پەرلەمانی نەمسادا، هەرەوها سەرۆکی پەرلەمانی نەمسا (د. هانس فیشەر) و، سکرتێری پەرلەمان (د. برنۆ ئایگنەر) بەشدار بوون، سەرۆکی پەرلەمانی نەمسا وتی: «خوشک و برایانی بەڕێز خۆشحالم کە ئەمرۆ سەرۆکی پەرلەمانی کوردستانی عێراقیتان پێشکەش بکەم لەگەڵ وەفدەکەی لە چەند رۆژی رابردوو لەگەڵ من و بەڕێز وەزیری دەرەوە کۆبوونەوەو، ئێوە ئێستا ئازادن هەر پرسیارێک دەکەن».
نیوەڕۆی هەینی میوانی حزبی (ئەحرار) بووین زۆر بە دورودرێژی لەگەڵ خانم ( هایری ئینتیر) کە یەکێک بوو لە چاودێرەکانی نەتەوەیی لیبرالەکان بۆ هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستان.
وەفدەکەمان کاتژمێر (١٥)ی پاش نیوەڕۆ پێشوازی کرا لەلایەن بەڕێز (ئێرنیست ئوتولنی) سەرۆکی پەرلەمانی ڤیینا، هەروەها نوێنەری پارێزەرگاری ڤیینا، ئەوان پشتگیری سیاسی لە کورد دەکەن بۆ گەیشتن بە مافی چارەنووسی خۆی. لە شاری ڤیینا بەردەوام دەبێت بۆ کۆمەکی یارمەتی خۆی بۆ کوردستان هەروەها یارمەتی دانیشتگای هەولێر دەدەن، هەروەها تەکیدی لەسەر ئەمە کرد کە پەرلەمانی ڤیینا نوێنەرو چاودێری ناردبوو بۆ هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستان.

ڕۆژی هەینی کاتژمێر (١٦) کۆبووینەوە لەگەڵ سەرۆکی سێیەمی پەرلەمانی نەمسا خاتوو (د. هایدە شمیت) و جێگری سەرۆکی حزبی (SPO) خۆشحاڵی خۆیان دەربڕی بەرامبەر ئەم ئەزموونە دیموکراتیە، هەروەها پشتیگیری خۆیان دەربڕی و، تەئکیدیان لەسەر پاراستنی مافی کەمە نەتەوەییەکان کردەوە.

ڕۆژی شەممە وەفدەکەمان سەردانی مەڵبەندی کوردی کرد لە ڤیینا کاتژمێر (٥) پرۆفیسۆری ڕەگەز ناس سەردانی وەفدەکەمانی کرد کە ئەمان پێشانگایەکی کەلەپوری نەتەوایەتی کوردیان کردووە کە زیاتر لە (١٠٠) هەزار کەس سەردانی کردوەو، مەبلەغی (٥) هەزار دۆلاریان کۆکردبۆوە بۆ پاراستنی کەلەپوری کوردی پێشکەشی وەفدەکەیان کرد.

ڕۆژی یەک شەممە کاتژمێر (١٠) کۆبوونەوەمان کرد لەگەڵ کوردە ئاوارەکان لە ڤیینا ئەم کۆبوونەوەیە لەلایەن مەڵبەندی کوردی ڕێکخرا بوو ژمارەیەکی زۆری کورد بەشدار بوون، هەتا کاتژمێر (٣)ی پاش نیوەڕۆی خایاند، دەستەیەک لەو پزیشکانەی کە لەکاتی ڕاپەرینەکە یارمەتی ئاوارەکانیان دابوو سەردانی وەفدەکەیان کرد تەئکیدیان لەسەر ئەوە کردەوە ئەوان هەمیشە ئامادەن یارمەتی بدەن وەفدەکە زۆر سوپاسی کردن سەبارەت بەو کارانەی کە کردوویانە و، ئامادەییان بۆ کۆمەک کردن نیشان دا برادەرانی هەردوولا پارتی دیموکراتی کوردستان و، یەکێتی نیشتمانیی کوردستان زۆر کۆمەکیان کردین، هەروەها مەڵبەندی کوردی لە ڤیینا زۆر هاوکاری کردین سوپاسیان دەکەین، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس کاک بارزان، زۆر پێخۆشحاڵین بە ماندوبوونی وەفدەکە بە سەرۆکایەتی بەڕێز (جوهر نامق سالم) بەراستی زیاتریش لەوە بە پەرۆشەوە چاوەڕوانی دەکەین بۆ ئەوەی خۆیان ڕاپۆرتێکی تێروتەسەلمان لەسەر ئەوە پێشکەش بکەن.

تێبینیەک هەیە لەسەر ئەوەی هەندێ ئەندامان پێشنیاریان هەیە لەناو کۆبوونەوەدا دینرێن بۆ سەرۆکایەتی، وابزانم ئەوە ڕێگەیەکی باش نییە، ماوەیان هەیە لە هەموو کاتێکدا پێشکەشی بکەن، ئەو کاتە دەتوانین لەگەڵیاندا باس بکەین، بەڵام نازانم بۆ هیچ کاتێک نادۆزنەوە تەنیا کە لەکۆبوونەوەکە دانیشتووین کاغەزێکمان بۆ دەنێرن؟ ئێمە لەگەڵ ڕێزمان بۆ پێشنیارەکانیان بەراستی پێشنیارکردن بەم شێوەیە نابێت. ئێمە لەسەرۆکایەتی لە ڕۆژانی دانیشتن لە سەعات (٨ ــ ٥و٩) لێرەین، یەکتر دەبینین، هەروەها ڕۆژانی تر پێنج شەممە و، دووشەممە لێرەین، تکایە ئەو پێشنیارانەی ڕاپۆرتی لیژنەکان بە ڕێگایەکی ڕێکوپێکتر پێشکەش بکرێت.

د.فازڵ بفەرموو بۆ ئێرە بۆ خوێندنەوەی ڕاپۆرتی وەزارەتی هاوکاری.

**بەڕێز د. محەمەد فازڵ قەفتان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

داوای لێ بووردن دەکەم ناتوانم راپۆرتەکە بخوێنمەوە بە هۆی ئێشی ددانمەوەو، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەن:**

د.عیزەدین فەرموو تۆ بیخوێنەوە.

**بەڕێز د. عیزەدین موستەفا رەسول:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەم زانیارانەی خوارەوەتان پێشکەش دەکەم دەربارەی ئابووری ئێستای کوردستان.

١ـ سووتەمەنی: تاوەکو ئێستا (٢٢٠) تانکەر نەوت هاتۆتە کوردستان بە تێکڕای (٤٥٠) هەزار لیتر لە رۆژێکدا. لە هەولێر (٢،٨) ملیۆن لیتر دابەش کراوە، لە سلێمانی (١،٥) ملیۆن دابەش کراوە، ئەمە لەکۆی (١٠،٨) ملیۆن لیتر کە لەگەڵ حکومەتی عێراقی رێککەوتنی لەسەر کراوە، هەروەها ئێستا رێککەوتن کراوە لە نێوان یونسێف و، عێراق بۆ (١٨،٧) ملیۆن لیتری تر. بڕیار وایە یارمەتی ئەمریکا لە یارمەتی سووتەمەنی (١٩،٣) ملیۆن لیترە لە رێگای تورکیا بەم زووانە بگاتە کوردستان، هی (٣٠) وڵاتە هاوبەشەکانی ئەوروپا بڕیاریان داوە (٢٥) ملیۆن لیتر سووتەمەنی و بنزین بۆ کوردستان بنێرن.. نرخی سووتەمەنی کە لە هاووڵاتییان وەردەگیرێ تەرخان دەکرێت بۆ چاککردنەوەی رێگاوبان لە کوردستاندا.

تا ئێستا (٢٠٧) لۆری خواردەمەنی گەیشتووەتە کوردستان کە بریتین لە ئاردو رۆن و نۆک، بەڵام تا ئێستا شەکر نەگەیشتووە.

دەرمان (٦) شاحنە لە دەرمان گەیشتۆتە زاخۆ تا ئێستا بە رێگای قەندیل وا نیازە لە رۆژانی (١٩ـ ٢١/١٢/١٩٩٢)دا پردەکە ئامادە بێت بۆ بەکارهێنان و هاتووچوو، هەروەها بڕیارە (کۆمپانیای کوردستان )ی سەر بەوەزارەتی ئیشغاڵ لەگەڵ حکومەتدا دەسنیشانی رۆژی کردنەوەی پرۆژەکە بکەن.

(M.C.C) زاخۆ بڕیاری داوە شەش هەزار رەحلەی قوتابخانە بدات بە پارێزگاکانی (هەولێرو دهۆک و سلێمانی).

٢ـ گیروگرفتەکان: ئەو رێگایانەی کە بەفر دەیانگرێت وهاتوو چۆتیایاندا گرانە، دەبێ شۆفڵ و گرێدەر و بلدۆزەریان بۆ دابین بکرێت. رێکخراوە مرۆڤایەتییەکانی جیهان خواردن و، گازو جلوبەرگ بۆ ئەو کارمەندانە تەرخان دەکەن، بەڵام ئامادەنین ئامێرەکان چاک بکەنەوە، هەروەها پێویستە ئاسایشی تەواو هەبێت لەسەر ئەو رێگایانەی کە گیروگرفتی تیادا هەیە، بۆ ئەوەی لۆرییەکان بەسەلامەتی هاتووچۆ بکەن و، پێش ئەوەی لۆریەکان بگەنە کوردستان لە تورکیاوە پشکنینێکی ورد دەکرێن، هەروەها لەو ناوچانەی کە لەژێر دەستی

رژێمی عێراقیشە، بەوردی دەپشکێنرێن، ئەمانە دەبنە هۆی دواکەتنیان بۆ گەیشتن بەشارەکانی کوردستان (I.O.M) بەم زووانە لە کوردستان نامێنێتەوە، بەڵام بارەگایان لە تورکیا دەبێت..

دەربارەی ئاوارەکان لە ئێران، ماونەتەوە دەبێت هاوکاری بکرێت. دەربارەی (٢٠٠٠)ماڵ کە هێشتا لە سلۆپی تورکیا ماونەتەوە ئەوان چاوەڕوانی ئەوە دەکەن بڕۆن بۆ وڵاتانی دەرەوە، نایانەوێ بگەڕێنەوە بۆ کوردستان..

دەبێ بە وردی ئامۆژگاری جەماوەر بکرێ بۆ خەرج کردنی سووتەمەنی، چونکە رژێم ئابلۆوقەی سووتەمەنی لەسەر کوردستان داناوە وەک چەکێک بەکاری دەهێنێ بۆ رووخاندنی بیروباوەڕی جەماوەرو تێکدانی ریزەکانیان، سوپاس.

**بەڕێز محەمەد توفیق رەحیم/ وەزیری هاوکاری:**

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاسی د.عیزەدین دەکەین، بەراستی ئەم راپۆرتە زانیاریەکی باشی تیابوو لە کاتی خۆیدا ئێمە داوامان لە ئەنجومەنی وەزیران کردبوو راپۆرتێکمان بدەنێ دەربارەی ئەو سووتەمەنییەی تەرخان کراوە بۆ کوردستان چەندەو، چۆن دابەش دەکرێت؟، سوپاس.

**بەڕێز جەلال جەوهەر عەزیز:**

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێوە ئاگادار بوون لەکاتی خۆیدا کێشەی ئاوارەکان لە کەرکوک و گەرمیان رووبەرووی حکومەتی کوردستان کرایەوە، ئەویش رووبەرووی وەزارەتی مرۆڤایەتی کردەوە، ئێمە دوو ئەندامی پەرلەمان لەوێ ئامادە بووین تاکو نەخشەو بەرنامە دابنێین بۆ ئەوەی یارمەتی و کۆمەکیان بۆ کۆبکرێتەوە، حکومەت خۆی لەوێ ئامادەیی خۆی راگەیاند بۆ یارمەتیدانی ئاوارەکان، بەڵام هەتا ئێستا لە رووی کردارەوە هیچی بۆ نەکراوە؟، سوپاس.

**بەڕێز ئیبراهیم سەعید محەمەد:**

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەن.**

لە تەلەفیزیۆندا تەنیا باسی سلێمانی و هەولێر کراوە، باسی دهۆکی تیا نەبوو، پرسیارەکەی من ئەوەیە بەشی دهۆک چەندە؟، سوپاس.

**بەڕێز حازم ئەحمەد مەحمود یوسفی:**

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەن.**

وەڵامی پرسیاری بەڕێز ئیبراهیم دەدەمەوە، پێرێ لە رۆژنامەی کوردستانی نوێ بڵاوکرابووەو کە بەشی دهۆک گەیشتووەو، لەگەڕەکی بەرۆشکێ دابەش دەکرێت.

دەربارەی ڕێگای (بابلۆ ـ زاویتە) من پێشنیارێکی دیاری کراوم هەیە کە لە ڕێگای پەرلەمان، یاخود حکومەت پەیوەندیی بکرێت لەگەڵ (M.C.C)، چونکە بەراستی لەم زستانەدا ڕێگای (بابلۆ ـ زاویتە) هەتا ناوچەی قەسرێ ڕێگایەکی زۆر خراپە هیچ شاحینەیەک یا ماتۆڕ و ئۆتۆمبیلێک کە بارکرابێ بە ئازووقەوە ناتوانێ لەو ڕێگایەدا هاتووچوو بکات، لەبەر ئەوە من پێشنیار دەکەم کە ئازووقەکە بە ڕێگای (فائدە ـ بدریە ـ القوش) بڕوات، چونکە ئەو ڕێگایە حکومەتی تیادا نییە، ئەگەر شتەکە ڕەسمی بێت ئێمە پێویستمان بە ڕێگای (کەلەک ـ بەرتلە) نابێت، سوپاس.

**بەڕێز شەوکەت حاجی موشیر ئەحمەد:**

**بەڕێز جێگری سەرۆک ئەنجوومەن.**

ئەگەر تەماشای ئەو شاحینانە بکەین کە ڕۆژانە دێنە ناو کوردستانەوە، دەبێ کەس برسی نەبێ، بەڵام تا ئێستا دەبینین هەموو خەڵک کێشەیان هەر ماوە، بەرای من هۆیەکە ئەوەیە کە ئازووقە بەباشی دابەش ناکرێت، پێشنیار دەکەم کە ئەم ئازووقەیە لە ڕێگای بریکارەکانی کەلوپەلی خۆراک دابەش بکرێت، سوپاس.

**بەڕێز د. عیزەدین موستەفا ڕەسول:**

**بەڕێز جێگری سەرۆک ئەنجوومەن.**

زۆر پەیمان دراوە بە کوردستان لەم جۆرە وەکو زانستگای نەمسا بەڵێنی داوە کە چەند هەزار دۆلار بدات بەزانستگای سەلاحەدین، بەڵام ئەمانە هێشتا نەگەیشتوون پێویستیان بە بەدواداچوون هەیە، جا سەرۆکایەتی دەبێ بیر بکاتەوە بۆ بەدواداچوونی ئەم پەیمانانە چ لە ڕێگەی ئەنجوومەنی وەزیرانەوە بێت چ لە ڕێگەی لیژنەیەکی پەرلەمانی بێت، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجوومەن:**

لە هەموو حاڵێکدا ئێمە سوپاسی وەزارەتی پەیوەندییەکان دەکەین کە ئەو زانیارانیانەیان دا پێمان، بەراستی نە هەموو خواردەمەنییەکە بەشی خەڵکی کوردستان دەکات بە تێروتەسەلی و، نە سووتەمەنییەکەش پێویستی هەموو خەڵکی کوردستان دابین دەکات، بەڵام ئەمە هەنگاوێکی گرنگە ئێمە سوپاسی نەتەوە یەکگرتووەکان دەکەین، سوپاسی کۆنگریسی ئەمەریکی دەکەین، هەروەها سوپاس بۆ کۆمەڵەی ئەورووپی بۆ ئەو هەستەی مرۆڤایەتییەی دەربڕیوە لەگەڵ میللەتەکەماندا.

**بەڕێز عەدنان محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆک ئەنجوومەن.**

ئەم بابەتە شێوەی لێکۆڵینەوەی هەیە و، هەمیشە لە کێشەکانی لێکۆڵینەوە دەبێ مەسەلەکە نهێنی بێ لەبەر ئەوە وتمان با دانیشتنەکە نهێنی بێت، بۆ ئەوەی ئەو لایەنانەی لەو مەسەلەیە

ناویان دێت نەک خۆیان ئەو شتانە بشارنەوە، ئەمە یەک دوو ئێمە گومان لە خۆمان ناکەین، چونکە نوێنەری راستەقینەی ئەو میللەتەین، سوپاس.

**بەڕێز حەسەن عەبدولکەریم بەرزنجی:**

**بەڕێز سەرۆک ئەنجومەن.**

کە هاتم دانیشتم راپۆرتەکەیان داینێ بێگومان نازانم چی تیادایە، بەڵام من لەگەڵ رای بەڕێز عەدنانم، ئەگەر شتێک لێکۆڵینەوەی تیادا بێت و، نەگەیشتە ئەنجام ئەم خاڵانە دەبێ دوابخرێن هەتا تەواو دەبێت، ئینجا پێشکەش بە جەماوەر بکرێت، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆک ئەنجومەن:**

وەکو من لەگەڵ ئەندامانی لیژنەکەدا باسم کرد دوو راپۆرتیان هەیە یەکێکیان لەوانە کە دەبێ لێکۆڵینەوەی لێ بکرێ ئەوە لەپاشاندا پێشکەش دەکرێ، لەگەڵ ئەوەشدا دەمەوێ بۆ جێگری سەرۆکی کوتلەی زەرد روون بکەمەوە کە مافی رەوای خۆیەتی داوا بکات کۆبوونەوە نهێنی بێت یان نەبێت و، بەپێی پێڕەوی ناوخۆی ئەنجوومەن بۆ سەرۆکایەتی نییە بە هیچ جۆرێک خۆی بریار بدات کە ئەمە نهێنی بێت، بەڵام بەپێی پێڕەوی ناوخۆ هەموو کۆبوونەوەکان کراوەیە، ئەگەر پێشنیاری ئەوە بکرێت کە ئەو کۆبوونەوەیە داخراو بێت، ئەوا پێشنیارەکە دەخرێتە دەنگدانەوە پەرلەمان بریار لەسەر ئەوە دەدات دانیشتنەکە نهێنی بێت، یان نهێنی نەبێت، ئەوە بوو ئێمە بەپێی پێڕەوەی ناوخۆ هەڵسوکەوتمان کرد.

**بەڕێز عەلی رەسول رۆستەم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەرای ئێمە راپۆرتێکیان بە ئاشکرا بێت، بەڵام راپۆرتەکەی تر لە کۆبوونەوەیەکی داخراو بێت، سوپاس.

**بەریز مەزهەر عەلی مستەفا کاکی هیرانی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پاش سڵاو و رێزم، لەسەر راسپاردەی بەڕێزتان بەپێی نووسراوی ژمارە (٣٤/٦١٤) لە رۆژی ١٩٩٢/٢/١٩ لیژنەکەمان کە بریتین لەم سێ ئەندامانەی خوارەوە:

(مەزهەر عەلی موستەفا کاکی هیرانی، مەلا هادی خضر کوێخا، عەلی رسول رۆستەم) هەڵستاین بە لێکۆڵینەوە بۆ وەدەست هێنانی ئەم کەموکورتیانەی کە روویان داوە لە کۆمپانیای فرۆشتنی خۆراک و دابەشکردنی ئاردو برنج بەر لە راپەرینە مەزنەکەی بەهاری ساڵی (١٩٩١)و، دوای بەجێ هێشتن و کشانەوەی ئیدارات لە کوردستاندا لەلایەن رژێمەوە واتا لەکاتی دەست بەکاربوونی بەرەی کوردستانی بەسەر ئیداراتی کوردستان.

بەڕێزان هەر لە یەکەم رۆژی لێکۆڵینەوە چەند لیژنەیەکمان پێک هێنا بۆ هاریکاری کردن و گەیشتن بە ئەنجام، لیژنەکەمان دەستی کرد بە جەردی لیستەکانی کاتی رژێم و دوای کشانەوەی

ئیدارات خۆشمان سەرپەرشتی راستەوخۆمان کرد سەردانی دوکانەکانمان کرد چ لەناو شارو چ لەدەرەوەی شار بە شێوەیەکی گشتی وەکیلەکان لە کاتی رژێمدا ژمارەیان (٢) هەزار وەکیل بوون کەچی ئێستا ژمارەیان گەشتوتە (٢٤٨٧) وەکیل، واتا بەزیادەی (٤٨٧) وەکیل پێمانوایە ئەو وەکیلانە ژمارەیەکی زۆریان خەیاڵین. ژمارەی دانیشتووانی هەولێر بەپێی سەرژمێری هەولێر بەگشتی واتا بەگوێرەی مەخمور و دەورو پشتیان لەگەڵ شاری پردێ و ئاڵتون کوپری (٩٣٥) هەزار کەس بووە کەچی ئێستا سەرژمێری شاری هەولێر جگە لەو شارۆچکانەی کە باسمان کردن زیاترە لە میلۆنێک، ئەمە بەرای ئێمە راست نییە، بەڵکو لە ئەنجامی وەکالەتی خەیاڵی هاتووە کە دراوەتە چەند کەسانێک بە ناشەرعی و، لە ئەنجامی لێکۆڵینەوە بۆمان دەرکەوت (١٥٣) وەکیل ناوەکانیان بە لیستەیەکی هاوپێچراو بۆ بەرێزتان دێت، بەڵگەیەکی روونە کە وەکیلن، بەڵام ژمارەی پێویستیان لانییە جگە لە زۆر وەکالەتی تر کە لە سەردەمی رژێم دراوەتە کەسانێک بەناحەق کە زۆریان بۆ بەرێزتان دەستنیشان کراون وا کورتەیان دەخرێتە بەرچاوتان:

لەماوەی ئەمساڵدا رژێم ئەو خواردنانەی بۆ کوردستان رەوانە کردووە، هەرچەندە نەگەیشتووەتە دەست خەڵکەکە بەتایبەتی ئەو وەکالەتانەی پاش کشانەوەی رژێم بە پسوولەی لیژنەی ئابووری بەرەی کوردستانی دراون ژمارەیان (١٥٣) وەکیلە ناوەکانیان بە لیستێکی هاوپێچراو ئاراستەی بەرێزتان کراوە، جگە لە زۆر وەکالەتی تر کە لە سەردەمی رژێم دراوەتە خەڵک بەناحەق ئەمانیش زۆریان دەست نیشان کراون بەرچاو دەخرێن.

بۆ چارەسەرکردنی ئەم مەسەلەیە، ئێمە پەیوەندییمان لەگەڵ بەرێز سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران کردو پێشنیارمان کرد سەنتەری شاری هەولێر ئامار بکرێ لە لایەن فەرمانگەی ئاماری هەولێر، لەبەر ئەوەی ژمارەیەکی زۆر سەرپێچی هەیە لە دابەشکردن و دامەزراندنی وکیلەکان ئەوەش سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران زۆر لای پەسند بوو، هەروەها پەیوەندییمان لەگەڵ بەرێوەبەری ئاماری هەولێر کرد بۆ ئەوەی هەڵستێت بەپێکهێنانی چەند گروپێک بۆ سەرژمێری کردن، هەروەها بۆ ئەم مەبەستە بەرێوەبەری ئامار (١٠٤) هەزار دیناری پێشکەش کرد کە بۆ ماوەی (٢٥) رۆژ شاری هەولێر ئامار دەکرێت ئێمە پێمانوایە بەم سەرژمێریە لە (٨٠٪) کەموکورییەکان دەست نیشان دەکرێن. پاشان لیژنەکەمان پەیوەندیی بە بەرێز پارێزگاری هەولێر کردو، کۆبوونەوەی لەگەڵدا کرد و، رای بەرێز پارێزگاری هەولێر ئەوە بوو کە هەموو شارەکان ئامار بکرێن نەک تەنها شاری هەولێر بەمەش بەتەواوی هەموو جۆرە دزییەکان بنبڕ دەکرێن بۆ ئاگاداری بەرێزتان ئێمە لە چەند رۆژانی رابردوودا پەیوەندییمان لەگەڵ هەر لیژنەیەک کردبێ، یان هەر لایەنێکی دڵسۆز رایان وابووە کە دەبێ سەرژمێری بکرێ کە ئامارەکە هی هەموو شاری هەولێر بێت و، ئەگەر سەرژمێری هەموو کوردستان بکرێت ئەوا گشت کەموکورتییەکان بنبڕ دەکات، بەڵام ئەمە پێویستە بە پەلە ئەنجام بدرێت.

لە کۆتاییدا ئێمە بەپەسندی دەزانین کە پەلە بکرێت لە ئالوگۆڕی بەشی زۆری فەرمانبەرانی وەزارەتی دارایی و ئابووری بە تایبەتی بەڕێوەبەرایەتیی سایلۆ (بێگومان ئەوە بەبرنجەوە)، بەڕێوەبەرایەتی ئارد لەگەڵ بەڕێوەبەرایەتی کەلوپەلی خۆراک.
تێبینی/ لەم فەرمانگانەی سەرەوەش پێویستە ئالوگۆڕی لە نێوان سەرۆک بەش و مەئمور مەرکەزەکان بەپێی پێویست بکرێت، سوپاس.

**بەڕێز عەدنان محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەندامانی لیژنەکە لە راپۆرتەکەیاندا دەڵێن ئامارکردنی شاری هەولێر پارەیەکی زۆری تێدەچێت، بەڵام من لە بیرمە پێش ماوەیەک راپۆرتێک دەربارەی سەرژمێری دانیشتوان پێشکەش بە سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران کرا کە تیایدا هاتووە سەرژمێری کردنی دانیشتووان تەنیا (٦٠) هەزار دینار تێدەچێت، جا من پێشنیار دەکەم لەم بوارەدا لە سەرۆک وەزیران بپرسین ئەم پرۆژەیە چی لێهات؟، سوپاس.

**بەڕێز ئیبراهیم سەعید محەمەد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پێش مانگێک راپۆرتێک دەربارەی شاری سلێمانی خوێنرایەوە هەر دیسانەوە باسی ئەوە کرا کە قوتی ئەو میللەتە بەدەستی کەسانی نائەمین، داوا دەکەین کەوا پاکسازی بکرێت لەناو فەرمانبەرەکانی بەڕێوەبەرایەتی گشتی کەلوپەلی خۆراک، سوپاس.

**بەڕێز ئەهلە محەمەد سەعدوڵلا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

باسی ئامارکردن کرا، نازانم هیچ خۆئامادەکراوە بۆ ئەم سەرژمێرییە؟، چونکە سەری ساڵ نزیک بۆتەوەو، لەم زووانە دەبێت پسوولەی کەلوپەلی خۆراک دابەش بکرێت بەسەر هاووڵاتییان، سوپاس.

**بەڕێز بارزان خالید عەزیز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەراستی ئێمە هەموو لایەکمان دەزانین یەکێک لەو چەکانەی کە رژێم دژی ئێمە بەکاری دەهێنێت دزینی ئەو ئازووقەو لوقمەی ژیانی خەڵکی هەژار و چەوساوەیە، دیارە برادەران زۆر چاکی بۆچوون، بەڵام من تێبینیم لەسەر ئەوە هەیە کە گوتیان ژمارەی دانیشتووانی هەولێر کەمترە لە(٩٣٥) هەزار، بەرای من شاری هەولێر ئێستا پترە لە ملیۆن کەسی تێدایە، چونکە

ئێستا دەیان هەزار خەڵک لە ئاوارەکانی کەرکووک و شوێنەکانی تری کوردستان و، هەزاران کەس لە ئێران هاتۆتەوە هەمووی لە هەولێردا دانیشتوون حەق وایە ڕەچاوی ئەوە بکرێت.
سەبارەت بە وەکیلە خەیاڵییەکان من داوا دەکەم لیژنەیەکی لێکۆڵینەوە بۆ ئەم مەبەستە پێک بێت، ئەو کەسانەی کە سەرپێچیان کردووە سزا بدرێن، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجوومەن:**

ڕاپۆرتەکەی سلێمانییمان ئاراستەی ئەنجوومەنی وەزیران کردووە پاشان ئەوان پێیان ڕاگەیاندین کە ئاراستەی وەزارەتی داراییان کردووە شتێکی زۆر باش دەبێت ئەو ئەندامانی کە ڕاپۆرتەکەیان ئامادە کردووە، کاریان بەوە تەواو نەبووە هەر ڕاپۆتەکەیان خوێندەوە لەپاشان بڕیاردرا ئاراستەی ئەنجوومەنی وەزیران بکرێت دەبێ خۆیان بەدوای دابچن، ئەگەر لە جێگایەک کۆسپ هاتە پێشیان دەتوانن پەیوەندیی بە ئێمە بکەن بۆ ئەوەی یارمەتیان بدەین.

**بەڕێز مەلا تەڵحە سەعید قەرەنی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

دەربارەی دابەشکردنی ئەو ئازووقەیەی من بیستوومە سێ، چوار مانگە کەس هیچی بەرنەکەوتووە خەڵکی ئەم گەڕەکانەش هەموو ڕۆژێ موراجعە دەکەن وەکو گەڕەکەکانی ( ٩٢ـ عەدل ـ مەنتکاوە ـ باداوە) ، هەروەها زۆر ئاوارە وخەڵک هەن کە زۆر داوای ئەو ئازووقەیە دەکەن،، داوا لە سەرۆکی بەڕێز دەکەم کە ئەمانە لەمەو پاش پشتگوێ نەخرێن، سوپاس.

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

بەراستی یەک کۆمەڵە پێشنیار هەیە بۆچارەسەری ئەم مەسەلەیە:
یەکەم: منیش پشتگیری قسەکانی بەڕێز ئیبراهیم دەکەم کە ئەم فەرمانبەرانەی گومانیان لێ دەکرێ ئاڵوگۆڕێکیان پێ بکرێ، ئەگەر وابڕوا لەوانەیە بۆ هەندێ فەرمانگەو، شوێنی گرنگ پرۆژەی یاسای ئەمەت لە کوێ بوو؟ (من این لک هذا) پێشکەش بکرێت.
دووەم: تەئکید لەسەر ئاماری گشتی کوردستان دەکەم.
سێیەم: داوای گۆڕینی (ناسنامەی کاروباری شارستانی) دەکەم، لەبەر ئەوەی زۆر ناسنامەی دووبارەکراو (مکرر) هەیە.
چوارەم: کە کاتی دابەشکردنی ئازووقە دێت پێویستە بڕی ئەو مانگەی کە دابەش دەکرێ لە دەزگاکانی ڕاگەیاندن بڵاوکرێتەوە، بۆ ئەوەی هاووڵاتییان بزانن ئەو بەشەی وەری دەگرن چییەو، چۆنە؟، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجوومەن:**

ڕای من وایە ئەو پێشنیارانەی بەڕێز ئەیاد خوێندیەوە شتێکی باش دەبێت ئەگەر بەڕێزان

نوێنەرانی هەولێر لەگەڵ ئەم لیژنەیە کۆبوونەوەیەک بکەن چ پێشنیارێک هەیە لەگەڵیاندا باسی بکەن بۆ ئەوەی لەناو دوا راپۆرتدا کە دێت ئەم پێشنیارانە رەچاوبکرێن.

**بەڕێز د.قاسم محەمەد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

سوپاسی ئەو برادەرانە دەکەین کە زەحمەتیان کێشاوە و راپۆرتیان ئامادە کردووە و کەموکورتیان دەستنیشان کردووە کە (١٥٣) وەکالەی خەیاڵی هەیە. ئەوە لەوانەیە تەنیا لەشاری هەولێردا بێت، ئەگەر بێینە سەر راستی شارەکانی تری کوردستان لەوانەیە هەمان ژمارە وەکالەتی خەیاڵیان تیایدا بێت، من بە باشی نازانم چاوەڕوانی ئەوە بکەین تاوەکو ئەنجامی ئامارکردن دەردەچێت، ئینجا سزای وەکیلە سەرپێچیکەرەکان بدرێت، بەڵکو من داوا دەکەم لە ئەنجوومەنی وەزیراندا لیستی ناوی وەکالەتە خەیاڵییەکان دیاری بکرێت و، سزا بدرێن، سوپاس.

**بەڕێز کاکەڕەش محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

بەراستی زۆربەی لایەنەکان کە دەمویست باسی بکەم برادەران باسیان کرد، بەڵام خاڵێکی بنەڕەتی هەیە سەبارەت بە ئامار پێویستە ئێمە ژمارەیەکی چەسپاومان هەبێت، بەرای من ئێستا پشووی نیوەی ساڵ نزیک بۆتەوە، دەتوانین سوود لە مامۆستا و قوتابی وەربگرین بۆ کرداری ئامارکردن.

سەبارەت بە هەڵسووکەوتی خراپ راستە سەرپێچییەکی زۆر هەیەو، من پشتگیری لەو رایە دەکەم کە پاکسازی بکرێت لە فەرمانگەکان، سوپاس.

**بەڕێز شێروان ناسح عەبدوڵلا حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئەوەی تێبینی دەکرێت بەگشتی بۆچوونەکانی ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستان لە زۆربەی زۆری کێشەکان جێگای خۆیەتی، بەڵام زۆربەیان لەلایەن دەسەڵاتی راپەڕاندن جێبەجێ ناکرێن، سوپاس.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئێمە وەکو لیژنەی دارایی پشتگیری لەوپێشنیارە دەکەین کە ئەو وەکیلانەی کە سەرپێچییان کردووە سزا بدرێن.

دەربارەی ئامار، ئێستا لیژنەی ئاماری باڵا لە ئەنجوومەنی وەزیراندا پێکهاتووە بۆ ئامارکردنی هەموو کوردستان (احصاء العام لاقليم كوردستان)و، داوای (٥) پێنج ملیۆن دیناریان کردووە بۆ ئەم کردارە، لیژنەی ئابووری ودارایی پێش یازدە رۆژ تەئکیدی کرد کە ئامارکردن (٥) ملیۆنی تێدەچێ، بەڵام ئەمە پێویستە پەرلەمان پەسەندی بکات، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجوومەن:**

راپۆرتی یەکەم درا بە لیژنەی یاسا پاش ئەوەی ئێوە راتان لەسەردا و، شێوەی کۆتایی وەرگرت ئاراستەی ئەنجوومەنی وەزیران کرا.

راپۆرتی دووەم هی لیژنەی دارایی ئەوەش خوێنرایەوە وابزانم هەندێ تێبینی لەسەر ئەو پێنج ملیۆنە هەبوو، چونکە پێویستە ئەم برە پارەیە لە پەرلەمان داوا بکرێت پەسەندی بکات.

**بەڕێز کەمال ئیبراهیم فەرەج شالی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

من دوو پێشنیارم هەیە:

یەکەم: ئەو وەکالەتە خەیاڵییانە بدرێن بە دادگا و سزای خۆیان وەرگرن.

دووەم: پاکسازی پەلەی لێ بکرێت لە هەموو فەرمانگەکان و، لەسەر ئاستی هەموو وەزارەتەکان، سوپاس.

**بەڕێز شەوکەت حاجی موشیر ئەحمەد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ماوەیەکی زۆرە ئێمە باسی پاکسازی فەرمانگەکان دەکەین، بەڵام تا ئێستا نەکراوە لەوانەیە هەندێ شتی خراپیشیان لێ رووداوە، بەراستی دەستی تێکدان لە کوردستان هەر تەقینەوە نییە، ئەم تێکدانەی لەناو فەرمانگەکاندا هەیە لە تەقینەوە خراپترە، پێموایە دەبێت لە ماوەی یەک دوو هەفتە پاکسازی بکرێت لە وەزارەتەکان و، فەرمانگەکانی کوردستان، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجوومەن:**

ئێستا وابزانم پاش خوێندنەوەی ئەو راپۆرتانەو، وئەو تێبینییانە کە بەڕێزتان داتان وا بەباش دەزانرێ کە بەنووسین بدرێت بە لیژنەکە، بۆ ئەوەی لە ئامادەکردنی ئەو راپۆرتەی کە ئاراستەی ئەنجوومەنی وەزیران دەکرێت، ئەو خاڵانەی بەڕێزانتانی تیایدا بێت.

سەبارەت بە راپۆرتی شاری سلێمانی ئێمە دیسان لە ئەنجوومەنی وەزیران جەختی لەسەر دەکەینەوە بۆ ئەوەی بزانین گەیشتۆتە کوێ و، چەندی جێبەجێ کراوە؟.

دەبارەی کێشەی کارەبای هەولێر، لیژنەیەکی پەرلەمانی سەردانی فەرمانگەی کارەبای هەولێریان کرد، راپۆرتێکیان ئامادە کردووە سەبارەت بەم کێشەیە، فەرموو نەهلەخان راپۆرتەکە بخوێنەوە.

**بەڕێز نەهلە محەمەد سەعدوڵڵا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

پێش ئەوەی راپۆرتەکە بخوێنرێتەوە دەمەوێ شتێک روون بکەمەوە، پێش چەند رۆژێک من وبەڕێز مەلا هادی راسپێردراین بچینە فەرمانگەی کارەبا بۆ ئەوەی لەگەڵ بەڕێوەبەری کارەبا و،

بەڕێوەبەری ئاسایش ئامادەبین لە گیروگرفتەکانی کارەبا بکۆڵینەوە، بەڵام کە چووینە فەرمانگەی کارەبا جێگای سەرسوڕمان بوو بۆیان، چونکە نەیاندەزانی ئێمە دەچین بۆ ئەوێ، ئەو کاتە کۆبوونەوەیەکی تایبەتی خۆیان هەبوو، بەڕێوبەری کارەباو، بەڕێوەبەری ئاسایش لەوێ بوون، ئەوانیش پێیان سەیر بوو کە بۆ ئێمە چووین بۆ ئەوێ؟!، ئەو راپۆرتە بەس بۆ زانیاری جێگری سەرۆک نووسیمان ،نەمانزانی کە دەخرێتە روو لە پەرلەماندا بۆیە شتێکی سادەمان نووسیبە، بەڕێز مەلا هادی بەدەستی خۆی نووسیویەتی با ئەو بیخوێنێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز مەلا هادی خضر کویخا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئێمە کە ناومان لە خوارەوە نووسراوە ئەندامانی ئەنجوومەنی نیشتمانیی لەسەر داوای بەڕێزتان لە کۆبوونەوەی رۆژی (١٢/١٢/١٩٩٢)دا لەگەڵ بەڕێوەبەرایەتی کارەبا کە ژمارەیەک لە ئەندازیارو پسپۆری شارەزا بەشدار بوون پاش لێکۆڵینەوە و لێدوان لە گیروگرفتی کارەبا هۆیەکانی و خشتەی دابەشکردنی لەشاری هەولێر باسکرا بەم شێوەی خوارەوە:

یەک: رۆژی هەرماڵێک یەک کاتژمێر کارەبای دەدرێتێ، شەوان بەدوو چین دابەش دەکرێت هەر چینی (٣ر٥) کاتژمێر.

لە کۆبوونەوەکە لەگەڵ لیژنەی کارەبادا هەندێک پێشنیاریان هەبوو لەگەڵ هەندێ رەخنە لە ئێسگەو تەلەفزیۆنی پارتە سیاسیەکان، کە ئیهانەی ئاراستەی فەرمانگەی کارەبا دەکەن، داوا دەکەن لەلایەن حکومەتی کوردستانەوە ئاگادار بکرێن کە ئەم جۆرە هەڵوێستانە نەکەن، هەروەها پێشنیار دەکەن کە مەفرەزەیەکی پۆلیس لەلایەن ئەوان دەوام بکەن و، لەکاتی دزی لێکردن و، سەرپێچی یارمەتیان بدەن.

دوو: کرێکاران زیاتر لە دەوامی خۆیان ئیش دەکەن، ئەگەر ئازووقەیان پێبدرێت، یاخود یارمەتییەکی تریان پێ بدرێت باشترە بۆ ئەوەی پارە لە هاوولاتییان وەرنەگرن وەکو باس دەکرێت، چونکە زۆریان شەوکارن و، زۆر ماندوو دەبن، ئەمسەرو ئەو سەری شار دەکەن لە باران و سەرماشدا بۆ چاککردنەوەی کارەبا، داوا دەکەن دەزگاکانی راگەیاندن ئامۆژگاری خەڵک بکەن کە هینەری کارەبایی هەڵنەکەن و، شێوەی سزادانی سەرپێچی بۆ خەڵک بلاوبکەنەوە.

هەر لە میانی قسەکاندا باسی ئەوەیان کرد کە رۆژانەی ئەو برە کارەبایەی کە دێت بۆ شاری هەولێر دیاری دەکرێت، ئەوانیش بەپێی ئەم برە دیاری کراوە کارەبای ناو شاری هەولێر دابەش دەکەن، بەڵام زۆر جار بە هۆی پەککەوتنێک لە هێڵەکانی کارەبادا ناتوانرێت کارەبا وەکو پێویست بدرێت بە هاوولاتییان.

هەندێ کات دەستنیشانی کردنی سەرپێچی لەناو شاری هەولێر گەلێک زۆرە، تا ئێستا ئێمە زۆر جار هەوڵمان داوە بەلام نەمانتوانیوە سنووریان بۆ دابنێین، داوا دەکەین دەزگای پۆلیس یارمەتیمان بدات ئەو کەسانەی سەرپێچی دەکەن بیانگرێ و سزایان بدات، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجوومەن:**

دوێنێ لە دانیشتنێکی زۆر کورتدا لەگەڵ بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران بۆ پارێزگای دهۆک راستییەکی دەرخست دەڵێ دهۆک کێشەیەکی جدی کارەبا نییە و، روونکردنەوەی د. فوئادیش بۆ نەبوونی ئەو کێشەیە ئەوەیەکە دانیشتوانی دهۆک زۆر بەتەنگ ئەو بانگەوازانە دێن کە لە دەزگاکانی راگەیاندنەوە دەدردەچن، بۆ ئەو هۆشیارکردنەوەی خەڵک و، ئەوە هۆی سەرەکی بوونی کارەبایە لە دهۆک کە زۆر جیاوازی هەیە لەگەڵ سلێمانی و هەولێر، جا ئەوە خاڵێکە پێویستە سوودی لێ وەربگیرێ لە رووی راگەیاندنەوە، هەروەها بەرای من ئیجرائات بکرێت وەکو ئەوەی پارەی کارەبا زیاتر لە خەڵکەکە بسەنرێت بۆ ئەوەی خەلکەکە لە زستانەدا بەم شێوەیە کارەبا بەکار نەهێنن، سوپاس.

**بەڕێز حەسەن حەمید رەحیم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

بەرای من لیژنەیەکی پشکنین هەبێت بۆ گەڕانی پۆلیس و، بەرنامەیەکی ئامۆژگارییش هەبێت لە تەلەفزیۆندا، بۆ ئەوەی خەڵکەکە وا رابهێنین کە کارەبا باش بەکار بهێنێت، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجوومەن:**

وەکو باسی دەکەن حکومەت ئێمە لێرە هەر دەڵێین با دەسەلاتی راپەڕاندن ئەمەو ئەوە بکات، من پێم وایە ئێستا لەو بارە بچووکەی دێتە پێشەوە ئەندامی پەرلەمان زۆر باش ددتوانن بەم رۆڵە هەستن، دەتوانن کۆڕ ببەستن لەگەڵ جەماوەر، یەکێک لەو کێشانەی کە لەگەڵیاندا باس دەکەن، کێشەی کارەبایە، سوپاس.

**بەڕێز جەعفەر عەلی عەبدولعەزیز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

کێشەی کارەبا ئەمڕۆ هی هەموو خەڵکی کوردستانە، چونکە کارەبا گرنگییەکی تایبەتی هەیە لە ژیانی خەڵکی کوردستاندا، بۆیە رژێمی بەغدا زۆر دوور نییە محەویلەکان تێک بدات، لەو سەرچاوە گرنگەدا نابێ ئێمە تەنیا ئەم کێشەیە جێ بهێڵێن بۆ بەڕێوبەرایەتی کارەبا لە پارێزگاکاندا، بەڵکو پێویستە لیژنەیەکی باڵای سەرپەرشتی هەبێت لە (لێپرسراوی بەنداوەکان و، لێپرسرواى کارەبای پارێزگاکان و،نوێنەری ئاسایش و، نوێنەری پۆلیس) پێک بێت بەگشتی، بۆ ئەوەی باسی کارەبا بکرێت لە هەموو رووێکەوە، سوپاس.

**بەڕێز کاکەڕەش محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئەو ئەندامانەی راپۆرتی کارەبایان پێشکەش کرد وتیان رۆژی سێ سەعات کارەبا دەدرێت بەگەڕەکەکان، بەڵام ئەو بابەتە بۆ هەندێ گەڕەک هیچ وا نییە، چونکە هەر نەیان دراوەتی

خەڵکێکی زۆریش هەیە پێشنیار دەکەن، خشتەیەک دابنرێت بە ڕێگای تەلەفزیۆنەکان بڵاو بکرێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجوومەن:**

ئەو پێشنیارەی بەڕێز کاکەڕەش زۆر بەجێیە، بەڵام لە فەرمانگەی کارەبادا دەڵێن کە ئێمە کارەبا دەدەین بە گەڕەکێک فشار دەکەوێتە سەر محەویلەکان، محەویلەکان دەتەقنەوەو، کارەبا دەوەستێ ئەو پرۆگرامەی کە دایانناوە ئیتر بۆیان جێبەجێ ناکرێت.

**بەڕێز ئەهلە محەمەد سەعدوڵلا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

پێشنیارەکەی بەڕێز کاکەڕەش زۆر بەجێیە، بەڵام لێیان تێگەیشتین، ئەو خشتەیەی کە دانراوە بۆ دابەشکردنی کارەبا بەسەر ماڵەکاندا، لەوانەیە گەڕەکێک لە گەڕەکەکان ئەو کارەبایەی بۆی تەرخان کراوە، بەڵام پەککەوتنێک لە هێڵەکان لە ڕێگادا بووە، هەتا کرێکارەکان دەچن ئەو تێکچوونە چاک دەکەنەوە، ئەو کاتە کارەبایان دەڕوات، هەروەها گرفتێکی تریش هەیە، ئەویش ئەوەیە کە تەلەکانی کارەبا زۆر جار بە ئەنقەست تێک دەدرێت، پێویستە ئەم جۆرە خەڵکانەی ئەم کارانە دەکەن سزا بدرێن.

سەبارەت بە مەسەلەی بەرتیل وەرگرتن، بۆ چارەسەرکردنی ئەم مەسەلەیە وەکو لە ڕاپۆرتەکەدا هاتووە پێویستە یارمەتی ئەم کرێکارانە بدرێت بۆ ئەوەی بەرتیل لە هاوولاتییان وەرنەگرن، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجوومەن:**

ئەوەی ئێستا گەڵاڵە بووە ئەمەی خوارەوەیە:

هاوکاری بکرێ لەگەڵ بەڕێوەبەری فەرمانگەی کارەبا بۆ بەکارهێنانی ژیرانەی کارەبا و، ئەو ڕاستییەیان لەبەرچاودا بێت کە کۆسپێکی زۆر هەیە لەبەردەم وەزارەت و فەرمانگەی کارەبا.

سەبارەت بە وشیارکردنەوەی خەڵکیش ئەندامانی پەرلەمان دەتوانن بەو ڕۆڵە هەڵبستن ئەمەش کێشەی هەموو لایەکە نەک تەنیا هی هەولێر ئەمە لەلایەکەوە، لە لایەکی تریشەوە هەندێ دەستی تیرۆر هەیە، وەک ئەوانەی چەتاڵ دەکەن، پێویستە ئەنجوومەنی وەزیران سزای ئەو جۆرە کەسانە بدات.

**بەڕێز ئیبراهیم سەعید محەمەد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

سوپاسی ئەو مرۆڤانە دەکەین کە لە ئەورووپاوە یارمەتی میللەتی ئێمە دەدەن، ئەوان بڕێکی باش ئازووقەیان بۆ کوردستان ناردووە، بەڵام شتێک هەیە لەوێ ڕێکخراو زۆرن، ئازووقە بەشێوەیەکی

باش دێت ئەوانەی کە توانایان کەمترە بڕێکی کەمتر ئازووقەیان دێت لە دهۆک و، ڕەنگە لە پارێزگاکانیش دابەشکردنی جوگرافی بۆ ڕێکخراوەکان کراوە بەم شێوەیە:

١ـ ڕێکخراوی (کاریتاس) لە ناوچەی شیلادزێ.

٢ـ ڕێکخراوی (A.S.P) لە ئامێدی.

٣ـ ڕێکخراوی (W.F.P) ناوچەکانی (سلیڤانی و، سندی و،گولی).

ڕێکخراوی(کارتیاس) بڕێکی زۆری کەلوپەلەی خۆراکی هێناوەو، هەروەها ڕێکخراوی (A.S.P) لە هەر ناوچەیەک (٣٦) کیلۆ ئارد بۆ هەر نەفەرێک داوە، جگە لە برنج وشەکر. ئێمە حەزدەکەین هاوولاتییان زۆربیان ئازووقە پێ بدرێت، بەلام دەبێت دابەشکرنەکە بەشێوەیەکی یەکسانی بێت، چونکە (WFP) (٨) کیلۆ ئارد دەدات.

کە دێنە سەر کەلوپەلی خۆراک لەناو شاردا (٢) کیلۆ ئارد دابەش دەکرێت بۆ هەر کەسێک، ئینجا ئەوە نایەکسانی لە دابەشکردن دروست دەکات، لەبەر ئەوە من پێشنیار دەکەم کە سەرۆکایەتی پەرلەمان نووسراوێک ئاراستەی ئەنجوومەنی وەزیران بکات، داوای ئەوە بکات کە دابەشکردنی ئازووقە مەرکەزی بێت، بۆ ئەوەی بەیەکسانی بەسەر خەلک دابەش بکرێت، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجوومەن:**

ئەم دابەشکردنە بەدەست حکوومەتە، یان ڕێکخراوەکان خۆیان دەیکەن؟.

**بەڕێز ئیبراهیم سەعید محەمەد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

پارێزگار هەولی دا لەگەل ڕێکخراوەکان ڕێکخستنێک لە نێوانیاندا هەبێت و، ڕێکخراوەکان تا رادەیەک یارمەتی یەکتر بدەن، سوپاس.

**بەڕێز جەلال جەوهەر عەزیز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئەو ڕۆژە بەڕێز یونس پێشنیارێکی باشی کرد سەبارەت بە پۆلێن کردنی خەلک بۆ دابەشکردنی ئازووقە بەسەریاندا بەپێی پێویستییان، جا من پێشنیارەکەی تازە دەکەمەوەو ئەوەش زیاد دەکەم لەسەری کە ئەم پێشنیارە ببێتە کردارو، لە پەرلەمان و حکومەت و خەلکی شارەزا لیژنەک دەستنیشان بکرێت بۆ لێکۆلینەوەی باری ئەو خەلکە بەتایبەتی ئەوانەی لەناو ئۆردوگاکانن، سوپاس.

**بەڕێز یونس محەمەد سەلیم ڕۆژبەیانی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئەو ڕێکخراوانەی کە دێن بۆ یارمەتیدانی کوردستان سەربەخۆن، ئێمە لە بەرەی کوردستانی

نامـانەوێ کـەس دەست لە کـاروباریان وەردات، بەڵام بەپێی ئەو روونکردنەوەی بەڕێز ئیـبـراهیم کـردی کە نا یەکـسـانی هەیە لە دابەش کـردنی ئازووقـە، لەوانەیە هەندێ شـتی بگەڕێتـەوە بۆ لێپرسراوانی ئێمە، ئەگەر ئێمە لە کوردستاندا ئامارێکی گشتی بکەین و، سەرژمێری تەواو لامان هەبێ دەتوانین ئەم هەڵانە نەهێڵین، سوپاس.

**بەڕێز جـــێگری ســـــەرۆکی ئەنجـــــومــــــەن:**

ئەو راپۆرتەی بەڕێز ئیبراهیم خوێندیەوە من دەزانم کە لە جێگای دیکەدا هەست بەهەمان کێشە دەکرێ، وە ئەوەش دەستنیـشـان کـرا کە ئەمـانە رێکخراوی سەربەخۆن و، هەریەکە ناوچەیەکی خۆی وەرگرتووەو، بەپێی توانای خۆیان کار دەکەن، جا ئەگەر هەر تێبینییەکـتان هەیە تکایە بیـدەن بە بەڕێز ئیـبراهیـم، بۆ ئەوەی بکرێت بە راپۆرتێک پاشـان راپۆرتەکە بدرێت بە وەزارەتی پەیوەندییەکان، هەروەها وەزارەتی کاروباری مرۆڤایەتی و پەیوەندییەکان پەیوەندیی بکات بەو رێکخـراوانە، ئەگـەر وەڵامـیـان داینەوە داوا لە بەڕێز وەزیری پەیوەندیی دەکـەین بێت لێـرە روونکردنەوە بدات لەم بارەیەوە.

ئێستا هیچ پێشنیاری تر هەیە سەبارەت ئەم بابەتە؟.

**بەڕێز عـــــەبدوڵلا ئیـــــبـــــراهیم عـــــەبدوڵلا:**

**بەڕێـز ســـــــەرۆکی ئـەنجـــــومـــــــەن.**

من روون کردنەوەیەکم هەیە لەسەر قسەکەی بەڕێز ئیبراهیم ئەو (٣٦) کیلۆیە کە دابەش کراوە بەشی چوار مانگە نەک یەک مانگ، بەڵام مەسەلەی رێکخراوەکان هەر مەسەلەی ئازووقە نییە، بەڵکو مەسەلەی تریش هەیە، ئەم رێکخراوانە رێکخراوی خزمەت گوزارین بۆ هەموو بوارێک کار دەکەن، وەکو ئاوادەنکردنەوەو، کشتوکاڵ و، تەندروستی.

راستە ئێـمە لەگەڵ ئەوەداین کـە یارمـەتی ئەو رێکخراونە بدەین ئەوانیش رۆڵی خۆیان ببینن، بەڵام لەهەمان کاتدا دەبێت ئەم رێکخراوانە یارمەتی حکومەتی کوردستان بدەن ئەو کۆمەک و، خواردەمەنییەی دەیهێنن باشتر دابەشی بکەن.

حـەز دەکـەم سـەرنجـتـان بۆ ئەوەش رابکێـشم کـە لە هەفـتـەی ئایندەدا کـۆنگرەی ئاوەدانکردنەوەی کـوردسـتـان هەیە لە شاری هەولێر کە لەژێر چاودێری حکومەتی کوردستانە بەتایبەتی وەزارەتی ئاوەدانـکرنـەوە دەکـرێت و، هەمـوو رێـکخـراوەکـانیش داوەت کـراون، دەبێت هەوڵ بدرێت لەم کۆنگرەیە ئەو مەسەلەیە بەیەکجاری رێک بخرێ و، هەروەها زۆربەی ئەندامانی پەرلەمان داوەتن لەم کۆبوونەوەیە کە لە رۆژی یەک شەممە تا چوار شەممە بەردەوام دەبێت، سوپاس.

**بەڕێز جـــێگری ســـەرۆکی ئەنجـــومـــەن:**

دەربارەی خاڵی کۆتایی ئەگەر کۆنگرەیەک ببێت، مەرج نییە هەموو ئەندامان کە داوەتن بن بچن بۆ کۆنگرە، تەنها ئەو ئەندامانەی کە لە لیژنەی ئاوەدانکردنەوەن دەچن لە کۆنگرەدا ئامادە دەبن.

دەربارەی کۆبوونەوەی هەفتەی ئاینده لە ڕۆژی سێ شەممەوە دەست پێ دەکات تا ڕۆژی پێنج شەممە بەردەوام دەبێت، بەڵام لیژنەکان ڕۆژی دووشەمە دەبێ لێرە ئامادە بن.

ئێستا هەندێ پێشنیاری ئیمزا کراومان بۆ هات، بەراستی ئەم شێوازە گونجاو نییە، ئێمە ڕۆژانە دەتوانین کۆببینەوە بەیەکەوە شتێک دیراسە بکەن پاش ئەوە بیدەن بە سەرۆکایەتی.

دانیشتنی ئەمرۆمان کۆتایی پێ هات.

**فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵلا**
**سکرتێری ئەنجوومەن**

**نەژاد ئەحمەد عەزیز ئاغا**
**جێگری سەرۆکی ئەنجوومەن**

**جوهر نامق سالم**
**سەرۆکی ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق**

# پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژماره (٦٧)

سێ شەممە ڕێكەوتی ٢٢/١٢/١٩٩٢

# پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژماره (٦٧)

## سێ شەممە ڕێکەوتی ١٩٩٢/١٢/٢٢

*کاتژمێر (١٠)ی سەرلەبەیانی ڕۆژی سێ شەممە ڕێکەوتی ١٩٩٢/١٢/٢٢ ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان بەسەرۆکایەتی جێگری سەرۆک بەڕێز نەژاد ئەحمەد عەزیز ئاغا و، بە ئامادەبوونی بەڕێز فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵلا سکرتێری ئەنجومەن، دانیشتنی ژماره (٦٧)ی خولی یەکەمی ئاسایی ساڵی یەکەمی خۆی بەست. سەرەتا ڕادەی یاسایی دانیشتنەکە لەلایەن دەستەی سەرۆکایەتیەوە چەسپێنراو، ئەوجا بەڕێز جێگری سەرۆک بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان، دانیشتنەکەی بەناوی گەلی کوردستانەوە دەست پێکرد.*

*بەرنامەی کار:*

*١ــ ئامادەبوونی بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران بۆ وەڵامدانەوەی پرسیاری ئەندامە بەڕێزەکان.*

*٢ــ پێش چاوخستنی ڕاپۆرتی لیژنەی تایبەت بە لێکۆڵینەوە لە چۆنییەتی دابەشکردنی کەلوپەلی خواردەمەنی لە پارێزگای دهۆکدا.*

*٣ــ تازە بابەت.*

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران پێش ئەوەی بێت وتی کۆبوونەوەیەکی دیکەی هەیە، لەبەر ئەوە داوا دەکات کە هەندێک زوو کۆبوونەوەی ئێرە بەجێ بهێڵێ، ئێمەش داوای لێ دەکەین کە تۆزێک ڕۆیشتنەوەکەی دوا بخا تاکو پێش چاوخستنی ڕاپۆرتی لیژنەی تایبەت بۆ لێکۆڵینەوەی چۆنیەتی دابەش کردنی کەلوپەلی خواردەمەنی لە دهۆکدا تەواو دەبێت. جا ئەگەر بەڕێزان سەرۆکی فراکسیۆنەکان هەر خاڵێکیان هەبێت وەکو تازە بابەت تکایە پیشنیازی بکەن. فەرموو کاک ئەیاد.

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

کاتی خۆی ڕژێم بڕێک پارەی تەرخان کرد وەکو عەقاری بدرێت بە خەڵکی ئۆردوگا زۆرە ملێیەکان، بەڵام تاکو ئێستا خەرج نەکراوە، پێشنیار دەکەم ئەم بابەتە ببێت بە خاڵێک لە بەرنامەی کاری ئەمڕۆدا، سوپاس.

**بەڕێز فەرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**دوو خاڵمان هەیە بۆ تازە بابەت:**

یەکەم: سێ چوار مانگە داوا دەکەین یاسایەک دەربچێ سەبارەت بە گەڕانەوەی موڵک و ماڵی ئەو پێشمەرگانەی کە لەلایەن خوێنمژانی میللەت دەستی بەسەر داگیراوە.
دووەم: گوایە لە هەردوو ئۆردوگای (باریکە و نەسر) دەستیان بەخۆپیشاندان و ڕێگاگرتن کردووە، داوای ئازووقە و پێویستیەکانی ژیان دەکەن.
داوا دەکەم ئەم دوو خاڵەی سەرەوە بخرێتە بەرنامەی کاری ئەمڕۆوە، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجوومەن:**

دەربارەی خاڵی یەکەم کە پێشنیارتان کرد ئەویش لەڕاستیدا تەنیا دوو مانگ لەمەو پێش بوو بڕیاریشمان وەرگرت لیژنەی یاسا داڕشتنێک بکات بۆ ئەم یاسایە، پاش ماوەیەک خستمانە ڕوو، ئێستا لە وەزارەتی دادەوە لیژنەیەک پێکهاتووە بۆ باسکردنی هەمووکێشەکە، ئەوەو دەقی ئەو نامەیەی کە ئەنجوومەنی وەزیران بۆی ناردین لە کۆبوونەوەی پەرلەماندا خوێندمانەوە کە بریتی بوو لە پۆلێن کردنی ئەو کێشەیە بەچەند خاڵێک لێرەدا بۆ لیژنەی یاسا بۆ ئەوەی ئەو ڕاپۆرتەی ئەوانیش بخەنە پێش چاو لە داڕشتنی ئەو یاسایەی کەدەری دەکەن و، ئێستا لیژنەی یاسا بەوەوە خەریکن و، زۆر کۆبوونەوەیان لەگەڵ گەلێک پسپۆڕان کردووە بۆ ئەوەی کە یاساکە دەردەچێت یاسایەکی ڕێکوپێک بێت کەلێنی وای تیادا نەبێت کە لە پاشاندا نەتوانرێت جێبەجێ بکرێت. لە بەرئەو هۆیانە یاساکە دواکەوتووە نەک بەهۆی کەمتەرخەمی، خۆشمان ئاگامان لێیە کە هەندێک یاسا بەپەلە دەردەکەین پاداشتی سلبی دەبێت، جا دەبێ لەمە پەند وەربگرین.

**بەڕێز فرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

من دووبارەی دەکەمەوە کە سێ مانگ زیاترە ئەم پێشنیارە کراوە، ئەو خەڵکەش زۆر چاوەڕوانی ئەم یاسایەن، لیژنەی یاسا پێش دوو مانگ گوتیان ڕۆژی سێ شەممە پێشکەشی دەکەین، بەڵام تاکو ئێستا یاساکە پێشکەش نەکراوە، سوپاس.

**بەڕێز شێروان ناسح عەبدوڵلا حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

هەروەکو بەڕێزت فەرمووت ئێمە پرۆژەیەکمان ئامادە کردو، دابەشمان کرد بەسەر پسپۆڕاندا کەڕای خۆیان دەربڕن و، پرۆژەکە ئامادەیە بەهەر حاڵێک لەهەفتەی داهاتوودا پێشکەشی بەڕێزتانی دەکەین، سوپاس.

**بەڕێز فرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

لاریمان نییە، بەڵام ئێمە لەگەڵ ئەوەداین پشووی پەرلەمان ناکەین تائەو یاسایە دەرنەچێ، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجوومەن:**

بێگومان رایەکەی بەڕێز فرەنسۆ بەڕێزەوە وەردەگیرێ لەپاشاندا کە لە هەفتەی ئایینده باسمان کرد ئەو کاتە ئەو رایەی کاک فرەنسۆش دەخەینە بەردەم ئەندامانی پەرلەمان.

دەربارەی مەسەلەی بانکی عەقاری کە بەڕێز ئەیاد باسی کرد کێ لەگەڵ ئەوەدایە ئەم بابەتە بخرێتە خاڵێک لە بەرنامەی کاری ئەمڕۆ، یاخود پێویستی بەوە هەیە کاک ئەیاد لەسەر ئەوە راپۆرتێک پێشکەش بکات.

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئەو پێشنیارەی بەڕێزتان منیش رازیم لەسەری، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجوومەن:**

دەربارەی پێشنیاری فراکسیۆنی زەرد هی ئۆردوگاکانی (باریکە و نەسر) کە ئێستا خۆپیشاندان دەکەن، ئەگەر بەڕێز فرەنسۆ لاریی نەبێت ئەم خاڵە بخەینە بەرنامەی کاری بەیانی، بۆ ئەوەی ئەمڕۆ سوود لە هاتنی بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران وەربگرین.

ئێستا دێینە سەر خاڵی یەکەم کە بریتییە لەو پرسیارانەی ئاراستەی ئەنجوومەنی وەزیران کراوە.

ئێستا بابەتێک هەیە کە زۆر لێدوان لەسەری هەیە ئەویش ئەوەیە کە هێزەکانی رژێم ئێستا کۆبوونەوەتەوە لە سنووری هەرێم کوردستان لە کاتێکدا کە جۆرە بۆشایەک لەدەسەڵاتی ئەمریکا بووە، بۆ تاقیکردنەوەی جدیيەتی ئەو ئیدارەیە و، هێزی هاوپەیمانەکان کەپارێزگاریمان لێ بکات، رەنگە هەندێ هێرش بەرێتە سەر هەرێمی کوردستان و، سەیر ئەوەیە کە ئەو شتانەی باسی دەکەین دەربارەی ئەم هەواڵ وتەقەلایەی رژێم رۆژنامەکانی رژێم خۆشیان بڵاوی دەکەنەوە  جگە لەوە لەم چەند رۆژانەی دوابیدا بەشێوەیەکی جانەوەرانەتر لە جاران تەقینەوە بە تایبەتی لە هەولێر زیاتر بووەو، ژیانی خەڵکی خستۆتە مەترسیەوە، جا پرسیارەکە ئەوەیە ئایا ئەنجوومەنی وەزیران چ بریارێکی داوە، یا هەنگاوێکی ناوە بۆ بەرەنگاری ئەم پیلانەی رژێم؟و، ئایا ئیجرائاتی تەواوی وەرگرتووە بۆ بەرهەڵستی لەو شتانە لە هەندێ ناوچە وەکو سەلاحەدین وابزانم لە سەعات دووەوە هاتوچۆ قەدەخە کراوە، ئایا بیر نەکراوەتەوە لە هەولێر کە شتێکی وا بکرێت؟، ئەوە یەکێکە لەو پرسیارە گشتییانەی کە پێویستە بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران وەڵامیان بداتەوە.

**بەڕێز د. محەمەد فوئاد مەعسوم/ سەرۆک وەزیران:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئەوەی کە جەنابتان ئاماژەتان پێدا بێگومان خاڵێکی گرنگە ئێمەش حەز دەکەین باسی بکەین، بەڵام ئەگەر مۆڵەتم پێ بدەن مەسەلەیەکی تر هەیە ئەویش دەمەوێ دوا بەدوای ئەوە باسی بکەم کە لەوانەیە ئەو پەیوەندیی بەپرسیارو وەڵامدانەوە نەبێت، زیاتر پەیوەندیی بەمەسەلەیەکی

دیکەوە هەیە، کەهەموو هەرێمی کوردستان دەگرێتەوە، زۆر لەئیشوکارەکانمانی دواخستووە.
سەبارەت بە جموجۆڵی حکومەتی عێراقی کە چەندین شێوەی گرتووەتە لەو کۆکردنەوەی هێزە سەربازییەکەی کە هەیەتی، یاخود لەهەندێ لە شوێنەکان دوای ئەو زنجیرە تەقینەوەکان کە خەریکە عەمەلیەکانی خۆی دەنێرێ بۆ هەرێمی کوردستان و، زیاتر دەیەوێت سوود لە بارودۆخە دیموکراتیە وەرگرێت کە ئەمڕۆ لە کوردستاندا هەیە و لەو چاوپۆشیە سوود وەردەگرێت کە هەبووە، بەرامبەر زۆر کەس لەهەرێمدا.
ڕۆژانە پەیوەندییمان هەیە بەنەتەوە یەکگرتووەکان و، ئەو دەزگایانەی کە سەربە نەتەوەیەکگرتووەکانن و، زانیاری ڕۆژانەیان دەدەینێ، چونکە بەراستی ئەوە مەترسییەکی گەورەیە دەبێ هەموو حیسابێکی بۆ بکەین لە ڕووی هێز و دیپلۆماسیەتەوە، وابزانم لەم ڕووەوە نەتەوە یەکگرتووەکان بەتایبەتی وڵاتانی هاوپەیمان یارمەتیمان دەدەن، دوای ئەوەش بەرنامەیەکمان بەدەستەوەیە کە لەوانەیە بۆ سەرەتای هەفتە داهاتوو تەواو دەبێت ئومێدەوارین ئەنجوومەنی نیشتمانی بەڕێز پەسەندی بکات.
خاڵێکی تر هەیە ویستم باسی بکەم ئەویش دەربارەی دادگای پێداچوونەوەیە.
لەئەنجوومەنی وەزیراندا دوای ڕاوێژکردن لەگەڵ زۆر لە دادوەرەکان و، پارێزەران و، لایەنە سیاسییەکان چەند ناوێک پاڵێوراوە بۆ ئەوەی ببن بە ئەندام لە دادگای پێداچوونەوە کە ئەم بەڕێزانەی خوارەوەن:

١ـ ڕەشید عەبدولقادر سەلیم ـ پاڵێوراوە بۆ سەرۆکی دادگای پێداچوونەوە.
٢ـ محەمەد ساڵح سەعید ـ جێگر.
٣ـ بایەزید عەبدوڵڵا ئیبراهیم.
٤ـ ئەحمەد ساڵح قاسم.
٥ـ جەلال زێوەر عومەر.
٦ـ ئیبراهیم عەلی شێخ.
٧ـ کەمال عارف حیکمەت ـ پارێزەر.

بەراستی کێشەی هەرە سەرەکیی ئێمە ئەوەیە کە دادگای پێداچوونەوەمان نییە، ئەو کێشانەی کە تەماشاکراوە لەم دادگایە کە هەمووی بەسەریەکدا کەوتووەو ماوەتەوە، ئەوە نزیکەی دووساڵە لەوەتەی حکومەتی عێراقی ئیداراتی کێشاوەتە، ئەم دادگایە تەماشای هیچ مەسەلەیەک ناکات کە لە دادگای هەرێم بڕوات بەو پێیەی ئەو شەرعیەتیەیان نییە، ئینجا بۆیە پێویستێکی زۆر هەیە بۆ ئەوەی ئەو دادگایە دروست بێت وئەوانەی کە پاڵێوراون هەر یەکەی مێژوویەکی هەیە لەدادگا و، یاسا و، مرۆڤی لێهاتوون، ئەوجا بۆیە ئومێدەوارین کە ئەنجوومەنی نیشتمانیی بەڕێز ڕازی بن لەسەر پێکهاتنی ئەو دادگایە، بەلام ئەمە دەبێ بە بڕیارێکی ئیستیسنائی بێت، چونکە ئەو پاڵێوراوانە هەندێکیان خانەنشین کراون لەبەر تەمەنیان، جا بۆیە پێویستی بەبڕیارێکی

پەرلەمانی بەڕێز هەیە، هەروەها سەرۆکی دادگای پێداچوونە دەبێ لەپەرلەمان و، بە ئامادەبوونی ئەنجوومەنی وەزیران سوێند بخوات، چونکە ئەوە سەرۆکی دادگای پێداچوونەوەو، سەرۆکی ئەنجوومەنی دادگەریشە، نوێنەرایەتی دەسەڵاتی سێیەم دەکات، کەدەسەڵاتی دادوەرییە، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجوومەن:**

لەگەڵ ئەوەی کە لێرە لە سەرۆکایەتی لەگەڵ ئەوەداین کە ئەو پێشنیارەی بەڕێزتان کردتان گرنگیەکی وای هەیە کە بەخێرایی لێی بدوێن وبڕیاری لەسەر بدەین، بەڵام ئێمە بەپێڕەوێکی ناوخۆوە پابەندین، تەنیا دەتوانین گفتوگۆی خاڵەکانی بەرنامەی کاری ئەمڕۆ بکەین، لەبەر ئەوە ئەگەر سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران لاریی نییە ئەم خاڵە پاشان لە سەرۆکایەتی باس دەکەین و، دەیخەینە بەرنامەی کاری سبەینێ، سوپاس.

**بەڕێز فرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ویستم ڕوونکردنەوەیەک لەسەر قسەکانی بەڕێزتان بکەم، لە سەلاحەدین هاتووچۆ قەدەخە نەکراوە، دوێنێ لە تەلەفزیۆنی کوردستاندا بڵاوکرایەوە ئاسایشی سەلاحەدین بڕیاری داوە دوای کاتژمێر (٧) خەڵک بەچەک هاتووچۆ نەکات، لە هەولێریش دوێنێ هەمان بڕیار دەرچووە، پاش هەولێر و سەلاحەدین ئەو بڕیارەی دا، سوپاس.

**بەڕێز د. محەمەد فوئاد مەعسوم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

لاریمان نییە کە خاڵی یەکەم بابۆ بەیانی بێت، ئەنجا لیستێکی ترمان هەیە کە هی دادوەرەکان کۆمەڵێک لەوانە کەپێویستیمان هەیە دادگاکانمان پڕ بکەینەوەو، ئەو ناوانەش بەیانی پێشکەشتان دەکەین وەهەندێکیان خانەنشین کراون، سوپاس.

**بەڕێز شێروان ناسح عەبدوڵلا حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

بەراستی ئەو مەسەلەیە وەکو بەڕێزت وتت پێویستی بەدیراسەیەکی تێرو تەسەل هەیە، جا ئەگەر ئەوانە ئاراستەی ئێمە بکرێن هەتا ئێمە لە لیژنەی یاسادا گفتوگۆی بکەین ڕای خۆمان لەسەری بدەین، سوپاس.

**بەڕێز فرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

بەپێی بەندی (٦١)ی پەیڕەوی ناوخۆی ئەنجوومەنیی وەزیران بۆیان هەیە پرۆژە پێشکەش بکەن بەسەرۆکایەتی ئەنجوومەنیی نیشتمانیی کوردستان ئەو پرۆژە بدرێتە لیژنەی پەیوەندار بۆئەوەی لێکۆڵینەوەی لەسەر بکات، ئەوجا بڕیاری لەسەر بدرێت، سوپاس.

**بەڕێز کاکەڕەش محەمەد نەقشبەندیی:**
**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ڕێزم بۆ پیرۆزی دادو، بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیرانە،کە فەرمووی زۆربەیان ئیستسنان لە یاسا، لاموایە ئەوە بە هیچ جۆرێ ئیستسنا نییە، چونکە خانەنیشینیان لەسەر تەمەن بووە، پێشان دەبوایە دادوەر لە تەمەنی (٦٣) ساڵیدا خانەنیش بێت، ئێستا ئەم مەرجە نەماوە، دادوەرەکان دوو جۆریان هەیە هەندێکیان تازە دامەزراون و، هەندێکیشیان خانەنشین، خانەنشینەکان بۆیان هەیە بە (عقد) بگەڕێنەوە تاکو چارەسەری ئەم بابەتە دەکرێت، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجوومەن:**

لە دانیشتنی رابردوودا کە لە پرۆتۆکۆل هەمانە لەدەسەلاتی دادوەری مەرجی تەمەنمان لابرد، وتمان دەشێ لە تەمەنی (٦٣)دا خانەنشین بکرێ نەک بە زۆری بێت.

بۆ ئەو بابەتەی کە کاکەڕەش فەرمووی بەپێی عقود هێناویانەوە، چونکە بۆیان دەرکەوت ئەگەر ئەوانە هەموویان خانەنشین بکەن دادگاکان چۆڵ دەبن، ئەنجا ئێمە لە یاسای دەسەلاتی دادوەری لەبەر ئەوە مەرجی تەمەنی (٦٣) ساڵییمان نەهێشت.

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**
**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئەو لیستە بە ئیستسنا دادەنرێت، چونکە یاسای دەسەلاتی دادوەری بلاو نەکراوەتەوە، یاساش تاوەکو بلاو نەکرێتەوە کاری پێ ناکرێ، سوپاس.

**بەڕێز حەسەن عەبدولکەریم بەرزنجی:**
**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

حاکم لە نیزامی مەلەکی بە ئیرادەی شاهانە دادەمەزرێت، لە نیزامی کۆماری بە مەرسومی کۆماری دادمەزرێت، بەلام دادوەری ئێمە کە بەناوی میللەت حوکم دەردەکات دەبێ پەرلەمان بریاری بۆ بدات ئەوجا دادمەزرێت، وەزیر ناتوانێ دایبمەزرێنێ، سوپاس.

**بەڕێز مەعروف رەئوف خضر/ وەزیری داد:**
**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

یاسای دەسەلاتی دادەوری پەسەند کرا، بەلام تاکو ئێستا ئەنجوومەنی دادوەری پێک نەهاتووە، من پرسیار دەکەم کە ئەم ئەنجوومەنە نییە، کێ ئەم دادوەرانە دادەمەزرێنێ؟، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجوومەن:**

ئەندامانی لیژنەی یاسا دەڵێن ئاراستەی دەسەلاتی دادوەری بکرێت، جا ئەگەر لیژنەی یاسای پەیمانمان دەداتێ بەیانی بەپەلە ئەم کارە جێبەجێ بکەن، چونکە ئێستا دەسەلاتی دادوەری وەستاوە، لەبەر ئەوەی دادگا پێداچوونەمان نییە.

**بەڕێز شـێـــروان ناسح عـــەبدوڵڵا حــــەیدەری:**

**بـەڕێـز ســـــــەرۆکی ئـەنجـــــــومـــــــەن.**

ئەگەر بابەتەکە بۆ بەیانی بێت ئەوە ئێمە ئەمڕۆ کۆبوونەوەی لەسەر دەکەین و، رای خۆمانتان پێ دەڵێین، سوپاس.

**بەڕێز د. محەمەد فوئاد مەعسوم/ سەرۆک وەزیران:**

**بـەڕێـز ســـــــەرۆکی ئـەنجـــــــومـــــــەن.**

سەبارەت بە دامەزراندنی دادوەرەکان نووسراوێکمان ئاراستەی ئەنجوومەنی نیشتمانیی کردووە لە بەرواری (١٩/١١/١٩٩٢) کە ئەمە دەقەکەیەتی: (یرجی التفضل بعرض موضوع تعین السادة المذکورین ادناه في وزارة العدل بالمناصب المبنیة ازاء کل منهم، استثناءاً من احکام القانون تنظیم القضائي النافذ والقوانین الاخرى).

سەبارەت بە پێکهاتنی دادگای پێداچوونەوە دیسان نووسراوێکمان ناردووە بۆ ئەنجوومەنی نیشتمانیی لە بەرواری (٢٩/١١/ ١٩٩٢) بە هەمان شێوە کە ئەمە دەقەکەیەتی: (یرجى عرض تعینهم استثناء من احکام قانون التنظیم القضائي والقوانین الاخرى النافذة)، ئینجا ئومێدەوارین ئەگەر بکرێ بۆ سبەی ئەو مەسەلەیە لیژنەی دادوەری رای خۆی لەسەر دەرببڕێ، بۆ ئەوەی تەواو بێت، سوپاس.

**بەڕێـز جـــێگری ســــەرۆکی ئـەنجـــــومـــــەن:**

بەڕێز د.فوئاد من روونکردنەوەیەکم هەیە هەر بۆ ئەوەی کەواتێ نەگەن کە ئەم بابەتە لەپەرلەماندا گرنگی پێ نەدراوەو، بەڵام لەبەر گرنگی ئەم مەسەلەیە دوامان خست، وابزنم لە کۆبوونەوەی سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیران و، ئەنجوومەنی نیشتمانی بەئامادەبوونی سەرۆکی هەردوو فراکسیۆن ئەم مەسەلەیە باس کراو، گەڕایەوە بۆ لای بەڕێزتان لەپاش ئەو کۆبوونەوەیە لەبەرئەوە تا ئێستا ئەو کاغەزانە گەڕانەوە بۆ لای بەڕێزتان بە رێککەوتنی هەردوو ئەنجوومەنەکەیە، ئەنجا ئەم بابەتە لیژنەی یاسا پاشان رایان دەدەن بە ئێمەو، دەیخەینە بەرنامەی کاری بەیانی.

**بەڕێز د. محەمەد فوئاد مەعسوم/ سەرۆک وەزیران:**

**بـەڕێـز ســـــــەرۆکی ئـەنجـــــــومـــــــەن.**

ئەگەر ماوەم بدەن پێشنیار دەکەم ئەو پرسیارانەی کە راستەوخۆ دەکرێن پێش بخرێن، چونکە ئەمڕۆ دەبێ ئامادەی کۆبوونەوەیەکی گرنگ ببم کە پەیوەندیی بە بارودۆخی ناوەوە هەیە، ئێستا بەڕێز وەزیری دارایی ئامادەیە بۆ وەڵامدانەوەی پرسیارەکان، سوپاس.

**بەڕێـز ئـەیـاد حـــــاجی نـامـق مـــــەجـــــیـــــد:**

**بـەڕێـز ســـــــەرۆکی ئـەنجـــــــومـــــــەن.**

ئەو پرسیارانەی کە ئاراستەی ئەنجوومەنی وەزیران کراوە سەبارەت بە فراکسیۆنی ئێمە چوار پرسیارن.

یەکەم: پرسیاری بەڕێز (شەوکەت حاجی موشیر)، سەبارەت بەمەسەلەی چیمەنتۆ و، کێشەکانی کارگەی چیمەنتۆ، هەروەها هەمان ئەندام هەفتەی پێشوو پرسیارێکی ئاراستەی ئەنجوومەنی وەزیران کرد بوو سەبارەت بەپاکسازی لە فەرمانگەکانی کوردستان.
دووەم: پرسیاری بەڕێز (حوسێن عارف)، سەبارەت بەو کەسانەی کە لەسەر کوردایەتی ونیشتیمان پەروەری لەسەر کارەکانیان دەرکراون، ئایا چ ڕێگایەک هەیە بۆ ئەوەی بگەڕێنەوە سەر کارەکانیان؟.

سێیەم:پرسیاری بەڕێز ئیبراهیم عەبدوڵلا ئیبراهیم، سەبارەت بە ئەو دوو نووسینگەی لە شاری هەولێر و سلێمانیدا کراونەتەوە، ئایا مەبەست لە کردنەوەی ئەم دوو نووسینگەیە چییە؟.
چوارەم: پرسیاری بەڕێز ئەیاد حاجی نامق، سەبارەت بە دابەش کردنی ئازووقە لە ئۆردوگاکان، ئایا ئەنجوومەنی وەزیران چ هەنگاوێکی ناوە بۆ دابەشکردنی ئازووقە بەسەر ئۆردوگاکان بەتایبەتی ئۆردوگای (جدیدە زاب)، چونکە ئەم ئۆردوگایە (٨٠٠ـ ٨٥٠) خێزانی ئاوارەی کەرکووک و، گوندەکانی دەوروبەری مەخموری تێدایە؟،

**بەڕێز د. محەمەد فوئاد مەعسوم/ سەرۆک وەزیران:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئەوانەی کەلە ئۆردوگای (جدیدە) هاتوون خۆم لەگەڵیاندا دانیشتم قسەم لەگەڵیاندا کرد، هەروەها ڕەوانەی لای بەڕێز پارێزگاری هەولێرم کردن ئەویش وادەی پێداون لە هەفتەی داهاتوودا ئازووقەیان پێ بدەن.

بەراستی بەگشتی دەمەوێ هەندێ شت هەیە باسی بکەم، باری خەڵکی کوردستان بەگشتی باش نییە، بەڵام حکومەتی هەرێمی کوردستان لە توانای دا نییە ئازووقە بەسەر هەموو خەڵکی کوردستان دابەش بکات، چونکە داهاتەکەمان کەمەو، چەندین پیلانمان لەدەوروبەر دەگێردرێ بۆ ئەوەی داهاتەکەمان کەم بکرێتەوە، ئەگەر لە توانا دابێت حکومەتی هەرێم پێویستە خۆی یارمەتی ئەو خەڵکانە بدات پێویستیمان بەوە نەبێ لەدەرەوە یارمەتیمان بۆ بێ.
ڕاستە دانیشتوانی ئۆردوگاکان باری ژیانیان زۆر ناخۆشە، بەڵام هەر ئۆردوگایەک دەیەوێ ئەو پێش ئەوانی تر ئازووقەی بەسەردا دابەش بکرێت بۆیە ئۆردوگای (جدیدە زاب) خرایە سەر ئەوانەی کە پێویست بوو لە بەشی یەکەمدا بەسەریاندا دابەش بکرێت، بەشی یەکەمیش لەهەولێردا دانراوە بۆ ئەو ئۆردوگایانەی کە بەزستان بە هۆی بەفرو باران ڕێگایان دەگیرێت، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجوومەن:**

من یەک ڕوونکردنەوەم هەیە بەراستی ئەوە لەگەڵ ئەندامانی پەرلەمان هەمیشە باسی دەکەین، کە یەکێک لە ئەرکی سەرشانی ئەندامانی پەرلەمان ئەوەیە لەگەڵ ئەو هاووڵاتییانەدا دابنیشن کە داواکارییان هەیەو، توانای دارایی حکومەتی کوردستان ڕوون بکەنەوە بۆیان، کە ئێمە

بووین بە قوربانی ئەو ئابلّووقانەی لەسەرمانە، راستە هەموو کەسێک داوای ئەوە دەکات کە باری ژیانیان باش بکرێت، بەلاّم رۆلّی ئەندامی پەرلەمانیش ئەوەیە کە خەلّک هۆشیار بکەنەوە سەبارەت بە توانای حکومەتی هەرێمی کوردستان.

**بەڕێز ئیبراهیم سەعید محەمەد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئێمە لەگەلّ ئەوەداین کە وەزیرو، فەرمانبەرەکانی پلەی تایبەتی و ئاسایش پۆلیس لەسەر لیستی حزبەکانی کوردستان بن، بەلاّم دێینە سەر فەرمانبەرانی ئاسایی دەبێ بەگوێرەی سیستەمێکی جیهانی بێت، بەلاّم بەداخەوە لە گومرگی ئیبراهیم خەلیل، وەزارەتی دارایی وئابووری چەند فەرمانبەرێکی دامەزراندوە بەپێی لیستی پارتی و، یەکێتیی ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی خەلّکی لێنەهاتوو و هەلپەرست (انتهازی) خۆیان بدەنە پالّ ئەو حزبانە، خەلّکی بێ لایەنیش بێ بەش بن، ئەنجا داوام ئەوەیە لە سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران کە چاوێک بەو دامەزراندنانە دابخشێنرێتەوە، یاخود پێشنیار دەکەم کەوا ئەنجوومەنی خزمەت (مجلس الخدمە)و، دامەزراندن بەگوێرەی بڕوانامەو لێهاتوویی بێت، سوپاس.

**بەڕێز د. محەمەد فوئاد مەعسوم/ سەرۆک وەزیران:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

بەراستی ئێمەش لەگەلّ هەمان راین کە وەزیفە وا دابەش نەکرێت، لەنێوان هەردوو حزبدا، هەندێ فەرمانگە هەیە پێویستی بەوە هەیە کە خەلّکی وای لێ بێت دلّنیا بین لێیان کە زیان بە هەرێم وسیاسەتی هەرێمی ناگەیەنن، بەلاّم ئەگەر هەموو فەرمانگەکانی ئاوابێت دەبێتە رێگایەک بۆ ئەوەی خەلّکی هەلپەرست خۆیان بدەنە پالّ حزبەکان.
سەبارەت بە گومرکی ئیبراهیم خەلیل دەمەوێت کاک ئیبراهیم دلّنیا بکەم کەئەو بابەتە ئەوە باس دەگرێتەوە کۆبوونەوەیەکی تایبەتی هەیە دەربارەی ئەو بابەتە، سوپاس.

**بەڕیز فرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

مەسەلە مەسەلەی گومرکی ئیبراهیم خەلیل نییە، دەبوایە بەڕێز ئیبراهیم بەوشێوەیە نەیخاتە روو من ئەندامی پارتیم و بەدلّ و گیان لەگەلّ سیاسەتی پارتی دام، بەلاّم ئەوقسەی خۆم ئاراستەی بەڕێز مەسعود بارزانی و، مەکتەبی سیاسیی پارتی دیموکراتی کوردستان دەکەم پێش هەموویان لەگەلّ ئەو سیاسەتەی پاوان کردنی شوێنە گرنگەکان دانیم، ئێمە بڕوامان بەفرە حزبی وئازادی هەیە تاکەی ئەم کارانە بەردەوام بێت کە لە هەموو کەس زیاتر زیانی پارتی ویەکێتی هەیە؟، تاکەی ئێمە هەر ئەو خەلّکانە دادەمەزرێنین کە تەنیا لەسەر لیستی پارتی و یەکێتین؟، ئێمە زۆر خەلّکی پسپۆڕمان هەیە وەکو مامۆستاو دکتۆرو ئەندازیار کە زۆر لێهاتوون بەراستی پێویستە ئەمانە لەسەر کارەکانیان بمێنیننەوە هەتا ئەگەر بێ لایەنیش بن. هەردوو حزبەکە بۆ

هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی نیشتمانیی هەنگاوێکی زۆر ڕاستیان هاوێشت کە ئەندامی سەربەخۆیان هێنایە ناو پەرلەمان، ئەو ئەندامە بێ لایەنانە سەلماندیان کە خەڵکی زۆر دڵسۆزن بۆ سەرخستنی ئەنجوومەنی نیشتمانیی.

قسەکانم تەنها ئاراستەی وەزارەتی دارایی نییە، بەڵکو ئاراستەی هەموو وەزارەتەکانە، هەروەها ئاراستەی بەڕێز مەسعود بارزانی و، مەکتەبی سیاسیی پارتی دیموکراتی کوردستانە، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجوومەن:**

ئێمە لە سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی نیشتمانییەوە پشتگیری هەموو قسەکانی بەڕێز فرەنسۆ هەریری دەکەین.

**بەڕێز د. محەمەد فوئاد مەعسوم/ سەرۆک وەزیران:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئێمەش پشتگیری تەواوی هەموو ئەو قسانە دەکەین و، هیواداریین کە فشارمان لەسەر نەمێنێت لەهیچ لایەکەوە، بۆئەوەی بتوانین ئێمەش ئیشوکارەکانی خۆمان بەتەواوی بەڕێوە ببەین مەبەستیشم لە فشار زەختە ئەدەبییەکەیە، سوپاس.

**بەڕێز حسێن عارف عەبدولڕەحمان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئێمە هەموو دەزانین ژمارەیەکی زۆر لە مووچەخۆران بەتایبەتی لەو (١٠ـ١٢) ساڵەی پێشودا دەرکراون ئەوەندەی من زانیبارم هەبێت دوای ڕاپەڕین و، پێش کشانەوەی ئیداراتی حکومەت هەندێکیان چوون لە (مجلس الانضباط)ی دەوڵەت لە بەغداد سکالایان کرد، لە زۆربەی هەرەزۆری حاڵەتەکاندا حوکمیان وەردەگرت و، دەگەڕانەوە سەر کارەکەیان، ئەنجوومەنی وەزیرانی ڕژێم کە بەوەی زانی مەسەلەی گەڕانەوەی ئەو فەرمانبەرانەی دایە دەست فەرمانگەکانی ناوچەی کوردستان و، فەرمانگەکانیش هەریەکە لای خۆیەوە لیستیان ئامادە دەکرد بۆ گەڕانەوەی ئەو فەرمانبەرانە، دوای کشانەوەی ئیدارەکان ئەنجوومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان ڕێنماییەکی دەکرد، بۆ نموونە لە فەرمانگەی پەروەردەی سلێمانی لیستەیەکیان ئامادە کردووە کە ناوی (٢٠٠٠)کەسی تێدایە، پرسیارەکەم ئەوەیە ئایا حکومەتی هەرێمی کوردستان چ هەنگاوێکی ناوە بۆ گەڕانەوەی ئەو مووچەخۆرانەی کە بەدرێژایی ئەو (١٠ـ١٢) ساڵەی پێشوو دەرکراون لەسەر کارەکانیان؟، سوپاس.

**بەڕێز د. محەمەد فوئاد مەعسوم/ سەرۆک وەزیران:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

پێش ئەوەی هەر بڕیارێک بدرێت بۆ گەڕانەوەی ئەو کەسانە بۆ سەر کارەکانیان، دەبێت تەماشای کولفەکەی بکەین، بەراستی ئێمە لە توانامان دا نییە خەڵکێکی زۆر بگەڕێنینەوە سەر کار،

راسته له رووی سیاسیەوه ئەوانه زولمیان لێ کراوه و پێویسته هەولیان بۆ بدرێ، بەلام ئێستا ئێمه خۆی له هەرێمی کوردستاندا زیاتر له (٢٠,٠٠٠) فەرمانبەری زیادمان هەیه کەهیچ ئیشێک ناکەن، هۆیەکی دیکەش هەیه ئەویش ئەوەیه ئەو کەسانەی که پروپاگەنده بۆ خۆیان دەکەن دەلێن لەسەر کار دەرکراوین، مەرج نییه ئەو کەسانه هەموویان راست بکەن، بۆ ئەم مەبەستەش ئێستا له هەموو وەزارەتەکان و، ئەنجوومەنی وەزیراندا لیژنەی تایبەت پێکهاتووه که لەم بابەتانه دەکۆلنەوه، سوپاس.

**بەرێز جێگری سەرۆکی ئەنجوومەن:**

ئێمه لەکاتی خۆیدا پرۆژەیەکمان بۆ هاتبوو بۆ رێزلێنان له شەهیدەکان و، خێزانی پێشمەرگه، ئێمه له سەرۆکایەتییەوه هیچ گومان نییه لەوەدا نییه که پرۆژەیەکی زۆر گرنگەو، وەلامان دانەوه که جارێکی تر ئاراستەی ئەنجوومەنی وەزیرانی بکەنەوه، بۆ ئەوەی لێیان بپرسین ئایا ئەمه که بوو به یاساو جێبەجێ کرا چەند لەسەر دەولەت دەکەوێت؟ و،دەکرێ بیخاته سەرشانی خۆی؟.

**بەرێز د. محەمەد فوئاد مەعسوم/ سەرۆک وەزیران:**

**بەرێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

سەبارەت به تێبینییەکەی بەرێز حسێن عارف که پەروەردە (٢٠٠٠) کەس دەگەرێنێتەوه، بێگومان (١٨٠٠)ی مامۆستان که سەر به پارێزگاکانی هەولێرو سلێمانی و دهۆکن، چونکه ئەوانه هەریەکەو چەند سال خزمەتی هەیه دەبێت بیانهێنینەوه شارەکان، ئێمەش له شارەکاندا بۆشاییمان هەیه، لەبەر ئەوە دەیانگەرێنینەوە.

ئێستا پێش تۆزێک بەرێز فرەنسۆ باسی کرد که نابێ هەموو خەلکی لابدرێن و، خەلکی سەربه حزبەکان له جێگایان دابنرێن، چونکه لەناو ئەو فەرمانبەرانه خەلکانی دلسۆز هەن و هەرگیز داواش نەکراوه، لەو شۆرشه که هەرچی فەرمانبەر هەیه دەبێت دەربکرێن، ئەوانەی ماونەتەوه خەلکی باشیان تێدا هەیه، بەلام راسته هەندێ خەلکیش هەیه که گومان لێکراون و، ئەو دەسکاریەش تا ئێستاکه دەستی پێ نەکراوه، چونکه نابێ پەلەی لێ بکەین و، تاوەکو دوای ئەوە پەشیمان نەبینەوه ل هەندێک شوێندا هەندێ پەله کراوه ئێستا پەشیمانی له دوایه، چونکه ئەوەی که هەلبژێردراوه لەو ئاستەدا نەبووه کەبتوانێت ئەو بۆشاییه پر بکاتەوه که جاران هەستی پێ کراوه، بەلام بێگومان ئەوەش دەست پێ دەکات و، پاکسازیش له مرۆڤی خراپ دەبێت لەوانەی که دژ بەبەرژەوەندی میللەتەکەمان بوون، سوپاس.

**بەرێز بەختیار حەیدەر عوسمان:**

**بەرێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

پرسیارەکەم سەبارەت به مامەلەنەکردن به دراوی (٢٥) دیناری کۆپی کراو و، دیناری ئاسنه، هەروەها بانکەکانیش وەریناگرن، لەبەر ئەوەی وەزارەتی دارایی حکومەتی هەرێم ناتوانێت ئەوە

بسەپێنێت بەسەر بانکەکانی خۆی کەئەو پارانە وەربگرن، باشە ئێمە چۆن دەتوانین فەرزی بکەین بەسەر هاووڵاتییان کە مامەڵە بە پارەی کۆپی کراو بکەن؟، من لەو بڕوایەدام ئەگەر بانکەکان و گومرگەکان ئەو پارانە وەربگرن، بۆئەوەی خەڵکەکەش مامەڵەی پێ بکەن، سوپاس.

**بەڕێز د.سەلاحەدین محەمەد حەسەن/وەزیری دارایی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

سەبارەت بەپرسیارەکانتان ئەمڕۆ بەدەستم گەیشتووە، من داوا دەکەم هیچ نەبێ پرسیارەکانتان پێش دوو ڕۆژ بگات بۆ ئەوەی لەگەڵ هەموو بەڕێوەبەرایەتییەکان دابنیشین، بۆ ئەوەی بتوانین وەڵامێکی زانستیانە و ڕێکوپێکیان بدەمەوە، ئەگەر ڕێگام بدەن ئەمڕۆ وەڵامی بەشێک لەم پرسیارانە دەدەمەوە، بەشێکی تریشی بۆ کاتێکی دیکە دوا دەخەم تاکو بتوانم وەڵامیان بدەمەوە. دەربارەی پرسیاری بەڕێز بەختیار حەیدەر، لەم ڕۆژانەدا لەگەڵ بەڕێوەبەری بانکەکاندا کۆبوونەوەیەک بۆ چارەسەرکردنی ئەم کێشەیە دەبەسترێت، سوپاس.

**بەڕێز فەرحان عەبدوڵلا ئاغا شەرەفانی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من دوو پرسیارم هەیە:

پرسیاری یەکەم: بۆچی گومرکی (حاجی ئۆمەران) و، (سلێمانی) هیچ بازگەیان لەسەر نییە بەپێچەوانەی گومرگی ئیبراهیم خەلیل؟.

پرسیاری دووەم: ئایا داهاتەکانی وەزارەتی دارایی چییە؟، حەز دەکەین بەڕێز وەزیر ڕوونکردنەوەیەکەمان بۆ بکات، سوپاس.

**بەڕێز د.سەلاحەدین محەمەد حەسەن/وەزیری دارایی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

هەرەکو ئاشکرایە هەردوو گومرکی هەولێر وسلێمانی، لێپرسراوی گومرکیان بۆ دانراوە، بەڵام هێشتا پۆلیسی گومرگی ژمارەکەیان تەواو نەبووە کە بتوانین لەگەڵ لێپرسراوانی گومرگ خاڵی گومرکەکان بەباشی کۆنترۆڵ بکرێن، بۆ نموونە پارێزگای سلێمانی (٢٥) خاڵی گومرگی تێدایە، ئەم (٢٥) خاڵە لێپرسراویان هەیە، بەڵام پۆلیسی گومرک تائێستا پێکهاتەکەی تەواو نەبووە کە بتوانێ ئەم خاڵانە کۆنترۆڵ بکات. هەروەها هۆیەکی تر بۆ ئەم سەرپێچییانە ئەوەیە کە هێشتا ئیدارات لەکوردستان تەواو پێک نەهاتووە زۆر شوێن هێشتا قایمقام و، بەڕێوبەری ناحیەیان بۆ دانەنراوە.

سەبارەت بە گومرکی حاجی ئۆمەران، پێش هەفتەیەک خاڵی گومرکی حاجی ئۆمەرانمان بردە سەر سنوور لەوێ دامانننا کە دەست بکات بەوەرگرتنی گومرک، بەهاوکاری وەزارەتی ئیشغاڵ و نیشتەجێکردن ڕێگاکە کە بەفر گرتبووی کرایەوە، بەڵام بە داخەوە کە ڕێگا پاک کرایەوە پاش ڕۆژێک دزو جەردە جارێکی تر دەستیان بە ڕێگرتن کردو، خاڵی ناشەرعییان لەسەر ڕێگا دانا.

بۆ چارەسەرکردنی ئەم مەسەلەیە ئێمە پەیوەندییمان کرد بە بەڕێز مەسعود بارزانی و، بەڕێز سەرۆکی ئەنجوونەمەنی وەزیران کە بە هانامانەوە بێن، بەڵام بەرای من تاوەکو ریزەکانی هێزی پێشمەرگە رێک نەخرێت ئێمە ناتوانین ئەم خاڵانەی گومرگ بەباشی کۆنترۆڵ بکەین.
سەبارەت بە پرسیاری دووەمەوە، ئایا چی کراوە بۆ رێکخستنی سەرچاوەکانی تری داهات؟.
بێگومان سەرچاوەکانی داهات ئەمانەن: (باجی داهات «ضريبە الدخل»، باجی خانووبەرە، رەسمی دادگاکان، کرێی ئاو و کارەبا).
سەبارەت باجی داهات ئێمە لەوەزارەتدا کۆبوونەوەمان کرد لەگەڵ فەرمانگەکانی باجی داهات لە هەموو پارێزگاکاندا بۆ رێکخستنی و دانانی رێسای تەواو، ئەنجامی ئەم کۆبوونەوەیە دەدەین بە ئەنجوومەنی وەزیران بۆ ئەوەی رەزامەندی لەسەر بکەن، هەروەها هەندێ پیشەی تر هەیە کەوا باجی لەسەر زیاد بکەین، بەڵام بێگومان هەندێ لە پرۆژەکان داهاتیان کەمە ئێمە ناتوانین باجیان لەسەر دابنێین، وەکو پرۆژەی بەخێوکردنی مریشک.
پرسیارێکی دیکە کراوە سەبارەت بە قەرزی بانکەکانی (کشتوکاڵ و، پیشەسازی و، خانووبەرە).
کاتی خۆی دەزگای گەشتوگوزار قەرزێکی زۆری داوە بۆ دروست کردنی ئوتێلەکان بەمەبەستی هاوینەهەوار بەڵام بانکی خانووبەرە بەدوای ئەم قەرزانەی داچووەو، بەشێوەیەکی یاسایی وەریاندەگرێتەوە، ئەوانەش کە قەرزەکەیان نەداوەتەوە ئەوە موڵکەکەیان دەخاتە ژێر رەهنەوە دیانفرێشێت، ئێستا ئوتێل لەبەردەستدایە دەفرۆشرێت، بەڵام لەبەر ئەوەی نرخەکەی گرانە کەس نایکرێت. سەبارەت بە بانکی کشتوکاڵییەوە قەرزەکانی وردە وردە ئێستا وەردەگیرێتەوە، هەروەها بانکی پیشەسازی قەرزەکانی لە بازرگانەکان وەردەگرێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجوومەن:**

پێموایە پرسیارەکانی ئەمڕۆ تەواو بوون. لەراستیدا ئێمە بەتەمای ئەوە بووین تاکو کۆتایی ساڵ یا کۆتایی ئەم خولە هەرچی یاسای وەزارەتەکان هەیە تەواوی بکەین و، ئامادەیەکی تەواو هەبوو لە ئەنجوومەنی نیشتمانیی بۆ ئەوەی ئەم کارە بەجێ بهێنن، بەڵام بەداخەوە لەبەر هەندێ هۆ یاسای هەندێ لە وەزارەتەکان تا ئێستا پێمان نەگەیشتووە پێموایە بەوە راناگەین ئەم یاسایانە تەواو بکەین، بەرای سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی هەتا ئەم خولە تەواو دەبێت رۆژی دوو وەزیری بەڕێز بێن بۆ ئێرەو، راپۆرتێک پێشکەش بکەن دەربارەی کاروباری وەزارەتەکان چی کراوە وچی نەکراوە؟، ئینجا ئێستا وابزانم لە رۆژانی داهاتووەوە بێ بە پرۆگرامی رۆژانەمان.

**بەڕێز فرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

من نازانم بۆ کە باسی پارە بکرێت دەبێت وەزیری دارایی بانگ بکرێت بۆ ئێرە؟. ئەو پرسیارەی بەڕێز بەختیار کردی لەسەر وەرنەگرتنی پارەی کۆپی کراو من پێموایە کاری وەزیری دارایی نییە

کاری وەزارەتی ناوخۆیە، کاری پۆلیسە کاری پارێزگاکانە، چونکە وەزارەتی دارایی تەنیا ئەوەندەی لەسەرە ڕێنمایی دەربکات و، بڵاوی بکاتەوە بەڵام ئەرکی جێبەجێ کردنی ئەم ڕێنماییانە دەکەوێتە ئەستۆی وەزارەتی ناوخۆ، لەبەر ئەوە بەرای من پێش ئەوەی پرسیارەکان ئاراستەی وەزارەتەکان بکرێت پێویستە لەسەرۆکایەتی دیراسە بکرێن و، هەروەها بەرای من ئامادەبوونی دوو وەزیر لە ڕۆژێکدا کەمە، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەن:**

لە راستیدا کە ئەم پرسیارە درا بە وەزیری دارایی لەسەر ئەوە بوو جارێکیان لەکۆبوونەوەدا لێرە لە ئەنجومەنی نیشتمانیی باسی کرد کە هەنگاوی یەکەم جارێ دەبێ ڕێنماییەک دەربچێ کە فەرمانگەکانی حکومی بێن وەریبگرن، چونکە کە بانکەکان و گومرگ وەرینەگرن، ئیتر ئێمە ناتوانین بە خەڵک بڵێین وەریبگرن، لەبەر ئەوە ئێمە پرسیارەکەمان دا بەوەزارەتی دارایی، چونکە وەزارەتی ناوخۆ ناچێت هێز بباتە سەر فەرمانگەکان بۆ ئەوەی ئەم بڕیارە جێبەجێ بکەن. وابزانم باشترە بەڕێز بەختیار خۆی هەڵسێ پرسیارەکە روون بکاتەوە.

**بەڕێز بەختیار حەیدەر عوسمان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پرسیارەکەی من ئەوە بوو بۆچی بانکەکان و، فەرمانگەکان پارەی کۆپی کراو وەرناگرن؟، سوپاس.

**بەڕێز حەسەن حەمید رەحیم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

هەندێ خەڵک رایانکردووە بۆ بەغداد زۆر موڵکیان بەجێ ماوە، داوا دەکەم ئەم موڵکانە بخرێنە ژێر دەستی حکومەتی هەرێمی کوردستان و، وەزارەتی دارایی. (دواجن)یکیش هەیە لە رێگای کەندیناوە ئەگەر بخرێتە گەڕ بەرێکوپێکی هەزار کرێکار ئیشی تێدا دەکات، چونکە ئەم دەواجنە بەدەستی خەڵکانێکە کە کاتی خۆی لە رژێم کڕیویانەو، پارەکەشیان نەداوەتەوە، جا نازنم حکومەتی هەرێم هیچیان لێ وەردەگرێتەوە یان نا؟، سوپاس.

**بەڕێز سەلاحەدین محەمەد حەسەن/ وەزیری دارایی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

سەبارەت بە ئەو دەواجنانەوە کاتی خۆی زۆربەیان فرۆشراون بە قیست، کۆمەڵێک کڕیویانەتەوە بەناوی کۆمپانیاکەوە، یان کۆمەڵە کەسێکەوە، هەندێک لەو دواجنانە کاردەکەن و، وەزارەتی دارایی داوای کردووە زانیاری وەربگرێ دەربارەی ئەم دەواجنانەوە، بۆ نموونە ئەگەر بایی (٨) ملیۆن دینار بوو بێت ئەوان دوو ملیۆنیان داوە کەواتە ئەوان هێشتا قیستاتەکانیان لە سەرماوە، ئینجا بۆ ئەمە پڕۆژەیەکی وا بەدەستەوەیە ئەگەر ببێت پڕۆژەیەکی تێکەڵاو لەنێوان ئەوان و، حکومەتی هەرێمی کوردستاندا دروست ببێت ئێستا ئەو مەسەلەیە لەژێر لێکۆڵینەوەدایە، سوپاس.

**بەڕێز سەعید عەلی خان سلێڤانی:**
**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**
دەقی ڕاپۆرتەکەی لیژنەی (المواد الغذائیة)ی هەولێرتان بۆ دەخوێنمەوە.
«السيد رئيس المجلس الوطني لكوردستان العراق المحترم، السادة اعضاء المجلس المحترمون
بعد التحية والاحترام بناءاً على الامرين الاداريين المرقمين (٦١٣-٦٦٣)، والمؤرخين في ١٩/١٠/١٩٩٢و، ٤/١١/١٩٩٢ والصادرتين من مجلسكم المؤقر حول التحقيق في كيفية توزيع المواد الغذائية في محافظة دهوك قامت اللجنة المشكلة بموجب الامرين الاداريين بالمباشرة بعملها بتأريخ ٣/١٢/١٩٩٢ كالأتي/ :-
زارت اللجنة مديرية المواد الغذائية بدهوك وإجتمعت مع المدير وبعض الموظفين في الدوائر لتداول معهم عن عدد الوكالات الموجودة في المحافظة مع بيان عدد النفوس لكل وكيل والمواد الغذائية المستعملة والمنظمات والجهات الاخرى لعام (١٩٩٣) كما اجتمعت اللجنة بالانفراد مع المسؤولين والاقسام والاقضية والنواحي وكذلك مسؤول المبيعات ومسؤول المخازن كما وطلبنا من المديرية بتزويدنا بقوائم لاسماء الوكلاء متضمناً المعلومات التالية :-
(اسم الوكيل، رقم الوكالة عدد العوائل، عدد النفوس، عدد الاطفال، عدد هوية الاحوال المدنية وفق كل العائلة وحسب الجدول المرفق طياً :- مجموع الوكلاء« ٢٣٤ »)
عدد العوائل في المحافظة (٦٤٢٧٩) تمام المحافظة (٦٢١٨٣٧).
قامت اللجنة بزيارة ميدانية الى محلات الوكلاء لغرض مطابقة الكميات المستعملة من المواد الغذائية مع القوائم المنظمة وعدد نفوس والعوائل لدى البائع وحسب سجلات الوكيل والقوائم المستلمة من المواد الغذائية من الدوائر المعينة فوجدنا تطابق (١٠٠٪) لدى كل الوكلاء الذين تم اختيارهم من قبلنا سواءاً في مركز المحافظة او في الوحدات الادارية التابعة المحافظة، وقامت اللجنة بزيارة مدير المبيعات وتدقيق السجلات والكميات المجهزة للوكلاء مع القوائم الموجودة لدينا و وجدنا تطابق (١٠٠٪) كما ولاحظت اللجنة عدم الوجود المواد الغذائية في المخازنه، ولاحظنا ان لمديرية المواد الغذائية تنظيم الغرفة للمعلومات، وبامكان اي شخص الاطلاع على كافة المعلومات المتعلقة بعدد الوكلاء وكذلك الاستمارات المنظمة من قبله لكل العائلة بالسهولة حيث تم تنظيم الاضبارة الخاصة لكل العائلة، تنظم كافة المعلومات المتعلقة بالعائلة كعدد النفوس مع رقم السجل وصحيفة هوية الاحوال المدنية، وكذلك عدد البطاقات المفقودة للعائلة بشكل منظم علماً بان اللجنة لم تجدد الوكالة الوهمية في المحافظة ويؤكد كلامنا هذا قيام مديرية الاحصاء في محافظة دهوك بإستدعاء كافة الوكلاء لغرض التدقيق والبحث عن الوكالات الوهمية فلم نجد وكيلاً وهمياً واحداً، نلاحظ ان الجدول المرفق من الكميات المستلمة والمواد الغذائية من السلطة المركزية غير كافية لتوزيعها على كافة الوكلاء شهرياً وبموجب الحصص المقررة في التوزيع لذا يتم توزيع المواد على الوكلاء وعلى شكل

وجبات دورية.

كيفية توزيع مادة الطحين وعدد الوكلاء بيع مادة الطحين في محافظة دهوك (٤٥٠) وكيلاً في مركز المحافظة و (١٥٣) وكيل موزعين على الاقضية والنواحي علماً بان الكمية المستلمة من الطحين من السلطة المركزية خلال عام ١٩٩٢ (١٥٢١) طناً و (٨٠٥) كيلو، كما تم تجهيز الوكلاء باربعة الالاف و(٣٣٧)طن و(٥٧٤)، ليكون كيلو من حنطة في دهوك حسب تعليمات الشركة العامة لتصنيع الحبوب وحنطة في دهوك تقوم بتصنيع مادة الطحين من الحبوب مجهزة لها من قبل سايلو زاخو وحسب الكميات التي تطلبها الشركة العامة لتصنيع الحبوب، حيث قامت لجنتنا بتدقيق كميات الحبوب الواردة للمطحنة وكمية الطحين المجهزة للوكلاء بعد طرح نسبة الشوائب فيها البالغ (٨٪) و الفرق بين كميتين تكون رصيد المتبقي كما هو مبين في الجدول المرفق.

كمية الطحين المجهزة على الوكلاء من قبل المطحنة بموجب تحويلات الحبوب. «(٤٩٠٥) طن و (٥٧٠) كيلو ، ئەو ئاردەی دابەش بووە (٤٣٧٧) تەن و (٥٧٤) كيلۆيە، رێژەی پیسی ئاردەكە لێ دەرچووە لەگەڵ رەسید جیاوازی نەماوە.» علماً بأن:

١- خصم (١٣٪) من الكمية المجهزة من مادة الحنطة المطحنة كما يلي: (٣-٥) شوائب و (٨٪) مخالفة.

ولاحظنا بان الطحين المنتج من المطحنة نوعيته غير الجيدة وبعد الاستفسار عن السبب تبين لنا بان السبب هو كثرة وجود الشوائب في الحنطة المجهزة لهم من قبل السايلو حيث كمية الشوائب فيها تتجاوز (٣٠٪) وهذه الحنطة تعتبر غير الصالحة للاستهلاك البشري وعند الاستفسار عن سبب استلام هذه النوعية الردئية من الحبوب تبين وجود تعليمات مركزية لديهم بضرورة الاستلام كافة الكميات بغض النظر عن النوعية مع اجراء الخصم وذلك تشجيعاً للفلاحين في هذهِ الظروف الاقتصادية الصعبة:-

السايلو: اضافة كمية حبوب مستلمة من قبل سايلو في العام ١٩٩٢ مايلي:-

(١٨٣١٤) طن و (٦٦٠) كيلو وبضمنها كمية (٤٤٧٩) طن للسنة السابقة كما ولاحظت اللجنة الكميات المصروفة مع الرصيد المدقق لغاية١٠/١٢/١٩٩٢والبالغ (٢٦٠٠) طناً مع اجمالي المذكور الاعلى.

دائرة الموازين المحورية: تشكلت هذه الدائرة قبل عدة سنوات لغرض اخذ الحمولات الزائدة على الحد المقرر والمسموح بها لكل محور من حمولة السيارة وذلك لكي لا تلحق هذه الحمولات الزائدة الضرر بالشارع العام، وبعد سحب الادارات من المنطقة تم استغلالها من قبل الجبهة الكوردستانية لغاية (١٧/١١/١٩٩٢) حيث تم استلامها من قبل الحكومة الاقليم ووزارة المالية والاقتصاد علماً بان اسلوب العمل فيها حالياً كما يلي:-

١- بالنسبة للسيارات القادمة من تركيا والتي تأخذ بضاعة الى الموصل بأخذ كيسين عن طن

الاول وكيس واحد عن كل الطن من الاطنان باقية من الحمولة.
٢ـ السيارات التي تحمل المواد الغذائية الى داخل الاقليم الكوردستاني تكون غير مشمولة بهذهِ الضوابط.
٣ـ يتم تسلم هذه المواد من قبل المديرية العامة للمواد الغذائية في المحافظات، و يتم توزيعها على المواطنين عن طريق الوكلاء.

السلبيات والمعوقات والاقتراحات والحلول المناسبة لها:
١ـ نظراً لكثرة الجهات التي توزيع المواد الغذائية في المحافظة كالمنظمات المتعددة والرعاية الاجتماعية والهلال الاحمر والتلاعب بالمواد وعدم تحقيق العدالة في التوزيع، واستفادة شريحة معينة منها لذا نقترح ان يكون توزيع الطحين عن طريق مديرية المواد الغذائية وعلى الوكلاء فقط.
٢ـ نظراً لعدم وجود بطاقة الاحوال المدنية لدى كثير من العوائل، وفقدان بعضها وقيام الاشخاص الاخرين ضعيفي النفوس بتسجيل اسمائهم لدى اكثر من وكيل، وصعوبة تشخيصهم لذا نرى من الضروري اجراء احصاء عام لسكان، او لسكان المحافظة فقط لغرض السيطرة على هذه الظاهرة.
٣ـ اعادة الوكلاء التي تم سحبها من بعض الاشخاص لاسباب سياسية.
٤ـ اعادة النظر في المشمولين بالرعاية الاجتماعية وذلك لوجود الكثير من الاشخاص غير المستحقين لهذة الرعاية.
٥ـ تقترح اللجنة باعادة النظر في الجهاز الاداري للدوائر التي تتعامل مع المواد الغذائية وضرورة تبديل رؤساء بعض الدوائر بعناصر كفوءة ونزيهه، وشكراً.

**بەڕێز مەلا محەمەد تاهیر محەمەد زین العابدین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

سوپاسی ئەو لیژنەیە دەکەین کە راپۆرتی تایبەت بەشاری دهۆکی پێشکەش کرد بە سەرۆکایەتی ئەنجومەنی نیشتمانیی و، ئەندامانی ئەنجومەن، بەڵام چەند خاڵێک هەیە لە راپۆرتەکەدا کە سەرنجی مرۆڤ رادەکێشێت بەتایبەتی خاڵی وەکیلە خەیاڵییەکان، بۆچی لێرە هەیە بۆچی لەوێ نییە؟.

هەروەها باسی (توجیهاتی مرکزی) کرد، حەز دەکەین بزانین تەوجیهاتی مرکزی کێیە؟.
ئەو کەلوپەلی خواردەمەنییەی کە لەوێ دەستی دەکەوێ بێگومان بەشێوەی دەوری ناوچەکە دەگرێتەوە، بەڵام لە ناوچەی هەولێر و، سلێمانی لەناو پارێزگادا دەرناچێت، سوپاس.

**بەڕێز سەعید عەلی خان سلیڤانی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

سەبارەت بە وەکیلە خەیاڵییەکان کەلوپەلی خواردەمەنی لە پارێزگای دهۆک، پاش لێکۆڵینەوە

بۆمان دەرکەوت یەک وەکیلی خەیاڵی نییە.

دەربارەی تەوجیهاتی مەرکەزی پرسیار کرا، بەرەی کوردستانی پێی باشتر بوو کە گەنمەکە نەڕوات بۆ موسڵ، لەوێ لێیان وەربگیرێ پاشان لێرە دابەش بکرێ بەشێوەیەکی دەوری، لەبەر ئەوەی ئەو برە ئازووقەی کە دێت زۆر کەمە ئەگەر بەکەمی دابەش بکرێت ئەوە گلەییمان دێتە سەر، بۆیە هەر جارەی ژمارەیەک لە وەکیلەکان ئازووقەکە وەردەگرن و دابەشی دەکەن، سوپاس.

**بەڕێز د. فایەق محەمەد گوڵپی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من تێبینییەکم هەیە لەسەر دوا برگەی راپۆرتەکە، ئەو ئۆتۆمبیلانەی کە تێپەڕ دەبن بە سنووری پارێزگای دهۆکدا دەچنە ناوچەکانی رژێمەوەو، نایەنە کوردستان ئەو شتانەی کە لێیان وەردەگرن ئایا مانگانە چەند دەبێت؟، ئەمە یەک.

دوو، پێشنیارێکم هەیە دهۆک بە حکومی جوگرافیای ناوچەکەی باری ئابووری وکۆمەڵایەتی لە زۆر پارێزگاکانی تر باشترەو، رۆژانە لێرەدا داواکاری چەندین خەڵکی ئۆردوگاکان و، شوێنەکانی تری کوردستان بەرز دەبێتەوە، پێشنیارەکەم ئەوەیە ئەو خواردنانەی کە لە ئۆتۆمبیلەکان وەردەگیرێن لە پارێزگای دهۆکدا بەسەر خەڵکی ئاوارەی ئۆردوگاکاندا دابەش بکرێت، سوپاس.

**بەڕێز ئیبراهیم سەعید محەمەد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پشتگیری لە رایەکەی د.فایەق دەکەم کەم ئەم ئازووقەیە بۆ هەموو کورد بێت، بەڵام ئازووقەکە زۆر کەمە رۆژانە (٥٠) ئۆتۆمبیل دەچێتە موسڵ هەریەکەیان لەوانەیە (٤ ــ ٥) تەن هەڵبگرێ، سوپاس.

**بەڕێز سەعید عەلی خان سلێڤانی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەو سەیارانەی ئێستا لە تورکیاوە دێن زیاتر مەبەستیان ئەوەیە کە دێن نەوت وگازوایل دەبەن، ئەمە یەکەم.

خاڵی دووەم: ئەم ئازووقەیە پێش بەرواری (١٩٩٢/١١/٧) لە ژێر کۆنترۆڵی بەرەی کوردستانی بووە، ئەو برانەی کە ئێستا لێرە لام هەیە ئەوەندە کەمن، لەبەر ئەوە باسم نەکرد، ئەگەر برەکەی باش بێت ئێمە خۆمان پێشنیارمان دەکرد کە دابەش بکرێت بەسەر هەموو خەڵکی کوردستان، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەن.**

فەرموو کاک جەمیل.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەراستی وەکالەی خەیاڵی لە دهۆکدا نییە، بەڵام ئەو برە ئازووقەی کە لە حکومەتی ناوەندی

وەریدەگرن زۆر کەمە لەبەر ئەوە، بە نۆبە دابەش دەکرێت بەسەر وەکیلەکان، برادەران دەتوانن پرسیار بکەن کێ وەریدەگرێ و، بەس لەناو سەنتەری پارێزگادا دەبێت، یان هەندێکی بۆ «سیمێلە»، چونکە هیچ جارێک نۆبەی زاخۆ، نەهاتووە، پێویستە لێکۆڵینەوە لەم بارەیەوە بکرێت.

دووەم : دەربارەی سایلۆی زاخۆ گووتیان: هەموو ژمارەکان تەواون، راستە حرفیەن تەواون بە یەکسانی ئەو برانەش دابەش کراوە، بەڵام هەندێ جاش زیاتر لە (٥٠) تەن و، (١٠٠) تەنیان وەرگوتووە نەیانچاندووە، من پرسیار دەکەم بۆ لەوەیان نەکۆڵیوەتەوە، سوپاس.

**بەڕێز ئیبراهیم سەعید محەمەد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

قسەکانی بەڕێز جەمیل زۆر راستن، بەڵام ئێمە ماوەی لێکۆڵینەوەمان هەفتەیەک بوو، ماوەکە زۆر کورت بوو، ئێمە بەزۆر خەڵکمان گووت کێ شتێکی هەیە بابێت بەناوی خۆی بیلێت من رقم لە فلان شتە تاکو ئێمە بتوانین لێکۆڵینەوە خۆمان بەتەواوی بکەین. من لە پرسیارێک لە بەڕێز جەمیل دەکەم ئەو ماوەیەی لەدهۆکدا بوین بۆ نەهات شتێکی وامان پێ بڵێ کە دەیزانێ ئێمە لەوێن؟، سوپاس.

**بەڕێز سەعید عەلی خان سلیڤانی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

سەبارەت بە ئەو برە ئازووقەیەی کە لە بەرواری (١١/١٧)ەوە تا ئێستا لە کۆگادا هەیە بەم شێوەیە: برنج (٤٩) کیسە_ شەکر (٥٠) کیلۆ بەکیس _ سابوون (٢٠٩)»کیسە کە هەریەکەی (٣٢) قالبە_ نیسک (٩٧٦) کیسە_ تایت (٥٤) کارتۆن. ئەم کەلوپەلانە پێش ئێستا لەژێر کونترۆڵی بەرەی کوردستانیدا بوون و، بەپێی رێنماییەکانی خۆیان مامەڵەیان پێ دەکرد، زۆربەشی لەگەڵ (p.k.k)ە زۆر تەجهیزی پێشمەرگەیان کردووەو، بەشی ناوخۆیان داوە. ئەو برە ئازووقەی لە حکومەتەوە وەرگیراوە زۆر کەمە، بۆ نموونە شەکر لە مانگی کانوونی دووەم (٢٥٠) تەنە بۆ مانگی شوبات (٢٣٠) تەنە، بەڕێوەبەری کەلوپەلی خواردەمەنی دهۆک ئەو نەخشەیەی نیشانی خەڵکیدا لە تەلەفزیۆن، بۆ ئەوەی قسەمان نەیەتە سەر دابەشکردنەکەمان کرد بە شێوەی دەوری، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجوومەن:**

ئەگەر هاتوو بارودۆخ گۆڕدرا و، ئۆتۆمبیل زۆر بوو و، رێگای باج وەرگرتن بەهەمان شێواز بوو پێویستە ئەو شێوازە نەمێنێ کە هەر لەو پارێزگایەدا دابەش بکرێ، بەڵکو دەبێ لە هەموو شوێنەکاندا دابەش بکرێت، سوپاس.

**بەڕێز ئیبراهیم سەعید محەمەد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئەو فەرمانگەی سەر بە وەزارەتی داراییە ئەوکاتە ئەو هەڵسوکەوت دەکات، پێڕەوێک بۆ دابەشکردنی ئازووقە دادەنێت لە کوردستاندا، سوپاس.

**بەڕێز سەعید عەلی خان سلێمانی:**
**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئێمە دوای ئەوەی لەسەردانەکەمان گەڕاینەوە، سەردانی وەزارەتی داراییمان کرد، چونکە ئەو پسولانەی کەلەوێدا هەبوون یاسایی نەبوون، لەگەڵ وەزیر لەو بارەیەوە گفتوگۆمان کرد، ئەوانیش بەڵێنیان دا کە دابەش کردنەکە لە ژێر سەرپەرشتی وەزارەتدا دادەبێت و، تەزویر نایەڵن و، نموونەی پسوولەی یاساییش دروست دەکەن، سوپاس.

**بەڕێز د. عیزەدین موستەفا رەسول:**
**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

پێش ئەوەی بێمە سەر راپۆرتەکە پرسیارێکم لەسەرۆکایەتی هەیە دەربارەی تەواوی رێژەی ئامادەبووان، ئایا چۆن دەکرێت؟، ئەگەر ئەوانەی مۆڵەتییان وەرگرتووە بە ئامادە نەبوو دابنرێن، ئەوا ئەم دانیشتنە هەر لەسەرەتاوە رێژەکەی (نصاب) تەواو نییە، چونکە لەکاتی دانیشتندا هەندێک لە ئەندامان لە هۆڵی کۆبوونەوە دەچنە دەرەوە.

دەربارەی ئەم راپۆرتە تێبینییەکی گشتیم هەیە ئەمە یەکەم راپۆرت نییە دەربارەی دهۆک، بەڵکو لەچەند راپۆرت وباسی تردا لەزۆر رووەوە باری پارێزگای دهۆک باسکراوە کە زۆر رێکوپێک تر بووە لە پارێزگاکانی دیکەی کوردستان، جا هۆی ئەوە دەبێت چی بێت؟. بەرای من لێکۆڵینەوەیەکی ورد بکرێ و، لایەنە گەشەکانی بدرێت بەپارێزگاکانی تر بۆ ئەوەی سوودی لێ وەربگرن.

پرسیارێکی ترم هەیە دەربارەی گەنم، کە باس گەنمیان کرد وتیان گەنمەکە پاک نەبووە، وابزانم لەهەندێ سایلۆ ئامێری پاک کردنەوەیان هەیە، ئەو گەنمە ئەگەر بە نیوەیی دابەش بکرێ و، باشترە لەوەی کە دوو هێندە بێت و، پرسیار دەکەم بۆچی بەم شێوەیە دابەشکراوە؟، سوپاس.

**بەڕێز ئیبراهیم سەعید محەمەد:**
**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

سەبارەت بە پاککردنەوەی گەنم لە سایلۆیەکان، وتمان ئامێرەکان هەن بۆ پاککردنەوەی پیسی، بەڵام ئیش ناکەن و، پێیان ناکرێت کە چارەی بکەن، ئێمە پێشنیارمان کردووە لەلای پارێزگار کە بتوانین ئەو ئامێرانە بۆ پاککردنەوەو لەدەرەوە بهێنین، سوپاس.

**بەڕێز سەعید عەلی خان سلێمانی:**
**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

پرسیاری دووەم کە د.عیزەدین کردی دەربارەی دابەشکردنی گەنم لە ئۆردوگاکان وگوندەکان، ئەوانەی سرەی خۆی وەرگرتووە، دەیانخەنە ناو وەجبەکان،ماوەیەکە کە رێکخراوە خێرخوازەکان ئەم کەلوپەلانە دهێنن دابەشی دەکەن بەسەریاندا، سوپاس.

**بەڕێز د. قاسم محمد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە سوپاسی لیژنەکە دەکەین و، نوێنەرانی دهۆک سەر بڵندن کە سەرۆک وەزیران بەسەر دهۆکی هەڵدا، بەڵام بەداخەوە لە وڵاتێکدا لە چوار پارێزگا تەنیا یەکێکیان لایەنی باشی تیادا هەبێت، پێویستە سلێمانی لە دهۆک چاکتر بێت، هەولێریش لەسلێمانی چاکتر بوایە، بەڵام ئەوەی برادەران باسیان کرد بە زەحمەت گەیشتینە قەناعەت لەبەر دوو هۆ:

یەکەم: دەسەڵاتی راپەڕاندن لەپاش بۆشایی ئیداری دروست بوو، چاودێری و بەداواداچوون لە هەموو شوێنەکان کز ببوو.

دووەم: لەوانەیە باری خەڵکی ناوچەکە رێک نەبووبێ، کەواتە نەبوونی وەکیلی خەیاڵی جێگای سەر بڵندیە. ئۆمێدەوارین لە هەر چوار پارێزگادا ئەوە پەیدا بێت، من پێشنیار دەکەم ئێمە سوپاسنامەیەک ئاراستەی بکەین بۆ دهۆک، سوپاس.

**بەڕێز شەوکت حاجی موشیر ئەحمەد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پرسیارێکم هەیە ئاراستەی سەرۆکایەتی دەکەم سەبارەت بە ئەو تەقینەوەیە، پێش (١١/١٧) روویدا، ئێمە دەڵێین: بەرەی کوردستانی ئێستا چوار لایەنمان لەناو ئەو حکومەتەدا هەیە، پارتی ویەکێتی و زەحمەتکێشان و حزبی شوعی، ئێمە ناتوانین لە رابردوو بپرسینەوە، برێک دیاری کراوەو، ئێستا هەر چەند کەم بۆتەوە شتی زۆر کەم وەرگیراوە، لەچاو خۆیان، بەڵام ئایا لەرابردودا ناتوانین بپرسینەوە ئایا ئەوەچی لێ هاتووە کە وەرگیراوە بۆ کوێ رۆیشتووە؟، سوپاس .

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەگەر لەوە بپرسینەوە دەبێت لە زۆر شتی تر بپرسینەوە لەو رۆژەوە کە بەرەی کوردستانی دروست بووە، ئەگەر بێینەوە سەری ئەوە بە (١٠) ساڵ حکومەت هەرێم رزگاری نابێت.

**بەڕێز فرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پرسیارەکەی بەڕێز شەوکەت نەختێک راست دەکەمەوە باشە بۆ تا (١١/١٧) ئەم ئازووقەیە لەدەستی بەرەی کوردستانی بووە؟، بۆ گومرگ وشتەکانی تر دەستی بەسەردا گیرابوو حکومەت بۆ دەستی بەسەر ئەوانەشدا نەگرتووە؟، دەبێ ئەو پرسیارە لەحکومەت بکرێ، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەم خاڵە پەیوەندیی بەم لیژنەیەوە نییە وهەر وەکو بەڕێزیشتان فەرمووتان پەیوەندیی بەپەرلەمانەوەش نییە، وادیارە ئەو تەوەرێک پێکدێ لە دهۆک، حکومەت تا دوایی دەرهەق بەرەی دهۆک نەهاتووە بۆیە لەوانی تریان ساندووەو، لەوانیان نەسەندووە، ئەگەر دەتەوێت لەپاشاندا ئەو پرسیارە ئاراستەی ئەنجوومەنی وەزیران دەکەین.

**بەڕێز عەبدولکەریم کاکە حەمە عەبدولکەریم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

من نازانم ئەو لیژنەیە بۆچی دروست بووە؟، بەڵام با گفتوگۆی هەردوو راستی بکەین کە بووتە هۆی رێکوپێکی شاری دهۆک هەر لەسەرەتاوە:

١ـ داهاتی گومرگ کە برادەرانی بەرەی کوردستانی لێرە ناوچەگیرییان پێ دەکرد، بەڵام لەوێ نەدەکرا، بۆ نموونە لێرە مووچەی فەرمانبەران نەدەدرا، بەڵام لەوێ بەرێکوپێکی دابەش دەکرا.

٢ـ لێپرسراوانی بەرەی کوردستانی تووشی گرفتی مشەخۆری ببوون، کە سەیارەیەک دفرێنێ بۆ تورکیا، تورکیا خۆی نایانگرێت، چونکە ئەم تێکدانە دەستی ئەنقەستی تورکیای تێدایە، هەروەها سێ چوار رێگا هەیە بۆ ئاودیوکردنی شت لە سنووری تورکیا کە ناتوانرێت دەسەڵاتی بەسەر دابگیرێت. خۆم لەگەڵ ئەوەدام کە سوپاسی بەری دهۆک بکرێت، بەڵام دەبێ حیسابی رابردووش بکرێ، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجوومەن:**

ئێمە سوپاسی دانیشتووانی دهۆک دەکەین نەک بەرەی کوردستانی، چونکە بەراستیش وەکو باسمان کرد لە زۆر شتی تر خۆیان دەرخستووە لە مەسەلەی کاروباردا کە پەیوەندیی بە بەرەوە هەیە زۆر رێکوپێکن، چونکە هەروەکو بەڕێز سەرۆک وەزیران باسی کرد ئەو بانگەوازانەی کە لە دەزگاکانی راگەیاندن دەردەچێت بۆ دانیشتووانی ئەوێ خەڵکەکە زۆر بەهانای دێن، جا وابزانم لەو راپۆرتەدا شتی وانییە تا ئاراستەی ئەنجوومەنی وەزیران بکرێت تەنیا بۆ خۆمان شتێکی زۆرباش بوو لە هەمان کاتدا تەنیا خاڵێک نەبێت کە هەموو تەئکیدیان لەسەر کرد ئەوەیش ئەوەیە مادام ئێستا گومرگ وئەوانە نەبووتە مەرکەزی ئەو ئازووقەیەی کە وەرئەگیرێ پێویستە بەسەر هەموو پارێزگاکاندا دابەش بکرێ نەک تەنیا دهۆک و زاخۆ.

دانیشتنی ئەمڕۆمان کۆتایی پێ هات، زۆر سوپاستان دەکەین.

| | | |
|---|---|---|
| **فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵلا** | **نەژاد ئەحمەد عەزیز ئاغا** | **جوهر نامق سالم** |
| **سکرتێری ئەنجوومەن** | **جێگری سەرۆکی ئەنجوومەن** | **سەرۆکی ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق** |

# پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (٦٨)

**چوارشەممە ڕێکەوتی ١٩٩٢/١٢/٢٣**

# پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (٦٨)

## چوارشەممە ڕێکەوتی ٢٣/١٢/١٩٩٢

*کاتژمێر (١٠) ی سەر لەبەیانی ڕۆژی چوارشەممە ڕێکەوتی ٢٣/١٢/١٩٩٢ ئەنجوومەنی نیشتمانی کوردستان بە سەرۆکایەتی جێگری سەرۆک بەڕێز نەژاد ئەحمەد عەزیز ئاغا و، بە ئامادە بوونی بەڕێز فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵڵا سکرتێری ئەنجوومەن، دانیشتنی ژمارە(٦٨)ی خولی یەکەمی ئاسایی ساڵی یەکەمی خۆی بەست. سەرەتا ڕادەی یاسایی دانیشتنەکە لەلایەن دەستەی سەرۆکایەتیەوە چەسپێنرا و، ئەوجا بەڕێز جێگری سەرۆک بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان، دانیشتنەکەی بەناوی گەلی کوردستانەوە دەست پێکرد.*

**بەرنامەی کار:**

**بەرنامەی کار ئەم خاڵانەی خوارەوە دەگرێتەوە:ـ**

**١ـ پێشنیاری ڕاگرتنی( تجمید) موعامەلاتی ئیستملاک.**

**٢ـ خوێندنەوەی ڕاپۆرتی لیژنەی پەیوەندییەکان دەربارەی کۆبوونەوە سێ قۆڵیەکەی (تورکیا، ئێران، سوریا).**

**٣ـ دیاری کردنی پشووی جەژنە ئایینیە ڕەسمیەکانی مەسیحیەکان.**

**٤ـ تازە بابەت.**

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجوومەن:**

ئەگەر سەرۆکایەتی فراکسیۆنەکان هیچ تازە بابەتیان هەیە تکایە بیخەنە بەر چاومان.

**بەڕێز فەرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

من پێش ماوەیەک داوام کرد کەسووتەمەنی دابین بکرێت بۆ پەرستگاکان وکەنیسە و مزگەوتەکان، بۆ ئەو شوێنانەی کە عیبادەتی لێ دەکرێت، ئایا هیچ هەنگاوێک هاویشتراوە سەبارەت بە ئەم بابەتە، یان نا؟.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجوومەن:**

ئێمە ئەوە تەئکید دەکیەنەوە لەگەڵ ئەنجوومەنی وەزیران و، بیریانی دەخەینەوە.

**بەڕێز شەوکەت حاجی موشیر ئەحمەد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

من وەکالەتی سەرۆک فراکسیۆن وەردەگرم، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئاخر ئەو رای فراکسیۆنی بە سەرۆکایەتی نەوتووە کە ئامادە نابێت و وەکیلی هەیە، جاپێشنیاری راگرتنی (تجمید)ی موعاملاتی ئیستملاک با لیژنەی یاسا بۆمان بخاتە بەرچاومان.

**بەڕێز فرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پێموایە دەبێت جەنابتان رێگا بدەن یەکێک لە فراکسیۆنی سەوز وەکالەتی سەرۆک فراکسیۆن بکات، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئایا فراکسیۆنی سەوز هیچ شتێکی تازە بابەتی هەیە؟.

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لە تازە بابەتی ئەمرۆماندا بابەتێک هەیە کە باسی کێشەی ئەو هاوولاتیيانەیە دەکات کە ئاوارە بوونە لە تورکیا و لە ئێران، ئەویش بە هۆی شۆڕشی کوردستانەوە، ئێستا ئەو هاوولاتییە ئاوارانە نفوسیان نییە و، ئیشەکانیان بە ئاسانیی بۆ ناکرێت، داوا دەکەم کە چارەیەکییان لێبکرێت، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەن:**

واتە ئەوانەی گەڕاونەتەوە؟.

**بەڕێز فرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەو خاڵەمان باس کردووە و، ئەنجوومەنی وەزیرانیش بریاری داوە کە ناسنامەیان بۆ دەرکات و موعامەلاتەکانیان بەرێ کەن و، زۆربەیان موعاملاتی خۆیان تەواو کردووە و، پێموایە بەنووسین وەلامی فراکسیۆنی ئێمە دراوەتەوە دەربارەی ئەم بابەتە.

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەگەر وایە ئێمە پێشنیارەکەی خۆمان رادەکێشینەوە، سوپاس.

**بەڕێز شێروان ناسح عەبدوللا حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەو پێشنیارەی کە پێشکەشی بەڕێزتان کراوە پرۆژەیەکە لەلایەن( ١٠ )ئەندامی پەرلەمانەوە

ئیمزا کراوە، ئێمەش وەکو لیژنەی یاسا لەگەڵ پێشنیارەکەین، تەنها پێشکەشی ئەندامانی پەرلەمان بکرێت، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجوومەن:**

ئەم پێشنیارەی کە ئێستا بۆتانی دەخوێنینەوە لەکاتی خۆیشیدا باسی کرا و، لەگەڵ بەڕێز وەزیری شارەوانیش باسی لەسەر کرا کە ئەو ئیستملاکاتە بەم جۆرە نەبووە کە دەوترێت، لەگەڵ ئەوشدا ئێستا ئێمە دەیخوێنینەوە:

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەنی نیشتمانی کوردستان.**

سلاو و ڕێزمان

لەبەر بەرژەوەندیی گشت ئەو بارو دۆخەی کە کوردستانی پێدا دەڕوات، ئێمە ئەندامانی پەرلەمان کە ناوەکانمان لە خوارەوە نووسراوە ،پێشنیار دەکەین کەوا هەموو جۆرە ئیستملاکێک ڕابوەستێ تەنها ئەوە نەبێت کە بڕیاری لە دادگا دەرچووە، لەبەر ئەوەی لە ناو خەڵکدا زۆر باسی ئەوە دەکرێت کە ئەو زەویانەی وەزارەتی شارەوانی هەمووی ڕۆیشت بۆ خەڵکێک کە هیچ لە بەرژەوەندیی میللەتەکەمان نییە.

جا ئەو پێشنیارە کە خراوەتە بەرنامەی ئەمڕۆمانەوە هیچ لەسەری نە نووسراوە کە ئەوە بۆ لیژنەی یاسایە، یاخود بۆ لیژنەیەکی ترە کە پەیوەندیی بە وەزارەتی شارەوانییەوە هەیە، داوای لێبوردن دەکەین کە ئەم پێشنیارە ڕێگای ڕەسمی خۆی وەرنەگرتووە، دەبوایە بە نووسراوێ ئاراستەی سەرۆکایەتی ئەنجوومەن بکرایە و، لیژنەی تایبەتیش لەسەری بیروڕای خۆی دەربڕیایە و، کاتە دەخرێتە بەرنامەی کارەوە، جا لە بەر ئەوە داوای لێبووردنی ئەو هەڵەیە دەکەین.

**بەڕێز شێروان ناسح عەبدوڵلا حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئەوانەی کە ئیمزایان کردووە زۆربەیان ئەندامی لیژنەی یاسان، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجوومەن:**

لەوبارەیەوە داوای لێبوردنتان لێ دەکەین، لەوانەی ئەوە هەڵەی ئێمە بێت کە خراوەتە بەرنامەی ئەمڕۆوە.

ئێستا دێینە سەرخاڵی دووەم، خوێندنەوەی ڕاپۆرتی لیژنەی پەیوەندییەکانە، لەسەر بڕیاری ئەنجوومەنی نیشتمانیی داوامان لە لیژنەی پەیوەندیەکان کرد کە ڕاپۆرتێکمان بۆ ئامادە بکەن دەربارەی ئەو کێشەیە کە باس کرا، ئێمە لێرە دووپاتی دەکەینەوە کە بەراستی هەرچی هەنگاوێک نراوە تا ئێستا لەکوردستانی عێراقدا مەبەستی ئەوە نەبووە کەکوردستان جیا بکرێتەوە لە عێراق، بەڵکو ویستوومانە حوکمێکی فیدراڵیمان لە چواچێوەی عێراقێکی

دیموکراتیدا پێڕەو بکەین و، لە خوو ڕەوشتی حکومەتی کوردستان و پەرلەمانی کوردستان ناوەشێتەوە کە هیچ کاتێک دەسبخاتە ناو کاروباری دەراوسێکانمانەوە، بەڵکو ویستومانە دووپاتی بکەینەوە کە ئەمانەویت باشترین پەیوەندیمان لەگەڵ دەراوسێکانماندا، سەبارەت بە برا کوردەکانمانیش کە لە ولاتە دراوسێکاندان با بە ڕێگایەکی پێشکەوتووانە ومرۆڤایەتیان و دیموکراتییانەوە کێشەکانیان چارەسەر بکەن و، سەبارەت بە دەسخستنە ناو کاروباری ئێمە و بە بێ ئامادەبوونی ئۆپۆزسیۆنی عێراقی کە نوێنەرایەتی میللەتی عێراق دەکەن، ئێمەش بەوە رازی نابین، داوا لە دراوسێ خۆشەویستانەمان دەکەین کە جارێکی تر بەخۆیاندا بچنەوە، ئێمەش ئامادەین کە لە هەرکات و لەسەر هەر شتێک بێت روون کردنەوەیان بوێت بۆیانی روون دەکەینەوە، با لیژنەی پەیوەندییەکان بفەرموێت راپۆرتەکەمان بۆ بخوێننەوە.

**بەڕێز جەلال جوهر عەزیز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە پێشنیار دەکەین کە ئەم راپۆرتە لە تەلەفزیۆن و راگەیاندنەکان ناوەڕۆکی ئەم راپۆرتە نەگوێزرێتەوە. لەبەر ئەوەی ناوەڕۆکەی راپۆرتەکە هی ئەوە نییە کە ئێستا هەموولایەک بیزانێت، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەوە پێشنیار نییە، بەڕێزت داوای ئەوە دەکەی کە ئەم دانیشتنە نهێنی بێت و، ناوەڕۆکی راپۆرتەکە نەگوازرێتەوە، ئەگەر پێشنیارتان هەیە بۆ ئەوەی کە ئەم دانیشتنە، دانیشتنێکی نهێنی بێت. ئەوە بڵێن لیژنەکەمان داوای ئەوە دەکات کە ئەم دانیشتنە دانیشتنێکی نهێنی بێت. ئەو کاتە ئێمە دەیخەینە دەنگدانەوە، ئەگەر پەسەند کرا، ئەوە دانیشتنەکە دەکەینە نهێنی.

**بەڕێز د. قاسم محەمەد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە تەنها داوای ئەوە دەکەین کە تاوەکو راپۆرتەکە دەخوێنینەوە نهێنی بێت، پاشان با دانیشتنەکە کراوە بێت، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەگەر دانیشتنەکە داخراو بێت ،یا نهێنی بێت، ئەبێت هەمووی نهێنی بێت، چونکە ئەندامەکان پاشان گفتوگۆی راپۆرتەکە دەکەن، لەبەر ئەوە ئەگەردانیشتنەکە داخراو بوو واتە نهێنییە، سوپاس.

**بەڕێز ئەحمەد ئەبو بەکر حەسەن بامەڕنی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

داواکاریەکەی ئێمە ئەوەیە کە تەنها کاتی خوێندنی راپۆرتەکە وکاتی گفتوگۆ کردنی راپۆرتەکە

به نهێنی بێت، پاشان با دانیشتنەکە کراوە بێت، ئەویش لەبەر ئەوەی هەموو ئەندامە بەڕێزەکان بتوانن بە ئاشکرایی گفتوگۆ بکەن، سوپاس.

**بەڕێز فـــــەرەنســـــۆ تۆمــــا هەریری:**

**بەڕێز ســـــەرۆکی ئەنجـــــومــــەن.**

بۆ دانیشتنی نهێنی دەبێت پەرلەمان بڕیاری لەسەر بدات کە ئەم دانیشتنە نهێنی بێت، بەڵام ئێستا ئەندامانی پەرلەمان نازانن ناوەڕۆکی ڕاپۆرتەکە چییە!، تاوەکو بڕیاری ئەوە بدەن کە دانیشتنەکە نهێنی بێت، یا نە. دەبوایە ڕاپۆرتەکە دابەش بکرایە بەسەر ئەندامانداو، لێتۆژینەوەی لەسەر بکرایە، بۆ ئەوەی بڕیاری لەسەر بدرێت، سوپاس.

**بەڕێز جـــێگری ســـەرۆکی ئەنجـــومــــەن:**

پێشنیارەکەی کاک فرنسۆ لە جێگای خۆیەتی، بەڕاستی ئەگەر ڕاپۆرتەکە نەخوێندرێتەوە، چۆن بڕیاری ئەوە بدەین کە دانیشتنەکە نهێنی بێت، یا نهێنی نەبێت.

**بەڕێز ئەیـاد حـــاجی نامق مـــەجــــیــــد:**

**بەڕێز ســـــەرۆکی ئەنجـــــومــــەن.**

خۆی هەر شتێکی نهێنی کە زانرا پێش وەخت واتا نهێنی نەما، ڕای لیژنەی تایبەتی ئەوەیە کە هەندێ بابەت هەیە پێویست ناکات ئاشکرا بێت، من ڕام وایە کە دەنگدانی لەسەر بکرێت و، دانیشتنەکە نهێنی بێت، چونکە بەڕاستی ئەو مەسەلەیە پەیوەندە بە مەسەلەی دەرەوە و ئاسایشی ناوەوە.

**بەڕێز جـــێگری ســـەرۆکی ئەنجـــومــــەن:**

من تێبینیەکی بچووکم هەیە لەسەر ئەمەی کە کاک ئەیاد وتی، ئێمە ئەگەر دانیشتنەکە بکەین بە دانیشتنێکی داخراو، خۆ لە ئەندامان داخراوی ناکەین، بەڵکو لە دەزگاکانی ڕاگەیاندن دایدەخەین، لەبەر ئەوە ئەگەر ڕاپۆرتەکە بدرێت بە ئەندامان وبزانن ناوەڕۆکەکەی چییە، تاوەکو دەنگدان لەسەر جۆری دانیشتنەکە بدرێت.

ئێستا کێ لەگەڵ ئەوەدایە کە ئەم دانیشتنە داخراو بێت؟..دەست بەرز کرایەوە.. کێ دژە؟، کەواتە بە زۆربەی دەنگ وەرگیرا، بەڵام ڕاپۆرتەکە هی ئەوە نییە کە نهێنی بێت.

**بەڕێز جـــــەلال جـــــوهر عـــــەزیـز:**

**بەڕێز ســـــەرۆکی ئەنجـــــومــــەن.**

لە سەر داوای ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستان بۆ لێکۆڵینەوە لەسەر کۆبوونەوەی سێ قۆڵی (سوریاو تورکیاو ئێران) لە ئەنقەرە بۆ پێش بینی و تێگەیشتن لەکۆبونەوەی دووەمیان لە دیمەشق لە مانگی شوباتی(١٩٩٣)لیژنەکەمان ئەم خاڵانەی خوارەوەی گەڵاڵە کردووە دەیخاتە بەرچاوی بەڕێزتان بۆ لێدوان و لێکۆڵینەوە لەو بارەوە:

١ــ هاوکاری لەگەڵ کۆنگرەی نیشتمانیی عێراقی بۆ دانانی فیدراڵێکی هاوبەش و لەباربردنی

بڕیارەکانی ئەم کۆبوونەوە سێ قۆڵیەوە بەیان کردنی ناوەڕۆک و بەستەکانی بۆ خەڵکی ناوچەکە و جیهان، بۆ ئەمەش جوڵانەوەیەکی هەمە لایەن و هاوبەش بەرپا بکرێت لە ئاستی ناوەوە و دەرەوەی وڵات.

٢ــ ناردنی نامە بۆ وڵاتانی (تورکیا و ئێران و سوریا) وخەجت لەسەر ئەم خاڵانەی خوارەوە بکرێت..

أ ــ یەکێ لە هۆیەکانی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان بوونی ئەو بۆشاییە ئیدرایە بوو کە لە کوردستاندا دروست بوو، پاش ئەوەی کە رژێمی عێراقی هەموو دەزگا ئیداریەکانی خۆی کێشایەوە.

ب ـ پەرلەمان و حکوومەتی کوردستان دەست ناخاتە کاروباری وڵاتانی دراوسێ، بەڵام پەرلەمان و حکومەتی کوردستان پێی خۆشە کێشەی لەگەڵ ئەو وڵاتانادا بە ڕێگای ئاشتیانە چارەسەر بکرێت و، میللەتی کورد بگاتە مافی رەوای خۆی لە چوارچێوەی دیموکراسیدا.

ج ـ بڕیاری پەرلەمانی کوردستان بۆ فیدراڵ بوون بۆ پارچە پارچەکردنی عێراق نییە، بەڵکو بۆ پاراستنی یەکێتی عێراقە، ئەوەی هەڕەشە لە یەکێتی عێراق دەکات سیاسەتی فاشی رژێمی عێراقە.

د ـ لەگەڵ ئەو نامەیەدا دەعوەت نامەیەک بۆ سەرۆکی هەر سێ پەرلەمان و هەموو ئەو حزبانەی کە لەپەرلەماندایە رەوانە بکرێت.

٣ــ ناردنی یاداشتنامەیەک بۆ پەرلەمانی وڵاتانی ئەوروپی و کۆنگرسی ئەمریکی و پەرلەمانی ئەوروپی ، لە یاداشتنامەکەدا جەخت لەسەر ئەو دووخاڵە بکرێت.

أ ــ دیموکراسی و مافی مرۆڤ کە لە کوردستاندا ئەمڕۆ بۆتە بنکەی یەکەم لە ناوچەکەدا.

ب ـ چارەسەر کردنی کێشەی نەتەوایەتی. پەرلەمانی کوردستانی فیدراڵی بە چاکترین چارەسەر دەزانێ لە چوار چێوەی عێراقێکی دیموکراسیدا هەر ئەم دوو هۆیە وای کردووە ئەم سێ دەوڵەتە وێران بکەن، بۆ ڕێگەگرتن لە بڵاو بوونەوەی ئەم تاقی کردنەوەیە.

٤ــ ناردنی نوێنەری پەرلەمانی کوردستان بۆ وڵاتانی تورکیا و ئێران و سوریا.

١ــ بۆچوونی لەمەڕ رژێمی عێراقی کە تورکیا بە لاوازترین پەیوەندیی هاوپەیمان دەزانێت لەبەر ئەوەیە دەوڵەتی تورکیا چەندین کێشەی ناوەکی و دەرەکی هەیە لەپێش هەموویانەوە خراپی و ئاڵۆزی باری ئابوری و کێشەی نەتەوایەتیان و، رژێمی عێراقی وادەزانێت کلیلی بەشی زۆری کێشەکانی عێراق بە دەستی تورکیایە، هەر بۆیەش عێراق زۆر بەگەرمی کەوتۆتە جموجۆڵ، لەم بارەیەشەوە هەوڵی زۆری داوە وتێیدا تارادەیەک سەرکەوتنی بەدەست هێناوە، ئێستا لەتورکیا دوو حزب هەیە پشتگیری لە بۆچونەکانی رژێمی عێراق دەکەن لە شەش مانگی رابردوودا رژێمی عێراقی چوار وەفدی ناردووە بۆ تورکیا یەکەمیان بە سەرۆکایەتی (سەعدی مەهدی ساڵح)، دووەمیان (منال یونس)، سێیەم وەفدێکی حزبیان

بوو کە بە سەرۆکایەتی (عەبدولغەنی عەبدولغەفور سالّح)، دوا جاریش وەفدێکی نەقابەی کرێکارانی عێراق بوو، ئەم وەفدانە سەرۆکی حکومەت و پەرلەمانی تورکیایان بینی، وەک (سلێمان دیمرێل) سەرۆک ئەنجوومەنی وەزیران وسەرۆکی پەرلەمانی تورکی، جا بۆیە دەبێت پەرلەمانی کوردستان بەرنامەیەکی گونجاوی هەبێت وەکو کردنی بەرنامەی رژێمی عێراقی.

٢ــ ئەرکی یەکەم بوو لە پێشەوە پەرلەمانی کوردستان دلّنیا کردنی حکومەت و پەرلەمانی تورکیا سەبارەت بەو بریارەی داویەتی، کە تەنها فیدرالّییە لە چوار چێوەی حکومەتی عێراقدا.

٣ــ ئەرکی تری پەرلەمانی کوردستان روون کردنەوەی هەلّوێستی راستی خۆمانە بۆ خەلّکی کوردستانی تورکیا وحزب و رێکخراوەکانی لەسەر مەسەلەی شەڕی(P.K.K) ،چونکە پەکەکە لەم چەند مانگەی رابردوودا و تاوەکو ئەمڕۆ هەلّوێستی پەرلەمانی کوردستان و حکومەتەکەی روون بکاتەوە بەتایبەتی لە کوردستانی تورکیاو ناوچەکانیدا.

ب ـ رێکخستنی یەدەگی هاوبەش لەگەلّ کۆنگرەی نیشتمانی بەهاوبەشی بۆ هەردوو دەولّەتی سوریاو ئێران دراوسێ، لەبەر گلەیی هەردوو دەولّەت لە ئاستی عەرەبی و ئیسلامی و پەیوەندیی راستە وخۆی هەردووکیان بە کێشەی کورد و، بۆ دلّنیا کردنیان سەبارەت بە بریاری پەرلەمانی کوردستان تایبەت بە فدرالّیەت لە چوارچێوەی دەولّەتی عێراقدا.

ج ـ بە بۆنەی هەلّبژاردنی تازەی پەرلەمانی دەولّەتی کوێت و زیاد کردنی تەئیدی عەرەبی و بوونی هەلّوێستی هاوبەش لە نێوان پەرلەمانی کوردستان و پەرلەمانی کوێت لە سەر رژێمی عێراقی جێگای خۆیەتی وەفدێکی پەرلەمانی کوردستانی بۆ کوێت رێکبخرێت و، پێشمان چاکە سەرۆکی ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستان نامەیەکی پیرۆزبایی بنێرێت بۆ پەرلەمانی تازەی کوێت، ئەگەر چی کاتەکەش بەسەری چووە.

٥ــ بەرەی کوردستانی هەموو حزب و رێکخراوە کوردستانیەکان دەعوەت بکات بۆ پشتگیری لە حکومەتی کوردستان و، هەروەها نوێنەرانی کورد لە پەرلەمانی تورکیا و سوریا دەعوەت بکات بۆ هەمان مەبەست.

«لیژنەی پەیوەندییەکان» سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجوومەن.**

جا کێ تێبینی هەیە لەسەر ئەم راپۆرتە؟.

**بەڕێز بەختیار حەیدەر عوسمان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

بە رای من ئیشوکاری لیژنەکە تەنها ئەوە نەبووە کەپێشنیار پێشکەش بکات، بۆ ئەوەی کە بزانین چی بکەین بەرامبەر ئەم کۆبوونەوە سێ قولّیە، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەڵێ، ئەوە شتێکی زۆرە کە داوا لەو لیژنەیە بکرێت کە ئەو ڕێککەوتنانەی کە کراوە روون بکاتەوە، چونکە حزبەکانیش لەوە دەچێت کە ڕێک نەکەوتبێتن.

**بەڕێز حازم ئەحمەد محمود یوسفی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پێشنیارێکی ترم هەیە، ئەویش ئەوەیە کە ئێمە داوا بکەین لە حزب و ڕێکخراوەکانی ناو بەرەی کوردستانی کە لە ڕێگای مندالەکانی خۆیانەوە لە ئەوروپا و ئەمریکاو هەموو جیهاندا و بە تایبەتیش رای گشتی و حکومەتەکانی دەرەوەی ئەوروپا و ئەمریکا و ئیدارەی سەرۆک کلینتۆن کە پێیان رابگەیەنن ئەم کۆبوونەوە سێ قۆڵییەی نێوان (سوریاو تورکیاو ئێران) هەرە لە بنەڕەتەوە پێشێل کردنی مافی مرۆڤە و دژ بە نەتەوەی کوردە و دیموکراتیەت لە کوردستانی عێراق. من پێشنیار دەکەم کە ئەم زیادەیەش بخرێتە سەر راپۆرتەکە، دووەم: ئێمە پشتگیری ئەوە دەکەین کە سەرۆکی پەرلەمان بچێتە سوریاو تورکیاو ئێران و، پێم باشە ئەگەر وەفدێک بچێتە دەرەوە بەهەمان مەبەست، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەن:**

بە رای من بۆ پەرلەمان داوا بکات، مادام حزبەکان هەنە و، بەرەی کوردستانی هەیە، با لەسەر پێڕەوی حزبەکان بێت، واتە حزبەکان بەو کارە هەستن، پێم وایە ئەو پێشنیارەی کە ئەوان کردوویانە بەڕاستی نەیان ویستووە پەرلەمان بخەنە جێگای حزبەکانەوە.

**بەڕێز حسێن عەلی کەمال:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دوو خاڵ هەیە پێم خۆشە کە بیخەمە بەرچاوی بەڕێزتان ئەویش ئەوەیە ئێمە وەفدێکمان وابزانم لە وەزارەتی یارمەتی مرۆڤایەتی و هاوکاری سەردانی کوێتی کردبوو، ئێمە وەکو پەرلەمان هیچ زانیاریەکمان نییە دەربارەی ئەو سەردانە.

دووەم، ئێمە ئەم راپۆرتە کە گرنگیمان داوەتێ و گرنگیەکی هەیە، وابزانم ئەگەر جەنابتان داوای بەڕێز وەزیری یارمەتی مرۆڤایەتی و هاوکاریتان بکردایە لەم دانیشتنە ئامادە بوایە سوودی زیاتر دەگەیاند، سوپاس.

**بەڕێز د. فایەق محەمەد گوڵپی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

سەبارەت بە ئەوەی کە کاک حازم لە قسەکانی خۆیدا ئاماژەی بۆ کرد کە خۆپیشاندان بکرێت لە بەردەمی سەفارەتی وڵاتانی دەرەوەدا. پێشنیار دەکەم لە کوردستاندا پەنا ببەرێتە شێوەیەک لە شێوە شارستانیەکانی خەبات کە ئەویش لایەنی جەماوەریە، ئەویش لە ڕێگەی خۆپیشاندان و مان گرتن و دەسکێشانەوە لەکارە لەم رۆژانەدا، بۆ ئەوەی نارەزایی خۆیان بەرامبەر بەم

کۆبوونەوەیە دەربېرن و، ئەمە باشترین شێوەیە کە هەموو جیهان و ئەو دەوڵەتانەی کە دەسەڵاتیان هەیە لە روی سیاسی و دپلۆماسییەوە گوێمان لێ بگرن، سوپاس.

**بەرێز جێگری سەرۆکی ئەنجوومەن:**

بەرێز د. فایەق هێشتا کەس بریاری ئەوەی نەداوە کە ئەمانە دەگەنە چ ئامانجێک، ئێمە ئەو دەوڵەتانەی کە دراوسێمانن، لە رووی بنەماییەوە لەگەڵیاندا چاو پێکەوتن دەکەین، ئەویش تێکۆشانە لە دژی سستەمی دیکتاتۆری کە بە راستی یەکەم دوژمنی میللەتی کوردی عێراقە و، ئێمە هەوڵ و تەقەلامان ئەوەیە و بەراستیش بۆی دەچین کە ئەو پەڕی پەیوەندیی باشمان لەگەڵ دراوسێکانماندا هەبێت، ئەو بۆچوونەی کە لیژنەکە بۆی چووە بۆچوونێکی راست و دپلۆماسیانەیە وەکو پەرلەمان، بەڵام حزبەکان چی ئەکەن بابیکەن، چونکە لە بەرژەوەندیی میللەتەکەمان نییە کە دوژمن بۆ خۆمان زیاد بکەین و، بەرەنگاری ئەو شتانەی کەوترا بکەین، ئێمە ئەوەی لەسەرمانە بەو برایانەی کە لە دەوروپشتمانن پێیان رابگەیەنین، کە ئەگەر مەترسیەکیان هەیە ئەوان لەو مەترسیە بە هەڵەداچوون، چونکە ئێمە لە هیچ کاتێکدا نامانەوێت بە دوژمنیان دانێین و، بە دراوسێیان دادەنێین چ دراوسێی ئێمە وەکو هەرێمی کوردستان چ دراوسێی ئەو عێراقەی کە ئێمە بەشێکین لێی و دەڵێین: ئەو هەوڵانەی کە رژێمی دیکتاتۆری دەیدا بۆ ئەوەی ئێمە بترسێنێ لەو بارەی کە ئێستا لە کوردستاندا هەیە، ئەوە بە هەڵەدا دەچن وئەوە لە دژی ئێوە بووە، لە بەر ئەوە لەم قۆناخەی ئێستادا مەسەلەی گەلەی ئیشی پەرلەمان نییە بیکات.

**بەرێز عیزەدین مستەفا رەسول:**

**بەرێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

راستە کاری پەرلەمان لەگەڵ کاری حزبەکاندا جیایە، بەڵام ئێمە چین و حزبەکان چین، لێرە ئێمە وەک ئەڵێین: دوو فراکسیۆن و برایانی لیستی ئاشوری هەیە و نوێنەرانی (٤) حزب و بێلایەنەکانیش هەر لەسەر لیستەی حزبەکانەوە هاتوونەتە پەرلەمانەوە، من ناڵێم کاری حزبەکان لەگەڵ کاری پەرلەمان تێکەڵ بکرێت و ببێ بەیەک، بەڵام دەتوانین سوود لە یەکتری وەرگرین، دەتوانین گوێ لە یەکتری بگرین، رژێمی ئێران لە زۆر لاوە وادەزانێت کە ئەو حکومەتی ئێمە وەک لە مهاباد و کرماشان دامەزرابێت، چی لەگەڵ کرا بەم جۆرەش لەگەڵ ئێمە رەفتار دەکات، من لەگەڵ ئەوەشدا نیم کە پێ نەزانین لەکاتێکدا کە ئێران و سوریا یارمەتیان داوین، بەڵام تورکیا چۆن جیا کەینەوە، ئێمە دەنگی رۆژئاوا دەبیستین کە تا ئێستا هەڵوێستیان لە راگەیاندا پشتگیری ئێمەن و، تورکیاش ئەندامی سنتۆ و ناتۆیە، دەتوانێت سوود لەوە ببینێ کە بە رێگایەکی دپلۆماسیانەوە ولە رێگای ئەو دەوڵەتانەی کە دۆستێ لەگەڵ ئێمەدا، فشارێک بخەنە سەر تورکیا بۆ ئەوەی هەڵوێستی خۆی جیا بکاتەوە لەگەڵ ئێراندا.

بەتایبەتی لەگەڵ سوریا کە کۆمەڵێک ناکۆکی لەناودا هەیە، ئێمە دەتوانین لە ڕێگای ڕاگەیاندنەکانەوە ناکۆکیەکان بخەینە ڕوو، سوریا مەسەلەی ئاوی هەیە، مەسەلەی ئیسکندرونەی هەیە لەگەڵ تورکیادا، پەکەکە لە ئێران و لە سوریایە کەچی بۆ شەڕ بە ئێمە دەفرۆشێ لەسەر حیسابی پەکەکە، دەتوانین لە ئەو هەموو بەڵگەیە سوود وەرگرین، ئەگەر بتوانرێ وەفد بچێت و قسەیان لەگەڵدا بکات ئەوە شتێکی چاکە، بەڵام جارێکی کە دووبارەی دەکەمەوە کەراستە دوژمنی ئێمە ئێستا ڕژێمی عێراقە، بەڵام هەندێ شت تریشمان لە بیر نەچێت بەپێی توانای ئەمڕۆمان و لەو ئاستە بجوڵێینەوە و، زیاتر پێکەوە پەرلەمان و حکومەتی هەرێمی کوردستان لەگەڵ حزبەکان بێت و ئەو هەستە بەهێز بکرێت، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەن:**

ببورە تۆزێک لە بابەتەکەوە دەرچووین.

**بەڕێز د.عیزەدین مستەفا ڕەسول:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ڕاستە مەبەستمان ئەوەیە کە خۆمان بجوڵێنین، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەن:**

واتە ئەو شتانە هەر ئەوە بوو کە باسمان کرد، بەڵام هەر لە بارەی ئەوە کە پەرلەمان چ ڕاسپاردەیەک بە حزبەکان دەسپێرێت، ئەوە کاری پەرلەمانی نییە کە شت بە حزب بسپێرێت. پەرلەمان لە ڕاستیدا کاری یاسا دانان و چاودێری دەسەڵاتی جێبەجێ کردنە لەڕووی سیاسیەتیەشەوە، ئەمەش ڕێکخراوێکی سیاسییە.

**بەریز مەلا محەمەد تاهیر محەمەد زین العابدین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پرسیارێکم هەیە ئەنجامی ڕوون و دیاری دوای کۆنگرەی ئۆپۆزسیۆنی عێراقی دەر نەکەوتووە تا ئێستا نە بۆ ئێمە و نە بۆ دەرەوە، ئایا ئەنجامی ئەم کۆنگرە بەچی گەیشت و هاوکاری لایەنەکانی ئۆپۆزسیۆنیش گەیشتە چ ڕادەیەک؟، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەن:**

وابزانم ئەمە هیچ پەیوەندیی بەم خاڵەوە نییە، خاڵەکە بەتایبەتی لەکاتی خۆیدا باس کرا، ئەو کۆبوونەوە سێ قۆڵیەی کە لە ئەنقەرە کراوە، لەسەر داخوازی بڕیاری ئەندامانی بەڕێز داوا لە لیژنەی پەیوەندییەکان کرا کە ئەو کێشەیە باس بکەن و پێشنیاریان چییە بیخەنە بەر چاومان.

**بەڕێز مەلا محەمەد تاهر محەمەد زین العابدین:**

**بەریز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەوە نییە بچنە مەیدان و بۆ ئەو کۆبوونەوە سێ قۆڵیەی بەر هەڵستێک دروست بکەن، سوپاس..

**بەڕێز حەسەن حەمید رەحیم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بە رای من ئەو کۆبوونەوە سێ قۆڵیە ئەوەندە گرنگ نییە کە ئێمە لێی بترسین، گرنگ ئەوەیە کە ئێمە زۆر گرنگی بدەین بە تورکیا، وا بکەین کەتورکیا لێمان زوویر نەبێت.
ئێستا ئەوانیش لەبەر ئێمەیە یەکتریان گرتووەتەوە ئەڵێ: «دوژمنی دوژمنەکەم دۆستمە»، ئێمە وابکەین تورکیا ئیستفزاز نەکەین و، بەهەر بابەتێک بێت لەلایەن ئەوروپاوە لەلایەن هاوپەیمانەکانەوە و لەلایەن ئەمریکاوە وابکەین کە تورکیا زیاتر لە ئێمە دڵنیا بێت، چونکە ئێران و سوریا زۆر لەلایەن دەرەوە خۆشەویست نین، ئەوەی بەلای منەوە گرنگە ئەوەیە زۆر بایەخ بە پەیوەندیی خۆمان و تورکیا بدەین، سوپاس .

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من چەند جارێک دووپاتی ئەوەم کردووە کە پێویستە کوردستانیش دەزگای موخابەراتی هەبێت، کۆبوونەوەیەکی سێ قۆڵی لە ناو تورکیادا بەستراوە و تا ئێستا ئامانجەکانی نازانین، ئەگەر ئەو جیهازەش نەبێت ناتوانین زانیاریمان هەبێت. دووەم پێشنیار کرا کە کۆبوونەوەیەکی فراوان بۆ حزبە کوردستانییەکان بکرێت ئەویش ناڵێم ببێتە فشارێکی راستەو خۆ، بەڵکو ببێتە فشارێکی ناراستەو خۆ بەرامبەر بە ئەو کۆبوونەوە سێ قۆڵییەی کە لە ئایندەدا دەبەسترێت.
سێیەم، سوود لە کۆنگرەی ئۆپۆزسیۆنی عێراقی وەرگرین، کە ئەوەش ببێتە رووبەک بۆ بەرگری لە مەسەلەی فیدرالیەتی کوردستان، کە ئەگەر خەڵکی عێراق خۆی رازی بێت لەسەر فیدراڵی، خەڵکێکی تر مافی نییە دەستێوەردان لە چارەنووسی خەڵکی عێراق بکەن، سوپاس.

**بەڕێز فەرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پێموایە کە ئەم دانیشتنە پێویستی بە نهێنی نەبوو، ئەم قسانە هیچ نهێنیەکی تێدا نییە، راپۆرتەکەش تەنها بۆ دڵنیا کردنی دراوسێکانە و دڵنیا کردنی دراوسێکانیش دەبێت بە ئاشکرا بێت نەک بە دزی، دەبێت ئەو یاداشتنامەیەی کە بۆیان دەنێرین رۆژنامەکانی خۆمان بڵاوی بکەنەوە، ناردنی ئەندامان بۆ ئێران.. ئێمە تەقیمان کردووەتەوە و داوامان کردووە ئێستاش وەڵامیان نەداوینەوە ئێستاش رێگا نادەن بە ناوی ئەندامی پەرلەمانی کوردستانەوە بچن و پێشوازیشیان لێ ناکەن، سەبارەت بە (P.P.K)یش مافێکی سروشتی پەرلەمانە کە داوا لە حکومەتی هەرێمی کوردستان بکات و بزانێت تائێستا چیان کردووە، چونکە (P.P.K)کە هاتووە رووبەرووی حکومەتی کوردستان کراوە و ئەوان بەرپرسن. (P.P.K) بەڵێنی دا کە واز

له سیاسته‌كانی خۆی بێنێ  واز له‌و پروپاگه‌ندانه بینێت و، هه‌ندێ قسه‌ی باش و مه‌نتقی بكه‌ن. حكومه‌تی هه‌رێمی كوردستان  به‌تایبه‌تیش وه‌زاره‌تی ناوخۆ ئێستا به‌رپرسه له جێ ‌ه‌جێ كردنی رێككه‌وتنه‌كه، سوپاس.

**به‌رێز جێگری سه‌رۆكی ئه‌نجوومه‌ن:**

وابزانم ئه‌و ناوه‌رۆكه، ئه‌گه‌ر كاك جه‌لال هیچ تێبینیه‌كی له‌سه‌ر قسه‌كانی كاك فه‌رنسۆ هه‌یه، با بفه‌رموێت.

**به‌رێز جه‌لال جوهر عه‌زیز:**

**به‌رێز سه‌رۆكی ئه‌نجوومه‌ن.**

رێزمان هه‌یه بۆ قسه‌كانی كاك فه‌رنسۆ، لێره به ده‌قی هاتووه حه‌ز ده‌كه‌م بۆتانی بخوێنمه‌وه، كه په‌رله‌مان و حكومه‌تی كوردستان ده‌سناخاته كاروباری وڵاتانی دراوسێ، به‌ڵام په‌رله‌مان وحكومه‌تی كوردستان پێی خۆشه كێشه‌ی كورد له‌م وڵاتانه به‌رێگای ئاشتیانه چاره‌سه‌ر بكرێت و میلله‌تی كوردیش بگاته مافی ره‌وای خۆی به ئازادی و دیموكراسی، سوپاس.

**به‌ریز ئه‌حمه‌د ئه‌بو به‌كر حه‌سه‌ن بامه‌رنی:**

**به‌ریز سه‌رۆكی ئه‌نجوومه‌ن.**

هه‌تا ئێستا ئێمه هه‌وڵ ئه‌ده‌ین كه ئه‌و كۆبوونه‌وه‌یه هیچ نه‌بێت ئه‌نجامه‌كانی وه‌كو(ئه‌نقره) بێت، ئه‌وه‌ی من بزانم به‌راستی به هیچ ئه‌نجامێك نه‌گه‌یشتوونه بۆیه‌ش له كۆبوونه‌وه‌ی شوباتیان داناوه، ئومێده‌وارین لێره تاوه‌كو شوبات نێوان خۆیان رێككه‌ون و ئه‌نجامێكیان به‌ده‌ست بكه‌وێت.

ئێمه بۆ ئه‌و كۆبوونه‌وه‌یه دووشتمان هه‌یه:

١ــ ئێمه وه‌كو په‌رله‌مان و حكومه‌ت وحزبه كوردستانیه‌كان له ناوه‌وه چی بكه‌ین؟!.

٢ــ ئێستا له هه‌موو وڵاتانی جیهاندا جالیه‌ی كوردی هه‌یه و ، ئێمه‌ش هه‌ر به‌ته‌نها خاوه‌نی په‌رله‌مان و حكومه‌ت نین، ئه‌وانیش مافیان هه‌یه كه به‌رگرییان لێبكه‌ن و ئێمه‌ش ئه‌و مافه‌یان بده‌ینێ كه بتوانن  به‌رگری بكه‌ن.

وه‌كو سه‌ركردایه‌تیی ئه‌نجوومه‌ن وتی: كه ئه‌مه ئیشی په‌رله‌مان نییه، به‌ڵام شتێكی وا بكرێت ئه‌وانیش  جۆره رازی بوونێكی خۆیان نیشان بده‌ن و به‌رگری له‌و پیلانانه‌ی كه ئه‌و سێ ده‌وڵه‌ته ده‌یانه‌وێ بیكه‌ن، به‌تایبه‌تی له كۆبوونه‌وه سێ قۆڵیه‌كه‌یان، سوپاس.

**به‌رێز جێگری سه‌رۆكی ئه‌نجوومه‌ن:**

به‌رێز له یه‌كێتی نیشتمانیدای و ده‌توانیت ئه‌م پێشنیاره بگه‌یه‌نیت به یه‌كێتی نیشتمانیی و،

هەروەها ئەندامە پارتیەکانیش دەتوانن بیگەیەنن بە پارتی دیموکراتی کوردستان، هەروەها حزبەکانی تریش.

**بەڕێز ئەحمەد ئەبو بەکر حەسەن بامەرنی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

با حزبەکان شتێکی ڕێک بخەن و بە وڵاتەکان بڵێین کە ئێمە نارەزایی دژی ئەو کۆبوونەوە سێ قۆڵیە دەردەبڕین، چونکە لەسەر ئێمە و لەسەر ئەوتاقیکردنەوەیەی کە ئێمە کردومانە.
دووەم، بەراستی نە سوریا و نە ئێران رازی نین کە بە ناوی پەرلەمان و بەناوی حکومەتی کوردستانەوە وەفد بچێتە خاکیانەوە، بەڵام ئێمە وەکو وەفدێکی ئۆپۆزسیۆنی عێراقین و، لە ناو ئەو وەفدەدا دوو سێ ئەندامی پەرلەمانیشی تێدا بێت و، وەکو ئەندامی پەرلەمان دەنگی خۆیانی بدەن نەک وەکو وەفدێکی پەرلەمانی، ئەگەر بۆمان کرا زۆر باشە، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، گفتوگۆیەکی تێروتەسەل لەسەر ئەم بابەتە کرا، ناکۆکی لەسەر ئەوە نەبوو کە ئێمە لەگەڵ ئەوەداین کە توانای راستەقینەی خۆمان دەرخەین کە ئێمە نامانەوێت دوژمنایەتی دراوسێکان بکەین و، دەست بخەینە ناو کاروباریان و، نە جیا بوونەوەمان دەوێت لەعێراق و، ئێمە ئێستا مافێکی رەوای خۆمانە بێین پاش ئەوەی بۆشایە ئیداریەی کە رژێم پاش کێشانەوە دامودەزگا ئیداریەکانی لە کوردستاندا، ئێمە خۆمان ئیدارەی خۆمان بکەین و، میللەتەکەمان لە نەمان بپارێزین و، ئەمە هیچ دژایەتییەکی تیادا نییە لەگەڵ دراوسێکانە و، ئێمە سورین لەسەر پاراستنی مافەکانی خۆمان.
ئێستا دێین بۆ سەرخاڵی داواکردنی جەژنی برا مەسیحیەکان..

**بەڕێز عەبدولکەریم کاکە حەمە عەبدولکەریم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

گفتوگۆ و راپۆرتەکە چییان بەسەردا هات؟، سوپاس..

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەوەی کە باسی لێ کرا جێبەجێی دەکەین و، یاداشتنامەیەکی لەسەر دەنێرین و، هەوڵ دەدەین کە ئەو شتەی کە تیادایە پەسەند بکەن.
دێینە سەر خاڵێکی تر کە جەژنی برا مەسیحیەکانە، ئەم پێشنیارە لەرۆژی (١٢/١١) بە دەستمان گەیشتووە و، ئێمەش دەیخەینە پێش چاوی ئێوەی بەڕێز:
(هيئة دراسة مجلس الوطني لكوردستان المؤقر بنظر لمناسبات ولأعياد الدينية المتاحة الفرصة

للمواطنين من أبناء شعبنا في كوردستان ومساهمة في الأحتفالات والطقوس الدينية المقامة في تلك المناسبات و بوجود عدد كبير من المواطنين والطلبة في معظم الدوائر الرسمية و المدارس والمعاهد و الجامعة و انطلاقا مع روح الديموقراطية التي تبناها قانون مجليس الوطني لكوردستان المؤقر حول حقوق المواطنين بصورة عامة و الأقليات كافة بصورة خاصة، نرجو التفضل بالموافقة على جعل عطلة أعياد دينية الرسمية للمسيحين كما هو مدرج في أدناه ولكم جزيل الشكر والأحترام والتقدير داعين من الله عز وجل أن يوفقكم لخدمة شعبنا ):-

١- عيد الميلاد، يومان.

٢- عيد رأس السنةالميلادية عيد سلام يوم واحد.

٣- عيد عماد المسيح يوم واحد و عيد الفصح ثلاث ايام.

ئەمە پێشنیارەکەیە، ئێستا کێ تێبینی هەیە؟.

**بەڕێز فرنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ڕۆژێک لەبیر کراوە و دانەنراوە: ڕۆژی (١)ی نیسان کە جەژنی نەتەوەی ئاشوریەکانە، لە زۆر جێ کراوە بە ڕۆژی درۆی نیسان، ئاشوریەکان لەو بڕوایەدان کە نەتەوەکانی تر لە هەموو کەسێک زیاتر لەو ڕۆژەدا درۆ دەکەن و فێڵ لە خەڵکی دەکەن، من پێشنیار دەکەم کە (١) ی نیسانیشی بخرێتە سەر، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەن:**

بە ڕای من هیچ کەس لە دژی ئەوە نییە، بەڵام ئەوەیان کاک فرەنسۆ جەژنێکی نەتەوایەتییە و ئێمە باسی جەژنی ئاینینی هەموو مەسیحیەکان دەکەین، جا ئێستا بیخەینە دەنگەوە، یا ئەوە وەکو جەژنێکی نەتەوایەتی دابنێین، ڕای ئەندامە مەسیحییەکان چییە؟.

**بەڕێز شمائیل ننۆ بنیامین:**

**السيد رئيس المجلس الوطني.**

اعتقد ان يضاف مع هذه الأعياد صيغة تقول:( فقط الأعياد الدينية والقومية). شكراً

**بەڕێز سەرکیس ئاغا جان مامندۆ:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

منیش پشتگیری لەو پێشنیارە دەکەم کە وشەی نەتەوەیی بخرێتە سەر، جەژنەکانی ئاینی و نەتەوایەتی، هەروەها پێشنیار دەکەم کە(٧)ی ئابیشی بخرێتە سەر، کە ڕۆژێکی مێژووییە

لەلای ئاشوریەکان و کارەساتی سیمێل کە لە ساڵی ۱۹۳۳ رووی دا ئەویش وەکو جەژنێکی نەتەوەیی ئاشووری رەسمی دابنرێت، سوپاس.

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە وەکوو فراکسیۆنی سەوز پشتگیری ئەو پێشنیارانە دەکەین و لە ئێستاوەش پیرۆز بایبیان لێ دەکەین بۆ ئەو جەژنانەیان، سوپاس.

**بەڕێز د. جەلال شەفیق عەلی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

وای بە پەسەند دەزانم کە رۆژی جەژنی برا یەزیدیەکانیش بخرێتە ناو جەژنە ئاینیەکانەوە، سوپاس.

**بەڕێز د. فایەق محەمەد گوڵپی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پرسیارێکم هەیە، سەبارەت بە رۆژی (۱/۱)ی سەری ساڵ پشووی رەسمیە، جەژنی هەموو کەسێکە لە جیهاندا و لە عێراقیشدا، بەڵام سەبارەت بە رۆژی( ۲۵و ۲٦) تەنها پشووی برا مەسیحیەکانە، جا پرسیارەکەم ئەوەیە، ئایا ئەو پشووە رەسمیانە هەر پشوو دەبێت لە هەموو کوردستاندا ولە هەموو فەرمانگەکانیش دەگرێتەوە، یان تەنها بۆ برا مەسیحییەکانە؟، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەن:**

تەنها بۆ مەسیحییەکانە.

**بەڕێز ئیبراهیم سەعید محەمەد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پشتگیری لە پێشنیارەکە دەکەم، بەڵام با بەگوێرەی یاسایی عێراقی دانرێت و، رۆژانی پشووەکان زیاد نەکرێن، بۆ نموونە عیدالفصح(۲) رۆژە بۆ بکرێتە(۳) رۆژ، سوپاس.

**بەڕێز فەرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پێموایە پەلەی لێ نەکەین و، ئێمە چەند کەسانێک لەگەڵ لیژنەی یاسایی دابنیشین شتێکی مەعقول دابنێین، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەن:**

لیژنەی یاسا بۆ بینینی نییە، بەڵکو بۆ داڕشتنە، باشە دەیهێڵینەوە بۆ رۆژی شەممە، بەڵام بە مەرجێک سبەی پێنج شەممەیە بگەینە داڕشتنێک و پێشکەشی بکەین.

**بەڕێز فـــــــرنســـــــۆ تـۆمـــــــا هـەریری:**

**بەڕێز ســـــــەرۆکی ئـەنجـــــــومـــــــەن.**

ئەگەر بۆ ڕۆژی شەممە بێت و جەژنی (میـلاد) دوو ڕۆژ بێت من لەوانەیە بێم، بەڵام ئەو ئەندامە مەسیحیەکانی تر ناتوانن دەوام بکەن، چونکە جەژنی میلاد(٢٥)ی مانگە، سوپاس .

**بەڕێز جـــێگری ســـەرۆکی ئەنجـــومـــەن:**

زۆر باشە.. جەژنی خۆتان بکەن بە یاسایی بێت وبە بێ یاسایی بێت، پاش جەژن یاسایەکتان بۆ دەردەکەین.

دانیشتنی ئەمڕۆمان تەواو بوو، ڕۆژی شەممە دانیشتنی ئایندەمان دەبەستین. سوپاستان دەکەین.

**فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵڵا**
**سکرتێری ئەنجومەن**

**نەژاد ئەحمەد عەزیز ئاغا**
**جێگری سەرۆکی ئەنجومەن**

**جوهر نامق سالم**
**سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق**

# پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (٦٩)

## شەممە ریکەوتی ٢٦/١٢/١٩٩٢

# پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژماره(٦٩)

## شەممە ڕێکەوتی ١٩٩٢/١٢/٢٦

*کاتژمێر(١٠)ی سەر لەبەیانی رۆژی شەممە ڕێکەوتی١٩٩٢/١٢/٢٦، ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستان بە سەرۆکایەتی جێگری سەرۆک بەڕێز نەژاد ئەحمەد عەزیز ئاغا و، بە ئامادە بوونی بەڕێز فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵلا سکرتێری ئەنجوومەن، دانیشتنی ژمارە(٦٩)ی خولی یەکەمی ئاسایی ساڵی یەکەمی خۆی بەست. سەرەتا رادەی یاسایی دانیشتنەکە لەلایەن دەستەی سەرۆکایەتیەوە چەسپێنرا و، ئەوجا بەڕێز جێگری سەرۆک بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان، دانیشتنەکەی بەناوی گەلی کوردستانەوە دەست پێکرد.*

*بەرنامەی کار:*

*١ـ دیاری کردنی رۆژانی جەژنی برا مەسیحیەکان.*

*٢ـ پێشنیاری هەڵگرتنی چەک لەلایەن ئەندامانەوە.*

*٣ـ ئامادە بوونی بەڕێز وەزیری پەروەردە بۆ وەڵام دانەوەی پرسیارەکانی ئەندامانی پەرلەمانی کوردستان.*

*٤ـ تازە بابەت.*

**بەڕێز جـــێگری ســـەرۆکی ئەنجـــوومــــەن:**

تکایە لە خاڵی تازە بابەتدا سەرۆکی فراکسیۆنەکان چ پێشنیارێکیان هەیە با پێشکەشی بکەن.

**بەڕێز حـــەســـەن عـــەبدولـکەریم بـەرزنجی:**

**بەڕێـز ســـــەرۆکی ئـەنجـــوومـــــەن.**

لەم رۆژانە لە ژووری یەکێک لە ئەندامانی پەرلەمان بۆمبایەک دانرابوو وخۆش بەختانە خۆی لەو کاتەدا لە ژوورەوە نەبووە و، تەنها زیان لە ماڵ کەوتووە، ماڵیش تۆڵەی دەبێتەوە، بەڵام مرۆڤ تۆڵەی نابێتەوە، پێمـوایە باسێک لەم بابەتە بکەین وزیاتر لێی بکۆڵینەوە، تا چارەسەرێک بۆ ئەم دیاردانە بدۆزینەوە.

خاڵی دووەم، ئەگەر بوار هەیە ئەوە بۆ تازە بابەت، بابەتێکم هەیە. ئابووری شادەماری ژیانە، بێگومان ئەو پردانەی کە هەن، ئەگەر نەمێنن، دەبێت ئۆتۆمبیل و خواردەمەنی وئازووقەی ئێمە بەناو مینی دوژمندا تێپەرێت، جا بۆیە پێویستە تاقمێکی تایبەتی بۆ پاراستنی ئەو پردانە دابنرێن، سوپاس.

**بەڕێز عـــەدنان مـــحـــەمـــەد نـەقـــشـبـــەندیی:**

**بەڕێـز ســـــەرۆکی ئـەنجـــوومـــــەن.**

من لەتازە بابەت دەمەوێ باسی گومرک بکەم کە زانیاریەکی باش وتەواومان لەم بارەیەوە پێیە.

خاڵی دووەم، سەبارەت بەوەزعی ئیداراتە، لەسەر ئەمەش زانیاریەکەی تەواومان هەیە.
خاڵی سێیەم، رێگایەک هەیە چەمچەماڵ بە کۆیە دەبەستێتەوە، خاوەنی ئەم پێشنیارەش لەکاتی خۆیدا ئەم باسەتان پێشکەش دەکات، بۆ ئەوەی ئاراستەی وەزارەتی ئەشغاڵ ونیشتەجێ کردن بکرێت، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجوومەن:**

سەبارەت بەپێشنیارەکانی فراکسیۆنی سەوز، خاڵی یەکەمیان تەقینەوەی ئەو بۆمبایە بوو کە لە ژووری د. فازڵ تەقیەوە. پاشان پێشنیاری پاراستنی ئەو پردانە کرا کە خواردەمەنی بەسەردا تێدەپەڕێت.

سەبارەت بە خاڵی دووەم وەکو پێشنیارێک شتێکی بەجێیە ئەو پردانە بپارێزین. داوا لە فراکسیۆنی سەوز دەکەین تۆزێ پەرە بەم پێشنیارە بدەن و ئاراستەی سەرۆکایەتی بکەن..

**بەڕێز حەسەن عەبدولکەریم بەرزنجی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

بێگومان بیروڕاکەت زۆر چاکە، بەڵام بەلای منەوە لیژنەی پەیوەندیداری پەرلەمان ئەرکی نووسینەوەی ئەم پێشنیارە لە ئەستۆ بگرن، واتە لیژنەی کارگوزارییە گشتییەکان بەم کارە هەڵسن وئێمەش یارمەتیان دەدەین، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجوومەن:**

ئەگەر پاراستنی ئەو پردانە لە رووی چاککردنەوە (صیانە) بێت، ئەوە بەر وەزارەتی ئیشغاڵ ونیشتەجێ کردن دەکەوێ، ئەگەر لە باری ئاسایشەوە بێت ئەوە بەر پسپۆرایەتی وەزارەتی ناوخۆ و وەزارەتی پێشمەرگە دەکەوێت.

**بەڕێز حەسەن عەبدولکەریم بەرزنجی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

وابزانم پردی بەستۆرە لە ئەنجامی (صیانە)نەکردنەوە رووخابوو، مەبەستم ئەوەیە لە هەر دوو هۆیەکە بپارێزرێت، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجووومەن:**

داوا دەکەین لیژنەی کاروباری ناوخۆ و، ئەو لیژنەیەی کە پەیوەندیی بە کاروباری ئیشغاڵ ونیشتەجێکردنەوە هەیە ئەم کارە بکات.

لە بارەی پێشنیارەکەی فراکسیۆنی پارتیشەوە کە باسی باری گومرک دەگەڕێتەوە، دوای دەخەین بۆ سبەی، تاوەکو بەڕێز وەزیری ئابووریی ودارایی ئامادە بێت، هەروەها ئەمرۆش سەعات ١٠,٥ بەڕێز وەزیری پەروەردە ئامادە دەبێت لێرە و، سەبارەت بە ئیشوکار و کەموکوورییەکانی وەزارەت راپۆرتێک پێشکەش دەکەن، بە بڕوای من باشتروایە کە ئەم خاڵە بخرێتە سبەی، ئەگەر فراکسیۆنی پارتی رازی بن!.

سەبارەت بە باری ئیداراتیش بەشێوەیەکی گشتیی، پاشان با بەڕێز کاک عەدنان باسی بکات، سەبارەت بە بابەتی ڕێگای (چەمچەماڵ ـ کۆیەش) لەم بارەیەوە ڕاپۆرتێکمان بۆ بنێرن، تا لێرە بیخەینە بەرچاو، یا ئاراستەی وەزارەتی پەیوەنداری بکەین.

**بەڕێز عـــەدنان مـــحـــەمـــەد نەقـــشـــبـــەندیی:**

**بـەڕێـز ســـــــەرۆکی ئـەنجـــــومـــــــەن.**

دەربارەی خاڵی یەکەم منیش لەگەڵ ئەوەدام سبەی لەکاتی ئامادەبوونی وەزیری دارایی وئابووری باس بکرێت، چونکە مەبەستمان داهاتی گومرک نییە. بە کارێک بۆ ناوچەی پشدەر چووین لەوێ هەندێ شتی سەیرمان بەر چاو کەوت وژمارەیەک ڕاپۆرتمان لەم بارەیەوە پێیە.

سەبارەت بە بابەتی ئیداریش ئەویش پەیوەندیی بەو لایەنەوە هەیە، ئەویش تەنها ئەو ناوچەیە ناگرێتەوە، بەڵکو بەگشتی وایە، نامەوێت بە درێژی باسی بکەم تاکاتی ئەنجوومەن نەکوژم، لە زۆر جێگا فەرمانبەرێک بەئیداری دامەزراوە، کەچی دەوام ناکات، دەمانەوێت ئەم بابەتە بە دووروودرێژی ئاراستەی ئەنجوومەنی وەزیران بکرێت.

سەبارەت بە خاڵی سێیەم، پێمان وایە کە خاوەن پێشنیارەکە ڕاپۆرتێکی دووروودرێژ بنووسێت، تاشتەکە بە ڕێکوپێکی بڕوات، سوپاس.

**بـەڕێـز جـــێگری ســـەرۆکی ئـەنجـــومـــەن:**

وەک وتم ئەمڕۆ سەعات(١٠,٣٠)بەڕێز وەزیری پەروەردە لێرە ئامادە دەبێت، تکامان وایە ئەندامانی لیژنەی پەروەردە تێبینی وپرسیارەکانی خۆیان ئامادە بکەن و زۆرتر بەشداری گفتوگۆکردن بکەن، ئەندامانی لیژنەی ئابووریی و داراییش بۆ سبەی خۆیان ئامادە بکەن، گفتوگۆکردنەکەش تەنها ئەوە نییە تەرکیز لەسەر سلبیات بکرێت، بەڵکو بۆ هەڵسەنگاندنی کاروباری وەزارەتەکانە، تابزانین چییان کردووە، ئێستا دێینە سەر باسی جەژنی برا مەسیحییەکان.

بەناوی ئێوەشەوە بەخێر هاتنی د. ناسح غەفوور وەزیری پەروەردە دەکەین.

**بـەڕێـز ئـەیـاد حـــاجی نـامـق مـــەجـــیــــد:**

«بسم الله الرحمن الرحيم»

بإسم الشعب

المجلس الوطني لكوردستان العراق.

«قرار»

استناداً الى احكام الفقرة (١) من المادة(٥٦)من القانون المرقم الواحد لسنة ١٩٩٢اصدر المجلس الوطني لكوردستان العراق بجلسته المنعقدة بتأريخ        القرار الأتي:-

١-تعتبر الاعياد والمناسبات المدرجة ادناه عطل رسمية للمسيحيين.

أ-عيد ميلاد السيد المسيح (عليه السلام) الايام (٢٥-٢٦)كانون الأول من كل سنة.

ب- العيد الكبير ثلاثة ايام.
ج- عيد الخميس صعود يوم واحد.
٢- تعتبر المناسبات...؟

**بەڕێز جێگری سەرۆكی ئەنجومەن:**

تێبینییەكی بچوكمان هەیە، لە كاتی خۆیشیدا باسی یاسامان كرد و، دام ناوە كە ئەو یاسایانە بە كوردی بنووسرێتەوە و گفتوگۆ بكرێت و، ئەوەشمان لەبەر چاوە كە زەحمەتە سەبارەت بە یاساناسەكانەوە، بەڵام ئایا بڕیارێكی وا نەهاتووە كە یاساكان بە كوردی بنووسرێنەوە؟.

**بەڕێز ئیبراهیم سەعید محەمەد:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

پێشەكی حەزدەكەم ئەم جەژنانەمان بۆ روون بكەنەوە، هەریەك چ جەژنێكە و مەبەست چییە!، بۆ ئەوەی ئەندامان بزانن هۆی ئەم پشووانە چییە، من حەز ناكەم مەسەلەكە ببێتە مزایەداتی هەردوو فراكسیۆنەكە، هەر یەك لە ئێمە رۆژی پشوو بۆ برا ئاشوورییەكان زیاد كەین، ئەو چواری دەدا ئەوی تر بیكاتە پێنج، حەز دەكەین مەسەلەكە زۆر بە جدیتر وەربگیرێت، ئەگەر هەر بۆنەیەك پێویستی بە پشوو نەبوو، با نەكرێتە پشوو، سوپاس.

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئێمە لە لیژنەی یاسا گفتوگۆمان لەسەر ئەو پێشنیارە كردووە، ئەوە بەڕێز كاك سەركیس خۆی ئامادەیە با بەخۆی باسی بكات باشتر دەبێت، سوپاس.

**بەڕێز سەركیس ئاغا جان مامەندۆ:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

دەربارەی پێشنیارەكەی كاك ئیبراهیم كە دەڵێت: حەز دەكەین ئەم جەژنانەمان بۆ روون بكرێتەوە. (عید الكبیر) ناوێكی تری هەیە بەناوی (عید الفصح) كە گەورەترین جەژنی مەسیحییەكانە، مەبەستی ئەو رۆژەیە كە مەسیح لە خاچ دەدرێت و، رۆژی یەك شەممەیە كە مەسیح لە قەبر هەڵ دەستێت و، پێی دەڵێن (العید الكبیر، یا عید الفصح)، بەڵام بەزۆری بەناوی (جەژنی گەورە) بە ناوبانگە لەناو مەسیحییەكان، واتە گەورەترین جەژنی ئێمەیە، هەموو مەسیحییەكان لەسەر ئەوە رێككەوتوین كە بڕگەی(جـ) ئەو رۆژەیە كە حەزرەتی مەسیح دەچێت بۆ ئاسمان، واتە جیاوازە، چونكە لە دوای ئەوەی هەڵدەستێ بە پێی بیروباوەڕی مەسیحییەكان تا (٤٠)رۆژ حەزرەتی مەسیح لەسەر زەوی دەبێت دوای(٤٠)رۆژەكە دەچێتەوە ئاسمان (عید الصعود) و ناوەكی تریشی هەیە كە پێی دەڵێن (چالۆ سولاقە)، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆكی ئەنجومەن:**

جەژنی كریسمەس لە رۆژی (٢٥-٢٦)دانراوە، بەڵام (عید الكبیر) دانەنراوە كە چ رۆژێكە.

**بەڕێز سەرکیس ئاغا جان مامەندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

دەربارەی جەژنەکان کە ناویان هاتووە مەسیحییەکان هیچ ناکۆکیەکیان نییە و،تەنها لەسەر(عید المیلاد) نەبێت هەندێک ناکۆکی هەیە، زۆربەی مەسیحیەکان لە ئەوروپا ولە رۆژهەلاَت(٢٥)ی مانگ بە رۆژی لەدایک بوونی حەزرەتی مەسیح دادەنێن، بەلاَم هەندێ مەسیحی هەیە کە رۆژی لەدایک بوونی حەزرەتی مەسیح لە (٧-١)دادەنێن، جا بۆیە لێرە رۆژەکانمان دیاری کردووە کە (عیدالمیلاد) لە (٢٥-٢٦)، سەبارەت بە جەژنەکانی ترەوە، هیچ ناکۆکییەک نییە لەسەریان، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجوومەن:**

لەبەر ئەوەی ئێمە بیکەین بە یاسا، دەبێت رۆژەکە دیاری بکرێت.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

کاک سەرکیس، بەرواری (عید الکبیر)ی دیاری نەکرد، لە (١ تا ٣) نیسانە، وابزانم خشتەیەکی تایبەتییان هەیە سەبارەت بەم جەژنانەوە، هەندێ جار ئەم جەژنە دەکەوێتە(٧) نیسان و، هەندێ جاریش(١٥)و هەندێ جاری تریش دەکەویتە(٢١)ی نیسان، هەر ساڵە و بەجۆرێک دەگۆڕێت، پێویستە لە رۆژی یەک شەممەدا بێت، سوپاس.

**بەڕێز عیزەدین مستەفا رەسول:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

لێرە من رۆژەکانم ژماردووە کە نزیکەی (١١)رۆژە لەگەلّ هەموو مافێکی رەوای سەربەستی وئایینی و رێباز ومەزهەبییەک لە کوردستانی نوێدا و،پشتی هەموو جۆرە داخوازییەکانیان دەگرین، بەلاَم لەگەلّ ئەوەش، وابزانم لە جیهانی ئەمڕۆدا زۆر جار جەژن جیایە و پشووی جەژنیش جیایە، هەتاوەکو سەبارەت بە جەژنی موسلّمانەکانیشەوە هەمان شتە، لە جەزائیر مافی ئیسلامی زۆر بەهێزە، جەژنی قوربان جەژنەکەی دوو رۆژە، بەلاَم لەلای خەلّکی تری چوار رۆژە، لێرە تەنها پرسیارەکەم ئەوەیە کە برا مەسیحیەکان خۆیان بزانن لە جیهانی مەسیحیدا ئەم جەژنانە چەند رۆژن؟، چونکە سەری سالّیشی دەچێتە سەر و دەبێتە(١٣)رۆژ و، جەژنی موسلّمانانیشی دەچێتە سەر، لەبەر ئەوا وابزانم ئێمە جەژن لەلایەک دانێین و پشووی جەژن لایەکی ترەوە و،لەگەلّ مامۆستا مەلاکانی ئێمە باسێکی وادەکەین کە هەتا جەژنەکانی موسلّمانانیش مەسەلەی پشوو جیا بکەینەوە لە جەژن، چونکە هەر رۆژێک کە جەژن بێت جیایە جومعەکان بۆ نموونە پشووە، بەلاَم بەپێی ئایینی ئیسلام تەنیا نوێژی جومعەیە خەلّک دەبێت کار نەکات، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجوومەن:**

با بزانین لە ولاَتانی ئەوروپا وبەتایبەتی لە فاتیکان، جەژنی گەورە کریسمەس چەند رۆژە؟، چەند بوو ئەوە ئێمەش ئەوەندە رۆژ دەکەینە پشوو.

**بەڕێز ئەحــمــەد ئەبوبەكـر حــســەن بامــەڕنی:**

**بەڕێـز ســــــەرۆكی ئـەنجـــــومـــــەن.**

لە کەنیسەکانی فاتیکان (٢٥)ی مانگە و، لە کەنیسەکانی رۆژهەلاتیش(٢٦)مانگە، جیاوازی لە نێوانیان یەک رۆژە لە فەرەنسا (٢٥)ی مانگ پشووە، لەوانەیە لە ولاتەکانی تر (٢٦)بێت، سەبارەت بە جەژنی (ئەستێرە)ش زانیاری تەواوم نییە، سوپاس.

**بەڕێز یەحــیـــا مــحــەمــەد عــەبدولكەریم:**

**بەڕێـز ســــــەرۆكی ئـەنجـــــومـــــەن.**

ببوورن وەلامەكان نەگەیشتن بە ئەنجام، سوپاس.

**بەڕێز حــەســـەن عـــەبدولـكەریم بـەرزنجی:**

**بەڕێـز ســــــەرۆكی ئـەنجـــــومـــــەن.**

ئێمە مناقشەی جەژنی مەسیحیەکان دەکەین کە نوێنەرەکانیان لێرە نین، ئەوان لە هەموان چاکتر دەزانن، پێموایە ئەم گفتوگۆیە دواخەین تاوەکو برا مەسیحیەکان خۆیان ئامادە دەبن، سوپاس.

**بەڕێز عــەدنان مــحــەمــەد نەقــشــبــەندیی:**

**بەڕێـز ســــــەرۆكی ئـەنجـــــومـــــەن.**

پشتگیری لە پێشنیارەکەی سەید حەسەن دەکەم، ئەگەر بێتو دوابخرێ، بۆ بەیانی بۆ ئەوەی برا مەسیحیەکانمان ئامادەبن و بیروڕای خۆیان زیاتر شی بکەنەوە، سوپاس.

**بەڕێز ئەیـاد حــاجی نامق مـــەجـــیـــد:**

**بەڕێـز ســــــەرۆكی ئـەنجـــــومـــــەن.**

سەبارەت بە داڕشتنەوەی ئەم بڕیارە لەلایەن لیژنەی یاساوە، ئەو بە هاوبەشی کرا لەگەڵ ئەندامانی لیستی ئاشووری و بەڕێز کاک سەرکیش و، بە ئامادە بوونی هەموو ئەندامانی لیژنەی یاسا داڕێژراوەتەوە، سوپاس.

**بەڕێز جــێـگری ســـەرۆكی ئـەنجـــومـــەن:**

راستە، بەلام لەکاتی گفتوگۆکردندا هەمیشە شتی تازە دێتە پێشەوە، ئەو پێشنیارەی ئەوان پێشنیارێکی خراپ نییە، رەنگە پرسیاری تازە هەبێت لەم بارەیەوە.

**بەڕێز مـەلا مـەحـمـود فندی عـەبدوڵلا دێرشـەوی:**

**بەڕێـز ســــــەرۆكی ئـەنجـــــومـــــەن.**

کوردیش پێش هەموو کەسێکی تر هاوکاری لەگەڵ برا مەسیحییەکان دەکەن، ئەو پاراستنەی کە کورد لە مەسیحی کردی لە ئەوە زیاتر هیچ یاسایەکی تری لەگەڵ مەسیحیدا نەکردووە، کورد هاوبەشی جەژنی برا مەسیحیەکانی کردووە، چونکە پەیوەندیی برایەتی ودۆستایەتی لە نێوانیاندا هەیە، هەتا مەلا مستەفا خوای لێخۆش بێت ئیمتیازێکی وای داوە بە مەسیحیەکان کە هیچ ئیمتیازێکی وای نەداوە بە موسڵمانەکان، لەبەر ئەوەی زۆربەی مەسیحیەکان خۆیان هەر

کوردن، سوپاس.

**بەڕێز کاکەڕەش محەممەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

راستە ئێمە وەکو لیژنەی یاسا لەگەڵ ئەندامانی لیستی ئاشووری دانیشتین و رۆژانی جەژنەکانیانمان دیاری کرد، بەڵام ئەوان خۆیانیش بەتەواوی ناتوانن رۆژانی جەژنەکانیان دیاری کەن کە چەند رۆژە، سوپاس.

**بەڕێز عەدنان محەممەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

بە رای من با دوا بخرێت، ئەگەریش گفتوگۆی لەسەر دەکەن، ئەوە ئێمە لاریمان نییە، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجوومەن:**

ئەم خاڵە دوابخرێت باشترە، تاوەکو برا مەسیحیەکان ئامادە دەبن، تاوەکو بەشێوەیەکی باشتر بتوانین گفتوگۆی لەسەر بکەین.

**بەڕێز شمایل ننو بنیامین:**

**السید رئیس المجلس الوطني.**

عفوا اني تابعت المسئلة، فهنا انا امثل قائمة و الاخ سركيس يمثل قائمة اخرى. شكرا.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجوومەن:**

ئێستا بەڕێز کاک شمائیل دەڵێت: من نوێنەرایەتی لیستێک دەکەم و، کاک سەرکیسیش نوێنەرایەتی لیستێکی تر، ئایا ئێستا دەتانەوێت بەردەوام بین لەسەر گفتوگۆ کردنی بابەتەکە؟ یا دوای خەین بۆ دانیشتنێکی تری؟.

**بەڕێزحەسەن عەبدولکەریم بەرزنجی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئێمە دەمانویست نوێنەری هەردوو لیستەکە ئاگاداری گفتوگۆکە بن، مادام نوێنەری هەردوو لیستەکە ئامادەن پێویست ناکات گفتوگۆکە دوابخرێت، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجوومەن:**

تێبینییەکی بچوکم هەیە، ئێمە کە جەژنی قوربان ورەمەزانمان لەبیرمان ناچێت، چونکە ئێمە لەسەر رۆژ ژمێری مانگ دەڕۆین، بەڵام مادام پێشنیارەکە ئەوەیە کە لەسەر گفتوگۆکەمان بەردەوام بین، ئەوە بەردەوام دەبین، داوا لە بەڕێز یونادم دەکەین کە بەڕێزیشی رای خۆی بەرامبەر ئەو پرسیارانە بدات، ئایا بۆچی جەژنی گەورە دەبێت سێ رۆژ بێت؟ و لە زۆربەی وڵاتەکانی تردا سێ رۆژ نییە و، هەروەها جەژنی کریسمسیش لە زۆر لە وڵاتاندا یەک رۆژە بۆ لێرە دوو رۆژ بێت؟.

**بەڕێزشـــــمـــــائـيـل نـنـۆ بـنـيـــــامـين:**

**الـســـــيــــد رئـيـس المجلـس الـوطنـي.**

ان عطلة عيد الكرسمس في دول الشرق والعراق يكون يوماً واحداً، لكن في اوروبا وفاتيكان يستمر اسبوع او اسبوعين، و برأي يوماً واحد مناسب جداً لعيد الكرسمس و خصوصا نحن نعيش اوضاع جديدة من المفروض ان ننظر الى الأمور بنظرة جديدة. بالنسبة للعيد الكبير في اوروبا لا يحتفلون بهذا العيد. قسم من الدول يحتفلون، لكن نحن في الشرق نحتفل بهذا العيد. شكرا

**بەڕێز جـــێگری ســـەرۆکی ئەنجـــومـــەن:**

ئێمە لێرە باسی پشووی ڕۆژانی جەژن دەکەین، باسی ئاهەنگ و ڕێورەسمەکان ناکەین، بەڵێ ڕاستە لە ئەوروپا (١٥)ڕۆژ بە بۆنەی جەژنی کریسمسەوە ئاهەنگ دەگێڕن، بەڵام بارودۆخی ئێمە ئێستا ئەوە هەڵ ناگریت کە (١٥)ڕۆژ ئاهەنگ بگێڕین، بەڵام ئێستا گفتوگۆی ئێمە لەسەر پشووی جەژنەکانە.

**بەڕێز شـــــمـــــائـل نـنـۆ بـنـيـــــامـين:**

**الـســـــيــــد رئـيـس المجلـس الـوطنـي.**

لايوجد قانون يحد عدد ايام العيد.

**بەڕێز جـــێگری ســـەرۆکی ئەنجـــومـــەن:**

کەس لەسەر ئەمە قسەی هەیە بۆ ئەوەی بیخەینە دەنگەوە؟.

**بەڕێز ئیـبـراهیم ســەعــیـد مـحــەمــەد:**

**بەڕێز ســـەرۆکی ئـەنجـــومــــەن.**

جەژنی (خميس والصعود) هەمیشە یەک ڕۆژە و، کریسمسیش یەک ڕۆژە (٢٥)ی مانگە، ئەگەر لێرە دوو ڕۆژ بێت مەعقولە مەسەلەکە(٢٥-٢٦)ی مانگە، سوپاس.

**بەڕێز جـــێگری ســـەرۆکی ئەنجـــومـــەن:**

(عـيـد الكبـيـر) سێ ڕۆژە، ئەگەر بەڕێز کاک شمائیل پێمان بڵێت: لە چ وڵاتێک جەژنی گەورە(٣)ڕۆژە.

**بەڕێز شـــــمـــــائـيـل نـنـۆ بـنـيـــــامـين:**

**الـســـــيــــد رئـيـس المجلـس الـوطنـي.**

نحن ننطلق من الخصوصية موجودة في شعبنا، هذا الشيءاذا سمينا يجوز ان يكون اساسا لعطلاتنا وشكرا.

**بەڕێز جـــێگری ســـەرۆکی ئەنجـــومـــەن:**

کریسمس، ئایا بەپێی یاسایی عیراقی ڕۆژێکە بۆمەسیحییەکان، یا دوو ڕۆژە؟.

**بەڕێز شـــــمـــــــائـل ننـو بنـيـــــامـين:**

**الســـــيـــــد رئـيـس المجلـس الـوطـنـي.**

في القانون العراقي لم يحدد، كان في الفترة الأخيرة يوماً واحداً ، لكن قبل كان يومين، لم يكن هناك شيئاً رسمياً. شكراً.

**بەڕێز جـــێگری ســـەرۆكی ئەنجـــومـــەن:**

بەڵام ئێمە دەمانەوێت شتێكی ڕەسمی دانێین.

**بەڕێز ســـەركـــیس ئاغـــاجـــان مـــامـــەندی:**

**بەڕێز ســـــەرۆكی ئـەنجـــــومـــــەن.**

وەكو باسم كرد (عـيد صعـود) لەگەڵ جەژنی سەری ساڵ جیاوازە، دووەم: ئێمە نابێت بەراوردی ئەو پشـووانەی كە داوای دەكەین بكەین لەگەڵ وڵاتانی ئەورووپا، چونكە ئەو بارودۆخەی كە ئێستا ئێمە تێیدا دەژین لەگەڵ بارودۆخی ئەوان جیاوازی هەیە، ئەوان پشووەكانیـان هەمـوو وەكو یەكە، بەڵام ئێمە جگە لەو پشووانەی كە داوامان كردووە پشووی كوردستانی وعێراقی تریشمان هەیە، سەبارەت بە جەژنی لەدایك بوونیش ئێمە هەموومان لەسەر ئەوە ڕێككەوتووین كە ڕۆژی (٢٥)ی مانگ بێت، بەڵام كۆمەڵە خەڵكێكی زۆر بچوك ماوەتەوە كە ڕۆژی (٧)ی مانگ دەكەن بە جەژن، سوپاس.

**بەڕێز جـــێگری ســـەرۆكی ئەنجـــومـــەن:**

پاش ئەو هەمـوو گـفـتوگۆیانە، بڕیاردرا كە برا مەسیحیەكـان ولیژنەی یاسا دابنیـشن ئەو شتە گەڵاڵە بكەن و پێشكەشمـانی بكەن، جا ئێستا كێ لەگەڵ ئەوەدایە كە ئەم بڕگەیە وەكو خۆی بمێنێتەوە؟.. دووكەس تێبینیان هەیە.

**بەڕێز مـەلا مـەحـمـود فندی عـەبدوڵڵا دێرشـەوی:**

**بەڕێز ســـــەرۆكی ئـەنجـــــومـــــەن.**

من پرسیارێكم هەیە، بۆچی تەواوی وڵاتانی ئەورووپادا ئەوەی دەیڵێن نییە، تەنها لە كوردستاندا دەیانەوێت بیسەپێنن، سوپاس.

**بەڕێز جـــێگری ســـەرۆكی ئەنجـــومـــەن:**

ئەگـەر مـامـۆسـتـا بەڕێزت تێبـینی ئەوە بكەیت كـە ئێـمـە ئەو بڕیارەی كـە پێشـنیـار كـراوە لە پەرلەمـاندا دەربچێت بۆ ئەوە نـیـیـە كـە فـەرمـانگەكـانی دەوڵەت پشـوو بێت، بەڵكو تەنها بۆ برا مەسیحیەكان پشووە.

**بەڕێز شـــــمـــــــائـیـل ننـۆ بنـیـــــامـین:**

**الســـــيـــــد رئـيـس المجلـس الـوطـنـي.**

في فقرة(٢) اقترح حذف كلمة «الخميس» فقط، لانه عيد صعود، وبرأي يكتب عيد الصعود فقط، شكرا.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجوومەن:**

لەسەر لادانی وشەی (خمیس)کەس لاری هەیە، کێ لەگەڵ برگە(١)ی ئەم بڕیارەیە کە وەکو خۆی بمێنێتەوە؟..دەست بەرزکرایەوە.. کێ دژە؟ کەواتە بەزۆربەی دەنگ پەسەند کرا.

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**

٢ـ تعتبر المناسبات المدرجة ادناه عطلة رسمية للأشوريين..

أ ـ الأول من نيسان لكل سنة رأس السنة الأشورية.

ب ـ عيد نصرالدين يوم واحد.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجوومەن:**

کەس تێبینی هەیە؟.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

من لەگەڵ ئەوەدا نیم کە یەکی نیسان بکرێتە پشووی رەسمی، با لەو رۆژەدا ئاهەنگ بگێڕدرێت، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجوومەن:**

نەخێر، کاک جەمیل من لەگەڵ رایەکەی بەڕێزتدا نیم، با برا ئاشووریەکانمان مافی ئەوەیان هەبێت کە ئەو رۆژە پشووبێت بۆیان.

**بەڕێز ئیبراهیم سەعید محەمەد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

سەبات بە پشووی سەری ساڵی ئاشوریەکانەوە، ئایا تەنها بۆ برا ئاشووریەکانە، یا بۆ هەموو مەسیحیەکانە؟، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجوومەن:**

لەپێشا پێشنیارەکە وابوو کە بۆ هەموو مەسیحییەکان بێت، بەڵام لە پاشاندا جیا کرانەوە و، کران بە دوو بەش، بەشی سەرەوەی بۆ جەژنەکان تەرخان کرا، ئەوەی خوارەوەش بۆ جەژنە نەتەوایەتیەکان.

**بەڕێز سەرکیس ئاغا جان مامەندۆ:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

جەژنی (نۆسەردێل)، یان پێی دەڵێن (نووسەردە) واتای جەژنێکی نەتەوایەتییە وهەموو ساڵێک ئێمە ئاهەنگی تیادا دەگێڕین، سوپاس.

**بەڕێز شەمائیل ننۆ بنیامین:**

**السيد رئيس المجلس الوطني.**

ان عيد (نوسەردە) يصادف يوم الاحد ، اي بعد مرور (١٠٠) يوم من العيد الكبير وشكرا.

**بەڕێز جـــێگری ســــەرۆكی ئەنجـــــومـــــەن:**

كێ لەگەڵ بڕگە(٢)دایە؟..دەست بەرزكرایەوە.. كێ دژە؟ كەواتە بەزۆربەی دەنگ وەرگیرا.

**بەڕێز ئەیاد حـــــاجی نامق مــــەجـــــــید:**

٣ـ يعتبر سبعة من اب يوما لكل سنة يوم الشهيد الأشوري ويكون حداد رسمي يحتفل به في كافة اقليم كردستان العراق.

**بەڕێز كـــاكــەڕەش مـحـەمـــەد نەقـشـبــەندیی:**

**بەڕێز ســــــەرۆكی ئـەنجـــــــومــــــــەن.**

ئێمـە ئەوەمـان دەوێت كـە برا مەسـیحـیـەكـان ئەوەمان بۆ روون بكەنەوە، ئەم رۆژ چ رۆژێكە و بۆنەكەی چۆنە و چییە؟، سوپاس.

**بەڕێز ســـەركــیس ئاغـــا جـــان مـــامـــەندۆ:**

**بەڕێز ســــــەرۆكی ئـەنجـــــــومــــــــەن.**

لە(٧)ی ئابی ســاڵی (١٩٣٣)بە هەزاران ئاشــووری لەلایەن رژێمی فــاشی عــێــراقی ئەو سەردەمەوە كۆكرانەوە لە شاری سیمێل ولە سێدار دران، ئەم رۆژە رۆژی كارەساتێكی گەورە بوو كە بەسەر ئاشوورییەكاندا هاتووە، چونكە لە دوای ئەوەی كە عـێراق سەربەستی خۆی وەرگرت وای پێشان دەدا كە مافی كەمەنەتەوایەتیەكان دەدات، سەبارەت بە ئەو تاوانەی كە بەرامبەر ئاشـوورییـەكـان كـردی، ئابی سـاڵی (١٩٣٣) هەمـوو حـزب ورێكخـراو وخـەڵكی ئاشـووری لەسەرتاسەری جیهاندا ئەو رۆژەیان وەكو رۆژی شەهید و ماتەمینی رەسمی دادەنێن، سوپاس.

**بەڕێز ئازاد فـــتـــاح رەشـــیـــد مــیـــران:**

**بەڕێز ســــــەرۆكی ئـەنجـــــــومــــــــەن.**

سەبارەت بە ئەو كێشەیە زیاتر كێشەیەكی سیاسییە بووە، كاتی خۆی ململانێ لە نێوان دوو میحوەر هەبووە، میحوەری مەلیك غازی و، ئاشووریەكانیش نوێنەرایەتی هێزی هاوپەیمانەكانیان دەكرد، جا مەسەلەكە زیاتر بۆیە سیاسی بووە، سوپاس.

**بــەڕێـز بــورهــان عـــــــەلـی جــــــــاف:**

**بەڕێز ســــــەرۆكی ئـەنجـــــــومــــــــەن.**

لە كوردستـاندا كارەسـاتی خوێناوی وامان زۆر بینیوە، جا بە رای من ئەوە رۆژە (٧)ی ئاب بە جــەژنێكی رەســمی لە هەمــوو ســاڵێك دانەنرێت، بەڵكو بە رای من ئەو رۆژە بـكرێتــە رۆژی ماتەمینی رەسمی، سوپاس.

**بەڕێز شــــــمـــــــائیـل ننـۆ بنیـــــــامـین:**

**الســــــيد رئيس المجلس الوطني المحـــــترم.**

شعب اشوري، شعب عنده قومية، عنده تاريخ عنده جذور،نحن لم نطلب بالكثير اننا نطلب بجزء من حقوقنا و شكرا.

**بەڕێز سەركیس ئاغا جان مامەندۆ:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ڕاستە وەكو مێژوو ئێمەش كارەساتی خوێناوی زۆرمان بەسەردا هاتووە، بەڵام كارەساتی لە سێدارەدانی ئەو خەڵكە ئاشوورییە لە ڕۆژی ٧ی ئاب جیاوازە لەگەڵ كارەساتەكانی تردا، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆكی ئەنجومەن:**

ڕۆژی ٧ی ئاب ڕۆژی شەهیدە سەبارەت بە برا ئاشوورییەكانەوە، كە ئەویش لە ئاكامی لە سێدارەدانی كۆمەڵە خەڵكێكی ئاشووری بووە لەلایەن حكومەتی عێراقی ئەو سەردەمەدا.

**بەڕێز د. ناسح غەفوور ڕەمەزان/ وەزیری پەروەردە:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

من لەگەڵ ئەوەدام كە ئەو ڕۆژە یادبكرێتەوە و، بە ڕۆژی شەهید دابنرێت و ڕێزی لێبگیرێت، سوپاس.

**بەڕێز حسێن عارف عەبدولڕەحمان:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئەوە مافێكی ڕەوای برا ئاشوورییەكانە كە یادی ئەوە ڕۆژە بكەنەوە، بەڵام مەبەستی لیژنەی یاسا تەنها ئەوەیە كە ئەم ڕۆژە با تایبەت بێت بە برا ئاشوورییەكان خۆیانەوە و، لەسەر ئاستی كوردستان گشتی نەبێت، سوپاس.

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

حەز دەكەم قسەی فەیلەسوفێكتان بیر بێنمەوە كە دەڵێت:« هەر نەتەوەیەك نەتەوەیەكی تر بچەوسێنێتەوە، محالە ڕۆژێك بێت و خۆی ئازاد بێت» ، بەراستی ئێمە ئەمڕۆ پێویستمان بە سارێژكردنی برینەكانمان هەیە، (٦٠)ساڵ پێش ئێستا لە ناو برا ئاشوورییەكانماندا برینێكی كۆنە هەیە، ئەمڕۆ لەجیاتی ئەوەی ئێمە سارێژی ئەو برینە كۆنەیە بكەین، خەریكە دیكولێنینەوە، سوپاس

**بەڕێز جێگری سەرۆكی ئەنجومەن:**

پێشنیارێك هاتووە و دەڵێت:(يعتبر السابع من اب لكل سنة يوم الشهيد الأشوري)، برا ئاشوورییەكان لەو ڕۆژەدا چیبی دەكەن ئازادن.

**بەڕێز سەركیس ئاغا جان مامەندۆ:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

كە دەڵێن: ڕۆژی شەهیدی ئاشووری دەبێت ئەو ڕۆژە ماتەمین بێت، ئەگەر ڕۆژی ماتەمینی نەتەوەیی بۆ زیاد بكرێت ئەوە باشتر دەبێت، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجوومەن:**

ئێمە بۆیە دەڵێین ئەو ڕۆژە با دیاری بکرێت کە بۆ برا ئاشووریەکانە بە تەنها، چونکە ئێمە ڕۆژی هەڵەبجەی شەهید بە ڕۆژی شەهید لە کوردستان دادەنێین، چونکە کارەساتەکەی هەڵەبجە ڕووداوێکی دەوڵەتییە و ڕووداوێکی مرۆڤایەتییە گشتییە و، ئەو ڕۆژە کرا بە ڕۆژی ماتەمینی ڕەسمی لەسەرتاسەری کوردستان، سەبارەت بە ئەو ڕۆژەی ئاشووریەکانیش وەکو کاک سەرکیس پێشنیاری کرد، لاریمان نییە بڵێین: (يعتبر (٧)من اب من كل سنة يوما للشهيد الأشوريين).

**بەڕێز سەرکیس ئاغا جان مامەندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

نامانەوێ وەکو هەڵەبجە ببێتە ماتەمینی ڕەسمی لە کوردستاندا، بەڵام ببێتە ڕۆژێکی ماتەمینی نەتەوەیی بۆ ئاشووریەکان لە ئاستی خۆیاندا کە ئەو ڕۆژە بۆ یادی شەهیدی ئاشوورییە، واتە وای لێبکرێت: («٧»من اب لكل سنة يوما لشهيد الأشوري وحداداً رسمياً)، سوپاس.

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**

٣- يعتبر (٧)من اب من كل سنة يوما للشهيد الأشوري ويكون حداداً قومياً لهم.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجوومەن:**

کێ لەگەڵ ئەم داڕشتنەدایە؟.. دەست بەرز کرایەوە.. کێ لە دژە؟ کەواتە بەزۆربەی دەنگ وەرگیرا.

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**

٤- على مجلس الوزراء تنفيذ احكام هذا القرار.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجوومەن:**

کێ لەگەڵ ئەم بڕگەدایە؟.. دەست بەرز کرایەوە..کێ لە دژە؟ کەواتە بەزۆربەی دەنگ وەرگیرا.

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**

٥- ينفذ هذا القرار من تأريخ صدوره ونشره في الجريدة الرسمية.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجوومەن:**

کێ لەگەڵ بڕگە(٥)دایە؟..دەست بەرز کرایەوە..کێ لە دژە؟ کەواتە بەزۆربەی دەنگ وەرگیرا. ئێستا جارێکی تر بە ناوی ئێوە بەخێر هاتنی بەڕێز وەزیری پەروەردە دەکەین وتکامان وایە کە بەڕێزی بە وردی باسی کاروبارو و کێشەو کەموکوورییەکانی وەزارەتی پەروەردەمان بۆ بکات.

**بەڕێز کاکەڕەش محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

بە پێی پێڕەو و پڕۆگرام دەبێت بڕیارەکە بەگشتی بیخەینە دەنگدانەوە، بۆ ئەوەی ڕێی یاسایی خۆی وەربگرێت، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجوومەن:**

ڕاستە دەبێت بڕیارەکەمان بە گشتیی بخستایەتە دەنگدانەوە، ئێستا کێ لەگەڵ ئەم بڕیارەدایە بەگشتیی کە وەکو بڕیارێک وەریگرین؟..دەست بەرزکرایەوە..کێ دژە؟ کەواتە بە تێکڕای دەنگ بڕیارەکە پەسەند کرا.

**بەڕێز د. ناسح غەفوور ڕەمەزان/ وەزیری پەروەردە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

پێشەکی سوپاستان دەکەم، کە بانگتان کردین بۆ ئێرە بۆ ئەوەی باسی کاروباری وەزارەتی پەروەردەتان بۆ بکەین، وا نزیکەی (٦)مانگە وەزارەتی پەروەردە کار دەکات و، ئەو کارانەی کە ئەنجامان داوە، دانانی پرۆژەی یاسای وەزارەتی پەروەردە و پرۆژی پێڕەوی ناوخۆی وەزارەتی پەروەردە بووە و، لێرە وتوویژ ولێدوانێکی زۆری لەسەر کراو پەسەندیش کرا، بەڵام تاوەکو ئێستا پێڕەوی ناوخۆی وەزارەتی پەروەردە پەسەند نەکراوە لەلایەن ئەنجوومەنی وەزیرانەوە، ئەویش لەبەر ئەوەی تاوەکو ئێستا پێڕەوی ناوخۆی ئەنجوومەنی وەزیران خۆی دانەنراوە و، تاوەکو پێڕەوی ناوخۆی ئەنجوومەنی وەزیران دانەنرێت، پێڕەوی هیچ وەزارەتێک پەسەند ناکرێت.

بارودۆخی کوردستان وەکو دەزانین پێویستی بەدامەزراندنی مامۆستا هەبوو، داوامان لە ئەنجوومەنی وەزیران کرد بۆتەرخان کردنی (٢٥٠٠)پلە بۆ مامۆستای فێرکار و، وانە بێژ، سەرەتا (٩٥٠)پلەمان بۆ مامۆستای فێرکار ئامادە کرد، بەڵام دوایی بینیمان کە ئەو ژمارەیە کەمە و (٢٠٠)پلەی تریشمان خستە سەری بوون بە (١١٥٠). (٣٨٠)ی یەکەمی بۆ سلێمانی و گەرمیان بوو و، (٣٢٠)بۆ هەولێر (٢٥٠)پلەشی بۆ دهۆک، پاش ئەوە (٥٠)بە(٥٠)شمان بۆپارێزگاکان تەرخان کرد(١٠٠)مان بۆ سلێمانی دانا بە گەرمیانەوە و، بۆ هەولێرو دهۆکیش هەریەکەی(٥٠)مان دانێ، نزیکەی (١٠٠)مامۆستای وانە بێژ ئەوە بەبێ ڕەچاو کردنی شوێن زیاتر حیسابی دەرچووی کۆلیژەکان وئەو پسپۆڕانەی کە ئێمە پێویستمان پێی هەبوو، زۆربەیان پسپۆڕی( زمانی کوردی و، زمانی عەرەبی و، بیرکاری و، زمانی ئینگلیزی و، مێژوو و ،جوگرافیە و، فیزیا و،کیمیا) بوون و، هەموو پارێزگاکان ڕێژەیەک لەم مامۆستایانەیان بە بەرکەوتووە، هەرچەندە ئەو دەمە ئێمە حسابی ئاکرێمان نەکردبوو، بەڵام دیسانەوە بۆ ئاکرێ داوای (٢٥٠)پلەمان کرد لە ئەنجوومەنی وەزیران و هیوادارین کە پەسەند بکرێت، سەبارەت بە هەندێ ئاڵوگۆڕ کە پێویستە بکرێت و، هەندێ شت کە نەمان توانیوە چارەی بکەین، هۆی یەکەمی ئەوەیە کە ئێمە ڕەچاوی بارودۆخی کوردستان دەکەین لەوانەیە هەندێک جار رووی دابێت، بەڵام دەبینین ئەو ئاڵوگۆڕیە زیانی زیاتر دەبێت لەوەی کە دەستکاری نەکرێت، بۆیە هەندێک شتمان ڕاگرتووە، سەبارەت بە سەرپەرشتیارە پەروەردەیی و پسپۆڕیەکانەوە کە پێویست بوون، ئێمە لە وەزارەت ڕەزامەندیمان لەسەر کردن و، بۆ هەر پارێزگارێک بە پێی پێویست سەرپەرشتیاری بۆ دامەزرێت. وەکو هەموومان دەزانین سەرپەرشتیار بڕبڕەی پشتی

پەروەردەیە، جا بۆیە ئێمەش چەند مەرجێکمان داناوە بۆ دامەزراندنی سەرپەرشتیار، ئەویش دەبێت(١٥)ساڵ وانەی وتبێتەوە و،(٥)ساڵیش بەڕێوەبەر بووبێت، ئێمەش ئەو مەرجانەمان رەچاو کردووە، پرسیارمان لێ دەکەن کە بۆچی خەڵکێکی بەعسی لە سەرپەرشتیاری ماونەتەوە، راستە بەڵام ئەمڕۆ هەموویان بە ئێمە لانادرێن، ئێمە دەسکاریەکمان کردووە و، بەڵام دەستکاری کردنیش بەداخەوە دەڵێم لەبەر ئەوەی کە خەڵکێکی زۆر خۆی بەم حزب وئەو حزبەوە هەڵواسیوە ئەوەش بۆتە هۆی ئەوەی کە پشتێکی هەبێت و، نەتوانرێت لە جێگاکەی خۆی لابرێت، بەڵام وەکو دەزانن پەروەردە دەزگایەکی زۆر گرنگە جا بۆیە رژێمی بەعس گرنگییەکی تایبەتی پێدابوو و، بە زۆر مامۆستاکانیان دەکردە بەعسی و، ئێمەش بەراستی ناتوانین ئەو هەموو مامۆستا وبەڕێوەبەرانە بگۆڕین، چونکە کەسی ترمان نەبووە شوێنی ئەوانمان بۆ بگرنەوە.

سەبارەت بە کردنەوەی دوو پەیمانگای مامۆستایانی ناوەندیی یەکێکیان لە دهۆک و ئەوی تریشیان لە سلێمانییە، پاش ئەوەی کە بینیمان لە بارێکی نالەبار وناخۆشداین و، خەڵکێکی زۆرمان هەیە کە دواناوەندییان تەواو کردووە و، لە پەیمانگا و زانکۆکاندا وەرنەگیراون و دەس بەتاڵ دانیشتوون و، ئەوەشمان لەبەر چاوو گرت کە ئەم کوردستانە یەک دوو ساڵی تر زیاتر ئاوەدان دەکرێتەوە و زیاتر پێویستی بە مامۆستا دەبێت، لەبەر ئەوە ئێمە بریارمان دا کە ئەو دوو پەیمانگایە بکەینەوە و، پێنج مەرجیشمان داناوە بۆ وەرگرتنی قوتابیەکان، بەتایبەتی ئەوانەی کە ئێستا لە هیچ شوێنێک وەرنەگیراون، لەگەڵ رەچاو کردنی نمرەکانیان، ئەمە سەبارەت بە دەرچووی شەشی دواناوەندی، بەڵام ئەوانەی کە سێی ئامادەییان تەواو کردووە، ئێمە دوو پەیمانگامان بۆیان کردەوە.

سەبارەت بە پەیمانگای هونەرەجوانەکان لە دهۆک خەڵکی زۆر هەبوو، بەداخەوە دەیان وت دهۆک پێویستی پێ نییە و، کچی ئێمە ناچنە ئەو شوێنانە ئێوە لە جیاتی ئەم پەیمانگایە شتێکی ترمان بۆ بکەنەوە، بەڵام بەپێچەوانەوە ئێمە چووین ئەوەمان تاقی کردەوە، بینیمان (١٦١)قوتابیی ئەم ساڵ وەرگیران (١١٠)یان کچن تەنها (٥٠)یان کوڕ بوون،سەبارەت بە پەیمانگای هونەرەجوانەکانی هەولێریش بەداخەوە تووشی گیروگرفتێک زۆر بوو، هەرچەندە من دڵنیام کە رۆژێک دێت ئەم پەیمانگایە دەبێتە هۆی شانازی هەموو شاری هەولێری دێرین، بەڵام نازانم بۆچی کەسانێک لەپشتی پەردەوە هەوڵیان دەدا وئێستاش واز لەو پەیمانگایە ناهێنین هەر خەریکی گیروگرفت نانەوە بۆی، ئێمە هەنگاوەکانمان لەسەر داخوازی میللەتەکەمانەوەیە، بۆیە سەرەڕای ئەو هەموو گیروگرفتە پەیمانگەی هونەرەجوانەکانی هەولێری جێگای خۆی لە دڵ ودەروونی رۆشنبیران کردووەتەوە، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاسی بەڕێز د. ناسح دەکەین.

**بەڕێز عـەفـان عـوسـمـان نەقـشـبـەندیی:**
**بەڕێـز سـەرۆکـی ئـەنجـوومـەن.**

ئەوەی کە پێویستە باسی بکەین باری پەروەردەیە، لە هەرێمی کوردستاندا و لە کاتێکدا کە وەزارەتی پەروەردە دامەزرا، بەتایبەتی پەروەردە ویران بوو لایەن نەبوونی مامۆستا و، نەبوونی جێگا و، نەبوونی پرۆگرام، ئەویش بە هۆی ویران کردنییەوە لەلایەن رژێمەوە، دوای ئەوەی کە بەڕێز وەزیری پەروەردە ئەو ئەرکە گەورەیەی خستە سەر شانی خۆی و، پاش دروست بوونی لیژنەی پەروەردە لەپەرلەمان لیژنەی پەروەردە و ئێمە و سکرتاریەتی یەکێتی مامۆستایان، رۆژانە پەیوەندیمان لەگەڵ کردووە و، یارمەتییەکی زۆری داوین و ئێمە سوپاسی دەکەین، بەڵام لەگەڵ ئەو گیروگرفتەکانی پەروەرد لەو ئاستەدا بووە کە ئەنجوومەنی وەزیران خۆی دەستی تێوەردات، لەوانەی کە دەمانەوێ باسی بکەین و لە زۆربەی کۆبوونەوەکانی تریش وتمان لەوانەیە خوێندنی پار باشتر بوویێت لە خوێندنی ئەمساڵ، یاخود ئێستا دەوام رێکوپێک نەبێت، ئەویش لەبەر ئەوەی هەندێک شت دابین نەبووە، پار قوتابخانەکان بەو رادەیە نەکرابوونەوە، بەڵام ئێستا قوتابخانەیەکی زۆر کراوەتەوە لەکوردستاندا و، زۆربەی قوتابییەکان کە لە قوتابخانە دەوام دەکەن مامۆستایان بۆ دابین کراوە، بەڵام ئەوەی کە ئێستا بۆتە کێشە لە پەروەردە هاتووچۆی مامۆستایانە بۆ گوندو شارۆچکەکانی دەوربەری پارێزگاکان، ئەنجوومەنی وەزیران بەڵێنی ئەوەیان دا کە هەر مامۆستایەک (٥٠) دیناری بۆ خەرج بکرێت بۆ هاتووچۆ کردن، بەڵام تاوەکو ئێستا خەرج نەکراوە، پاشان کێشەی سووتەمەنیمان هەیە کە خۆش بەختانە بۆ قوتابخانەکان سووتەمەنی دابین کراوە، بەڵام لە زۆربەی قوتابخانەکاندا لەبەر نەبوونی سۆپا ئاگریان نییە.

ئێمە لە کۆبوونەوەی لیژنەماندا داوای هەردوو سەرپەرشتیاری قوتابخانە سەرەتاییەکان و دواناوەندیەکانمان کرد و،لەگەڵیاندا دانیشتین بۆماوەی سێ سەعات، باسی کێشەکانیانمان کرد، کە بریتی بوو لەم شتانەی کە ئێستا باسی دەکەین، لەپلەی یەکەمدا باسی دامەزراندنی مامۆستایان بەشێوەیەکی وا کرا کە جێگای سوپاسە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا مامۆستایەکی زۆر ماوە کە تاوەکو ئێستا دانەمەزراون، پاشان باسی گەڕانەوەی ئەو مامۆستایانە کرا کە خانەنشین کراون، ئەو مامۆستایان داواکاریان بۆ وەزارەت و بۆ ئێمەش رەوانە کردووە و، داوای ئەوە دەکەن کە ئەو مامۆستایانەی کە خانەنشین کراون و ماوەشیان ماوە بیان گێڕنەوە سەر کارەکانی خۆیان، تاکو ئێستا (٢٢) کەس لەو خانەنشینانە گێڕاونەتەوە سەر کارەکانی خۆیان، سەبارەت بەوانەش کە لە کار دەرکراون بە هۆی کوردایەتییەوە، پێویست نەبوو لە ئەنجوومەنی وەزیرانەوە بڕیاری گەڕانەوەیان دەرچێت، پێویست بوو دەسەڵات بدرابایە بە وەزیری پەرەوەدە بدرایە کە یەکسەر بییان گێڕنەوە سەر کارەکانی خۆیان، سەبارەت بەو مامۆستایانەش کە لە دەرەی هەرێمن، یا لە دەرەوەی عێراقن ودەیانەوێت بێن لە کوردستان دەوام بکەن، تاوەکو ئێستا فەرمانی دامەزراندنەکەیان دەرنەچووە، هەروەها سەبارەت بەوانەش کە لە ساڵی١٩٧٤لە خزمەت

دابراون بە هۆی کوردایەتی وپێشمەرگایەتیەوە، تاوەکو ئێستا لە ئەنجوومەنی وەزیرانەوە بڕیاری ئەوەیان بۆ دەرنەچووە کە ئەو ساڵانەیان بە خزمەت بۆ بژمێردرێت. سەبارەت بە پرۆگرامیش کە پێویستی بە گۆڕان هەیە، هەوڵی ئەوە دراوە کە بە نامیلکە ومەلزەمە بۆیان چاپ کەین، بەڵام تاوەکو ئێستا نەگەیشتووەتە زۆربەی قوتابخان. لەبری ئەو گۆڕانکاریانەی کە بەڕێز وەزیری پەروەردە ئاماژەی بۆ کرد، راستی گۆڕان کاربیەکی زۆر کراوە و جێگای سوپاسە.

ئەوەی کە ئێستا ماوە بابەتێ هۆبەی سەرپەرشتییە کە دوو شتی گرنگی هەیە، یەکەم پێویستە کۆمەڵە خەڵکێک کە دەم وچاوێکی پاکیان هەیە بچنە قوتابخانەکان، نەک بچنە قوتابخانەکان گوێیان نەدرێتێ، بەڵام بە مەرجێک مەرجەکانی سەرپەرشتیان تیادا بێت، لەگەڵ ئەوەشدا گیروگرفتێک لە سەرپەرشتیاریدا هەیە، ئەویش دەرماڵەی سەرپەرشتیارەکانە کە تاوەکو ئێستا سەرپەرشتیارەکان نەیان توانیوە بچن سەردانی قوتابخانەکان بکەن، ئەویش لەبەر نەبوونی دەرماڵەیە، هەروەها دەبێت دەرماڵەکەشیان بۆ زیاد بکرێت، ئەگینا بەهیچ جۆرێ هاتووچۆ و جولانەوەیان پێناکرێت.

گۆڕینی بەڕێوەبەرە گشتییەکان، یاخود گواستنەوەیان، ئێستا هەر سێ بەڕێوەبەرایەتییە گشتییەکانی دهۆک و هەولێر و سلێمانی پێویستییان بە گۆڕان هەیە، سوپاس

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجوومەن:**

زۆر سوپاسی لیژنەی پەروەردە دەکەین بۆئەوەی کە باسیان کرد، پاش ئەوەی کە بەڕێز وەزیری پەروەردە وەڵام دەداتەوە، تکا لەو ئەندامانە دەکەین کە ناویان نووسراوە بۆ دووان، با بە پوختی چیان مەبەستە بیخنە روو.

**بەڕێز د. ناسح غەفوور رەمەزان/ وەزیری پەروەردە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

بە راستی جێی خۆشحاڵییە ئەم جۆرە تێبینییانەی لەلایەن لیژنەی پەرلەمانەوە ئاراستەی من دەکرێت، ئەمە ئەرکی لیژنەکەیە کە چاودێری و بە دوادا چوونی ئیشوکارەکانی وەزارەتەکەمان بکات و، بزانن کەموکوریەکانمان چییە. سەبارەت بەو ( ٥٠ )دینارە کە باس کرا، ئەو برە پارەی دراوە بە مامۆستاکان ومن خۆم لە کۆبوونەوەی پێشوودا تەئکیدم لە وەزارەتی دارایی کردەوە کە ئەو پارەیە دراوە، بەڵام کێشەیەکی تریشمان هەیە ئەویش کێشەی ئەو مامۆستایانەیە کە تازە دامەزراون و ناتوانن بچنە شارە دوورەکان، یان دێهاتەکان کە دوورن ئێمە داوامان لە ئەنجوومەنی وەزیران کردووە کە حسابێکی تایبەتییان بۆ بکەن.

کاتی خۆی دەرماڵەیەک هەبوو بە ناوی دەرماڵەی شوێنی دوور (نائی)، داوامان کرد ئەو درماڵە (نائیە) زیندوو بکرێتەوە، بۆ ئەوەی مامۆستای قوتابخانەکانی لادێکانمان بێ بەش نەبن، خۆش بەختانە پشتگیری داواکەی منیان کرد و، کرا بە بڕیارێک بەس ماوە بری پارەکە دیاری بکەین و، چۆن جێبەجێ بکرێت؟!، ئێمە خەڵکێکی یەکجار زۆرمان دامەزراندووە، دەبێت ئێمە ئەوەش

لەبیر نەکەن کە توانای مادیی ئێمە سنووردارە، ١/٤ ی میزانیەی حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ ئێمە تەرخان کراوە. سەبارەت بە خانەنشینەکانیشەوە ئێمە لیژنەیەکمان بە سەرۆکایەتی بەڕێز بریکاری وەزارەت داناوە، ئەوانەی پێویستن رۆژانە دەچنە بەردەستیان و رۆژانە بەرزی دەکەنەوە و، بڕیاری لەسەر دەدەن و، ئێمەش بۆ ئەنجوومەنی وەزیرانی دەنێرین.
سەبارەت بە سەرپەرشتیەکانەوە من لە گەڵ رایەکەی لیژنەی پەروەردە نیم، چ سەبارەت بە دەرماڵەوە بێت، چ سەبارەت بە سەرپەرشتیەوە بێت، ئەو لیستەی کە لای من بوو ئەمڕۆ ئیمزام کرد ورۆیشت.

سەبارەت بە دامەزراندنی سەرپەرشتیاریشەوە لە هەولێر (٩)مامۆستای زمان پێویست بوو بۆ سەرپەرشتیاری پسپۆڕ ئەوە دامان مەزراندن، هەروەها نزیکەی (١٥)کەسیش بۆ سەرپەرشتیاری پەروەردەی و، بۆ دهۆکیش (١٠)کەسمان پێویست بوو دامان مەزراندن. ئەمە پاش ئەوەی لە پەروەردەی شارەکانەوە لیستمان بۆهاتووە، لەوێ لە دهۆک تاقیکراونەتەوە و جارێکی تریش لێرە تاقی کرانەوە، لێرەش لە هەولێر جۆرە پەسەند کردنێک هەبووە، لە سلێمانیش دیسانەوە بەسەرۆکایەتی بریکاری وەزارەت لیژنەیەکی بەتوانامان دروست کردووە بۆ تاقیکردنەوەی سەرپەرشتیارەکان و ئەنجامەکەی بەم شێوەیە بوو وەکو باسم کرد و، لیستەکەم ئیمزا کردووە و، پاشان ناوەکان رادەگەینرێن.
سەبارەت بە هەڵەبجەی شەهیدیش ئێمە حیسابێکی تایبەتیمان بۆ هەڵەبجەی شەهید کردووە وابزانم کەسیش لەوە گلەیی لەو جۆرە ئیشە ناکات، واتە خانەنشین ودەرکراوەکان رەنگە هەندێکیان گەڕابنەوە، بەڵام ئەوانەی هەڵەبجە (٥٧)کەس بوون هەمووویان بەیەک لیست گەڕاندیانمانەوە.

سەبارەت بە ئەو کەسانەی کە لە ساڵی (١٩٧٤)وە لە دەوام دابڕاون بە هۆی کوردایەتیەوە، کاتی خۆی وەکو وەزارەتی پەروەردە ئەم پێشنیارەمان کرد، لێرەش وابزانم باسی لێ کرا، هەروەها لە ئەنجوومەنی وەزیرانیش باسی لێ کرا کە حسابێکی تایبەتی بۆ ئەو کەسانە بکرێت، بەڵام تاوەکو ئێستا ئەنجامەکەیان پێ نەدراوە؟.
ئەوە نەک تەنها بۆ مامۆستایانە، بەڵکو بۆ هەموو کەسێکە،١٩٧٤حسابە، نەک هەر ١٩٧٤هەر ساڵی پێشمەرگایەتی کردبێ ئێمە بۆی حساب دەکەین.
سەبارەت بە پرۆگرامیش، راستە نەمان توانی هەموو (منهج) بگۆڕین لەم بارودۆخەی ئێستای کوردستاندا، ئەوەش وامان دانا کە دەسکاری بکرێت و ئەو شتانەی کە بە دەڵمان نییە لای دەبەین.

وابزانم ئەوەش کێشەیەکی وا گەورە نییە، دەمێنێتەوە سێ وانەی بنەرەتی کە دەستکاری کردنیان پێویستە ئەوانەش(مێژوو و، جوگرافیا و، پەروەردەی نیشتمانی) بۆ ئەمەش دیسانەوە ئێمە لیژنەیەکی پسپۆڕیمان لە هەر شارێک دانا بۆ لێتوێژینەوەی ئەم وانانە، پاشان لیژنەیەکی

تریشمان داناوه که بەسەرۆکایەتی بەڕێز بریکاری وەزارەتە و، خۆی سەرپەرشتی دەکات. لەگەڵ ئەویشدا پێش ماوەیەک گوێتان لێ بوو کە برا ئاشووریەکان گلەییان کرد کە وشە گاوری تێدایە، هەرچەندە ئەمە لە پرۆگرامی پێشوودا بووە و دەسکاریش کراوە. بەڵام بەشێوەیەکی گشتی پرۆگرامەکەیان بە ڕێکوپێکی دەسکاری نەکردووە، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجوومەن:**

زۆر سوپاسی بەڕێز وەزیر پەروەردە دەکەین، ڕاستی بە تێروتەسەلی وەڵامی دایەوە و ڕەنگە وەڵامی زۆر شتی تریشی دابێتەوە کە بە خەیاڵی هەمووماندا هاتبێت.

**بەڕێز بەکر حاجی سەفەر غولام:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئەگەر لەمەوبەر تێنەگەیشتن لە نێوانی وەزیر و بریکاری وەزارەتدا هەبوو بێت ئەوە ئێستا بەرەو لەیەک گەیشتن دەڕوات و وردەوردە ئیشوکاری پەروەردە بەرە و پێشەوە دەڕوات، لەبارەی بە بەعسی کردنیش لە سەردەمی ڕژێم کارێکی زۆری کردە سەر کرداری فێرکردن وخوێندن بۆیە پێویستە ئەو پاکسازییە جێبەجێ بکرێت، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆک ئەنجوومەن:**

پێویستە ئێمە پاکسازیی لە دامودەزگاکانی حکومەتی هەرێمدا بکەین و، بەتایبەتیش لە وەزارەتی پەروەردە، چونکە ڕژێم کارێکی زۆری تێکردووە.

**بەڕێز عەدنان محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

من هەندێک تێبینیم هەیە هەر چەند هەڵگرتنی پاکسازی بۆ کاتێکی ترمان هەڵمان گرتبوو کە سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران تەشریفی لێرە ئامادە بێت، بەراستی مەبەستم لەوە بەس وەزارەتی پەروەردە نییە، من کاتی خۆی کە ئەنجوومەنی وەزیران دانرا پێشنیارم کرد و لەو کەشتێکی تاکەکەسیش بوو، بەڵام نە بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان و نە بەڕێزان سەرۆک وجێگری سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران لەگەڵ ئەوەدا نەبوون کە پاکسازی بکەین، ئێمە شمشێرێک هەڵگرین ملی خەڵک ببرین تەبیعی لەوانەیە ئاکامی زۆر خراپی هەبێت، پێشنیارەکەی من بەو شێوەیە بوو کە لیژنەیەکی باڵا هەبێت و لیژنەی لاوەکیش هەبێت بە وردی لە مەسەلەکە بکۆڵێتەوە ورێگا چارەی بۆ دابنێت، سوپاس.

**بەڕێز د.ناسح غەفوور ڕەمەزان/ وەزیری پەروەردە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

سەبارەت بە ئەوەی کە وتم لە(٩٠٪)ی میللەتی کورد بەعسییە، من وام نەوت من وتم (٩٠٪)ی دەزگای پەروەردە بەعسی بووە، ئێستاش وا دەڵێم وئەمە ڕاستیەکە جاپێمان خۆش بێت، یا ناخۆش بێت، لە بارەی سەرپەرشتیارەکانیشەوە ئێمە دەڵێین: کەسی خاوێن دادەنێین بە

مەرجێ ئەو مەرجانەی کە ئێمە دایان دەنێین لەو سەرپەرشتیارە نوێیانەدا بێنە دی و، لە بارەی ڕاپەڕاندنی کاروباری وەزارەتی پەروەردەش ئێستا وردەوردە بەرەو باشی دەڕوات، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەن:**

هیوادارین کاروباری پەروەردە دوانەکەوێت.

**بەڕێز د. ناسح غەفوور ڕەمەزان/وەزیری پەروەردە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لەگەڵ ڕێزمدا بۆ هەمووان، ئێمە وا ڕێککەوتووین کە تا یەکی مانگ ئەو گرفتانە چارەسەر بکەین ئینجا ئومێدەوارم ئەم بەڵێنە جێبەجێ بکەین، سوپاس.

**بەڕێز بەکر حاجی سەفەر غولام:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

کە دەڵێت ٩٠٪ی پەروەردە بەعسی بوون، ئەمە وانیە لەوانە ئەگەر بەڕێوەبەر بەعسی بووبێ، ئەوا زۆربەی مامۆستایانی قوتابخانەکە بەعسی نەبوون و، بۆیە ئێستا من لەگەڵ ئەوەدام پەلە لە پاکسازیی کردنی دەزگاکانی پەروەردە بکرێت، سوپاس.

**بەڕێز ئازاد عەبدولقادر قەرەداغی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پشتگیری لە قسەکانی بەڕێز د. ناسح دەکەم، بەراستی مامۆستا لە قوتابخانەدا باوکەو دەتوانێ منالی خۆی بەو شێوە پەروەردە بکات، بۆ مەسەلەی پاکسازی منیش لەگەڵ ئەوە نیم کە بەعسی بووە لایدەین، بەرای من دەبێت بە لێتۆژینەوەو لێکۆڵینەوە ئەوە ئەنجام بدرێت، سوپاس.

**بەڕێز د. عیزەدین مستەفا رەسول:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

وەکو دەزانن رژێمی فاشیستی بەعسی خوێندنی کوردی لە بادینان قەدەغە کردبوو، بەڵام وەزارەتی پەروەردە ئەمساڵ خوێندنی کوردی بردەوە بادینان و، هیوادارم چ بۆ بادینان وچ بۆ لایەنەکانی دیکەش لەم هاوینەدا جۆرە کۆنگرەیەکی زانستی بگیردرێت، بۆ ئەوەی بزانین جۆری خوێندن لەمەو پاش چۆن دەبێت، پیرۆزبایی لە وەزارەتی پەروەردە دەکەم بۆ ئەم هەنگاوە پیرۆزە و، داواش دەکەم کە سووتەمەنی بۆ قوتابخانەکان دابین بکرێت، سوپاس.

**بەڕێز مەلا تەڵحە سەعید قەرەنی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

سەبارەت بە ئەو کەسانەی کە داوای دامەزراندن دەکەن، پێشنیار دەکەم کەوا گرنگی زیاتر بە کەسوکاری شەهیدان و ئەو کەسانەی کە ڕۆڵیان هەبووە لە شۆڕشی کوردیدا بدرێت، سەبارت بە پاکسازی دەزگاکانی پەروەردە کە دەڵێن نابێت بە یەک جار پاکسازی و گۆڕان کاری تیادا بکرێت، بە رای من دەستێکی هەر تێخرێت، سوپاس.

**بەڕێز ئەهلە محەمەد سەعدوللا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

سەبارت بە دامەزراندنی مامۆستایان کە باس کرا، پرسیارێکم دەربارى دەرچووى قوتابخانە پیشەیەکان هەیە کە داوا دەکەن ئەوانیش دابمەزرێن، ئایا وەزارەتی پەروەردە هیچ چارێکی بۆ ئەم کێشەیە کردووە، سوپاس.

**بەڕێز ئازاد رەشید میران:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

سەبارەت بە پاکسازی چەند تێبینییەکم هەیە، دەبێت پاکسازی یەکەم جار بەلێتوێژینەوە بکرێت و، لە پێشانا بەڕێوەبەرە گشتییەکانی پەروەردە بگرێتەوە، چونکە ئەوانە راستەوخۆ پەیوەندییان بە وەزیرەوە هەیە، پاشان سەرپەرشتیارە پەروەردەیەکان، پاشان بگاتە بەڕێوەبەری قوتابخانەکان و مامۆستاکان و کەسانی تر، سوپاس.

**بەڕێز ئەحمەد تاهیر ئەحمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

هەمووماں باش دەزانین باری ژیانی مامۆستایان زۆر خراپە، ئەویش لەبەر کەمی مووچەیان، جا ئەگەر وەزارەتی پەروەردە پارەی وانە بێژییان بۆ خەرج بکات، ئەوە دەبێتە هاوکاریەکی گەورە بۆ مامۆستاکان، چونکە لەگەڵ مووچەکەیان بەیەکەوە دەبێتە داهاتێکی باش، سوپاس

**بەڕێز یەحیا محەمەد عەبدولکەریم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پڕ بە دڵ داخوازی سەرکەوتن بۆ بەڕێز وەزیری پەروەردە دەکەم، داواکاریەکی گەرمیان دەهێنمە خزمەتتان و، داواکاریەکەی گەرمیانیش ئەوەیە کە قوتابیانی گەرمیان قەت وەکو قوتابیانی پارێزگاکانی تری کوردستان نین و، خوێندن لە گەرمیان وەکو شوێنەکانی تری بایەخی پێنەدراوە، حەزدەکەم بەڕێز وەزیری پەروەردە وخوێندنی بالایش ئەم خاڵە رەچاو بکەن و، تۆزێک دڵیان بەگەرمیان بسووتێ، لە بارەی دامەزراندنی دەرچووانی خوێندنی پیشەیەکانیش پەلەی لێ بکرێت، سوپاس.

**بەڕێز کەمال ئیبراهیم فەرەج شالی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەخێر هاتنی بەڕێز وەزیری پەروردە دەکەم، بەرای من ئەگەر بەڕێز وەزیری پەروەردە بریکاری وەزارەتیشی لەگەڵ خۆیدا بهێنایە بۆ ئەوەی بە هەردووکیانەوە وەلامی پرسیارەکانیان بدابایەوە باشتر دەبوو، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس بەڕێز کاک کەمال دەکەم، بەلام کە وەزیر دێت بۆ ئێرە هیچ پێویست ناکات بریکاری وەزارەتیش لەگەڵ خۆیدا بێنت.

**بەڕێز د. قـــاسم مـــحـــەمـــەد قـــاسم:**
**بەڕێـز ســـــەرۆکی ئـەنجــــــومـــــــەن.**

وەکو باس کرا خوێندن ئەم ساڵ لە ناوچەی بادینان کرا بە کوردی، واتە لە نوێوە دەست پێدەکەن، بەڵام نالەباری ژیان، باری خوێندنیشی گران کردووە، لەگەڵ ئەوەشدا نەبوونی کتێب بووەتە گەورە ترین کێشەی قوتابخانەکان، قوتابخانە هەیە لە پۆلێکدا (٢تا٣)کتێبی تیادایە، دەبێت بایەخێکی زیاتر بە ناوچەکانی بادینان بدرێت، تاوەکو ناوچەکانی تری کوردستان، چونکە ئەمە یەکەم ساڵە لە بادینان خوێندن بە کوردییە، پێشنیاریش دەکەم کە خولی بە هێزکردن بۆ مامۆستاکان بکرێتەوە، تاوەکو زیاتر بتوانن ڕۆڵ ببینن، سوپاس.

**بەڕێز حـــەســـەن حـــەمـــیـــد ڕەحـــیم:**
**بەڕێـز ســـــەرۆکی ئـەنجــــــومـــــــەن.**

سەبارەت بە وەرگرتنی ئەو قوتابیانەی کە بە هۆی کوردایەتیەوە هیچ جۆرە ناسنامەیەکیان نییە، بە رای من دەبێت چارەیەک بۆ ئەم کەسانە بدۆزرێتەوە و، لە قوتابخانەکانیشدا منداڵەکانیان وەربگیرێن.

سەبارەت بە پاکسازی کردنی دامودەزگاکانی پەروەردە لە کۆنە بەعسیەکان، بە رای من دوو جۆر بەعسی هەبووە، یەکێکیان زۆر بە دڵەوە لەگەڵ بەعسیەکاندا بووە و خراپەیەکی زۆری کردووە و، دووەمیشیان بەهەر حاڵ ئیمزای کردووە، بۆ ئەوەی ئیشەکەی بڕوات و، وەکو ئێمە سەری لێ نەشێوێت، من لەگەڵ ئەوەدا نیم کە هەرچی بەعسییە شاربەدر بکرێت، سوپاس.

**بەڕێز جـــێگری ســـەرۆک ئـەنجــــومــــەن:**

ئەمە مایەی شانازیە کە لە کوردستاندا قوتابخانەکان هەر لەسەر دەوامی خۆیان بەردەوامن و، قوتابیان بە بێ کتێب و ڕەحلە و تەختەی ڕەش و مامۆستاش بە بێ مووچە لەسەر خوێندنی خۆیان بەردەوام بن و، کاروباری وەزارەتی پەروەردەش بڕوا بەڕێوە.

**بەڕێز ئـەکـــبـــەر حـــەیدەر مـــوســـا:**
**بەڕێـز ســـــەرۆکی ئـەنجــــــومـــــــەن.**

سوپاسی بەڕێز د.ناسح دەکەین بۆ ئەم ڕوون کردنەوانە، سەبارەت بە خوێندن لە گەرمیاندا چەند پرسیارێکم هەیە، سەبارەت بە دامەزراندنی بەڕێوەبەری پەروەردەی کەرکووک تاوەکو ئێستا دەنەمەزراوە، نازانین ئایا دەسنیشان کراوە، یان نەکراوە؟.

خەڵکێک هەیە لە ناوچەی خانەقین و کەلاردا لەکاتی ئاوارەبوونەکەدا شەهادەیان ون بووە، لەبەر ئەوە شەهیدەکانیان بە شەهید حسێب نەکراوە و کەسوکاریشیان لە هەموو مافێکی شەهیدانە بێ بەش بوونە، حەز دەکەم چاوێک بەو بابەتەشدا بخشێننەوە.

دووەم، لە ئادابی سلێمانی قوتابی بە ڕێژەی (٤١٩)وەرگیراوە و، لە خولی دووەمیشدا ڕێژەی (٤١٢) وەرگیراوە، وەکو خۆتان دەزانن لە ناوچەکانی گەرمیاندا «٤» مانگ قوتابییەکان لە

دەوام دابڕان و، قوتابی هەبووە ڕێژەی «٤١٠» بووە وەرنەگیراوە، دەبێت جیاوازیەک هەبێت لە نێوان قوتابیانی گەرمیان و قوتابیەکانی جێگاکانی تری، حەز دەکەین ئەگەر بکرێت چاوێک بەم بابەتەدا بخشێنن، سوپاس.

**بەڕێز حەسەن عەبدولکەریم بەرزنجی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لە بارەی پاکسازیەوە هیوادارم لە دەزگاکانی پەروەردەدا بکرێت، بەڵام بەشێوەیەکی هێمنانە چارەسەر بکرێت، سوپاس.

**بەڕێز د. ناسح غەفوور ڕەمەزان/ وەزیری پەروەدە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من زۆر سوپاسی ئەندامان و سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانیی دەکەم و زۆر سوپاسی ئەو ئەندامانە دەکەم کەپرسیارو تێبینی خۆیان ئاراستەی ئێمە کرد، ئومێدەوارم توانی بێتم بەکورتی وەڵامێکی پەسەندم دابێتەوە، بەڵام من یەک پرسیارم هەیە، ئەویش گلەیی ئەو قوتابیانەیە کە لە خوێندن بێ بەش بوونە، لەبەر کوردایەتی و پێشمەرگایەتی، ئایا ئەوانە هەروا بێ بەش دەمێنن لە خوێندن؟ نابێت لیژنەیەک دروست بکرێت تاقیکردنەوە بەو کەسانە بکەنەوە، تاوەکو بتوانن خوێندنی خۆیان تەواو کەن، سوپاس.

**بەڕێز کەمال ئیبراهیم فەرەج شالی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

کاتی خۆی باسی پاکسازی کرا، بە بۆچوونی من ئەو بەعسیانەی کە ئازاری خەڵکیان داوە و قوتابیان دەرکردووە، هیچ جیاوازیان نییە لەگەڵ ئەوانەی کە ئەنفالیان کردووە، دەبێت ئەوانیش سزا بدرێن لە کارەکانی خۆیان لابدرێن، هەروەها ناوی قوتابخانەکانیش بگۆڕدرێت وگرنگیش بەخوێندنی کوردی بدرێت لە هەموو ناوچەکانی کوردستان و بەتایبەتیش لە بادینان، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەگەر پرسیارێکی تایبەتیتان هەیە بۆ بەڕێز وەزیری پەروەردە تکایە لەڕێی سەرۆکایەتی بە نووسین بینێرن، پاشان لە ڕێگای سەرۆکایەتیەوە ئاراستەی وەزیری پەروەردەی دەکەین، یاخود هەر وەزیرێکی ترێت.

**بەڕێز د.ناسح غەفوور ڕەمەزان/ وەزیری پەروەردە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

سەبارەت بە ئەو گۆڕانکاریەی کە دەبێت بەرێگەی یەکێتی مامۆستایانەوە، یان گوایا ئاگایان لە هەندێ شت نییە، بەڵام من حەز دەکەم دڵنیاتان بکەم لەوەی کە ئێوە لیژنەی پەروەردەن و

نوێنەرایەتی پەرلەمان دەکەن سەبارەت بە پەروەردەوە و، هەر تێبینییەک هەبێت، یا یەکێتی ماموستایان دیسانەوە کە خۆیان نوێنەری ماموستایانن ئەوانیش هەر تێبینییەک، یان بیرو بۆچوونیەکیان هەبێت حەز دەکەم یەک لای بکەنەوە، ئێمە ئەوەی لە بەرژەوەندی پەروەردە بێت رەچاوی دەکەین، بەدڵتان نەبوو دەتوانین گلەییمان لێ بکەن، بەڵام هەر تێبینییەکی ئێوە کە بە پەسەند زانرابێت رەچاومان کردووە، مەرجیش نییە هەر تێبینییەک هەبێت ئێمە«١٠٠٪»ئەو تێبینییە جێبەجێ بکەین، ئێمە حیساب بۆ بەرژەوەندیی ماموستایان و قوتابیان و پەروەردەش دەکەین، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاسی بەڕێز وەزیری پەروەردە دەکەین بۆ ئەو دڵفراوانییە و، بۆ ئەم گفتوگۆ تێروتەسەلەی کە کردیی و، هەروەها سوپاس بۆ ئەندامانی پەرلەمان کە بەراستی پرسیارەکانیان نیشانەی دڵسۆزی وروۆشنبیری سیاسی بوو لەسەر ئەوشتانە بوو کە لە دڵی هەموو جەماوەردایە و، هیوادارین کە هەر بەردەوام بن لە چالاکییەکانی خۆیان، جارێکی تریش سوپاسی بەڕێز وەزیری پەروەردە دەکەین.

بەم جۆرە دانیشتنی ئەمڕۆمان کۆتایی پێهات و دانیشتنی داهاتووشمان سبەینێ دەبێت وزۆر سوپاستان دەکەین.

**فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵڵا**
**سکرتێری ئەنجوومەن**

**نەژاد ئەحمەد عەزیز ئاغا**
**جێگری سەرۆکی ئەنجوومەن**

**جوهر نامق سالم**
**سەرۆکی ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق**

# پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژماره (٧٠)

## یەک شەممە ڕێکەوتی ١٩٩٢/١٢/٢٧

# پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژماره (٧٠)

## یەک شەممە ڕێكەوتی ١٩٩٢/١٢/٢٧

***كاتژمێر (١٠)ی سەرلەبەیانی ڕۆژی یەک شەممە ڕێكەوتی ١٩٩٢/١٢/٢٧ ئەنجوومەنی نیشتمانیی كوردستان بە سەرۆكایەتی جێگری سەرۆک بەڕێز نەژاد ئەحمەد عەزیز ئاغاو، بە ئامادەبوونی بەڕێز فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵلا سكرتێری ئەنجوومەن، دانیشتنی ژمارە (٧٠)ی خولی یەكەمی ئاسایی ساڵی یەكەمی خۆی بەست. سەرەتا ڕادەی یاسایی دانیشتنەكە لەلایەن دەستەی سەرۆكایەتییەوە چەسپێنراو، ئەوجا بەڕێز جێگری سەرۆک بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان، دانیشتنەكەی بەناوی گەلی كوردستانەوە دەست پێكرد.***

***بەرنامەی كار:***

***١ــ پێشنیاری هەڵگرتنی چەک لەلایەن ئەندامانەوە.***

***٢ــ ئامادەبوونی بەڕێز وەزیری دارایی و ئابووری بۆ وەڵامدانەوەی پرسیاری ئەندامانی پەرلەمان.***

***٣ــ باسكردنی لە چۆنیەتی تەقینەوەی (مین) لە نووسینگەی بەڕێوەبەری چاپخانەی زانكۆو ئەندامی پەرلەمان بەڕێز د. محەمەد فازڵ قەفتان.***

***٤ــ تازە بابەت.***

**بەڕێز جێگری سەرۆكی ئەنجوومەن:**

بۆ خاڵی تازە بابەت كێ پێشنیاری هەیە؟.

**بەڕێز حەسەن عەبدولكەریم بەرزنجی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجوومەن.**

دەستەی سەرۆكایەتی ئەنكێتێكی دابەش كردووە بەسەرماندا، بەراستی وەرگرتنی ئەو ئەنكێتانە بە خۆشی نەبوو، من پرسیارێک دەكەم ئایا گومانتان لە ئەندامانی پەرلەمان هەیە، بۆ ئەوەی ئەوەندە پرسیارمان لێ بكەن؟، دەمانەوێ سەرۆكایەتی ئەمەمان بۆ ڕوون بكاتەوە، سوپاس.

**بەڕێز فەرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجوومەن.**

بڕیار بوو پێش دوو مانگ شوێن بۆ پێشمەرگەو، پاسەوانی ئێمە دابین بكرێت بەڵام وا دیارە هەتا ئێستا هیچ نەكراوە، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەن:**

سەبارەت بە پرسیارەکەی بەڕێز حەسەن بێگومان ئامانجی سەرۆکایەتی لە داواکاری ئەو زانیارانە گومان لە ئەندامان نەبوو، یان مەبەست لە پرسیارەکان پرسینەوە لە رابردوویان بێت، بەڵکو مەبەستی ئێمە سەرژمێری بوو، پاشان بۆمان دەرکەوت کە زۆربەی زانیارییەکان لە کاتی هەڵبژاردنەکە لامان بووە، لەبەر ئەو بریار درا لە رێگەی سکرتێری ئەنجومەنەوە ئەنکێتەکان بکێشرێنەوە، تەنیا ئەو زانیارییانەمان دەوێ کە تایبەتە بە پلەی خوێندن و، تەمەن و، کاری چی بووە و، لە چ فراکسیۆنێکن؟.

**بەڕێز حەسەن عەبدولکەریم بەرزنجی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من مەبەستم خۆمان نەبوو دەترسێم فەرمانگەکانی دیکەش ئەم کارە بکەن، ئێمە ئازادانە دەژین پێویست ناکات زانیاری لەکەس و خزم وەربگیرێ، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەڕێز حەسەن ئەگەر بۆ ئامار نەبێ داوا ناکرێ. سەبارەت بە هەڵگرتنی چەک لەلایەن ئەندامانەوە، لەگەڵ پارێزگار قسەمان کرد، و بەڕێزی دووپاتی کردەوە کە ئەمە بڵاوبکرێتەوە لەسەر هەموو هێزەکان، بەڕێز ئەیاد ئێستا دەقی ئەو بریارە بخوێنەوە.

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**

بسم الله الرحمن الرحيم.

باسم الشعب.

المجلس الوطني لكوردستان العراق.

رقم القرار( ).

تاريخ القرار( ).

قرار

استنادا الى احكام الفقرة أـ من المادة (٥٦) من القانون رقم (١) لسنة ١٩٩٢ قرر المجلس الوطني لكوردستان العراق بجلسته المنعقدة بتاريخ / / ما يلي:

١ـ يحق لعضو المجلس الوطني لكوردستان العراق حيازة وحمل سلاح شخصي (مسدس ـ بندقية آلية) او كليهما معاً.

**بەڕێز یونس محەمەد سەلیم رۆژبەیانی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پێموایە لە برگە(١)دا نەک بەس حەسانە بە ئەندامی پەرلەمان بدرێ، بەڵکو هەندێ مەسەلەی ئاسایش هەیە، وەکو هاتووچۆ لەگەڵ ژمارەیەک لە پاسەوانانی خۆی دەبێ، جا ئەمانە (٢) بن یان (٥)بن دەبێ ئەو مافە بەوانیش بدرێ و، ناسنامەیان بۆ بکرێ، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەن:**

حەسانەی پەرلەمانی بە پاسەوان (حمایە) نادرێ، پارێزگار دەبێ ناویان دیاری بکات، ماوەتان پێ بدرێ.

**بەڕێز عەدنان محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەرای من دەقەکە گشتی بێ باشترە لە دەرەوە و ناوەوە و دەرەوەی باڵەخانەی پەرلەمان کەس بۆی نییە چەک هەڵبگرێ، ئەگەر دەقەکە وردتر بێ باشترە، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەن:**

چۆن دەبێت؟.

**بەڕێز عەدنان محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دەقەکە بەم شێوەیە بێت، (یحق له حمل السلاح)، چونکە لەناو پەرلەماندا کەس بۆی نییە چەک هەڵبگرێ، سوپاس.

**بەڕێز د. قاسم محەمەد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەم یاسایە پێویست نییە، چونکە ئەندامی پەرلەمان کە ناسنامەی پەرلەمانی هەبێ، حەسانەی پێویست نییە، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەن:**

لە وەزارەتدا دەبێ دایبنێی.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

وشەی (حمل) لەوانەیە ئاشکرا نەبێ، من پێشنیار دەکەم دەقەکە بەم شێوەیە بێت: (بناية المجلس الوطني او كليهما معا)، سوپاس.

**بەڕێز مەلا هادی خضر کوێخا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەوەی د.قاسم گوتی راستە، ئەندامی پەرلەمان بچێتە فەرمانگەیەک جوان نییە چەکی لێ وەربگیرێ، ئەمە دیاری بکرێت کە حەسانە دەیگرێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەن:**

تێنەگەیشتووم، ئەگەر ئەندامی پەرلەمان بەچەکەوە بڕوات وەزارەت هیچ بڕیارێکی هەیە، کەس بەچەکەوە نەڕوات، سوپاس.

**بەڕێز فـــــــرەنســــــۆ تـۆمـــــــا هـەریـری:**

**بەڕێز ســـــــەرۆکی ئـەنجـــــــومـــــــەن.**

من پێموایە کە ئەندامی پەرلەمان دەچێت بۆ شوێنێک خۆی چەکەکەی دابنێ، چونکە ئەمە ڕێزگرتنە لە خۆی و لە یاسا، ئەمە یەک.

دوو، ئەندامان خۆیان چەکی کلاشینکۆف هەڵناگرن، بەڵام لە ئۆتۆمبیلی دادەنێن، من لەگەڵ ڕایەکەی بەڕێز یونس دام کە یەک دوو پاسەوان لەگەڵیاندا بن چەک هەڵگرن، سوپاس.

**بەڕێز شـەوکـەت حـاجی مـوشـیـر ئـەحـمـەد:**

**بەڕێز ســـــــەرۆکی ئـەنجـــــــومـــــــەن.**

ئێمە هەموومان بارودۆخی کوردستان دەزانین حاڵی هەندێک خەڵک جیاوازی هەیە دەبێ حسابیان بۆ بکرێ ئەمەش بە بڕیار دیاری دەکرێ و، دەبێ ئەم بابەتە هەندێ نەرمی تێدا بێت، چونکە هەندێکیان ناتوانن بێ مەفرەزە بگەڕێن با هەموو ڕۆژێ پۆلیس لە بازاڕدا نەمانگرێت، سوپاس.

**بەڕێز جـێگری ســـەرۆکی ئـەنجـــومـــەن:**

بەڕێز پاریزگار دەڵێ پاسەوانی ئەندامی پەرلەمان نابێ چەک هەڵگرێ، ئەندامی پەرلەمان تەنیا حەسانەی هەیە.

**بەڕێز مـەلا تـەڵحـە سـەعـیـد قـەرەنی:**

**بەڕێز ســـــــەرۆکی ئـەنجـــــــومـــــــەن.**

بەڵام پاسەوانەی ئەندامی پەرلەمان پێویستە چەکی هەبێت، سوپاس.

**بەڕێز حـــــەســـــەن حــــەمـــیـــد رەحــیـم:**

**بەڕێز ســـــــەرۆکی ئـەنجـــــــومـــــــەن.**

لە مسودەی بڕیارەکەدا قسەکان روون نییە، سوپاس.

**بەڕێز شـێـروان ناسح عـەبدوڵلا حـەیدەری:**

**بەڕێز ســـــــەرۆکی ئـەنجـــــــومـــــــەن.**

هۆیەکانی ئامادەکردنی پرۆژەکە ئەمانەیە:

١ــ وەزارەتی ناوخۆ تا ئێستا یاسای چەکی دەرنەکردووە، تاوەکو ئەندامان ماوەی هەڵگرتنی چەکیان پێ بدرێ.

٢ــ ناسنامەی پەرلەمان بەمۆڵەت دادەنرێ.

٣ــ لە فەمانگەکاندا ئەندام پەرلەمان چەکەکەی دابنێ شتێکی ئاسایی و یاساییە.

**بەڕێز حـــەســـەن عـــەبدولـکەریم بـەرزنجی:**

**بەڕێز ســـــــەرۆکی ئـەنجـــــــومـــــــەن.**

ئەوەی لەگەڵماندایە بە ناسنامەی ئەندامی پەرلەمان بە مۆڵەت پێدراو دابنرێ، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئاسایشەکان داوای ناسنامە لە پێشمەرگە ناکەن، کە ئەندام ناسنامەکەیان دادەتێ یەکسەر خۆی و پێشمەرگەکانی بەرێ دەکەن، ئەم حاڵە لەگەڵ مندا روویداوە.

**بەڕێز کاکەڕەش محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

وشەی مۆڵەت چارە کراوە، ئەوەی لەناو سەیارەیە کەس داوای لێ ناکات، دیاریش نەکراوە (١ـ٢) و، هەرگیز پێویست ناکات ناوەکان دیاری بکرێن، سوپاس.

**بەڕێز حازم ئەحمەد مەحمود یوسفی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من دەقێکی تر پێشنیار دەکەم (يحق لعضو المجلس الوطني لكوردستان العراق حمل سلاح شخصي)، سوپاس.

**بەڕێز بارزان خالید عەزیز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە باسی پاسەوان دەکەین وەکو ئەندام ئێمە دەبێ یاسا جێبەجێ بکەین، ئەوانەی لەگەڵ ئێمەدان پۆلیسن پێویستییان بە مۆڵەتی رەسمی نییە، بەرای من پێشنیارەکەی بەڕێز حازم زۆر باشە کە وشەی (سلاح) دیاری بکرێت، سوپاس.

**بەڕێز فرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەمە لە دەسەڵاتی پارێزگاردا نییە، بەڵکو ئیشی وەزارەتی ناوخۆیە، من پێشنیار دەکەم بەڕێزتان، لەگەڵ سەرۆک وەزیران و، وەزیری ناوخۆ، ناسنامەمان بۆ دروست بکەن (٤ـ٥) کەسیش لەگەڵ خۆیدا، چونکە ئێمە حەسانەمان هەیە و، پێویست بە یاسا ناکات، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەن:**

ترس لەوە بوو هەندێ لە ئاسایش لە حەسانە تێ نەگەیشتبن، لە کاتی جێبەجێ کردندا گرفتی وامان تووش نەبووە ئەوەی کاک فرنسۆ وتی:

١ـ بڵاو بکرێتە، چونکە لێرە تەئکید لەسەر حەسانەی ئەندامان دەکات کە وەزارەتی ناوخۆ دەریبکات.

٢ـ چەکدارەکان مافی هەڵگرتنی چەکیان هەبێ.

**بەڕێز حەسەن حەمید رەحیم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

حەقە بکرێتەوە پۆلیس ژمارەی چەک و، گروپی خوێن، ئێمە چووین و پێشکەشمان کردووە، سوپاس.

**بەڕێز ئازاد عەبدولقادر قەرەداغی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

من دوو تێبینیم هەیە:

یەک: پارێزگار تەنیا دەسەڵاتی هەیە لە سنووری هەولێر مۆڵەت دەربکات، لەبەر ئەوە بەرای من ئەم دەسەڵاتە بدرێتە دەست وەزیری ناوخۆو، ئیجرائاتەکەش رۆتینی نەبێ و، هەر (١٥) رۆژ جارێ داوای وێنەمان لێ بکەن.

دوو: من (٣٠) چەکدارم لەگەڵدایە بۆ سلێمانی بچم لەوانەیە تەنیا (١٥) کەس ببەم لەگەڵ خۆمدا، ئینجا لەبەر ئەوە ژمارەکە دیاری نەکرێ باشترە، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجوومەن:**

ئێمە وتمان وەزارەتی ناوخۆ رێنماییەکە بەو شێوەیە بڵاو بکاتەوە(ئەندامی پەرلەمان و، ئەو چەکدارانەی لەگەڵیاندان)، بەبێ ئەوەی ژمارەکە دیاری بکرێت.

**بەڕێز بارزان خالید عەزیز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

من زانیارییم هەیە کە بەڕێوەبەری پۆلیس خەریکە رێنماییەک دەردەکات بۆ هەموو پارێزگاکان و بەڕێوەبەرایەتییەکانی پۆلیس لە کوردستاندا کە رێز لە ئەندامی پەرلەمان و پاسەوانەکانیان بگیرێ. من پێم باشە بەڕێز سکرتێری ئەنجوومەن پەیوەندیی بە وەزیری ناوخۆوە بکات بۆ ئەوەی تێروتەسەلی باسی ئەم بابەتە بکرێت، سوپاس.

**بەڕێز عەدنان محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

من لە رووی یاساییەوە تەماشای بابەتەکە دەکەم ئەو حەسانە بۆ حاڵەتێکی دیاری کراو دانراوە، هەڵگرتنی چەک لەناو حەسانەدا نابێ.

سەبارەت بەوەی کە پارێزگار مۆڵەتی هەڵگرتنی چەک بدات، ئەمە هەرگیز لە دەسەڵاتی پارێزگاردا نییە، ئەگەر وەزارەتی ناوخۆ ئەم دەسەڵاتەی پێ نەدات، چونکە هەتا ئێستا ئێمە یاسای هەڵگرتنی چەکمان نییە، تا ئێستا وەزیری ناوخۆ هەر خۆی ئەم دەسەڵاتەی هەیە، بەرای من مۆڵەتی هەڵگرتنی چەک بە ئیستسنا لە یاسا وەکو ئیمتیازێک بدرێت بە ئەندام پەرلەمان، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجوومەن:**

بەڕێز عەدنان نەمزانی پێشنیارەکەی بەڕێزت چی بوو، واتا ئێمە چی بکەین؟.

**بەڕێز عەدنان محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

- رای من ئەوەیە ئەم یاسایە هەبێ باشە، ئیمتیازێکی تایبەت دەدرێ بە ئەندامی پەرلەمان،

دەمێنێتەوە مەسەلەی پاسەوان، تا ئێستا ئێمە کار بەیاسای عێراقی دەکەین، وەزیری ناوخۆ مافی ئەوەی هەیە کە ناسنامە بۆ ئەندام پەرلەمان و پاسەوانەکانیان دروست بکات کە مافی ئەوەیان هەبێ چەک هەڵبگرن، بەم شێوەیە یاسا جێبەجێ دەکەین و، ئەم مەسەلەیەش چارەسەر دەکەین، سوپاس.

**بەڕێز بەختیار حەیدەر عوسمان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

منیش پشتگیری لە قسەکانی بەڕێز عەدنان دەکەم. لەبەر ئەوەی هیچ یاسایەک نییە ماوە بە ئەندامی پەرلەمان بدات بۆ ئەوەی چەک هەڵبگرێ، یاخود ئەو کەسانەی کە لە گەڵیدانە چەک هەڵبگرن، بۆیە پێویستە بڕیارێک هەبێت کە ئیستسنا بێت لە یاسای چەکی عێراقی کە ئێستا کاری پێ دەکرێ، کە هەرگیز باسی ئەوە ناکات ئەندامی پەرلەمان مافی هەڵگرتنی چەکی هەبێت، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەڕێز ئەیاد بڕیارەکە دووبارە بیخوێنەوە.

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**

(يحق لعضو المجلس الوطني لكوردستان العراق حيازة وحمل سلاح شخصي (مسدس، بندقية. الية) او كليهما خارج بناية المجلس).

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئێستا پێشنیارێک لەلایەن بەڕێز عەدنان هەبوو کە رستەی (خارج بناية المجلس) لابرێ.
بەڕێز حازم پێشنیارێکی کرد کە بڕیارەکە ئەم دەستەواژەی تێدا بێت: (حمل سلاح الشخصي)و، هەر دوو وشەی(مسدس، و بندقيه) لابرێن.
جا ئێستا کێ لەگەڵ ئەوەدایە کە برگە (١) بەم شێوەیە بێت (يحق لعضو المجلس الوطني لكوردستان العراق حيازة وحمل سلاح شخصي «مسدس ـ بندقية آلية») أو كليهما معا)، رستەی (خارج بناية المجلس). لابرێ، بەڵام (مسدس و بندقيه) بمێنێتەوە؟.. تکایە دەست بەرز بکاتەوە.. دەست بەرز کرایەوە.. سوپاستان دەکەین.. کێ لە دژی ئەم پێشنیارەیە؟.. (٣٥ دەنگ لەگەڵە، ١٨ دەنگ دژە)، کەواتە ئەم پێشنیارە بەزۆربەی دەنگ پەسەند کرا.

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

٢ـ تعتبر هوية العضو او اية وثيقة رسمية تثبت عضويته بمثابة اجازة قانونية تخوله ممارسة الحق الممنوح له من الفقرة (١) اعلاه.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەن:**

مەبەست چییە لە (اية وثيقة اخرى)؟، ئێمە باسی ناسنامە دەکەین.

**بەڕێز ئەیاد حـــاجی نامق مــــەجـــیــــد:**

**بەڕێز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــومـــــەن.**

هەندێ جار ناسنامە بزر دەبێت لەم حاڵەتەدا هەر بەڵگنامەیەکی تری رەسمی کە لە ئەنجوومەنی نیشتمانییەوە دەرچوو بێت بیسەلمێنێ کە ئەمە ئەندامی پەرلەمانە هەڵبگرێ، سوپاس.

**بەڕێز جـــێگری ســـەرۆکی ئەنجـــومــــەن:**

کێ لەگەڵ ئەوەدایە بڕگە (٢) وەک خۆی بمێنێتەوە؟.. تکایە دەست بەرز بکاتەوە.. دەست بەرز کرایەوە.. سوپاستان دەکەین.. کێ دژە؟.. بە زۆربەی دەنگ بڕگە (٢) پەسەند کرا.

**بەڕێز ئەیاد حـــاجی نامق مــــەجـــیــــد:**

**بەڕێز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــومـــــەن.**

٣ـ يسقط الحق الممنوح للعضو وبموجب هذا القرار بفقدان عضويته في المجلس.

**بەڕێز جـــێگری ســـەرۆکی ئەنجـــومــــەن:**

کێ لەگەڵ ئەوەدایە بڕگە (٣) وەکو خۆی بمێنێتەوە؟.. تکایە دەست بەرز بکاتەوە.. دەست بەرز کرایەوە.. سوپاستان دەکەین.. کێ لەدژە؟.. بە زۆربەی دەنگ بڕگە (٣) پەسەند کرا.

**بەڕێز ئەیاد حـــاجی نامق مــــەجـــیــــد:**

**بەڕێز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــومـــــەن.**

٤ـ علی الوزراء المختصین تنفیذ احکام هذا القرار.

**بەڕێز جـــێگری ســـەرۆکی ئەنجـــومــــەن:**

کێ لەگەڵ ئەوەدایە بڕگە (٤) وەکو خۆی بمێنێتەوە؟.. تکایە دەست بەرز بکاتەوە.. دەست بەرز کرایەوە.. سوپاستان دەکەین.. کێ لەدژە؟ بە زۆربەی دەنگ بڕگە (٤) پەسەند کرا.

**بەڕێز ئەیاد حـــاجی نامق مــــەجـــیــــد:**

**بەڕێز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــومـــــەن.**

٥ـ ینفذ هذا القرار من تاریخ صدوره وینشر في الجریده الرسمیة.

**بەڕێز جـــێگری ســـەرۆکی ئەنجـــومــــەن:**

کێ لەگەڵ ئەوەدایە بڕگە (٥) وەکو خۆی بمێنێتەوە؟.. تکایە دەست بەرز بکاتەوە.. دەست بەرز کرایەوە.. سوپاستان دەکەین.. کێ لەدژە؟ .. بە زۆربەی دەنگ بڕگە (٥) پەسەند کرا.

**بەڕێز جـــێگری ســـەرۆکی ئەنجـــومــــەن:**

ئێستا کێ لەگەڵ ئەوەدایە ئەم بڕیارە بەگشتی وەربگیرێ؟.. تکایە دەست بەرز بکاتەوە.. دەست بەرز کرایەوە.. سوپاستان دەکەین.. کێ لە دژە؟.. بە زۆربەی دەنگ بڕیاری هەڵگرتنی چەک لەلایەن ئەندامانی پەرلەمان پەسەند کرا.

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

زۆر لە ئەندامانی پەرلەمان ئاماژەیان بەوە کرد کە ئەو پاسەوانەی لەگەڵ ئەندامی پەرلەمانە مافی ئەوەی نەبێ لە بازاڕدا بسووڕێتەوە، بۆ نموونە پێش ماوەیەک لەناو بازاڕ هەندێ لە پاسەوانەکانی ئەندامێکی پەرلەمان لەبەر ئەوەی ناسنامەیان پێ نەبوو هەموو چەکیان لەناو سیارەکە بووە لێیان وەرگیراوە، ئینجا من پێشنیاری ئەوە دەکەم کە بەڕێزان لە سەرۆکایەتی پەرلەمان، لەگەڵ وەزارەتی ناوخۆ قسە بکەن، هەر ئەندامێک کە ئێستا مافی ئەوەیان دراوەتێ سێ پۆلیسیان لەگەڵدا بێت، ئەوانی تریش کە ئەندامی پەرلەمان بە خۆی مەسرەفیان دەکات ئەوانیش ناسنامەیان بۆ بکرێت، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەمە بەوە چارە نابێت، چونکە بەپێی ئەو رێککەوتنەی کە کراوە ئەندامی پەرلەمان دەتوانێ تەنیا ئەم سێ پۆلیسە لەگەڵیدا بێت، ئەوانی تر کە زیادە و لەگەڵ خۆیدا دەیان هێنێ، چونکی خۆی بە پێویستی دەزانێ زۆرتر خەڵکی لەگەڵدا بێت و، خۆی دەیانژێنێ.

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

قسەکەت راستە، بەڵام من مەبەستم ئەوەیە هەندێ جار پاسەوانەکە لەگەڵ ئەندام نابێت، بۆ نموونە هەندێ جار بە کارێک ئەندام دەینێرێتە بازاڕ، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەڕێز ئەیاد پێویست ناکات ئەوەندە بچینە ناو تەفاسیلەوە، ئێمە دەڵێین ئەگەر پاسەوان مۆڵەتی نەبێ، ئەوا وەزارەتی ناوخۆ مۆڵەتی پێ دەدات، چونکە ئێمە یاسای هەڵگرتنی چەکمان نییە.

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڵێ منیش مەبەستم مۆڵەتە، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئینجا ئێستا با خاڵی سێیەمی بەرنامەی کار ببێت بە خاڵی دووەم، تا بەڕێز وەزیری دارایی دێت بۆ ئێرە. ئێستا باسی چۆنیەتی تەقینەوەی (مین) لە چاپخانەی زانکۆ دەکەین، ئەم خاڵە فراکسیۆنی سەوز پێشنیاری کردووە، جا ئەو خاڵەمان بۆ روون بکەنەوە.

**بەڕێز عیززەدین مستەفا رەسول:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لە پێشەوە بەناوی هەموومانەوە پیرۆزبایی لە د. محەمەد فازڵ قەفتان دەکەم کە لەو نەخشە گڵاوە رزگاری بووە، بەسەلامەتی هاتۆتەوە ناومان، تەقینەوەی بۆمبایەک لە شوێنێکی گشتی وەهادا

و، له ژووری تایبەتی بەڕێوەبەری چاپخانەکە کە برامان ئەندامی پەرلەمان (د.فازڵ)ە کە زۆر شت بۆی دەچێ واپێ دەچێ کە بۆکەسی خۆی دانرا بێ، نەک بۆ چاپخانەکە ئەگینا لەناو مەکینەکان دادەنرا. دکتۆر قەفتان وەک دەیناسین یاریدەدەری پرۆفیسۆرە لە زانکۆی سەلاحەدین، نووسەری کۆمەڵێک کتێبی ئەدەبی و ئابوورییە و، لە ریزی پێشەوەی ئابووری نووسەکانمانە و تێکۆشەرێکە لە بزووتنەی ئازادیخوازی کورددا و، پێویستە لەم مەسەلەیە بەوردی بکۆڵرێتەوەو، هیوادارم ئێمە لەلایەن پەرلەمانەوە یاداشتێک بەناوی سەرۆکایەتی پەرلەمانەوەو، بەناوی پەرلەمانە دەربکەین، هەروەها وریای ئەوەبین کە کۆنە سیخورەکانی رژێم هەندێکیان هێشتا لە هاتووچووی بەغدا نەکەوتوون و، زیاتر چاومان لێیان بێت بۆ ئەوەی کارەساتی تر روونەدات، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس د.عیزەدین دەکەین بۆ ئەو ئەم باسەی کردی دەربارەی ئەم تەقینەوەیە.

**بەڕێز بەختیار حەیدەر عوسمان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

تەنیا پرسیارێک هەیە ئەم رووداوە چۆن بووەو، ئەو لێکۆڵینەوەی کە کراوە گەیشتووەتە ئەنجام یان نا؟ بۆ ئەوەی بتوانین رای خۆمان دەرببڕین، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەگەر گەشتبوایە ئەنجام رادەگەیەنرا، ئێستا ئێمە ناتوانین بڵێین گەیشتوونەتە ئەنجام یان نا.

**بەڕێز د. کەمال جەلال غەریب:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

وەک بیستوومانە جاران کە رووداوێکی کوشتن دەبوو پۆلیس دەچوون لێکۆڵینەوەیان دەکرد و کەسیشیان دەست نەدەکەوت، لێکۆڵینەوەیەکەیان دادەخست و، لەسەریان دەنووسی (لقد قبضنا على القاتل وهرب القاتل والتحقيقات جارية)، لەگەڵ رێزمدا بۆ ئاسایش و پۆلیسی ئێستامان، کەوا تەمەنیان کەمەو تواناشیان کەمەو بە ئەرکی خۆیان هەڵدەستن، بەڵام ئەوەی تێبینی دەکرێت، لە تەندروستیدا دەگوترێت (الوقاية خير من العلاج) خۆپاراستن لەوە باشترە کە تۆ تووش بیت و خۆت چارە بکەیت، لەبەر ئەوە بەرای من ئەم رووداوانە پێش ئەوەی رووبدات ئیحتیاتی بۆ بکرێ نەک شتەکە رووبدات ئینجا فریای بکەوین، دوو سێ رۆژ لەمەو پێش لەبەردەم ئوتێلی مەولەوی لە سلێمانی دا تەقینەوە روویدا، (٣٠٠) پۆلیس بەرەو شوێنی تەقینەوەکە رایان کردووە، هەر بەنیازی ئەوەبوو کە فریای ئەوان بکەون کە برینداڕن و، بەرکەوتوون، بەڵام من خۆم دەڵێم ئەو (٣٠٠) پۆلیسە ئەگەر بەناو شار بڵاوببنەوە و سەری فلکەکان بگرن، یەکێک بگرن کەتورەکەیەکی پێیە یان شتێکی غەریبی پێیە بیپشکنن بارودۆخەکە باشتر دەبێت.

پێشنیارێکی ترم هەیە ئەویش ئەوەیە خەڵاتێک دابنرێت بۆ ئەوە کەسانەی کە خەبەر دەدەن ، بۆ ئەوەی ببێتە هاندەرێک بۆ هاووڵاتییان کە هاوکاری پۆلیس بکەن، سوپاس.

**بەڕێز جـــێگری ســـەرۆکی ئەنجـــومـــەن:**

ئێمە بڕیارمان دەرکرد هەتاکو ئیعدام بوو بۆ ئەو کەسانەی کە تەقەمەنی دەتەقێننەوە و، تەئکید لە هەموو لایەک هەیە و، لەوەزارەتیش هەیە کە پێویستە ئاگاداری بن، بەڵام ئایا دەتوانرێ کارێکی وا بکرێ ئەمە بەتەواوی لە کوردستاندا نەمێنێ کوردستانێک کە بە جانەوەرترین دوژمن دەوری داوە، کە هێشتا پەیوەندیی ئابووری هەیە لەگەڵ ئەم ڕژێمە. ئەو ڕژێمەی کە (٢٤) ساڵ حوکمی عێراقی کردووە بە کوردستانیشەوەو، بنکەو خەڵکی نۆکەری داناوە، کە وابزانم داوای ئەوە بکەین کە هیچ تەقینەوەیەک نەبێ وبزانم ئەمە شتێکی نموونەییییە، بەڵام وردە وردە ئەمە چارەسەر دەکرێ.

**بەڕێز حـــەســـەن حـــەمـــیـــد ڕەحـــیم:**

**بەڕێز ســـــەرۆکی ئـەنجــــــومـــــــەن.**

ئێمە داوامان کردووە کە پاکسازی بکرێ، بەڵام هەتا ئێستا نەکراوە، ڕەنگە لەو فەرمانگانە بەکرێ گیراوی ڕژێم هەبێ ئەمە یەک.

دوو، نەبوونی ئیجرائات، ئێستا لە بەندیخانەکان چەندین بەندی هەنە کە زمانی خۆیان دان بەوە دادەنێن کە تاوانیان کردووەو، چەند کیلۆ (TNT)یان هێناوە تا ئێستا هیچ ئیجرائات نەکراوە.

من پرسیار دەکەم ئایا ئەمە بە هۆی نەبوونی دادگای پێداچوونەوەیە؟، چونکە چەند کەسێک فەرمانی ئیعدامیان دەرچووە، تا ئێستا جێبەجێ نەکراوە، هەروەها داوای ئەوە دەکەم کە خەڵک هۆشیار بکرێنەوە دەربارەی ئەم جۆرە مەسەلانە، سوپاس

**بەڕێز د. قـــاسم مـــحـــەمـــەد قـــاسم:**

**بـەڕێـز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــومـــــەن.**

بە بڕوای من ئەم کردارانە لە بێ هێزی دوژمنانە، چونکە ئەو کەسەی کە تێکدان دەکا هەموو دەم هەر ئەو لاوازە، ئەمریکا هیچ تێکدان ناکات، لەبەرئەوەی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا دەوڵەتێکی بە هێزەو توانای زۆرە ئەمە یەک.

دووەم، من بەباشی دەزانم د.فازڵ خۆی بۆمان ڕوون بکاتەوە کە ڕووداوەکە چۆن بووە؟، سوپاس.

**بەڕێز جـــــەلال جـــــەوهـەر عـــــەزیز:**

**بـەڕێـز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــومـــــەن.**

لەسەرەتای مانگی (١١)دا ئێمە لێرە یاسای تەقەمەنیمان پەسەند کرد، دیارە لەو ماوەیەدا تەقینەوە زیاد بووە، هەر لەو ماوەیەدا چەندین گروپ لەسەر هەمان هۆ گیراون، تا ئێستا لەناو

زیندانەکانی خۆمانن، بەڵام یاسایان بەسەردا جێبەجێ ناکرێت، جا من پێشنیار دەکەم کە ئەنجوومەنی دادوەری پەلە بکات لە دانانی دامودەزگاکانی بۆ ئەوەی بتوانرێت بەندەکانی ئەم یاسایە جێبەجێ بکرێن، سوپاس

**بەڕێز بارزان خالید عەزیز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

من پێشنیار دەکەم کە بەڕێز د.فازڵ خۆی باسی ئەم مەسەلەیە بکات، چونکە ئێمە باسی مەسەلەیەک دەکەین کە ئێمە ئاگامان لێ نییە چۆن روویدا؟، سوپاس.

**بەڕێز شەوکەت حاجی موشیر ئەحمەد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئێمە چەند جار باسمان کردووە، هۆی ئەم تێکدانە لە کوردستان پاکسازی نەکردنە لە ناو ریزەکانی خۆمان بۆیە ئەم رووداوانە روو دەدەن.

خاڵێکی تر هەیە ئەویش دانەخستنی سنووری نێوان ئێمە و رژێمی عێراقە، نازانم ئێمە تا ئێستا چ سوودێکمان لەو رژێمە وەرگرتووە بۆ ئەوەی ئەم سنوورە دانەخەین؟، بەتایبەتی ئەو یارمەتییانەی کە لەو رێگایە بۆمان دێت، هەمووی دەدزرێن، لەبەر ئەوە داوا دەکەم سنووری نێوان ئێمە و، رژێمی عێراق دابخرێت، سوپاس.

**بەڕێز د. محەمەد فازڵ قەفتان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

سوپاس هەستی هەموو لایەک دەکەم.

رۆژی یەک شەممە کاتژمێر (٥ر١٢) کاتێک لە ژووری خۆم دانیشتبووم رووداوەکە دەستی پێکرد، بەڵام مینەکە کاتژمێر (٥٥ر١٢) دەقیقە تەقییەوە. لە بەیانییەوە چەندین کەس هاتن بۆ لام، بەڵام دوا کەس کە هات بۆ لام کچێک بوو کەناوی (ناجحە)یە فەرمانبەرە لە بەشی ناوخۆ، پێش رۆژێک هەر هەمان کچ هات بۆ لام، بەڵام کە زانی قەرەباڵغە دووەم رۆژ هاتبوو لە بەیانییەوە چاوەڕوانی کردبوو تا ژوورەکەم چۆڵ بێت، بە سکرتێری منی گوتبوو دەمەوێ بەتەنیا بیبینم، کە لای من چۆڵ بوو هات بەهەر حاڵ لەو شوێنەی دانیشتبوو کە تەقینەوەکەی لێ روویدا مێزەکە لە ناوەڕاستماندا بوو، نازانم چۆن لەژێر مێزەکەی دایناوە؟، پاڵتۆی لەبەربوو من گومانم لەو کچە هەیە و، ئێستا چەند کەس گیراون و لێکۆڵینەوەیان لەگەڵدا دەکرێت کە هێشتا دانیان نەناوە، ئینجا ئەو کچە زۆر گومانی لەسەرە، چونکە لەناو زانکۆ کەس نییە نەیناسێ پەیوەندییەکی تەواوی هەیە لەگەڵ ئەمن و دەزگاکانی رژێمدا. پێش ئەوەی کە هاتبووە لای من دووجار سێ جار ئاوی خواردووەتەوە لە ژووری سکرتێرەکەم دیارە زمانی وشک بووە و دوو دڵ بووە، هەروەها پێش ئەوەی بێتە لام چووە بۆ دەست شووشتن کێ دەڵێ نەچووە مینەکە (توقیت) بکات؟، من زیاتر گومانم لەو کچە هەیە.

ئێستا لێکۆڵینەوە بەردەوامەو فەرمانبەری پرسگە گیراوەو، چونکە ئەم فەرمانبەرە رۆژی تەقینەوە ناوی خەڵکی نەنووسیوە ئەویشیان بردووەتە لێکۆڵینەوە کە بۆ ناوی خەڵکەکەی نەنووسیوە، هەروەها کابرایەکی غەریب لەو ناوە بووە، ئاسایش ئەمیشی گرتووە، خەریکە بابەتەکە دەتۆژرێتەوە و، چەند کەسێکی تر پەیوەندییان پێوە هەیە، کاتێ کە ئەم کچە چووە دەرەوە من پەلەم بووم خێرا دەرگاکەم داخست، لەبەر ئەوەی وانەم هەبوو لە کۆلێژ، بۆ ماوەی (١٠) دەقیقە هەندێ رێنماییم دا فەرمانبەرەکان، یەکسەر هاتمە دەرەوە چووم بۆ ناو سەیارەکەم، ئەو کاتە کاتژمێر (١) پێنج دەقیقەی دەویست زرمەکە هەستا من لەو کاتەدا لەناو سەیارەکەم بووم لەگەڵ چەند فەرمانبەرێک قسەم دەکرد، ئەم کاتە کارەبامان نەبوو، گازوایلیشمان نەمابوو(٢) فەرمانبەرم ناردبوو بۆ دهۆک گاز بێنن، ئیتر فەرمانبەرە ئافرەتەکان هاتنە خوارەوە (زۆربەی فەرمانبەرەکان کچن) کە هاتنە دەرەوە من خۆم کرد بە ژوورەوە، لەگەڵ ئەو دوو سێ فەرمانبەرەی کە لەگەڵمدا راوەستابوون، بۆ ئەوەی بزانین چ روویدا بە هەرحاڵ زیانی گیانی نەبوو، بەڵام بەشی ئیدارەی چاپخانە هەمووی رووخاوەو، پەنجەرەکان هەمووی شکان بە خێرا تەلەفۆن کرا بۆ ئاسایش، برادەرانی پۆلیس و ئاسایش، خێرا گەیشتن پاشان گەڕان بەناو چاپخانەدا ئەوان دۆزیانەوە کە تەقینەوەکە لەناو ژوورەکەی منە.

ئێستاش بابەتەکە لەبەردەمی ئاسایشە، ئێمە گومانمان لەو فەرمانبەرە ئافرەتەیە، بەڵام ئەوەی تکای منە لە پەرلەمان و، لە سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیران کە ئەم بابەتە ون نەکەن، بەوردی لێی بکۆڵنەوە بە شێوەیەک مافی مرۆڤ پێشێل نەکرێ و، بەشێوەی یاسایی بێ، گرنگ لێرە ئەوەیە ئەم کەسانەی ئەم کارەیان کردووە، سزای خۆیان وەرگرن بە پێی یاسا، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجوومەن:**

بەراستی ئێمە ئەو پێشنیارەی جەنابت دەگەیەنین بە ئەنجوومەنی وەزیران و، تەئکید لەسەر ئەو شتانە دەکەینەوە کە بەڕێزان باسیان کرد کە هۆشیار بین لە بوونی مرۆڤی خراپ لە دەزگاکانی دەوڵەتدا، وە هەوڵدان بۆ ئەوەی ئەم جۆرە خەڵکانە نەمێنن.

**بەڕێز فرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

من پیرۆزبایی لە د.فازڵ دەکەم کە رزگاری بوو لەو پیلانە، بەڵام من نازانم بۆ د.عیزەدین تەنیا رووداوێکی کردۆتە نموونە لە کاتێکدا دیاردەی تەقینەوە بۆتە دیاردەیەکی گشتی لە کوردستاندا؟، پێش ئەوە لە ژووری پارێزگار دانراوە، نازانم بۆ دەبێ رووداوێک بکەین بەنموونەو، نارەزایی و بێزاری خۆمان تەنیا بەرامبەر ئەم رووداوە دربربرین؟، ئێمە پێشەکی بێزاری و نارەزایی خۆمان بەرامبەر هەموو تەقینەوەکان دەربڕیووەن ئەمەیەک.

دووەم: من لەگەڵ ئەوەدانیم کە ئێمە لە فەرمانگەکانی ئێمەدا پاکسازی نەکراوە، لەبەر ئەوەی خەڵکی گومان لێکراو هەیە ئەم رووداوانە روو دەدات، بەرای من لەناو حزبەکانی کوردستان

پاکسازیان نەکردووە خەڵکێکی خراپ کەوتۆتە ناو حزبەکان، ئەم کچە ئەگەر ئەوە بێت ئەم تەقینەوەی کردبێ، ئەوە ئەو کچە لەژێر چاودێری حزبێکە، ئینجا پارتییە، یەکێتییە، حزبی شیوعی یە؟ ،یەکێک لەڕێکخراوەکانی خۆمانە، لەبەر ئەوە بەرای من پێش ئەوەی پاکسازی لە فەرمانگەکان بکەین، دەبێ پاکسازی لەناو ریزەکانی خۆمان بکەین، ئەگەر ئێمە ئەمەمان کرد، ئەوا گومان لێکراوان خۆیان ناتوانن ئەم جۆرە کردەوانە بکەن، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئێستاش بەخێر هاتنی وەزیری دارایی دەکەین. هیوامان وایە پاش ئەوەی وەزارەتەکەتان کاروباری بردووە بەڕێوە راپۆرتێک دەربارەی چالاکیەکانی ئەو وەزارەتە پێشکەش بکەن و، تا ئێستا ئەو کۆسپانەی کە هاتونە بەردەمی چی بوون و، پلانیان بۆ ساڵی ئایندە چییە؟.
ئێمەش مژدەیەکمان بۆ بەڕێز وەزیری دارایی هەیە ئەویش ئەوەیە، کە ئەندامانی پەرلەمان بڕیاریان داوە نیوەی مووچەکەیان وەکو بەخشیش بگەڕێننەوە بۆ گەنجینەی دەوڵەت، لەبەر ئەوەی باری ئابووری وڵاتەکەمان نالەبارە، ئەمڕۆ بە نووسراوێکی رەسمی ئەمەمان ئاراستەی وەزارەت کردووە.

**بەڕێز د. سەلاحەدین محەمەد حەسەن/وەزیری دارایی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

زۆر بەخۆش حاڵیەوە پیرۆزباییتان لێ دەکەم، لەم دانیشتنە، و هیوادارم کە بتوانم لەم ماوە کورتەدا، هەندێ خاڵ بخەمە بەرچاوی بەڕێزتان کە وەزارەتەکەمان پێی هەستاوە لە رۆژی (١٩٩٢/٧/٤)ەوە، واتا نزیکەی ٦ مانگە وەزارەتەکەمان لەم ماوەیەدا بەو کارانە هەستاوە:
یەکەم: کاتێ کە وەزارەتی دارایی دەست بەکاربوو، هاتە سەر کەلاوەیەک، ئەم وەزارەتە دروست بوو لە جێگەی بەناو (ئەمینداریێتی گشتی دارایی و ئابووری) لە کاتی ئۆتۆنۆمی پوچەڵدا کە بریتی بوو لەچەند فەرمانگەیەک کەوا پەیوەندییان هەبوو بەدابین کردنی ئازووقە و، کەلوپەلی بیناسازی و بازرگانی. ئەم فەرمانگانە هەرچەندە بەناو سەربە ئۆتۆنۆمی بوون، بەڵام لەبنەڕەتدا فەرمان ورێنماییان یەکسەر لە رژێمەوە بۆ دەهات.
بەمەستی دروست بوونی دامودەزگایەکی پێشکەوتووی لێ هاتوو، وەزارەتەکەمان دەستی کرد بەدانانی قەوارە (هەیکل) بۆ وەزارەت و، دانانی یاسایەک بۆی کە لە کۆتاییدا ئەم یاسایە خرایە بەردەم ئەنجوومەنی نیشتمانیی بەڕێز و، پەسەند کرا لەلایەن پەرلەمانەوە، ئەمەش بووە هۆی ئەوەی کەوا زۆر فەرمانگەی تر ببەسترێنەوە بە وەزارەتەکەمانەوە، لەکاتی خۆیدا ئەم فەرمانگانە سەر بە دەسەڵاتی ناوەندی بوون وەکو بانقەکان بە هەموو جۆرەکانیەوە کۆمپانیای (تأمین) و، گەنجینەی پارێزگاکان و، فەرمانگەی خانەنیشینەکان ئەمانە کاتی خۆی یەکسەر پەیوەندیان هەبووە بەدەسەڵاتی ناوەندەوە، بەڵام پاش قەوارەکە و یاسای وەزارەتەکەمان ئێستا ئەم فەرمانگانە رێکخراون لە ژێر ئەم هەیکەلەدا، هەروەها باجی داهات (ضريبە دخل) لە هەموو پارێزگاکانی

کوردستاندا هەیە.
خستنەوەگەڕی ئەم فەرمانگانە، بەراستی کارێکی ئاسان نەبووە، زۆر گیروگرفت هاتە ڕێگامان، بەڵام بە هیمەتی فەرمانبەرانی لێهاتووی وەزارەتەکەمان، توانیمان بەسەر زۆربەی گیروگرفتی وەزارەتەکەمان زاڵ بین و، بەهۆی پچڕانی پەیوەندیی ڕژێم لەگەڵ هەموو فەرمانگەکانی سەر بە وەزارەتەکەمان تا ئێستا ئەرکەکانی هەندێ لەم فەرمانگانە کەوتۆتە سەرشانی وەزارەتەکەمان، هەرچەندە لە حکوومەتی فیدرالی لە زۆر وڵاتدا، هەندێ چالاکی ئەم فەرمانگانە پەیوەندییان یەکسەر بە حکومەتی ناوەندییەوە هەیە، وەکو بانقەکان، کۆمپانیاکانی (تەئمین).
دووەم: بۆ کۆکردنەوەی داهاتی گەنجینەی کوردستان وەزارەتەکەمان دەستی کرد بە ڕێکخستنی سەرچاوەی داهات بەم شێوەیەی خوارەوە:

١ــ سەرچاوە داهاتە تەقلیدییەکان وەکو باجی داهات (ضریبە الدخل)، باجی خانووبەرە (عقار)، باجی (رسوم) بە هەموو جۆرەکانییەوە، کۆبوونەوە کرا لەگەڵ لێپرسراوانی پارێزگاکان بۆ ئەم مەبەستەو، بەتایبەتی بۆ باجی داهات و خانووبەرە، هەروەها چاوێک خشێنرایەوە بە ڕێژەی باجی داهات، لە ئەنجامدا (٨٤) چالاکی تر دۆزرانەوە کەوا پێویستە باجیان لێ وەرگیرێ بۆ نموونە (چالاکی زێرنگرەکان، دروست کردنی ددانی دەستکرد، وێنەگرەکان، تاقیگەکان)، هەروەها ڕێنمایی دەرچوو بۆ وەزارەتەکان، کە داهاتەکانیان کۆبکەنەوەو، شێوەیەکی ڕێکوپێک وەربگیرێت و، تۆمار بکرێت بەناوی وەزارەتی داراییەوە.

٢ــ داهاتی گومرک: بە پێی بڕیاری سەرکردایەتیی بەرەی کوردستانی و، ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستان و، بڕیاری حکومەتی هەرێمی کوردستان، کەوا داهاتەکانی گومرگ سەر بە وەزارەتی دارایی بێت و، وەزارەتەکەمان بەرپرسیار بێت لە کۆکردنەوەی، بۆ مەبەستی ڕێکخستنی وەرگرتنی ئەم داهاتە، وەزارەتەکەمان هەر لە یەکەم ڕۆژەوە دەستی کرد بە دانانی مەئمور و، فەرمانبەرانی گومرگ لە خاڵی گومرکەکاندا، بۆ وەرگرتنی داهاتی گومرگ بە شێوەیەکی ئسولی ڕێکوپێک و، بۆ هەمان مەبەست چاو خشێنرایەوە بە یاسای گومرگ بۆ ئەوەی سەرانسەری کوردستان یەک بخرێت.لیستەیەک هەیە دەربارەی ژمارە و داهاتی گومرک و، داهاتی باجی خانووبەرەو، داهاتی باجی داهات، ئەگەر بتانەوێ ئەم ژمارانە بۆتان ڕوون دەکەمەوە، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجوومەن:**

فەرموو ژمارەکان بخوێنەوە.

**بەڕێز د. سەلاحەدین محەمەد حەسەن/وەزیری دارایی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

١ــ داهاتی گومرک لە مانگەکانی (تەموز ــ ئاب ــ ئەیلوول ــ تشرینی یەکەم ــ تشرینی دووەم) بەم شێوەیەی خوارەوەیە:

پارێزگای هەولێر/ ٣٥ر١٢٧ر٨٢٠ ملیۆن.
پارێزگای سلێمانی/ ٦٧ر٣٨٢ر٨٢٩ملیۆن.
پارێزگای دهۆک/ ٢١٠ر٦٢٦ر٢٢٩ ملیۆن.
٢ـ داهاتی باجی خانووبەرە بۆ ١١ مانگ لە ساڵی ١٩٩٢:
هەولێر/ ١ر١٣٣ر٣٧٤ملیۆن.
سلێمانی/ ١ر١٣٥ر٤٠٣ ملیۆن.
دهۆک/ ٤٩ر٦٩١ هەزار.
٣ـ داهاتی باجی داهات بۆ ١١ مانگ:
هەولێر/ ١ر٦٩٧ر٧٦٤ ملیۆن.
سلێمانی/ ١ر٥٠٧ر٩٠٩ ملیۆن.
دهۆک/ ١٥٦ر٢٢٧ هەزار.

سێیەم ـ وەزارەتەکەمان بە شێوەیەکی بەپەلە، بوودجەیەکی کاتی دانا، بۆ سێ مانگ واتا (مانگی ١٠ـ١١ـ١٢) بۆ هەموو وەزارەتەکان و،خرایە بەردەم ئەنجوومەنی نیشتمانیی و، پەسەند کرا. ئەم سێ مانگە بەم بوودجەیە کارکراوەو، لەهەمان کاتدا لەم مانگەدا بە تەرکیز بوودجەی ساڵی ١٩٩٢ دروست بووە و، رۆژانە لەم ماوەیەدا لەگەڵ وەزارەتەکاندا کۆبوونەوە بەستراوە، بۆ رێکخستنی ئەو بوودجەی ساڵی (١٩٩٣) کە ئێستا ئەو بوودجەیە ئامادەیە بۆ ئەوەی بخرێتە بەردەم ئەنجوومەنی وەزیران و، لەپاشان بخرێتە بەردەم ئەنجوومەنی نیشتمانیی بۆ لێکۆڵینەوە و بڕیاردان لەسەری. وەزارەتەکەمان توانی لەم ماوە کورتەدا، سەرەڕای دابینکردنی پێداویستییەکان، واتا بڕگەو فەسڵەکانی بوودجەی کاتی ئەو قەرزانە بداتەوە کە بریتین لە مووچەی کەڵەکەبووی فەرمانبەران بۆ چوار مانگ، بێجگە لەوەی کە چوار مانگ مووچەی فەرمانبەران قەرزار بووین، کاتی بەرەی کوردستانی تا ئێستا قەرزەکانمان لەسەر نەماوە هەموومان داوە کە بریتی بوون لە مووچەی فەرمانبەران.

چوارەم: وەزارەتەکەمان توانی بانقەکانی هەرێمی کوردستان رێک بخاتەوە و، لقی بانقی مەرکەزی دابنێ و، بۆ هەرێمی کوردستان کەوا سەرپەرشتی بکات لەرووی تەکنیکی وبەڕێوەبردنەوە بەسەر بانقەکانی هەرێمی کوردستاندا و، بۆ هەمان مەبەست بانقەکانی (کشتوکاڵ، پیشەسازی، عەقاری) دەستیان کرد بە وەرگرتنەوەی قەرزەکانیان و، خۆشحاڵانە ئێستا ئەو بانقانە رەسیدی تایبەتی خۆیان هەیەو، بانقی پیشەسازی دەستی کردەوە بە چالاکییەکانی و، دانی قەرز بەکەرتی تایبەتی بۆ ئەوەی پرۆژەکانیان بخەنەوە کار، هەروەها سەبارەت رێکخستنی سیستمی بانکەکان، وەزارەتەکەمان دەستی کرد بە مۆڵەتدان (اجازە الصرافین)، بۆ ئەوەی کاری بازاڕی رەش نەهێڵێ بۆ گۆڕینەوەی دراوی قورس، جگە لەوانە هەرچی بگیرێ، پارەکەی دەستی بەسەر دادەگیرێ و بە ناشەرعی دادەنرێت، بۆ ئەمە

خۆشحاڵانە بەتایبەتی لە شاری هەولێردا توانیمانە مۆڵەتەکان تەواو بکەین، بەڵام بەداخەوە تا ئێستا لە پارێزگای سلێمانی و، دهۆکدا هێشتا داواکاری سەرافەکان تەواو نەبووە و، کارەکانیان هەرماوە و، داهاتەکانی گومرک ئێستا لە بانقەکان دادەنرێ و، گومرگیش نزیکەی دوو مانگە دەستی پێکردووە، کە بەشێکی بەدۆلارە وەردەگیرێ لە جیاتی دینار، کەواتە ئێستا دوو داهاتی گومرکیمان هەیە یەکێکیان دینارە ئەوی تریان دۆلارە، بۆ ئەوەی هەندێ پێداویستی پێ دابین بکەین کەوا پێویستی بە دۆلار هەیە.

لە ئاستی بازرگانییەوە توانرا رێسایەک دابنرێ بۆ دانانی مۆڵەتی هێنان (استراد) و، لەم رۆژانەدا ئەم رێسایانە تەواو دەبێ و، لەمەودوا بە گوێرەی ئەو رێسایانە مۆڵەت دەدرێ بە بازرگانەکان بۆ هێنانی کەلوپەل، ئەمەش لە ئارادایە کەلوپەلی خۆراکی سەرەکی کە دێت گومرکیان لەسەر لابیرێت.

شەشەم ــ هەروەکو ئاشکرایە رێژەی هێنانی خواردەمەنی سەرەکی (مواد غذائی) لەلایەن رژێمەوە لەسەرەتا ( ٤٠ ٪ ) بووە، وردە وردە ئەم رێژەیە کەم بۆتەوە ئێستا لەم مانگەی دواییدا بۆتە لە ( ١٠ ٪ )، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا وزارەتەکەمان توانی لەگەڵ رێکخراوە خێرخوازەکان کەلوپەلی خواردەمەنی دابەش بکات، لە رێگەی وەکیلەکان بەسەر هاووڵاتییان دابەش دەکرێ.

سەبارەت بە وەکیلەکان لە چەندین شوێندا چاوخشێنراوەتەوە بەو وەکالەتانەدا، بۆ ئەوەی وەکالەتە خەیاڵییەکان نەمێنێن، بەڵام بەداخەوە لە زۆر شوێن وەکالەتی خەیاڵی هێشتا ماون و، لەهەمان کاتدا وەزارەتەکەمان بە هاوکاری لەگەڵ بەرەی کوردستانی لە دهۆک توانی (١٢) هەزار تەن گەنم بکرێت و دابینێ لە سایلۆی زاخۆدا و، ئەم گەنمە خۆشحاڵانە ئێستا فریامان کەوت، ئەوەبوو لەسەر بڕیاری ئەنجوومەنی نیشتمانیی (٢) هەزار تەن ناردمان بۆ چەمچەماڵ، (٣) هەزار تەنی بۆ ناوچەی کەلار. ئێستا (٣) هەزار تەنی لێرەیە لە هەولێر و، ئەوەی تر لە دهۆکە.

کاروباری خانەنیشنەکان واتا (قضیە المتقاعدین)، ئەمیش وەزارەتەکەمان بەرپرسیارە لە رێکخستنی کاروباری خانەنیشینەکان بەتایبەتی ئەو فەرمانبەرانەی کە لە سایەی حکومەتی کوردستاندا ئێستا خانەنیش دەکرێن بە شێوەیەکی رێکوپێک لە پارێزگاکاندا ئیجرائاتی خانەنشینیان بۆ دەکرێت و، مووچەی خۆیان وەردەگرن، بەڵام بەداخەوە تا ئێستا نەمانتوانیوە کاروباری خانەنیشینە کۆنەکان دابین بکەین، ئەویش دابین کردنی مووچەیانە، لەبەر ئەوەی باری دەرامەت لە کوردستاندا نالەبارە، هیوادارم کە باری دارییمان باش بوو بتوانین دابینی مووچەی ئەو فەرمانبەرە خانەنیشنانە بکەین.

هەروەها وەزارەتەکەمان بۆ زیاد کردنی داهات دەستی کرد بە دانانی یاسای رەسمی پول کەوا لەبەردەمی ئەنجوومەنی نیشتمانییە، هەروەها پرۆژەیەکی تر وەزارەتەکەمان ئامادەی کردووە

بەمەبەستی دروست بوونی ژووری یەکێتی بازرگانی و پیشەسازی لە هەرێمی کوردستاندا کە ئێستا ئەم پرۆژەیە لەبەردەم ئەنجوومەنی وەزیران دایە، پاش ئەوەی پەسەندی دەکەن، دەینرێین بۆ بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەنی نیشتمانیی بۆ پەسەند کردنی لەپەرلەمان، ئەمە بوو بەکورتی چالاکییەکانی وەزارەتەکەمان، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هەندێ گیروگرفت هاتە بەردەممان کە بریتین لەمانە:

بەراستی تا ئێستا نەمانتوانیوە بەباشی داهاتی گومرگ کۆبکەینەوە، هۆیەکەشی ئەوەیە کە زۆر ئیدارات نەگەڕاوەتەوە شوێنی خۆی، بۆ قەزاو ناحیەکان، پێکهاتنی پۆلیسی گومرک هێشتا تەواو نەبووە،لەبەر ئەوە لە زۆر شوێندا سەرپێچی هەیە لەسەر داهاتی گومرک و، دزی و درۆزنی و جەردەیی بەردەوامن کە دەبێتە هۆی کەم کردنەوەی داهاتەکە و، هیوادارم پاش ڕێکخستنی کاروباری پێشمەرگە و تەشکیلاتی پۆلیس کە ئەو دیاردەیەش نەمێنێ هەموو داهاتی گومرک بە شێوەیەکی ڕێک و پێک بێتەوە بۆ گەنجینەی کوردستان.

لەبەر نەبوونی سەرژمێری دانیشتوان هێشتا نەمانتوانیوە دەست بگرین بەسەر پسوولەکانی کەلوپەلی خواردەمەنی بە شێوەیەکی ڕێکوپێک، لەبەر ئەوە هێشتا پسوولەی خەیاڵی لە زۆر شوێن هەیە و، ئێستا پێش نەختێک جێگری پارێزگاری هەولێر لام بوو، کە داوای دەکرد (٢٠) هەزار دیناری بۆ تەرخان بکەین، بۆ ئەوەی جارێکی تر چاوبخشێنرێتەوە بەو وکالاتانەی سەبارەت بە پارێزگاری هەولێرەوە، هیوادارم ئەم کارە کۆتایی بێت بۆ ئەوەی سەرژمێرییەکی باشی دانیشتوان بکەین ئەو کاتە دەردەکەوێت کە هەر خێزانێک چەند کەسە و، پسوولەکان بەشێوەیەکی ڕێکوپێکی بەسەریاندا دابەش دەکرێت. سەبارەت بە بازرگانییەوە نەمانتوانیووە تا ئێستا پەیوەندیی بکەین بە وڵاتە دراوسێکانەوە بەباشی بۆ ئەوەی کاروباری بازرگانی چ لە رووی هێنانەوە چ لە رووی ناردنەوە ئەنجامی بدەین هەر چەندە هەندێ هەوڵمان دا، بەڵام بەداخەوە ئەو هەوڵانە تا ئێستا سەری نەگرتووە بە باشی، هەروەها گیروگرفتی تریش هەیە ئەویش سەرپێچی لەسەر یاساو ئسولی دارایی سەبارەت بە وەزارەتەکانەوە، بەداخەوە تا ئێستا تەجاوز هەیە بۆ سەر ئەو ئسولی خەرج کردن، بۆ ئەمەش پێویستە چاودێری هەبێ، بەڕێزانتان دەزانن چاودێری زۆر جۆری هەیە، وەکو (چاودێری پەرلەمانی، چاودێری دارایی، چاودێری ئیداری)، هیوادارم کاتێک ئەم دەزگایانەی ئەم چاودێریانەیان کەوتەوە کار ئەو سەرپێچییانەش نەمێنێ و، ئێمە بەردەوام ڕێنمایی و نووسراومان نووسیوە بۆ وەزارەتەکان کە پەیڕەوی ڕێسکانی دارایی بکەن، بۆ ئەوەی هیچ تەجاوزێک نەکرێتە سەر یاساو ڕێنماییەکانی دارایی، ئەمە بوو وتەکەم هیوادارم جێی ڕەزامەندی ئێوە بێت، ئێستاش ئامادەم بۆ هەر پرسیارێک بۆ هەر ڕایەک بۆ هەر بۆچوونێک بۆ ئەوەی وەزارەتەکەمان بتوانێ سوودی لێ بکات کەڵکی لێ وەربگرێت لە ساڵی ئاییندەدا، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجوومەن:**

زۆر سوپاس ئێستاش بۆ ماوەی نیو کاتژمێر پشوو وەردەگرین، ئینجا گفتوگۆ تەواو دەکەین.

## پاش پشوودان

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجوومەن:**

بەڕێزان ئێستا دێینە سەر تێبینی ئەندامان، لەبارەی ئەو راپۆرتەی کە بەڕێز وەزیری دلزایی خوێندیەوە، باسی دەکەین، ئەوەی لەو راپۆرتەدا دەرکەوت کە ئەنجوومەنی وەزیران و پەرلەمان و هەموو لایەنێک هاتوونەتە سەر وڵاتێکی کاول بوو، وڵاتێک کە ژێرخان و سەرخانی ئابووری هەمووی کاول ببوو. لە کاتێکدا هاتین بۆ ئەوەی کار بکەین بەدەستەوە داهاتی گومرگ هەروەکو دەردەکەوێ گرنگترین داهاتە بەدەست زۆربەی حزبەکان و رێکخراوەکان بوو و، میلیشیا لەولاو لەو لایە بە هەوەسی خۆی پارەی کۆ دەکردەوە نەبۆ دەوڵەت، بەڵکو بۆ سوودی خۆیان، یاخود سوودی حزبەکان.

ئێستا بۆ زانیاریتان (٢٣) کەس داوای قسەیان کردووە ئەمەش لە وزەدا نییە (٢٣) کەس قسە بکات، لەوانەیە بەلای زۆرەوە (٨) کەس ماوەیان پێ بدرێ قسە بکەن، داوای لێ بوردن لەو ئەندامە بەڕێزانە دەکەین کە ناویان نایەت.

**بەڕیز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

لە پێشەکیدا بەخێر هاتنی بەڕێز وەزیری دارایی و ئابووری دەکەین کە ئەمڕۆ هاتۆتە پەرلەمان رێی بە ئێمە داوە بۆ ئەوەی پرسیاری لێ بکەین بۆ ئەوەی بزانین وەزارەت چی جێبەجێ کردووە.

١ــ لە بڕگە (٥)ی راپۆرتی لیژنەی ئابووریدا ئێمە گووتومانە هێنانە ناوەوە تەنیا بۆ کەلوپەلی خواردەمەنی بێت و، ماوە نەدرێت بە هێنانی کەلوپەلی جوانکاری.

لە بڕگە (٦)ی هەمان راپۆرت هاتووە هاوکاری بکرێ لەگەڵ وەکیلەکانی کەلوپەلی خواردەمەنی بۆ دابەش کردنی.

لە بڕگە (١٣)دا گووتومانە هەموو بانقەکانی کوردستان، کارەکانی خۆیان بکەن (ایداع ــ سحب ــ تحویل)، یاخود بانقی هەولێر ببێتە بانقێکی مەرکەزی سەرپەرشتی لەسەر هەموو بانقەکانی کوردستان بکات و، هەندێک خاڵ دابنێت دەربارەی (تحویل) بۆ کڕین و فرۆشتن و، هەروەها بۆ سەردانی دەرەوەی وڵات.

٢ــ لە راپۆرتی (٨/٩/١٩٩٢) لیژنەی ئابووری، ئێمە دیارمان کرد کە یەکێک لە هۆیەکانی ئاڵۆزی دراوی عێراقی سەرافینی دەرەوەی وڵاتە، داوامان کرد وەزارەت مۆڵەت بداتە سەرافەکان بە هەندێک مەرج و، بەڵێنیان (تعهد) لێ وەربگیرێت کە هیچ هەڵە نەکەن و، ئەوەی مۆڵەتی نەبێ سزا بدرێت، هەموو فەرمانگە رەسمی و نیمچە رەسمییەکان لە هەرێمدا هەموو دراوی عێراقی بەکار بهێنین.

٣ــ لە راپۆرتی ١٥/٩دا ئێمە داخوازیمان لە وەزارەتی ئابووری و دارایی کرد،

بەڕێوبەرایەتییەک، یاخود دەزگایەک بۆ هێنانە ناوەوەو ناردنە دەرەوە پێک بێنێت، هەروەها باسی بازاڕی ڕەش بکات، ئەو بازگە بێ ویژدانانە سزا بدرێن.

لەو کاتە وەزارەتی دارایی و ئابووری بڕیاری دا چاککردنی باری بازرگانی دەرەوە بکرێت، ئێمە نازانین دەربارەی ئەم بابەتە وەزارەت چی کردووە؟.

هەروەها بۆ لیژنەی ئابووری پەرلەمان ئاشکرا بوو کە گەلێک وەکالەتی خەیاڵی لە پارێزگای هەولێرو سلێمانیدا هەیە، هەروەها وەزیرگوتی هیچ هەنگاو نەنراوە، بۆ سزادانی ئەم وەکیلانە، هیوامان وایە کە وەزارەت نەخشەیەکی هەبێت.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەڕێز جەمیل ئەمە دەرچوونە لە سنوور، چونکە ئەمە شتێکی وا گەورە نییە کە لیژنەی ئابووری باسی بکات.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە داخوازیمان کرد بۆ جێبەجێ کردنی بوودجە ڕێنمایی دەرکرێت، بەڵام تا ئێستا بۆ پێکهێنانی ئەو ڕێنماییان وەزارەت هیچ هەنگاوێکی نەناوە.

خاڵێکی تر داخوازیمان کرد بانقەکان بە کاروباری خۆیان هەستن، چونکە بۆمان ئاشکرا بووە کە لە ئیبراهیم خلیل، نووسینگەیەک هەیە بەناوی (مکتب رزگاری) بۆ بەرژەوەندی خۆی دراو ئاڵوگۆڕ دەکات لە ناو حەرەمی گومرگی، ئەمە شتێکە زۆر هەڵەیە پێویستە بانق خۆی بەم کارە هەستێت، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاسی لیژنەی دارایی دەکەین بۆ ئەم ڕاپۆرتە، ئینجا ئەگەر وەزیری دارایی بفەرمووێ تێبینییەکانی بدات لەسەر ئەم ڕاپۆرتە.

**بەڕێز د. سەلاحەدین محەمەد حەسەن/وەزیری دارایی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

سەبارەت بە پرسیارەکانی بەڕێز جەمیل عەبدی سندی دەربارەی کەلوپەلی خواردەمەنی، وەکو من باسم کرد وەکالەتی خەیاڵی زۆری تێدایە و، لە هەر پارێزگایەکدا بڕیار دراوە لیژنەیەک پێک بێت بۆ چاوخشاندنەوە بەو وەکالەتانە، لە سلێمانی ئەنجوومەنی شار و گەڕەکەکانیان پێک هێناوە.

لەهەر پارێزگایەک لیژنەیەکی تایبەتی هەیە بەناوی لیژنەی ئابووری کە سەربە وەزارەتی داراییە و، لە پارێزگادا هەفتانە کۆبوونەویان هەیە بۆ ڕێکخستنی کارەکانمان. لەوانەیە هەندێ تەجاوزات دەرچووە لەو وەکالەتانەی کە هەڵمانوەشاندۆتەوە، بۆ ئەوەی ئەو دزو جەردەیەی نەمێنێت لە لەکەلوپەلی خواردەمەنی، هەروەها لیژنەی لێکۆڵینەوەمان پێک هێناوەو، دراوەتە لیژنەی

ئینزباتی ئێستا چەند کەسێک دراونەتە دادگا بۆ ئەم مەبەستە.
باسی بانقی رشید کرا کە ببێتە بانقێکی ناوەندی و سەرپەرشتی هەموو پارەو دەرامەتەکانی کوردستان بکات، ئێستا بۆ ئەم مەبەستە بەشێکی تازە لە بانقی مەرکەزیمان داناوە واتا لە جیاتی بانکی رشید لقی بانکی مەرکەزی هەڵدەستێت بەم کارانەو، پاش چەند رۆژێکی تر ئەم ئیشانە ئەنجام دەدات.
سەبارەت بە هێنانە ناوەوەو ناردنە دەرەوە (الاستیراد و التصدیر) ئێستا توانیوومانە نەختێک کۆنترۆڵی بکەین و، وەکو گوتم رێسامان داناوە سەبارەت بە هێنان و ناردنە دەرەوە، هەر بازرگانێک ئەندام بێت لە ژووری بازرگانی لە پارێزگا تەزکیەی خۆی بێنێت ئێمە لەوەزارەتدا مۆڵەتی هێنانەناوەوە( استیراد) پێ دەدەین.
ئێستا ئێمە لە وەزارەتدا رێنماییەکانی جێبەجێ کردنی بوودجەمان بە دەستەوەیە بۆ ساڵی تازە، بۆ ئەوەی ئەو رێنماییانەی ئێوە ئاماژەتان بۆ کرد بە شێوەیەکی رێکوپێک دەربچێت و، بەسەر هەموو وەزارەتەکان دابەش بکرێت و، لەهەمان کاتدا ئێمە سەبارەت وەزارەتەکان شتێکمان دەرکردووە دەربارەی (ترشید الاتفاق) ئەمەش بە شێوەی رێنماییەک بووە.
دەربارەی گومرگی ئیبراهیم خەلیل و بانقەکەی، ئێمە هەیکەلێکی تازەمان بۆ داناوە لەو ماوەیەدا بابەتی بانکەکە چارەسەر دەکرێ.
سەبارەت بە مۆڵەتی سەرافەکان بەداخەوە تا ئێستا لە پارێزگای دهۆک و سلێمانیدا مۆڵەتی سەرافەکان رێک نەخراوە بەو شێوەی کە دەمانەوێ وەکو هەولێر، هیوادارین بەم زووانە ئەمەش بتوانین رێک بخەین، سوپاس

**بەڕێز حازم ئەحمەد محمود یوسفی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

پێشەکی سوپاسی وەزیری دارایی دەکەین بۆ ئەو راپۆرتە، ومن دوو (تێبینیم) هەبوو لەسەر راپۆرتەکەی جەنابی وەزیر، سوپاس.
یەکەم: لە راپۆرتەکەیدا دەڵێ لە هەندێ وەزارەتەکان لادان هەیە لەسەر رێساکانی دارایی، لێرە دەبێ وەزارەتی دارایی بەرامبەر ئەو مەسەلانە زۆر توند بن لەگەڵ هەموو وەزارەتەکان نەک تەنیا نەهێڵێ هیچ وەزارەتێک لەرێساکانی دارایی لابدات، بەڵکو پێوستە ئیجرائاتیش وەربگرێت بەرامبەر ئەو وەزارەتانە و، دەستەیەکی چاودێری تایبەت دروست بکرێ بۆ ئەم مەسەلەیە.
دووەم: بەڕێز وەزیری دارایی ئاماژەی کرد بۆ هەندێک باجی تازە، بەڵام باسی باجی زەوی کشتوکاڵی و، کارگەکانی نەکرد، ئێمە وەکو دەزانین پێش ئێستا رژێم باجی لەسەر زەوی کشتوکاڵی و کارگەکان لابرد بوو، بەڵام ئیستا ئێمە پێویستیمان پێیەتی و، دەبێ ئێمەش ئاگامان لەو مەسەلەیە بێت دیراسەی بکەین کە ئایا دەتوانین باجی زەوی کشتوکاڵی و باجی کارگەکان بسەپێنین یان نا؟.

سێیەم: تێبینییەکم هەیە لەسەر خاڵەکانی گومرگی، دوای شەش مانگ لە دامەزراندنی حکومەتی هەرێمی کوردستان وەزارەتی دارایی هەتا ئێستا نەیانتوانیووە خاڵەکانی گومرگی کۆنترۆڵ بکەن، زۆر نموونەشم هەیە بۆ ئەمە دوایی دەیدەم بە وەزیری دارایی زۆرخاڵی گومرگی لەسەرانسەری کوردستان هەیە، هەتا ئێستا لە ژێر دەستی خەڵکی تردا دایەکە پارتی یان یەکێتی یان حزبەکانی تر بن، دەبێ چارەسەری ئەمە بکرێت، سوپاس.

**بەڕێز د.سەلاحەدین محەمەد حەسەن/وەزیری دارایی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

باسی پێشێل کردنی ڕێسایی دارایی کرا لە هەندێ وەزارەتەکان ڕاستە من خۆم ئاماژەم بۆ کرد هەندێ پێشێل کردن هەیە لەلایەن وەزارەتەکان، بەداخەوە لەسەر ڕێساکانی دارایی ناڕۆن، بێگومان لەو وەزارەتانە فەرمانبەری ژمێریاری تیادایە، بەڵام ئەو فەرمانبەرانە پەیڕەوی ئەو ڕێنماییە داراییانە ناکەن، بۆ ئەمەش چاودێری دارایی هەیە، ئێستا دەستەیەکی باڵا خەریکە پێک دێت لە ئەنجوومەنی وەزیران پێی دەڵێن (هيئة الرقابة المالية) سەرپەرشتی چۆنیەتی خەرج کردنی بوودجە دەکات، پێویستە ئەم دەستەیە جێگەی خۆی بەزووترین کات بگرێت و، ئیشەکانی بەرهەم بێنێت، لەهەمان کاتدا وەکو خۆتان دەزانن چاودێری پەرلەمانی هەیە، پەرلەمانیش بۆی هەیە لیژنەی تایبەتی خۆی بچێت وەکو نموونەیەک لە وەزارەتێکدا سەیری بکات پرسیاریان لێ بکات بزانێت چۆن ئەم پارەیە خەرج کراوە؟، لە هەمان کاتدا ئێمە لە وەزارەتی دارایی لیژنە و یەکەی تایبەتییمان هەیەو بەڕێوبەرایەتیەکیش هەیە بە ناوی (مديرية التفتيش المالي) کەواتە ئەو بەڕێوبەرایەتییەش بۆی هەیە بچێت سەرپەرشتی چۆنیەتی خەرجی بوودجە بکات.

لەبارەی باجی تازەوە وەکو باجی کشتوکاڵی و باجی کارگەکان من باسم کرد هەندێ ڕێسامان داناوە بۆ ئەوەی هەندێ چالاکی تر باجیان لێ بسەنین و، هەروەها من لیستەیەکم لایە دەربارەی چالاکییەکانی وەزارەت دەتوانن دوایی سەیری بکەن.

خاڵەکانی گومرگ ڕاستە من باسم کرد کۆنترۆڵ نەکراون، هێشتا دەزگای پۆلیس دانەنراوە، سەرپێچی تاوەکو ئێستا هەیە.

سەبارەت بە گومرگی ئیبراهیم خەلیل، وەختی خۆی ئەو کەسانە لەسەر بنەمای حزبایەتی دانراون نەک لێهاتوویی. ئێستا وەزارەت هەیکەلی میلاکی داناوە، ئەو فەرمانبەرانەی لەوێن شیاوی ئەوم شوێنە نین دەگوازرێنەوە.

سەبارەت بە چاودێری بازرگانی منیش لەگەڵدا ئەم چاودێرییە هەبێت، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجوومەن.**

لەبارەی ئەو خاڵەی کە وەزارەت لەو ڕایەدا نییە کە خۆی کەلوپەل بهێنێت، بەتایبەتی کەلوپەلی خواردەمەنی کە زۆر کاریگەری لەسەر جەماوەر هەیەو، ئێمە دەزانین بارودۆخەکە چۆنەو، چۆن وەکەوتۆتە ژێر دەستی چەند کەسێکی جانەوەر و بێ ویژدانەوە، کەبەڕاستی هیچ بەزەییان نایەت

به جەماوەر ئێمە بارێکی ئاساییمان نییە وابزانم بەڕێزت لەگەڵ پسپۆڕێکی ئینگیلیزیدا دوو جاری تریش باسمان کردبوو کە وتی (دیموکراتیەت لە ژێر ئابڵووقە) ئێمە لە کوردستاندا دیموکراتیەتمان هەیە کە لەژێر ئابڵووقەدایە، وەک بەریتانیا جەنگی جیهانی دووەمە کە شتیان بە پسولە دەکڕی، ناچار بوون مەرکەزییەت بە هێز بکەن، لەگەڵ ئەوەشدا نەیان دەویست کە بریتانیا لەسەر بنەمای ئابووری ئازاد کە (ادم سمث) دایمەزراندوە لابدەن.

**بەڕێز د.سەلاحەدین محەمەد حەسەن/وەزیری دارایی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

لە کاتی تەنگوچەڵەمەدا پێویستە دەوڵەت ڕۆڵی هەبێت هەرچەندە بازاری ئازادیش بێت بۆ ڕێکخستنی هەندێ کاروباری ئابووری من لەگەڵ ئەوەدام، بەڵام لەگەڵ ئەودا نیم کە دەوڵەت سەربەخۆ ئەمە بکات، باشتر ئەوەیە کەرتی تایبەتی (قطاعی خاص) هاوبەشی لەگەڵ دەوڵەتدا بکات، بۆ نموونە ئەگەر کۆمپانیایەکی هاوبەشمان داناو، لە (٥١ ٪)ی سەرمایەی بۆ دەوڵەت (حکومەت) بێت (٤٩ ٪) ئەوان بن، بەڵام ئیدارەکەش ئەوان بیکەن ئەمە باشترە لەوەی کە پێشتر دەمان دیت (اسواق مرکزی) بریتی بوو لە قازانجی چەند فەرمانبەرێک و، چەند بازرگانێکی ناو بازاڕ. لە هەمان کاتدا خاڵێکی تر هەیە دەبێ لەیادمان نەچێ کە هەر ئەوە نییە ئێمە سوورین لەسەر ئەمە، ئێمە دەرامەتمان نەبووە، پارەمان نەبوو بەو برە بێین شت لە دەرەوە بهێنین، ئێمە ئەو پارەیەی هەبوو دامانناوە بۆ دابین کردنی پێداویستییەکانی بوودجە، سوپاس.

**بەڕێز یەحیا محەمەد عەبدولکەریم بەرزنجی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

بەخێر هاتنی بەڕێز وەزیری دارایی و ئابووری دەکەین ئەگەر مۆڵەت بدات ئێمە لە لیژنەی ئابووری سێ بابەتمان هەیە دەمەوێ بیخەمە روو:

یەکەم: دەربارەی بانکی (ئاراسە) لەم ڕۆژانەدا پارە گۆڕینەوە بەتایبەتی پارەی (بەتانی) ڕووی کردۆتە بانکی ئاراس، لە ڕاستیدا لە بازاڕدا بەهەمان شێوەیە پارەی بەتانی پارەی خۆی ناکا بەکەمتر وەردەگیرێت، بەڵام لە بانکی ئاراسدا دەگۆڕێتەوە بە نرخی خۆی، هەندێکی برە پارەی گەورەیە، جگە لەمەش هەندێ خەڵک لە بانکی ئاراس ڕەسیدیان هەیە، ئەم ڕەسیدانە بلۆک کراون (مجمد)، ئێستا کاتی ئەوەمان نییە پارەو ڕەسیدی کەس تەحویل بکەینەوە، بەڵام هەندێ کەس ئەم پارەیان بۆ تەحویل کراوە ئەمە لەلای من سەیرەو حەزدەکەین لیژنەیەکی لێکۆڵینەوە دروست بکرێت بۆ ئەم مەبەستە، ئەم لیژنەیەش پەرلەمانی بێت، یان لە وەزارەتی ئابووری بێت لیژنەیەکی ئابووری سەرپەرشتی بکات.

دووەم: نووسراوێکمان بۆ هات لە سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیرانەوە دەربارەی دەرماڵەی ئاسایش لە سەرەتای نووسراوەکەدا هاتووە: (تحدید و صرف المخصصات ادناه للعناوين الوظيفية المبينة ازاء اسم كل واحد منهم).

ئەمە بۆ (رتب، صنف،انذار) خەرج کراوە بۆ ئاسایش لە کۆتاییدا دەڵێ: (تصرف المخصصات اعلاه للعناوين المبنية اعلاه اعتبارا من تاريخ مباشرتهم بالوظيفة) ئەمە لە حاڵەتێکدا کە یەک پۆلیس مووچەکەی بۆتە (٦٥٠) دینار زیاتریش پەرلەمانیش ئاگای لێ نییە، هەرچەندە ئێمە وەڵامان دایەوە لەوانەیە ئێستا خەرج کرابێ بۆیان، ئێمە وەک لیژنەی ئابووری وەڵامان دایەوە کە پارەکە بەم شێوەیە خەرج نەکرێت و، دەرماڵەکە دیاری بکرێت.

سێیەم: لە دانیشتنی پێشوودا بەڕێز وەزیری ئابووری باسی قەرزی پیشەسازی کرد کە بە یەک کەس دراوە، لەراستیدا من لام سەیرە یەک قەرز بدرێ بە یەک کەس، ئەگەر زەحمەت نەبێ بەڕێز وەزیری ئابووری چۆنیەتی دانی ئەو قەرزە روون بکاتەوە، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجوومەن:**

من وابزانم دەربارەی مەسەلەی ئاسایش ئەگەر لە بیرم بێت ئێمە نەمان نووسیوە، وابزانم ئەو پرسیارەش لە ئێوە نەکراوە کە داوا بکەین لە وەزارەت پارە نەدرێ بە ئاسایش تا لیژنەی پەرلەمانی رەزامەندی لەسەر دەکات.

**بەڕێز یەحیا محەمەد عەبدولکەریم بەرزنجی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

مەبەست ئەوە نییە بڵێین مووچە نەدرێ، بەڵام لە نووسراوەکەدا هاتووە دەرماڵەی پۆلیسێک بووەتە (٣٥٠ـ٤٠٠) دینار ئەم نووسراوە کە بۆ لیژنەی ئابووری پەرلەمان هات، ئێمە مافمان هەیە لێکۆڵینەوەی لەسەر بکەین و بریاری خۆمانی لە سەربدەین، ئێمە بریارەکەمان داو لێکۆڵینەوەی خۆمان کرد، بەڵام ئەوەی خەرج کراوە، مەبەستم ئەوەیە، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجوومەن:**

هەندێ نووسراو هەیە تەنیا بۆ بینینەو، بۆ ئەوەیە تێبینی خۆتان لەسەری دیاری بکەن، مەرج نییە پەرلەمان لەسەر هەموو شتێ لاریی هەبێت.

ئەو خاڵەی کە باس دەکەین ئێمە لە سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی نیشتمانیی، لەگەڵ سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیران باسمان کردووەو، بریمانەوە، لەگەڵ رێزمدا.

**بەڕێز د.سەلاحەدین محەمەد حەسەن/ وەزیری دارایی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

بەڕێز یەحیا باسی بانکی ئاراسی کردو، چۆنیەتی گۆڕینەوەی پارەی تیایدا؟.

بەراستی من ناتوانم لەو بارەیەوە وەڵام بدەمەوە تەنیا یەک خاڵم هەیە زیادی بکەم بۆ دابینکردنی باری بانکەکان لەم رۆژانەدا لیژنەیەکمان پێک هێنا لە دوو بەڕێوەبەری بانک و فەرمانبەرێک کە لە وەزارەتی داراییە بۆ ئەوەی جەردێکی بانکەکان بکەین و، هەروەها لێکۆڵینەوە بکەن دەربارەی ئەو پروپاگەندانەی کە بۆمان دەهات کە گوایە ژمێریار و بەڕێوەبەری بانکەکان هەندێ لادان دەکەن لە بانکەکانی شاری هەولێر.

ئەو راپۆرتەی کە ئێمە بۆمان هاتووە هیچ شتێک پیشان نادات لەو بارەیەوە کە یاریکردن بە پارە هەبێت، ئینجا من داوا دەکەم کە ئەگەر شتێک هەیە بە وردی و تەواوی بۆمانی بنێرن، بۆ ئەوەی ئێمە لێی بکۆڵینەوە و، ئەو کەسە بخەینە بەردەم لیژنەی لێکۆڵینەوە، ئەگەر دوایی بۆمان دەرکەوت ئەو سەرپێچییەکی کردبوو، بیدەینە دادگا، بە پێی یاسا سزا بدرێت.
سەبارەت مەسەلەی دەرماڵە، کاتی خۆی لەگەڵ بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەنی نیشتمانیی و، سەرۆکی هەردوو کوتلە باسی دەرماڵە کراوە.
دەربارەی بابەتی قەرزی پیشەسازی، وەم من باسم کرد بانقەکان ئێستا خۆشحاڵانە قەرزی خۆیان وەردەگرنەوەو رەسیدیان هەیە کەواتە دەبێ چالاکیشیان هەبێ، ئەو یەک کەسەی کە قەرزی پێ دراوە خاوەن کارگەیە، بەپێی رێساو رێنماییەکانی بانکی پیشەسازی کاتی خۆی هاتووە قەرزەی وەرگرتووە، بەڵام تا ئێستا پرۆژەکەی تەواو نەبووە، سوپاس.

**بەڕێز عــەدنان مــحــەمــەد نەقــشــبــەندیی:**

**بەڕێز ســــــەرۆکی ئـەنجــــوومـــــــەن.**

بەخێرهاتنی بەڕێز وەزیری دارایی و ئابووری دەکەین لە راستیدا من چاوەڕوان بووم زووتر ماوەم بدەن قسە بکەم. بەڕێز فرەنسۆ لێرە نەبوو من بەو پێیەی جێگری سەرۆکی کوتلەی پارتی دیموکراتی کوردستانم وەک تازە بابەت خاڵێکی هاندەرم هەبوو بێگومان ئەمەش جیایە لەگەڵ ئەوەی لە ماوەی قسەکانی بەڕێز وەزیری دارایی قسەی لێ بکرێت.
ئەوەی من دەمەوێ باسی بکەم بابەتی گومرکە، پێش چەند رۆژێک ئێمە لە لیژنەیەکی پەرلەمانی کە پێکهاتبوو لەم بەڕێزانە (ئازاد قەرەداغی ــ حەسەن بەرزنجی ــ مامۆستا مەلا تەها ــ ئەندامی سەرکردایەتیی یەکێتی نیشتمانیی) بە ئیشێک راسپاردراین چووین بۆ ناوچەی (پشدەر) لە راستیدا دەچووینە هەر جێگایەک و لە هەر دانیشتنێکدا هیچ باسێک نەبوو باسی گومرگ نەبێ، بەشێوەیەکی واباس دەکرا کە مرۆڤ تووشی سەرسورمان دەبوو، هەندێ جار سەرمان دادەخست، وابزانم مرۆڤ کەسەر دابخا زۆر شتێکی ناخۆشە، بەرای من ئەو بابەتە پەیوەندیی بە لایەنی ئیداری و رەوشتەوە هەیە:
لایەنی رەوشت: لە خاڵەکانی گومرگی داوای شیرینی لەو کەسانە دەکرێت کە بوکیان گواستۆتەوەو یاخود هەندێ کەلوپەلی خواردەمەنی کەمیان هێناوە، بەراستی ئەمەش دیاردەیەکی ناشرینەو، خەڵکی ناوچەکە لێی بێزارن. ئەم رەفتارە ئێمەی ناچار کرد ناردمان بە شوێن لێپرسراوی گومرگ هەر چەندە ئەمە ئیشی ئێمە نییە، بەڵام بە هەستی کوردایەتی، چونکە خۆمان وا دادەنێین کە وەزارەتەکە بەشێکە لە ئێمە، ئەگینا دەبوایە بێینەوە ئەم کارە بە وەزارەتی دارایی راسپێرین.
ئێستا من (١٢) نووسراوی رەسمیم لایە بە مێژووی جیاواز لەگەڵ زیاتر (١٣) راپۆرت، پاش ئەو فشارەی کە ئێمە لەسەریانمان کردن گەیشتە رادەی ئەوەی وەک هەرەشەی خێڵەکی و،

تورەیی لێ هات باشە بۆ وادەکەن، بۆ نموونە (١٢٥) پێشمەرگە لەگەڵیاندایە، ئەوان بە نووسراوی رەسمی لە مانگی (٩ـ١٠)و، داوایان کردووە پێشمەرگەکان لاببەن، بۆ ئەوەی پۆلیسەکانیش کاری خۆیان بکەن کەچی ژمارەی پێشمەرگەکان زیاتر بوون.
بە بڕوای من ئەم بابەتە بەتەنیا لەوێ نەبوو، بەڵکو ئەم بابەتە پێش ماوەیەک مامۆستا مەلا تەها باسی کرد لە چۆمانیش هەمان شت هەیە، هەتا رادەیەک ناچار بووین بە جەماعەتی گومرگ بڵێین ئەگەر ئێوە بەردەوام وا بکەن بە خەڵکی رانیەو قەڵادزێ دەڵێین بەردە بارانتان بکەن لە بازگەکاندا، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجوومەن:**

بەڕێز عەدنان کە سکرتێری ئەنجوومەن ناونووسی کرد، وابزانم ناتوانێ بڵێ ئەمە لە پێشەوە بوو ئەمە لە پێشەوە نەبوو، ئەمە شتێکی گرنگ نییە، لە پاشان بیرکرایەوە کە وەزیری دارایی هاتووە، ئەوانەی کە لە لیژنەی دارایی ئەوان باسی بکەن لە پاشاندا ئەندامانی تری فراکسیۆنەکان قسە بکەن.

**بەڕێز د.سەلاحەدین محەمەد حەسەن/ وەزیری دارایی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

لە ماوەی چوار مانگ بە هیمەتی فەرمانبەرانی لێ هاتووی وەزارەتەکەمان توانیمان سەرانسەری کوردستان و پێداویستییەکانی حکومەتی دابین بکەین و، ئەرکی زۆر لە فەرمانگەکان کە سەر بە ئێمەن لە بنەڕەتدا بیبینینەوەو رێکیان بخەین و، ئێستا وەزارەتی دارایی لەگەڵ ئەو بارودۆخە هەڵدەستێت بە ئەرکەکانی خۆی وەکو وەزارەتێکی دارایی لە حکومەتێکی سەربەخۆ نەک لە حکومەتێکی فیدرالیدا، لەبەر بچڕانی پەیوەندییەکانی لەگەڵ حکومەتی ناوەندی.
ئێمە هەوڵمان داوە کاروباری گومرگ رێک بخرێ، بەڵام ئەوە ناتوانرێ جێبەجێ بکرێ بەتەواوی لەو شوێنانەدا تاوەکو بەتەواوی ئیدارات نەچنە ئەوێ و، تا سنوورەکان کۆنترۆڵ نەکرێن، لە راستیدا لە هەموو دنیادا گومرک لەسەر سنوورە لە هیچ کاتێکدا لەناو شاردا نییە، بەڵام گومرگەکانی ئێمە لە ترسی دزو جەردە هاتونەتە ناو شار و، هەتا ئێستا نەمان توانیوە سنوورەکان بگرین راستە ئەو سەرپێچییانە هەیە و، ئێمە ئاگادارین و، هەر وەک باسم کرد لە هەموو کاتێکدا لە ئەنجوومەنی وەزیراندا باسی کراوە، ئەوەندەی پێمان کراوە هەوڵمان داوە، بەڵام وا دیارە لە توانای ئێمەدا نەبووە تا ئێستا چارەسەری ئەم بابەتە بکرێ، سوپاس.

**بەڕێز عەبدوڵڵا حاجی ئیبراهیم عەبدوڵڵا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

من راپۆرتی وەزارەتی دارایی و ئابووری بەباش هەڵدەسەنگێنم، بەڵام چەند تێبینییەکی بچووکم هەیە.

یەک: لەسەر مووچەی خانەنشینەکان، ئەو مووچانەی وەریدەگرن بەرهەمی چەند ساڵەی کۆششی خۆیانە، هەوڵ بدرێ بەزووترین کات موچەیان لە هەرێمی کوردستاندا بۆ دابین بکرێ، چونکە ئەو هاتووچۆیەی کە دەیکەن بەشێک لە خەرجیان بە هاتووچۆ دەڕوات، پێویستە هەوڵ بدرێ بە زووترین کات مووچەی خانەنیشنەکان دابین بکرێت وەکو مووچەی فەرمانبەران لەحکومەتی هەرێمدا بدرێ.

دوو: خۆتان دەزانن بانقەکان رۆڵێکی گرنگیان هەیە لە هەموو بوارێکی ژیاندا، بەتایبەتی بانکی کشتوکاڵی، تا ئێستا مەرکەزێکی بانقی کشتوکاڵی لە کوردستان نەبووە، کاتی خۆی سێ لقی هەبووە پەیوەندیی بە حکومەتی ناوەندییەوە هەبووە.

ئێمە (١٠) ئەندام پێش مانگێک پێشنیارێکمان کردووە ئیمزامان کرد، کە هەوڵ بدرێ بانکێکی کشتوکاڵی لە هەرێمی کوردستان بکرێتەوە، هەروەها لقێکیش لە پارێزگای کەرکووک بکرێتەوە، لە هەمان پێشنیار داوامان کرد بۆ ئەمساڵیش کە پێداویستییەکانی کشتوکاڵ گرانە وەک تۆو و کرێ جووت و سماد.. قەرز بدرێ بە جوتیاران بۆ ئەوەی هانبدرێن بۆ چاک کردنی زەوییەکان و، بەرهەم بۆ ساڵی ئاینده زیاد ببێت، هەروەها بانکەکانیش قەرزی خۆیان وەربگرنەوە.

خاڵێکی تریش هەیە ئەویش مەسەلەی باجی زەوییە. ئەو برایانەی شارەزای کشتوکاڵیشن، باجی زەوی کە جاران رەمزی بوو لە سەردەمی رژێمدا ئەو باجە رەمزییەش نەما، بەڵام ئەمساڵ وەزارەتی کشتوکاڵ باجێکی زۆری دانا لەسەر زەوی، دوای چەندین جار قسەکردن لەگەڵیان هەندێ کەم کرایەوە، بەڵام ئێستاش زۆرە بەپێی باری گوزەرانی جوتیاران، جا ئێمە وەک لیژنەی کشتوکاڵی پەرلەمان ئەم مەسەلەیەمان باس کرد، وە هەموومان بە تێکڕای دەنگ گەیشتینە ئەوەی کە ئیمڕۆ داوا بکەین باجی زەوی بەتایبەتی زەوی کشتوکاڵی هەڵبگیرێت، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەڕێز عەبدوڵڵا ئەو باجە چەندە؟.

**بەڕێز عەبدوڵڵا ئیبراهیم عەبدوڵڵا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەو باجەی کە دوا جار دراوە بەبێ واستە دۆنمی (٥٠) دینارە لە ساڵێکدا، ئەوەی بە واستە دراوە (٣٠) دینار بۆ دۆنمێک، ئەوەی زامنە (١٠) دینارە ئەوی نیمچە زامنە (٥) دینارە.

ئینجا ئێمە پێمان وایە زۆربەیان نەگەڕاونەوە شوێنی خۆیان یان ئەوی هەیان بووە نەیان ماوە، ئەمەش وای لێ هاتووە زۆر لە بەڵێنەکان (عقد) تازە نەکرێنەوە ئەمەش زیانێکی گەورەیە زۆر لە زەوییەکان ناچاندرێن و بەبەیاری دەمێنێتەوە، پێموایە زەرەر زۆرترە لە قازانج، ئێمە وەک لیژنەی کشتوکاتی لە پەرلەمان رامان وایە جوتیاران یاخود زەوی کشتوکاڵ ببەخشرێن لە باج، ئەگەر باج بە تێکڕایی لەسەر موڵک دابنرێ ئەمە شتێکی رمزی دەبێ نەک بەم شێوەیە، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەن:**

پرسیارێکم هەیە من لەو مەسەلەیە زۆر شارەزانیم بەڕێزت باوەڕ دەکەی دۆنمێک لە ساڵێکدا (٥٠) دینار، یان (١٠) دینار، یان (٥)دینار وەربگرێت و بچێتە گەنجینەی دەوڵەتەوە شتێکی زۆرە؟، تکایە ئەمە تۆزێک روون بکەوە.

**بەڕێز عەبدوڵلا ئیبراهیم عەبدوڵلا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەرای ئێمە ئەم باجە بۆ ئێستا نەبێ، چونکە ئێمە ناتوانین کەمترین پێداویستییەکانی کشتوکاڵی پێشکەش بکەین وەکو (ئامێرەکان، گازوایل، تۆو شتی تر) ئەگەر بتوانین بەشێک لە پێداویستییەکانی کشتوکاڵی پێشکەشی جووتیاران بکەین لەوانەیە ئەو باجە زۆر نەبێ، بەڵام بۆ ئێستا زۆرە.

لە دوایدا پرسیارێکم هەیە بەڕێز وەزیری ئابووری باسی یەکێتی ژوورەکانی بازرگانی و پیشەسازی کرد هی کشتوکاڵی لەگەڵ نەبوو، ئایا ئێمە پێویستیمان بەوە نییە کە ژوورێکی بازرگانی کشتوکاڵیمان هەبێ؟، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئێمە خوا خوامانە ئەرکی سەرشانی ئەم حکومەتە کەم بکەینەوە، ئێمە هەموو کاتێک دەڵێین ئەم حکومەتە دکتاتۆریەی بەغدا بۆ ئەوەی باری سەرشانی ئێمە گران بکات ئیدارەکانی کێشاوەو، مووچەی بڕی لە فەرمانبەران ئێستا خانەنیشەکان دەچن مووچەیان وەردەگرن لە رژێم، ئینجا ئێستا ئێمە بیکەینە دروشمێک بڵێین با خۆمان بیدەین، لە کاتێکدا خۆمان دەزانین لە چ باردۆخێکی ئابووری داین، وابزانم جارێکی تر ئەندامانی بەڕێز ئەو پێشنیارەیان کرد کە ئەمە دەبێتە هۆی ئەوەی بچنە ئەوێ، تۆزێک زەحمەت بکێشن، بەڵام ئەم پارەیە بە مەلاییینە ئەمە ئێستا لە تواناداا نییە لێرە خەرج بکرێت بۆیان.

**بەڕێز فرنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

هەندێ پرسیار ئاراستەی بەڕێز وەزیر دەکرێ کە لە پسپۆڕی ئەو نییە، بۆ نموونە خاڵەکانی گومرک پێویستە وەزیری ناوخۆ وەڵامی بداتەوە و، ئەو پرسیارانەی پەیوەندیی بە کشتوکاڵ هەبێ با وەزیری کشتوکاڵ وەڵامی بداتەوە، لەبەر ئەوە داواکارین وەزیر پەیوەندیدارەکان ئامادە بن بۆ وەڵامدانەوەی پرسیارەکان.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەڕێز فرەنسۆ تۆ دەزانی، هەروەها ئەندامانی پەرلەمانیش دەزانن کە ئەمڕۆ وەزیری دارایی دێت بۆ ئەوەی باسی ئەو چالاکییانە بکات کە وەزارەتی دارایی کردوویەتی و، هەروەها ئەو کۆسپانەی هاتۆتە پێشی. پێویستە ئەندامان لەو پرسیارانەی کە دەیکەن زیاتر تەئکید لەسەر

ئەو خاڵانە بکەن کە پەیوەندییان بە وەزارەتی داراییەوە هەیە ئەوەی کە بەڕێزت فەرمووت زۆر ڕاستە بۆ نموونە باسی خاڵی گومرک ڕاستە ئەمە پەیوەندیی بە وەزارەتی داراییوە نییە، بەڵکو پەیوەندیی بە وەزارەتی ناوخۆوە هەیە و، دەبێ ئەو ئەندامە ئەوە بزانێ کە ئەو پرسیار پەیوەندیی بە وەزارەتی دارایی یەوە نییە.

**بەڕێزد. سەلاحەدین محەمەد حەسەن/وەزیری دارایی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

وەکو بەڕێزت باست کرد ڕاستە مووچەی خانەنشینان زۆرەو، پارەیەکی کەم نییە، تا ئێستا ڕژێم دەیانداتێ لەبەر ئەوەی باری بوودجەمان نالەبارەو، لەو پلەیەدا نییە کە ئێمە ئێستا بتوانین ئەو مەلاییینە دابین بکەین و، هیوادارین کە کاتێک باری داراییمان باش بوو بتوانین ئەمە جێبەجێ بکەین. خاڵێکی دیکەش هەیە کە ئەویش هەردەم ڕژێم پەیوەندیی لەگەڵ ئێمەدا پچڕاندووە، نەک لەلایەن ئێمەوە بووە، خۆتان دەزانن کە کاتێک دەسەڵاتی کێشاوە چوار فەرمانگە بەدەر بوون (تەندروستی، کارەبا، بازرگانی، کەلوپەلی خۆراک) وردە وردە پەیوەندیی لەگەڵ ئەوانیش بپچڕا، لەبەر ئەوە ئێمە ناچار بووین مووچەی فەرمانبەران دابین بکەین، بەڵام سەبارەت خانەنیشینەکان ئەو پەیوەندییە هێشتا ماوە هیوادارم کەی لە توانا دابوو ئەم مووچەیە دەدەین. سەبارەت بانکی کشتوکاڵەوە، لە ڕاستیدا ئێمە خەریکین کە یەکێک لە بانکەکان بیێتە بنکەیەک بۆ بانکی کشتوکاڵ، هەروەها باسی قەرزی کشتوکاڵی کرا، قەرزی کشتوکاڵی زۆرە لەڕاستیدا لە توانای بانکی کشتوکاڵی دا نییە کە ئێستا ئێمە بیدەین، لەگەڵ بەڕێز حازمدا کاتی خۆی هەوڵماندا کە هەنگاوێک بنێین بۆ ئەوەی قەرزەکان بدەین، بەڵام بەداخەوە لەبەر بێ دەرامەتی ئەم بانکە نەمان توانی ئەم قەرزە بدەین. باجی زەویوزار، من وەڵامم نادەمەوە، چونکە ئەم بابەتە پەیوەندیی بە وەزارەتی کشتوکاڵەوە هەیە، هەروەها بابەتی (یەکێتی ژوورەکانی پیشەسازی و بازرگانی) ئەمیش هەر پەیوەندیی بە وەزارەتی داراییەوە هەیە، بۆیە ئێمە ئێستا دەمانەوێ لە هەرێمدا کۆڕێک بکەین لەگەڵ ژووری بازرگانی و پیشەسازی پارێزگاکان بۆ ئەوەی ڕێکخراوێک دروست بکەین بەناوی (یەکێتی ژووری بازرگانی و پیشەسازی) کە کاروباری هەرێم بگرێتە دەست لە شێوەی بازرگانی و پیشەسازیدا، سوپاس.

**بەڕێز شێروان ناسح عەبدوڵلا حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پرسیارەکانی من بەڕێز حازم کردی، تەنیا یەک بابەت نەبێ ئەویش پارەی (٢٥) دیناری کۆپیکراو (بەتانی) و، پارەی موەزەوەر کە چەند جار لێرەدا ئەم باسە کراوە هێشتا نەگەیشتۆتە ئەنجام، هاووڵاتییان کە دەچن بۆ فەرمانگەی ئاوو کارەبا دەکەن لەوێ ئەم جۆرە پارەیان لێ

وەرناگرن دەڵێن ڕێنماییمان بۆ دەرچووظە لە وەزارەتی داراییەوە، جا ئەگەر ئەو پارەیە لەدام وەدەزگاکانی هەرێمی کوردستان وەرنەگیرێ چۆن دەتوانین بەسەر هاووڵاتییانی بسەپێنین، تکا دەکەم بەڕێز وەزیری دارایی ئەمەمان بۆ روون بکاتەوە، سوپاس.

**بەڕێز د. سەلاحەدین محەمەد حەسەن/وەزیری دارایی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

وابزانم ئەم کێشەیە زۆر بە ئاشکرا لە پەرلەمانیش باس کرا، بڕیاریشی پێ درا، بڕیارەکانیش بەداخەوە جێبەجێ کردنی وا ئاسان نییە، بۆ ئەم مەبەستە ئێمە کۆبوونەوەمان هەیە لەگەڵ بانکەکان بۆ ئەوەی بزانین تا چ ڕادەیەک دەتوانین ئەم کێشەیە چارەسەر بکەین، ئەو کاتە وەڵامتان دەدەینەوە، سوپاس.

**بەڕێز عەلی عەبدوڵلا ئەحمەد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من دوو پێشنیارم هەیە، یەکێکیان دەربارەی نرخ دادنانە، بۆ ئەم مەبەستەش لە هەر پارێزگایەک لیژنەیەکی تایبەت دابنرێ بۆ بەدواداچوونی و چاودێری کردنی ئیجرائاتەکان.

پێشنیاری دووەمیش دەربارەی مەسەلەی گومرکە کە ماوەیەک پێش ئێستا لەلایەن بەرەی کوردستانی و، پارێزگاری کەرکووکەوە لە کفری گومرکێک دانرا داهاتی باشی هەبوو، بەڵام لەبەر هەندێ کێشە ئەو گومرکە نەما، بەڵام ئێستا لە جیاتی ئەوەی لە ڕێگەی گومرکدا کەلوپەل بچێتە ناو ڕژێم وەکو تایەو پاتری هەندێ کەلوپەلی تر بە ڕێگەی قاچاخ دەڕوات.

هەروەها ئێستا ئۆتۆمبێل بەرەو خوارەوە دەڕوات بەبێ ئەوەی گومرک بکرێ، من پێشنیاری ئەوە دەکەم کە گومرک لە کفریدا هەبێت بۆ ئەوەی ئەم داهاتە دەست حکومەتی هەرێمی کوردستان بکەوێت، سوپاس.

**بەڕێز د. سەلاحەدین محەمەد حەسەن/وەزیری دارایی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

سەبارت بە چاودێری بازرگانی لە پارێزگاکاندا هەیە کە سەر بە وەزارەتی داراییە، زانیاری کۆدەکاتەوە دەربارەی نرخ و خستنەروو و، داواکاری، (سعر، عرض،طلب) ئەوە دەبێ بەشێوەیەکی کاریگەرتر جارێکی تر بتوانرێ کار بکات، ئێستا بەدەستمانەوەیە جارێکی تر بەشێوەیەکی ڕێکوپێکتر ڕێکی بخاتەوە.

دەربارەی گومرکی کفری، پاش ئەوەی پارێزگاری کەرکووک دەست بەکار بوو لە پارێزگای کەرکووک، سەبارەت بە گومرک هەیکەلێکی ترمان داناوە بۆ پارێزگای کەرکووک و، دوێنێ ناوەکان دەرچوو بۆ دامەزراندنی ئەو فەرمانبەرانە لە گومرکی کەرکووک و کفریدا، هیوادارم لەو ڕۆژنەدا ئەو فەرمانبەرانە بچن و بتوانن دەست بەسەر خاڵەکانی گومرکی پارێزگای کەرکووک دابگرن، سوپاس.

**بەڕێز شەفیقە فەقێ عەبدوڵڵا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

زۆر لە پرسیارەکانم برادەران باسیان کرد تەنها ئەوە نەبێ موژدەیەکی زۆر خۆش بوو کە گوتی کەلوپەلی خواردەمەنی لە ڕێگەی وەکیلەکانەوە دابەش دەکرێ، من پرسیار دەکەم ئایا ئەم ئازووقەیە کەوتۆتە ژێر دەسەڵاتی حکوومەتی هەرێمی کوردستانەوە، یاخود هەر نوێنەری خۆیان دەیبات دابەشی دەکات بەسەر وەکیلەکان؟، سوپاس.

**بەڕێز د. سەلاحەدین محەمەد حەسەن/وەزیری دارایی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

کاتی خۆی لەگەڵ ئەو ڕێکخراوە خێرخوازانە باسمان کرد ئەوان هاتن کە خۆیان دابەشی بکەن ڕینماییەکانی وەزارەت ئەوە بوو کە باشترین شت ئەوەیە لە ڕێگەی وەکیلەکان دابەشی بکەن، چونکە بۆمان روون کردنەوە کە هەر وەکیلێک چەند ماڵی لایە، ئەو ڕێگەیە باشترە لەوەی ئەو لیژنانەی خۆیان لەگەڵیانن، جاری وا هەیە بە هەڵەیان دەبەن، سوپاس.

**بەڕێز حەسەن حەمید ڕەحیم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

یەکەم: من لەگەڵ بەڕێز نەژادم دەربارەی کڕین و فرۆشتن کە بازاڕ بەوە دەشکێ خۆمان شت بهێنن خۆمان نرخی لەسەر دابنێین، یان چەند دەڵەمەندێک کە ڕادەسپێردرێن ئەو دەوڵەمەندانە خوێن مژ بن کە بیانەوێ لە شەوو ڕۆژێکدا ببن بە ملیۆنێر.

دووەم: بانگەوازێک بکرێت بۆ بانکەکان لە هۆیەکانی ڕاگەیاندن پروپاگەندەیان بۆ بڵاوبکرێتەوە.

سێیەم: بۆ مەسەلەی خەرجیش زیاتر وەزیری دارایی چاودێری بکات بۆ نموونە شتێک بایی ملیۆنێکە لیژنەیەک دابنێین بۆ ئەوەی پارە کەمتر خەرج بکات، زۆر شت کە عەقدەی لەسەر کراوە هەتا ئێستا بۆ نموونە بە (١٠) ملیۆنە، ملیۆنێکی دراوە و (٩) ملیۆنی ماوە.

سەبارەت بە کۆمپانیا هاوبەشەکانیش با بکرێ، بەڵام بە مەرجی چاودێرییەکی باشیان لەسەر بێ دەستی خەڵک نەبڕن.

سەبارەت پارەی گەورەش من ئەم جارە دەوڵەمەندێکی زۆرم بینی دەڵێن پارەی گەورە وەربگیرێ باشترە، چونکە پارەیەکی زۆر هەیە لە بەغداد و کەرکوک دەیانەوێ بە ڕێگەی فروفێڵەوە بیبەن بۆ بەغداو بیکەن بە دۆلار، ئەگەر بەم شێوەیە نەبێ ئەم پارەیە هەمووی بە لێشاو بازاڕی کوردستانی پێ دەشکێ، سوپاس.

**بەڕێز د. سەلاحەدین محەمەد حەسەن/وەزیری دارایی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

زۆر سوپاس بۆ بەڕێز حەسەن حەمید بۆ ئەوانەی باسی کردن هەندێکی کڕینی شتوومەک لە

ڕێگەی کۆمپانیای هاوبەش هەوڵ دەدەین، سەبارەت کەم کردنەوەی خەرجییەکان ئێمە هەمیشە ڕێنمایی بۆ فەرمانگەکان دەردەکەین بۆ ئەوەی خەرج کردنی پارە کەم بکەنەوە.
سەبارەت بە باجەکانیش لەمەودوا ئێمە ڕێنمایی بە شێوەیەکی وا بلاو دەکەینەوە کە کەس نەتوانێ لە باج خۆی دەرباز بکات.
دەربارەی بژار کردنی وەکیلەکان بەردەوام وەزارەت هەوڵ دەدات بژاریان بکات لە پیاوی خراپ، سوپاس.

**بەڕێز حەسەن حەمید ڕەحیم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بۆ مەسەلەی بانکەکان خەڵک وا تێ بگەیەنێ ئەوە سامانی گەلە و شەوان دەچنە سەریان دەیانکوژن پارە بێنن بۆ بانکەکان، سوپاس.

**بەڕێز د. سەلاحەدین محەمەد حەسەن/وەزیری دارایی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڵێ ڕاستە بۆ ئەوەی جارێکی تر بڕوایان بێتەوە بە بانکەکان، ئینجا نەخشەیەکمان داناوە هەر کەسێک لەوانەی کە تازە پارە دادەنێین بۆیان هەیە، (١٠٠٪) پارەیەکەیان بکێشنەوە بۆ ئەوەی لە ماڵیان نەمێنێ، دوور بێت لەدەستی دزو جەردە، سوپاس.

**بەڕێز بەختیار حەیدەر عوسمان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پێشەکی بەخێرهاتنی بەڕێز وەزیری دارایی دەکەم سێ چوار تێبینیم هەیە لەسەر ڕاپۆرتی بەڕێز وەزیری دارایی، یەک دوو شتی تر هەیە کە ڕوودەدات، یاخود ڕوویداوە وەک پرسیارە.
یەکەم: دەربارەی یاسای ڕەسمی گومرگی بەڕێز وەزیری درایی فەرمووی دەستکاری کراوە باسی ئەوەشی کرد کە لێبووردن لە باج وەرگرتن و، ڕەسم وەرگرتن هەیە، من پرسیاری ئەوە دەکەم ئایا ئەمە بەچ یاسایەک کراوە خۆمان دەزانین دانانی هەر ڕەسمێک، یاخود باجێک پێویستە بەپێی یاسا بێت و، هەروەها لێبووردنیش دەبێ بە پێی یاسا بێت.
دووەم: جیاوازی مامەڵە چ بەپارە چ بە ئیشوکار لەناو بانکەکان و، فەرمانگەکانی سەر بە وەزارەتی دارایی، جیاوازیەکی زۆر لە مامەڵەکردن و شێوەی کارکردنیان هەیە.
سێیەم: دەربارەی دەست بەسەرداگرتنی داهات، وەکو دەزانین گومرگ داهاتێکی سەرەکییە بۆ دارایی کوردستان، باشە چیمان کردووە، یاخود چی دەکەین بۆ ئەوەی سەرچاوەی تر پەیدا بکەین، بیرمان لەچی کردۆتەوە کە ئەو شتە نەما، یاخود کەم بۆوە، یاخود هەر شتێکی بەسەرهات، بتوانین کە ئەو بۆشاییە پەیدا بێت ببێت بە بەدیلی ئەو گومرگە چییە، ئەگەر ئەو گومرگانەمان لێ برا.
چوارەم: ئەو خەڵکانەی کە کەلوپەل دێنن، کە دێنە ناو زاخۆ گومرگ وەردەگیرێ شتێکی ئاساییە

که لێرەش دەردەچێت حسابێکی وەهای بۆ دەکرێ لە هەولێر بۆ ئەوەی بیباتە سلێمانی لێرە لە نێوان هەولێر و سلێمانی گومرگی دووقاتی لێ وەردەگرن.
هەروەها گومرگی بەیەک شێوە نییە لە هەولێر بەجۆرێک مامەڵە دەکرێت، لە دهۆکەوە بەجۆرێکی تر مامەڵەی لەگەڵدا دەکرێت، ئەگەر بێتوو ئەو خاڵە گومرگییانە بەپێی ڕێنماییەکی ناوەندی کار بکەن وابزانم زۆر ڕێکوپێک تر دەبێ، سوپاس.

**بەڕێز د. سەلاحەدین محەمەد حەسەن/وەزیری دارایی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

بەڕێز بەختیار باسی هەندێ خاڵی کرد راستە ( لا ضريبة الا بقانون) هەمووباجێک دابنرێ دەبێ بە یاسا بێت یاساش پەرلەمان خۆی دەری دەکات، یان پەرلەمان دەسەڵات بە دەسەڵاتی راپەڕاندن دەدات بۆ دانانی ئەو گومرکە ئەمە بنەمایەکی بنەڕەتییە.
سەبارەت ئەم یاسایە، ئەو باجەی کە وەردەگیرێ لەسەر بنەڕەتی یاسای گومرکی عێراقییە، پاش ئەوەی چاوخشێنراوە بە ڕێژەی کە زیاد بکرێ بۆ ئەوەی بگونجێ لەگەڵ باری ئێستادا، هەروەها هەوڵ دراوە کە باجی گومرکی یەک بخرێت لە سەرانسەری کوردستاندا بۆ ئەوەی لە شارەکانی (دهۆک و سلێمانی و هەولێر) هەمان شت بێت و، هەمان ڕێژە وەربگیرێ بە گوێرەی ئەو پرۆژەیەی کە هەیە، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجوومەن:**

د. سەلاح پرسیارەکەی بەڕێز بەختیار ئەوە بوو ئایا یاسای گومرک لە کوردستاندا هەیە؟.

**بەڕێز د. سەلاحەدین محەمەد حەسەن/وەزیری دارایی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

بەڵێ یاسای بنەڕەتی گومرکی هەیە، بەڵام هەندێ زیاد کردن لەسەر ڕێژەکەی کراوە بۆ ئەوەی بگونجێ لەگەڵ باری ئەمڕۆی کوردستان، ئێستا بەدەستەوەیە باجەکە جارێکی تر یەکبخرێت و، بخرێتە بەردەم ئەنجوومەنی وەزیران کە سەیری بکات وجارێکی تر، بینێرێت بۆ بەڕێزتان کە بڕیاری لەسەر بدەن.
باس ئەوە کرا جیاوازی لە ڕێنماییەکاندا هەیە کەوا هەندێ ئاڵۆزی هەیە، ئاڵۆزەیەکش بەهۆی کێشەی پارەی ئەسڵی و پارەی کۆپیکراوە (العملة المستنسخة).
راستە دەبێ ئێمە بیر لەوە بکەینەوە سەرچاوەی ترمان هەبێت بۆ داهات، هەر سەیری گومرک نەکەین. ئەم بەیانییە تەلەفۆنیان بۆ کردم گوتیان ڕێی حاجی ئۆمەران گیراوە بەهۆی بەفر گومرک نییە، بەڵکو کارێکی وا بکەن پاکی بکەنەوە کەواتە ئەو ڕۆژەی بەفر بوو، ئەوە داهاتمان کەمە، ئەگەر بارودۆخی سیاسی جۆرێکی تر بوو داهاتەکە کەم دەبێتەوە.
لە کوردستاندا جگە لە گومرگ چەند سەرچاوەیەکی ترمان هەیە بۆ داهات دەتوانین سوودیان لێ وەربگرین، وەکو باج دانان لەسەر کارگەکان، بەڵام تاوەکو ئێستا ئەم کارگانە نەخراونەتەوە گەڕ،

پێویستە کەرستەی خاویان بۆ دابین بکەین بۆ ئەوەی بکەونەوە کار.
سەرچاوەیەکی دیکە بۆ داهات ناردنە دەرەوەی کەلوپەلە بۆ دەرەوەی هەرێم بە پارەی قورس، ئەمەش داهاتێکە ئێمە هەوڵ دەدەین جێبەجێ بکرێت.
لە کۆتاییدا دەڵێم پێویستە ئێمە دەست بەسەر خاڵەکانی گومرگدا بگرین و، ئەم خاڵانە لەدەست دزو جەردە رزگار بکەین، سوپاس.

**بەڕێز حەسەن کانەبی خضر:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

داوام لە وەزیری بەڕێز ئەوەیە هەموو وەزارەتەکان حساباتیان هەیە داهاتیان هەیە و، رەسم وەردەگرن، ئەو داهاتانە رۆژ بە رۆژ دەگاتە وەزارەتی دارایی، یان بە خۆیان هەڵسوکەوتی پێ دەکەن، سوپاس.

**بەڕێز د. سەلاحەدین محەمەد حەسەن/وەزیری دارایی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

داهاتەکان بە پێی بنەمایەکی دارایی تۆمار دەکرێن، بۆ نموونە داهاتی رەسم وەرگرتن لە دادگان لە وەزارەتی دارایی ئەو داهاتانە تۆمار دەبێت بەناوی دادگاکان، بەو شێوەیە وەزارەت دەزانێ داهاتی دادگاکان چەندە؟، بەم شێوەیە وەزارەتی داد خۆی خۆبژێو(التمويل الذاتي) دەبێت، کەواتە ئەگەر وەزارەتی داد بڵێ پێداویستی مووچە لە مانگێکدا نیو ملیۆنە، ئەوا وەزارەتی دارایی چارەگە ملیۆنێکیان دەداتێ، چارەگەکەی تر وەزارەتی داد خۆی دابینی دەکات، سوپاس.

**بەڕێز ئازاد عەبدولقادر قەرەداغی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پێشەکی بەخێرهاتنی وەزیری دارایی دەکەین، بەراستی زۆرشت هەیە ئێمە باسی دەکەین دەربارەی رای میللەت، خەڵک باسی ئەوە دەکەن کە گومرک کۆنترۆڵ ناکرێت، ئێستا خاڵی گومرکەکان خۆیان دزو جەردەن، پێشمەرگەی پارتی و پێشمەرگەی یەکێتی لەگەڵ پۆلیس و فەرمانبەری وەزارەتی دارایی هەموویان رێککەوتوون لەسەر دزییەکە، بەڵام ئەمە زۆر ناخۆشە، سوپاس

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەمە پەیوەندیی بە وەزارەتی داراییە، چونکە وەزارەتی دارایی نەدەتوانێ دز بگرێت، نەدەتوانی جەردە بگرێت ئەمە ئیشی وەزارەتی دارایی نییە.

**بەڕێز ئازاد عەبدولقادر قەرەداغی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەراستی ئەم بابەتە پەیوەندیی بە وەزارەتی داراییشەوە هەیە، وەزارەتی دارایی ئەم دەزگایانەی

دروست کـردووە ئەو فـەرمـانبـەرەی (امین صندوق)ە کە پارەی لایە دەبێ ڕێک بکەوێت لەگـەڵ وەزارەتی ناوخۆ کە نەیانکوژن و، پارەیەکەیان نەفڕێنن، هەتا ئێستا ئەم دزو جەردانە نەگیراون لە زەمـانی بەرەی کـوردسـتـانییـەوە تاکـو ئێـسـتـا، بە بڕوای من ئەم بابەتە پەیوەندیی بە وەزارەتی ناوخۆو وەزارەتی پێشمەرگەوە هەیە.

دوایی بەڕێز وەزیری دارایی گوتی من شانازی بەوەوە دەکەم کە وەزارەتی دارایی هەنگاوی ناوە، منیش دەڵێم وەزارەتی دارایی بڕبڕەی حکومـەتی هەرێمی کـوردسـتـانە، چونکی هەر وڵاتێک دارایی و ئابووری نەبێ ئەم وڵاتە بەرەو نەمـان دەچێ لەو لایەنەوە ئێمە سـوپاسی دەکـەین، بەڵام ئەوەی باسی کـرد، ئەو ژمـارانەی کـە دای بە بڕوای من سێ ئەوەندە چووەتە دەست خـەڵکەوە، سوپاس.

**بەڕێـز جـــێگـری ســـەرۆکـی ئەنجـــوومــــەن:**

ئەو شـتـانەی کـە باست کـرد ئێـمـە گـوتمان لە وزەی وەزارەتی دارایی نـیـیـە، دەتوانیت دوایی ڕاپۆرتێک بنووسی، ئێمەش ئاراستەی ئەنجوومەنی وەزیرانی دەکەین.

**بەڕێز ئازاد عـەبدولقـادر سـەعـیـد قـەرەداغی:**

**بەڕێـز ســــــەرۆکی ئـەنجــــــوومـــــــەن.**

بەبڕوای من ئێـسـتـا پەرلەمـان و، ئەنجـوومـەنی وەزیران و، وەزارەتی دارایی خـۆیان لەگـەڵ وەزارەتی ناوخۆدا بیگۆڕن خۆ ئەمانە هەموو دزو جەردە نین کە لە خاڵەکانی گومرگدان، سوپاس.

**بەڕێـز جـــێگـری ســـەرۆکـی ئەنجـــوومــــەن:**

کەس هەیە گومان لەو قسانەت بکات؟، سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران بێت لەگەڵ ئەودا باسی ئەم بابەتە دەکەین، ئەو دەتوانێ ئەم کارە بکات، بەڵام وەزیری دارایی پەیوەندیی بەم بابەتەوە نییە.

**بەڕێز د. سەلاحەدین محەمەد حەسەن/وەزیری دارایی:**

**بـەڕێـز ســــــەرۆکی ئـەنجــــــوومـــــــەن.**

سەبارەت دزو جەردە و پیاو خراپ دەبێ دەسنیشـانی بکەین، لێرە ئێمە دەڵێین دیموکراتە مافی مرۆڤ نابێ پێشێل بکرێت، ئەگەر مەسـەلەکە دزی هەبێت دەبێ لێکۆڵینەوەی تیـادا بێت دەبێ ئەو کەسە بدرێتە دادگاو لێی بکۆڵرێتەوە.

سـەبارەت فـەرمـانبـەرانی گـومرگ لە هەمـوو دنیـا بنەمـایەک هەیە مرۆڤـێکی پاک دادەنرێ پاش ماوەیەک دەیانگۆڕن، سوپاس.

**بەڕێـز ئەیـاد حـــاجی نامـق مـــەجـــیـــد:**

**بـەڕێـز ســــــەرۆکی ئـەنجــــــوومـــــــەن.**

بەراستی ئەوەی ئاماژەی کرد سەبارەت مەسـەلەی گومرگەکان و ئەو شـتـانە وا دەردەکـەوێت کە

گومرگەکان کۆنترۆڵی لەسەر ناکرێت لەلایەن ئەو فەرمانبەرانەی کە لەوێ دادەمەزرێن، بەڵگەش لەسەر ئەوە قسەکانی بەرێز وەزیری دارایی بوو، کە باسی ئەوە دەکات ناوە ناوە ئەو فەرمانبەرانە دەگۆڕن، سوپاس.

**بەرێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەمە لە هەموو وڵاتانی جیهاندا وایە.

**بەرێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڵام ئەوەی ئێمە زۆر جیاوازە لەوەی هەموو دنیا لەبەر ئەم هۆیانە:

یەک: لەوانەیە کاتەکەی زۆر کەم بێت.

دوو: دیارە سەلمێنراوە کەسانێک ناڵێم هەموویان پابەند نابن بە لایەنی فەرمان و لایەنی ژمێریاری و، لایەنی مرۆڤی، کە ئەمڕۆ وڵاتەکەیان لە بارێکی زۆر ناخۆشە پارو لە زاری منداڵی خۆیان دەدزن ئەمەش پێویستی بە لێکۆڵینەوە هەیەو، دەبێ لیژنەی لێکۆڵینەوە لەوەزارەتدا پێک بهێنرێت بۆ ئەم مەبەستە.

ئێستا پسوولەیەک هەیە لە فەرمانگەکان بەناوی (بطاقة مساعدة الامن والآسايش)، کە لە بری ئەو پسوولەیە (٢٥) دینار لە هاووڵاتییان وەردەگیرێت کە مامەڵەیان هەیە لە فەرمانگەکانی حکومی، کە ئەمەش بۆتە هۆی نارەزایی خەڵکی، من پرسیار دەکەم ئەو پسوولەیە بە رەزامەندی چ لایەنێک دەرچووە؟، سوپاس.

**بەرێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەن:**

لەگەڵ وەزیری ناوخۆ ئەم تێبینییە بنووسە. دەبارەی گومرگیش زۆر باس کرا کە دەبێ چاودێری زیاد بکرێت لەپاشان پشکنین بەسەریاندا هەبێت جار بەجار فەرمانبەرەکان بگۆڕین.

بەراستی حزبەکان دەیانەوێ لێپرسراویان لە هەموو جێگایەکدا هەبێت، بەڵام هەر وەکو دەیانەوێ لێپرسراویان لەو جێگایانەدا هەبێت دەبێت ئەو لێپرسراوانە مرۆڤی باش بن و، خۆیان دەبێ یارمەتی حکومەت بۆ چاودێری کردنی ئەندامانی خۆیان.

**بەرێز د. سەلاحەدین محەمەد حەسەن/وەزیری دارایی:**

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من حەزم کرد ئەندامانی پەرلەمان لە هەموو شوێنێکدا، لە هەموو ناوچەیەکدا، لە هەموو شارێکدا، ئەوانیش نەک بەقسەکردن، بەڵکو بە کردەوە چاودێری ئەو مەسەلانە بکەن. هەموو دەزانین دزی هەیە، بەڵام بەشێوەیەکی یاسایی چەند کەسێکمان بۆ بگرن هەر من بەرپرسیار نیم وەکو وەزیری دارایی، بەڵکو ئەندامانی پەرلەمانیش کە نوێنەری میللەتن ئەوانیش بەر پرسیارن لە چۆنیەتی جێبەجێ کردنی یاساکان و، چاودێری پەرلەمانی دەبێت لەسەر هەموو دەزگاکانی حکومەتدا هەبێت، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجوومەن:**

د. سەلاح ئەو قسەیە زۆر راست دەبوو، ئەگەر بووترایە ئەندامانی پەرلەمان دەتوانن خەڵک بگرن.

**بەڕێز د. سەلاحەدین محەمەد حەسەن/وەزیری دارایی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

من دەڵێم لە هەندێ کێشەدا، ئێستا ئەندامانی پەرلەمان لە کەلوپەلی خواردەمەنی هەندێ شتیان دۆزییەوە جێگای رێزو سوپاسن، کە هەندێ کەسیان دۆزییەوە دزو جەردە بوون با لە گومرکەکەش وا بکەن، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجوومەن:**

ئەوان لیژنەیەکی پەرلەمانی بوون بۆ دابەش کردنی کەلوپەلی خواردەمەنی، بەڵام ئەندامی پەرلەمان دەتوانن رۆڵیان هەبێ، چونکە زۆربەیان لەم فراکسیۆنە و لەو فراکسیۆنە زۆربەیان لێپرسراون دەتوانن هەروەک ئەندامی پەرلەمان رۆڵێکی هۆشیار کردنەوەیان هەبێت.

**بەڕێز مەلا محەمەد تاهیر محەمەد زین العابدین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

کێشەکان زۆرن، مەسەلەی گومرک و گومرک بۆکفری، سەرپێچی لە یاساکانی دارایی و مامەڵە کردن بە پارەی نوێ و کۆن، یارمەتی خێرخوازانە، بەرای من ئەگەر چارە نەدۆزرێتەوە بۆ گشت کێشەیەک من ئەو گفتوگۆیە بە بێ سوودی تێ دەگەم، ئەگەر حکومەت ئیجرائات وەربگرێ کەس ناتوانێ ئەم سەرپێچیانە بکات.

من پرسیار دەکەم لە بەڕێز وەزیری دارایی ئەم ئازووقەیە، ئەگەر کەمیش بێت بەڵام بۆچی ناگاتە قەزاو ناحیەکان، سوپاس.

**بەڕێز د. سەلاحەدین محەمەد حەسەن/وەزیری دارایی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

وەکو باسم کرد ئەو ئیجراتانە سەر بە ئێمە نییە، بەڵکو سەربە وەزارەتی ناوخۆیە. کەلوپەلی خواردەمەنیش لەبەر کەمی بڕەکەی ناچێ بۆ قەزاو ناحیەکان، سوپاس.

**بەڕێز شەوکەت حاجی موشیر ئەحمەد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

من یەکەم کەس بووم دەمویست قسە بکەم، دوایی بووم بە دوا کەس، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجوومەن:**

کاک شەوکەت بەراستی نازانم یەکەم کەس بەرای تۆ چییە؟.

**بەڕێز شـەوكـەت حـاجی مـوشـیـر ئەحـمـەد:**

**بەڕێـز سـەرۆكی ئـەنجـوومـەن.**

ئێمە كە دەستمان هەڵدەبڕین ناومان دەنووسرێت من كە دەستم هەڵبڕی ناوم یەكەم كەس نووسرا ئێستا دوا كەس ناوم دێت ئەمە گونجاو نییە، ئەمە چەند جار تەئكید بكەمەوە، بەڕێوەبەردنی دانیشتن بەم شێوەیە نابێت!، سوپاس.

**بەڕێز جـێگری سـەرۆكی ئەنجـوومـەن:**

بەڕێز شەوكەت من تەنها پرسیارەكەم ئەوە بوو یەكەم كەس بووم یانی چی؟.

**بەڕێز شـەوكـەت حـاجی مـوشـیـر ئەحـمـەد:**

**بەڕێـز سـەرۆكی ئـەنجـوومـەن.**

مەبەست بۆ دەست هەڵبڕین، سوپاس.

**بەڕێز جـێگری سـەرۆكی ئەنجـوومـەن:**

جا مەرج نییە یەكەم كەس كە دەستی هەڵبڕیووە یەكەم كەس بێت بۆ قسەكردن، لەسەرەتاوە گوتم هەموو كەسێك مەرج نییە لە دانیشتندا قسە بكات.

**بەڕێز شـەوكـەت حـاجی مـوشـیـر ئەحـمـەد:**

**بەڕێـز سـەرۆكی ئـەنجـوومـەن.**

لەسەرتاوە گوتتان (٨) كەس قسە دەكات، ئێمە رازی بووین، ئەگەر خاڵی تازەبابەتیشم نەبووایە هەر دەستم بڵند دەكرد بۆ قسەكردن، سوپاس.

**بەڕێز جـێگری سـەرۆكی ئەنجـوومـەن:**

بەڕێز شەوكەت شێوازی قسەكردن بەم جۆرەیە: ئەوانەی ئەندامن لە لیژنەی دارایی قسە دەكەن، لە پاشاندا لە هەر فراكسیۆنێك یەكێك هەڵدەبژێرین دوایی هەندێ ئەندامی بەڕێز هەن لە (٢ـ٣) دانیشتندا ماوەیان نابێ قسە بكەن دەبێ لە دانیشتنەكەدا ماوەیان پێدەدرێ، لەبەر ئەوە مەرج نییە ئەو كەسەی كە لە پێشەوە دەست هەڵدەبڕێ یەكەم كەس قسە دەكات.

**بەڕێز شـەوكـەت حـاجی مـوشـیـر ئەحـمـەد:**

**بەڕێـز سـەرۆكی ئـەنجـوومـەن.**

بەرای من كڕین و، فرۆشتن و، هێنانە ناوەوەو، ناردنە دەرەوەی بەرهەمەكانی كشتوكاڵی بە دەستی وەزارەتی دارایی حكومەت بێت باشتر، بۆ نموونە بەرهەمی (لۆكە و، گوڵەبەڕۆژەو، توتن) لەكوردستاندا دەچێنرێن، بەڵام لەبەر ئەوەی بازرگانەكان یاری پێ دەكەن و، لە جووتیارەكان بە نرخێكی هەرزان دەیكڕن و بەخۆشیان قازانجێكی باشی لێ دەكەن، ئەگەر لێرە

حکومەت یان وەزارەتی دارایی بتوانێ ئەو کارە رێک بخات، پێموایە ئەو قازانجە بۆ حکومەت دەمێنێتەوە و، دەبێتە سەرمایە بۆ وەزارەتی دارایی لە تەنێ لۆکە (١٢٥٠) دینار گومرگ وەردەیگرێت، جا ئەگەر وای لێ بکرابایە کە حکومەت خۆی توتن و گوڵەبەرۆژەی بنێریتە دەرەوە ئەمەش دەبێتە یەکێک لە سامانەکان.

ئەگەر ئیدارەکان نەگەرێنەوە بۆ قەزاو ناحیەکان، یان یەکێتی و پارتی رێک نەکەوتن سەرمایەکە کە هەروەها دەرِوات، وەزارەتی دارایی چەند فەوجێکی گومرگی هەیە ناتوانێت خەڵکی باش دابنێت بۆ ئەوەی بتوانێ کۆنترۆڵی گومرگەکان بکات، دوێنێ کە لە سنووری لای شێخاندا (٣ـ٤) کەس کوژراون پێشمەرگەی پارتی و، یەکێتیی تێدایە لە هەردوو لایەن لە دزەکان و لەشەرکەرەکاندا.

پێشنیارێکی ترم هەیە پێموایە زۆر کەس خۆشحاڵی دەگەرێتەوە، ئەگەر وەزارەتی دارایی بتوانێ یاسای و (ئەم سامانەت لە کوێ بوو) لەساڵی (١٩٩٣) جێبەجێ بکات، بۆ ئەوەی ئەوانەی لە پاڵ حکومەت و لە پاڵ شۆرِش لەسەر حسابی خەڵک دەوڵەمەند بوون، حسابێکیان لەگەڵدا بکرێت بۆ ئەوەی سامانەکە بگەرێتەوە بۆ وەزارەتی دارایی و حکومەتی کوردستان، سوپاس.

**بەرێز د. سەلاحەدین محەمەد حەسەن/وەزیری دارایی:**

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

سەبارەت داهاتی لۆکەو گوڵەبەرۆژە و داهاتەکانی تر، ئەگەر حکومەت خۆی بیکرێ باشترە، من دەگەرێمەوە بۆ ئەو خاڵە ئایا حکومەت دەتوانێ بەم کارانە هەڵبستێ؟، لە کاتێکدا کە کاری گرنگتری لەبەردەمدایە.

بەرای من ئەو کەلوپەلانەی لەناوەوە بەرهەم دێنێتەوە، ئەوانەی کە پێویست نییە بنێردرێنەوە دەرەوە، بە گوێرەی توانا گومرکیان لێ بسەنێ وەکو داهاتێک.

سەبارەت بە بەرێوەبەردنی سەر سنوورەکانەوە، لەگەڵ بەرێز وەزیری ناوخۆ خەریکین بە زووترین کات بانگەوازێک بلاوبکەینەوە بۆ ئەو کەسانەی بەچەکی خۆیان دێن دەبن بە پۆلیسی گومرک، چونکە پۆلیسی گومرک ئیمتیازی هەیە لە مووچەو دەرماڵە، ئەم کارەش هی وەزارەتی ناوخۆیە نەک وەزارەتی دارایی ئەوان بە گوێرەی پلەیان دایان دەنێن، بە گوێرەی رێکخستنەکان و، تەشکیلاتی پۆلیس خۆی ئەوان دەیانێرن بۆ ئێمە، ئێمەش لەگەڵ لێپرسراوی گومرک لە خاڵەکاندا بە زووترین کات ئەنجامی دەدەین.

دەربارەی یاسای (ئەم سامانەت لە کوێ بوو) ئەمە دەبێ لە ئاستی پەرلەماندا گفتوگۆ بکرێت و، ببێتە یاسا، بۆ ئەوەی ئەنجوومەنی وەزیران بتوانێ جیبەجێی بکات و، وەزارەتی دارایی بتوانێ ئەم سامانە بگرێتە دەستی خۆی، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجوومەن:**

زۆر سوپاسی وەزیری دارایی دەکەین بۆ ئامادە بوونی لێرەو، ئەو راپۆرتەی پێشکەشی کرد و، سوپاسی ئەندامانی بەڕێز دەکەین بۆ ئەم تێبینییانەی کە دەریانبڕی کە ئەمە نیشانەی هۆشیارییە وەکو نوێنەری جەماوەر و، لە بەرژەوەندی ئەوان ئەم بابەتانە دەخەنە روو.

ئەم بابەتانەی لەم کۆبوونەوەی گەڵاڵە کران:

١ـ بابەتی (تقشف)، کە دەبێت وەزارەتەکان دەست بە خەرجییەکانەوە بگرن و کەمی بکەنەوە.

٢ـ دیاری کردنی نرخ، بۆ ئەوەی جەماوەر رزگاری بێت لە بازاڕی رەش و، بازرگانی چڵێس.

٣ـ هێنانە ناوەوەی کەلوپەلی خواردەمەنی بۆ کوردستان.

لە بوودجە کاتییەکەی (ژ ١٣ مانگی ٥ /١٩٩٢)دا دەرکەوت کە لە (٩٠٪)ی داهاتی کوردستان هی گومرکە، گومرکیش بەراستی پشتی پێ نابەسترێ لەبەر زۆر کاریگەری سیاسی و کەشو هەوا... هی تر، جا پێویستە بە چالاکی هەوڵ بدەین بۆ ئەوەی (بدائل) بدۆزینەوە بۆ گومرگ، چونکە ئەگەر هەر لەسەر ئەوە بڕۆین لەوانەیە رۆژێک لە رۆژان بێت مووچەمان پێ نەدرێت.

دانیشتنی ئەمڕۆمان کۆتایی پێهات، وەزیری کشتوکاڵ سبەی کات ژمێر (٣٠ر١٠) ئامادە دەبێت

**فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵڵا**
**سکرتێری ئەنجوومەن**

**نەژاد ئەحمەد عەزیز ئاغا**
**جێگری سەرۆکی ئەنجوومەن**

**جوهر نامق سالم**
**سەرۆکی ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق**

# پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (٧١)

دووشەممە ڕێکەوتی ٢٨/١٢/١٩٩٢

# پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژماره (٧١)

## دووشەممە ڕێکەوتی ١٩٩٢/١٢/٢٨

**کاتژمێر(١٠)ی سەر لە بەیانی ڕۆژی دووشەممە، ڕێکەوتی ١٩٩٢/١٢/٢٨ ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستان بە سەرۆکایەتی جێگری سەرۆک بەڕێز نەژاد ئەحمەد عەزیز ئاغا و، بە ئامادە بوونی بەڕێز فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵلا سکرتێری ئەنجومەن، دانیشتنی ژمارە(٧١)ی خولی یەکەمی ئاسایی سالی یەکەمی خۆی بەست. سەرەتا رادەی یاسایی دانیشتنەکە لەلایەن دەستەی سەرۆکایەتیەوە چەسپێنرا و، ئەوجا بەڕێز جێگری سەرۆک بەناوی خوای بەخشندە و میهرەبان، دانیشتنەکەی بەناوی گەلی کوردستانەوە دەست پێکرد.**

**بەرنامەی کار:**

**١ــ ئامادە بوونی وەزیری کشتوکاڵ وئاودێری بۆ وەڵامدانەوەی پرسیاری ئەندامەکان.**

**٢ــ تازە بابەت.**

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر بە گەرمیەوە بەخێرهاتنی بەڕێزان وەزیری کشتوکاڵ و بریکاری وەزارەتی کشتوکاڵ دەکەین و، داوا لە سەرۆکی هەردوو فراکسیۆنەکە دەکەم ، کە ئەگەر شتێکیان هەیە بۆ تازە بابەت دەریبڕن.

**بەڕێز فەرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

لە سەر سووتەمەنی وچۆنیەتی دابەش کردنی ئازووقە لە هەولێردا ئەندامێکی ئێمە تۆزێک روون کردنەوەی هەیە، لە بەر ئەوەی خولی ئێستای ئەنجوومەنی نیشتمانیی کۆتایی پێدێت هەندێ شتمان هەیە، یەک لەوانە لیژنەیەکمان لە پەرلەماندا هەیە کە سەرپەرشتی دابەش کردنی خواردەمەنی وسووتەمەنی لە ناو شاری هەولێر دەکات، حەز دەکەین شتێک پێشکەشی ئەندامانی پەرلەمان بکەن، تاوەکو بزانین چییان کردوە و گیروگرفتەکانیان چییە، سوپاس.

**بەڕێز حەسەن عەبدولکەریم بەرزنجی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

وابزانم ئێستا گیروگرفتێکی یەگجار زۆریان هەیە لە دابین کردنی سووتەمەنی و خواردەمەنی، خەڵکەکە وا دەزانێت برێکی زۆر دێت و کەمتر دابەش دەکرێت، ئەگەر شتێک لەو بارەوە باس بکەین، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەن:**

لە بارەی گەرمیانەوە هەندێ لە ئەندامە بەڕێزەکان چەند راپۆرتێکیان هێناوە و، بڕیار وابوو کە ئاراستەی ئەنجوومەنی وەزیران بکرێت بۆ لێکۆڵینەوە.

**بەڕێز حەسەن عەبدولکەریم بەرزنجی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

راستە راپۆرتەکە ئاراستەی ئەنجوومەنی وەزیران کراوە، بەڵام با بەدوای راپۆرتەکەدا بچینەوە، تاوەکو مەسەلەکە دوانەکەوێت، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەن:**

جا ئەگەر حەز دەکەن ئەوە ئەم بابەتە دەکەینە خاڵی سێیەم لە تازە بابەتی بەرنامەی ئەمڕۆماندا. ئێستا کێ لەگەڵ ئەوەدایە کە ئەم بابەتە ببێتە خاڵی سێیەم لە تازەبابەت؟..دەست بەرز کرایەوە..کێ دژە؟ کەواتە بە زۆربەی دەنگ پەسەند کرا.

**بەڕێز قادر عەزیز حەمەدئەمین/ وەزیری کشتوکاڵ:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لە سەر داوای بەڕێزتان کە ئەمڕۆ بانگ کرابووم بۆ وەڵام دانەوەی ئەو پرسیارانەی کە هەتانە، پێش ئەوەی ئێمە لە وەزارەتی کشتوکاڵەوە وەڵامی پرسیارەکان بدەینەوە، حەز دەکەم هەروا بە دەم بەرنامەی کاری وەزارەتمان و بەرنامەی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە سەر ئاستی کشتوکاڵ کە جێبەجێ کردنی بە ئێمە سپێراوە بیدەین بە جەنابتان وئێمە ئامادەین بۆ هەموو پێشنیار ورەخنەیەک، هەرچی شتێک کە پەرلەمانی کوردستان بە پەسندی دەزانێت دیارە هەموومان ملکەچی بڕیارەکانی حکومەتی کوردستانین، سەبارەت بە وەزارەتی کشتوکاڵ وەزارەتێکی زۆر گرنگە ، چونکە سەرچاوەی دابین کردنی خۆراک وخواردەمەنی دانیشتوانی لە ئەستۆدایە. دوای پێکهێنانی حکومەتی هەرێمی کوردستان وەزارەتی کشتوکاڵ وەکو هەموو وەزارەتەکانی تر دەستەی کادرانی خۆی رێکخستەوە و، دەستمان بە ئیشوکاری وەزارەتەکەمان کرد و، زۆربەی ئەو فەرمانگانەی کە سەر بە بەغدا بوون، هەموویمان بەستەوە بە وەزارەت، هەروەها دوای ئەوە هەیکەلی وەزارەتەکەمان ئامادە کرد کە ئێستا ئەویش تەواو بووە، سەبارەت بە سەر راگەیشتنی ئیشوکارەکانمان لە وەزارەتی کشتوکاڵ ئەو کێشانەی کە لە بەردەمماندایە بە هەموو توانایەکمانەوە هەوڵمان داوە کە چ لە رێگای لیژنە هەمیشەییەکانەوە بێت،یا لە رێگای لق وهۆبەکانی کشتوکاڵییەوە بێت، یاخود لە رێگای ئەو لیژنە تایبەتیانەوە بێت، بۆ چارەسەرکردنی ئەو گیروگرفتانەی کە هاتونەتە پێشمان. سەبارەت بە ئەوەش مانەوەی بەرپرسە کۆنەکانە، بەتایبەتی ئەوانەی کە لە جێگا دیارەکاندان، ئەوەش دیارە تا ئێستا سیاسەتی حکومەتی کوردستان وابووە زۆر جار ئەم مەسەلەمان خستۆتە روو، بەڵام تا ئێستا ئەو مەسەلەیە

سەبارت بە ئێمە چارەسەر نەکراوە وئومێد دەکەین هەر وەکو بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران پێی ڕاگەیاندین کە لەو بارەیەوە گۆڕانکارییەک لە بەر دەستدایە، ئومێد دەکەین کە ئەمەش یارمەتیمان بدات بۆ ئەوەی ئیشوکارەکانمان بە شێوەیەکی دڵسۆزانە و بە شێوەیەکی یاسای بتوانین ئەو گیروگرفتانەی کە دێنە پێش چارەسەریان بکەین، بۆ ئەوەی بە شێوەیەکی زنجیرەی ئێمەی باسی ئیشوکارەکانی خۆمان بکەین. دێینە سەر بەرنامەی حکومەتی کوردستان لە سەر ئاستی کشتوکاڵیدا:

١ـ چارەسەرکردنی کێشەی زەوی کشتوکاڵی بە شێوەیەک کە دادوەری دابین بکات، بۆ جووتیار وخاوەن موڵک ،دیارە ئێمە لە وەزارەتی کشتوکاڵ بەپێی ئەوەی تێبگەین مەبەست لەو خاڵە کار پێکردن، یادانانی یاسایەکە. کە لە راستیدا ئەو دادوەریەی کە باسمان کرد لە سەر چارەسەرکردنی گیروگرفتی زەوی و کێشەی نێوان جووتیار وخاوەن موڵک ئیش پێبکرێت و، ئەو رێنمای و راسپاردانە کە لەوێ دەردەچێت لەو یاسایە، دیارە ئێمە لە کوردستاندا یاسایەکی خۆمان نەبووە، بەراستی یاسایەک کە خۆمان بۆ گیروگرفتی زەوی خۆمان لە کوردستان دەرمان کرد بێت پێش ئەوە یاسەیەک بوو کە پێی دەوترێ یاسای ژمارە (٩٠) ساڵی/ ١٩٧٠، لە سەرەتای دەست پێکردنی کارەکەمان لێرە لە بەردەمی بەڕێزتان داوامان کرد کە یاسایەکی تازە لە کوردستاندا دانرێت، بەتایبەتی ئێمە لە سەرەتای دەست پێکردنی کارەکەماندا این لەوانەیە کاتێکی زۆریشی بوێت و لێتوێژینەوە و خۆ ئامادەییێکی زۆری بوێت، بۆیە پێشنیارمان کرد کە تا دانانی ئەو یاسایە یاسایەک بۆ گیروگرفتی زەویوزارەکانی خۆمان لە کوردستاندا دەر بکەین. لەگەڵ ئەم هەمووکەموکوورییەی کە هەیەتی پێمانوایە کە یاسای ژمارە(٩٠) بەتایبەتی لەم کاتەدا لە بەر دەست بێت باشترە، ئەم یاسایە لە بەشێکی زۆری کوردستان جێبەجێ کرا، لە هەندێ ناوچە نەبێت کە کێشەی تێدایە، داوامان لە ئەنجوومەنی نیشتمانی کوردستان کرد کە ئەو پێشنیارەی ئێمە لە پێش چاو بگرن، چونکە ئێمە تا ئێستا هیچ یاسایەکی تازەمان نییە کاری پێبکەین، ئەوە بوو وەڵام نەدرایەوە. ئێمەش سەبارەت بە خۆمان لە بەر ئەوەی ئەو یاسایە بەهیچ شێوەیەک هەڵنەوەشایەوە و، بریاری پێدەرنەچوو لە سەری رۆیشتووین وئەوەندی توانا بوو لەگەڵ تایبەتمەندێتی ئەو کێشانە کە لەو ناوچانە هەن بەراستی ئەو یاسایە هەموو گیروگرفتەکانمان چارەسەر دەکات، هەندێ گرفتمان هەیە کە لە سەرتاسەری کوردستان تایبەت مەندی خۆی هەیە، زیاتر لە یاسایەک کە خۆمان دای بنێین و خۆمان بتوانین ئەو گیروگرفتانە چارەسەر بکەین، بۆ ئەمە ئەگەر لە پەرلەمانی کوردستان داوامان لێ کرا کە رێنمایی بۆ خۆمان دابنێین، ئەوە ئێمە رێنمایی وەزارەتەکەمان ئامادە کردووە، هەر چەندە رێنمای لە دەسەڵاتی وەزارەت خۆیەتی و، لە دەسەڵاتی وەزیر خۆیەتی، ئەوە بوو رێنمایشمان پێشکەش کرد،

بەراستی ئەو ڕێنمایانەش پەسەند نەکرا، ئێستاش لە وەزارەتی کشتوکاڵ سۆراخی ئەو ڕێنماییانە نازانین و، وەڵامی ئەو ڕێنماییانەشمان پێ نەگەیشتووە. ئەو کێشەیەی کە ماوە کێشەی زەوی کە لە زۆر شوێن تەشەنەی کردووە، لە کۆبوونەوەیەکی ١٢/١٩ ئەنجوومەنی وەزیران ئەم مەسەلەیەمان باس کرد لەو کۆبوونەوەیە وەزارەتی کشتوکاڵ ڕاسپێردرا کە کار بۆ دانانی پرۆژەی یاسای چارەسەرکردنی کێشەی زەوی لە کوردستاندا بکات، ئەم بڕیارە ئێستا لە وەزارەتی کشتوکاڵدایە، ئێستا لەگەڵ بەڕێز بریکاری وەزارەت خەریکی گفتوگۆ کردنین بۆ ئەوەی بتوانین لە ڕێگای کۆکردنەوەی باشترین یاساناس وشارەزایانی کشتوکاڵی لە سەرتاسەری کوردستان، هەتاکو ئەوانەش بتوانن یارمەتیمان بدەن بۆ دانانی پرۆژەی وەزارەت لە سەر بنەمای لێتوێژینەوەی بار و گیروگرفتی زەوی لە کوردستاندا و، داوای بەستنی کۆنگرەیەکی کشتوکاڵیمان کردووە ، بۆ ئەوەی ئەم پرۆژەی یاسایە دەوڵەمەند تر بکەین، هەروەها پێشنیارمان کردووە کە لە کۆنگرەی ئاوەدانکردنەوە ئەو پرۆژەیە پێشکەش بکەین بۆ ئەوەی دەوڵەمەند تری بکەین و، سوودیشی لە وەرگرین. هەرەوها پێشنیارێکمان لەلایەن ئەندامانی پەرلەمانەوە بۆ هاتووە، کە داوا لە وەزارتی کشتوکاڵ دەکەن دەست بکات بە دانانی پرۆژەی یاسا بۆ چارەسەرکردنی ئەم کێشەیە.

٢ــ بەرنامەی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە سەر ئاستی کشتوکاڵ ومەسەلەی دانانی پلانێکی ڕێکوپێک بۆ هاندانی جووتیاران بۆ گەڕانەوەیان بۆ سەر دێهاتەکانیان لەو بارەوە هەنگاومان ناوە هەر یەکێ لەو هەنگاوانە بریتیە لە هاندان و وشیار کردنەوەی جووتیاران بۆ گەڕانەوەیان بۆ سەر دێهاتەکانیان و، وبۆ جێبەجێ کردنی ئەم خاڵە بە ڕای ئێمە بە هاوکاری وەزارەتی کشتوکاڵ و وەزارەتی ئاوەدانکردنەوە دەکرێت، چونکە ئاوەدانکردنەوەی کشتوکاڵ شتێکی زۆری لە ئەستۆی وەزارەتی ئاوەدانکردنەوەدایە، بەتایبەتی خانووبەرەو پێداویستەکانی ئەم شوێنانە و، هەروەها سەبارەت بە وەزارتی کشتوکاڵ ومەسەلەی گێڕانەوەی جووتیارە خاوەن موڵکەکان بۆ سەر زەویوزارەکانی خۆیان، تاوەکو بەو شێوەیە ئێمە بتوانین جووتیاران هاندەین بۆ گەڕانەوەیان بۆ ئاوەدانکردنەوەی کوردستان و، بووژاندنەوەی ئابووری لە وڵاتەکەماندا و، ئێمە لەو بارەوەیە ئەو کۆسپانەی کە هەمان بوو سەبارەت بەگەڕانەوەی جووتیاران بەراستی کێشەی یاسای ژمارە(٣٥) ساڵی ١٩٨٥/ و بڕیاری (٣٦٤) بوو کە لەوبارەوە خۆمان هەر چەندە دەسەڵاتمان نەبوو ئێمە وەکو وەزارەتی کشتوکاڵ، بەڵام لە بەر ئەوەی زۆرمان داوا کردبوو هیچی وەڵام نەدرابووە، وەرزەکە خەریک بوو کۆتایی پێبێت وئەو یاسایە کۆسپ بوو و، بەتایبەتیش دوای ئەوەی کە ڕاگواستنی گوندەکان ڕاگیرابوو وکوردستان کاول کرابوو، بەپێی ئەو یاسایە عەقد لە سەر زەوی جووتیاران کرابوو و، بەپێی ئەو عەقدە بە هیچ شێوەیەک جووتیاران بۆیان نەبوو بگەڕێنەوە

سەر زەویەکانی خۆیان، ئەوە بوو دوای راگرتنی ئەو یاسایە لە لایەن وەزارەتی کشتوکاڵەوە، هەڵسـاین بە دروست کردنی لیژانی کشتوکاڵی لە وەزارەتی کشتوکاڵ و بە بەشداری جووتیارانی کوردستان لە زۆربەی ناوچەکانی کوردستان بۆ چاوخشاندنەوەیەک بە دابەش کردنی مەسەلەی زەوی، بە تایبەتی دوای راگرتنی بریاری ژمارە(٣٥)و، هەڵووەشاندنەوەی ئەو عەقدانەی کە لە سەر زەوی جووتیاران کرابوون، تارادەیەکی زۆر توانیمان لەو بارەوە ئەرکی گەرانەوەی جووتیاران کە یەکێکە لە ئەرکەکانی وەزارەتەکەمان ئاسان بکەین و،تا ئێستا توانیمانە چاوێکی باش بخشێنین بە عەقدی ئەو ئەرزانەی کە کۆن لە دەستی جووتیارەکان بوونە و بە زۆریش لێیان سەندرایەوە، بەتایبەتی دوای کاول کردنی کوردستان، ئێمە بریاریکمان دەرکرد لە یاسای کشتوکاڵ لەسەر ئەو زەویانەی کە خانووی بە سەردا رووخاوە هەر جووتیارێک هەر خاوەن موڵکێک لەو کاتەی کە خانووی بەسەردا رووخاوە زەوی لە دەستی بووە زەویەکە دەدرێتە دەستە خۆی، بەو شێوەیە دەتوانین ئەو فشارەی کە لە جووتیار و خاوەن موڵکە کراوە بتوانین لای بدەین و، ئەرکی گەرانەوەی جووتیاران ئاسان بکەینەوە.

٣ــ خاڵی کۆتایی سەر بارەی بەرنامەی حکومەتی کوردستان لەسەر ئاستی کشتوکاڵ بۆ دانانی نەخشەی دابین کردنی پێداویستەکانی گوزەرانی، کە ئەوەش دیارە ئەرکی هەر وەزارەتێکە لە کوردستان بەتایبەتی سەبارەت بە ئێمە کە مەسەلەی دابین کردنی خۆراک ودابین کردنی خواردەمەنییە، کە مەسەلەیەکی زۆر گرنگە و ئێمە لە لایەن خۆمانەوە هەوڵمان داوە، بەڵام بە داخەوە لێرەدا رادەگەێنین کە ئەو مەسەلەیە پێداویستی دەوێت، بەتایبەتی مەسەلەی باش کردنی وزیاد کردنی بەرهەمی کشتوکاڵی بە هەر دوو بەشەکەیەوە چ لە بارەی سامانی ئاژەڵداریەوە کە پێداویستی دەوێت، پیشتر دابین کراوە، بەڵام بەداخەوە لە وەزعی ئێستای کوردستاندا و، بەتایبەتی لە سایەی ئەم دوو گەمارۆ ئابووریەی کە لە سەرمانە، هەروەها لە سایەی نەبوونی توانایی باش، سەبارەت بە حکومەتی کوردستان بەراستی لەو بارەوە شتێکی گرنگمان پێنەکراوە و، بەتایبەتی لایەن کەمی پێداویستەکانی چاندنی ئەو وەرزەی کە ئێستا تێداین، سەبارەت بەگەنم، چ سەبارەت بە پەینی کیماوی، چ سەبارەت بە بەربەرکانی نەخۆشی ودەردەکان کە هەن، هەروەها سەبارەت بە مەسەلەی گازو پێویستەیەکانی بەراستی دەتوانین بڵێین بە رادەی کەمیش دابین نەکراوە، ئەمەش وەکو باسم کرد پەیوەندیی بەو دوو هۆوە هەیە کە لە سەرەتادا باسمان کرد، ئەو گەنمەی کە لە لایەن ئەمریکاوە نێردراوە بۆ کوردستان کە خۆی لە (١٠) هەزار تەن گەنم دەدات، بەداخەوە خۆشمان بەوانیشمان گوت کە دەسپێشخەرییەکی زۆر درەنگە، چونکە وەرزەکەی خەریکە بەسەر دەچێت، رێگاوبان خەریکە دەگیرێت، ئەو گەنمەی کە بۆ ئێمەیان هێناوە لە

١٠٪ لە جیاتی تۆوەکە گەنمی باشە و، بەشی زۆری تۆوەکە دەرمان کراوە، ئەو گازەش کە بەڵێنیان دابوو لە ٥٠٪ پێداویستەکانی کوردستان دابین دەکات، ئێستا بڕێک لە گەنمەکە گەیشتووە ودابەشیش کراوە. بەشێکی زۆریشی هێشتا نەگەیشتوە، بۆ ئەم وەرزە نەتوانین سوودی لێ وەربگرین.

ئەمە راپۆرتێکی کورت بوو سەبارەت بە ئیشوکارەکانی وەزارەتی کشتوکاڵی و ئاودێری کوردستان. ئەوەی کە دەمێنێتەوە دوو تێبینییە، سەبارەت بە جووتیارەکان بەراستی فریای جێبەجێ کردنی ئەم بڕیارە ناکەون، لە بەر ئەوە زۆر جار بەداخەوە قسە و قسەلۆکێکی زۆر دەکرێت کە ناتوانین زەوی بدەینێ، یان گلەییمان لێدەکەن بۆ ناتوانین زەوی بدەینێ و، نەک بەپێی رێنمایی وەزارەت کە ئەوەی خانووی بەسەردا رووخابێت عەقدەکانیان دەگەڕێتەوە سەریان، ئەوەی بەپێی یاسا حەقی زەویەکەی دەدەینێ، بەڵکو ئەوەی کە(٥٠) ساڵە لە شار دادەنیشێ، چونکە دەوڵەمەندە ئێستا دێ داوای زەویمان لێ دەکات ناتوانین زەوی بدەینێ ئەوە لێمان دەکاتە گلەیی و قسەوقسەلۆک، بەراستی کێشەی زەویشمان وەکو خۆی ماوە، چونکە لە ٥٠٪ زەوی کوردستان ئێستا لە بەر دەستی خۆمان نییە، لە بەر دەستی دوژمنە، بەتایبەتی لە ناوچەی هەولێر و ناوچەی گەرمیان، بۆ نموونە باشترین زەوی هەولێر لە ناوچەی قەراج وکەندیناوەیە، ئێستاکە لە بەر دەستی ئێمە نین و، هەروەها بەنسبەت ناوچەی گەرمیانیش بەشێکی زۆری ئەو زەویانە لە بەر دەستی رژێمن و، ئێمە نەمان توانیوە بەراستی بەڵێنیان بدەینێ لە بەر ئەوەی زەویەکە خۆی کەمە و داواکردنی ئەو زەویانەش زۆرە، ئێمە بە هەموو شێوەیەک هەوڵمان داوە کە بە دادوەرییانە گیروگرفتی زەوی چارەسەر کەین و، کەس بێبەش نەکەین، بەڵام کەموکوورپی وشتی لا بەلا لە وەزارەتی کشتوکاڵ دەکرێت، چونکە وەکو خۆتان دەزانن ئەم وەزارەتە وەزارەتێکی فراوانە و پتر لە (١٢) هەزار کارمەندی هەیە، ئەم وەزارەتە پێشتر لە سەر دەستی رژێم پاشا گەردانێکی زۆری تێدا بوو، وئەمە سەبارەت بەو کارمەندانەی کە کاتی خۆی لە مەسەلەی زەوی ئیشوکاری کشتوکاڵی کاریان کردووە، بەشێکی نادڵسۆزانە ئیش دەکەن و،بەشێکی تریشی لە بەر ئەوەی ئێمە بەرەنگاری لەوان نەکەین کە وەزارەتی کشتوکاڵ زۆرشتی لابەلای کرد و زۆر دەکرێت بەتایبەتی لەلایەن ئەو لیژنانەی کە دروست دەکرێن، بەپێ راگەیاندنی خۆمان لە وەزارەتەکە هەوڵمان داوە کە پێشل بکرێت، ئەگەر بڕیاری گۆڕینیان بدەین ئەو بڕیارە ئەوان دەگرێتەوە بە ئاسانی، ساڵێک ودوو ساڵ ئەو وەزارەتە ئاڵوگۆڕ بکرێت، ئێمە ئومێد دەکەین کەوا بتوانین یاسایەکی تازە لە کوردستاندا ئامادە بکەین، ئەویش بۆ چارەسەرکردنی کێشەی زەویوزار و، بتوانین لە رێی دروست کردنی لیژانی تازە و بەخستنە گڕی خەڵکی دڵسۆز، ئێمە ئەم کەموکوورپیەی کە باسم کرد لابدەین و، ئیشوکارەکانی وەکو پێمان سپێرا بە

شێوەیەکی دادوەرانە جێبەجێ بکەین و، گیروگرفتی کشتوکاڵ و زەویوزار لە کوردستاندا چارەسەر بکرێت، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاسی بەڕێز وەزیری کشتوکاڵ دەکەین بۆ ئەو راپۆرتەکەی بەتێرو تەسەلی پێشکەش کرد وئێستاش با لیژنەی کشتوکاڵی بفەرموون.

**بەڕێز کاکەڕەش محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پێشەکی بەخێرهاتنی جەنابی وەزیری کشتوکاڵ وجێگرەکەی دەکەین و، زۆر سوپاسیان دەکەین بۆ ئەم راپۆرتە رێکوپێکە کە پێشکەشیان کرد، لە بارەی کشتوکاڵ لەم ماوە کورتەدا کە دەستیان بە سەریدا گرتووە، بەڕێز وەزیری کشتوکاڵی فەرمووی کە بنەمای چارەسەرکردنی کێشەکان یاسای ژمارە(٩٠)ە، کە بووەتە بنەمایەک بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی کشتوکاڵی لە کوردستاندا، هەروەها چۆنێتی وئیدارە کردن و بەکار هێنانی ئەم ئەرزانەی کە بەکرێ دەدرێن، لە کۆتایی یاسای ژمارە(٩٠)دا باس نەکراوە، بەڵکو لەیاسای ژمارە(١١٧) چارەسەر کراوە، بەدوو شێوە و داوا کراوە کە ئیدارە زەویەکە بەعەقد بدات بە جووتیاران و، بە کرێیەکی کەم و، بە بۆچوونی من سەبارەت بە ناوچەی هەولێر زۆربەی ئەو زەویانەی کە دەستی بە سەر داگیراوە بەگوێرەی یاسای ژمارە(٣٠)ی ساڵی/ ١٩٥٨ وبەگوێرەی یاسای ژمارە(١١٧)ی ساڵی/ ١٩٧٠ وبەگوێرەی یاسای ژمارە(٩٠)ی ساڵی / ١٩٧٥ هەموو عەقدەکانی تیادا دابەش دەکرێت، بەڵام میری بە یاسای ژمارە(٣٥) کە یاسای بە کرێدانی زەویوزارە، هەرچەندە ئەو بنەمایەی لادا و لەسەر بنەمای فرۆشتنی بە ئاشکرایە، واتە ئەو کەسانە بێ بەش دەکات، ئەویش لە ئاکامی ئەو دەست بەسەردا گرتنە.ئەو یاسایە پێویستە راگیرێ، بە رای من هەر لە بنەماوە یاساکە راگیراوە، چونکە لە یاساکەدا وانووسراوە ( الارضی الفائضه عن حاجه الفلاحین) ئێمە کەی (اراضی فائضه) مان هەیە، جا بۆیە باشترین شت ئەوە بوو وەزارەتی کشتوکاڵ بگەڕێتەوە سەر ئەو لیستانەی کە عەقدەکانی لەسەر دابەش کراوە، بە گوێرەی ئەوە یاسا دامەزرێنێت، ئێستا بچی دووبارە زەویەکە دابەش بکەیت ویاساکە هەیە، پێویست بوو بەیانێک لە وەزارەتی کشتوکاڵەوە دەربچێت کە ئەمە یاسای ژمارە(٣٠) بوو، مافی ئێوەی تێدا هەبێ وئەوە راگیرا و، هەر کەس بگەڕێتەوە سەر ئەو زەویانەی کە بە دابەش کردن وەری گرتووە و بە عەقد وەری گرتووە و، لە هەمان کاتیشدا دەبوایە دوو لیژنە دانرایە، لیژنەیەک پێی بوترایە لیژنەی(لجنه مخالفات الموزع علیهم)، ئەویتریش لیژنەی( تەعاقد) و، ئەرکیان ئەوە بوایە لە لێکۆڵینەوەیان لەو کەسانە بکردایە کە (سەنەدی تەملیکیان) وەرگرتووە، یان داخۆ لە یاسای عەقد ناویان ومەرجەکانیان تێدا نییە و، لەوانەشە ناونیشانی گۆڕاوە بۆتە خاوەن وەکالەتی فرۆشیاری و ئەو

شتانەی کە مەرجی جووتیاری تیادا هەبێت، ئەوانە وردە وردە چارەسەر دەکرا وخەڵکی تری دەخرا جێی بەبێ ئەوەی هیچ کێشەیەک پەیدا ببێ، جا ئێستا کشتوکاڵ هەڵساوە بە بەکرێ دانی زەوی لە کاتێکدا کە بەخۆی داوا دەکات یاسای ژمارە(٣٥) لادەن، چونکە زەوی بەکرێ دەدات، ئێستا خۆی زەویەکان بەکرێ دەدات بە دوو جاریش بەکرێی داوە جارێک، لەسەر ئەو بنەمایە کەگوایە داواکاری لەسەر زەوی کشتوکاڵی زۆرە و نرخی بەکرێدانەکەش بەرزە، بەڵام ئەو یاسایەی کە وەزارەتی کشتوکاڵی لەسەری ئەو زەویانەی بە کرێداوە، ئەو یاسایە لەبنەڕەتەوە نییە، کە خۆیشی لە دژیەتی و، ئێمەش دژی ئەو یاسایەین، ئەبوایە لە سەر بنەمایەک بڕۆشتایە و بەپێی بە کرێدان وابزانم دەست بەم لایەنە بگرین باشترە، لایەنی دووەم کێشەی ئەوزەویانەی کە تا ئێستا بەگوێرەی یاسای ژمارە(٩٠) وا دانراوە کە میریە تەواوە و، تا ئێستا وەکو پێویست چارەسەرە، ئایا وای دادەنێین کە زەوی میرییە و یاسای ژمارە(١١٧)ی بەسەردا جێبەجێ بکەین؟ ئەویش بە گوێرەی (وحداتی تنظیم) بڕۆین و دووبارە تەعاقد و دابەش کردن بکەینەوە، یان (لیژانی اراضی) کە لە میانی ئیدارەی یەکەکانی رێکخستندا هەیە لە ناوچەکەدا، هەرچەندە ئەو بنەمایە چارەسەر نەکراوە بڕیارێک لە ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕشی عێراقی دەرچووە، وابزانم ژمارەکەی (١٥٧) بوو، گوایە چارەسەرکردنی چەند کێشەیەک بوو، بەڵام بە رای من ئەوە چارەسەر کردن نییە، چونکە بەشێکی کەم لە کێشەکان چارەسەر دەکات.

خاڵێکی تریشم هەیە، بە بۆچوونی من وەزارەتی کشتوکاڵ بە بێ مەبەست ئەو شتەش دەکەن، کە زۆر لە کار بەدەستانی وەزارەتی کشتوکاڵ رێنمای هەڵە دەکەن بۆ (معاملاتی استبدال)، خۆی ئەو موعامەلاتەی کە (استبدال) دەکرێت، زەوی تۆمار دەکەی بەناوی کەسێک کە سەنەدی تاپۆی هەبێت و، ئیسپاتی پێچەوانە ناکات، ئێستا لە وەزارەتی کشتوکاڵ دەبینین معامەلەیەکی (استبدال) کراوە و ئەو کەسە لادەدەن لە سەر زەویەکەی کە تاپۆ کراوە و، کەسانێکی تر دێنە سەری، پێویستە لیژنەیەکی بۆ دیاری بکرێت و، ئەو لیژنەیە لێتوێژینەوەی لەسەر بکات کە ئەو زەویانە چۆن دەگەڕێنەوە، کە گەڕانیشەوە پێویستە پێشکەشی ئەنجوومەنی وەزیران بکرێت، ئەنجوومەنی وەزیرانیش پێشکەشی پەرلەمانی بکات، تاوەکو پەرلەمانیش بڕیارێکی بۆ دەرکات، چونکە ئەم لەیەک جیاکردنەوەی سەنەدکان و سجلەکانی تێدایە و، یەکسەر لێی بسێندرێت، بە رای من ئەوە سەرپێچی یاساییە، بەتایبەتیش لە کاتێکدا کە ئێمە هەموومان هەوڵ دەدەین حکومەتمان حکومەتی یاسا بێت.

پرسیارێک لە بەڕێز وەزیری کشتوکاڵی دەکەم کە ئایا لەسەر چ یاسا وبنەمایەک هەزاراه دۆنم زەوی بۆ رێکخراوە جووتیاریەکان تەرخان دەکرێت و، بە کرێ دەدرێت؟، خۆیان وەکو بیستوومە ژمارەیان (١٤) کەسە ویەکی (٧٠) دۆنمی بەرکەوتووە، ئەوی تریشیان بە کرێ داوە بۆ یەکێتی

جووتیاران، که بەکرێی دەدەن با لەسەر یاسایەک بەکرێی بدەن، تاوەکو نەبێتە جێگای رەخنە.
زەوی هەیە بۆ جێگایەک تەرخان کراوە، وەکو زەویەکەی زانکۆی سەلاحەدین، ئەو زەویە هی زانکۆی سەلاحەدینە و، زانکۆش بە کێ بەکرێی دەدات ئەوە ئیشی خۆیانە، بەلام وەزارەتی کشتوکاڵی بێت وئەو زەویە لە زانکۆ بسێنێتەوە، بەراستی ئەم کارە دەبێتە جێگای گومان و پرسیار کردن. مادام زەویەکە هی زانکۆیە دەبێت ئەوان بەکرێی بدەن وخۆیانیش کرێکەی وەرگرن. سەبارەت بە دانەوێڵە کڕین نازانم وەزارەتی کشتوکاڵ(٣) نەخشەی بۆ ساڵی داهاتوو داناوە، داوا دەکات کە پارەیەکی باشی بۆ تەرخان بکرێت، تاوەکو بتوانن بە شێوەیەکی رێکوپێک کۆنترۆڵی بکەن، جووتیارەکانیش بتوانن سوود لەو بەرهەمەی کە ماندووبوونە بەسەریەوە بکەن، تێبینیەکم سەبارەت بە دابەش کردنی دانەوێڵەکە هەیە، دابەش کردن یەکەیەکی شارستانییە، کەواتە دەبێت بەشێوەیەکی زانستیانە ئەو دانەوێڵەیە دابەش بکرێت، چاودێری لایەنی ئابووریش بکرێت و، تەنها بۆ ئەوە نییە کە من ( ١٠٠٠ ) دۆنم زەویم هەیە و( ٣٠٠ ) جووتیاریش و، لە هەر یەکێ ( ١٥ ) دۆنم زەویان بدەنێ، تاوەکو بڵێم زەوی درایە جووتیارەکان، جووتیار دەبێت یەکەیەکی ئابووری چەسپاو بێت، وابزانم ئەو زەویانەی کە باش نین بۆ کشتوکاڵ بە ( ١٢٠ ) بوو، جا بۆیە دەبێت ئەوە رەچاو بکرێت، ئەو جووتیارەی کە زیادە ئەوە ناگرێتەوە کە لە سەر حسابی زەوی بێت، دەبێت بە شێوەیەکی تر چارەسەر بکرێت.
سەبارەت بە نەخۆشیەکان کشتوکاڵی، دەبێت هەر لە ئێستاوە وەزارەتی کشتوکاڵی خۆی ئامادە بکات، بۆ لە ناو بردنی ئەم جۆرە نەخۆشیانە. تکام لە بەڕێز وەزیری کشتوکاڵی ئەوەی کەوا بە هەموو لایەکەمان هەوڵ بدەین ئیشەکە بەرێوەبڕوات و، خەڵکی خاوەن هەق بگاتە هەقی خۆی، ئەو حەقەی لە خەڵکێک دەمانەوێ بستێنین ئەبێت یاسایەکی بۆ دانێین و، ئەگەر بیشی دەینێ دەبێت هەر بە یاسا بیدەینێ، چونکە ئێمە ئاواتمان ئەوەیە کە حکومەتی یاسا بین. پرسیارێکیشم هەیە کە ئایا بابەتی زەوی مەعەسکەرەکە کە(٧)هەزار دۆنم زەویە گەیشتە چی؟، با بۆمانی روون بکاتەوە، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاسی بەڕێز کاکەڕەش دەکەین بۆ ئەو زانیاریانە بەنرخەی کەلای بوو چ بە ناوی خۆی بێ چ بە ناوی لیژنەی کشتوکاڵ.

**بەڕێز قادر عەزیزحەمەد ئەمین/ وەزیری کشتوکاڵ:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

منیش سوپاسی بەڕێز کاکەڕەش دەکەم لە رووی مەبادئەوە لەوانەیە ئێمە هەندی رای ترمان هەبێ دەربارەی واقعی کوردستان. ئێستاش بە کورتی وەلامی پرسیارەکانی ئەندامانی بەڕێز

دەدەمەوە. سەبارەت بە یاسای ژمارە (٩٠) بەراستی لێرەدا کاتی خۆی پێشنیارمان کرد بە شێوەیەکی کاتی کار بەو یاسایە بکرێ، هەرچەند ئەم یاسایەش بێ کەموکورتی نییە، بەڵام کە وەزارەتی کشتوکاڵ پێکهات ئێمە سەبارەت بەگیروگرفتی زەوی هیچ یاسایەکمان لەبەردەست نەبوو بۆ دانانی یاسایەکی تازەش وەکو جەنابتان دەزانن وەختێکی زۆرو، پارەیەکی زۆری دەوێ و، لەبەر ئەوە پێشنیارمان کرد کە کار بەیاسای ژمارە (٩٠) بکرێت بە هەموو کەموریپەکانییەوە، چونکە ئەو کاتە هەر ئەو یاسایەمان لەبەردەستدا هەبوو.

ئێستاش دەربارەی یاسای ژمارە (٩٠) زۆر رای جیاواز هەیە لە پەرلەمان و، وەزارەتی کشتوکاڵ و، هەتا بەرەی کوردستانیش کە یەکێک لە گیروگرفتەکانی ئێمە ئەوەیە کە ئێمە تا ئێستا سیاسەتێکی روونمان نییە دەربارەی کێشەی زەوی و، جێبەجێ کردنی یاسای ژمارە (٩٠) لە کوردستاندا. بەرای ئێمە راگرتنی (تجمید) یاسای ژمارە (٩٠) باشەو، گیروگرفتەکانی زەویش دەبێ هەمووی چارەسەر بکرێت، بەڵام ئێمە ئێستا لەوەزارەتدا بەشێوەیەکی کاتی کار بەم یاسایە دەکەین.

سەبارەت ئەو لیژنانەی کە پێکهێنراون خۆی لە سەر بنەمای (عقد) دروست بووە لە سەر ئەو ئەساسەی کە هەموو زەوی میری (عقد) بکرێن. خۆمان لە وەزارەتی کشتوکاڵدا لەگەڵ ئەمە نین، چونکە کاتی خۆی ئەم عەقدانە بەپێی یاسای ژمارە (٩٠) کراوە، ئێمەش دەمانەوێ مەسەلەی عەقدو عەقدکاری لەسەر مەسەلەی زەوی نەمێنێ، چونکە جوتیارەکان زەوییەکە بە هی خۆیان نازانن و، هیچ بایەخێکی پێ نادەن ئەمەش کار دەکاتە سەر جۆری بەرهەم، لەبەر ئەوە ئێمە پێشنیار دەکەین کە ئەو زەوییانە بەموڵک بکرێن لە رێگای فرۆشتنیان بە قیستی چەندین ساڵ، هیوادارم لە یاسای کە تازە دادەنرێت ئەم مەسەلەیە چارەسەر بکرێت.

مەسەلەی (استبدال) کە بەرێز کاکەڕەش باسی کرد، بەراستی مەسەلەی ئیستبدال لای ئێمە نییە لە وەزارەتی کشتوکاڵ، لەبەرئەوە هەموو ئەو زەوییەی لە هەمان ئیستبدال بدەین بەهیچ کەسێکی تر وهیچ ئەگەر ببێ بە نا یاسایی نەبووە تەنها ئەوەی کە لە سەرەتا باسم کرد کە هەندێ سەرپێچی لابە لا هەیە، ئێمە لێی ئاگادار نەبوین.

دەربارەی ئەو پرسیارەی کە تەرخان کردنی (٣٠) هەزار دۆنم بە چ یاسایەک بەکرێ دراوە؟.

یەکێتی جووتیاران کە رێکخراوێکە هەڵدەستێ بە راپەڕاندنی کاروباری جووتیاران کاتی خۆی لەلایەن بەرەی کوردستانی و، سەکردایەتی سیاسی درایە یەکێتی جووتیاران کە بەکرێی بدەن بۆ ئەوەی ببێتە داهاتێک بۆ جووتیاران، ئەمەش لەسەر داواکاری یەکێتی جووتیاران بووە.

سەبارەت بە زەوی کۆلیجی ئەندازیاری کە رووبەرەکەی (٣٧) دۆنم بووە ئەوەی لە ناوی شورەی کۆلیجی ئەندازەیە، کاتی خۆی لەلایەن رژێمەوە دراوە بەچەند مامۆستایەکی زانکۆ یەکێک لەوانە د. فەرهادە کە ئێستا خۆی لێرە دانیشتووە، ئەویش بەکرێ داویەتیە هەندێک جووتیار.

هەروەها ( ٣١٠ ) دۆنمی دیکە کە هی مامۆستایەکی دیکە بوو ئێمە ( ٢٠٠ ) دۆنمان لێ وەرگرتەوە دامان بە خێزانی شەهیدان. ئومێدەوارین کە بۆ ساڵی ئایندە ئەم مەسەلەیە چارەسەر بکەین، چونکە ئەم زەوییانە کە رووبەرەکەی ( ١٤٠٠ ) دۆنمە بۆ زانکۆ تەرخان کراوە بۆ ئەوەی بینایەی لەسەر دروست بکات.

بەنسبەت دانەوێڵە کڕین ئێمە گیروگرفتی پارەمان هەیە، هەروەها ئێمە بە بڕیار پەرلەمانی کوردستان مەسەلەی چونەدەرێی گەنمان قەدەغە کرد و، بڕیارێکی راست بوو بەداخەوە هیچ بەدیلمان نەبوو و، بەتایبەتی سەبارەت ئەو خەڵکەی کە تا کە سەرچاوەی ژیانی ئەو بەرهەمەیە کە خۆی بەرهەمی هێناوە لەبەر ئەوە قەدەغەکردنەکە تارادەیەکی زۆر باش بوو هەر چەندە زۆریش تەسروف پێ کراو رۆیی.

ئێمە هەر لە ئێستاوە لەگەڵ وەزارەتی دارایی قسەمان کردوە کە پرۆژەی کڕینی دانەوێڵە پێشبخەین، چونکە مەسەلەی چونە دەرێی دانەوێڵە بەراستی ئەوە کەس لە سەری جیاواز نییە نابێ ئەو گەنمە ئەو کە سەرچاوەی نانمانە لە کوردستان بچێتە دەرێ، نەک تەنها بۆ ناو رژێم بۆ دەوروبەریش، بەڵام بەراستی دەبێ بڕیارێکی بێ کەموکووڕیی هەبێت، بۆ ئەوەی لە کاتی جێبەجێ کردندا کۆنترۆڵمان پێ بکرێت، ئومێدەوارین کە لەساڵی ئاینده بتوانین لەگەڵ وەزارەتی دارایی ئەم گەنمە لە جووتیاران بکڕین ئەگەر هەمووشی نەبێت، بەشێکی بکڕین، بەڵام ئەگەر پارەمان بۆ تەرخان نەکرێت ئەوا ناتوانین یەک تەنیش بکڕین وەکو ئەمساڵ لە ناوچەکانی هەولێرو گەرمیان و سلێمانی گەنم بکڕین، لەبەر ئەوەی لە بازاڕی رەش نرخەکە گرانتر بوو.

سەبارەت بە نەخۆشیەکانی کشتوکاڵیش ساڵی رابردووە بە هۆی نەبوونی دەرمان بۆ نەهێشتنی ئەم نەخۆشیانە زەرەرێکی زۆری لێدان لە رووی ژمارەو جۆری (الكمية والنوعية) دانەوێڵەو، بەراستی ئەو گەنمەش کە هەبوو و، گەنمی هەولێر نەبێ ئەگینا گەنمی شوێنەکانی تر تاڵ بوون بەتایبەتی سلێمانی هەتا بۆ نانیش بەکەڵک نەدەهات، بەڵام ئێمە لەلایەن حکومەتی کوردستانەوە بڕی ( ٦٠ ) ملیۆن دینارمان بۆ تەرخان کرا، بۆ ئەوەی دەرمانی پێبکڕین لە رێکخراوەکانی دەرەوە، بەتایبەتی لەگەڵ وڵاتانی تر، بۆ ئەوەی بتوانین نەخۆشییە کوشندەکانی کشتوکاڵ نەهێڵین بە لەناو بردنی (حشراتی ) کوشندە.

سەبارەت زەوی (معسکر)، ئەم زەوییە رووبەرەکەی( ٤٥ ) هەزار دۆنم بووە( ٥ ) هەزار دۆنمی بەراستی هەمووی سەنگەر بووە هەمووی کوڵدراوە بەکەڵکی چاندن نایەت. ئێمەش ( ٣ ) هەزار دۆنمان داوە بە یەکێتی جووتیاران ئەوەی تر هەمووی دراوەتە بەو گوندانەی کە لە سەری بوون جگە ئەوانەی کە ئێستا هەندێ سەرپێچی لەسەری دەکرێت کە ئێمە لە رێگەی پۆلیسەوە بەشێکی دەتوانین لە حەقی بێین و فریای بکەوین بەشێکی تری دەڕوا و، بۆ وەرزی ئاینده دەمێنێتەوە، ئێمە نیازمان وایە لە وەرزی داهاتوودا چارەسەرییەکی بنەڕەتی مەسەلەی زەوی (

مـعـسكر) بكەيـن، هەندێک بیـروڕاش هەیە کـە ئەم زەوییـانە بدرێنە خـێزانی شـەهیـدان، و وەزارەتی پێشمەرگە، وەزارەتی کشتوکاڵ.
لە کـۆتاییـدا تکا دەکـەم کـە ئیـشـوکـارەکـان بەرێکی بکـەین و، بڕوا بکـەن ئێـمـەش بەهەست بە بەرپرسـیـتی و دڵسـۆزی بۆ باری کـوردسـتـان و، حکومـەتی کـوردسـتـان کـار دەکـەیـن و، هیچ شـتـێکمـان نەکـردووە بەبڕوای خـۆمـان نا یاسـایی بێت بەتایبـەتی خـۆم، بەنا یاسـاییش هیچ زەوییـەکـمـان لە خـەڵک وەرنگرتووەو، نەشـمـانداوە بەکـەس، تەنیـا هەندێک زەوی نـەبێت کـە بەداواکاری دراوە، یاخود دراوەتە کەسوکاری شەهیدان ئەویش بە ڕێنمایی لەوەزارەتدا کراوە.
حەز دەکەم بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان لەو بڕوایە دابن کە ئێمە لەم بارەیەوە دریغی ناکەین و، ئێـمـەش دڵسـۆزین بۆ مـەسـەلەکـە ئەوەی پەیوەندیی بە من هەبوو وەڵامم دایەوە، ئەگـەر بەڕێز ئەکرەمیش هەر تێبینییەکی هەیە ئامادەم وەڵام بدەمەوە، سوپاس.

**بەڕێز ئەکرەم عیزەت نەجیب/بریکاری وەزارەتی کشتوکاڵ:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

تێبینیەکی بچووکم لە سەر پرسیـارەکەی بەڕێز کاکەڕەش هەیە، سەبارەت بە یاسایی ژمارە (٩٠) ئێمە ناڵێین یاسایەکی نموونەییە، بەراستی یاساکە من وای دادەنێم کە تەنها بۆ دیاری کردنی جۆری مـوڵکی زەوییـە، یا لە مـەسـەلەی دابەش کـردنی، لە یاسـای ژمـارە(٩٠) بـاس نەکـراوە ئەوەی کە ئێمە بۆی ئەڕوین بۆ مەسەلەی مزایدەی دابەشی هەمووی ئەبێت بگەڕێتەوە بۆ یاسای ژمارە(١١٧) سـاڵی / ١٩٧٠. مەسەلەی دابەش لای ئێمە مەسەلەیەکی کۆتایی نییە و، ئێمە لەگەڵ دابەش نین، بەڵکو ئەمانەویت هەموو جووتیـارێک ئەو زەوییەی کە بەدەستـییـەتی بکرێتە ناویەوە، بەتاپۆ کـردنیش بە بۆچوونی من ئەبێت لیـژنەیەکی تایبـەتی بۆ دروست بکرێت و، لیژنەکەش ناوی ئەنێین لیژنەی (تەسبیت مـولکیەتی زراعی) لە کـوردستـاندا، ئەمیش بە هۆی یاسـایەکی نوێیـە لە کـوردسـتـاندا کـە بگونجێ لەگـەڵ واقـعی ئەوڕۆی ئێـمـە، ئەوەش بە ڕێگای کۆنگرەی کشـتـوکاڵیـیـەوە ئەبێت پێک بێت، ئێـمـە پرۆژەیەکـمـان پێشـکەش کرد حەز دەکـەین بخوێنرێتەوە و، پاشان لیژنەیەک پێک بێنن بۆ دارشتنەوەی یاسایەکی نوێ. سەبارەت بە بابەتی دەسنیشـان کردنی زەووی زانکۆ، نابێت زانکۆ بازرگانی بەو زەویەوە بکات، ئێمە لەگەڵ ئەمە نین، دەبێت ئێمە ئەو زەویە بدەین بە کرێ، قـەیناکات با داهاتەکەی بۆ زانکۆ بێت، بەڵام دەبێت ئێمە خۆمـان بیـدەین بە کرێ. سـەبارەت بە مـەسـەلەی نەخۆشی کشـتـوکـاڵی، ئێمە لیژنەیەکـمـان هەیە وپارەیەکی زۆریشـمـان بۆی دیاری کردووە، لیژنەکەشمـان ئێـسـتا بەسەر شارەکـاندا دەگـەڕێت، بۆ ئەوەی دەرمانی کشتوکاڵیان بۆ دابین بکات، سوپاس.

**بەڕێز کـاکـەڕەش مـحـەمـەد نەقـشـبـەندیی:**

**بـەڕێـز ســـەرۆکی ئـەنجـــــوومـــــەن.**

وا دیارە باسەکەی من زۆر روون نەبووە، چونکە من کە باسی یاسای ژمارە(٩٠)تم کرد، وتم: چارەسەری زەویی نییە، نەوەک وەزارەتی کشتوکاڵ پابەندیی نەبووە، چونکە تەنها بۆ دەسنیشان کردنی مولکیەتە، پاشان سەبارەت بە کرێدانی زەویوزارەکان بە پێی یاسا دەبێت بە یاسا ئەو زەویوزارانە بدرێنە کرێ، ئەگەر تەنها بۆ یەک سەعاتیش بێت ئەمە یەک، دووەم سەبارەت بە ئەوەی کەوا سەرۆکی زانکۆ، یا راگری کۆلیژی ئەندازیاری بازرگانی بەو زەویوزارانە دەکەن، بە رای من ئەمە چارەسەر کردنی زۆر ئاسانە و، دەبێت بە شێوەیەک بێت کە شەرمەندەی سەرۆکی زانکۆیش ناکەن و بڵێین: ئەو زەویوزارە زیادەی کە هی زانکۆیە پێی ناوێت کە مولکەکەی لێ بسێنرێتەوەو با بگەڕێتەوە بۆ وەزارەتی کشتوکاڵ، چونکە لە بنەڕەتەوە هەموو زەویوزارێکی کشتوکاڵی میری بێت ئەبێتە مولکی چاککردنی کشتوکاڵییە، ئەو یاسایە تایبەتە و، لە هەموو یاساکاندا ئەو بنەمایە هاتووە و بڕیارێک دەردەچێ کە (٣٠٠٠)دۆنم زەوی کشتوکاڵی کۆلیژی ئەندازیاری بکرێتە(١٠٠) دۆنم ،یا بە (٥٠) دۆنم ئەوەی تر لێ بسێنرێتەوە، ئەو کاتە با زانکۆ بچێت بە عەقد بکرێی بگرێت، بەڵام نەک مولکی بێت، هەروەها سەبارەت بە دەسنیشان کردنی(٣٠٠٠)دۆنم زەوی بۆ یەکێتی جووتیاران، باوەڕکەم ئەوە لە دەسەڵاتی وەزیر نییە کە ئەو زەویە زۆرە بۆ کۆمەڵەی جووتیاران ترخان بکات، سوپاس.

**بەڕێز قـادر عـەزیز حەمەدئەمین/وەزیری کشـتـوکاڵ:**

**بـەڕێـز ســـەرۆکی ئـەنجـــــوومـــــەن.**

دوو تێبینم هەیە لە سەر قسەکانی بەڕێز کاکەڕەش، مەسەلەی زەوی زانکۆ بەراستی زۆر هەوڵمان لەگەڵ د. خەسرەو دا و، پێیمان راگەیاند کە ئەو زەویانە بۆ پرۆژە تەرخان کراوە، بەڵام ئەو گوێی نەداینێ و بەکرێی دا، سەبارەت بە زەوی ئەو جووتیارانە، ئێمە ئەو حەقەمان بە خۆمان دا کەوا تەنها بۆ یەک وەرز بەکرێی بدەین، چونکە پێویستیان بە پارەی بەرهەمەکەی هەبوو، سوپاس.

**بەڕێـز جـــێگری ســـەرۆکی ئەنجـــوومـــەن:**

وابزانم بۆچوونەکەی کاکەڕەش بۆچوونێکی یاساییە لە جیاتی ئەو جۆرە هەوڵدانە، با پێشنیارێک پێشکەش بە ئەنجوومەنی وەزیران بکرێت، یان پێشکەشی پەرلەمان بکرێت کە ئەو زەویە(٢٠٠) دۆنمی بگەڕێتەوە بۆ وەزارەتی کشتوکاڵ.

**بـەڕێـز فـــــرەنـســـــۆ تـۆمـــــا هـەریری:**

**بـەڕێـز ســـەرۆکی ئـەنجـــــوومـــــەن.**

من لە هەموو کۆبوونەوەکانی سەرکردایەتیی سیاسی بەرەی کوردستانی ئامادە بووم لە هیچ کۆبوونەوەیەک بڕیار نەدراوە(٣) هەزار دۆنم زەوی بدرێت بە یەکێتی جووتیاران، حەز دەکەم

ئەگەر بڕیار درابووە بزانم لە کام کۆبوونەوە بڕیار دراوە؟ ئەمە یەک، دووەمیان حەق نەبوو بەو شێوە ناشرینە ناوی سەرۆکی زانکۆ بێت، ئەگەر بەکریشی دابێت ئەوە بۆ بەرژەوەندیی زانستگاکە داویەتی بە کرێ، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجوومەن:**

وابزانم مەسەلەکە تانووت نییە، بەڵکو روونکردنەوەی ئەو خاڵە بوو کە کاکەڕەش ورووژاندی، خۆی هەر لە بنەڕەتەوە دەبوایە ئەو زەویانە بگەڕایەتەوە بۆ وەزارەتی کشتوکاڵ، منیش رام لەگەڵ راکەی کاکەڕەشدایە کە دەبوایە شێوازی یاسایی وەرگیرایە سەبارەت بە ئەم مەسەلەیە، پرسیارەکەی تریش ئەوەیە، ئایا هەموو ئەو بڕیارانەی کە لە بەرەی کوردستانی دەرچووە هەمووی لە موحازەرەکاندا هەیە، یا نییە؟.

**بەڕێز قادر عەزیز حەمەدئەمین/ وەزیری کشتوکاڵ:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

سەبارەت بە ئەو بڕیارە بەڕێز کاک حاجی ئیبراهیم سەرۆکی یەکێتی جووتیارانە و لێرە دانیشتوە وابزانم بڕیاری کارگێڕی سەرکردایەتیی سیاسییە و، ئێمەش هەر بەو ناوە دامانە ئەو، بڕیارە کۆنەکەش پێش ئەوە بوو کە کاکەڕەش کارگێڕ بێت، لە لایەکی تریشەوە جیاوازییەکی زۆرە لە نێوان زانکۆ ویەکێتی جووتیاراندا هەیە، داوای لێ بوردنیش دەکەم کە بەڕێزی وا تێگەیشتوە کە شەخسی بووە، بەڵام ئەوەی کە بەڕێزد. خەسرەو لەگەڵ ئێمەی کرد شتێکی نایاسایانە بوو و، بە هیچ شێوەیەک رازی نەدەبوو، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجوومەن:**

تکایە ئەو تێبینییانەی لیژنەی کشتوکاڵی وکاکەڕەش رەچاو بکرێن. ئێستاش بەڕێز کاک کەمال شاڵی لە لیژنەی کشتوکاڵی بابفەرمووێ.

**بەڕێز کەمال ئیبراهیم فەرەج شاڵی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

سەبارەت بە یاسای ژمارە(٩٠)، ئێمە لەگەڵ ئەوەداین کە یاسای ژمارە(٩٠) وەکو خۆی بمێنێتەوە و، هیچ دەستکاری برگەکانی نەکرێت، تاوەکو چارەسەرییەکی بۆ دەدۆزینەوە و، لیژنەیەکی بەرز دابمەزێنین بۆ چارەسەرکردنی کێشەی زەویوزار لە کوردستاندا. دووەم سەبارەت بەو یاسای ژمارە(٣٥) ناگونجێ لەگەڵ باری کوردستاندا، ئێمە ئەم لیژنە کە دروست بوینەوە، سەر لە نوێ رەزامەندیمان لەسەر هەڵوەشاندنەوەی یاسا ژمارە(٣٥)کرد لەگەڵ بڕیاری (٣٦٧) وبڕیاری (٣٦٤). ئێمە وەکو لیژنە بەگشتی داوا لە وەزارەتی کشتوکاڵیش دەکەین، کە زۆر یاسا هەیە کە ژمارەکانیان لام نین کاتێک کە پێشکەشی وەزارەت دەکرێت بۆ ئەوەی ئەوانەشمان بۆ بنێرێ بۆ ئەوەی هەڵیانبوەشێنینەوە، چونکە لەگەڵ وەزعی کورستاندا ناگونجێن.

بیرۆکەیەک هەیە گوایە بەڕێوەبەرایەتی گشتیی کۆمپانیای تووتن بخرێتە سەر وەزارەتی پیشەسازی و وزە، بەلاّم بە رای من هەر لەسەر وەزارەتی کشتوکالّی بمێنێتەو باشترە، چونکە ئەوە شتێکە زۆری پەیوەندیی بە وەزارەتی کشتوکالّەوە هەیە.
لە بەکرەجۆ کۆلیژی کشتوکالّی هەیە کە زەوییان هەیە، ئەم سالّ خەریکن ئەوان زەویەکان وەربگرن و بیچێنن ئەویش بۆ خزمەتی باری زانکۆی سلێمانی و کۆلیژی کشتوکالّی، سەبارەت بە زەویە کشتوکالّیەکەی زانکۆی سەلاحەدین، من لەگەلّ ئەوە نیم کە ئەو زەویە لە زانکۆ بسێنرێتەوە و، بدرێت بە وەزارەتی کشتوکالّ، سوپاس.

**بەڕێز قادر عەزیز حەمەدئەمین/وەزیری کشتوکالّ:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

سەبارەت بە یاسای ژمارە(٩٠) کە کاک کەمال باسی کرد و وتی با وەکو خۆی بمێنێتەوە، بەتایبەتی ئێمە کە لە بەردەم دانانی یاسایەکی تازەداین.
سەبارەت بە لیژنەی بالاّ نازانم ئەمە پێشنیار دەکرێ پاشان ئەوە پێشنیارە ئاراستەی ئێمە دەکرێ ئێمە هەر شتێک یارمەتیان بدات لە چارەسەرکردنی گیروگرفتەکانی کشتوکالّ ئەوە دیارە لە خزمەتی میللەتەکەمان و هاوکاری خۆماندایە.
سەبارەت بە ڕێکخراوەکان، ئێمە هەموومان دەزانین ئەم ڕێکخراوە خێرخوازانە بە هۆی ئەو بۆشاییە ئیداریەوە کە لە کوردستاندا هەیە پەیدا بووە، ئێستاش رای جەماوەر وایە کە ئەم دەزگایانە بۆتە بەدیلی ئەم ڕێکخراوە، بەلاّم ئێمە لە کورستاندا تاکو ئێستا پێویستیمان بەو ڕێکخراوانە ماوە، چونکە ئەوان کۆمەک و یارمەتییمان پێشکەش دەکەن لە ڕێگای پەیوەندییان بەولاّتی دەرەوە، لەبەر ئەوە پێشنیار دەکەین کە ئەم ڕێکخراوانە لە کوردستاندا بمێننەوە، لە هەمان کاتدا لە ئەنجوومەنی وەزیران بڕیارێک دەربچێت کە بەپێی پسپۆڕێ هەر ڕێکخراوێک لەلایەن وەزارەتەکانی کوردستاندا سەرپەرشتی بکرێن، سوپاس.

**بەڕێز ئەکرەم عیزەت نەجیب/بریکاری وەزارەتی کشتوکالّ:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

بۆ پرسیارەکەی بەڕێز کاک کەمال شالّی دوو ڕێکخراو پەیوەندییان هەیە لەگەلّ وەزارەتەکەمان، ئەوانەش (کاردۆ و FAO) ئێمە لیژنەیەکی تایبەتمان دروست کردووە لە وەزارەتمان و ڕێکخراوی کاردۆ و یەکێتی جوتیاران، ئێمە حەزمان دەکرد کەیەکخستنێکی تەواو هەبێت لە نێوانی ئێمەو ئەواندا ئەویش بۆ داوا کردنی گەنم وداودەرمان و ئەو شتانەی کە لە دەرەوە، بەلاّم لەلایەن ڕێکخراوی کاردۆوە لادان هەیە، لەوێ بە هەموو شێوەیەک هەولّمان داوە کە ئەو جۆرە لادانە

نەمێنێت، بەڵام ئەوەی کە لەگەڵ ئێمە هاوکاری کردبێت رێکخراوی(FAo) یە، سەبارەت بە مەسەلەی ئەوەی کە توتن بدرێت بە وەزارەتی پیشەسازی ئێمە لەگەڵ ئەوە نین کە (ئەبحاسی زراعی )تووتن هەر سەر بە وەزارەتی کشتوکاڵی بووە، سوپاس.

**بەڕێز سەعید محەمەد سدیق:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

یەک شت ماوە ئەویش کاتی خۆی رژێم زۆر زەوی بە فەرمانبەرەکانی خۆی داوە کە بۆ متفرغ، واتە فەرمانبەرانی فەرمانگەی کشتوکاڵ، جا داوا دەکەین لە وەزارەتی کشتوکاڵ کە چاوێک بەو مەسەلە بخشێنێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز قادر عەزیز حەمەدئەمین/ وەزیری کشتوکاڵ:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەراستی مەسەلەی تەفەرغ، ئەمە رژێم کردوویەتی، ئەمەش بەفرمانێتی ئیداری بووە بۆ بەرژەوەنی پیاوانی خۆی بووە، ئێمە مەبدەئی تەفەروغمان پێباشە، چونکە پشتگیری جووتیاران دەکات بە لێزانین وپسپۆریەتی نوێ، ئەو برادەرانەی لە کوردستان تەفەروغیان کردووە هەندێ گیروگرفتیان ناوەتەوە، وەک ئەوەی کە تێپەڕکاریان لەسەر ئەوزەویانە زۆرە کە کاتی خۆی پێیان دراوە وبەشێکی زۆر لە زەوی جووتیاران داگیر کردووە، سوپاس.

**بەڕێز سەعید محەمەد سدیق:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

مەبەستم ئەو کەسانە بوون کە شایستەیان نییە، ئەگەر ئێمە باوەڕمان بە (تفرغ) بێت زۆر باشە، بەڵام نەوەک بۆ کەسانێکی ناشایستە، سوپاس.

**بەڕێز نەهلە محەمەد سەعدوڵلا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پێشەکی بەخێرهاتنی بەڕێز وەزیری کشتوکاڵ وجێگرەکەی دەکەین، چەند پرسیار وتێبینیەکمان هەیە لە سەر مەسەلەی کشتوکاڵ، وەکو تێبینی دەکەین کە هەرچی زەوی سەر بە حکومەت هەیە بە سەر جووتیاراندا دابەش دەکرێت، ئایا وەزارەتەکە چ پلانێکی داناوە بۆ ئەم مەسەلەیە؟، چونکە یاسای ژمارە( ٩٠ ) دەزانین کاری پێدەکرێت و، یاسای ژمارە( ٩٠ ) دەڵێت: پاش مردنی جووتیارەکە میراتگر مافی خۆیەتی کە زەویەکە داگیر بکات، ئەگەر هاتوو وەزارەتەکە پرۆژەیەکی هەبێت سەبارەت بە ئەو زەویانەی کە بەسەر جووتیارەکاندا دابەش کراوە و، دەبێت جارێکی تر لە جووتیاران بسێنرێتەوە، بۆیە بە باشی دەزانین کە رووبەرێک لەو زەویانە بێتەوە ژێر دەستی حکومەت ئەوە یەکەم، پێشنیاری دووەم وەکو ئەوەی کە بەڕێز وەزیری کشتوکاڵ باسی کرد، ئێستا خەڵکی زۆر رووی کردوەتە کەرتی کشتوکاڵی، دەبێت رێگە نەدرێت بە

خەڵکێکی زۆر روویکەنە ئەم کەرتە، چونکە پاشان ئەم کەرتە سەربەخۆی خۆی نامێنێ و، رێگا نەدرێت بە هەر کەسێک بە جووتیار بنووسرێت، تەنها ئەو کەسانەی کەکاتی خۆی خەڵکی گوندەکە بوونە، پرسیارێکیشمان هەیە، پاش ئەوەی کە کۆمەڵەی جووتیاران تێکەڵ کران، ئایا هیچ تواناتان هەیە بۆ دامەزراندنی کۆمەڵەی جووتیارانی نوێ لەو ناوچانەی کە ئاوەدان کراونەتەوە؟، یان کۆمەڵەکان بگەڕێنەوە سەر دۆخی جاران بۆ ئاسان کردنی ئیش و وەرگرتنی فەرمانبەرە زیادەکان، سوپاس.

**بەڕێز قادر عەزیز حەمەدئەمین/ وەزیری کشتوکاڵ:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

سەبارەت بە ئەو زەویەی کە کاتی خۆی دوای راگواستنی کوردستان لە لایەن رژێمەوە دەستی بە سەردا گیراوە و، بە پێی بەڵێن(عقد) دابەش کراوە، بەشێکی زۆری وەک لە سەرەتای دانیشتنەکەمان باسمان کرد و، وتمان دوای راگرتنی یاسای ژمارە (٣٥) ئێمە توانیمان بەشێکی زۆر لەو جووتیارانە بگەڕێنینەوە سەر جێگاکانی خۆیان لەو خاوەن ئەرزانەی کە پێشتر کە عەقد لە سەر زەویەکانیان کراوە، بە تەئکید ئەو مەسەلە بۆ وەرزی ئاینده زیاتر لێتوێژینەوەی دەوێت و، ئێمە یاسایەکی تازەمان دەوێت، تاوەکو بتوانین ئەو شتانە زیاتر بە شێوەیەکی رێکوپێکتر ببەین بەڕێوە، سەبارەت بەو زەویانەی کە یاسای ژمارە(٩٠) باسی کرد ئەو زەویانەی کە هی میرینە، ئەگەر وەزارەتی کشتوکاڵ پێویستی پێبوو بۆ پرۆژەی کشتوکاڵی گەورە ئەوە دەتوانێت دەستی بەسەردا بگرێت و، یەکێکە لەبەندەکانی یاسای ژمارە (٩٠)سەبارەت بە کەرتی کشتوکاڵییە کە رێگا نەدرێت بە ئەو کەسەی کە جووتیار نییە خۆی بە جووتیار بنووسێت، ئەویش لەبەر ئەوەی کە ئێستا کەرتی کشتوکاڵی قانزاجێکی زۆری تیادا دەکرێت، جا بۆیە خەڵکێکی زۆر روویان کردووەتە کشتوکاڵ و هەوڵ دەدەن کە بە رێگای شەرعی بێت، یا ناشەرعی بێت زەوی وەرگرن، ئێمە بەنیازی دانانی ئەو یاسا تازەین بۆ چارەسەر کردنی ئەم جۆرە کێشانەی کە دێنە رێگامان و شەرمەندەمان دەکەن. سەبارەت بە مەسەلەی ئاوەدانکردنەوەی گوندەکان، بەراستی ئەو کەسەی لە گوند دانەنیشێت ئێمە ناتوانین زەوی بدەینێ، سوپاس.

**بەڕێز ئەکرەم عیزەت نەجیب/ بریکاری وەزارەتی کشتوکاڵ:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

سەبارەت بە پرۆژەی پیشەسازی کشتوکاڵی، ئەمە کاتی خۆی بە پێی مادە(٥)ی یاسای(٩٠) ئەکرا، بە رای من ئەم مادەیە مردووە لە بەر ئەوە(للمجلس الزراعی الاعلی تکریم الوحدات الاقتصادیە) ئەم یەکانە لە لایەن ئەنجوومەنەکەوە بێت پێ دەڵێین :(مجلس وزراء الاعلی) کە ئێستا نەماوە، جا لە بەر ئەوە ئێمە هیچ پرۆژەیەکمان نییە، تەنانەت ئەگەر لە دوا رۆژدا

یاسایەکی تایبەتی دروست بکرێت بۆ ئەم مەسەلەیە، سەبارەت بە کۆمەڵە هەرەوەزیەکانیش، ئێمە تا ئێستا پشتگیری ناکەین و پێداویستیەکانیشی بە پێی یاسایەک دابەش دەکرێت، سوپاس.

**بەڕێز شەفیقە فەقێ عەبدوللا حەسەن:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پاش ئەوەی کە ئەو هەموو باخ و زەویوزارە کشتوکاڵیانە کە گەڕاونەتەوە بۆ وەزارەتی کشتوکاڵ، ئایا باخە مێوەکانیش تا ئێستا ئەوانەی کە (عقد)یان کردووە و، خەڵکێکی تر ئەچێت لێیانی (عقد)دەکات و، قازانجەکەشی دەنێرێت بۆ بەغدا بۆیان و هەندێکی تریشی بۆ خەرجی گیرفانی خۆی، ئایا ئەو باخانەش گەڕاونەتەوە بۆ وەزارەت، یا نە؟، سوپاس.

**بەڕێز ئەکرەم عیزەت نەجیب/ بریکاری وەزارەتی کشتوکاڵ:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

سەبارەت بە پرسیارەکەی شەفیقە خان کە دەربارەی ئەو باخانەیە کە عەقد کراون، ئەگەر لە حاڵەتێکدا موڵک نەبێ و بە کرێ پێیان درابێت، ئەوە سەرپێچییە و پێویستە شتێکی تایبەتییان لەگەڵدا بکرێت و، ئەگەر موڵکی خۆیان بێت، ئەوە مافێکی شەرعی خۆیان وئەتوانن فرۆشتنی وکرینیشی تیادا بکەن، سوپاس.

**بەڕێز شەفیقە فەقێ عەبدوللا حەسەن:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

نەخێر، موڵک نین وکاتی خۆی بە (عقد) گیراوە لە فەرمانگەی کشتوکاڵی سلێمانی و، ئێستا کە عەقدی کردووە ولە بەغدا دانیشتووە، سوپاس.

**بەڕێز ئەکرەم عیزەت نەجیب/ بریکاری وەزارەتی کشتوکاڵ:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بڕیاری پەڕلەمانە کە ئەوانەی چوونەتە ریزی رژێم، ئەو عەقدانە هەڵدەوەشێتەوە، ئێمە لەلایەن خۆمانەوە هەموو ئیجرائاتێکمان کردووە، سوپاس.

**بەڕێز سەعید عەلی خان سلێڤانی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

١ــ لە ساڵی (١٩٥٨)دا هیچ شێنەییەک لە کشتوکاڵدا نەبووە و، یاسایەکی سەربەخۆی بۆ دانراوە، نە خاوەن موڵک دەزانێ چەند زەوی هەیە و، نە جووتیار ئەزانی سنووری زەویەکەی چەندە. لە بەر ئەوەی حەز دەکەین یاسا دابنرێت و شێنەیی تێدا بێت، کە خاون موڵک، یا جووتیار بتوانن پرۆژەکانیان دانێن.

٢ــ دەبێت وەزارەتی کشتوکاڵ هەندێک پلان دابنێت بۆ چۆنێتی زیاد کردنی بەرهەم،ئەویش بە سوود وەرگرتن لە پەین و تاقیگە کشتوکاڵیەکان و، بەنداو بیرەکان.

٣ـ چاککردنەوەی ئەو زەویانەی کە بۆ کشتوکاڵ بەکەڵک نایەن.
٤ـ بایەخ بە بەرهەمی پیشەسازی کشتوکاڵی بدرێت، وەکو توتن و لۆکە ..هتد.
٥ـ سوود لە ئەزموونی دەوڵەتە پێشکەوتووەکان وەربگیرێت، با خۆمان نەبینە کێڵگەی تاقیکردنەوە.
٦ـ بایەخ بە سامانی ئاژەڵداری و باخەکان بدرێت.
٧ـ سەبارەت بە متەفرغین و زراعیین دەبێ لێک جیا بکرێنەوە، راستە هەندێ کەس زەوی وەرگرتووە و موتفەرغیشە، بەڵام لێرە کۆمپانیای لە سەر زەویەکەی خۆی دروست کردووە، یان پرۆژەی پەروەردەی پەلەوەری داناوە، پێویستە بۆ ئەوانە هەندێک رێسا دابنرێت، سوپاس.

**بەڕێز قادر عەزیز حەمەدئەمین/ وەزیری کشتوکاڵ:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

سەبارەت بە ئەم شێنەی نەبوونەی کە بەڕێز کاک سەعید باسی کرد، ئێمەش لەگەڵیداین، یەکێک لە ئامانجەکانی ئێمە ئەوەیە کە یاسایەکی تازە دابنێین، سەبارەت بە مەسەلەی شێنەی لە کشتوکاڵیدا، بە تایبەتیش نەهێشتنی عقدی. سەبارەت بە بەرهەم زیاد کردنیش ئەوە رای هەموومانە و دەبێت هەوڵی بۆ بدرێت.

سەبارەت بە موتەفەریغەکانیش، ئێمە بریارێکمان هەیە لە وەزارەتی کشتوکاڵەوە، دەربارەی ئەوانەی کە کۆمپانیا، یا کێڵگەی پەروەردەی پەلەوەرییان لە سەر زەویەکانیان دروست کردووە، کاتی خۆی ئەو زەویانەیان بۆ تەرخان کراوە، ئێمە لێیانمان نەسانددووەتەوە، تەنها ئەوانە نەبێ کە تێپەرکاریان کردووە و، ئەوانەیشی کە پرۆژەیان لەسەر زەویەکانیان دروست نەکردووە و، زەویەکانیان لە جووتیارەکان سەندووەتەوە، لە جێگایەکی تر زەوییان بۆیان تەرخان دەکەین، ئەگینا لە هیچ کەسێک زەویمان وەرنەگرتووە، سوپاس.

**بەڕێز د. قاسم محەمەد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پرسیارێکم هەیە و رووبەرووی وەزارەتی کشتوکاڵی دەکەم، ئایا هیچیان کردوە بۆ سوود وەرگرتن لە ئاوی ئەو دوو بەنداوەی ناوچەی بادینان، یەکێکیان بەنداوێکی بچووکە لە دهۆک و سوودێکی زۆری لێ ناکەین و، هەروەها بەنداوی موسڵ کە تاوەکو ئێستا هیچ سوودێکمان لێی نەبینیوە، ئایا دەتوانن لیژنەیەکی هونەری پێک بێنن بۆ ئەوەی سوود لە بەنداوەکەی موسڵ وەربگرین؟ پرسیارێکی تریشم هەیە، ئایا بۆ وەرزی ئەم ساڵ هیچ پلانێک لە لایەن وەزارەتی داراییەوە هەیە بۆ ئەوەی بری (٥٠ ٪)ی پارەی ئەو گەنمە بدەن کە بۆ چاندن دابەش دەکرێت؟، سوپاس.

**بەڕێز ئەکرەم عیزەت نەجیب/ بریکاری وەزارەتی کشتوکاڵ:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

سەبارەت بە پرسیارەکەی بەڕێز د. قاسمەوە، دەربارەی بەنداوەکان ئێمە لە یاسای کشتوکاڵی و لە دەستەی ڕێکخستنەوەی کشتوکاڵدا، بەڕێوەبەرایەتیی تازەمان دامەزراندووە بە ناوی بەڕێوەبەرایەتی (ری وسدود) و ئەوانە هەڵ دەستن بە بایەخ پێدان بە مەسەلەی ئەو بەنداوانە.
سەبارەت بە (میاهی جەوفی )ئەوانە لێرە کۆمپانیایەکیان هەیە بە ناوی (حفر الابار) و، لە هەر سێ پارێزگاکەدا لقیان هەیە، ئێستاش دەمانەوێت یاسایەکی بۆ دابنێین، ئێستاش پرۆژەی یاساکە لەبەر دەستماندایە، ئەی سەبارەت بە گەنم پرسیارەکە چی بوو؟، سوپاس.

**بەڕێز د. قاسم محەمەد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

سەبارەت بە دابەش کردنی گەنم بە سەر جووتیاراندا ئەم ساڵ و لە ٥٠ ٪ پارەکەی پێشکەش کراوە، ئایا پارەکەی دەگەڕێتەوە؟، سوپاس.

**بەڕێز ئەکرەم عیزەت نەجیب/ بریکاری وەزارەتی کشتوکاڵ:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

مەسەلەی گەنم لە دووسێ لاوە گەنمان بۆ هاتووە، هەندێکی ئێمە بە بێ پارە دابەشی دەکەین و، بۆ فرۆشتن نییە و ئەوەی کە دابەش کراوە بە سەر جووتیاراندا بێ پارەیە تەنها مەسەلەی گواستنەوەلەوانەیە شتێکمان بکەوێتە سەر، سوپاس.

**بەڕێز قادر عەزیز حەمەدئەمین/ وەزیری کشتوکاڵ:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

سەبارەت بە قسەکەی بەڕێز د. قاسم ڕاست دەکا کاتی خۆی نزیکەی (١٢) هەزار تەن گەنم لە دهۆکدا هەبوو کە بۆ زستان ڕاگیرابوو بۆ ئەوەی کە وەکو تۆو بە سەر جووتیارەکاندا دابەش بکرێت، سەبارەت بە بەنداوەکانیش، ڕاستە ئێمە ئەو بەڕێوەبەرایەتیەمانە داناوە،بۆ بەکارهێنانی ئاوی بەنداوەکان، بەڵام بەنداوەکان ئێستا خرانە سەر وەزارەتی پیشەسازی و، ئومێد دەکەین کە لە پاشە ڕۆژدا زیاتر سوودی لێ بکرێت، سوپاس.

**بەڕێز بەکر حاجی سەفەر غولام:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

زۆر باسی ئیشوکار وکێشەکانی وەزارەتی کشتوکاڵ وئاودێری کرا، ئەوەی کە من سەرنجی دەدەمێ ئەم وەزارەتە یەکێکە لەو وەزارەتانەی کە شادەماری ئابووری ئێمەی پێبەستراوە، لە بەر

ئەوە زۆر پێویست دەکات کە گرنگییەکی زیاتری پێبدرێت، بۆ ئەوەی ئەو کشتوکاڵەی کە لە کوودستاندا هەیە بەعسیەکان چەندیان توانیوە هەڵیان کێشاوە لە بەر ئەوە دەبێت سەر لە نۆی دورستی بکەینەوە. من نموونە بۆ ئەوە دێنمەوە، توتن لە عێراقدا ٩٧٪ لە کوردستاندا بووە و، لە ٦٠٪ لە سلێمانیدا بوو کە داهاتێکی باش بوو لە کوردستاندا وهاتە سەر ئەوەی کە ئیتر هیچمان بۆ نەما، هەروەها رەز و باخ وباخات و گەنم وکشتوکاڵیەکانی تریش لە کوردستاندا رێژەی هاتە خوارێ، ئەمە ئەرکێکی گەورەی سەرشانی وەزارەتی کشتوکاڵە کە جێبەجێ بکات و، سەر لە نوێ ئاوەدانی بۆ کشتوکاڵی کوردستان دروست بکاتەوە. سەبارەت بە یاسای ژمارە(٩٠) وەکو باس دەکەن تاوەکو ئێستا نەتوانراوە ئیشی پێبکرێت، چونکە باش جێبەجێ نەکراوە لە کوردستاندا، ئێستا کێشەی زەویمان زۆر هەیە لە کوردستاندا.

تێبینییەکی ترم هەیە لە سەر ئەوە پاشەکەوت کردنی دانەوێڵەیە بەتایبەتیش گەنم، بەگوێرەی ئەوەی کە ئێمە پەرلەمانین گویمان لێ دەبێت کە لە پارێزگای دهۆک چەند هەزار تەنێک گەنم پاشەکەوت کراوە، دیارە ئێمە ئەزانین توانای مادیمان کەم بووە، بەڵام یەکێک لە رێکخراوەکان (F.A.O) (٥٠) ملیۆن دۆلار تەرخان دەکات بۆ دانەوێڵەی کشتوکاڵی، لەو برە پارەیە دەتوانرێت شتێکی بدرێتە گەنم بۆ سلێمانی و هەولێریش، چونکە بۆ رۆژی خۆی قازانجی لێ دەکەن، سوپاس.

**بەڕێز ئەکرەم عیزەت نەجیب/ بریکاری وەزارەتی کشتوکاڵ:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

سەبارەت بە ئەو تێپەرکاریانەی کە لە لایەن جووتیارانەوە هەیە ،لقی کشتوکاڵی سلێمانی هەوڵی ئەوەی داوە کە عەقدیان لەگەڵدا بکات، بەڵام ئەوان زیاتر ئارەزوویان لە سەر ئەوەی کە ئەو عەقدە دەبێت بە بنەمایەکی بچوک ورێگا بە کرێ بدات، جا لە بەر ئەوە ئەم مەسەلە بە تێپەرکاری دادەنێین، ئێمەش دەسەڵاتی ئەوەمان هەیە، کە جووتیارەکان بانگ بکەین بۆ ئەوەی هانیان بدەین و، عەقدیان لەگەڵدا بکەین، سەبارت بەو گەنمەوە لە دوو سێ لایەندا دابەش کراوە و ئەو گەنمەش بەش ناکات، رەنگە لە ٥٪ پێویستی کوردستان دابین نەکات، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هەموو زەویەکان کێڵدراوە و، بەرهەمێکی باشیشی دەبێت، سەبارەت بەو برەی کە رێکخراوی(F.A.O) دیدات، بۆ کرینی زۆر شتە بۆ گەنمە، پەینە، ئامێر و ماتۆری ئاوە و، ئەمە شتێکی زۆر باشە، سوپاس.

**بەڕێز ئازاد عەبدولقادر قەرەداغی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

بەراستی وەزارەتی کشتوکاڵ پێویستە لە پەرلەمان و لە ئەنجوومەنی وەزیرانیشەوە گرنگیەکی باشی پێبدرێت، چونکە ٧٠٪ خەڵکی کوردستان جووتیارن و خەریکی کشتوکاڵن، من

تێبینیەکم هەیە لە سەر یاسای ژمارە(٩٠)، وا دیارە تاوەکو ئێستا ئەم یاسایە ئیشی پێدەکرێت، بەڵام بە رای من وەکو ئەڵێن ناوچە شاخاویەکان ناگرێتەوە، چونکە ئەگەر جووتیارێک پارچە زەویەکی بۆ خۆی خۆش کردبێ لە ناوچە شاخاویەکان ئێستا بۆتە زەوی حکومەت، ئەوەش بەراستی لە ناو خەڵکدا زۆر روون نییە پێویستە ئەم مەسەلەیە زیاتر بۆ جووتیارەکان روون بکرێتەوە ئەمە یەک، دووەم لە سەر ئەو گەنمەی کە رێکخراوی(F.A.O) هێناویەتی و دابەش کراوە رەنگە وەزارەتی کشتوکاڵ لەوە زۆر گومانیان نەبێت ئەمە خەڵکی تر دەستی تێخستوە دابەشی کردووە. بەڕێز وەزیری کشتوکاڵ کە باس لیژنەی کرد دەرچووە هەندێ ئیشیان کردوە، حەز دەکەین ئەوە روون بکاتەوە، کە ئایا چ ئیجرائاتێکیان کردووە بەرامبەر بەو سەرپێچیانەی کە کردوویانە، یان نە؟.

سەبارەت بە زەویە کشتوکاڵیە بەراوانەی کە لە کوردستاندا هەیە بڕ پارەیەکی وەردەگرت، دەبێت ئەو بڕیارە هەڵبوەشێنرێتەوە و، پرسیارێکیشم هەیە، ئایا ئەو داهاتەی کە قایل بەوەیە کە لە سەری دانراوە بیدا بە حکومەت، یان نا؟، سوپاس.

**بەڕێز قادر عەزیز حەمەدئەمین/وەزیری کشتوکاڵ:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

سەبارەت بە تێبینیەکانی کاک ئازاد، جاری پێشوو هەندێ گەنمان لە رێکخراوی(F.A.O) بۆ هات و، دابەش کرا ئەوان لە سەر مەسئولیەتی خۆیان دابەشیان کردووە، بەڵام ئێستا لە رێگای لیژنەوە ئەو ئیشە دەکرێت، ئەو لیژنانەش بە بەشداری وەزارەتی کشتوکاڵی و رێکخراوی(F.A.O) و جووتیاران پێک هاتووە و، بەپێی بەشی عەقدی وەردەگیرێت و، هەر یەکە (١٠٠) کیلۆ گەنمی بەردەکەوێت، ئەو بڕیارەی کە دراوە نەمان زانیوە کە سەرپێچی هەیە، چونکە لەوانەیە هەندێ شوێن زەویوزاری زۆرتر بێت و جووتیاریشی (کشافەی فلاح) زیاتر بێت و، ئەو گەنمەی کە دابەش دەکرێ بەپێی عەقدی کشتوکاڵی دابەش دەکرێت و، ئەگەر شتێکیش هەبوو ئەتوانن وەزارەتی کشتوکاڵ ئاگادار بکەنەوە بۆ وەرگرتنی ئیجرائات، سەبارەت بە ئەو سەرپێچیانەی کە لیژنەکان کردوویانە، ئێمە کە یاسا جێبەجێ دەکەین و وتم: ئێمە لەو بارەوە وامان کردووە واش دەکەین، چونکە ئەگەر ئێمە نەیکەین کێ یاسا جێبەجێ دەکات، سوپاس.

**بەڕێز حەسەن کانەبی خضر بلباس:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پشتگیری لە بەڕێز کاک فرەنسۆ دەکەم لە بارەی ئەو زەویانەی زانکۆ، ئەوە خۆی زەوی مەعسکەر

و دابەش کرا و درا بە بە جووتیارەکان، ئەگەر درابێت بە کۆمەڵەکە کە کۆمەڵەیەکی شەرعی نییە، چونکە تاوەکو ئێستا یاسای کۆمەڵەکان دەرنەچووە، ئەگەر درابێتە کەسانێکیش ئەوە ئەو کەسانە هەژار نین، لە بەر ئەوە لە نیزامی دیموکراتیدا هیچ کەس ناتوانی بەبێ یاسا زەوی بداتە هیچ کەسێک، جا لە بەر دانی ئەو زەویە سەرپێچی یاسایە بەهەر شێوەیەک بێت، سوپاس.

**بەڕێز بورهان عەلی جاف:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من ئەم پرسیارەم هەیە زۆر جووتیار لە کاتی خۆیدا لە دەزگاکانی میری بوون بە فەرمانبەر، یاخود کرێکار ناونیشانی کاریان گۆڕی، ئایا ئێستا پاش ئەوەی کە زۆربەیان بە ئارەزووی خۆیان پیشەیان گۆڕی بە چی یاسایەک ئەرزیان بۆ دابین دەکرێت ودەیاندرێتێ؟، سوپاس.

**بەڕێز شەوکەت حاجی موشیر ئەحمەد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

سەبارەت بە مەسەلەی ئەو زەویانەی کە دەکەوێتە ژێر ئاوی بەنداوی دەربەندیخان بەتایبەتی من ئەوەی شارەزوور شارەزام کاتی خۆی ئەو زەویانە قەرەبوویان وەرگیراوە، پاش هاتنی حکومەتی کوردستان ئاوەکە کەمی کردووە و، ئەو زەویانەش هەر هی ئەو جووتیارانەن کە کاتی خۆی پارەیان وەرگرتوە و، زەوی تریشیان هەیە. کێشەیەکی تریش هەیە سەبارەت بە ئەو عەرەبانەی کە گامێشەوانن و، زەمانێکە لە ناوچەکانی ئێمەدا دەژین، هەشە لێیان کە پێشمەرگە بوونە و، لە زەمانی حکومەتی کوردستان بە حسابی دیموکراسی هەموو بەشەق دەرکراون ئەرزەکەیان داگیرکراوە وئەوانیش بە حوکمی ئەوەی دەسەلاتیان نییە سکاڵا لە یاسا دەکەن و، ئایا ئەو تێپەڕکاریانە بەڕێز جەنابی وەزیر ئاگاداریانە، یا نە؟، مەسەلەیەکی تر هەیە کە ئەویش بابەتی بە کرێدانی زەویوزارە وابزانم کاتی خۆی وا دانربوو (٥٠) دینار بۆ عەقدی ئەوانەی کە (٨-١٠) دۆنم زەویان هەیە، جا با پێشنیاری ئەوە بکرێت لەبەر نەبوونی گازوایل و گرانی نرخ حەق نییە ئەوەندە ئێمە باریان قورس بکەین، وەکو پێشنیارێک لەم بارەوە جووتیار زۆر داوای دەکات لە وڵاتی ئێمە ئەوەش چارەسەر کرا، سوپاس.

**بەڕێز یەحیا محەمەد عەبدولکەریم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

هەندێ لە قسەکان تەواو بووە، بەڵام خاڵێکمان ماوە کە لە وتەکانی بەڕێز وەزیری کشتوکاڵ دەفەرموێت داواکاری نامەشروعیمان هەیە بۆ وەرگرتنی زەویوزارە کشتوکاڵیەکان، داواکاری

پێشکەش کراوە گوایە بۆ وەرگرتنی زەوی کشتوکاڵ، ئەگەر بەزەحمەتی نەزانن پرۆگرامی وەزارەتەکە چییە بۆ پێش خستنی سامانی ئاژەڵداری لە کوردستاندا؟، سوپاس.

**بەڕێز عەبدوڵلا حاجی ئیبراهیم عەبدوڵلا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لە یاسای ژمارە(٩٠) دەبێت رادەی موڵکیەت کەمتر بکەینەوە و، زەوی زۆرتر بکەین و، زووتر زەوی بدەینە خەڵکی بۆ ئەوەی بەرهەم زیاد بێت، لە بەر ئەوە من پێموایە پەلە کردن لە دانانی یاسایەکی نوێ تووشی کێشە و سەر ئێشەمان دەکات، ئێمە لەگەڵ ئەوەین کە مشوری دانانی یاسایەکی گەورە بکەین زوو تۆژینەوەی لەسەر بکرێت، پرس و را وەربگیرێت، بەڵام دوای ئەوەی کە دەسەڵاتی لەنگەر بەستنی کۆمەڵایەتی بکرێت، ئەوەی کە جووتیاران بگەڕێنەوە شوێنی خۆیان و گوندەکانیان ئاوەدان بکەنەوە و وەزعی حکومەتی کوردستان چاک بێ، ئەو کاتە یاسا دابنرێت و، ئێمە وەکو لیژنەی کشتوکاڵی پەرلەمان پێشنیارمان کردووە کە کرێی زەوی نەمێنێ ئەو لە زۆر شوێن عەقد تازە نەکراوەتەوە، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەن:**

هیچ ناکۆکی نەبوو لە سەر گرنگی جووتیاران ورۆڵی جووتیاران ئەتوانرا پێشنیاری ئەوە بکرایە کە بایەخ بدرێتە جووتیاران و بە یەکێتی جووتیاران و یارمەتیشیان بدریت بە جۆرێک کە دژی یاسا نەبێت.

**بەڕێز ئەکبەر حەیدەر موسا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دوو پرسیارم هەیە لە بەڕێز وەزیری کشتوکاڵ یەکیان ئەمەیە خەڵکی هەن وەکو خەڵکی خانەقین وکەرکووک شارەکانی ژێر دەسەڵاتی دوژمن ئەرز وئاویان گیراوە و، ئێستا لە و ئەرزوئاوەی خۆیان بێ بەشن، ئایا چی بۆ ئەو کەسانە دەکەن بۆ چارەسەر کردنی کێشەکەیان؟.

پرسیاری دووەم ناحیەی قۆرەتوو و ناحیەی مەیدان حکومەت کاتی خۆی دەستی بەسەر زەویوزارەکاندا گرت و هەندێ قەرەبووی دا بە خاوەن زەوییەکان و، هەندێکی تریش قەرەبوویان وەرنەگرتووە، ئایا ئەو کەسانەی کە قەربوویان وەرنەگرتووە بۆیان هەیە بگەڕێنەوە؟، سوپاس.

**بەڕێز عەبدولکەریم کاکە حەمە عەبدولکەریم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڕێز وەزیری کشتوکاڵ رەخنەیەکی ئاراستەی پەرلەمان کرد کە دەڵێت: ئێمە چەند جارێک

پرۆژەمـان ناردووە دەربارەی یاسا بۆ چارەسـەرکـردنی کـێـشـەی زەویوزار هەتا ئـێـسـتـا هیچ وەڵامێکمان نەدراوەتەوە، سوپاس.

**بەڕێز کـاکـەڕەش مـحـەمـەد نەقـشـبـەندیی:**

**بەڕێـز سـەرۆکی ئـەنجـومـەن.**

بەڕێز وەزیری کشتوکاڵ داوا دەکات کە ئیش بە یاسای ژمارە(٩٠) بکا، با ئیشی پێی بکات خۆ ئێمە رامان نەگرتووە، سوپاس.

**بەڕێز جـێـگری سـەرۆکی ئەنجـومـەن:**

ئەمە راستە وەڵامیشمان داوەتەوە کە ئەوەی داوای کردووە راگیراوە، بەڵام وابزانم بەڕێز وەزیری کشتوکاڵ هەر ئەوەی هەبوو کە گوایە ئێمە دوامان خستووە.

**بەڕێز قادر عەزیز حەمەدئەمین/ وەزیری کشتوکاڵ:**

**بەڕێـز سـەرۆکی ئـەنجـومـەن.**

ڕێنماییەک بوو بە ئێمە راسپێردرا و ئێمەش ئامادەمان کرد و، پاشان هەر لە پەرلەمان بڕیار درا بۆ چارەسەرکردنی ئەم کێشەیە و، لیژنەی کشتوکاڵ و لیژنەی یاساش راسپێردران کە پێشنارێک ئامادە بکەن لە سەر یاسای ژمارە(٩٠)، ئایا چۆن بێ و چۆن نەبێ؟، بەڵام هیچ ئاکامێکی نەبوو ئەوە بۆ ئێمە وتمان مادام بڕیارەکە وایە لەسەر یاسای ژمارە(٩٠) هەر بەردەوام بوین و لە سەری رۆیشتین، سوپاس.

**بەڕێـز جـێـگری سـەرۆکی ئەنجـومـەن:**

مادام ئێوە لە سەر ئەو یاسا دەڕۆن، پێویست ناکات لیژنەی یاسا، یاسایەک دەرکات. سەبارەت بە رێنمایی، خۆی رێنمایی هەر هی وەزارەتە وپێویستی بە رەزامەنی پەرلەمان نییە، ئەگەر لەمە هەڵەبین رەنگە بەڕێزانی لیژنەی یاسا راست بکەنەوە، سوپاس.

**بەڕێز عـەدنان مـحـەمـەد نەقـشـبـەندیی:**

**بەڕێـز سـەرۆکی ئـەنجـومـەن.**

سەبارەت بە ئەوەی کە بەڕێز وەزیری کشـتوکاڵ باسی کرد، ئێمە وەکو لیژنەی یاسا لە سەر رای هەردوو فراکسیۆنەکە و رای بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان کە وتیان بۆ ئەم قۆناخە یاسای ژمارە(٩٠) دەسکاری بکرێت، پاشان بەڕێز وەزیر کشتوکاڵ پرۆژەیەکی پێشکەش کرد و، ئێمە ئاراستەی لیژنەی کشتوکاڵمان کرد، سوپاس.

**بەڕێز حـــازم ئەحـــمـــەد مـــەحـــمـــود یوسـفی:**
**بەڕێـز ســـــــەرۆکی ئـەنجـــــــوومـــــــەن.**

بە رای من نە یاسای ژمارە(٩٠) و نە ئەو یاسایەش کە ئێستا لە کاردان بتوانێ چارەسەری کێشەی زەویوزار بکات، لە بەر ئەوە من پێشنیار دەکەم ئەگەر کە کۆنگرەیەکی کشتوکاڵی لە کوردستاندا ببەستریێت و، یاسایەکی رێکوپێک بۆ چارەسەرکردنی کێشەی زەویوزار لە کوردستاندا دابنرێت، ئێستا لە ناو خەڵکدا باسێک هەیە کەوا وەزارەتی کشتوکاڵ زەوی دابەش دەکات، نازانم بە چ حەقێک و بە چ یاسایەک زەوی دابەش دەکەن بە سەر خەڵکدا. لە راپۆرتەکەی بەڕێز وەزیری کشتوکاڵدا چەند جارێک هاتووە کە سەرپێچی دەکرێت، من لێرەدا خەجت لەسەر ئەوە دەکەم کە ئەوەی سەرپێچی دەکات دەبێت سزا بدرێت و، دەبێت ئیجرائاتی بەرامبەر وەربگیرێت.

سەبارەت بە ئەو زەویە کشتوکاڵیەی زانکۆ، بەرای من نەک سەرۆکی زانکۆ بێت هەرچی بێت مادام بڕیار هەیە دەبێت ئەم بڕیارە بە پێی یاسا جێبەجێ بکرێت، سوپاس.

**بەڕێز عـــەدنان مـــحـــەمـــەد نەقشـــبـــەندیی:**
**بەڕێـز ســـــــەرۆکی ئـەنجـــــــوومـــــــەن.**

چەند رۆژێک پێش ئێستا پەیوەندیم لەگەڵ سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران کرد و، بەڵێنیشم لێ وەرگرت کە یارمەتی رێکخراوی جووتیاران بدات و، بەڕێز کاک عەبدوڵڵا دوای ئەوە نامەیەکی بۆ نووسیم سوپاسی کردم ، هەروەها ئاگاداری بەڕێز وەزیری کشتوکاڵم کە پێکەوە بچنە لای سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران بۆ ئەوەی پارە دابین بکەن بۆ جووتیاران.

هەروەها سەبارەت بە سامانی ئاژەڵ، ئایا بۆ هیچ باسی نەکراوە؟ کەچی دەبێت بایەخێکی باشی پێبدرێت.

پرسیاری دووەم ئەوەیە کە لەبارودۆخێکی تایبەتیدا هەندێ خێڵی کۆچەر هەیە کە لەبەر بارودۆخی نائاسایی هاتوونەتە ناوچەی هەولێر و هیچ زەویەکیان پێنەدراوە، هەروەها هەندێ جووتیاریش هەبووە بە هۆی ئەوەی کە کوڕی پێشمەرگە بوو لە زەوی وەرگرتن بێ بەش بووە، ئایا وەزارەتی کشتوکاڵ هیچ پلانێکی داناوە سەبارەت بە ئەم مەسەلەیە؟.

سەبارەت بە بەنداوی موسڵ، تاوەکو ئێستا هیچ سوودێک لەم بەنداوە وەرنەگیراوە، بەڵکو بە پێچەوانەوە بووەتە جێگای سەیرانگا و، پیاوانی رژێمی لێ کۆ دەبێتەوە، پێشنیار دەکەم کە وەزارەتی کشتوکاڵ لیژنەیەکی پسپۆڕی شارەزا پێک بێنێ بۆ ئەوەی بتوانن سوود لە ئاوی ئەو بەنداوە وەرگرن، بۆ زەویوزارە کشتوکاڵیەکانی دەشتی سلیڤانی.

سەبارەت بە زانکۆی سەلاحەدین، بە رای من نەدەبوایە بەڕێز وەزیری کشتوکاڵی بەو شێوەیە باسی سەرۆکی زانکۆی سەلاحەدینی بکردایە، چونکە ئەو زەویەی زانکۆی سەلاحەدین لەلایەن ئەنجوومەنی خوێندنی باڵاوە کراوە و، بەپێی یاسا کەس ناتوانێ (نەزعی موڵکیەتی) لێ بکات، چونکە تاپۆ کردنی ئەو زەویە بە یاسا کراوە، تەنها بە یاسا دەتوانن ئەو موڵکە لە زانکۆی سەلاحەدین بسێننەوە، جا دەبێت بەپێی یاسا هەڵسووکەوتیان لەگەڵدا بکرێت، سوپاس.

**بەڕێز حەسەن عەبدولکەریم بەرزنجی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

سەبارەت بە زەویە کشتوکاڵیەکانی ناوچەی (شمامک وکەندیناوە) کە لە ژێر دەسەلاتی رژێمدایە و، جووتیارەکانی ئەو ناوچەیە ناتوانن بچن بیکێڵن و بەکاری بێنن، ئایا دەتوانرێت پەیوەندیی بە (UN)وە بکرێت، تاوەکو داوای لێ بکرێت کە ئەم زەویانە بۆ جووتیارەکان بگەڕێتەوە؟.

سەبارەت بە زەویە کشتوکاڵیەکەی زانکۆی سەلاحەدین، ئەوە راستە موڵکی زانکۆ خۆیەتی بە پێی یاسا، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجوومەن:**

کێشەی زەویە کشتوکاڵیەکەی زانکۆی سەلاحەدین زۆر باس کرا و، ناکۆکیەکەش تەنها لە سەر ئەمە بوو کە سەرۆکی زانکۆ وەڵامی بدایە بۆ ئەوی ئەو زەویە بگەڕێتەوە بۆ وەزارەتی کشتوکاڵ، لەبەری ئەوەی بە پێی یاسا ئەو زەویە بووەتە موڵکی زانکۆ، دەبێت بە یاسایەک بیگەڕێنینەوە بۆ وەزارەتی کشتوکاڵ.

**بەڕێز قادر عەزیز حەمەدئەمین/ وەزیری کشتوکاڵ:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

سەبارەت بە وەڵامی پرسیارەکەی کاک بورهان کە دەپرسێت ئەو جووتیارانەی کە ناونیشانیان گۆڕیوە بەپێی رێنمایەکانی وەزارەتی کشتوکاڵ مەرجییان تێدا نییە، ئەوە یاسایە و جێبەجێ دەکرێت لە سەریان، هەروەها بەپێی رێنمایەکان ئەو کەسەی ناسنامەی جووتیاری نەبێت زەوی کشتوکاڵی بەرناکەوێت. سەبارەت بە پرسیارەکەی کاک شەوکەت لەسەر مەسەلەی کێشەی زەوییەکانی ژێر ئاوی دەربەندیخان، ئەمە راستە جووتیارە هەژارەکان زەویان بەر نەکەوتووە، بەڵام ئەوەی کە زەوی وەگرتووە یاسایی نییە و، بە رێگایەکی شەرعیش نییە، تەنها تێپەڕکارییە، سەبارەت بە کێشەی عەرەبە گامێشلەوانەکان، بەراستی ئێمە هیچ زانیاریەکمان دەربارەیان نییە، داواش لە بەڕێز کاک شەوکەت دەکەم کە راپۆرتێکمان بۆ بنووسێ، بۆ ئەوەی

ئێمەش ئیجرائاتی خۆمان وەربگرین.
سەبارەت بە کرێی زەوی بەراستی زۆر جار باس کراوە، کاتی خۆی کرێی ئەو زەوییانە لە سەر بنەمایەکی زانستی و لە سەر خشتەیەکی ئابووری دانراوە و، بۆ ئەو جووتیارانەی کە مەغدوورن کرێمان کەم کردووەتەوە و، لەو رادەیەی کە دامانناوە ناتوانین کەمتر دانێین، چونکە راستە پەین نییە و، گازوایلیش گرانە، بەڵام داهاتی بەرهەمی زەویە کشتوکاڵیەکانیش زۆرە. سەبارەت بە ئەو پێشنیارەی کە دەڵێت کرێی زەوی لابردرێت، بەراستی تاوەکو ئێستا بۆ ئێمە ناهاتووە ئێمەش ئەو پێشنیارە زۆر بە باش دەزانین. سەبارەت بە کاک یەحیاش کە پرسیار دەکات و دەڵێت: داواکاری نا مەشروع هەیە، بەڵێ، داواکاری نابەجێ هەیە، وەک ئێستا کە باسم کرد زۆربەی ئەو کەسانەی کە ئێستا فەرمانبەرن داوای زەوی دەکەن و مەرجیشیان تیادا نییە و، یەکسەر دەچن پەناوەیەک دەدەن و ناسنامەیەکی جووتیاری وەردەگرن، ئێمە لەو بارەشەوە شەرمەزاریەکی زۆرمان بۆ دروست دەبێت، هەندێ جار دەیشێکەین هەرچەندە زۆر یاسایش نییە، بەڵام ناچارین بیکەین.
سەبارەت بە وەڵامی بەرێز کاک حاجی ئێمە هیچ وەڵامێکمان نییە کە بێدەینێ، با پەلە نەکرێ لە یاساکە، بەراستی ئێمە نامانەوێت یاسایەکی ناتەواومان بۆ دەربچێت و، جارێکی تر هەمان کێشەمان بۆ دروست بکاتە، بەڵام پێمویە کە بە بەستنی کۆنگرەیەکی کشتوکاڵی بۆ چارەسەر کردنی کێشەی زەویوزارەکان و، ئەم کۆنگرەیەش بڕیاری لەسەر دراوە و، هەمان پرۆژەی یاسا دەخرێتە پێش کۆنگرەکە، ئەوەش باسم کرد کە وەکو پرۆژەیەکی تێروتەسەل بخرێتە بەردم ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستان بۆ پەسەند کردنی وبڕیاردانی.
سەبارەت بە پرسیارەکەی کاک ئەکبەریش کە خەڵکی خانەقین وکەرکوک وگەرمیان بێ بەشن، ئێمەش پێمانوایە کە بێ بەشن، لە بەر ئەوەی زەویەکانیان لە بەر دەستی رژێمەدایە و ناتوانین قەرەبووی ئەو خەڵکەش بدەینەوە. سەبارەت بە ئەوانەی ناحیەی قورەتوو و مەیدان، ئەوانە کە قەرەبوویان وەرگرتووە، زەویەکانیان نادرێتەوە و، ئەوەی کە قەرەبووی وەرنەگرتووە ئەوە دەگەرێتەوە سەر زەویەکەی خۆی ئەویش بەپێی رێنمایی ویاسای وەزارەت، بەڵام دیسان باسی ئەوە دەکەم کە لەو بارەیەوە چەند تێپەرکاریەک هەیە.
سەبارەت بە پرسیارەکەی کاک شێخ عەبدولکەریم زۆر تەئکید لە سەر ئەوە دەکەم کە تا ئێستا شتێکی نا یاساییمان نەکردووە وکاتی خۆی رەخنەمان لێگیرا، هەتاکو راگرتنی یاسای ژمارە(٣٥) و بڕیاری (٣٦٤) بوو ئەویش تارادەیەک لە بەر ئەوەی هیچ وەڵاممان وەرنەگرتووە، سەبارەت بە ئاوەدان کردنەوەی دێهاتەکان وگەرانەوەی جووتیارەکان بۆ سەر زەویوەرازەکانی خۆیان، ناچار بووین کە فشاریان بخەینە سەر، هەرچەندە رەخنەمانیش لێگیرا، بەراگرتنی ئەو

بڕیاره ئێمـــه تا رادەیەک دەتوانم بە پرۆژەیەکی لەپڕ کــە ئەو ئیـجـرائاتەمــان کــرد و لەو بارەوە پەرلەمان هیچ ئیجرائاتیان لەگەڵدا نەکردین.
سەبارەت بە پێشنیـارەکەی کاک حازم کە دەڵێت با کۆنگرەیەکی کشتوکاڵی ببەستریت، بڕیار درا کە کۆنگرە ببەستریت بۆ لێتوێژینە و گفتوگۆ کردنی بابەتە کشتوکاڵیەکان و، لە هەمان کۆنگرەش یاسای چارەسەرکردنی زەوی دەخرێتە بەردەمی ئەو کۆنگرەیە بۆ دەوڵەمەند کردنی.
سەبارەت بە مەسەلەی زەوی زانکۆ، جارێکی تر تەئکیدی لەسەر دەکەینەوە، لەباتی ئەوەی حەق بە ئێمـە بدرێت لە پەرلەمانەوە کـە سەرچاوەی یاسا دانانە، کەچی گلەییمـان لێ دەکرێت. ئێمە لاریمان لەسـەر ئەوە نیـیـە کـە داهاتەکـەی بدەینە زانکۆ، بەڵکو لەسـەر ئەوەیە کـە ئەو زەویە ، زەویەکی کشـتـوکـاڵییـە و دەبێت بگەڕێتەوە بۆ وەزارەتی کشـتوکاڵی، هەروەها سەرۆکی زانکۆ هیچ گـوێی پێ نەداین. سـەبارەت بە پرسیـارەکەی بەڕێز کـاک عـەدنان، لەبارەی بایەخـدان بە سامانی ئاژەڵداری، لەبەر ئەوەی کە ئاژەڵداری بەشێکی گرنگە لە مەسەلەی کشـتوکاڵ، بێگومان لە یاسای تازەدا چارەسەر کراوە و، پێمانوایە بەرهەمی کـشـتـوکـاڵی بە هەردوو بەشـەکـەیەوە کشـتوکـاڵی و ئاژەڵدارییەوە، پێویستیان بە پلانێک هەیە، بەڵام دیسـان تەئکیدی لێ دەکەینەوە کەوا پلانی وەزارەتی کشـتوکاڵ بەو بوودجەیە جێبەجێ ناکرێت، بەڵکو پارەیەکی زۆری دەوێت بۆ جـێبـەجێ کـردنی پلانەکـانی وەزارەتی کـشـتـوکـاڵی. چونکە ئەمـە مـەسـەلەیەکی گـرنگە مەسەلەیەکی بەرهەمی کشتوکاڵییە.
سەبارەت بە ئەوەی کە بەڕێز سەید حەسەن فـەرمووی مـەسەلەی مرکیان وشەمامک دوو ناوچەی کـشـتـوکـاڵیین و، ئێـسـتا لە ژێرە دەسـتی رژێمن ، لەو بارەوە داوا لە بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن کرا کە پەیوەندیی بکات، بەڵام تاوەکو ئێستا هیچ زانیاریەکمان لەو بارەیەوە، سوپاس.

**بەڕێـز جـــێگری ســـەرۆکی ئەنجـــوومــــەن:**

سـوپاس وەزیری کـشـتـوکـاڵ دەکـەین بۆ هاتنی بۆ ئێرە وئێمـە هیچ تێـبـینیـیـەکـمان نەماوە. ئامانجیشمان ئەوەیە کە بەرهەمی کشتوکاڵی زیاتر بێت و، بایەخێکی باش بە کشـتوکاڵ بدرێت، وچونکە بەراستی رەگی ژیانە بۆ هەمووان. تەنها ئەو تێبینییەی بەڕێز وەزیری کـشـتـوکـاڵ ئێمە قـبـوڵی ناکـەین کـە ئەویش دووپاتی دەکـاتەوە کـە دەبوایە ئێـمـە پشـتـگیـری لە بەڕێز وەزیری کـشـتـوکـاڵی بکـەین ، سـەبارەت بە مـەسـەلەی زەوی زانکۆ، ئێمـەش ئەڵێین: ئەگـەر یارمـەتی بۆ جـووتیـاران، یاخـود بۆ زانکۆ کـە پێـویسـتـە بکرێت ئەوە لەگـەڵیـاندایـن، بەڵام ئێـوە بەناوی ئەنجـوومـەنی وەزیران داواتان لە سـەرۆکی زانکۆ کـردووە کـە ئەو زەویە بگـەڕێننەوە بۆ وەزارەتی کشتوکاڵ، ئەبوایە داواتان لە ئێمە بکردایە ئەو کاتە بەراستی پشتگیریمان ئەکردن.

**بەڕێز جەلال جوهر عەزیز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

من کە ڕەخنە دەگرم و دووبارەشی دەکەمەوە کە کێشەی کشتوکاڵ کێشەی هەموو کوردستانە، ئێستا دوو کێشەی میری هەیە لە ناوچەی هەمەوەندو وشێخ بزێن من مولزەمم لە بەر ئەوەی من نوێنەری ئەو خەڵکەم، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجوومەن:**

ئەو بابەتە بکەن بە راپۆرتێک و، ئێمەش ئەیدەین بە وەزارەتی کشتوکاڵ.

دانیشتنی ئەمڕۆمان کۆتایی پێهات، سبەی سەعات ١٠,٥ دانیشتنی داهاتوومان دەست پێدەکات.

| | | |
|---|---|---|
| **فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵلا** | **نەژاد ئەحمەد عەزیز ئاغا** | **جوهر نامق سالم** |
| **سکرتێری ئەنجوومەن** | **جێگری سەرۆکی ئەنجوومەن** | **سەرۆکی ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق** |

# پرۆتۆكۆلى دانيشتنى ژماره(٧٢)

**سێ شەممە رێکەوتی ٢٩/١٢/١٩٩٢**

# پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژماره(۷۲)

## سێ شەممە ڕێكەوتی ۱۹۹۲/۱۲/۲۹

***كاتژمێر (۱۰) ی سەرلەبەیانی ڕۆژی سێ شەممە ڕێكەوتی (۱۹۹۲/۱۲/۲۹) ئەنجوومەنی نیشتمانیی كوردستان بە سەرۆكایەتی جێگری سەرۆك بەڕێز نەژاد ئەحمەد عەزیز ئاغاو، بە ئامادە بوونی بەڕێز فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵلا سكرتێری ئەنجوومەن دانیشتنی ژمارە (۷۲) خولی یەكەمی ئاسایی ساڵی یەكەمی خۆی بەست. سەرەتا ڕادەی یاسایی دانیشتنەكە لەلایەن دەستەی سەرۆكایەتییەوە چەسپێنراو، ئەوجا بەڕێز جێگری سەرۆك بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان دانیشتنەكەی بەناوی گەلی كوردستانەوە دەست پێكرد.***

***بەرنامەی كار:***

***۱ـ ئامادەبوونی بەڕێز سەرۆكی ئەنجوومەنی وەزیران بۆ وەڵامدانەوەی تێبینی و پرسیاری ئەندامان.***

***۲ـ پێشچاوخستنی تێبینییەكانی لیژنەی تایبەت بەدابەش كردنی (مواد غذائی) و سووتەمەنی.***

***۳ـ تازە بابەت.***

**بەڕێز جێگری سەرۆكی ئەنجوومەن:**

بۆ خاڵی تازە بابەت چ پێشنیارێک هەیە لەلایەن فراكسیۆنەكانەوە؟.

**بەڕێز حەسەن عەبدولكەریم بەرزنجی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجوومەن.**

لەبەر ئەوەی پشووی ئەنجوومەن پاش دوو ڕۆژی دیكە دەست پێ دەكات، خاڵێک هەیە زۆر بەپەلەیەو زۆر حوكمی دادگاكان لەسەری وەستاوە ئەویش دامەزراندنی ئەندامانی دادگای پێداچوونەوە كە دادگاكانی كوردستان پێویستی بەو دادوەرانە هەیە. پێشنیار دەكەم ئەم خاڵە لە دانیشتنی ئەمڕۆدا باس بكرێت، سوپاس.

**بەڕێز فەرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجوومەن.**

بۆ تازە بابەت دوو خاڵم هەیە:

۱ـ لە دانیشتنی دوێنێ پێشنیارێكمان كرد كە لیژنەی چاودێری دابەشكردنی سووتەمەنی و ئازووقە، دەیەوێت هەندێ قسە لەسەر چۆنیەتی دابەش كردنی سووتەمەنی و ئازووقە بكا پێمواية لە خاڵی سێیەمی بەرنامەی كاری ئەمڕۆدا هاتووە. پێشنیار دەكەم بەڕێز سەرۆكی ئەنجوومەنی وەزیران لێرە بمێنێ كە باسی ئەم بابەتە دەكرێ.

٢ــ ئێمە هێشتا بڕیارمان نەداوە کە پشووی ئەنجوومەن کەی دەست پێ بکا؟، چونکە ئێمە ئیشوکارمان زۆر ماوە. پێشنیار دەکەم کە پشووی ئەنجوومەن یەک دوو هەفتە دوابخرێت، سوپاس.

**بەڕێز حەسەن عەبدولکەریم بەرزنجی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

لەیاسادا هاتووە مانگی(١ و٢)پشووی پەرلەمانە ئەمە پێویست بەبڕیار ناکات، بەڵام ئەگەر هاتوو درێژە بەم خولە بدەین، ئەو کاتە پێویست بەبڕیار دەکات، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجوومەن:**

کێ لەگەڵ ئەوەدایە ئەو پێشنیارەی فراکسێونی سەوز کردی بۆ باس کردنی دادگای پێداچوونەوە بکرێتە خاڵێک لە تازەبابەتی ئەمڕۆدا؟.. تکایە دەست بەرز بکاتەوە.. دەست بەرز کرایەوە.. سوپاستان دەکەین؟.. کێ لە دژە؟.. (٣٢) دەنگ بەرامبەر (٣٥).. کەواتە ئەو پێشنیارە ڕەت کرایەوە.

وئەم دیاردەیە شتێکی دروستە فراکسیۆنەکان لەشتی وا پێچەوانەیان تیادا نییە کەس سەرپێچی ناکا لەئاستی زەبتی حزبی باشە.

ئەو پێشنیارەی بەڕێز فرەنسۆ کردی خاڵی تازە بابەت نییە بەرای من سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران خۆی بڕیاری ئەوە دەدات کە کاتی خوێندنەوەی ڕاپۆرتەکە دەمێنێتەوە، یاخود نا.

**بەڕێز د. محەمەد فوئاد مەعسوم/سەرۆک وەزیران:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

بەراستی ئەمڕۆ هەندێ ئیشوکارم هەیەو، ئاگادار نەکرابووم کەشتی واباس ئەکرێ، چونکە مەسەلەی دابەشکردنی خواردەمەنی لایەنی تایبەتی خۆی هەیە ئەوکاتە دتوانم داوا لە پسپۆرێک بکەم کە بێت بەشداری کۆبوونەوە بکات بۆ ئەوەی چ تێبینییەک هەبێ، یاخود چ وڵامێکی هەبێ بتوانێ لایەنی خۆی باس بکا، بەڵام بێگومان کە ڕاپۆرتەکە بۆمان دەنێرن ئەو ڕاپۆرتە جێگای ڕێز لێنانە و، لە ڕێگای خۆمانەوە بەدواداچوونی بۆ دەکەین، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجوومەن:**

زۆر بەخێرهاتنی سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران و، وەزیری پەروەردە و، وەزیری ئەوقاف و، وەزیری ناوخۆ بە وەکالەت و، وەزیری گواستنەوەو گەیاندن دەکەین و، سوپاسیان دەکەین بۆ ئامادە بوونیان و، لە هەمان کاتیشدا داوا لە سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران دەکەین لە سەری ساڵی تازەوە زیاتر ئامادەبێ بۆ وەڵامدانەوەی پرسیارەکان و، لەگەڵ ئەوەشدا مافی هەیە وەڵام نەداتەوە.

دەمەوێ ئەوەش روون بکەمەوە کە لەمەودوا هەموو رۆژی سێ شەممە تەرخان دەکرێت بۆ وەڵامدانەوەی پرسیارەکان، بەڵام هەندێ لە فراکسیۆنەکان خۆیان ئامادە ناکەن ئەتوانین لەو ماوەی کە لە رۆژی چوارشەممەدا هەتا رۆژی سێشەممە ئەو پرسیارانە ئامادە بکەن دوێنێ فراکسیۆنی سەوز چارەکی دەویست بۆ کاتژمێر (٣) پرسیارەکانیان ناردووە، هی فراکسیۆنی زەرد دوێنێ پێمان گەیشت هیچیان ماوەی (٤٨) کاتژمێر نەبووە، بەڵام ئێمە دەمانەوێ ماوەکەی زیاتر بێ بۆ وەڵام دانەوەی پرسیارەکان.

**بەڕێز د. محەمەد فوئاد مەعسوم/ سەرۆک وەزیران:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەراستی حەق وایە پرسیارەکان بەزووترین کات بۆمان رەوانە بکرێن بۆ ئەوەی بەگشتی قسەی لەسەر بکەین و، هەندێ جار وەڵام نادرێنەوە، چونکە ئەگەر زانیارییمان لا نەبێ هەر قسەیەک بکەین لەوانەیە راست دەرنەچێ، جا بۆیە تکام وایە پرسیارەکان بەکاتێکی گونجاو بۆمان رەوانە بکرێن، چونکە هەندێکیان پەیوەندییان بەوەزارەتەکان هەیە بۆ ئەوەی وەزیرەکەش ئامادەبێ و، وەڵامەکەی بداتەوە پێویست بەکاتێکی تر نەکا، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئێستا بەڕێزان وەزیری پەروەردە و، وزیری ناوخۆ و، ئەوقاف و گواستنەوە ئامادەن ئەگەر پرسیارەکان پەیوەندییان بەوەزارەتەکانیانەوە هەیە وەڵام دەدەنەوە.لە هەمان کاتیشدا دەمەوێ ئەوە دووپات بکەمەوە کە ناتوانین لە هیچ کۆبوونەوەیەکدا ماوەی بدرێ بەهەموو ئەندامەکانی پەرلەمان پرسیار بکەن، چونکە کاتەکەمان دیاری کراوە، داوای لێ بوردن دەکەین ئەگەر هەندێ لە ئەندامەکان ماوەی قسە کردنیان نەبێ. جاپێموایە لەهەر فراکسیۆنەک شەش کەس پرسیار بکا ئەوا بەپێی کاتەکە بەسە، ئینجا ئێستا لەسەر ئەو تێبینییانە کێ پرسیاری هەیە دەست بەرز بکاتەوە؟.

**بەڕێز فەرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

هەندێک پرسیار هەیە نووسراوە ئەوانە وەڵام بدرێنەوە، ئینجا پرسیاری دیکە بکرێن پێش (٥ ـ٦) رۆژ بە بەڕێز وەزیری ناوخۆم راگەیاندووە ئاگاداری بەڕێزتم کردووە و، هەروەها بەنووسراویش پێشکەشم کردووە و، وەزیری ناوخۆ ئامادەیە ئێستا با وەڵامی ئەو پرسیارانە بداتەوە کە بە نووسراو هەیە، جا ئێستا من ئەو پرسیارانەی کە نووسیومە دووبارەیان دەکەمەوە؟، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجوومەن:**

فەرموو بەڕێز فرەنسۆ پرسیارەکانت بخوێنەوە.

**بەڕێز فرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئەو پێشنیارەی کە کردم بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران بمێنێتەوە لەسەر ئەوە بوو ئێمە ویستمان دوێنێ باسی بکەین، بەڵام بەڕێزت فەرمووت ئێستا باسی ناکەین ئەو کاتە باسی ئەکەین کە سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران ئامادەبێ . ئەوکاتە من وەڵامم داوە وتم لەوانەیە کە سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران ئامادە دەبێ ئیشوکاری تری هەبێ و پرسیارەکە دەمێنێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجوومەن:**

کام بابەت کاک فرەنسۆ؟.

**بەڕێز فرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

بابەتی سووتەمەنی و دابەشکردنی ئازووقە لە هەولێردا پێشنیارمان کرد کە قسەی لەسەر بکەین، بەڵام بەڕێزت داوات کرد کە دوا بخرێ تا سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران ئامادە دەبێ ئەوکاتە باس بکرێ بۆیە من ئەو پێشنیارەم کرد، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجوومەن:**

ئەو پێشنیارەی بەڕێزت کردت کردمان بە خاڵێکی تازە بابەت واتە دەبوو دوێنێ باس بکرێ و، هەموو ئەندامەکان رازی بوون کە دوێنێ زۆری خایاند و، بەڕێز وەزیری کشتوکاڵ ئامادەبوو تا چارەکی دەویست بۆ کاتژمێر (٣). بەپێی پەیڕەوی ناوخۆ ئەو خاڵەی کە باس نەکرا لەکۆبوونەوەکە دەمێنێ بۆ کۆبوونەوەی رۆژی دووەم، لەبەر ئەوە نەمان خستە بەرنامەی ئەمڕۆ، چونکە بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران ئامادەیە و، دوێنێ رەزامەندی لەسەر کرا کە ببێتە خاڵێکی تازە بابەت.

**بەڕێز فرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

پێش چەند رۆژێک پێشنیارم کرد کە سوپاسنامە بنێرن بۆ ئەو دەوڵەتە پەیوەندیدارانە بە مانەوەی هێزە هاوپەیمانەکانیان بۆ پاراستنی کوردستان، پێم خۆشە بەناوی ئەنجوومەنی وەزیران، یان پەرلەمانەوە سوپاسی لایەنە پەیوەندیدارەکان بکەین ئەوانەی کە بڕیاریان دا بە تازەکردنەوەی مانەوەی هێزە هاوپەیمانەکانیان. ئێستا دێمەوە سەرپرسیارەکانی خۆم، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجوومەن:**

ئەو پێشنیارەی کە بەڕێزت کردت وابزانم لەو خاڵانەدا نییە کە ئێستا باس دەکرێ تەنیا پێشنیارێک بوو جەنابت کردت بۆ سەرۆکایەتی و، سەرۆکایەتی ئەو پێشنیارەی تۆی بەڕێزەوە وەرگرت و، فاکسی ڕەوانە کرد بۆ پەرلەمانی تورکی و، سوپاسی پەرلەمانی تورکی کرد بۆ ئەوانەی کە دەنگیان دا .

**بەڕێز فرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

من پێووایە فاکسە کە پێش تازە کردنەوەکە بوو، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجوومەن:**

کاک فرەنسۆ فاکسەکە دوێنێ ناردراوە.

**بەڕێز فرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

باش بوو ناردوتانە ئێستا دێمە سەرپرسیارەکەی خۆم. بێگومان هەموومان دەزانین کێشەی کورد بەگشتی و، کێشەی کورد لە کوردستان عێراقدا بەتایبەتی لەوەزارەی مافی مرۆڤ بپارێزین. ئێستا باسی گرتووخانەی کۆنە ئێستگە شەمەندەفەری هەولێر پرسیار دەکەم لەبەڕێز وەزیری ناوخۆ و، هەروەها بەدەرفەت دەزانم کە بەخێر هاتنی هەموو وەزیرەکان و، بەخێرهاتنی بەڕێوەبەری گشتیی پۆلیسی کوردستان بکەم کە هەلێکی چاکە هەموویان ئامادەن بە تێروتەسەلی لەسەر ئەو بابەتە قسە بکەین.

هەندێ تێبینیم هەیە لە سەرئەوەی مافی مرۆڤ لەبەندیخانە پێشێل دەکرێ.

یەکەم: نزیکەی ( ٥٠٠ ) گیراو لەگرتووخانەی ئێستگەی شەمەندەفەر هەیە، ڕۆژ هەیە ئاویان نادرێتێ و، کۆمەڵێک کراوە بە بەڕێوەبەریان لەژوورەوە وەکو چاودێری گوایە ئەوان لە چەقۆ کێشەکان، (ئەبو جاسمەکیان) کردویانە بە چاودێر لە ژووری بەندیخانەکان. کە ئاو نابێ هەر بەندییەک دنیارێکی لێ وەرئەگیرێ بەناوی ئەوەی کەئاویان بۆ دەهێنن یەک تانکی ئاو، یان دوو تانکی دەهێنن ( ٥٠٠ )دینار کۆ دەکەنەوە چەند دینارێک دەدەن بەمە تانکەرە ئاوی کە دەهێنن ئەوەی تر بۆ خۆیانە.

خۆشوشتن لەبەندیخانە بەئاوی ساردە، ئاوی گەرمیان نییە لە هەفتە یەک جار ریشی

خۆیان دەتراشن . کەسوکاری بەندکراوەکان خواردنیان بۆ دەنێرن بۆ ناو بەندیخانە، بەڵام ئەوان گۆشتەکە دەردەهێنن ئەوەی گۆشت بێ ناچێتە ژووری بەندکراوەکان .
رۆژی دیدار زۆر جار خواردنی بەیانی پێیان نادرێ بەناوی ئەوەی کە خراپە، بەڵام پارەکە لە بەڵێندەرەکە وەرئەگرن ئەو پارەش بۆ خۆیان دەبەن و، خواردنەکەش نادرێتە بەندەکان.
زۆر جار هەیە دوو کەس پێکەوە بەند دەکرێن دەبرێنە زیندان یەکێکیان بێ گوناهە پێویستی بە جیاکردنەوەی ئەوراق هەیە، ئەو کەسەی کەخەریکە ئەوراقەکانی جیاواز بکاتەوە نزیکەی( ٥٠٠ــ١٠٠٠ )دینار خەرج دەکا هەتاکو ئەوراقەکانی جیا دەکرێنەوە، ئەگەر ئەوەش نەکرا ئەوا ئەو کەسە هەر لە ژوورەوە دەمێنێ. زۆرکەس هەیە دەیەوێ بە کەفالەت بێتە دەرەوە (مفوەض مکافحە) لەوێ هەیە، ئینجا خەرجی تاکسی و هاتووچۆو ئەمە هەمووی لەسەر بەندییەکە دەگاتە (٥٠٠ ــ ١٠٠٠)دینارەکە وەرئەگرن من تەنها باسی ئەوە دەکەم کەپەیوەندیی بەمافی مرۆڤەوە هەیە و، ئەوەی دەیەوێ بەکەفالەت دەربچێ( ٦٠ ـ ٧٠) دینار خەرج دەکات، چونکە دەبێ داواکاری بۆ دادوەر بنووسێ، ئینجا دادوەر داوای ئەوراق دەکا، ئینجا دوای ئەو هەموو خەرجییە، ئایا دادوەر بریار دەدات کە بەربدرێن یان نا ؟. ئەم زانیاریانەم لەو کەسانە وەرگرتووە کە لەوێ دەرچوونە.
دووەم: ـ کابرایەک هەیە بەناوی (عەلۆی ئۆمەری قولی) (٢ ـ٣) کەسی کوشتووە خۆم تەلەفۆنم بۆ بەرێز وەزیری ناوخۆم کرد وتم بەپێی زانیاریم لای فلان کەسە ناوی ئەو کەسەشم پێ وت کە پیاو کوژە و، لایەتی ئەو کەسە خەریکە دەیەوێ خۆی بگەینێتە مام جەلال و، کاک مەسعود بۆ ئەوەی تاوانەکەی کەم ببێتەوە، ئەگەر دەتانەوێ ناوی ئەو کەسەش دەڵێم کە واستەی بۆ دەکا بەخۆش حاڵییەوە نە لە فراکسیۆنی سەوزە و، نە لە فراکسیۆنی زەردە باشە بۆ نەگیراوە تا ئێستا ؟.

سێیەم: بەرێز بەرێوەبەری گشتیی پۆلیس لێرەیە بۆیە ئەم پرسیارەی لێ دەکەم خەڵک دەگیرێ بەپێی یاسا ئەو خەڵکەی کە دەگیرێ تا لە دادگایەک بریاری بۆ دەرنەچێ تاوانبار نییە، بەڵام لێرەدا ئەو کەسانەی کە دەگیرێن پارچەیەکی زۆر گەورە لە سنگییان دەدەن تاوانبار فلان کەس، ئینجا بانگی تەلەفزیۆنەکان دەکەن پێویستە لێپرسراوێک دابنرێ تەنها خۆی پرسیارەکان ئاراستەی گیراوەکە بکا بۆ ئەوەی بۆ خەڵک روون بکرێتەوە هەموو پەیامنێرەکان و، رۆژنامەکان و، تەلەفزیۆنەکان دادەنیشن وەکو چاوپێکەوتنی رۆژنامەگەری لەگەڵیدا دەکەن لە یەکێک لەوانە وێنەگرێک دەرکرا لە ژوور لەلایەن

یەکێک لە لێکۆڵێرەوەکانی خۆمان، چونکە وێنەکەی دەرنەهێنابوو لەتەلەفزیۆن. ئەو خەڵکەی کەدەچێ حەق نییە نەنوێنەری تەلەفزیۆن و، نەنوێنەری رۆژنامەکان لەکاتی قسەکردندا لەگەڵ گیراوەکان وێنەیان دەربچێ. حەق پسپۆڕێکی شارەزا دابنرێ پرسیارەکان تەنها ئەو بیکات و، دووبارەو سێ بارە نەکرێنەوە، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجوومەن:**

زۆر سوپاس. هەر تێبینییەک هەبوو وتمان وەزیری پەروەردە ئامادەیە بە سیفەتی جێگری سەرۆکی وەزیران.

**بەڕێز د. محەمەد فوئاد مەعسوم/سەرۆک وەزیران:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

بەڕێز وەزیری ناوخۆ لێرەیە بەوەکالەت وەلامی تێبینی یەکان دەداتەوە، سوپاس.

**بەڕێز مەلا محەمەد عەبدولقادر/ و. وەزیری ناوخۆ:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

بەخۆش حالییەوە وەلامی پرسیارەکانی بەڕێز فرەنسۆ بە هاوکاری بەڕێز بەڕێوەبەری گشتیی پۆلیس دەدەینەوەو، بەڕێوەبەری بەندیخانەی ئێستگە لێرەیە، ئەگەر پێویست بوو بۆ هەندێ شتی ورد دەتوانین بانگی بکەین لەدەرەوە وەستاوە بۆ ئەوەی وەلامەکانمان تەواو بێ و لەجێی خۆی بێ. دەبێ ببورن، چونکە کاتێکی زۆر کەمە من وەکیل وەزیرم، بەلام ئەو رۆژە لەگەڵ بەڕێز ئەحمەد پێکەوە چووین بۆ گرتووخانە چەند پرسیارمان کردو، بۆمان دەرکەوت (٥٤٤)گیراو لەگرتووخانەکەدا هەیە لەوانە (١٥٠)حوکم دراون (٢٤)کەس ئافرەتن، (٤٨) کەسیان منداڵن ئەوانی تریش گەورەنە.

لەلایەنی خواردەمەنی کە پرسیارمان کرد لە بەڕێوەبەری بەندیخانە بەپێی ئەو توانایەی کە هەیانە دەیدەن، رەنگە خواردنەکەی لە بەندینخانە لە هی زۆر لە ماڵەکان باشتر بێ لەبارودۆخی ئێستای کوردستاندا.

لە لایەنی تەندروستی دوێنێ لە ئەنجوومەنی وەزیران باسمان کرد دکتۆریان هەیە، بەلام دەرمانیان کەمە دکتۆری پێست و، دکتۆری (باطنی) لەهەفتەدا سێ رۆژ سەردانیان دەکەن، هەروەها یاریدەدەری پزیشکی لەوێدا هەیە بۆ بۆچارەسەرکردنیان. مەسەلەی نەبوونی ئاوو، کارەبا لە بەندیخانەدا تاوانی بەڕێوەبەری بەیدیخانە نییە، چونکە ئاو بەبۆری دێ بۆ ئەوێ و، چەندین جار بۆڕیەکان دەشکێن، کارەباش هەر خۆی کەمە لە کوردستاندا. ئەو هۆڵانەی کە بۆ بەندیخانە دانراون، ئەگەر بەرێکوپێکی بێ بەشی (٢٠٠) کەس ناکات، بەلام ئێستا (٥٤٤) کەسی تێدایە بەندەکان لە سەریەک دەخەون ئەمەش گوناهی بەڕێوەبەری بەندیخانە نییە، بەلام

گوناهی ئێمەو حکومەتە، چونکە تا ئێستا بەندیخانەیەکی ڕێکوپێک دروست نەکراوە کە ئەوانەی حوکم دەدرێن جیاوازبن لەوانەی کە لەژێر لێکۆڵینەوە دان، لەبەر ئەوەی پێویستە شوێنەکانیان جیاوز بێ. و، زۆر کەس لەوانەی کە بەندکراون (موقوف) تا ئێستا نازنن لەسەر چ گیراون و، لێکۆڵینەوەشیان لەگەڵدا نەکراوە.

لەناو بەندیخانە ناڵێم لێدان نییە، بەڵام زۆر کەمە و، ئەگەر بووە لە دەرەوەی بەندینخانە بووە لەو شوێنەی کە دەگیرێ جا لەلایەن حزبەکان گیراوە ،یان لەلایەن دەزگای نەهێشتنی تاوان وەگیراوە. من بەپێی ئەو ماوە کەمەی کەچوومە بەندیخانە تارادەیەک ڕێکوپێکە، بەڵام وەکو وتم شوێنەکە زۆر بچوکە زۆر خراپە و توانیان زۆر کەمە، انشاءالله ئێمە هەوڵ دەدەین چارەسەری ئەم کێشانە بکەین.

دوێنێ لە وەزیری داد داوام کرد کە بچێتە بەندیخانەکە لەگەڵ چەند ڕادوەرێک بۆ ئەوەی لە ڕووی قەزائییەوە باری بەندینخانەکە بزانین، بەڵام دیار بوو ڕازی نەبوو کە بچێتە بەندیخانە، وەکو دیارە ئەویش وەکو پێویست بایەخ بەکێشەکان نادات، جا ئێستا ڕوون کردنەوەکانی تر بەجێ دەهێڵم بۆ برای بەڕێزم ئەحمەد، چونکە ئەو بەڕێوەبەری گشتییەو زیاتر شارەزاترە و، ئەگەر پێویست بوو بەڕێوەبەری بەندیخانە لە دەرەوەیە بانگ دەکرێ.

دوێنێ بڕیاردرا لە حکومەتی هەرێم کە بەندیخانەیەک بکەینەوە لە سپیلک بۆ ئەوانەی کە حوکم دراون إن شاءالله پاش دوو یان سێ ڕۆژی تر لیژنەیەکی پشکنین دەنێرین بۆ ئەوەی بتوانین دەستی پێ بکەین. ئەمە کورتەی قسەکانی من بوو ئەوی تریش بەڕێز عەقید ئەحمەد باسیان ئەکات، سوپاس.

**بەڕێز عەقید ئەحمەد/ بەڕێوەبەری گشتیی پۆلیس:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

سڵاوی گەرمی پۆلیسی هەرێمی کوردستانتان ئاراستە دەکەین. تێبینییەکانی برای بەڕێز فرەنسۆ هەریری شتێکی باشە دەگونجێ هەندێک لەوانە ئێمە تا ئێستا ئاگادار نەبین و، هەندێکیان دەگونجێ ئاگادار بین.

سەبارەت مافی مرۆڤ ئەمڕۆ لەکوردستاندا لەلایەن دامودەزگاکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان زۆر ڕێزی لێ دەگیرێ و، بەهەموو شێوەیەک پێڕەو و ئامۆژگاریەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان زۆر ڕێزی لێ دەگیرێ و، بەهەموو شێوەیەک پەیڕەوەکانمان و ئامۆژگاریەکانمان بۆ ئەوانەی لە خۆمان نزمترن دەردەکەین کەوا ئاگاداری ئەو شتەبن تەنانەت لەکاتی بەرەی کوردستانی کە من بەڕێوەبەری پۆلیسی هەولێر بوو ئوتۆمۆبیلێک بۆم تەرخان کرا لەسەر داوای مافی مرۆڤ کە ئەوکاتە ئۆتۆمۆبیلیان زۆر کەم بوو.وەبەندەکانیش لەبەندیخانە هەموویان ئاشکرایان کرد کەوا بەڕێوەبەرایەتی (موقف) زۆر ڕێز لە بەندکراوەکان دەگرێ و مافی مرۆڤ

پێشـێل نەکـراوە، بەڵام لە بنەکـەکـانی پۆلیس، یان ئاسـایش دەگـونجێ لە هەمـوو شـتـێک ئاگادارنەبین. ژیان و گوزەرانی بەندەکان یەکجار خراپەو، هەروەها ژیان و گوزەرانی ئێمەش کە فەرمانبەرین خراپە هەر یەکێک لەبەندەکان رۆژێ (٣) دیناری بۆ تەرخان کراوە بۆ گوزەرانی ژیانی من کە بەرێوەبەری پۆلیسی گشتیم سەری مانگ (٥٠٠)دینار مووچەم وەرگرتووە، بەڵام باری ناهەمواری ئابووری کوردستان و، گرانی شتوومەک بێگومان وادەکا کەنەتوانرێ خواردنی باشیان پێ بدرێ، ئێمە لە بەرێوەبەرایەتی گشتیی پۆلیس چەندین نووسراوامان کردووە بۆ□پارێزگا و بەرێوەبەرایەتی ئاوو زێراب و، هەوڵ دەدین چارەسەری بکەین و، ئێستا وابڕیار دراوە کە بۆرییەکی سەرەکی رابکێشرێ بۆ بەندیخانە بۆ چارەسەرکردنی ئەم بابەتە.

سەبارەت بە چاودێر لە بەندیخانە کاتی خۆی واباوبووە و، دەگونجێ تائێستا بەو شێوەیە بروات کە ئێمە کەسێک دادەنێین بۆئەوەی هاوکاریمان بکات شتێکی نارەوا روودات لەناو بەندەکان، یان بیانەوێ بەندیخانە بشکێنن ئاگادارمان بکەن، بەڵام وەکو بەرێز فرەنسۆ فەرمووی ئەوچەقۆ وەشێن بێ، یان پیاوێکی خراپ بێ ئەوا رەوا نییە.

دەربارەی پارە وەرگرتن بەرامبەر ئاو هێنان ئاگادار نیم، ئەگەر وابێت تاوانبارەکان سزا دەدرێن. هەروەها سەبارەت بە فرۆشتنی گوێزانی ریش تاشین لەمەش ئاگادار نیم، بەڵام ئێمە لەناو بەندیخانە حانووتمان کردۆتەوە ئەگەر بیانەوێ شت لەوێ بکڕن و، لەو مەسەلەش دەکۆڵینەوە، چونکە کارێکی نارەوایە. سەبارەت گۆشت بێگومان بەپێی مواسەفات خواردنەکە بۆ هەر سێ ژەم دادەنرێت. لەراستیشدا زۆر جاری وا هەیە لەبەندیخانە خواردنەکە رەت دەکرێتەوە لەلایەن ئەفسەری بەندیخانە لەبەر خراپی خواردنەکە کە بەپێی مواسەفات نییە و، کە رەتیشی دەکاتەوە ئێمە پارەی بۆ نانووسین ئەوە لە کیسی بەڵێندەرەکە دەچێت.

لەبارەی ئەوەی کە دووکەس بەیەکەوە دەگیرێن یەکێکیان تاوانبارە ئەوی تریان بێ تاوانە ئەوە ئیجرائاتی یاساییە وابزانم ئێمە لێی بەرپرسیارین دادگا دەتوانێ تەقدیری ئەو مەسەلەیە بکات. مەسەلەی(١٠٠٠) دینار وەرگرتن کە خەرجی دەکات بۆ ئەوراق، ئەگەر ئەوە راست بێت کارێکی نارەوایە و، پێویستە قبوڵ نەکرێت. لە راستیدا ئەو مەسەلانە من لێرەدا ناتوانم بڵێم وانییە، چونکە ئاگادارنیم و، کەموکوورییش لەزۆربەی دامودەزگاکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان دەگونجێت تاوەکو ئێستا هەبێت، چونکە بەرهەمی (٢٣) ساڵەی رژێمی بەعسمان بۆ بەجێماوە و، باری ناهەمواری ئابووری دەگونجێت کار بکاتە سەر هەندێ کەسی نەفس نزم.

سەبارەت بەو کابرایەی بەناوی عەلی عومەرە وابزانم ئەوە پەیوەندیی بە ئێمەوە نییە، سوپاس.

**بەڕێز د. محەمەد فوئاد مەعسوم/ سەرۆک وەزیران:**

**بەرێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

سەبارەت بەندیخانەوە ئەوانەی کە حوکم دراون ئەوانەی کە چاوەڕوانی لێکۆڵینەوەن هەندێک چاوەڕوانی دادگایی کردنن هەمووی پێکەوەن ئەوەش هۆی بابەتی خۆی هەیە، چونکە

دروستکردنی بەندیخانەیەکی وا پێویستی بە پارەیەکی زۆر هەیە. ئەو بەندیخانەی کە بەڕێز وەزیری ناوخۆ باسی کرد دوێنێ بڕیار درا کە هەندێک ئەندازیار بچن بزانن پێویستیەکانی چییە بۆ ئەوەی بکرێ بەبەندیخانەیەکی هاوچەرخ، کە ئەوەش پارەیەکی زۆر دەوێ، بەلام بڕیارمان داوە لە بوودجەی ئەو ساڵەدا جێبەجێ بکەین، بەلام پێش ئەو ساڵە بۆمان نەدەکرا.

بەشێکی زۆر لەوخەڵکانەی کە بەندکراون بەراستی لەسەر مەسەلەی دادگاکان وەستاوە تائێستا دادگای پێداچوونەوە بۆمان دروست نابێت، زۆر لە کێشەکان ئەوا دەمێنێتەوە هەموو ئەو کێشانە دەکەوێتە سەریەک، پێویستمان بە دادوەر هەیە تا ئێستا بۆمان دانامەزرێ و، دەبێ بڕیارێکی زوو بدرێت لە ئەنجوومەنی نیشتمانیی دەربارەی دامەزراندنی ئەو دادوەرانە بەلای کەمەوە دامەزراندنی دادگای پێداچوونەوە، چونکە لەلایەن ئەم دادگایەوە ئەنجوومەنی دادوەری دروست دەبێت تا ئەنجوومەنی دادوەری خۆی بەرپرسیار بێت لە ئیشوکارەکانی کە پەیوەندییان بەگیراوەکان هەیە، جابۆیە داوا لە ئەنجوومەنی نیشتمانیی دەکەم ئەم مەسەلەیە زوو ببڕێنێتەوە.

مەسەلەی بەندیخانەوەو، مامەڵە کردن لەگەڵ بەندییەکاندا وەکو بەڕێزان وەزیری ناوخۆ و بەڕێوەبەری گشتیی پۆلیس باسیان کرد زەحمەتە بڵێین کە هیچ سەرپێچییەک نابێت، چونکە ئەو جۆرە سەرپێچیانە نەک لەناو بەندیخانە، لەدەرەوەشدا هەیە و، هێشتا ئێمە نەگەیشتووینەتە ئەو پلەیە کە بەو شێوەیە بتوانین ئەو شتانە کۆنترۆڵ بکەین، بەلام گرنگ ئەوەیە هیچ شتێک لەو مامەڵە خراپە بەرامبەر بەگیراوەکان بڕیاری مەرکەزی نییەو، سیاسەتی حکومەتی هەرێمی کوردستان نییە.

لەهەر جێگایەک کە دیترا پێشێل کردنی مافی مرۆڤ هەیە دەبێت دەست بەجێ چارەسەربکرێت و، سزای ئەوکەسانە بدرێ کە مافی مرۆڤ پێشێل دەکەن هەربەم بۆنەیەوە حەزدەکەم شتێکی تر هەیە بۆ ئێوەی بەڕێزی باس بکەم کە لە کۆبوونەوەی رابردوو ئاماژەم پێدا ئەویش ئەوەیە:

ویستمان دادگایەکی ئاسایشی هەرێم دابنێین بۆ کێشەی تیرۆریستەکان کە دەیانەوێ ئاژاوە بخەنە ناو کوردستان و، بۆ تۆقاندنی خەڵک، لوغم چاندن، بۆمبا فڕێدان، نارنجۆک فڕێدان دەکەن. بۆ ئەم مەبەستە کۆمەڵێک مادەی یاسایی ئامادەکرا بۆ دەسنیشان کردنی تاوانەکان و، سزادانی ئەو تاوانبارانە کە دادگایەک بەوکارە هەڵبستێ، بەلام دوای لێ کۆڵینەوەو، گفتوگۆ کردن، وترا ئەم دادگایە لەئەنجامدا دادگایەکی تایبەتییە و، رێک ناکەوێ لەگەڵ مافی مرۆڤ، بەڵکو پێویستە دادگایەکی بەرز یا بڵێین دادگای (کبری) دابنرێ و بەرپرسیار بێ لەتەماشا کردنی ئەم جۆرە کێشانە، ئەو مادە یاساییانە ببێتە بەشێک لە یاسای تاوانی کوردستان، جابۆیە دیسانەوە دەڵێم ئیشەکانمان زۆری دواکەوتووە تا ئەو رۆژەی بڕیاری دادگای پێداچوونەوە دەدەین، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجوومەن:**

زۆر سوپاسی بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران و، وەزیری ناوخۆ و عەقید ئەحمەد دەکەین بۆ ئەو روونکردنەوانەی کە کردیان ئەمە خۆی لەخۆیدا شتێکی گەورەیە کە ئەندامێکی پەرلەمان زۆر بە ئاشکرا ئەو شتانە ئاشکرا دەکات مەسەلەی مافی مرۆڤ بەو جۆرە باس بکرێ خۆی لەخۆیدا ئیشێکی ئیجابییە و، ئەوە ئەوەنیشان ئەدات کە حکومەت و پەرلەمان تاچ رادەیەک دیموکراتینەو، مافی مرۆڤیان کردووە بە پیشەی خۆیان و، ئەوەش راستە کە دەبێ بایەخ بەو شتانە بدرێ.

ئێمە تەنها لەلای سەرۆکایەتییەوە پێشنیارێکمان بۆ ئەندامانی بەڕێز هەیە ئەویش ئەوەیە کە دوو ئەندامی پەرلەمانی دانیشتووی هەولێرن وەکو وەفدێک بچن سەردانی ئەو بەندیخانە بکەن و، لەو مەسەلەیە بکۆڵنەوە و، ئەوە لەپاشاندا لەسەری رێک دەکەوین و، لەگەڵ هەردووفراکسیۆنەکە باسی ئەکەین. سەبارەت دادگای پێداچوونەوە ئەوە ئەندامانی پەرلەمان لەکاتی دەنگداندا ئەم پێشنیارەیان رەت کردنەوە.

**بەڕێز فەرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

پێموایە نە وەزیری ناوخۆ، نە بەڕێز بەڕێوەبەری گشتیی لە قسەکانی من باش حاڵی نەبوون من باسی خواردنی خراپی بەندیخانەم نەکردووە، نەم وتووە خواردنەکەیان خراپە، من وتوومە کەسوکاری گیراوەکان کە خواردنیان بۆ دێنن گۆشتەکەی لێ دەردەکرێ ئەنجا بۆیان دەچێتە ژوورێ، باوەڕیش ناکەم خواردنی بەندیخانە وەکو خواردنی وەزیرێک بێت، وتوومە بۆ بیر خستنەوەیە، بەڵکو چارەسەرێک دەکرێت.

من باسی ئاوم کردووە کەئاویان نییە کە دەزانم زۆربەی زۆری گەڕەکەکانی هەولێریش ئاویان نییە من داوام نەکردووە کە دەبێت هەمیشە ئاویان هەبێت من وتوومە هەر جارێک کە ئاویان هەبێت هەرگیراوێک دینارێکیان لێ وەردەگرێت بۆ ئەوان تەنکەرێک یادوو تەنکەر ئاو دێنن.

مەسەلەی عەلۆ هی کاری پۆلیس نەبێ ئەی هی کێیە؟ تاوانبارێک دوو کەسی کوشتووە دوێنێ لەبازاڕی شێخەڵلایان دیوە خۆی و، چەکدارێک ئەو کابرایەی کە بەرگریشی لێ دەکات باهەموو خەڵک بزانێ کە سەید عەبدوڵلای خزمی سەید کاکەیە. زۆر بە ئاشکرا لای ئەوە، ئەگەر پۆلیس نەچێت بیگرێت ئەی کاری کێیە؟.

بەڕێز بەڕێوەبەری گشتیی پۆلیس باسی حانووتی کرد، راستە حانووتیان هەیە و، پەرداخی چا بەدینارێک دەدەن بەگیراوەکان.

مەسەلەی دادگای پێداچوونەوە ئێمە ئەو پێشنیارەمان ڕەت کردەوە، چونکە دادگای پێداچوونەوەی ئێمە دوو یاسامان هەیە کە تائێستا کارمان پێ کردووە ئەو پێشنیارە بۆ پێشێل کردنی یەکێک لەو یاسایانەیە، چونکە بەپێی یاسا دەبێ ئەنجوومەنی وەزیران پرۆژەیەک پێشکەش بەسەرۆکایەتی بکەن بڵێن دەبێ چاو بە فلان یاسادا بخشێنرێتەوە، سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی نیشتمانیی ئەبێت بەپێی پەیڕەوی خۆمان بیداتە لیژنەی پەیوەندیدار و، پاشان بیهێنێت لە ئەنجوومەنی نیشتمانیی بیخاتە روو، ئەو کاتە ئێمە ئامادەین گفتوگۆی لەسەر بکەین، بەڵام بەو شێوەیەی کە ئێستا پێشکەش کراوە، نایاساییەو، دەبێ بەڕێزتان بەرگری لەپەیڕەوی ناوخۆی ئەنجوومەنی نیشتمانیی بکەن.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجوومەن:**

ئەم پێشنیارە پێش ئێستا بوو، وابزانم خۆتان لێرە نەبوون، ئەوەبوو کە باسی ئەم بابەتە کرا وترا کە بدرێتە لیژنەی یاسا کە لیژنەی پەیوەندیدارە ئێمە ئەوەمان پێ شێل نەکرد و، ئەوەمان نەخستە پشت گوێ و، کە بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران داوای کرد باس بکرێ من وتم ئەمە لەگەڵ پێڕەوەی ناوخۆدا ناگونجێ، چونکە لەبەرنامەدا نییە و، ئەبێت یەکێک لە فراکسیۆنەکان پێشنیاری بکەن لەگەڵ ئەوەشدا بڕیار درا کە سبەینێ باس بکرێ و،داواکرا لەلیژنەی یاسا کە ئەو ڕۆژە باسی بکات. لیژنەی یاسا لێرە وتیان ئامادەین لەپاشدا لیژنەی یاساو یەکێک لە فراکسیۆنەکان هاتن وتیان با بەیانی باسی نەکەین بیخەینە دووسبەی، بۆ ئەوەی ئەو بابەتە بە نیزامی فراکسیۆن باسی بکات و، ئەنجا وەڵامەکەیان بداتەوە بۆ ئەوەی لە لیژنەی یاسا جارێکی تر باس بکرێ، لەبەرئەوەشە کە لەلایەن سەرۆکایەتییەوە بەئەوپەڕی ئسولیەوە بەڕێوە چووین. لەپاشدا ئێمە تائێستا چاوەڕوانمان ئەکرد کە وەڵامی ئەو پێشنیارە لە ئەنجوومەنی وەزیرانەوە بکات، بەڵام تا ئێستا وەڵامان وەرنەگرتۆتەوە لەبەر ئەوە دەڵێم ئەم بابەتە پەیوەندیی بەلیژنەی یاساوە نییە و، بەداخەوە پەیوەندیی بەلایەنی ترەوە هەیە کە ئەبێت لەنێوان خۆیاندا ڕێک بکەون، پەرلەمان و، وەزارەت نەخەنە مەئزەقەوە.

**بەڕێز حەسەن عەبدولکەریم بەرزنجی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئەگەر بەڕێز فرەنسۆ بە وردی تەماشای پێشنیارەکەم بکات من نەموتووە یاسایەک پێشێل بکەین تەنیا پێشنبارەکەی من دەڵێت کە پەرلەمان ماوەکەی کەم ماوە پێویستە چارەسەری بکەین، ئایاچارەسەر کردن بۆ دەبێت نایاسایی بێت؟. هەروەها من دەڵێم چارەیەک بدۆزینەوە بۆ دادگای پێداچوونەوەی کوردستان، کە لەگەڵ باری ئێستای کوردستاندا بگونجێت، سوپاس.

**بەڕێز محەمەد فوئاد مەعسوم/سەرۆک وەزیران:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

یاسا نابێت پێشێل بکرێ، ئەگەر یاسایەک پێی رازی نەبین دەبێت گفتوگۆی بکەین، ئینجا هەمواردەکرێ، یاخود هەڵدەوشێنرێتەوەو، یاسایەکی تری لە جیاتی دادەنرێت.

سەبارەت بە دادگای پێداچوونەوە پەیوەندیی بەهیچ یەکێک لەو یاسایانەوە نییە، ئەوانەی کە پالێوراون بینە سەرۆک و ئەندامی دادگای پێداچوونەوە هەموویان خانەنیش کراون بەپێی تەمەن و یاسا نابێ ئەوانە بگەڕێنەوە سەر کارەکەیان، ئەنجا بۆیە لەهەموو حاڵەتێکیشدا پێویستمان بە یاسای ژمارە (١) و (٢) هەیە و، ئیشی پێ دەکەین لەگەڵ ئەوەشدا ئەوە پێویستی بە یاسایەکە کەلێرە دەربچێت بۆ ئەوەی ئەوانە بگەڕێنەوە بۆ خزمەت، ئەنجا مەراسیمەکە بەپێ ی یاسای ژمارە (٢) دەبێت، سوپاس.

**بەڕێز فرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دیسان دووبارەی دەکەمەوە ئەوەی پێویستی بەیاسادانان هەیە دەبێت بەپێی پێرەوی ناوخۆی پەرلەمان (١٠) ئەندامی ئەنجومەنی نیشتمانیی، یان ئەنجومەنی وەزیران پرۆژەیەک پێشکەش بەسەرۆکایەتی ئەنجومەنی نیشتمانیی بکەن. سەرۆکایەتی ئەنجومەنی نیشتمانییش ئەبێت بیداتە لیژنەی پەیوەندار، ئسولی گفتوگۆکردنی پرۆژەکان بەپێ ی پەیرەوی ناوخۆمان بەم شێوەیە، بەلام ئەمە پەیرەو نەکراوە، سوپاس.

**بەڕێز شێروان ناسح عەبدوڵلا حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەوپرۆژەیەی کە چەند دادوەرێک پالێوراو بوون بۆ دادگای پێداچوونەوە، راستە ئاراستەی ئێمە کرابوو، بەلام دوو را هەبوو لەبەرئەوە نەگەیشتینە ئەنجامێکی دیاریکراو، سوپاس.

**بەڕێز فرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەنی نیشتمانیی هێنای لێرە خوێندیەوە، ئێمە بەرهەڵستیمان کرد، بەلام بەڕێزت وتت بیبەن و، بەیانی وەلامم بۆ بێننەوە، ئەمە بەپێی پێرەو نەبووە، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئێستا لیژنەی یاسا لێرە بوو، ئێمە لە بەڕێز شێخ عەدنانمان پرسی ئایا ئەوە ئاراستەی ئێوە کراوە وتی بەڵێ ئاراستەی ئێمە کراوە، ئەگەر جەنابت لێرە بوویی ئەبێت ئاگات لەوە بووبێ و، ئەنجا لێرە

باسمان کرد چونکە گرنگی هەیەو، لیژنەی یاسا وتیان ئەتوانین بەیانی وەلامتان بدەینەوە لەپاشاندا هاتن وتیان ناتوانین، چونکە لە فراکسیۆندا باسمان نەکردووەو، دووسبەی وەلام ئەدەینەوە.

**بەڕێز د. محەمەد فوئاد مەعسوم/سەرۆک وەزیران:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئێمە بە نووسراوی رەسمی لە ئەنجوومەنی وەزیرانەوە ناردوومانە وابزانم بە لەبەرواری (١١/١٩) ئەوەی تریان لە بەرواری (١١/٢٩) وە، تا ئێستا وەلامان بۆ نەهاتۆتەوە ئەوەی باسیشم کرد تەئکید بوو لەسەر بەبیرهاتنەوەی نووسراوەکەمان، سوپاس.

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئەو پێشنیارەی سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیران لە١٩٩٢/١١/٢٩ دەرکراوەو، لە١٩٩٢/١١/٣٠ بەپێی هامشی ئەنجوومەنی نیشتمانیی (٢٤٣) بە دەست لیژنەی یاسا گەیشتووە سەبارەت بە دامەزراندنی ئەندامان و، سەرۆکی دادگای پێداچوونەوە، سوپاس.

**بەڕێز عەدنان محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

بابەتی یاسای ژمارە (٢) ئاراستە نەکراوە، چونکە ئێمە لە لیژنەی یاسادا باسمان کرد و، ئەگەر بمانەوێ ئەو یاسایە لابدەین پێویستە بە یاسایەکی دیکە لایبدەین، بۆ ئەوەی گرفت دروست نەبێت.

مەبەستی بەڕێز فرەنسۆ ئەوە نییە نەهاتووە، بەلام مەبەستی ئەو ئەوەیە کە ئێمە کاری نایاسایی نەکەین ئەو سیغانەی کە لە یاسای ژمارە (٢)دا هاتووە پێویستە بە ڕێگایەکی یاسایی هەموار بکرێن، ئەویش بەپێشکەش کردنی پرۆژەیەک لەلایەن سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیرانەوە دەبێت، یان لە ڕێگەی (١٠)ئەندامی ناو پەرلەمان، من وای تێ گەیشتووم، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجوومەن:**

لە سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی نیشتمانیی و، ئەنجوومەنی وەزیران داوا لە لیژنەی یاسا نەکراوە کە یاسای ژمارە (٢) رابگرن، یاخود هەڵیبوەشێنێتەوە. داواکارییەکە ئەوەبوو ئەوانە، چونکە خانەنیش کراون بەدەر بکرێن لە یاساکە، ئێمە ئەوەمان ئاراستە کرد بۆ بەڕێزانتان و، لێرە گفتوگۆکرا هەتا کاکەڕەش وتی پێویست بەوە ناکات، چونکە ئەوە بەپێی دەسەلاتی دادوەری (٦٣) ساڵ نەبووە بە تەمەنی خانەنیشینی، هەروەها بەڕێز ئەیاد بەرهەڵستی کرد وتی یاسای دەسەلاتی دادوەری تا ئێستا لە رۆژنامەی رەسمیدا بلاو نەکراوەتە، ئەنجا بابەتەکە هیچ پەیوەندیی بە یاسای ژمارە (٢)ەوە نییە، پەیوەندییەکەی تەنها لەوەدایە کە ئەگەر هاتوو

ئەوئیستسنایە کراو، لەپاشا ئەوانە دامەزران لە بەردەم کێدا سوێند بخۆن؟ ئەگەر سوێند خواردن پێویست بێت کێ فەرمانی دامەزراندیان دەربکات؟.

**بەڕێز د. محەمەد فوئاد مەعسوم/سەرۆک وەزیران:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دامەزراندنی پارێزگار و قائیمقامەکان کە بڕیارەکەمان دەرکرد هیچ گرفتێک نەبوو، بەڵام ئەوەی دادگای پێداچوونەوە کە حوکمێکی دێتە پێش هەر پارێزەرێک دەتوانێت تانە لە دادگای پێداچوونەوە بدات، ئەڵێ دادگای پێداچوونەوە شەرعیەتی نییە، بۆیە شتێکی زۆر ئاساییە دوای ئەوەی کە دادگای پێداچوونەوە هەندێ حکوم پەسەند دەکات وەکو حوکمی ئیعدام، گومان دەخرێتە سەر شەرعییەتی، بۆیە دەتوانین بڵێین کێشەی دادگای پێداچوونەوە شتێک نییە وەکو کێشەی قائیمقامەکان هەروەها بە ئاسانی بڕوات، یا لێی بگەڕێینەوە، دادگای پێداچوونەوە کە حکومی ئیعدام کردنی تاوانبارێک دەسەلمێنێ و تاوانبارەکە ئیعدام دەکرێت ئیتر گەڕانەوەی نییە، بۆیە نابێ بواری هیچ تانەیەکی لە حوکمەکانی بمێنێت. لەلایەکی دیکەشەوە هێشتا دادگای پێداچوونەوە و، دەسەڵاتی دادوەری دانەمەزراون، کە دامەزران ئیتر هیچ کێشەیەک نامێنێت، سوپاس.

**بەڕێز عەبدولکەریم کاکە حەمە عەبدولکەریم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دەربارەی دادگای پێداچوونەوە من پرسیارێکم هەیە کە بەڕێز وەزیری ناوخۆ و، بەڕێز بەڕێوەبەری گشتیی پۆلیس لێرەن، لە شەش مانگی رابردووی حکومەتی کوردستاندا ئیشوکارەکانی بەرەی کوردستانی هەمووی هەڵوەشاوەتەوە، یان چارەسەرێکی یاسایی بۆ کراوە، بەڵام بەداخەوە سەدان هەزاران ئوتۆمبیل بە ژمارەی بەرەی کوردستانی یا کاغەزی بەرەی کوردستانی ئەسوڕێنەوە ئەم ئوتۆمبیلانە هەندێکیان هی حزبەکانن و، هەندێکیان هی خەڵکن و، تاوان بەردەوامەو، بەسەدان کەس ئەچنە بۆ ناوچەکانی خوارەوە خەڵکی عەرەب ئەکوژن سەیارەکەیان ئەفڕێنن و، بۆتە هۆی ئەوەی کە مرۆڤی کوردی لە خوارەوە بەدناوبووە، پێشنیاری ئەوە ئەکەم وەزارەتی ناوخۆ لە ماوەی ساڵێکدا:

١ــ هەرچی ئەو سەیارانە هەیە تۆماریان بکات.

٢ــ گومرکیان بکەن.

٣ــ ئەو سەیارانە نەفرۆشنەوە نەوەک خاوەنەکانیان پەیدا ببێ داوایان بکەنەوە.

گومرکەکەش ئەبێتە داهاتێکی باش بۆمان و، لە ئێستاو، لە مەودوا ئەو هەر سەیارەیەک کە لە

خوارەوە دەزرێن و، دێنە ناو کوردستان دەستیان بەسەر دابگیرێت و، یاسایەکیش لەپەرلەماندا دەربچێت بۆ سزادانی ئەم جۆرە کەسانە، سوپاس.

**بەڕێز عەقید ئەحمەد/بەڕێوەبەری گشتیی پۆلیس:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پێویست بوو ئەو پرسیارە ئاراستەی بەڕێوەبەری هاتووچۆ بکرێت، چونکە پەیوەندیی بە ئەو هەیە، سوپاس.

**بەڕێز د. محەمەد فوئاد مەعسوم/سەرۆک وەزیران:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

باسی ئەوە کرا کە ئەو ئۆتۆمبیلانە دەبێت هەموویان تۆمار بکرێن و، گومرگیش بخرێتە سەر ئەو سەیارانە ئەوەی کە بۆ خەڵک تۆمار دەکرێت، ئەنجا ئەو پرۆژەیەمان دەمێکە لە پێشەو، لەگەڵ وەزارەتی ناوخۆ پێش ماوەیەک ئەو بابەتەمان باس کرد و، وتیان ئێستا پێویستمان بە (لوحە) هەیە، بەڵام دەست ناکەوێت، بڕیار وابوو ئەوان شتێکی وابکەن کە (لەوحە) دروست بکرێت لە وەزارەتی ناوخۆ بۆ ئەوەی بتوانین ئەو کارە جێبەجێ بکەین و، ئەو مەسەلەیە لە ئەنجوومەنی وەزیرانیش باس کراوە، هەتا ئێستا ماوە، ئومێدەوارین لەم زووانە جێبەجێی بکەین، چونکە پێشنیارەکە پێشنیارێکی زۆر راستە نەک، لەبەرئەوەی تاوان تەنیا لە دەرەوەی هەرێمی کوردستان دەکرێت، بەڵکو لە ناوەوەش دەکرێت، زۆر لەو ژمارانەی کە دانراون بەناوی بەرەی کوردستانی لەوانەیە بەرەی کوردستانی هەر ئاگاشی لێیان نەبێ، سوپاس.

**بەڕێز مەلا محەمەد عەبدولقادر**/وەزیری ناوخۆ بەوەکالەت:

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمەش هەوڵ دەدەین ئەو یاسایە لە ماوەیەکی زۆر کەمدا جێبەجێ بکەین و، جێبەجێ بکرێ.

سەبارەت بە مەسەلەی تاوانبار (محەمەد قولی)، بەڕێز فرەنسۆ تەلەفۆنی بۆ کردم. منیش دوای ئەوە پەیوەندییم کرد بەپۆلیسی گشتی بۆ ئەوەی بیگرن، بەڵام بەداخەوە پۆلیس ناتوانێت ئەم تاوانبارە بگرێت، چونکە ئەم تاوانبارە خۆی ناوەتە پاڵ حزبی یەکگرتن و، ئەوان بەرگری لێ دەکەن و، ئێستا لەماڵی سەید کاکەیەو، بە کەیفی خۆی هاتوچۆ دەکات و پاسەوانیشیی هەیە، لەبەر ئەوە بۆ گرتنی ئەم تاوانبارە دەبێت شەڕ بکەین لەگەڵ ئەم حزبە، جا ئەگەر لە پەرلەمان ئێستا بڕیارێک ئەدەن ئەڵێن بچین لەگەڵ حزبی یەکگرتن شەڕ بکەم تا بچم بیکەم و ئەشیگرم، سوپاس.

**بەڕێز فرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من کە وەزیری ناوخۆ بم ئەو کارەم پێنەکرێ دەست لەکار دەکێشمەوە، سوپاس.

**بەڕێز حـــازم ئەحـــمـــەد مـــەحـــمـــود یوســـفی:**

**بـەڕێــز ســـــــــەرۆکی ئـەنجـــــــــومـــــــــەن.**

بەراستی ئەوەی بەڕێز فرەنسۆ وتی راستە من کە لە وەزارەتێک بم نەتوانم پێی هەستم وازی لێ دێنم، چونکە ئێمە لێرەدا یاسا و بڕیار دەرئەکەین، بەڵام هیچ یاسا و بڕیارێک جێبەجێ نابێت و، ئێستا ئەمە هەمووی مافی مرۆڤ کە پێشێلی ئەکەین و، بەڵام خۆمان پروپاگەندەی بۆ ئەکەین و، ئەڵێین ئێمە مافی مرۆڤ ئەپارێزین. ئێمە ئەگەر لەناو شاری هەولێر کە بنکەی پەرلەمان و حکومەتی کوردستانە نەتوانین تاوانبارێک بگرین کە لە جادە دەسوڕێتەوە چۆن داوا لە پێشمەرگەیەک بکەین لەسەر سنووری تورکیا و ئێران کە خاڵی گومرگی داناوە یاسا جێبەجێ بکات؟!، دەبێ ئێمە چارەسەرێک بۆ ئەوە ببینینەوە پەرلەمان کە یاسا دەرکات دەبێ دەسەڵاتی راپەڕاندن جیبەجێی بکات. تێبینییەکم هەیە لەسەر قسەکەی بەڕێز وەزیری ناوخۆ کە گوتی « من ناڵێم لێدان نییە لە بەندیخانە»! ئێمە دەڵێین دەبێ لێدان و ئەشکەنجە هەر نەبێت و، دەبێ مافی مرۆڤیش بپارێزیت، سوپاس.

**بەڕێز د.محەمەد فوئاد مەعسوم/سەرۆک وەزیران:**

**بـەڕێــز ســـــــــەرۆکی ئـەنجـــــــــومـــــــــەن.**

لە راستیدا لە قسەکردن پێویستە رەهایی نەبێت، بەڕێز وەکیلی وەزیری ناوخۆ نەیگووت نایگرم، بەڵکو باسی ئەوەی کرد کە تا ئێستا ماوەتەوە لەوانەیە ئەوەش هۆی هەبێت.

ئەو لایەنەی کە بەرپرسی گرتنە حسابێک دەکات بەچ رێگایەک دەیگرێت، چونکە گرتنیش جۆرەها رێگای هەیە تۆ ناچی لە شوێنێک کابرایەک بگری ئەنجا چەند کەسی دیکەش لەگەڵیدا بگیرێ. ئەوەی بەڕێز مەلا محەمەد فەرمووی مەبەستی ئەوە نەبوو کە ناتوانێ و پێی ناکرێ، دەبێ حسابی ئەوەش بکەن کە نەخۆشە لەگەڵ ئەوەشدا ئامادە بووە.

هەندێ کێشەش هەبوو کە پەیوەندە بەناوخۆوە، بەڕێز حازم دەڵێ هیچی جێبەجێ ناکرێ. چۆن جێبەجێ ناکرێ؟ جیاوازی ئێستاکە لەگەڵ دوو مانگ لەوەو پێش وەکو یەکە؟، بێگومان جیاوازییەکی زۆر هەیە و هۆیەکەش ئەوەیە کە حکومەت دەسەڵاتی نییە، بەڵام ئێستا ئەوە خەریکین کە ئیشەکانمان زیاتر رێکوپێک بکەین و، دەزگای پۆلیس تەواو پێک دەهێنرێت و، ئومێدەوارین ئێوەش یارمەتیمان بدەن بۆ ئەو بارەی کە بەتەمایین بڕەخسێ کە لە قازانجی هەرێمی کوردستانە، بەڵگەش بۆ ئەمە ئێستا چەند سەد کەس بەندکراون، سوپاس.

**بەڕێز مەلا محەمەد عەبدولقادر/وەزیری ناوخۆ بەوەکالەت:**

**بـەڕێــز ســـــــــەرۆکی ئـەنجـــــــــومـــــــــەن.**

هەروەکو بەڕێز سەرۆک وەزیران فەرمووی من بەو شێوەیە نەمووت ناتوانین بیگرین، بەڵکو

فەرمانمان بە بەڕێوبەری پۆلیس کردووە کە بیگرێت، بەڵام تا ئێستا نەمانتوانییوە کەس بگرین لەبەر ئەوەی حزبەکان زۆر بەسەربەستی هەڵسوکەوت دەکەن و، چەکدارەکانیانیش بە ئاشکرا هاتووچۆ دەکەن و، تا ئێستاش ئەم مەسەلەیە چارەسەر نەکراوە لەلایەن بەرەی کوردستانی و، حکومەتی هەرێمی کوردستان.

سەبارەت بە تێبینی برادەران کە دەبێ دەست لەکار بکێشمەوە، من خۆم داوام نەکردووە ببم بە وەزیری ناوخۆو، حەزدەکەن لە ئێستاوە دەست لە کاردەکێشمەوە، سوپاس.

**بەڕێز عەدنان محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

یەکەم: لە پاش ڕۆژانی ڕاپەڕین کە میللەت هێرشی ڕەوای خۆی بردە سەر دەزگا داپڵۆسێنەرەکانی ڕژێم، جۆرەها بەڵگەنامەی مردنی (شهادە الوفاە) ئەو کەسانەی کە شەهید کرابوون لە دەزگاکانی ئەمن و خەستەخانەکان کەوتوونەتە بەردەستی حزبەکان، لەبەرئەوە بەرای من هەندێک مافی یاسایی میراتگرانی ئەو شەهیدانە کەوتۆتە دەست ئەو حزبانە، ئەگەر سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران شتێکی وا بکات کە بیدەنەوە دەست حکومەتی هەرێم، بۆ ئەوەی ڕێرەوی یاسایی خۆی وەربگرێت تا کەسوکاری ئەو شەهیدانەش بتوانن مافی خۆیان دابین بکەن.

دووەم: بەراستی کۆنگرەی نیشتمانیی عێراقی کە لە (سەلاحەدین) بەسترا دەزگاکانی ڕاگەیاندن زۆر بایەخیان پێدا لە هەموو لایەکەوە چ لە کوردستان و، چ لە جیهاندا باس کرا.

بەراستی هیچ چالاکییەک نابینین لە ئەنجامی دروست کردنی هەندێ لەو دەزگایانەی لە ئەنجامی کۆنگرەی نیشتمانییدا عێراقی دروست بوون، پرسیارەکەم لەبەڕێز سەرۆکی ئەنجوونەنی وەزیران ئەوەیە: ئایا بۆچی ئەو سیستەمە؟ ، ئایا هیچ یەکخستنێک هەیە لەنێوان ئەو دەزگایانەو ئەنجوومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان، سوپاس.

**بەڕێز د. محەمەد فوئاد مەعسوم/ سەرۆک وەزیران:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

سەبارەت پرسیاری یەکەم ئەوە شتێکی زۆر ڕاستە بە ڕەسمی داوا لە حزبەکان دەکەین ئەوانەی کە ئەو بەڵگەنامەی مردنیان لایە پێمان بدەن. پێش چەند ڕۆژێک دەستەیەک لە زانایانی ئاینی ئیسلام تەشریفیان هێنا بۆ ئەنجوومەنی وەزیران لەگەڵیان دانیشتین باسی ئەنفالەکان و، گیراوە بارزانییەکانیان کرد، چونکە لەسەر ئەوە مەسەلەیە، کۆمەڵێک خەڵک پەکیان کەوتووە کە پێویستە بگەینە ئەنجامێک و بڕیارێکی لێ بدرێ.

دەربارەی پرسیاری دووەم ئەو کۆنگرەیەی کە لە (سەلاحەدین) بەسترا، بەراستی کۆنگرەیەکی باش بوو لە رووی بابەتی و ڕاگەیاندن و سیاسییەوە و، هەندێک لەوانە داوایان لێ کرا کە بچنە

دەروەو پەیوەندیی لەگـــەڵ وڵاتانی دەروە بکەن و. بەپێی ئاگــاداری ئێـــمـــە هەندێ لەو پەیوەندیانەیان سەرکەوتوو بووە و، دواکەوتنەکەشیان بە هۆی ئەوەیە کە لە دەرەوە کەوتە (١٠-١٥/ ١٢)، ئیـتـر ئەوەی تریش تێکەڵ دەکـرێت ،چونکە زۆربەیان مـاڵ و کـەسوکـاریان لە دەرەوەیە. ئێـستـا چاوەڕوانی ئەوەین کە لە سەرەتای ئەو مانگە هەندێکیان لەوانەی بەکاری رەسمی ناردابوون بگەڕێنەوە و، بزانین ئەنجامەکانیان چۆن بووە، بەڵام ئەوەش بابزانرێ کە هەوڵ و تەقـەلایەکی زۆر هەیە لەلایەن هەندێ وڵاتانی دەورو بەرمـان بۆ ئەوەی ئەنجامی ئەو کـۆنگرەیە تێک بدەن. بەڵام ئەندامـانی کـۆنگرەکـە بەشی زۆریان بەردەوامن لەسـەر ئەوەی کـە دەبێ بڕیارەکانی خۆیان جێبەجێ بکەن و، کۆنگرەکە بەردەوام بێت، سوپاس.

**بەڕێز شـەوکـەت حـاجی مـوشـیـر ئەحـمـەد:**

**بەڕێـز سـەرۆکی ئـەنجـوومـەن.**

پرسـیـارەکـەی مـن پەیوەندیی بە بەڕێز سـەرۆکی ئەنجـوومـەنی وەزیرانەوە هەیە دەربارەی بڕیاری پەرلەمان ژمارە (٧) کە لە (١٩٩٢/٨/١١) دەرکرا بۆ دەست بەسەراگرتنی ماڵ و مڵکی ئەو کەسانەی کە ماڵ موڵکیان بەجێهێشتووە. پێشنیار دەکەم کە بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران لەم بارەیەوە هەندێ زانیارییمان پێ بدات، چونکە لەو ماوەیەدا هەندێ لە کەسوکارییان بەهۆی نزیکیان لە حزبەکانەوە دەستیان کردووە بە فێڵی شەرعی بۆ فرۆشتنی ماڵ مۆڵکەکانیان.

بەهۆی سەری ساڵی نوێوە پێشنیار دەکەم کە لێبووردنەکی گشتی دەربکرێت بۆ هەموو ئەوانەی کە کوردستانیان بەجێهێشتووە، بۆ ئەوانەی لە ناوەوەی عێراقدان ماوەی مانگێکیان بۆ دیاری بکرێت و، ئەوانەی لە دەرەوەی عێراقدان ماوەی دوومانگیان بۆ دیاری بکرێت و، لەپاش ئەوە کە ئەوانە نەهاتنەوە دەست بگرێت بەسەرماڵ و مـوڵکیـان دا و، بکرێت بەموڵکی حکومـەتی هەرێمی کوردستان.

دیارە خـەڵکی تریش هەن کـە لەناو کـوردسـتـان دنین چووەنەتە ناو ئەو شـوێنانەی کـە لە ژێر دەسـەڵاتی رژێمدان یا لەدەرەوەن و، گومـان لە خـۆیان ئەکـەن یا ئەترسن، خـەڵکانی تریش هەیە هەر بۆ مەسەلەی ژیان و گرفتی خۆیان لێرەدا ناژین، بەڵام موڵک و ماڵیان لێرە هەیە، پێشنیار دەکەم ئەوانیش لە ماوەی دوومانگ بگەڕێنەوە بۆ خۆناساندنیان بە حکومەتی هەرێمی کوردستان لەلای ئاسایش لاپەڕەی تازەیان بۆ بکرێتـەوە کـە خـراپ نین بۆ داهاتوویان مـامـەڵەیان بەپێی کردارەکانی خۆیان لەگەڵدا بکرێت، سوپاس.

**بەڕێز د. محەمەد فوئاد مەعسوم/ سەرۆک وەزیران:**

**بەڕێـز سـەرۆکی ئـەنجـوومـەن.**

پرسیارەکان زۆر لق و پۆپیان لێ بووە، بەڵام لەسەرەتاوە دەڵێم ئێمە بەچاوی تاوانبار تەماشای

ئەو کەسانە ناکەین کە لە دەرەوەی هەرێمی کوردستاندا دەژین، پێویستە ئەوان خۆیان بە حکومەتی هەرێمی کوردستان بناسێنن و، ئەوجا بگەڕێنەوە، چونکە بەشێکی زۆری وڵاتەکەمان لە ژێر دەسەڵاتی رژێمی بەغدایە، ئەمانە هەمووی جێگای رێزلێنان و تەقدیرن کە داوایان لێ بکەین بڵێین فەرموون وەرنە هەرێمی کوردستان لەوانەیە حکومەتی عێراقیش ئەوەی بوێت، بەڵکو بەپێچەوانەوە هەوڵی ئەوە بدەین ئەوانەی کە هێشتا لێرەن خەڵکی ئەو جێگایانەن کە ئێستاکە لە ژێر کۆنترۆڵی هەرێمی کوردستان نییە بگەڕێنەوە شوێنی خۆیان.
سەبارەت ئەوانەی کە هەڵوێستی خراپیان هەبووە دژبە میللەتەکەیان ئیشیان کردووە ئێستاکە هەڵاتوون ئەوانە دیارن و، دەستنیشان کراون و، داوا لە هەموو وەزارەتەکان کراوە بەتایبەتی وەزارەتی کشتوکاڵ کە ناوەکانیان پێمان بدەن و، ئێستاکە جەرد هەیە دوای ئەوەی ئەو بریارەمان دەرکرد وەکالەت لابرێ بۆ گواستنەوەی موڵکیەت، تەنها ئەگەر یەکێک خۆی لێرە بێت خانوویەک کە دەفرۆشرێت دەبێت هەموو ئەوانەی کە بەشیان پێوەیە دەبێت رازی بن لەسەر فرۆشتنکەی، سەبارەت هەر پارێزگایەک ئاراستەی لیژنەیەک کرا کە پارێزگار خۆی سەرۆکایەتی ئەو لیژنەیە دەکات لەگەڵ لێپرسراوی ئاسایش و، لێپرسراوی عەقاری ئەوانە خۆیان کە هەموو زانیاری تەواویان هەیە لەسەر کەسان و موڵکەکانیان ئەوان بریار بدەن، بەڵام دوای ئەوەی جەردی هەموو ئەو موڵکانە دەکرێت چ هی کشتوکاڵ چ هی خانووبەرە ئەوکاتە دەست پێ دەکرێت و، بەرامبەر هەر یەکێک بریار دەردەچێت ئەو بریارەی کە هەمانە ئێستا بریارێکی گشتییەو هەوڵی ئەوە دەدەین کە جێبەجێ بکرێت، چونکە ئێستا دووشت هەیە یەکێکیان ئەوەیە ئەوی تریان ئەو خانوو بەرەو موڵکانەی کە وەختی خۆی حکومەت داگیری کردوون هی ئەو کەسانەی کە پێشمەرگە بوون، یاخود هەڵوێستی سیاسییان هەبووە و، حکومەت داگیری کردوو ئێستا خەریکی جەردی ئەوانە شین بۆ ئەوەی کە مافی خۆیان پێ بدرێت و، سەبارەت ئەو پێشنیارەی کە لێبوردنێکی گشتی دەربکرێت دیراسەی دەکەین لەوانەیە شتێکی باش بێت، سوپاس.

**بەڕێز شەوکەت حاجی موشیر ئەحمەد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

دیارە من مەبەستم لەوانە بوو کە لە ژێر دەسەڵاتی حکومەت دان، بەڵام ئەڵێم لەو ماوەیەدا بەشێوەیەک لە شێوەکان کە خۆیان بناسێنن کەئەوانە پەیوەندییان نییە بە هیچ یەکێک لە دەزگا سیخورییەکانەوە، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجوومەن:**

پێش چەند رۆژێک بەڕێز فرەنسۆ پێشنیاری کرد کە چەند سوپاسنامەیەک بنێرین بۆ پەرلەمانی تورکیا و، وڵاتە هاوپەیمانەکانیش، ئێمە بەراستمان زانی تەنها سوپاسی پەرلەمانی تورکی بکەین.

ئەمەش دەقی سوپاسنامەکەیە: ( الى زملائنا في البرلمان التركي المحترمين بعد التحية والأحترام بأسم برلمان أقليم كوردستان نعبر عن شكرنا لكم وبالاخص للزملاء الذين صوتوا من اجل استمرار حماية شعبنا من خطر الأبادة واستمرار تدفق وحماية المعونات الأنسانية للشعب الذي يعاني من الجوع والمرض وفرض الحصار المزدوج عليهه ونعاهدكم لأن نعمل دائماً من أجل تعزيز الصداقة مع شعبكم ودولتكم ونؤكد وسبق وأن أكدنا بأننا لم نتدخل في شؤونكم الداخلية ولانسمح لغيرنا بالقيام بالتدخل أنطلاقاً من أقليم كوردستان وتقبلبوا فائق الشكر والأحترام).

**بەڕێز ئەحمەد تاهیر نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دوو پرسیارم هەیە بۆ وەزیری گواستنەوەو گەیاندن:

١ـ ئایا گەیاندنی هێڵی تەلەفۆنی نێوان شارەکانی (هەولێر، سلێمانی، دهۆک) گەیشتۆتە کوێ؟.

٢ـ پێش ماوەیەک لە پەرلەمان بڕیارێک دەرچوو کە دراوی (٢٥ دیناری مزەوەر) مامەڵەی پێ بکرێت، بەڵام ئێستا خەڵکی کە دەچنە بەڕێوەبەرایەتی پۆستەو گەیاندن، ئەم پارەیان لێ وەرناگرن و داوای پارەی ئەسڵی دەکەن، ئایا بۆچی ئەم بەڕێوەبەرایەتییە بڕیاری پەرلەمان جێبەجێ ناکات، سوپاس.

**بەڕێز حەمەسەید سەلیم میران:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

یەکێک لەو تەنگوچەڵەمانەی ڕووبەڕووی خەڵکی کوردستان بۆتەوە چارەسەرکردنی وزەی کارەبایە ئەم تەنگوچەڵەمەیەش بە ڕاکێشانی خەتێکی کارەبا بە (١٣٢٠kv.) لەدەربەندیخانەوە بۆ سلێمانی چارەسەر دەکرێت کە ئەمەش بەیارمەتی لایەنی دەرەوەو ناوخۆ دەگونجێت بکرێت . ئێستا توانای بەرهەم هێنانی وزەی کارەبا لە دەربەندیخان دوویەکەیان ئامادەیە بۆ ئیش کردن هەریەکەی( ٨٥KV)دەردەکات لە سێیەکە یەکێکیان ئامادە نییە ئەم دوو(٨٥KV) یەکە ئەکاتە(١٠٠KV) کارەبا ئەدات بە ناوچەکانی (کەلار، دەربەندیخان، پێباز، هەڵەبجەی تازە ، کفری)،خەتێکی دیکەیش ئەیدا بە (دووز، تازە خورماتوو، ناوچەی پیشەسازی لەکەرکوکدا، بەڵام ئەو توانایەی کە ئەو هەیەتی (١٧٠KV) زیاترە لەو کارەبایەی کە ئێستا هەندێ کارەبای هەیە ئەمێنێتەوە، ئەگەر ئەم خەتە ڕابکێشرێت لە دەربەندیخانەوە بۆ سلێمانی بە(١٣٢KV) ، ئەگەر نەبێت پێویستی بورجەکان یان تەلەکان نەبێت ناتوانن کە هەندێ خەت لەناوچەی کەلار هەیە ئێستا ئیش ناکات یا کارەبای پیا نانێردرێت بگوێزرێتەوە بۆ ئەو ناوچەیە بۆ ئەوەش پێویستی بەوە هەیە کە دەزگایەک دروست بکرێت لە وەزارەتی

پیشەسازی کە ئەمە ئیشی بێت و، هەندێ لەو فەرمانبەرانەی کە کاتی خۆی ئیشیان کردووە کە هەیئە پرۆژەکانی کارەبا شارەزاییان هەیە، لەو دەزگایەدا دابمەزرێن، ئەگەر بێتو ئەمە بکرێت و،ئەو کارەبایە بگاتە سلێمانی ئەتوانرێت ئەو کارەبایەی لە دوکان زیاد دەبێت بدرێت بەهەولێر و، تەنگوچەڵەمەی کارەبا چارەسەر دەکات، سوپاس.

**بەڕێز د. فایەق محەمەد گولپی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

تێبینییەکم هەیە لەسەر پرسیارەکانی بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان زۆربەیان وەکو راپۆرت و روونکردنەوەیەو، پرسیار نییە. خۆشم پرسیارەکەم ئەوەیە ئایا مانگرتنی شۆفیری پاسەکانی هەولێر چی بەسەرهات؟. ئایا کرێی پاسەکانی هەولێرو سلێمانی وەکو یەکە؟ ئەگەر هەبێ هۆی جیاوازییەکەی چییە؟ ئایا بڕیارێکی مەرکەزی هەیە بۆ جیاوازی کرێی پاسەکان لەکوردستاندا یان نا؟، سوپاس.

**بەڕێز ئیبراهیم سەعید محەمەد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

یەکەم پرسیارم ئاراستەی وەزیری گواستنەوە دەکەم . نزیکەی مانگێک دوای بەسەرچوونی وەزارەت بەڕێز وەزیر هاتە ئێرە ئەوکاتە کێشەیەک لە تەلەفۆناتی دهۆک هەبوو هەتا ئێستاش بەردەوامە لەکاتی خۆیدا وتی ئامێرێکی بچووک هەیە کە پێی ئەوترێت ( دسک موری) لە بەدالەی دهۆک پەکی کەوتووەو، هەوڵ دەدەین بەزووترین کات چارەسەری بکەین.

پرسیارەکەم ئەوەیە کە ئایا تا ئێستا چ هەنگاوێکیان هاوێشتووە بۆ هێنانی ئەو ئامێرە؟و، ئەگەر ئامێری یەدەگ لە هەولێر و سلێمانیدا هەیە، بۆ نایهێنن بۆ دهۆک؟ وەکو زانیارییمان بۆ هاتووە خەڵوزی بەردی لە ناوچەی شەرانش هەیە لە دهۆک، ئایا وەزارەتی پیشەسازی بۆچی تا ئێستا هەنگاوێکیان نەهاوێشتووە بۆ دەرهێنانی ئەم جۆرە کانزایە؟، سوپاس.

**بەڕێز حەسەن حەمید رەحیم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پرسیارەکەی من ئەوەیە کە هەفتەی پێشووش باسم کرد چی کراوە بۆ پاراستنی هەردوو بەنداوی، دوکان دەربەندیخان؟، سوپاس.

**بەڕێز ئازاد عەبدولقادر قەرەداغی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێستا هاتووچۆ لەژێر دەستی ئەهلیدایە، بەڵام بۆ شارەکان و قەزا و ناحیەکان و، ئەو دێهاتانەی کە ئاوەدانن، ئایا بەرنامەی وەزارەتی گواستنەوە چییە لەساڵی داهاتوودا؟، چونکە ئێستا بە نرخێکی زۆرگران خەڵک ئەگوازنەوە بەتایبەتی لەنێوان دێهاتەکاندا، سوپاس.

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لەسالانی (١٩٨٨) وەزارەتی (الصناعة والتصنيع العسكري)، خانووەکانی کارگەی ڕستن و چنین و جگەرەی هەولێریان بە مەزارکردنی ئاشکرا فرۆشت. ئەوەی ئاگادارین پێش ماوەیەک لە ئەنجومەنی وەزیراندا لیژنەیەک بۆ چارەسەرکردنی فرۆشتنی ئەو خانووانەو پاش دەستاو دەستکردنی ئەو خانووانە لیژنەیەک دروست بووە، جا پرسیارەکەم ئەوەیە ئایا کار و دەسەڵاتەکانی ئەو لیژنەیە چین؟، سوپاس.

**بەڕێز د. ئیدریس هادی سالح/ وەزیری گواستنەوە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

زۆر سوپاسی ئەو بەخێرهاتنەتان ئەکەم و ئەو پرسیارانەی ئاراستەی وەزارەتی گواستنەوە و گەیاندن و وەزارەتی پیشەسازی کراون یەک بە یەک ئەوەی کە زانیارییم دەربارەیان هەیە بەپێی ئەو زانیارانە وەڵامتان ئەدەینەوە هیوادارین وەڵامەکانمان جێگای ڕەزامەندی بێت.

یەکەم: دەربارەی پەیوەندیی تەلەفۆنات لە نێوان شارەکاندا ئەوەی کە ئەنجام دراوە شاری هەولێر ئێستا بەستراوە بەشاری سلێمانی بەتەلەفۆن ئەو ڕۆژانە لە کاتژمێر (٩)ی بەیانی تا(١) دوای نیوەڕۆ بەردەوام تەلەفۆن هەیە ئەوەش هۆی ئەوەیە کە سێ بنکە بە مولیدەی کارەبا ئیش دەکەن و، هەر ئەوەندە گازمان هەیە کە چوار سەعات ئیشی پێ بکەین، بەڵام پێش چەند ڕۆژێک کارەبا لە شاری کۆیە گەیاندراوە بە (هەیبەت سوڵتان) بۆ بنکەکە، هەروەها لە بازیانیشەوە ماوەی ئیش کردنی تەلەفۆن چەند سەعاتێک زیاد دەکات، لەوانەیە لە(٩) ی بەیانیەوە تا(٩)ی شەو، یاخود(١٠)ی شەو بخایەنێت، لەم نزیکانە ئەوەش ڕادەگەینرێت، هەروەها شاری کۆیە بە شاری هەولێرەوە بەستراوە بەتەلەفۆن هەروەها شاری سلێمانیش بەکۆیە بەستراوە و، پرۆژەی داهاتوومان بەستنی شاری هەولێرە بە ئاکرێ دوایش بەدهۆک، هەروەها بەستنی شاری سلێمانی بەدەورو بەری زۆرکەمی ماوە شاری هەڵەبجەی شەهید بە شاری سلێمانی ببەستنین بەدالەیەکی (١٠٠) خەتیمان بۆ ناو شارەکە داناوە، هەروەها لیژنەیەکمان دروست کردووە بۆ بەستنی شاری دەربەندیخان کە پارێزگای کەرکوکی لێیە بە شاری سلێمانی ئەویش بەم زووانە دەست پێ دەکرێت، هەروەها گەیاندنی دەوربەری شاری هەولێر ئێستاکە پرۆژەکە لە بەردەستدایە. بێگومان جێبەجێ کردنی ئەم پرۆژانەش پێویستیان بە دەرامەتێکی باش هەیە.

دووەم: سەبارەت وەرگرتنی پارەی ئەسڵی لە فەرمانگەی تەلەفۆنات، وابزانم هەتا ئێستا ئێمە هەر پارەی عادییمان وەرنەگرتووە لەوانەیە هەفتەیەک دەبێت پارەی ئەسڵیمان وەرگرتووە بۆ ئەمەش وەزارەتی دارایی لێرەیە بۆ ئەوەی وەڵامتان بداتەوە، چونکە وابزانم هەموو دامودەزگاکان

و، له دەروەش بەپارەی ئەسڵی مامەڵە دەکەن.

سێیەم: دەربارەی پرسیارەکەی بەڕێز حەمید میران بۆ چارەسەرکردنی وزەی کارەبا خۆتان ئەزانن من ماوەی (١٠) ڕۆژە وەزارەتم وەرگرتووە. لە(٢٢)ی مانگ لیژنەیەکی هاوبەش پێک هات لە ڕێکخراوێکی تایبەت بەتەوژمە بەرزەکان لەناوچەی گەرمیان لەگەڵ بەڕێوەبەری کارەبای دەربەندیخان و بەڕێوەبەری کارەبای سلێمانی بۆ دیراسەت کردنی چۆنیەتی گەیاندنی کارەبای دەربەندیخان بەشاری سلێمانی و، بڕێک پارەی بۆ تەرخان کراوە. ئێستا دوو تۆڕبین لەوێدا ئیش دەکات یەکێکیان وەکو بەو شێوەیەی کە باسکرا دابەشی ئەکات ئەوەکەی تریان سوودی لێ وەرناگیرێ. لەناوچەی گەرمیان تاوەرێکی زۆرمان هەیە و، ژمارەیەکی زۆر ستوون بەجێماوە ئەو ستوونانە هەموویان کۆیان بکەینەوە هەر بەش ناکات، چونکە نێوان دەربەندیخان و سلێمانی (٧٠) کیلۆمەترەو، هەر (٣٠٠) مەتر تاوەرێکی دەوێت بۆ پاڵەپەستۆی بەرز، هەروەها تەلی دەوێ و عوارزیشی دەوێت پاش ئەوەی کە جەردی ئەو شتانەمان کرد کە لە ژێر دەستدایە بڕیارمان دا بە توانای خۆمان کارەباکە بگەیەنین بەسلێمانی جگە لەوە لە خەرجییەکەی نزیکەی (٤٠ــ٥٠)کم کێبڵمان دەوێت بۆ ئەوەی کارەباکە لەوێ بهێنینە دەرەوە، چونکە بەتاوەر نایەت. ئەمەو دیراسەکە دەست پێ کراوە هەروەها پەیوەندیمان بەچەند کۆمپانییایەکی دەرەوە کردووە کە ئەوانیش، ئەگەر بتوانن لیستی پێویستمان داوە پێیان کەموکوورییەکانمان بۆ دابین بکەن. ئێستا کارەبارەی هەولێرمان باش کردووە ئەویش لەسەر ئاوی دوکان دەوەستێ، ئەگەر ئاستی ئاوەکە لە (٦٠) مەتر کەمتر بێت ناتوانین ئەو تۆڕبینانە بەکار بهێنین ئەوەی ئێستا (١,٥ )مەتر زیادی کردووە پێشان بەرنامەیەکی تایبەتیمان دانابوو بۆ دابەش کردن لە دوێنێوە ئەو بەرنامەیەمان زیاد کردووە ئەوەی ئێستاکە بۆ هەولێر دێت نزیکەی(١٥٠)میگا واتە ئەو(١٥٠)بەشی نیوەی هەولێر دەکات ئێستاش هەولێرمان دابەشی دوو کردووە بەپێی پێداویستی دەزگاکانی حکومەت و ماڵەکان ئەو شتەکراوە ماوەیەکی تریش دیراسەیەکی تری ئاوەکە ئەکەین و، ڕۆژانە ئێمە چاودێری ئەوە دەکەین کە ئاوەکە چەند کەم و زیاد ئەکات و، ئەگەر بێتن بە بەردەوامی کارەبا بدەین لەوانەیە ماوەی مانگێک، یا (٤٠) ڕۆژ هەر کارەبامان نەمێنێت.

چوارەم: پرسیارەکەی بەڕێز د.فایەق ئەنجامی مانگرتنی شوفێرەکان ئەوکاتە من وەزیری ناوخۆ بووم بەوەکالەت کۆبوونەوەیەکمان لەگەڵ بەڕێوەبەری هاتووچۆی شاری هەولێر و بەڕێوەبەری پۆلیسی گشتی کرد هەروەها پەیوەندیمان بە پارێزگاوە کرد کە چۆن ئەم شتە چارەسەر بکەین؟ چەند کەسێک هەبوو سایەقەکانیان هانیان ئەدا کە مانبگرن، چونکە بەراستی ئەوە هیچ موبەڕڕێکی نەبوو ئەوە ئەو نرخەی دانرابوو بۆیان قازانجەکەی لە(١٠٠) دینار زیاتر بوو ئەوە

بریارێکی واماندا کە هانیان بدەین ئیش بکەن چەند هێلێکی کۆمپانیای سەفینمان هێنا خستمانە ناو خەتەکانی تر کە عجزی دروست کرد بوو، هەروەها ئەوەی کە سەرپێچی کرد و ئیش نەکات وتمان کە لەخەتەکە دووری بخەینەوە، یاخود ئۆتۆمبیلەکەی دەسەتی بەسەردا بگیرێت. ئەوە بوو بۆ دووەمین ڕۆژ کەوتنەکار بەرێکو پێکی کاردەکەن. بێگومان بۆ گواستنەوەوگەیاندن بەرنامەیەکی تایبەتیمان هەیە، بەکۆمپیوتەر حساب کراوە کە ڕۆژانە نرخی گاز زیاد بکات یاکەم بکات خەرجییەکانی پاسەکەش حساب کراوە چەند دەبێت لە مانگێکدا یالەساڵێکدا تائێستا ڕادەی بەرزی نەگەیشتۆتە (٣٥٠ ـ ٤٠٠) فلس، کە ئەوان (٥٠٠) فلس وەردەگرن بەهەموو حسابێک بۆیان دەردێنێت ئەگەر گاز بە هەر چەندێک بێت، ئەنجا ئەمەش دانەیەکیان داوە بەشاری سلێمانی بۆ ئەوەی ئەوان جێبەجێی بکەن، جائەگەر جیاوازییەک هەبێت لە نێوان شاری سلێمانی شاری هەولێر لەنرخەکەدا دیارە لەوێ ڕەچاوی ئەو شتەیان نەکردووە ئەگینا ئەوانیش دەتوانن نرخی بەرمیلێک گاز چەندە نرخەکەی دیاری بکەن.

پێنجەم: پرسیارەکەی بەڕێز ئیبراهیم دەربارەی گرفتی تەلەفۆناتی دهۆک ئەو دوو پارچەی سەرەکیی کەمەو، بەدالەی دهۆک بەدالەیەکی ئەلیکترۆنیە، بەڵام بەدالەی هەولێر و سلێمانی جۆری (کرۆسبار)ە ئەوەی دهۆک بەدالەیەکی زۆر تازەیە نە لە هەولێر و نە لەسلێمانی هەیەو هیچ پارچەیەکیشمان لە کوردستاندا نییە خۆی بەدالەکە هی کۆمپانیایەکی فەرەنسیە لەوێ کەچەند کەسێک هاتبوون بۆ کوردستان پێویستییەکانمان دانێ و، بەڵێنیشیان داینێ کە بتوانن بیگەیننە کوردستان، بەڵام بەداخەوە هەتا ئێستاکە چەند کەسمان ناردووە نەهاتووە ئێستا چاوەڕوانی ئەوە ئەکەین هەرکە پارچەکانیمان بۆبێ چاکی ئەکەینەوە ئێستا بەدالەیەکی (ڕیفیمان) بۆ داناون کە (١٠٠٠) هێڵە، بەڵام بەدالە سەرەکییەکەی خۆیان بریتی یە لە (١٠٠٠٠) هێڵ ئومێدەوارم بتوانن چارەسەرێکی بۆ بکەین.

بەشی دووەمی ئەو پرسیارەکەی کە دەربارەی خەڵوزی بەردە، خۆی من ئاگادارم بەڕێز وەزیری پیشەسازی هەولێکی زۆری بۆ داوە کە ئەم خەڵوزە دەربکەن و، بێگومان ئەم خەڵووزە سوودی دەبێت. هەروەها پێشنیاری ئەوەمان کردووە کە وێستگەیەکی کارەبا کە بەبوخاری ئیش بکات ئەتوانین لەو خەڵوزە بەردە وەکو وزە بەکاری بهێنین لە جیاتی نەووت بۆ وەدەست هێنانی کارەبا. دەربارەی بوونی بەردی (باراک) بێگومان جیۆلۆجییەکان لەو شتانە باش دەزانن کە بۆ پیشەسازی نەوتی بەکاری دێنن. ئەو ڕۆژە لەکۆنفراسی ئاوادان کردنەوەی کوردستان دیراسەیەکی بۆ پێشکەش کرا ئەو شتەش بێگومان ڕەچاو دەکرێت لیژنەیەکی تایبەتی بۆ دادەنرێت.

شەشەم: دەربارەی پرسیارەکەی بەڕێز حەسەن حەمید بۆ پاراستنی بەنداوی دوکان و دەربەندیخان داواکراوە لە وەزارەتی ناوخۆ کە گرنگیەکی تایبەتی پێ بدرێت بە ئەم دوو بەنداوە، جا نازانم چی کردووە؟.

حەوتەم: پرسیارەکەی بەڕێز ئازاد قەرەداغی دەربارەی بەرنامەی وەزارەت بۆ هاتووچۆی نێوان گوندەکان. بۆ ساڵی داهاتوو بەرنامەی ئێمە ئەوەیە کە بتوانین گازوایل خۆمان دابینیان بکەین بە نرخێکی کەم بیدەینە ئەو پاسانە بۆ ئەوەی ئەوان نەتوانن لەخۆیانەوە نرخی پاسەکان زیاد بکەن، چونکە حکومەتی هەرێمی کوردستان خۆمان ناتوانین پاس بکڕین.

هەشتەم: دەربارەی پرسیارەکەی بەڕێز ئەیاد حاجی نامق کە لە ساڵی (١٩٨٨) خانووەکانی کارگە فرۆشراون. بێگومان ئەوە پەیوەندیی بەسەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیرانەوە هەیە من لێرە ناتوانم وەڵامی ئەو شتەتان بدەمەوە کەچۆن فرۆشراون، سوپاس.

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

بەڕێز وەزیری گواستنەوەو گەیاندن باسی ئەوەی کرد کە ئاگای لەو لیژنەیە نییە، ئەگەر ماوەم بدەن حەزدەکەم بە کورتی لەسەر ئەو کێشەیەکە قسە بکەم کە لەسەر چ ئەساسێک دروست بووە؟، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجوومەن:**

لە جیاتی ئەو باسکردنە بیکە بەراپۆرتێک، ئێمەش ئاراستەی وزیری پیشەسازی دەکەین، چونکە وەزیری پیشەسازی ئەڵێ ئاگام لێ نییە، جابۆ ئەوەی بتوانن سودێکی باشی بێ.

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

لەساڵی (١٩٨٨)دا بڕیارێکی (مجلس قیادەی ثورەی عراقی) دەرچوو دەربارەی ئیستسناکردنی فرۆشتنی ئەو خانووانەی لە (یاسای فرۆشتن و بەکرێ دانی خانووبەرەی دەوڵەت) ئەویش لە حکومەکانی کۆتایی مادە (٣٥)ی برگە (١) هاتووە (لرئیس الجمهوریة ان یقرر عند الضرورة بیع أموال منقولة و غیر المنقولة أستثناءاً من أجراءات المنصوص علیها في هذا القانون).

ئەوەی دیارە هەرکەسێک بەپێی ئەو یاسایە کە مەرجەکانی تێدا بێت دەتوانێت بچێتە ناو ئەو زیاد کردنە، وەزارەتی (صناعەو تصنیع عەسکەری) کاتی خۆی کرینی ئەو خانووانەی پەیوەست کردووە لەسەر ئەو کرێکارو ئەو موچەخۆرانەی کە لەناو ئەو خانووانە دان، یاخود لەناو ئەو دوو دەزگایەدا (کارگەی مافوورو کارگەی رستن و چنین) کار دەکەن. ئێستاکە ئەو گرفتانەی کەدروست بووە کاتی خۆی ئەو کەسانەی کەئەو خانووانەیان کڕیوە هەندێکیان هەن زەویان هەبووە، بەڵام ئەو ڕێنماییانەی کە لەوەزارەتی ئێمەدا دەرچووە باسی زەوی ناکات. جا ئێستا لەئەنجوومەنی وەزیراندا ئەو لیژنەیەی کە دروست بووە خۆی لەو کێشەیە ئەکۆڵێتەوە، بەرای من

ئەو خاڵە ببێتە بەڵگەیەک تاکو ملکییەت لەو کەسانە بسەنرێتەوە، ئەوەی ئاشکراشە ئەو ملکیاتانە چەند دەستێکی کردووە کاتی خۆی بەپێی ئەو ڕێنماییانە وەزارەت ئەو ڕێنماییانەی داناوە لەسەر ئەو بنەمایە ئەو خانووانەیان دراوەتێ، سوپاس.

**بەڕێز حەسەن عەبدولکەریم بەرزنجی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

بێگومان وەڵامەکانی بەڕێز وەزیر زۆر تەواو بوون، بەڵام ئەوەی کە ئێمە داوای دەکەین و، میللەتی ئێمە ئێستا داوای دەکات کارەبا بەیەکسانی دابەش بکرێت و، نابێ ئەندامی پەرلەمان، یا وەزیر کارەبا زیاتر وەرگرن لە کابرایەکی هەژارو کرێکار، هەروەها لە گەڕەکەکانیش کارەبا بەیەکسانی دابەش بکرێت، سوپاس.

**بەڕێز شێروان ناسح عەبدوڵلا حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئەوەی ئاشکرایە محەویلەکانی شاری هەولێر زۆربەی زۆری سووتاوە و، گەڕەکەکانی شاری هەولێر زۆربەی زۆریان بێ کارەبان. ئایا وەزارەت چ بەرنامەیەکی داناوە بۆ چارەسەرکردنی ئەم کێشەیە؟، سوپاس.

**بەڕێز مزهەر عەلی مستەفا کاکی هیرانی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

من یەک پرسیارم هەیە دەربارەی نرخی تەلەفۆن ئێستا لە بازاڕدا بووە بە(١٦٠٠٠) دینار. زۆر خەڵک هەیە چەند هێڵێکیان هەیە بەئارەزووی خۆیان بازرگانی پێوە دەکەن. پێشنیار دەکەم چارەیەک بۆ ئەو مەسەلەیە دابنرێ، سوپاس.

**بەڕێز د. عیزەدین مستەفا رەسول:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

من چەند تێبینی و پێشنیارم هەیە:

١ـ جاری پێشوو بەڕێز وەزیری گواستنەوە باسی پۆستەی کرد کە لە نێوان شارەکانی کوردستاندا دروست بۆتەوە، بەڵام دەبێ پرۆژەیەک هەبێت بۆ گەیاندنی پۆستە لە نێوان کوردستان و دەرەوەی کوردستاندا نازانم هیچ هەوڵێک بۆ ئەوە دراوە؟.

٢ـ ئێمە پێمان خۆشە کەپولی خۆمان هەبێت لە کوردستاندا.

٣ـ دەربارەی دابەش کردنی کارەباوە بەراستی دەبێ بە یەکسانی کارەبا بدرێتە هەموو توێژو چینەکان، بەڵام جاری وا هەیە لەوانەیە بەپێی پێویستی شارەکە دەست نیشان بکرێ.

٤ـ دواشت باسی خەڵوزی بەردین کرا من لە خەڵکم بیستووە کە لە ناوچەی سیدەکان هەندێ

جار هاوولاتی ئەچن بەردی خەڵوزین ئەهێننەوە ئایا ئاگاداری ئەوەن؟ ئەوە تەماشاکراوە یان نا؟، بچن بێنن بزانن چەند سوودی دەبێت؟، سوپاس.

**بەڕێز حەسەن حەمید ڕەحیم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من یەک پرسیارم هەیە دەربارەی ئەو ئاوی بیتوێن و دەشتی شارەزوور ئەمساڵیش وەکو پاری لێ دێ، چونکە هەرچی پشدەر بوو ئەرژانە دوکانەوەو ئاو بەردەدەنەوە. جاحەقە چارەیەک بۆ ئەوە بدۆزنەوەو، بۆ تەلەفۆنی کفریش نازانم چیان کردووە؟، سوپاس.

**بەڕێز مەلا محەمەد ئەمین عەبدولحەکیم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێستا کابینەکان ئەتەقنەوە هۆیەکەشی ئەگەڕێتەوە بۆ چەتاڵ کردنی کارەبا لەلایەن خەڵکەوە پێویستە ئەوانەی گیانی نیشتمانپەروەرییان نییە حەدێکیان بۆ دابنێن و، ئایا چ ئیجرائاتێک کراوە بۆ ئەوەی چاودێری ئەو سەرپێچییانە بکرێت؟، سوپاس.

**بەڕێز د.ئیدریس هادی سالح/وەزیری گواستنەوەو:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێستا یەکە یەکە وەڵامی پرسیارەکان دەدەمەوە:

١ـ سەبارەت بە کارەبا کەدەبێت بە یەکسانی دابەش بکرێت. ئێمە خشتەیەکمان داناوە خۆم چاودێری ئەودابەشکردنە دەکەم و، هەموو گەڕەکەکانی تێدایە، ئێستا هەتا خانووەکانی وەزیران دەتوانن تەماشا بکەن کە یەک کاتژمێر زیاتریان نادرێتێ لەگەڵ گەڕەکەکانی تر، بەڵام هەندێ ڕۆژ پچڕان لە هێڵەکان ڕوودەدات، یاخود محاویلە تەقێتەوە، لەبەر ئەوە هەندێ شوێن کارەبایان نابێت.

٢ـ دەربارەی نرخی تەلەفۆن کەبووە بە(١٦٠٠٠) دینار. تەلەفۆن بۆ کڕین و فرۆشتن نییە وەزارەت نەتەلەفۆن دەکڕێ و نەئەشیفرۆشێ، هەتا بەناو کردنی تەلەفۆن ئێستا قەدەخەکراوە تەنها لەبەینی خزمی پلە یەک و دوو نەبێت، هەروەها لەکاتی کڕین و فرۆشتنی خانوو تەلەفۆن بەناو دەکرێت.

٣ـ دەربارەی ئەوەی کە جاری پێشوو باسی پۆستەمان کرد. پۆستەی کوردستان لەناو شارەکانی کوردستان ئێستا لەکاردایە، بەڵام سەبارەت بە پۆستەی دەرەوە ئێمە هەنگاومان بۆ ئەوە نا لە سەفەری دوایم لە (ئیبراهیم خلیل) ئێمە نووسنگەیەکی پۆستەمان کردەوە فەرمانبەرمان بۆ دانا ئەوەبوولەگەڵ چەند لایەنێکی تورکی ڕێککەوتین کە پۆستەمان بۆ بێنن و لەوێ دابنێن، بەڵام بەداخەوە ئەو کەسە کەپێش چەند ڕۆژ لێرەبوو کەپەیوەندییمان پێ کرد وتی ئەو وەفدەی

پەرلەمان کە بەئەنقەرەدا تێپەڕین وتوویانە ئێوە چۆن شتی وا دەکەن ئەوە نابێ؟. منیش زۆر سەیرم پێ هات، چونکە کاتی خۆی لێرە باسم کردبوو کەس تێبینی لەسەر نەبوو، هەروەها لە ئەنجوومەنی وەزیراندا باسم کرد. ئێستا چاوەڕوانی ئەوان ئەکەین کە بزانین لەبەرچی رازی نەبوون کە ئەو سەندوقی پۆستانە بەکار بهێنین.

٤ـ سەبارەت کاتەکانی دابەش کردنی کارەبای ئێمە هەولێرمان کردووە بە دووبەش یەکەمیان لە(٥)ی ئێوارە تا(٨,٥) بەشەکەی تر لە(٨,٥) تا (١٢)ی شەو جا هەر رۆژە بە پێچەوانەی رۆژەکەی ترەوە دەبێت.

٥ـ دەربارەی خەڵوزی بەردیش ئێمە چاودێری دەکەین. سەبارەت ئاوی بتوێن و شارەزوور ئێمەش پێمان وتوون و، بەنداوی دوکان کە هەیە بەڕاستی زۆر گرنگە کە پێداویستی کارەبامان بۆ دابین بکەن. جائێمە دەبێت بەگوێرەی ئەو پێداویستە ئاوەکە بەر بدەینەوە فشاریش لە کەس قبوڵ ناکەین بڵێن زۆری بەربدەنەوە یاکەم، چونکە هەموو کوردستان دوایی بێ کارەبا دەمێنێتەوە.

٦ـ دەربارەی چەتاڵ کردنی کارەبا ئێمەش ئیجراتێکی وامان کردووە و، لەپێرێ وە دەستمان پێ کردووە مەفرەزەیەکی هاوبەش لە بەڕێوەبەرایەتی کارەباو ئاسایش و پۆلیسی هەولێرمان داناوە بۆ ئەوەی ئەو کەسانە دەستگیر بکەن کە سەرپێچی دەکەن، بۆ ئەوەی بدرێنە دادگا و، سزا بدرێن.

سەبارەت بە ئاوی بیرەکان ئێمە بەرنامەیەکمان هەیە کە کاتێک کارەبا بدەینەوە بیرەکان کەماڵەکان کارەبایان هەیە، بۆ ئەوەی گرفتی بێ ئاویش چارەسەر ببێ، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجوومەن:**

زۆر سوپاسی بەڕێز وەزیری گواستنەوەو گەیاندن دەکەین بۆ هاتنی و، وەڵامەکانی بەراستی زۆر شتی بۆ روون کردینەوە. ئێستاش دکتۆر ئیدریس خۆی داخوازییەکی هەبووکە هەندێک لەسەر مافی مرۆڤ وەکو ئەندامێکی لیژنەی مافی مرۆڤ قسە بکات.

**بەڕێز د. ئیدریس هادی سالح/ وەزیری گواستنەوە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

وەکو ئاشکرایە هەر لە سەرەتای دامەزراندنی ئەنجوومەنی نیشتمانییەوە بڕیار درا کە لیژنەیەکی تایبەت هەبێت بەمافی مرۆڤ، بەڵام بەداخەوە ئەو لیژنە رەزامەندی لەسەر نەکرا، بەڵام ئێستا سەبارەت بە مافی مرۆڤەوە لیژنەیەکی تایبەتیمان هەیە.

لە سلێمانی و هەولێر ودهۆک پێشێلکردنی مافی مرۆڤ هەیە بەتایبەتی لە دەزگاکانی وەزارەتی ناوخۆ جا داواکارین لە ئەنجوومەنی نیشتمانیی و، ئەنجوومەنی وەزیران کە ئەو راپۆرتانەی

لەلایەن ئەو ڕێکخراوە دێن دەربارەی پێشێلکردنی مافی مرۆڤ ڕەچاو بکەن و، گرنگییەکی تایبەتی پێ بدەن، چونکە ئێمە چەند جار بابەتی جۆراو جۆرمان ناردووە، بەڵام وەڵاممان بۆ نەهاتۆتەوە.

ئومێدەوارم پەرلەمان لە داهاتوودا لیژنەیەکی ئاوای هەبێت بۆ ئەوەی ئەندامان خۆیان چاودێری مافی مرۆڤ بکەن، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەن:**

لەکاتی خۆیدا لە دانانی لیژنەکان باسی دانانی لیژنەی مافی مرۆڤ کرا، بەڵام وادیار بوو ڕەزامەندی لەسەر نەکرا. ئێستاش ئەو خولە تەواو ئەبێت ناتوانرێت ئێستا بخرێتە بەردەمی پەرلەمان.

**بەڕێز عەدنان محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە لە لیژنەی یاسا بەیانی کاتژمێر (٩) کۆبوونەوەمان هەیە، جا ئەگەر تا کاتژمێر (٩٫٥) دواکەوتین گلییەتان نەبێت، سوپاس.

**بەڕێز یحیا عەبدولکەریم بەرزنجی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ویستم تەئکید بکەم لە خاڵی دووەمی بەرنامەی کاری ئەمڕۆ دەربارەی پێش چاوخستنی کەلوپەلی خۆراک، ئایا هەر هەمان لیژنە ئەم ڕاپۆرتەی ئامادە کردووە کە ڕاپۆرتی پێشووی ئامادە کردبوو، یان لیژنەیەکی ترە؟، سوپاس.

**بەڕێز حەسەن عەبدولکەریم بەرزنجی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

کەلوپەلی خۆراک لە عێراق (١٠٪) وەردەگیرێ و لە(un) یش بۆمان دێت ئەو کەلوپەلانە چۆن دابەش دەکرێن؟، سوپاس.

**بەڕێز د. ئیدریس هادی ساڵح/وەزیری گواستنەوە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەگەر بیانەوێت دەربارەی سووتەمەنی من هەندێک ڕوونکردنەوە دەکەم، سوپاس.

**بەڕێز یەحیا عەبدولکەریم بەرزنجی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دەربارەی سووتەمەنی و، دابەش کردنی لە شاری هەولێردا، هەندێ ڕوونکردنەوەم هەیە.

لەشاری هەولێردا (٢٤٧٧٨) وەکیلمان هەیە تا ئێستا (٦٧٠) وەکیل سووتەمەنیان دابەش

کردووه شێوەی دابەش کردنەکەی زۆر لەسەر خۆیە، ئەگەر بەو شێوەیە بڕوات ئەو سرەیە ناگاتە کۆتایی. بۆ زانینشتان بڕی ئەو سووتەمەنییەی دابەش دەکرێت (١٠٠) لیترە، لەبەر ئەوە من پێشنیار دەکەم:

١ـ ئەو (١٠٠) لیترە زیاد بکرێت بۆ (٢٠٠) لیترو، پەلەش بکرێت لە دابەش کردنەکە.

٢ـ دوو ئەندامی پەرلەمان بچن دوو، سێ ڕۆژ سەرپەرشتی ئەو دابەشکردنە بکەن بۆ ئەوەی بزانن کەموکورییەکانی ئەو دابەشکردنە چییە؟، ڕاپۆرتێک لەم بارەیەوە پێشکەش پەرلەمانی بکەن.

٣ـ ناوچەکانی ترمان وەکو (هەڵەبجەو چەمچەماڵ و کەلارو دەوروبەری سلێمانی) هەتاکو ئێستا هیچ نەوتیان بەسەردا دابەش نەکراوە بەراستی بۆتە هۆی ئەوەی ئەوانیش بێنە سەر جادەکان بگرن و نارەزایی دەرببڕن و، من داوا ئەکەم لەو ناوچانەش سووتەمەنی دابەش بکرێت، سوپاس.

**بەڕێز د. ئیدریس هادی سالح/وەزیری گواستنەوە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

دەربارەی سووتەمەنی من خۆم دوێنێ چووم سەردانێکی (موستەودەعم) کرد بۆ ئەوەی بزانم چۆن دابەش دەکرێت. دابەش کردنی سووتەمەنی دەوەستێتە سەر ئەو بڕەی بۆ هەولێر دێت دەزانن. تا ئێستا دوو عەقد کراوە یەکێکیان (١٠)ملیۆن لیترەو، ئەوی تریان (٨) ملیۆن لیترە بۆ شاری سلێمانی و هەولێر و دهۆک.

هەموو ڕۆژێ نزیکەی (٣٢) وەکیل سووتەمەنی بەسەردا دابەش دەکەن ئەو بڕانەی کە دەگەنە شاری هەولێر ڕۆژی وا هەیە (٢٠٠٠٠٠) هەزار لیترە، هەندێ ڕۆژ هەیە (٣٠٠٠٠٠) لیترە، بەڵام تا ئێستاکە (٤٠٠) لیتر زیاتر نەگەیشتووە ئەو بڕەش هەمیشە دابەش دەکرێت. ناتوانین ژمارەی وەکیلەکان (٣٠) وەکیل بکەین بە (٥٠) وەکیل، چونکە بڕەکە کەمەو بەش ناکات.

لە رووی تەکنیکیەوە هیچ گرفتێکمان نییە، چونکە پێشان دوو پەمپ هەبوو کە دابەشی دەکرد، بەڵام ئێستا کردوویانە بە چوار پەمپ، واتا چوار سەیارە ئەتوانێت وەربگرێت لە دوێنێ شەوەوە (١٠) سەیارەیان زیاتر ناردۆتە لای دهۆک بۆ ئەوەی سوتەمەنی لەو شوێنە بێن و، دابەشی بکەن، بەڵام ئەگەر بێت و ئەو بڕەی کە دەگاتە ناوشاری هەولێر زیاد بکرێت دەتوانن لە(٣٠) وەکیلەوە بیکەن بە (٥٠ ـ ٨٠) وەکیل.

سەبارەت بە قوتابی و قوتابخانەکان تا ئێستا (٦٠٠٠) قوتابی لە زانکۆ سووتەمەنیان بەسەر دابەش کراوە. قوتابخانەکانیش نزیکەی (٥٥٠٠٠) هەزار لیتر دابەش کراوە بەسەریاندا، هەروەها بۆ خەستەخانەکان زیاتر لە(٤٠٠٠٠) هەزار لیتر دابەش کراوە.

ئەم دابەش کـردنەش هەردوو رێکخـراوی (یونیـسـێف)، ( کـیـرو)خـۆیـان سـەرپەرشـتی دابەشکردنەکە دەکەن، پارێزگا تەنها یارمەتییان دەدات، سوپاس.

**بەڕێز یەحـیـا عـەبدولکەریم بەرزنجی:**

**بەڕێز سـەرۆکی ئەنجـوومـەن.**

پێـشنیـار دەکـەم لە ژمـارە (١٠٠٠) بەرەو ژوورەوە دابەش بکرێت و، هەروەها بڕەکـەش زیاد بکرێت بۆ (٢٠٠) لیـتر بۆ ئەوەی کە لەوسەر ئەسوڕێتەوە دەست پێ ئەکاتەوە هەرنیو بەرمیلەکە وەربگرێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز د. ئیدریس هادی سالح/وەزیری گواستنەوە:**

**بەڕێز سـەرۆکی ئەنجـوومـەن.**

من وتم بڕەکە ئەوەندە نییە ئەوەندەی دێت ئێمە دابەشی دەکەین، جگە لەوەش ئێـستا (١٠) سەیارەمـان ناردۆتە لای دهۆک بۆ ئەوەی نەوت دابەش بکەنە سـەرچۆمـان و مـێرگەسورو دۆڵی ئاکۆیان و بالیـسـان هەتا ئێـسـتا، دوێنێ پێـشنیـاری ئەوەمـان کـرد کـەپەیوەندیی بکرێت بەو تانکەرانەی کە تراکتۆریان هەیە، چونکە سەیارە نەمـاوە بۆ ئەوەی لەناو شاری هەولێردا دابەش بکەین، جا لەبەرئەوە ناتوانین زیادی بکەین، سوپاس.

**بەڕێز حـەسـەن عـەبدولکەریم بەرزنجی:**

**بەڕێز سـەرۆکی ئەنجـوومـەن.**

تێبینییەکەی من لەسەر کۆبوونەوەی بەیانییە، پێشنیـار دەکەین کە کاتژمێر(١٠)دانیشین بۆ ئەوەی هەمووومان بەشدار ببین، سوپاس.

**بەڕێز جـێگری سـەرۆکی ئەنجـوومـەن:**

باشە با کاتژمێر (١٠)بێت ،زۆر سوپاس.

بەم شێوەیە دانیشتنی ئەمڕۆمان بە کۆتا هات سوپاس بۆ هەموولایەک.

**فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵڵا**
**سکرتێری ئەنجوومەن**

**نەژاد ئەحمەد عەزیز ئاغا**
**جێگری سەرۆکی ئەنجوومەن**

**جوهر نامق سالم**
**سەرۆکی ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق**

# پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژمارە(٧٣)

## چوار شەممە رێكەوتی ١٩٩٢/١٢/٣٠

# پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژماره (٧٣)

## چوارشەممە ڕێکەوتی ١٩٩٢/١٢/٣٠

***کاتژمێر(١٠)ی سەر لەبەیانی ڕۆژی چوارشەممە ڕێکەوتی ١٩٩٢/١٢/٣٠، ئەنجوومەنی نیشتمانی کوردستان بەسەرۆکایەتی جێگری سەرۆک بەڕێز نەژاد ئەحمەد عەزیز ئاغا و، بە ئامادە بوونی بەڕێز فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵلا سکرتێری ئەنجوومەن، دانیشتنی ژمارە (٧٣)ی خولی یەکەمی ئاسایی ساڵی یەکەمی خۆی بەست. سەرەتا ڕادەی یاسایی دانیشتنەکە لەلایەن دەستەی سەرۆکایەتیەوە چەسپێنرا و، ئەوجا بەڕێز جێگری سەرۆک بەناوی خوای بەخشندە و میهرەبان دانیشتنەکەی بەناوی گەلی کوردستانەوە دەست پێکرد.***

***بەرنامەی کار:-***

***١- پێش چاو خستنی پرۆژەی یاسایی گەڕاندنەوەی ماڵومولکی ئەو کەسانەی کە بە هۆی بزووتنەوەی ڕزگاری خوازی کوردستانەوە دەستیان بە سەردا گیراوە.***

***٢- ئامادە بوونی بەڕێز وەزیری ڕۆشنبیری بۆ وەڵامدانەوی تێبینی وپرسیاری ئەندامە بەڕێزەکان.***

***٣- ئامادە بوونی بەڕێز وەزیری تەندروستی وکاروباری کۆمەلایەتی بۆ وەڵامدانەوەی تێبینی وپرسیاری ئەندامە بەڕێزەکان.***

***٤- تازە بابەت.***

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجوومەن:**

پێشەکی بەخێر هاتنی بەڕێز کەمال شاکر وەزیری تەندروستی وکاروباری کۆمەلایەتی دەکەین، هیوادارین کە گوێمان لە ڕاپۆرتەکەی بێت وئەندامانی بەڕێزیش گفتوگۆی بکەن، کاتی خۆی لیژنەی پەیوەندییەکان کۆبوونەوەکەیان کردبوو سەبارەت بە کۆبوونەوە سێ قۆڵیەکەی(تورکیا و، سوریا و، ئێران) کە لە ئەنقەرە بەسترا، پێشنیارێکیش هەبوو کە نامەیەک بە ناوی پەرلەمانی کوردستان ئاراستەی پەرلەماناتی ئەو سێ دەوڵەتانە بکرێت و، ئەگەر حەزتان لێیەتی ئەوە نامەکەتان بۆ دەخوێنینەوە.

هەروەها لیژنەی یاسا بڕیارێکی ئامادەی کردووە دەربارەی حوکمەکانی دادگای پیاداچوونەوە، با لیژنەی یاسا بفەرموون بڕیارەکە بخوێننەوە.

**بەڕێز حەسەن عەبدولکەریم بەرزنجی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

کۆنە بابەتێکی دووجاریمان هەیە، هی ئەو خواردەمەنیانەی کە دێت بۆ کوردستان چ لە ڕێگای

«un»وە چ لە ڕێگای ڕێکخراوەکانی ترەوە بێت، چ لە حکومەتی عێراقیەوە بێت، حەزمان دەکرد بزانین میقداری چەندە و بە چ شێوەیەک دابەش دەکرێت وبۆ تا ئێستا زۆربەی دابەش نەکراوە؟ چونکە خەڵکی زۆر لەو بارەیەوە دەپرسن، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەن:**

باشە داوا لە ئەنجوومەنی وەزیران دەکەین، بۆ ئەوەی ئەوان چ زانیارییەکیان هەیە لەو بارەیەوە بۆمانی ڕەوانە بکەن.

**بەڕێز حەسەن عەبدولکەریم بەرزنجی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

جێی خۆیەتی کە داوا لە ئەنجوومەنی وەزیران بکرێت کە زانیاریمان بۆ ڕەوانە بکەن، پێموایە پارێزگاری هەولێریش ئاگای لەو شتانە نەبێت، بەتایبەتی کە ئەو ئازووقە گەیشتە هەولێر خەڵکەکە دەپرسن ئەو هەموو خواردنە هاتووە ئەی بۆ دابەش ناکرێت و چی لێهات؟، سوپاس

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجوومەن:**

بۆ ئەم جۆرە شتانە حکومەت هەوڵی دەدات کە زۆر بەرێکوپێکی و زۆر بەیەکسانی دابەش بکرێت بەسەر خەڵکیدا.

**بەڕێز فرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئەو پرۆژە یاسایەی کە ئێستا بەڕێز کاک ئەیاد پێشکەشی دەکات، شتێکی یاسایی نییە دەبێت بەپێی مادەی (٦١)ی پێڕەوی ناوخۆی پەرلەمان پاش ئەوە کە لەلایەن (١٠) ئەندامی پەرلەمانەوە ئیمزا دەکرێت پاشان دێتە ئێرەو گفتوگۆی لەسەر دەکرێت، ئەم پرۆژەیە کە ئێستا پێشکەش کراوە (٨) ئەندام ئیمزای لەسەر کردووە، واتە شتێکی یاسایی نییە، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجوومەن:**

لیژنەی یاسا ڕایان چییە؟.

**بەڕێز عەدنان محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ڕاستە پرۆژەکە بە ئیمزای (٨)ئەندام کراوە، بەڵام لە پشتەکەی بە عەرەبی نووسراوە (التواقيع في النسخة الاصلية) دەنا بە ئیمزای (٨) ئەندام بێت یاسایی نییە، سوپاس

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجوومەن:**

ئێمە ئێستا باسی ئەو ماڵە دەسبەسەردا گیراوانە ناکەین، ئەوە ئەخەینە دواوە، ئێستا باسی ئەو داوایەی ئەنجوومەنی وەزیران دەکەین بۆ ئیستسنای تەئییدی دادوەرەکانە تر.

**بەڕێز حـــازم ئەحـــمــەد مــەحـــمــود يوسـفی:**

**بـەڕێـز ســــــــەرۆکی ئـەنجـــــــــومـــــــەن.**

بەرگە ئەسڵییەکەی پرۆژەکە (١٠) ئەندام ئیمزایان کردووە، ئەویش هاوپێچە و لەکاتی خۆیدا بەرز کراوەتەوە بۆ سەرۆکایەتی ئەنجوومەن، سوپاس.

**بەڕێـز جـــێگری ســـەرۆکی ئەنجـــومـــەن:**

ئەوانەی کە پرۆژەکەیان ئیمزا کردووە، هەموویان یاسایین.

**بەڕێز حـــازم ئەحـــمــەد مــەحـــمــود يوسـفی:**

**بـەڕێـز ســــــــەرۆکی ئـەنجـــــــــومـــــــەن.**

ئەو ئەندامانەی کە ئەم پرۆژەیانە ئیمزا کردووە ئەم بەڕێزانەن:ـ بەختیار حەیدەر ـ کاکەڕەش نەقشبەندیی ـ فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵلا ـ حازم یوسفی ـ ئەحمەد عەلی ـ ئیبراهیم سەعید ـ سەعید عەلی خان ـ حەمید سەلیم ـ جەلال جوهر ـ محەمەد سەعید ئەحمەد، سوپاس.

**بەڕێـز ئەیـاد حـــاجی نامق مـــەجـــیـــد:**

بسم الله الرحمن الرحيم

باسم الشعب

المجلس الوطني لكوردستان العراق

« قرار »

استناداً الى احكام الفقرة (١) من المادة (٥٦) من القانون رقم (١) لسنة/ ١٩٩٢ وبناءً على ماعرضه مجلس الوزراء قرر المجلس الوطني لكوردستان العراق بجلسته المنعقدة بتأريخ / / مايلي:

١- يستثنى تعين رئيس واعضاء محكمة تمييز أقليم كوردستان العراق والحكام ونواب الادعاء العام في الاقليم من احكام قانون التنظيم القضائي رقم (١٦٠) لسنة/ ١٩٧٩ النافذ.

٢- على مجلس الوزراء تنفيذ احكام هذا القرار.

٣- ينفذ هذا القرار اعتباراً من تأريخ صدروه وينشر في الجريدة الرسمية.

**بەڕێـز جـــێگری ســـەرۆکی ئەنجـــومـــەن:**

کێ لەسەر ئەم بڕیارە تێبینی هەیە؟.

**بەڕێـز د.قـــاسم مـــحـــەمـــەد قـــاسم:**

**بـەڕێـز ســــــــەرۆکی ئـەنجـــــــــومـــــــەن.**

من پرسیارێک دەکەم لەلیژنەی یاسا کەئەو ئیستسنایە بۆ چییە؟، سوپاس.

**بەڕێز حەسەن کانەبی خضر بلباس:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

بەرای من ئەم یاسایە بۆ ئەو دادوەرانەیە کە خانەنشینن وتەمەنیان لەسنوری یاسایی زیاترە جا لەبەر ئەوە وای بەباش دەزانم (تعاد المتقاعدین من القضاة الی مناصبهم السابق ولمدة اربع سنوات اخری اعتباراً من تأریخ اعادتهم الی مناصبهم) کە وای لێبکرێت، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجوومەن:**

ئەوەی کە جەنابت ئەیڵێیت هەموو خانەنشینەکان دەگرێتەوە، واتە تۆ دادوەرێک دێنیت کە خانەنشین کراوە و دەیکەیت بە سەرۆکی دادگای پێداچوونەوە، یا بە ئەندامی دادگای پێداچوونەوە کە جێگەی پێشووی خۆی نابێت.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

لە کوردستاندا دادوەری قەزایی زۆرن، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجوومەن:**

ئێستا گرنگ ئەوەیە کە بەدەر لە حوکمەکانی یاسایی رێکخستنی دادوەری ١٦٠ ساڵی ١٩٧٩ نەک بەدەر لەیاسایی رێکخستنی دەسەڵاتی دادوەری.

**بەڕێز ئەحمەد تاهیر نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

من یەک پرسیارم لەسەرۆکایەتی هەیە، مادام هەر بەدەر بوو و گەڕاینەوە سەر هەموار کردنی ئەو یاسایە بۆ ئەو هەموار کردنە زووتر نەدەکرا؟، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجوومەن:**

راستە خۆی دەبوایە زووتر بکرایە، بەڵام نەکرا، خۆ وازیشی لێ ناهێنین.

**بەڕێز کاکەڕەش محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

حەز دەکەم پرسیارەکە روون بکەمەوە، ئەو دادوەرانەی کە ئێستا دادەمەزرێن و دەکرێن چ بە ئەندامی دادگای پێداچوونەوە، یا بە سەرۆکی دادگای پێداچوونەوە، مەرجەکانی دامەزراندن لەیاساکانی پێشوودا هاتووە لەیاسای رێکخستنی قەزائی وەزارەتی عێراقیدا. کە ئەگەر لەو مەرجانە لایدا ناتوانین ئەوانە دابمەزرێنین، دادوەرەکان دەبێت لەلایەن ئەنجوومەنی وەزیرانەوە هەڵبژێردرێن، ئێمە ئەنجوومەنی دادوەریمان تاوەکو ئێستا دەرست نەکردووە، دەبێت دادگای پێداچوونەوە دروست بکەین، کە ئەبێتە ئەنجوومەنی دادوەری و، ئەوانیش دادوەرەکان

هەڵدەبژێرن جا لەبەر ئەوە پێویستە ئەوانیش بەدەر بکرێن. بابەتەکەش زۆر کاتیبە بۆ ئەو چەند حاڵەتەیە، ئەویش بۆ پڕکردنەوەی بۆشایەکانە، سوپاس.

**بەڕێز عـــیـــزەدین مــــســـتـــەفـــا رەســـوڵ:**

**بـەڕێـز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــــومـــــەن.**

کە یاسا دانرا دەبێت جێبەجێش بکرێت، وابزانم مافی ئەوەشمان هەیە کە بپرسین کێشەکە چۆنە وبۆچی هات؟!، داواش لە برادەرانی حزبەکان وبەرەی کوردستانی دەکەم کە خەڵکی لێهاتووە هەڵبـژێردرێت بۆ ئەم شـوێنانە، ئەویش بە سـەربەسـتی رای خـۆتان چۆنی بۆ ئەچن ئا بەو جـۆرە چارەی بکەن، نەک بێن یاسا دابنێن دادگای پێداچوونەوە دابنێین، پاشان لەسەر ئەم دادوەر و ئەو دادوەر ببێتە بە کێشەی حزبایەتی، سوپاس.

**بەڕێـز جـــێـگـری ســـەرۆکی ئەنجـــومـــەن:**

هەموومان دەمانەوێ ئیشی دادوەری ئیشێکی سەربەست بێت، ناوی دادوەرەکانیش هاتووە کە پســپـۆڕن ، چاوەڕوانی ئەوە دەکـەین کـە بڕیاری ئەو بەدەرە دەرچێت بۆ ئەوەی فـرمـانـی دامەزراندنیان دەرکەین.

**بەڕێز حـــازم ئەحـــمــەد مـــەحـــمـــود یوســـفی:**

**بـەڕێـز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــــومـــــەن.**

بۆ دڵنیـا کردنەوە ئەو لیسـتـەی کـە بۆ دامەزراندنی دادوەرەکان هاتووە دەسـتی هیچ لایەنێکی تیادا نییە، هەموویان سەربەست و بێلایەنن، پاش چەند رۆژێکی تر ناوەکانیان بلاو دەکەینەوە، سوپاس.

**بەڕێـز جـــێـگـری ســـەرۆکی ئەنجـــومـــەن:**

جـا ئێـسـتـا کێ لەگـەڵ ئەوەدایە کـە بڕگـەی یەک وەکـو ئەوەی هاتووە وەربگیـرێت؟..دەست بەرزکرایەوە.. کێ دژە؟ کەواتە بەتێکڕای دەنگ وەرگیرا.

**بەڕێز ئەیـاد حـــاجی نامق مـــەجـــیـــد:**

٢ـ علي مجلس الوزراء تنفيذ احكام هذا القرار.

**بەڕێـز جـــێـگـری ســـەرۆکی ئەنجـــومـــەن:**

کێ لەگەڵ بڕگەی دوودایە؟.. دەست بەرزکرایەوە.. کێ لەدژە؟کەواتە بەتێکڕای دەنگ وەرگیرا.

**بەڕێز ئەیـاد حـــاجی نامق مـــەجـــیـــد:**

٣ـ ينفذ هذا القرار اعتبارا من تأريخ صدوره وينشر في الجريدة الرسمية.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجوومەن:**

کێ لەگەڵ برگە سێدایە کە وەکو خۆی وەربگیرێت؟.. دەست بەرزکرایەوە.. کێ دژە؟..کەواتە بە زۆربەی دەنگ پەسەند کرا.

ئێستا بریارەکە هەمووی دەخەینە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵ ئەم بریارەدایە بەگشتی؟..دەست بەرزکرایەوە..کێ دژە؟، کەواتە بەزۆربەی دەنگ پەسەند کرا، سوپاستان دەکەین.

بەخێرهاتنی بەڕێز وەزیری تەندروستی دەکەین، ئێستاش با بفەرمووێت راپۆرتەکەی بخوێنێتەوە.

**بەڕێز کەمال شاکر محەمەد/ وەزیری تەندروستی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

پیرۆزبایی ساڵی تازەتان لێ دەکەم هیوادارم ئەو ماندوو بوونە کەوا ئەرکی هەموو لایەکمان بووە لەساڵی ۱۹۹۲ببێتە بناغەیەکی باش بۆخزمەت کردنی چاک لە ساڵی ۱۹۹۳دا، لەراستیدا لەبەر ئەوەی راپۆرتەکەمان بە عەرەبییە من بەکوردی وبە کورتی باسێکی راپۆرتەکەتان بۆ دەکەم، هەموو لایەک دەزانن کەوا بارودۆخی کوردستان چۆنە، پاش ئەوەی کە ئەنجوومەنی وەزیران دەستی بە ئیشوکاری خۆی کرد ئێمە هاتینە سەر شتێکی وێران و، دەست لە هەموولایەکەوە درێژ کرابوو بۆ تێکدانی دەزگاکانی میری لە کوردستاندا و، وەزارەتی تەندروستی وکاروباری کۆمەلایەتیش بەشێکە لەو دەزگایانە، بەلام وەزارەتی تەندروستی وکاروباری کۆمەلایەتی هەندێ گیروگرفتی تایبەتی خۆی هەبوو ئەوەش لەوە دەست پێدەکات، هەتاوەکو مانگی (۱۰) ساڵی ۱۹۹۲ پەیوەندیی دەزگاکانی تەندروستی لەگەڵ بەغدا بەردەوام بوو، جۆرە ئیزدواجیەتێکی دروست کردبوو کە نەمان دەتوانی سەرلەنوێ دەسکاری گیروگرفتەکان بکەین، ئەویش لەبەر ئەوەی:

١ـ مووچە ودەرمان وپێداویستە پزیشکییەکان هەر لە بەغداوە دەهات.

٢ـ وەزعی ئەو کادیرانەی کە لە وەزارەتدان باش نییە، چونکە هەندێکیان لەگەڵ بەغدا مابوون و، هەندێکیشیان ترسیان هەبوو کە رژێم بگەڕێتەوە، جا بۆیە ئیشوکارەکانمان بە ئالیەتێکی چاک نەدەڕۆیشت بەرێوە.

٣ ـ کە دەستمان بە ئیش کرد لەسەر یاسای کۆن دەستمان پێکرد، ئەویش لەبەر نەبوونی یاسایەکی تازە، بە راستی بەرەڵلایەکی زۆر هەبوو و، کەس پابەندیی دەوام و ئیشکگری نەدەبوو، کێشەمان یەکجار زۆر بوو لە بنکە تەندروستییەکان و نەخۆشخانەکاندا، توانیمان تارادەیەک ئەو دیاردەیە چاک بکەینەوە، بەلام ناڵێم ئێستا نەماوە، لە شوێنە دوورەکان گۆڕانکاری هەندێ لە کادیرە سەرەکییەکانمان کرد، مەبەستمان بوو کەوا پشت بە توانا

ودڵسۆزی و نەزاهەت ببەستریّت، بۆ ئەوەی کەوا هەریەکێک بتوانێت لەو شوێنە کەوا دادەمەزرێت یارمەتیەکی چاکمان بدات، زۆر گیروگرفت هەبوو لەنێوان دیوانی وەزارەت ولە نێوان فەرمانگەی تەندروستی هەرسێ پارێزگاکەوە و، ئەو بەشەی کەوا رزگار کراوە لە کەرکووکیش زۆر شت جێبەجێ نەکراو، چاودێری نەقابەکانیش لەو رووەوە زۆر لاواز بوون.

لە رووی خزمەتی خۆپاراستنەوە، مەلاریا بڵاوبووەتەوە لە ناوچەکاندا و، بە تایبەتی ئەو شوێنانەی کە ئاوارەکانی لێ بوو، بەرنامەی (بەربەرەکانی مەلاریا و دەرمان پژاندن) کە بە دوو خول ئەبێت بە هاری و پایزی لە هەر سێ پارێزگاکان کۆتایی پێهات، کێشەی نەوت وگازوایلیشمان هەبوو، بە یارمەتی رێکخراوی یونسیف توانیمان ئەو کێشانە چارەسەر بکرێت، بەڵام کێشەی مەلاریامان ماوە، چونکە خەڵک یارمەتی نەدەکرد لەگەڵ تیپی ئیش کەرەکاندا، هەروەها ژمارەی تیپی ئیشکەرانیش کەم بوون، هەرچەندە دەرماڵەیەکی تایبەتیان دەدرایێ لە رووی خوراردن و گواستنەوە و، رۆژانەشیان دەدرایێ، هەوڵی ئێمە بۆ ئەوە بوو کەوا ژیان بگەرێتەوە بۆ هەموو دەزگا تەندروستیەکان لە کوردستاندا، زۆر سوپاسی رێکخراوە بیانیەکان دەکەین، چونکە دەورێکی باڵایان هەبوو ئەو ماوەیە لە بواری رێکخستنەوەی دەزگا تەندروستیەکان، هەرچەندە لە پاشاندا هەندێ کێشەمان بۆ پەیدا بوو، بەڵام پاش بریارەکەی ئەنجوومەنی وەزیران هەموو بنکە تەندروستییەکان گەرانەوە بۆ وەزارەتی تەندروستی، هەندێکی نەبێت کە لە دەسەڵاتی رێکخراوی (کرای) ماوەتەوە، ئەویش چارەسەر دەکەین، تائێستا (٤٧) بنکەی تەندروستی دروست کراوە وگەراوەتەوە ژێر ئالای وەزارەتمان و(٤) عیادەی شەعبیش ئیش دەکات، ئەویش بە یەکخستنێ لەگەڵ سەرۆکایەتی تەندروستی لە دهۆک و هەولێر، هەروەها (٤) نەخۆشخانە لە ژێر سەرپەرشتی وەزارەتە کە ئەویش نەخۆشخانەی (ناڵ پارێز و چۆمان و قەڵادزەێ) و کارگەی(اطراف الصناعیە) لە ناوچەی دیانە، ئێستا دەستیان کردووە بە ئیشوکار لە ژێر سەرپەرشتی وەزارەتی تەندروستی، کێشەی بنەرەتی ئێمە دەرمانە، هەرچەندە سێ لایەن دەرمانیان بۆ دەناردین، ئەویش بۆ نەخۆشخانەکان و بنکە تەندروستیەکان، هەروەها عیادەی ئێواران، کێشەکانیشمان لەلایەن رێکخراوە بیانیەکانەوە بوو، چونکە ئەوانە رازی نەدەبوون کە تۆمار بکرێن لەلایەن سەرۆکایەتی تەندروستیەوە، جا لەبەر ئەوە چاودێریان لەسەر نەبوو و، بوونە هۆی ئەوەی کە دەرمان بچێتە بازاری رەش، چەند کۆبوونەوەیەکمان لەگەڵ رێکخراوە بیانیەکان کرد و، گەیشتینە ئەو ئەنجامەی کە سێ لیژنەمان دامەزراند، بە بۆچوونی ئێمە دەبێت بازرگانی دەرمان تەنها وەزارەتی تەندروستی بیکات و، رێگا بە بازرگانەکان نەدرێت کە سەربەخۆ بازرگانی دەرمان بکەن، بەڵام کێشەیەکی ترمان هاتووەتە پێش ئەویش کێشەی پارەیە، کێشەی پارەش دوو جۆرە، جۆری یەکەم ئەوەیە دەبێت پارەیەکی زۆرمان هەبێت، تاوەکو بتوانین

بازرگانی دەرمان بکەین و، دەرمانی پێبکرێین، دووەم ئێمە رەسیدێکمان هەیە ئەویش هی عیادە میللیە ئاوارانەکانە، لێرە لە بانک هێشتا ماوە ئەویش نزیکەی (دوو ملیۆن وشەش سەد) هەزار پارەی موستەنسخە، ئەویش پارەی کۆمپانیای سامەڕایە کە کۆمپانیایەکی دەرمان سازیە، داوامان لە وەزارەتی دارایی کردووە کە چارەسەری ئەم بڕە پارە موزەوەرەمانە بۆ بکات، تاوەکو ئێستا لەلایەن رێکخراوە بیانیەکانەوە نزیکەی (٢٩) شاحینە دەرمانمان بۆ هاتووە، ئەویش لەلایەن رێکخراوی (یونیسێف و «اطباء بلا حدود»)ەوە، هەر چەند رێکخراوی (ئیغاسە)ی حزبی تورکمانیش چەند شتێکیان هێنابوو، بەڵام ناتوانین بەشاحنە باسی بکەین، چونکە ئەوان چەند کارتۆنێک بوون، ئێمە سوپاسی ئەنجومەنی وەزیران دەکەین، کەوا تا ئێستا بایەخێکی تایبەتیان داوە بە وەزارەتەکەمان، چونکە وەزارەتێکی خزمەت گوزاریە، هەروەها پێویستە وەزارەتەکەمان دارایەکی تایبەتی هەبێت، بەڵام لە راستیدا زۆربەی داهاتەکان دەڕۆیشت ئەویش بە هۆی ئەو نیزامە کۆنە کەوا جێبەجێ دەکرا، ئەویش مەسەلەی موقاوەلاتە مانگی نزیکەی (١٢) هەزار دینار ئەدرا بە بەڵێن دەر، تاوەکو نەخۆشخانەکان پاک بکانەوە،هەروەها سەبارەت بە بەڵێندەرەکانی خۆراک، (٧٥٪) ئازووقەی وشک ئێمە ئەدەینە نەخۆشخانەکان و، ئەو(٢٥)کەی تریشی دەدرێت بە قونتەرات، هەزارەها دینار دەدرێت بە بەڵێندەرەکان بۆ دابین کردنی ئەم بڕە خۆراکە، سێیەم موقاولە بۆ چاک کردن و پاراستنی ئامێرو دەزگاکانی نەخۆشخانەکانە، لە راستیدا ئێمە بڕیاری راگرتنی ئەو موقاولاتانەمان داوە، تاوەکو هەمووی بە سەرپەرشتیاری خۆیی جێبەجێ دەکرێت. ئێمە کێشەیەکی گەورەمان هەیە، ئەویش ئەوەیە کە خزمەتگوزاری تەندروستی دواکەوتووە لە ناوچەی گەرمیان و، بەتایبەتیش لە کفری و چەمچەماڵ، کێشەمان لە کفری ئەوەی کە هیچ پزیشکێک ناڕوات بۆ ئەو ناوچەیە، هەروەها چارەسەری کێشەی کەلارمان کرد، ئێستاش بڕیاروایە کە نەخۆشخانەی کفری ببەسترێت بە کەلارەوە و، چوار پزیشک لە کەلار هەیە بیکەین بە شەش پزیشک و، هەر رۆژەو یەکێکیان بڕۆن بۆ کفری و لەوێ دەوام بکەن، بەم شێوەیە چارەسەری مەسەلەکەمان کردووە، بەڵام چارەسەری بنەڕەتی ئەوەیە کە سەرۆکایەتی تەندروستی کەرکوک پێک بێت، چونکە ئەوە ئەبێتە ئەرکی تایبەتی خۆی. سەبارەت بە چەمچەماڵیش هەمان بۆچوونمان هەیە کەوا بەزووترین کات چارەسەر بکرێت. سەبارەت بە دەرمان دزینیش لە بنکەی تەندروستی شانەدەری، ئێستا رادەیەکمان بۆ ئەو دزی وجەردەیە داناوە،ئەویش لێکۆڵینەوەیەکی زۆرمان کردووە لەو بارەیەوە وچاودێرییەکی توندیشمان داناوە لەسەر هەموو نەخۆشخانە و بنکە تەندروستیەکان، دووەم سیجلاتمان دامەزراندووە، لە هەر شوێنێک لە هەر بەشێک لە وەزارەتەکەمان دزی رووبدات رەوانەی دادگای تاوانی دەکەین و کردووشمانە. ئێمە کێشەیەکی زۆر گەرەمان هەیە کە ئەویش کێشەی

سـووتەمـەن و گـازوایله، بە تايبـەتيش بۆ (تەدفـيـئـە و تەبريد)ە، هەرچەندە لە خـاچی سـووری سوبدیشەوە نزیکەی(٤٠) هەزار دۆلارمـان دراوەتێ بۆ ئەو مەسـەلەیە، یونیسـێفـیش برێکی زۆر یارمەتی ئێمەی کردووە، هەروەها بەری کوردستانی دهۆکیش رۆلێکی بالای هەبوو بۆ یارمەتی دانمان.

دێینە سەر باسی (ریعـایەی کۆمەلایەتی و کـاروباری کۆمـەلایەتی)کە زۆر پەیمانگا و خـانەی چاودێری هەیە کە سەر بە وەزارەتەکەمانن، کە ئەویش(خانەی بەسالاچووەکان و پەککەوتووەکان و خانەی کەڕ و لاڵەکان و«حەزانە»)ئەم خانانە کەموکووڕییەکی زۆریان هەبوو، ئێمەش هەولّمان داوە بەپێی توانا ئەو کەموکووڕییانە پڕ بکەینەوە، ئەویش بە یارمەتی رێکخراوە بیانیەکان لە هەر سێ پارێزگاکەدا، دوایی یارمـەتیش کە بۆ چاودێری کۆمـەلایەتی هەولێر هاتووە، نزیکەی سێ چارەک ملیۆن دینار دەبێت کە ئەویش لەلایەن رێکخـراوی یونیسـێفەوە هاتووە، هەروەها لەلایەن یونیسێفەوە لیژنەیەک پێک هاتووە بۆ بە دواداچوونی ئەم جۆرە کارانە و بۆ ئەوەی بزانن کەوا پێویستیـان چییە نەک بەس لە رووی جلوبەرگ، بەلکو لە رووی ئامێریشەوە کە مەشقی لەسەر دەکەن، پەیمانگای ئامادە کردنمان هەیە، جا ئەو (وەرشاتە) بۆ ئەوەی کە ببێتە دوو بەش، بەشێکی ببـێتـە پەیمانگای ئامادە کـردن و بەشەکەی تریشی ببـێتـە بەرهەم هێنەر. کاتی خۆی چاودێری کۆمـەلایەتی ئازووقـەی بەسـەر نزیکەی(٥٠٠)خـێـزاندا دابەش دەکـرد، ئێـمـەش لە چاودێری خێـزاندا ئازووقـەمـان بەسـەر نزیکەی(٢٠٠)خێزاندا دابەش کـرد، هەروەها بەسـەر مـامـۆسـتـایان و خـێـزانی شـەهیـدانیـشـدا ئازووقـەمـان دابەش کـرد و، بریاریش وایە کـە بە رێگای(منظمة غذاء العالمي) ئازووقەمان بۆ بێت، ئێستاش گفتوگۆمان لەسەر ئەوەیە کە لە سالّی داهاتوودا دەبێت هەمـوو ناسنامـەکـان بگۆڕدرێت، چونکە ناسنامــانە دراوە بە کـەسـانێک کـە شایستەی نین، پێشنیـاریشمـان ئەوەی کەوا لەگەلّ لیژنەی ئابووری رێک بکەوین، لەسەر چەند مەرجێک بۆ نوێ کردنەوەی ناسنامەکان. هەروەها رای ئێمە ئەوەی کە ئەو ئازووقانە بە رێگای فرۆشیـارەکـانەوە دابـەش نەکـرێت، بەلکو بە رێگای ئەنجـوومـەنی شـارەوە دابەش بکرێت. باسی یاسای(عمل وضمان)کرا، ئەم یاسایەش سەبارەت بە مەسەلەی پشکنینی شوێنە گشتیەکان و مۆلّەتی پیشەیی و ئەو جۆرە شتانە و، ئەمانەش داهاتێکی باشیان هەیە، بەلام تاوەکو ئێستا لە کـار کـەوتوون، چونکە سـەیارەیان نیـیـە بۆ گـواسـتنەوەیان، هەرچەندە هەندێ سـەیارەی پەککەوتوویان هەیە، لە ئەنجوومەنی وەزیران بریار درا کەوا ئەو سەیارە پەککەوتووانە بفرۆشرێن وسەیارەی تازەیان لە شوێن بکردرێت، تاوەکو دەست بە ئیشوکار خۆیان بکەن.

سەبارەت بە جوولانەوەی نەقابی، ئێمە پەیوەندییمـان لەگـەلّیـاندا هەیە، بەلام سـەرپەرشـتـیـان ناکـەین، چونکە جـوولانەوەی نەقـابیی رێکخـراوێکی جـەمـاوەرییـە و سـەربەخـۆیە. سـەبارەت بە

نەقابەی کرێکاران، بە گوێرەی ئەو یاسایەی کە هەیە وەزعی کرێکاران زۆر نالەبارە، ئێمەش پێشنیارێکمان کردووە و، پێشکەشی پەرلەمانمان کردووە لە رێگای ئەنجوومەنی وەزیرانەوە، ئەویش پێکهێنانی لیژنەیەک بۆ دانانی یاسایەکی تازە بۆ ئەو سەندیکایە، بۆ ئەوەی کە رێگا بە ئێمە بدەن کە چەند رێنماییەک هەیە دەبێت پەسەند بکرێت، بۆ ئەوەی بتوانین بەپێی ئەو رێنماییانە بەرگری لە مافی کرێکاران بکەین. هەروەها رێکخراوی بێکارانیش پێک هاتووە و، پەیوەندیشمان لەگەڵیاندا هەیە، هەروەها پەیوەندیمان لەگەڵ کۆمەڵەی پزیشکی کوردستانیش و لقەکانی سەندیکاکەش هەیە، بەڵام ئەوان لێرە کێشەیان ئەوەیە کەوا پەیوەندییان لەگەڵ بەغدا برا، هەروەها پەیوەندیی لقە کوردستانیەکانیش لە گەڵ مەرکەزدا برا، بۆ ئەم کێشەیە ئێمە چارەیەکمان داناوە و، وتمان با لیژنەیەکی باڵا پێک بێت لە هەموو پارێزگاکان بۆ سەرپەرشتی نەقابەی پزیشکان.

لە رووی راگەیاندنەوە وەزارەتەکەمان بەشێکی راگەیاندنمان هەیە، بەراستی ئەو بەشە پێش ئێستا رۆڵێکی باشی هەبوو.

لە بەرواری (٢٣ و ٢٤)ی ئەم مانگە کۆنفراسێکمان بەست لە دیوانی وەزارەت بۆ هەموو کادرانی تەندروستی وکاروباری کۆمەڵایەتی، ئەویش بۆ ئەوە بوو کەوا بە پێی ئەو پرۆژە یاسایەی کەوا پێشکەش کراوە بۆ پەسەند کردن لەلایەن پەرلەمانەوە، ئەویش بۆ ئەوەی هەندێ دەسکاری هەیکەلی وەزارەتەکەمان بکەین، چونکە دەمانەوێت کادیرانی وەزارەتەکەمان خەڵکێکی لێهاتوو وخاوەن رابردوویەکی پاک بن. ئێستاش لیژنەیەک لە دیوانی وەزارەت پێک هاتووە، بۆ دانانی بەرنامەی ئیشوکاری وەزارەتی تەندروستی لە ساڵی١٩٩٣، دەبێت چەند یاسایەک پێک بێت بۆ ئەوەی بتوانین ئیشوکارەکانمان بەرێوە ببەین.

هەروەها سەبارەت بە نەخۆشخانەی نەخۆشی دەروونی ئەویش خاڵێک بوو کە گفتوگۆمان لەسەری کرد و، گەیشتینە ئەو ئاکامەی کەوا لە هەر نەخۆشخانەیەک بەشێک تەرخان کەین بۆ ئەو نەخۆشانە، چونکە ئێستا لە توانامان‌دا نییە نەخۆشخانەیەکی تایبەتی بۆ نەخۆشی دەروونی بکەینەوە.

سەبارەت بە (مانگی سووری کوردستانی) ئەویش بەراستی پەیوەندییمان بە رێکخراوە بیانیەکانەوە کرد و، بە تایبەتی لەگەڵ(خاچی سووری سویدی و نەرویجی و وڵاتانی ئەسکەندەنافی)، ئەوان زۆر جەخت لەسەر ئەوە دەکەن کەوا ئێمە هەنگاوێکی کاریگەری لەو رووەوە بنێین و، ئێمەش لەو بارەیەوە شتێکمان ئامادە کردووە. سەبارەت بە بەندیخانەکانیش ئەو مەسەلەیە پەیوەندیی بە وەزارەتی ناوخۆوە هەیە، بەڵام لە رووی سەرپەرشتیەوە ئەوە پەیوەندیی بە ئێمەوە هەیە.

سەبارەت بە بریارەکەی(اتحاد التعاونیات) کەوا ئێستا بەرپرسێتی دراوە بە وەزارەتی ئێمە، سبەینێ کۆبوونەوەیەکی فراوان دەکەین لە دیوانی وەزارەت و، بە ئامادە بوونی لێپرسراوانی ئەو یەکێتیانەش کە لە هەر سێ پارێزگاکەدا هەن، کێشەی سەرەکیمان ئەوەیە کەوا چۆن دەسکاری ئەو یاسا کۆنە بکرێت، یەکەم بە پێی پێویستی باری گوزەرانی کوردستان، دووەم ئەو یەکێتییانە کە لە کار کەوتوون، ئێستا دەست بەکار بنەوە و، بەتایبەتیش ئێمە بایەخ دەدەین بە (جەمعیاتی ئیستیهلاکی)، چونکە رۆلێکی بالایان هەیە لە بارو گوزەرانی کوردستان، سوپاس.

**بەرێز د. فایەق محەمەد گولپی:**

**بەرێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

بەنیسبەت منەوە راپۆرتەکە باش بوو و هەموو لایەنەکانی ئیشوکارەکانی تێدا بوو، بەلام پرسیارێکم هەیە ئەویش ئایا ئەو سێ جیهازە چی یانە سێ جهازی قەبارە بچووک وگران لە ناو دەرمانەکانی ئیغاسەی ئیسلامی بوون یەکێکی بۆ هەولێر ئەوی تر بۆ سلێمانی سێیەمیان بۆ دهۆک، ئایا هەبوون یا نا؟ پرسیارێکی ترم هەیە خۆم چوومەتە خزمەتی بەرێز وەزیری تەندروستی کە لیژنەیەک بۆ لێکۆلینەوەی داخستنی هۆلی عەمەلیات لە نەخۆشخانەکانی سلێمانیدا، ئایا تا ئێستا لیژنەی بۆ دروست کراوە؟.

لەو ماوەیەدا بەتەما بوون کە نەخۆشخانەی ئەهلی سێیەم لەپارێزگای سلێمانی بکرێتەوە بۆچی رێی پێدرا؟!، خەلکی سلێمانی لە خەلکی پارێزگاکانی تر هەژار ترن. پرسیارێکی تریشم هەیە، بۆچی پارێزگای دهۆک (تەدەروجی طبی) بەتەواوی تێک دراوە؟.هەروەها سەبارەت بە نیقابەی پزیشکان کە ئێستا پشت گوێ خراوە و، هەموو پزیشکەکان پشت گوێ خراون و،ئێستا تەنها نیقابەی کە پەیوەندییمان پێوە ماوە نیقابەی پزیشکی کۆنە، جا ئەگەر کەموکورییەکە لە وەزارەتەوە بێت، یان لە خۆیانەوە بێت شتێکە دەبێت چارەسەری بکرێت، چونکە ئەو نەقابە کۆنانە هەندێ خەلکی تیایە کە پێشتر سەربە رژێم بوونە. پێشنیارێکم هەیە، ئەویش وەزارەتی تەندروستی ولیژنەیەکی راوێژکاری پسپۆرییە جیاجیاکانی پزیشکەکان بۆ ئەوەی ئیشوکاری تەندروستی بە رێکوپێکی لێی بکۆلرێتەوە وپیلانی بۆ دابنرێت و چارەسەری کێشەکانی بکرێت، پرسیارێکی تریشم هەیە، دەربارەی بریاری (١١٨) ی سالی ١٩٨٦ کە حکومەتی ناوەندیی عێراق دەری کردووە سەبارەت بە پزیشکەکان، ئەمە پەیوەندیی بە وەوە نییە کە پزیشکەکە لە شوێنی لە دایک بوونی خۆیەتی، یا لە پارێزگاییە، یا لە پایتەختدایە و دەیگوازنەوە بۆ شارە دوورەکان و، بۆ هاندان پارچە زەوییەکی ئەدەنێ بۆ ئەوەی لەو شوێنە بمێنێتەوە و، بۆ ئەوەی (٢٠) سال لەوێ بمێنێتەوە، وابزانم وەزارەتی تەندروستی و کاروباری

کۆمەڵایەتی لە پەرەی کاری خۆیان شتێکی وایان کردووە کە چاوی پیابخشێننەوە، جا نازانم ئەو بڕیارە ڕەت کرایەوە، یان چی بەسەردا هات؟. بە رای من ئەو بڕیارە لەو کاتە خزمەتمان دەکات بەتایبەتی بۆ پارێزگای دهۆک و ئاکرێ و دەربەندیخان و کفری کە هەندێ پزیشک بچن بۆ ئەو شوێنانە ئەو هاندانەشیان بدرێتێ لە شێوەی پارچە زەوییەک، بە رای من ئەو بڕیارە هەروا بمێنێتەوە، کاتی خۆی بڕیاری پەرلەمانیش ئەوەیە کە ئەو بڕیارانەی (مەجلسی قیادەی ثەورە) هەڵوەشێتەوە کە لەگەڵ بەرژەوەندیی گەلی کورددا ناگونجێت. پرسیارێکی ترم هەیە دەربارەی گازوایل، ڕۆژێکیان بەڕێز د.فوئاد مەعسوم سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران هاتە ئێرە و وتی ئێمە گازوایلێکی زۆرمان هەیە لە پارێزگای دهۆک و بە بەلاش دەیدەین بە دامودەزگاکان و، لە پێش هەموویانەوە دەیدەین بە نەخۆشخانەکان، بەڵام تائێستا نەخۆشخانەکانی سلێمانی هیچیان بەرنەکەوتووە، وابزانم هەولێریش تەنها دووجار بۆیان هێناوە. سەبارەت بە مەسەلەی پاکسازی بەراستی ئەوە هەموو وەزارەتەکان ئەگرێتەوە من حەز ناکەم ئێستا هەندێ مەحازەرەی سیاسی ولەو جۆرە شتانە بدەم، لەبەرچاوی هەمووتانە کە لە ١٩٩٢/١١/١٣ هەڵبژاردن کرا لە ئەمەریکا تا ١١/٢٠، باشە ئەم ماوەیەی بۆ چییە بۆ ئەوەیە کە نزیکەی ملیۆنێک خەڵک لە دامودەزگاکانی حکومەتی پێشوو لابردرێت وخەڵکی تازە بخرێتە شوێنیان، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجوومەن:**

ببوورە د.فایەق تۆ داوای پاکسازی دەکەی ماوەکەشمان ئەوەندە زۆر نییە.

**بەڕێز د. فایەق محەمەد گوڵپی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

من مەبەستم ئەوەیە کە پاکسازی زۆر شتێکی گرنگە، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجوومەن:**

جا ئەوە رای لیژنەی تەندروستی بوو، یان هی جەنابت بوو.

**بەڕێز د. فایەق محەمەد گوڵپی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئێمە لیژنەی تەندروستی خۆمان پرسیارەکانمان دابەش کردووە ئەمەش بەشی من بوو، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجوومەن:**

جا ئەگەر ئەوە بەشی جەنابت هی ئەوانیش وەکو بەشی جەنابت وابێت وابزانم ئەبێت تابەیانی بۆی دانیشین، پاشان زۆر شت هەیە کە دووبارە دەبێتەوە، لێرە پێشنیارێک هەیە لەلایەن کاک جەمیل سندیەوە.

**بەڕێز یەحـــیـــا مـــحـــەمـــەد عـــەبدولکەریم:**

**بـەڕێـز ســـــــەرۆکی ئـەنجـــــــــومـــــــەن.**

بەراستی رسومی گومرکی هەیە کە بە پێی یاسا وەرناگیرێت لەهیچ شوێنێک، وەکو بۆمان دەردەکەوێت لە ناو حرمدا لە جێگەی ئیبراهیم خەلیل خاڵێکی گومرکییان دا ناوە بە ناوی تەندروستییەوە هەر سیارەیەک (٨٠) دیناری لێ ئەسەندرێت وهەر سەیارەیەکیش باری پێبێت، ئەوە لە بارەکەی دادەگرن، بەبێ ئەوەی بزانین کە ئەم بارە بۆ کوێ ئەچێت، چونکە گومرک کردنی برنج وشەکر ورۆن بەم جۆرە گومرک ناکرێت، جا ئەم کارە بوەتە هۆی بەربەرەکانێیەکی زۆر لە نێوان فەرمانبەرانی تەندروستی لە دهۆک و ئامێدی و زاخۆ، جا ئێستا کردوویانە بە (١٥) رۆژ بۆ ئامێدی و(١٥) رۆژ بۆ زاخۆ، با وەزیری تەندروستی قسەی لەسەر بکات، کە دەڵێن داهاتی وەزارەت(٦٠٠)هەزارە لە مانگێکدا، سوپاس.

**بـەڕێـز جــــێگـری ســـــەرۆکی ئەنجــــومـــــەن:**

بەڵام ئەوە پەیوەندیی بە ئیبراهیم خەلیلەوە نییە.

**بەڕێز یەحـــیـــا مـــحـــەمـــەد عـــەبدولکەریم:**

**بـەڕێـز ســـــــەرۆکی ئـەنجـــــــــومـــــــەن.**

جا من تەنها مەبەستم ئەو داهاتەیە.

خاڵێکی تریشم هەیە، ئەویش مەسەلەی ئێشکگری نەخۆشخانەکانە، بەتایبەتیش لە دێهاتەکان کە بەجارێک پشت گوێ خراون، سەبارەت بە نەخۆشخانەکانی چەمچەماڵ وکەلار، بە راستی ئەو نەخۆشخانانە هەر لە نەخۆشخانە ناچن، پزیشکی کەمە، دەرمان نییە، شوێنی خەوتن نییە، حەزدەکەم جەنابی وەزیر تۆزێ گرنگی بداتە نەخۆشخانەکانی پارێزگای کەرکووک و، تۆزێکیش باسی بکات، سوپاس.

**بەڕێز گـەلاوێژ عـەبدولجـبـار مـەجـیـد جـەباری:**

**بـەڕێـز ســـــــەرۆکی ئـەنجـــــــــومـــــــەن.**

پرسیارەکانم ئەمانەن:

١ـ ئەو دەرمان وئالەتانەی کە لە نەخۆشخانە ئەهلییەکان بەکاردێت، ئایا لەکوێوە دێت ولەکوێوە دەیکڕن وئایا وەزارەت بەدوای ئەو شتەدا چووە؟.

٢ـ بۆچی تا ئێستا پلیتی پزیشکەکان دیاری نەکراوە لە عیادەکانی دەرەوە؟.

٣ـ ئایا وەزارەت چی کردووە بۆ ئەو عیادانەی کە چەند برین پێچێک لە ناو کۆڵان وگەڕەکە شەعبییەکاندا کردوویانەتەوە؟.

٤ــ پێش ماوەیەک لە تەلەفزیۆن باسی ژمارەیەک خەڵک کرا لە بەشی (رعایە)کە دەستگیر کران لەلایەن دادگای کەتنەوە وناویشیان خوێنرایەوە ئێستا گوایە ئەوانە ئازاد کراوون لە بەندیخانە، ئایا ئەو کەسانە بێتاوان بوون؟، ئەگەر بێتاوان نەبوون سزای وەزارەت بەرامبەر بە وانە چییە؟.

٥ ــ بۆ مەسەلەی مانگی سوری کوردستان لەگەڵ بەڕێزان قسەمان کرد و وتیان: لێتوێژینەوەمان لە بەردەستدایە، ئێستا ئەو لێتوێژینەوانە بەجێ گەیشتووە وقەزیەی چاودێری کۆمەلاّیەتی، با بەڕێز وەزیری تەندروستی تۆزێک بۆمانی روون بکاتەوە، سوپاس.

**بەڕێز د. نەبەز عەبدولرەزاق عەبدولحەکیم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لە مافی مرۆڤ هەموو کەسێک مافی ژیانێکی تێکڕایی هەیە لەبەشی پاراستنی لەش ساغی وخۆش گوزەرانی خۆی وخێزانی بکات، کە ئەوەش خۆراک وپۆشاک وخانوو چاودێری پزیشکی دەگرێتەوە، کەچی بەداخەوە لە کوردستانی ئازادە کە دروشمان مافی مرۆڤ ودیموکراسیەتە، کەچی مرۆڤ لەم مافانەی بێ بەشە و،ئەم پرسیارانە ئەخەمە بەردەستی جەنابتان، یەک دیاریدەی فرۆشتنی دەرمان کە بەڕێز وەزیری تەندروستی باسی کرد بە تایبەتی لە ناوچەکانی رانیە و قەلاّدزە، دووەم وەزعی تاقیگە واتە (مختبرات) نەبوونی مەواد لەم موختەبەرانە کە خەڵک ناچار دەبێت بچێ لە مختبراتی بازاڕ تاقیەکانیان بکان، ئەویش بەراستی زۆر گران دەکەوێت لەسەر هاوولاّتییان، سێ، نەبوونی ئەفلامی ئەشعە و مەوادی تەحمیز لە نەخۆشخانەکاندا، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەگەر پرسیارتان هەیە لە بەڕێز وەزیری تەندروستی بیکەن، ئەوە بە رێگای سەرۆکایەتییەوە رەوانەی بکەن.

**بەڕێز د. نەبەز عەبدولرزاق عەبدولحەکیم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

چوارەم نەبوونی ئەفلامی ئەشیعە و موادی تەحمیز کە دیسان خەڵک ناچار دەبێت بچێت لە عیادەکانی دەرەوە ئەشیعە بگرێت، کە ئەویش بە گران دەکەوێت لە سەر هاوولاّتییان، پێنجەم نەبوونی دەرمانی کوتان دژ بە نەخۆشیەکان بەتایبەتی «A.P.S.» ی گوزاز وهی منالاّن، ئەمەش خۆتان دەزانن کە لە رووی پاراستنەوەیە ودەبێت گرنگییەکی تایبەتی پێ بدرێت. سەبارت بە ناوچەی گەرمیانیش بەتایبەتی شاری کفری کە تاوەکو ئێستا پزیشکی دانی تیا نییە، هەروەها

ناوچەی ئاکرێ وشێخانیش هەمان کێشەیان هەیە کە تاوەکو ئێستا پزیشکی دانیان نییە، جا ئایا وەزارەتی تەندروستی هیچ هەنگاوێکی هاوێشتووە بۆ دابین کردنی پزیشکی ددان بۆ ئەو ناوچەیە؟، سوپاس.

**بەڕێز د. حەسەن حسێن بەفری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پرسیارێکم هەیە، ئایا وەزارەت تا ئێستا هیچ پەیوەندییەکی لەگەڵ مانگی سووری عێراقی ماوە، یان نەماوە، پرسیارێکی تریشم هەیە ئەویش سەبارەت بە چاودێری تەندروستییە، ئایا بۆ وەزارەتی تەندروستی چاودێری چێشتخانە و ئوتێل و ئەو شوێنانە ناکات؟، سەبارەت بە پزیشکە موقیمەکانیش هەموو دەزانین کە شەو ورۆژ لە نەخۆشخانەکان بە درێژایی «٢٤» سەعات دەوام دەکەن، ئەگەر لە هەفتەیەکدا ڕۆژێک مۆڵەتیان بدرێتێ زۆر باشە، ئەگەر مەسەلەی یارمەتیدانی پزیشکە موقیمەکان چاوێکی پێدا بخشێنرێتەوە، چونکە بەراستی ئەو یارمەتیەی کە وەری دەگرن شتێکی دیاری کراوە، جا هیوادارین کەیارمەتیان بدەن، سوپاس.

**بەڕێز جەوهەر ئەحمەد شاواز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بە راستی راپۆرتەکەی بەڕێز وەزیری تەندروستی هیچ پرسیارێکی نەهێڵایەوە کە بیکەین، بەڵام سەبارەت بە نەخۆشخانە ئەهلیەکان من چەند تێبینیەکم هەیە، ئەویش ئەو نەخۆشخانانە بە نرخێکی یەکجار زۆر گران نەشتەگەری دەکەن، ئەویش بەهۆی ئەوەیە کە لە نەخۆشخانە حکومیەکاندا ئەو نەشتەگەریانە ناکرێت، داوا دەکەم کە لیژنەیەک دابنرێت لە وەزارەتی تەندروستی و نەقابەی پزیشکان، بۆ ئەوی نرخ لەسەر ئەو ئیشوکار ونەشتەگەریانە دابنەن، دووەم بەڕێز وەزیری تەندروستی باسی کرد کە زۆربەی پزیشکەکان ناچن بۆ شوێنە دوورەکان، باشە هاوولاتی کفری گوناهی چییە کە لە رژێمەوە (١٠٠)مەتر دوورە، جا با یاسایەک بۆ ئەو پزیشکانە دابنرێت کە بۆ ئەو شوێنە دوورانە ناچن و، دەرماڵەیەکی باشیشیان بۆ دیاری بکرێت. سێیەم وەکو ئاگادارن لەهەندێ کارگە ئەهلیەکان یاسای کار پێشێل دەکرێت، داوا دەکەم ڕێگا بدرێت بەو لیژنانە بۆ پشکنینی کار و، دەرماڵەیان پێبدرێت بۆ ئەوەی بتوانن ئیشەکەیان بەباشی بکەن، تێبینیەکی ترم هەیە،لە (چاودێری خێزان) لە سلێمانی (٣٥٠)خێزان هەیە، کە کاتی خۆی لە هەڵەبجە شەهید گەڕاونەتەوە و ناسنامەکانیان لێوەرگیراوە تا ئێستا ناسنامەکانیان بۆ نەگەڕاوەتەوە و، ئێستا پێویستیان بەیارمەتی هەیە، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجوومەن:**

تکا لە بەڕێز وەزیری تەندروستی دەکەین کە وەڵامی ئەوانەی کە باس کران بیداتەوە.

**بەڕێز د.کەمال شاکر محەمەد/ وەزیری تەندروستی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

لە پێشەکیدا حەز دەکەم بڵێم: پەیوەندییەکی باش هەیە لە نێوان لیژنەی تەندروستی وکاروباری کۆمەڵایەتی پەرلەمان و وەزارەتی تەندروستی و، هەمیشە چاومان بەیەک دەکەوێت و زۆر شت توانیومانە بەیارمەتی ئەوان دەستکاری بکەین، هەروەها زۆر پرسیار لێرە هەبوو کە وەڵاممان نەدایەوە ، چونکە لەوانەیە پاش چەند رۆژێکی تر بێتە چارەسەر کردن، تکایەکم هەیە کە پرسیارەکان با پێش چەند رۆژێک بۆمانی رەوانەکەن بۆ ئەوە کەوا بتوانین چارەسەری بکەین، پرسیارێک سەبارەت ئەوە کرا کەوا لەگەڵ دەرمانەکاندا کە رێکخراوە بیانیەکان دەیهێنن هاتووە، تاوەکو ئێستا هیچ زانیاریەکم لەسەر ئەوەی نییە کە لەگەڵ ئەو دەرمانانە جیهاز هاتبێت. پرسیارێکی تر هەیە دەڵێت نەشتەگەری لە نەخۆشخانەکان ناکرێت و لە نەخۆشخانە ئەهلیەکان بە پارەیەکی زۆر گران دەکرێت، وەکو هەمووتان باش دەزانن کە دەرمان نییە، ئەوە هۆی سەرەکی نەکردنی نەشتەگەریە لە نەخۆشخانەکاندا، هەروەها هەندێ نەشتەگەری هەیە کە پێی دەڵێن نەشتەگەری سار و، پێویست بەوە ناکات کە لە نەخۆشخانەکاندا نەشتەگەری بۆ بکرێت، لەبەر ئەوەی کە دەبێت دەست بە پێداویستەکانی نەخۆشخانەکانەوە بگرین. بەڵام بەداخەوە پێش هەموو شتێک و هەموو ئەزماتێکی ئێمە تووشی ئەزمەی ئەخلاقی بووینە من دەڵێم: زەمینەی ئەو باقی ئەزماتە کەوا لەپێش چاوە هەر ئەوەشە بازاڕی رەش دەرمان دەگرێتەوە هەر ئەوەشە کەوا تاقیگەکان ئیش ناکەن، چونکە دەرمانمان نییە، ئێمە ئەو لیستەشمان پێشکەش کردووە،کە بڕی یەکەم لە کە دەرمان بۆمان بێت، پێویستمان بە دووملیۆن دۆلار هەیە، ئێمە لەو بارەیەوە کەموکوورێمان زۆرە، ئەویش ناڵێم کە خۆ دزینەوە(تهرب)یە لە مەسئولیەتە، بەڵام ئەرکی سەرشانی وەزارەتە ئەویش بە رێگای هاوکاری و بە رێگای دەرگا لێدانی پزیشکە بیانیەکانە، هەروەها سەبارەت بە گومرک کردنی ئەو دەرمانانەی کە لە خاڵی ئیبراهیم خەلیل گومرک دەکرێت،بە راستی ئەو رسومە کەوا وەردەگیرێت لەسەر یاسای وەزارەتی تەندروستی لەسنوور (بدعە) نییە، ئەوە نیزامێکی عالەمییە هەرچی بێت بۆ کوردستان ئەبێت تاقیبکرێتەوە، هەرچەندە تاقیگە لەو شوێنەدا نییە، بەڵام ئەوە ئەرکی ئێمەیە کەوا چەن مادەیەکیان بۆ تەرخان کەین بۆیان. راستە کە لە دهۆک بووین هەر لە سنووری ئیبراهیم خەلیل چاومان کەوت بەو کارمەندانەی کەوا لەوێ ئیش دەکەن نەک بوەتە هەرا، بەڵکو بوەتە واسیتە واسیتەکاری کە کێ بچێتە ئەوێ، چونکە بەپێی ئەو یاسا کەوا رێژەی هاندان و داهاتیش وەردەگیرێت کە لە

( ٤٠٪ ) ودابەش سەر ئەو فەرمانبەرانە کەوا ئەو داهاتە وەردەگرن دەکرێت، واتە مانگی ( ١١ ) هەزار و ( ٧٠٠ ) دینار مەعاشی هەر برینپێچێک دەبێت، ئەگەر لەوێ ئیش بکات بۆیە ئەو خاڵەمان راگرتووە، ئەو لیژنەش دەبێت بمێنێت وهاندانەکەشیان بێتە بخشیشێکی باش.
بەڵام بە پێی یاسا ئەو نموونەیەی کە تاقی دەکرێتەوە حەقی هەیە لە نیو کیلۆ تا کیلۆیەک وەربگیرێت و، ئەو نموونەیەش ناگەرێتەوە، هەرچەندە ئێمە بریاری ئەوەشمان وەرگرت کەوا ئەو خاڵە دەبێت هەڵگیرێت. سەبارەت بە نەخۆشخانە ئەهلیەکانیشەوە کەوا کراوەتەوە، ئێمە لە کۆنفرانسەکەماندا باسمان کرد،بریاریشمان دا کە مۆڵەت بدرێتە ئەو نەخۆشخانە ئەهلییانە بەپێی یاسا، چونکە مەرجە یاساییەکانیان تیادایە،، بەڵام ئێمە تەنها لەسەر ئەوە وەستاوین، کە ئایا نەخۆشخانە و بنکە تەندروستیەکان بەشی کوردستان دەکەن، یا نە؟، ئەگەر بەشێوەیەکی چاک بکەوێتە ئیش و، بۆ ساڵی داهاتووش چیتر موڵەت نەدرێت کە نەخۆشخانەی ئەهلی تر بکرێتەوە، باسی ئێشک گری کرا، جارێکی تر باسی ناکەمەوە، چونکە لە راپۆرتەکەدا باسم کرد، سەبارەت بە کێشەی ناوچە دوورەکان، بۆ دهۆک هەموو ئەوانەی کە کۆلیژی پزیشکییان تەواو کردووە، هەر لە موسڵ ماونەتەوە ونەگەراونەتەوە بۆ دهۆک وئەمە بووەتە هۆی ئەوەی کە پزیشک لە شاری دهۆک کەم بێت و، هەروەها لە سلێمانی وهەولێریش بە هۆی باری ئابووریەوە کەسیان ناچن بۆ ئەو شوێنە دوورانە، ئێمەش لەگەڵ ئەنجوومەنی وەزیران باسمان کرد کەوا دەبێت دەرماڵەیەکی باش بۆ ئەو پزیشکانە دیاری بکرێت و، باری ئابووریبیان باش بکرێت. سەبارەت بە چاودێریش کە باس کرا، ئێمە چاودێریمان هەیە لەسەر ئوتێل وچێشتخانە و شوێنە گشتییەکان، بەڵام تەنها کێشەمان ئەوەیە کە سەیارەمان نییە بمان بات بۆ ئەو شوێنانە، هیواداریین کەوا بە زووترین کات ئەو کێشەیەمان بۆ چارەسەر بکەن، هەروەها چاودێریەکەشمان کردە مەرکەزی بۆ ئەوەی راستەوخۆ سەر بە سەرۆکایەتی تەندروستی پارێزگاکان بێت. سەبارەت بە نەبوونی پزیشکی دان لە هەندێ لە ناوچەکاندا، ئێمە بریارمان داوە کەوا کۆمەڵگای پزیشکی دان تازە بکرێتەوە. سەبارەت بە مەسەلەی نرخی دەرمان و پلیت و نەخۆشخانە ئەهلیەکان، لیژنەیەکمان پێک هێناوە بۆ ئەوەی لەم مەسەلەیە بکۆڵنەوە، بەڵام ئەگەر ئێمە شتێک مەنع کەین دەبێت شتێکیان پێشکەش کەین، تاوەکو بتوانین یەکخستنێک بکەین، بۆ ئەوەی ئەوانیش رۆڵی خۆیان ببینن.
سەبارەت بە یاسایی کار، ئێمە وەکو وتمان دوو شتمان هەیە، (وەرەقەی کارێکمان)هەیە لە شوێنی یاسای کار دەبێت پەسەند بکرێت و، ئەو شتانەی کە بەجێهێڵدراوە، بەجێ بهێڵدرێت، تاوەکو بریاری یاسای کار دەردەکەن. پرسیارێک هاتووە لەسەر نەخۆشی(انیمیا)واتە (کەم خوێنی)، بە راستی ئەوە کێشەیەکی زۆر گەورەیە، لەگەڵ هەموو رێکخراوە بیانیەکان باسی ئەوەمان کردوو، تەنها رێگەیەکمان هەیە ئەویش ئەوەی کە ئەو منداڵانەی کە تووشی ئەو جۆرە

نەخۆشیە دەبن دەبێت ببرێنە دەرەوەی وڵات بۆ چارەسەر کردنیان، ئەوەیش تاوەکو ئێستا وەڵامی نەهاتووەتەوە. ئەوە بوو وەڵامی من بۆ پرسیارەکانی بەڕێزتان هیوادارم کەوا توانیبێتم بە تێروتەسەلی وەڵامی پرسیارەکانم دابێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاسی بەڕێز وەزیری تەندروستی دەکەین، بەراستی ئەندامانی پەرلەمانیش نوێنەری گەلی کوردستانن و ئەزانن ئەو کۆسپانە چین، هەروەها دەزانین کە بێ پارەیی و بێ دەرامەتی هەیە و، هەمووی ئامێر و دەزگاکانی وەزارەتی تەندروستی پێویستیان بە چاک کردنەوە هەیە، بەڵام پارە نییە.

**بەڕێز حەسەن عەبدولکەریم بەرزنجی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

داوا دەکەم کە ماوە بدەن بە هەر فراکسیۆنێک یەک کەس قسە بکات، بۆ ئەوەی ئەگەر پرسیار، یا پێشنیاریان هەبێت بتوانن دەری برن، سوپاس.

**بەڕێز فەرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە دەزانین کەموکورتی هەیە، پێموایە بەڕێزتان داوا لە لیژانی تایبەتی بکەن کە ئەوان یەکەم جار قسە بکەن. دەبوایە پێشتر ئاگاداری لیژنە تایبەتمەندەکان بکەن و، بڵێن کە دوای دوو رۆژی تر فلان وەزیر دێت و، بچنە لای لە وەزارەت ولەگەڵی رێککەون بۆ ئەوەی لێرە زۆر قسە نەکرێت، لەسەر قسەکەی سەید حەسەن کە وتی: هەر فراکسیۆنێک یەک کەس بە کورتی قسە بکات، فراکسیۆنی ئێمە بەڕێز کاک ئازاد قەرەداغی، با ماوەی بدرێتێ قسە بکات، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاکە سەید ئەی فراکسیۆنی ئێوە کێیە؟.

**بەڕێز حەسەن عەبدولکەریم بەرزنجی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پرسیارێکم ماوە کە وەڵام نەدراوەتەوە، ئەویش سەبارەت بە پلیتی عیادە تایبەتیەکانە، ئایا وەزارەتی تەندروستی چاودێری لەسەر ئەم جۆرە پلیتانە داناوە؟ هەروەها دیاردەیەکی تریش هەیە کە زۆر ناشرینە، ئەویش سەر برینی ئاژەڵە لەسەر جادەکان، کە ئەویش زۆر شتێکی شارستانی نییە. بۆچی چارەیەکی بۆ ئەم دیاردانە ناکرێت؟، سوپاس.

**بەڕێز عەبدولکەریم کاکە حەمە عەبدولکەریم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

پرسیارەکەم ئەوە بوو ئێمە دەیان هەزار کەم ئەندام وهەتیومان هەیە، بەتایبەتی هی ئەنفالەکان، پێشنیار دەکەم و داواش دەکەم کە وەزارەت ولیژنەی تەندروستی وکۆمەلآیەتی پەرلەمان گرنگی پێبدەن، چونکە دەیان هەزاران کەس دەگرێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز ئازاد عەبدولقادر قەرەداغی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

من راپۆرتێکی زۆر دووردرێژم ئامادە کردووە، بەلآم هەندێکی ئەدەم بەسەرۆکایەتی ئەنجوومەنی نیشتمانی بۆ ئەوەی لەگەڵ بەڕێز وەزیری تەندروستی خۆیان چۆنیان پێچاک بوو بەو شێوەیە چارەسەری بکەن، من لەگەڵ ئەوەدام کە بەڕێز وەزیر فەرمووی هەندێ شتی هەیە راستە بەستراوە بە توانا و بەستراوە بە بارودۆخی تایبەتی کوردستانەوە، بەلآم زۆر شت هەیە لە دەسەلآتی وەزیردایە ئەتوانێت خۆی چارەسەری بکات. پزیشکی موقیم هەیە، بەلآم وەکو پێویستی ناتوانن ئیشەکانی خۆیان بکەن، لەبەر ئەو کەم دەرامەتییە کە نەخۆشخانەی رزگاری تا ئێستا ئۆتۆمبیلی فریاگوزاری نییە و، دەرمان لە نەخۆشخانەکان نییە، هەروەها لیژنەی سەرپەرشتی زۆر پێویستە، چونکە ئێستاش بۆردی نەخۆشخانەی رزگاری بە ناوی نەخۆشخانەی سەدامە، سوپاس.

**بەڕێز د.کەمال شاکر محەمەد/ وەزیری تەندروستی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

سەبارەت بە مەسەلەی نرخی پلیتی نەخۆشخانە و عیادەکان باسمان لێ کردووە، بەلآم ئەوە پەیوەندیی بە ئاستی خزمەت گوزاری تایبەتەوە، بەلآم لەگەڵ ئەوەشدا ناتوانین هیچ شتێک بکەین، بۆ ئەوەی نرخی ئەو پلیتانە دیاری بکرێت. سەبارەت بە مەسەلەی حیوان سەربرین ئەوە دیاردەیە پەیوەندیی بە ئێمەوە نییە، بەلآم لەگەڵ ئەوەشدا نووسراومان بۆ جێگا پەیوەندیدارەکان کردووە، کە چارەیەک لەم دیاردە نا شارستانیەتە بکەن. سەبارەت بە سەیارەی فریاگوزاری ئێمە لیستێکی گەورەمان هەیە کە لە هەولێر (١٦٧)ئۆتۆمبیلی فریاگوزاری لاندگرۆز پیکاب هەیە و، لەلای حزبەکانە و، بە نووسرا داوامان لە مەکتەبی سیاسی و وەزارەتی ناوخۆ و بەڕێوەبەرایەتی هاتووچۆ کردووە، کە بۆمانی بەگەڕێننەوە. سەبارەت بە ئاگرێ ئێمە نازانین تاوەکو ئێستا ئاگرێ سەر بە سەرۆکایەتی تەندروستی موسڵە، یا نە؟ دەبێت سەرۆکایەتی تەندروستی دهۆک لەو مەسەلەیە بپێچێتەوە و، هەروەها نەبوونی دەرمانخانە لە ئاگرێ، ئەو رۆژە بربن پێچێک هاتبوو وداوای ئەوەی دەکرد کەوا بە رێگای یاساوە مۆڵەتی بدرێتێ دەمانخانە

بکاتەوە، بەڵام بە گوێرەی یاسا نابێت مۆڵەت بدرێتە هەموو کەسێک کەوا دەرمانخانە بکاتەوە، جا هەر لەبەر ئەوە داوامان کرد دەرمانێکی زیاد بچێت بۆ ئاکرێ هەتا بتوانێت چارەسەری کێشەی نەبوونی دەرمانخانە بکات، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجوومەن:**

زۆر سوپاسی بەڕێز وەزیری تەندروستی دەکەین جارێکی تریشی هیوای سەرکەوتنتان بۆ دەکەین لە بەڕێوەبردنی کاروباری وەزارەتەکەتان بۆ بەرژەوەندیی گشتی. دانیشتنی ئەمڕۆمان تەواو بوو، دانیشتنی داهاتوومان سبەینێ سەعات (٩،٣٠) بەیانی دەبێت، زۆر سوپاستان دەکەین.

**فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵلا**
**سکرتێری ئەنجوومەن**

**نەژاد ئەحمەد عەزیز ئاغا**
**جێگری سەرۆکی ئەنجوومەن**

**جوهر نامق سالم**
**سەرۆکی ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق**

# پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (٧٤)

پێنج شەممە رێکەوتی ١٩٩٢/١٢/٣١

# پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (٧٤)

## پێنج شەممە ڕێکەوتی ١٩٩٢/١٢/٣١

***کاتژمێر (١٠) سەرلەبەیانی ڕۆژی پێنج شەممە، ڕێکەوتی (١٩٩٢/١٢/٣١)، ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستان بە سەرۆکایەتی جێگری سەرۆک بەڕێز نەژاد ئەحمەد عەزیز ئاغا و، بە ئامادەبوونی بەڕێز فەرسەت ئەحمەد عەبدوللا سکرتێری ئەنجوومەن، دانیشتنی ژمارە (٧٤)ی خولی یەکەمی ئاسایی سالّی یەکەمی خۆی بەست.***

***سەرەتا ڕادەی یاسایی دانیشتنەکە لەلایەن دەستەی سەرۆکایەتیەوە چەسپێنراو، ئەوجا بەڕێز جێگری سەرۆک بەناوی خوای بە خشندەو میهرەبان دانیشتنەکەی بەناوی گەلی کوردستانەوە دانیشتنەکەی دەست پێکرد.***

***بەرنامەی کار:***

***١- پێشچاو خستنی پرۆژەی یاسای گەڕاندنەوەی مالّومولّکی ئەو کەسانەی، کە بە هۆی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردستان دەستیان بەسەر داگیراوە.***

***٢- خوێندنەوەی ڕاپۆرتی لیژنەی پشکنین و لێکۆلّینەوە لە چۆنیەتی دابەش کردنی کەلوپەلی خۆراک لە پارێزگای کەرکووکدا.***

***٣- تازە بابەت.***

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجوومەن:**

بەرنامەی کار لە بەردەمی بەڕێزانتاندایە کە بریتییە لە بەرچاوخستنی پرۆژەی یاسای گەڕانەوەی مالّ ومولّکی ئەو کەسانەی کە بەهۆی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردستانەوە دەستیان بەسەر داگیراوە و، هەروەها ئەگەر ماوە هەبوو خوێندنەوەی ڕاپۆرتی کێشەی لێکۆلّینەوە چۆنیەتی دابەشکردنی خواردەمەنی لەپارێزگای هەولێردا.

بۆ تازە بابەت فراکسیۆنەکان هیچ پێشنیارێکیان هەیە؟.

**بەڕێز فەرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئاسایشی هەولێر ماوەکە پارەی (بەخشین) کۆدەکاتەوە ئێمەش دژی بەخشین نین، بەلاّم دژی شێوەی کۆکردنەوەکەین، ئەگەر ماوە هەبێت بەڕێز شێخ عەدنان قسە لەسەر ئەو بابەتە دەکات، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجوومەن:**

ئەو خالّە لە کاتی خۆیدا باسکراوە وابزانم تاکو ئێستاش بریارێک لەپەرلەمانەوە بۆ ئەم مەبەستە دەرنەچووە، ئێمە نووسراوێک ئاراستەی ئەنجوومەنی وەزیران و وەزیری ناوخۆ دەکەین و، داوای

وەلامیان لێ دەکەینەوە، کە وەلامەکە هات ئەنجا ئێمە ئەیدەین بە بەڕێزانانتان، ئەگەر ببوورن ئەمڕۆ بابەت زۆرە بەتایبەتی گەڕانەوەی ئەو ملکومالّی پێشمەرگانەی کە لەسەر نیشتمان پەروەردەی لێیان داگیر کردوون.

**بەڕێز فـــــرەنســـــۆ تـۆمــــــا هـەریـری:**

**بەڕێز ســـــــەرۆکی ئـەنجــــــــومـــــــەن.**

زۆر چاکە با بەڕێز عەدنان نەقشبەندیی لەگەلّ وەزیری ناوخۆ و، سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران رێک بکەوێت، سوپاس.

**بەڕێز جـــێگری ســــەرۆکی ئـەنجــــوومــــەن:**

بەڕێز عـەدنان ئەتوانێ راپۆرتێکمـان لەو بارەیەوە بداتێ ئەینێـرین بۆ ئەنجـوومـەنی وەزیران و وەزارەتی ناوخۆ و، پێشنیار دەکەین وەکو سەرۆکی لیژنەی یاساش بچێت ئەوەیان لەگەلّدا باس بکات. رۆژی یەکە شەممەش سەعات (٩.٥)و، خالّی هەرە سەرەکی لە کۆبوونەوەی یەک شەممەدا پێخۆشحالّین و رای ئەگەیەنین کە برای بەڕێزمان سەرۆکی ئەنجوومەن بەڕێز (جوهر نامق سالم) لە سەردانەکەی گەڕاوەتەوەو، راپۆرتێک پێشکەش دەکات دەربارەی ئەو ئەرکەی کە بەڕێزتان پێیتان سپاردبوو. بەپێی پێڕەوی ناوخۆ ئەبێ پاش چوار مانگ پشوو ببوایە وئەمە بوو بە (٧) مانگ. لەم ماوەیەدا ئەو ئەرکە قورسەی کە بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان خستیە سەرشانمان بە هۆی سەفەرکردنی، توانیمـان بەراستی بەهاوکاری بەڕێزانـتان و، بەڕێز سکرتێری پەرلەمـان و، سەرۆکایەتی سەرۆکایەتی هەردوو فراکسیۆنەکە و، برایانی مەسیحی لە لیستی مۆردا هەندێک لەو کارانەی جێبەجێ بکەین لەوانە، (٣٢) دانیشتنمان کرد کە هەندێ بریار و، یاسای گرنگمان وەرگرت.

دوو سێ بابەت هەیە کە لەم ماوەیەدا روویانداو، گفتوگۆی لەسەر کراوە.

یەکەم: بابەتی ئاشکرایی دانیشتنەکان، ئێمە وەکو رایەک دیموکراتیەتی بەراست دەزانین، کە دانیشتنەکان بە ئاشکرایی بێت و، ئێمە زۆر بەشانازیەوە ئەلّێین دیموکراتیەت و، پاراستنی مافی مرۆڤ دروشمی هەرە بنەڕەتی پەرلەمان و، حکومەتی هەرێمە ئەوە بۆتە هۆی ئەوەی رێزێکی زۆرمان لەلایەن ولاّتانی جیهانەوە لێ بگیرێ.

ئەوە بە دووردرێژی بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان بۆتان باس دەکات، لەوانەیە هەندێک رەخنە بێنێتە سەرمان ئەویش بەوەی کە با فلاّنە شت بلاّونەکرێتەوە،یافلاّن ئەندام بە دەنگی بەرز قسە نەکات، یاخود هەندێ رەخنە ئەگیرێت لە وەزارەت ناڕەوایە با ئەمە لە کۆنووسی دانیشتنەکاندا بسرێتەوە، ئێمە ئەوانەمان بەراستی وەرنەگرت کە ئەگەر ئاشکرایی دانیشتنەکان نەبوایە ئەم هەراو بەزمە لەسەر ئەوەی هەموو یەکێک قسەبکات ئەوەش نە ئەبوو، بەلاّم جەماوەر مافی ئەوەی هەیە کە بزانن ئێمە چی دەکەین بۆ ئەو جەماوەرەی کە ئێمەی هەلّبژاردووە، هەندێک رەخنەی هەبوو، یەکێک لەو رەخنانەی کە ئەمان بیستەوە ئەوە بوو کە زمانی رەسمی پەرلەمان

بووە بەزمانی عەرەبی ئەوەش لەوەوە هاتبوو کە وەزارەتەکان لەبەر خێرایی پێشکەش کردنی ئەو یاسایانەی کە ئەیانەویت ناچار بوون بە زمانی عەرەبی پێشکەشی بکەن، بەڵام ئەمە وەکو بریارێک نەبوو کە ئێمە زمانی پەرلەمان بکەین بەزمانی عەرەبی، بەپێچەوانە هەرچی شتێک لە پەرلەماندا باس کراوە بە کوردی باس کراوە. کە ئێمە زمانی عەرەبی ریزی لێ دەگرین و، ناشیکەین بە زمانی رەسمی، چونکە بە هەموو یاسایەک زمانی کوردی زمانی رەسمیمانە.

دووەم: خاڵێکی تر هەیە باسی دەکەم ئەویش تەبایی و هاوکارییە لە نێوان فراکسیۆنەکاندا، لێرە کە ئێوە نوێنەری میللەتن بەرای ئێمە ئەو تەبایی و، هاوکارییەی کە ئێستا هەیە لە ریزی بەرەی کوردستاندا بەتایبەتی دوو هێزە سەرەکییەکە، پارتی دیموکراتی کوردستان و، یەکێتی نیشتمانیی کوردستان و، بەرێزان کاک مەسعود و مام جەلال هەیە، وابزانم هەموو لایەک هەستی کردووە کە جەماوەر ئەو تەباییەو ئەم هاوکارییە زۆر بەگرنگتر دەزانێ لە راگەیاندنی فیدرالیەتدا، چونکە هەموو ئەو هەنگاوانەی کە نراوە تا ئێستا ئەوە کرا کە ئەو هەنگاوە بنرێت، ئەگەر ئەو هاوکاریەو تەباییە لە نێوان ئەو دووهێزە سەرەکییە نەبوایە نە وەزارەتی پێشمەرگە پێک ئەهات، نە هەنگاو ئەنرا بۆ ئەوەی هێزی پێشمەرگە یەک بخرێت نە ئەو ناوبانگە دەوڵەتییە باشەشمان ئەبوو، لەبەر ئەوە بوو کە ئێمە بەراستی یەکگرتوو بووین. ئێمە کە بەرژەوەندی جەماوەر ئەزانین، پێویستە هەروەکو پیشانتاندا لەناو ئەنجوومەندا کە نوێنەری ئەو جەماوەرەین ئێمە نموونە بین بۆ پتەو کردنی ئەو تەبایی و برایەتیە. دەربارەی ئەوە لەگەڵ بەرێز مەسعوددا قسەمان دەکرد ئەو وتی، «کە ئەگەر رۆژێ لە رۆژان ئەم ئەزموونە خوانەکا لە ئەنجامی حزبایەتی تەسک و ناکۆکی وەکو لە رابردوودا روویداوە تێک بچێت ئەوە، مێژوو رەحم بەکەس ناکا و، خەڵک ئەوسا ناڵێن: ئەمە هەڵەی بەرێزان کاک مەسعود، یان مام جەلال بوو، بەڵکو خەتاکە ئەکەوێتە سەر هەردوو لا». ئەنجا ئەمە خاڵێکی زۆر بنەرەتییە لەم قۆناخەدا کە بەراستی هەموو کەسێک بەقولی ئەبێت سەیری بکات، ئەبێت خۆی رەوشتی خۆی با بەس بێت هەراو بەزم ولەسەر فلان وەزیفە یاپایەو پلە بۆ کێ بێت و، بۆکێ نەبێت ئەوە شتێکی گرنگ نییە، گرنگ ئەوەیە ئەم یەکێتییە ئەم تەباییە، ئەم دۆستایەتیەی ناو پەرلەمان و، دەرەوەی پەرلەمان بپارێزرێت. جارێکی تریش زۆر سوپاسی هەمووان ئەکەم بۆ ئەو هاوکاریەی کەلەگەڵتاندا کردین بۆ ئەوەی ئەو ماوەیە بتوانین کاروباری ئەنجوومەنی نیشتمانیی بەرین بەرێوە وداوای لێ بوردن دەکەم لەهەموو ئەندامان، هەرچ هەڵەیەک لە سەرۆکایەتی روویداوە بەتایبەتی ئەوەی کە پەیوەندیی بەمنەوە هەیە.

**بەرێز حەسەن عەبدولکەریم بەرزنجی:**

**بەرێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

بەراستی جێی شانازییە کە پەرلەمانی هەڵبژێراوی کورد کۆبێتەوە و، مەسەلەی میللەتەکەیان باس بکەن و، چارەسەری گیروگرفتەکەیان بکەن و،پێموایە ئێمە یەک نەبوونمان نەمانە، کورد نەک ئێستا لە کۆنەوە سەلماندویەتی پێی لە هەموو بەرژەوەندیی وکەسایەتی تایبەتی دێنێ لە

پێناو بەرژەوەندی میللەتەکەمان و، میللەتی ئێمەش ئەو میللەتەکی فیداکارە و، خەباتی چەند ساڵەی داوە شایان ئەوەیە بەرژەوەندیی حزبایەتی بنێینە لاوە لە پێناو بەرژەوەندیە گشتییەکە.
ئەو قۆناغەی ئێستا تیایداین پتر بەرەو یەکبوون دەڕۆین، میللەتەکەشمان ئەو ئومێدەی بەئێمەیە و، ئێمەش کە نوێنەری میللەتین دەبێ بزانین میللەتی ئێمە چی دەوێت؟ بۆی جێبەجێ بکەین. بێگومان میللەتی ئێمەش یەکبوونی دەوێت.
سوپاسی بەڕێزتان و بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان دەکەین کە بەو شەش مانگە توانیمان بچینە قووڵایی گیروگرفتی میللەتەکەمان و، زۆر بە وردی لێی بکۆڵینەوە چارەسەری بۆ بدۆزینەوە، سوپاس.

**بەڕێز فەرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

زۆر سوپاس بۆ قسە بەڕێزەکانت منیش بەناوی خۆم وبرادەرانم لە فراکسیۆنی پارتی داوای لێ بوردن دەکەم ،ئەگەر جارێک لە جاران هەندێک بێ نیزامیمان کرد بێ، یان قسەی توندمان کردبێ، یان رەخنەمان لە بەڕێزتان گرتبێ، دووبارە داوای لێ بوردن دەکەم، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجوومەن:**

من ئەوە بە دیاردەیەکی راستی دەزانم کە مرۆڤ لە نێوان خۆیاندا جیاوازیان هەبێت مادام ئامانجمان یەکە، چ سەرۆکایەتی چ ئەنجوومەن ئەوە بەراستی دیاردەیەکی دیموکراتییە هەر چەندە بەڕێز بەختیار داوای کرد ئەو گفتوگۆیەی من و، بەڕێز فەرەنسۆ لە پرۆتۆکۆلدا لاببرێت، بەلام من رازی نەبووم، چونکە ئەوە شتێکی زۆر سروشتییە.

**بەڕێز فەرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

لەسەر داواکاری بەڕێزان ئەندامان پێشنیار دەکەم بەبۆنەی سەری ساڵەوە، ئەگەر ئەو دانیشتنەی لەگەڵ بەڕێز سەرۆکی پەرلەماندا دەکرێت دوابخرێت بۆ رۆژی سێ شەممە یان چوارشەممە رەنگە خراپ نەبێت، سوپاس.

**بەڕێز حەسەن عەبدولکەریم بەرزنجی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

بێگومان بەڕێز فرەنسۆ مەبەستی گشت ئەندامانی دهۆک وسلێمانییە بە هەردوو کتلەکەوە، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجوومەن:**

لە راستیدا کە بیرمان لە رۆژی یەک شەممە کردەوە مەبەستمان ئەوە بوو رۆژی هەینی سەری ساڵی تازەیە جارێکی تریش پیرۆز باییان لێ دەکەین کە جەژنی هەمووانە بەتایبەتی لە برا مەسیحیەکان، بەلام لەبەر ئەوەی ئەو پشووە ئەکەوێتە رۆژی هەینی، ئەنجوومەنی وەزیران

بڕیاریدا کە شەممەش پشوو، لەبەر ئەوە یەک شەممەمان دانا بۆ ئەوەی ئەندامان پاش رۆژی یەک شەممە یەکسەر سەفەر بکەن.

**بەڕێز عـــەدنان مـــحـــمـــەد نەقـــشــبـــەندیی:**

**بەڕێـز ســـــــەرۆکی ئـەنجـــــــومـــــــەن.**

دوێنێ لەکاتی گفتوگۆ کردنی بابەتی دادگای پێداچوونەوە بەڕێز ئەیاد کە بەراستی لە هەموومان ماندووتره گلەییەکی بچووکی لێ کردم، ئەوە مـافی خۆشی بوو چونکە لەسەر سەکۆ (منصـه) دانیـشـتبـوو، چونکە ئەو ئەندامانەی لەوێ دائەنیشن نوێنەرایەتی لیژنەی یاسا دەکەن جا هەر پرسیارێک لە پرۆژەکەدا هەبێت مافی خۆیانە وەڵامی بدەنەوە.

خـاڵێکی تر لەوانەیە هەندێک گلەیی لە لیـژنەی یاسـا کـرا بێت کـە ئەو پرۆژەیە تۆزێک دواکەوتووە. بەراستی ئەمە بابەتێکی زۆر فراوان و، گرنگە و، ئێمە پرۆژەمان لە ئەنجـومەنی وەزیراندا بۆ هاتبوو کەرای هەندێ پسپۆڕانی لەسەر وەرگیراوە، دواکەوتنەکەش کەم تەرخەمی لیژنەی یاسا نەبوو، سوپاس.

**بەڕێـز ئـەیـاد حـــــاجی نـامـق مـــــەجـــــیـــــد:**

**بـەڕێـز ســـــــەرۆکی ئـەنجـــــــومـــــــەن.**

ئێـمە کـاتی خـۆی پرسیـارێکمـان ئاراسـتەی سەرۆکایەتی پەرلەمـان کرد بۆ ئەوەی قسە لەگەڵ ئەنجوومەنی وەزیراندا بکرێت کە ئەو موڵکانەی دەستیان بەسەر داگیراوە دیاری بکرێن و، لە هەر پارێزگایەک لیژنەیەک پێک بێت بۆ دیاریکردنی ئەو حاڵەتانە، بۆ ئەوەی ئێمە بڕیارێکی لەبارەوە بدەین.

ئەوەی لە ئەنجـومـەنی وەزیران هات هەر بەتەنهـا هەندێ حـاڵاتی دیاریکرد بوو ئـێـمـەش پاش پەیوەندییمان بە بەڕێزان دادوەرەکان و، بەڕێز وەزیری داد و، چەند خەڵکێکی پسپۆڕەوە کرد بۆ ئەوەی رێگە چارەیەکی رێکوپێک بۆ ئەو کێشـەیە بدۆزنەوە. جا ئەوەی ئێستـا دەیخوێنمەوە بۆ بەڕێزتان رای لیژنەی یاسایە لە کۆتایدا شتێک دەمێنێتەوە کە دوو را هەیە ئەویش شتێکی کۆتایی نییە، بەڵکو دوو بۆچوون هەیە بۆ چارەسەر کردنی ئەو حاڵەتانە.

بسم الله الرحمن الرحيم

باسم الشعب

المجلس الوطني لكوردستان العراق

قرار:

استـناداً الى احكام الفـقـرة (١) من المادة (٥٦) من القـانون رقم واحـد لسنة ١٩٩٢، قـرر المجلس الوطني لكوردستان العراق بجلسته المنعقدة بتأريخ / / أصدار مايلي:

قانون اعادة الاموال المصادرة بسبب الحركة التحررية الكردستانية لمالكيها الاصليين:

المادة الاولى: الغاء المصادرة والحجز للاموال المنقولة وغير المنقولة التي تمت من قبل الانظمة

العراقية المتعاقبة بحق المساهمين في الحركة التحررية الكردستانية وذويهم او بسببها من ١١/٩/١٩٦١ او اعادة تسجيلها باسماء اصحابها الاصليين في اقليم كوردستان العراق.

**بەڕێز د.قاسم محەمەد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

خاوەنی ئەسڵی موڵكەكە هەر كێیە بچێت داواكاری بدات بە فەرمانگەی تاپۆ تاكو مامەڵەی گەڕانەوەی بۆ بكرێت، ئەگەر وابێ من دژیم، بەڵام ئەگەر ئۆتۆماتیكی بگوێزرێتەوە ببێت ئەوە چاكە، سوپاس.

**بەڕێز د.عیزەدین مستەفا ڕەسول:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

من كە دەربارەی زمانی كوردی قسە دەكەم مەبەستم ئەوە نییە كە لە هەموو كورد كوردترم، بەڵام لە هەموویان زیاتر پەیوەندییم بە زمانی كوردییەوە زیاترەو، زیاتر لەسەر كوردیم نووسیوە.

سەبارەت بە وەرگێڕانی یاساكان بۆ زمانی كوردی من و، بەڕێز حسێن عارف ئامادەین یاساكان بە كوردی دابڕێژین، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆكی ئەنجومەن:**

تكایە ئەو ئەركە مەخەنە سەر شانی خۆتان، چونكە دانانی یاساكان كە لە وەزارەتەكانەوە دێت لە پەرلەماندا نییە خۆیان لە ڕاستیدا زۆر بەبارێكی گرانی ئەزانن بۆ ئەو سەرچاوانەی بەعەرەبی بخوێنینەوە جا وەریگێڕن باشترەو، جەنابت شارەزای ئەبی هەردووكی بخوێنرێتەوە.

**بەڕێز د.عیزەدین مستەفا ڕەسول:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

سەبارەت بە یاساكەوە بەشانازیەوە ئەڵێم (٢ـ ٣) مانگ لەمەو پێش پێشنیاری ئەم جۆرە یاسایەم كرد، بەڵام مەرج نییە هەموو شتێك بچێتە یاساوە هەندێ شت لەوانەیە بە ڕێنمایی دەربچێ، ڕاستە شتێكی باشە كە یاسا هیچ كەلێنێكی تیادا نەبێت، بەڵام ناشبێت هەموو شتێك بچێتە ناو یاسا، سوپاس.

**بەڕێز ئەكبەر حەیدەر موسا:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

لە ناوچەكانی ژێر دەستی دوژمن وەكو (كەركووك و، خانەقین و، عەقرە و، شێخان) پێشمەرگەی زۆرمان هەیە هیچ لەخاڵەكانی ناو یاساكەدا باسی ئەوەی تیا نەكراوە تاكەی ئەوانە هەر زەرەرمەند ئەبن و، بۆچی پەرلەمان و، حكومەتی كوردستان چارەیەكیان بۆ ناكات؟، سوپاس.

**بەڕێز بەختیار حەیدەر عوسمان:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئێمە كاتی خۆی پرۆژەیەكمان پێشكەش كردو، ئەندامانی لیژنەی یاساش ڕای خۆیان دەربڕیوە

لەسەری. لە مادە (١) دەڵێ: (مصادرة وحجز الاموال المنقولة وغير المنقولة التي تم ......) من دووتێبینیم لەسەر ئەم مادەیە هەیە:
یەک: بەبڕوای من ئێمە دەسەڵاتی هەڵوەشاندنەوەمان نییە لەبەر ئەمە ئەو شتە بەیاسا کراوە، بەڵام ئێمە دەسەڵاتی ڕاگرتنمان هەیە ئەتوانین بڵێین (اعاده العقارات المصادره) داڕشتنەکەشم بۆتان ئامادە کردووە ئێستا بۆتان دەخوێنمەوە دەتوانین بڕیاری لەسەر بدەین.
المادة الاولى: اعادة العقارات المصادرة والملغاة او مفسوخة العقود والمحجوزة من قبل الانظمة العراقية المتعاقبة بسبب مساهمة اصحابها في الحركة التحررية الكردستانية وذويهم منذ ١١/٩/١٩٩٢ الى اصحابها الشرعيين.
خاڵی دووەم دەربارەی خانووەکانی ئیسکانە کاتی خۆی کە بەڵێنەکانی موڵککردن (عقود التمليک) دراوەتە خەڵک و، زۆربەیان پارەیان بەتەواوی نەداوە، یاخود تۆمار نەکراوە، یاخود لەوانەیە دووبەش پارەکەیان داوە بەشێکی زۆر کەمی ماوە لەسەریان و، بوون بەپێشمەرگە، سوپاس.

**بەڕێز بارزان خالید عەزیز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

مەسەلەی خانووەکانی ئیسکان بەتەنیا کێشەی هەولێر نییە، بەڵکو لە سلێمانی ودهۆکیش هەمان کێشە هەیە.
ساڵی (١٩٧٤) کە پەیوەندیمان بە شۆڕش کرد ڕژێم خانووەکانمانی بەسەر (امن واستخبارات)دا دابەش کرد عەقدی ئێمەیان هەڵوەشاندەوە لەبەرئەوەی لە یەکێ لە بڕیارەکاندا دەڵێ ئەگەر کرێی خانوو نەدرێ ئەوە عەقدەکە هەڵدەوەشێتەوە، لەگەڵ ئەوەشدا ئێمە پارەیەکی زۆرمان خەرج کردبوو لەم خانووانە. ئێستا بەپێی بڕیارەکەی (مجلسی قیادەی ثورە)عەقدەکان هەڵوەشاوەتەوە، ئێمە هیچ مافمان تێدا نەماوە و، ئەو پێشنیارەی بەڕێز بەختیار کردی زۆر شتێکی باشە بۆئەوەی مافی ئەو پێشمەرگانە نەسووتێ کە لەمێژە دەربەدەرن، سوپاس.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پێش هەموو شتێک هەڵوەشاندنەوەی یاسا هەقی کوردە و، دەسەڵاتی ئێمەیە لە پەرلەماندا و، پێویستە زۆر چاودێری مافی ئەوانە بکرێ کە ماڵ وموڵکیان زەوت کراوە، ئەو ئەندامەی هاتوونەتە پەرلەمان لە ئەنجامی خوێنی شەهیدانەوەیە لەبەر ئەوە دەبێت زیاتر چاوی ئێمە لە هەموو مافی شەهیدان بێت، بەتایبەتی ئەوانەی کەماڵیان زەوت کراوە، سوپاس.

**بەڕێز مەلا تەها محەمەد تەها:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ڕەخنەم لەسەر بەروارەکەیە، چونکە دەبوایە لە ساڵی (١٩٦٠) وەو بوایە، چونکە لەو کاتەدا

پارتی دەستی کرد بە ڕێکخستن زۆر کەس فەرمانی گرتنی دەرچووەوماڵیشیان دەستی بەسەر داگیراوە ئێستا ئەوانە ناگرێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵلا/ سکرتێری ئەنجوومەن:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

تێبینیەکەم لەسەر بەرواری (١٩٦١/٩/١١)، چونکە حاڵەتەکانی دەست بەسەرداگرتن (مصادرە) پێش بەیانی (١١)ی ئازار چارەسەر کراون بەرای من بەروارەکە ببێتە (١٩٧٣/٣/٢٠) پاش تەواو بوونی شۆڕشی ئەیلوول، چونکە پێش ئەومێژووە هەمووی چارەسەر کراوە پێویست نییە دەقی لەسەر بکەین جارێکی دیکە، سوپاس

**بەڕێز کاکەڕەش محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

سەبارەت سەرنجی دکتۆر قاسم کە فەرمووی وشەی (اعادة التسجيل) زیادە، بەتەئکید ئەبێت ئەم وشەیە هەبێت، چونکە کە ماڵێک دەستی بەسەر داگیراوە، دەبێ قسەیەکی لێ بکەی کە بۆ کێ بگەڕێتەوە کە دەڵێن (اعادة) واتا دووبارە تۆمار دەکرێتەوە بەناوی خاوەنەکەیەوە.
دەبارەی تێبینییەکەی د. عیزەدین، ڕێنمایی لەپەرلەمانەوە دەرناچێت، ئەو یاسایانەی کە لە پەرلەماندا دەردەچن مادەیەکی دەخەینە سەر وەزارەتەکە، وەزارەتی پەیوەندیدار دەسەڵاتی پێ دەدرێ کە هەندێک ڕێنمایی دەربکات بەمەرجێک لە چوار چێوەی یاسادا دەرنەچێ.
سەبارەت بە تێبینی بەڕێز ئەکرەم، ئێمە ئێستا باسی قەرەبوو (تعويض) ناکەین.
ئەو پێشنیارەی بەڕێز بەختیاریش کردی، ئەویش دەبێ بەبڕیارێک چارەسەر بکرێ نەک بەیاسا.
بەڕێز جمیل سندیش هەندێ پەلەی کرد ئەگینا ئەو حاڵەتانەی ئەو باسی کردن لەیاساکەدا باس کراون.
بۆ سەرنجەکانی بەڕێز فەرسەت، ئێمە گوتمان نەوەک حاڵەتێک مابێ کە چارەسەر نەکرابێ بۆیە گەڕاینەوە بۆ ئەو مێژووە، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجوومەن:**

لە رایەکانی لیژنەی یاسا تێ گەیشتم کە ئەوانیش لەگەڵ ئەوەن بەرواروی (١٩٦١/٩/١١) نە چەسپێنری وهەر بە رەهایی بمێنێتەوە، بەڵام با (١٩٦١/٩/١١) دانەنرێ مادام جەنابتان لە سەرنجەکانی خۆتاندا دەڵێن، نەک حالاتی تایبەتی مابێ.

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

من یەک تێبینیم هەبوو ئەویش ا(عادە)یە نەک (الغاء) کە ئێمە دەسەڵاتی ئیلغامان نییە، من پێموایە رایەکی وابەرەو دروست بوون دەڕوات لەناو لیژنەی یاسایش کە ئێمە دەسەڵاتی هەڵوەشانەوەی یاسامان هەیە، ئێستا ئێمە دەسەڵاتی مەرکەز بەڕێوە دەبەین و، هەتا

بارودۆخەکەی مەرکەزیش وابمێنێ ئێمەش بەردەوام دەبین، چونکە ئەگەر بڵێین (تجميد القوانين والقرارات والتوجيهات والاوامر الصادرة) ئەو کاتە(تجميد)کە یەکلا ناکرێتەوە، سوپاس

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەن:**

لە پاساودانی کێشەی (اعادە) و (الغا) من وەکو سیاسیەک )(الغاء)م لا پەسەندە، بەڵام نەک بەو مەرجەی کە بەڕێز ئەیاد باسی کرد، ئێمە کە وتمان ئەو بارودۆخەی لە هەرێمدا هەیە کیانێکی فیدراڵی لەناو عێراقێکی یەکگرتووی دیموکراتیدا مانای ئەوە نییە دەوڵەتێکی سەربەخۆمان دانا ئەوە تەنها لایەنی سیاسیەکەیە ئەمەوێت لەو شتە تەئکید بکەم، بەڵام پاکانەی یاساکانی تر چی دەبێ، بەو ئیعتبارەی کە هەرێمی کوردستان کیانێکی فیدرالیە لە چوار چێوەی عێراقێکی دیموکراتییەوە ئێمە دەوڵەتمان رانەگەیاندووە لەبەر ئەوە مافی ئەوەمان هەیە شتی مەرکەزی گوێ نەدەینێ.

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

منیش تەئکید لەسەر قسەی بەڕێزت دەکەم، بەڵام مەسەلەکە کاتی خۆی کە ئێمە لە لیژنەی یاسا و، رای زۆربەی زۆری دادوەر و پسپۆرەکان ئەوە بوو کە ئێمە لەبەر ئەوەی سەرچاوەی یاساکە نین ناتوانین هەڵیبوەشێنینەوە، بەڵام دەتوانین رایبگرین (تجميد) بکەین، بەڵام بۆ ئەو حاڵەتی(الغای موصادەرە) بەراستی لەبەردەم دەرگایەکی داخراو داین.

سەبارەت رای تایبەتی خۆم تەئکیدم لەسەر ئەوەکرد تا وتم رایەکە واپێ دەگا لەناو لیژنەی یاسا و، تا ئێستا یەکلا نەبووەتەوە کە هەندێ یاساو بڕیار هەیە دەبێ (الغاء) بکرێن، بەڵام مەبەستی من بۆ ئەوە نییە کە ئێمە دەوڵەتمان راگەیاندووە، سوپاس.

**بەڕێز حەسەن عەبدولکەریم بەرزنجی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

هەر چەندە لیژنەی یاسا رایەکانیان لە جێگای خۆی بوو، بەڵام لەلایەنی(الغاء واعادە) ئێمە یاسامان (الغاء) نەکردووە، بەڵکو شوێنەواری ئەو یاسایەمان هەڵوەشاندۆتەوە، سوپاس.

**بەڕێز کاکەرەش محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

خۆی بابەتی بەرواری (١١) تەنها (من باب الاحتياط) وەکو پێشکەشم کردن، چونکە دەترسێم حاڵەتێک چارەسەر نەکرابێ و، مانەوەشێ بەرای من زەرەری نییە، بەڵکو سوودی هەیە، چونکە حاڵەتەکەی وەکو مامۆستا تەها فەرمووی لەوانەیە ئەو حاڵەتانە لە ساڵی (١٩٦٠) و، مابێت ولە(١٩٧٠)دا چارەسەر نەکرابێ، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئێستا با دەنگ لەسەر مادەی (١) بدەین و، بزانین بەرواری (١٩٦١/٩/١١)هەبێ، یا نا؟.

کێ لەگەڵ ئەوەدایە مادەی (١) وەکو خۆی بمێنیتەوە؟.. تکایە دەست بەرز بکاتەوە.. دەست بەرز کرایەوە.. سوپاستان دەکەین.. کێ دژە؟.. کەواتە بەزۆربەی دەنگ مادە (١) پەسەند کرا.

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**

المادة الثانية:

١- تتم معالجة الاثار الناجمة عن حالة تنفيذ المصادرة والحجز وفق المادة الاولى من هذا القانون على الوجه التالي.

**بەڕێز یونس محەمەد سەلیم ڕۆژبەیانی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

پێموایە برگە (١) روونە (تعاد الاموال المحجوزة ويعاد تسجيلها)، بەگشتی زیادە و، لە مادەی یەکەمدا روونە، سوپاس.

**بەڕێز کاکەرەش محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

مادەی (١) بنەمایەکی موتڵەقە برادەران فەرموویان برگەی (٢) تەنیا روون کردنەوەیە، ئینجا لە برگەکانی (أ،ب)دوو حاڵەتی چارەسەر کردووە، هەندی (عقارات) هەیە زەوت کراون، بەڵام بەناو خاوەنەکانیانە و، هەندێکی تریش هەن هێشتا نەفەرۆشراون، ئەوانە پێویستیان بە ئیجرائاتی گەڕاندنەوە نییە، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجوومەن:**

مادە (٢) برگەی (١) کێ لەگەڵ ئەوەدایە وەکو خۆی وەربگیرێت؟.. تکایە دەست بەرز بکاتەوە.. دەست بەرز کرایەوە.. سوپاستان دەکەین.. کێ لەدژە؟.. بەزۆربەی دەنگ مادە برگە (١) لە مادە (٢) پەسەند کرا.

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**

٢- اذا كانت الاموال المصادرة قد انتقلت الى اشخاص من الذين تركوا اقليم كوردستان قبل او بعد الانتفاضة والتحقوا بالسلطة فيعاد تسجيلها باسماء اصحابها الاصليين.

**بەڕێز یونس محەمەد سەلیم ڕۆژبەیانی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئەو مادەیە پێموایە کەوا بەو تەرکیزە نەبێت کە تەنها لەسەر ناوی یەک کەس بێت کە کوردستانی بەجێهێشتبێ، من لەگەڵ ئەوەدام لەسەر ناوی هەر کەسێک بێت لە کوردستاندا، یان لە دەرەوەی کوردستان کە ماڵەکەی زەوتکراوەکە چووەتە سەر ناوی ئەو بدرێتەوە بە خاوەنی خۆی، سوپاس.

**بەڕێز کەمال ئیبراهیم فەرەج شالی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دەمەوێت پرسیارێک لە برادەرانی لیژنەی یاسا بکەم خانووەکان کە بڵێین یەکێک کڕیویەتی ئەویش داویەتی بەیەکێکی ترو ئەوانەی تریش هەر لێرە ماونەتەوە، چی بکەین لەو حاڵەتەدا؟. ئێمە کاتی خۆی کە باسمان کرد و، برادەران هەمووی پشتگیری رایەکانمیان کرد بەتایبەتی بەڕێز فرەنسۆ و،کاک بارزان ، ئێمە وامان بە پەسەند زانی کە خانووەکان بدرێنەوە خاوەنی خۆیان، چونکە ئەوەی یەکەم، دووەم کە لە یەکتریان کڕیوە ئەوانیش بەراستی تاوانبارن، وپیاوی باش نین.

پرسیارێکی ترم هەیە ئەمانەی ئەم خانووانەیان کڕیوە و سولفەیان لەسەر وەرگرتووە ورایان کردووە بۆ نموونە سولفەی کشتوکاڵی و، سلفەی پیشەسازی و، سلفەی تری لەسەر ئەو خانووە وەرگرتووە ئایا ئەوە چییە؟، هەر چەندە من لەگەڵ ئەوەم کە خانووەکان راستەوخۆ بگەڕێنەوە بۆخاوەنەکانیان ئەوانی تریش با لەنێوان خۆیاندا رێک بکەون، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەن:**

هەموو ئەو قسەو یاسانە بۆ ئەوەیەکە بەڕێزتان فەرمووتان.

ئێستا کێ لەگەڵ ئەوەدایە کە برگە (٢)ی مادە (٢) وەکو خۆی بمێنێتەوە؟.. تکایە دەست بەرز بکاتەوە.. دەست بەرز کرایەوە.. سوپاستان دەکەین.. کێ لە دژێتی؟.. کەواتە بە زۆربەی دەنگ برگە (٢) پەسەند کرا.

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**

٣ـ اذا كان العقار المصادر قد تم بيعه ولايزال في حيازة المشتري الاول ولم يحدث فيه اية تغيرات فيعاد تسجيله لمالكه الاصلي ولايحق لهذا المشتري الرجوع على صاحب القرار ببدل الشراء .

**بەڕێز مەلا محەمەد تاهیر محەمەد زین العابدین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

(اذا كان العقار المصادر قد تم بيعه). ئەمەی ناوێت. (ولم يحدث فيه اية تغيرات ويعاد تسجيله بأسم المالك الاصلي ولايحق لهذا المشتري الرجوع الى صاحب العقار ببدل الشراء) ئەوەش قەیدێکی دەوێت، رێزم بۆ لیژنەی یاسا هەیە وابزانم بەراوردی فقهی ئیسلامیشیان تیا کردووە چەند خاڵێکی سادە نەبێت، سوپاس.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

جێی داخە لێرە زۆر رەچاوی مافی کڕێگرتە و خائین کراوە، کە دەڵێین (ولم يحدث فيه اية

تغيرات). بەرای من ئەو وشەی (تغيرات)ە لابچێت، چونکە هەتا ئەگەر (تغيرات)ەکەش کرابێ دەبێ موڵکەکە بگەڕێنرێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز شێروان ناسح عەبدوڵلا حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە وەکو لیژنەی یاسا کریارەکەمان نوێ داناوە بەشێوەیەکی رەهایی. سەبارەت ئەو سەرنجانەی کە مەلا محەمەد دای، و(حیازه المشتری)، ئێمە پێمان پەسندە، بەناوی کریار بێت، سەرنجەکانیشی زۆر لە جێگای خۆیەتی، بەلاّم ئەوەی کاک جەمیل دەڵێت یەکەیەکە چارەسەرمان کردووە و، بەبێ ئەوەی دوایش بکەوێت لە ئامادەکردنی ئەم پرۆژەیە و، حاڵەتەکان جیاجیا چارەسەرمان بۆداناوە، سوپاس.

**بەڕێز کاکەڕەش محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەتەنیا (باسم)بەس نییە، ئەشێ کابرا لە(حیازە)ی دانەبێت، چونکە بەکرێی داوە و، دەچێتە لای کابرایەکی تر، ئەنجا لەهەر کوێیەک بێت گرنگ نییە با تۆمار کرا بێت بەناوی، بەلاّم ئەشێ لە(حیازە)ی ئەودا نەمابێت وبەکرێ دراوە، بەلاّم تا ئێستا بە ناوی کریارەکەوەیە تەنها ئەو وشەی (حیازە) تۆزێک گرفتی بۆ دروست دەکات، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەن:**

کێ لەگەڵ ئەوەدایە برگە (٣)ی مادە (٢) وەکو خۆی بمێنێتەوە؟.. تکایە دەست بەرز بکاتەوە.. دەست بەرز کرایەوە.. سوپاستان دەکەین.. کێ دژە؟.. کەواتە بەزۆربەی دەنگ برگە (٣) پەسەند کرا.

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**

٤- اذا كان العقار عرصة خالية واحدث فيها المشتري الاول منشآت من غير صاحب العرصة الاصلي بتملك المنشأة بكلفتها وقت الانشاء وقبض القيمة للأرض من المشتري الاول من تأريخ نفاذ هذا القرار، سوپاس.

**بەڕێز مەلا محەمەد تاهیر محەمەد زین العابدین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

(اذا كان العقار عرصة خالية.. وقت الانشاء ومن تأريخ نفاذ) بۆچی جیاوازە ئیستناد لەسەر چی کراوە؟، لێرە یاساکە مەبەستی (اعادە)ی مڵکە بۆ خاوەنی خۆی نەک سزادانی، لێرە بەس سزایە، چونکە کاتی (انشاء) لەگەڵ قیمەتی ئێستای (نفاذە) و، دیارە کە شتێکی جیاوازە، سوپاس.

**بەڕێز کاکەڕەش محەممەد نەقشبەندیی:**
**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئەو جیاوازیە لەوەدایە کە ئەو کەسەی کە عەرەسەی لێ کڕیوە ئێمە بەسێ لایەنمان داناوە ئەوەش ئەبێت تۆزێک محاسبە بکرێ، محاسبەکەش ئەوەیە قەرەبووی بنایەکەمان داوە بۆ ئەوەی زۆر زوڵمی لێ نەکەین کاتی خۆی چەندی لێ خەرج کردووە کە دروستی کردووە پارەکەی خۆی وەرگرێتەوە، بەڵام ئەو برادەرە کە پێشمەرگەیە و ئارەزووی وانییە ئەو خانووە بکرێتەوە بە نرخە کۆنەکەی بۆی هەیە زەویەکەی خۆی بفرۆشێت بە نرخی ئێستا چەند دەکا با خاوەنی بیناکە پارەکەی بداتێ و، رزگاری بێت، سوپاس.

**بەڕێز فرەنسۆ تۆما هەریری:**
**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

بەرای من یەکەم کەس کە موڵکەکەی لە بەعس کڕیوە ئەو نیازپاک نییە، بەڵام دووەم سێیەم کەسم نیازیان پاکە، من خۆم بە نموونە دێنمەوە زەوی خۆم دوو برادەر کڕیان کە منیشان ناسیووە، یەکێکیان یەکەم جارو، دووەم جاریش کڕیویەتی، سوپاس.

**بەڕێز کاکەڕەش محەممەد نەقشبەندیی:**
**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

بابەتەکە لەوانەیە بەشێکی زۆر لەو خەڵکە زانیبێتی، بەڵام هەشن کە لەوانەیە وەریانگرتووە هەندێکیان وەکو کاک فرەنسۆ وتی فەرمانیان پێ کراوە و، هەندێکیان لەوانەیە بە خراپە کردوویانە، بەڵام ئەوانەی ئێمە بە(سوء) نیەتمان داناوە لەبەرئەوەیە لەوانەیە ئەگەرێکی لاواز هەبێت، لەبەر ئەو ئەگەرە لاوازە نەمان توانیوە موحاسەبەیان بکەین، سوپاس.

**بەڕێز کەمال ئیبراهیم فەرەج شالی:**
**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

من پشتگیری قسەکانی بەڕێز فرەنسۆ ئەکەم یەکەم گومان لێکراوە دووەمیشیان هەرگومان لێکراوە و مرۆڤێکی باش نەبووە، چونکە ئەیان زانی خانووانە هی ئەو برادەرە تێکۆشەرانەیە کە ئەدرا بەموزایدە بە فەرمانی(أمن ومخابرات) ئەمە یەک.
دووەم ،ئەوانەی دووەم وسێ یەم کە کڕیویانە زانیویانە کە ئەم خانووانە هی کێن، لەبەر ئەوە ئەبێت ئێمە رایەکەمان رایەکی شۆڕشگێڕانە بێت ئەو خانووانە یەکسەر بگەڕێنەوە بۆ خاوەنەکەی، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجوومەن:**

ئێمە هەموومان لەسەر ئەوە کۆک بووین کە یاسایەکی ئاوا دەربچێت بریارماندا بۆ ئەوە و، داوامان کرد لیژنەی یاسا پرۆژەی یاسایەک پێشکەش بکات، لەسەرەتاشەوە وتمان پێویستە

یاساکە وابێت کە کەلێنی تێدا نەبێت، بۆ نموونە لەبەغدا حکومەتی بەعس لە هەشتاکانەوە و، لەسەرەتایی شەڕی عێراق وئێراندا هەندێ کەسی بەناوی ئەوەی کە عێراقی نین یا تەبەعیین مولکەکانیانی زەوت کردووەو، لە موزایدە فرۆشتوویەتی و، کەسی یەکەم (ارشد زێباری) ئەچوو فەرشی ئەو مالانەی ئەکڕی وئەیزانی کە هی ئەو مالانەشە و، پاش دەسال کە خەلک ئەچێت لە(ارشد) فەرش ئەکڕێتەوە، لەوانەیە نەزانیت بەتایبەتی ئەو فەرشە هی ئەوەیە و، ئەم کڕیوویەتی لەوانەی کە دوور خرابوونەوە. ئەندامانی لیژنەی یاسا ئەوەیان لەبەر چاو وەرگرتووە کە یاساکەیان داناوە لەگەل ئەوەشدا لەوانەیە کە ئەوانە وەکو کاک فرەنسۆ وتی هی وای تێدا بێت کە بزانێت کە ئەم شتانە هی خەلکی شۆڕشگێڕە.

**بەڕێز حسێن عارف عەبدولڕەحمان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

تا برگەی (٦) تەواو نەبێت هەرچی قسەیەک لەسەر کڕیاری دووەم بکرێ بۆ کات کوشتنە، چونکە تا برگەی (٦) هەر باسی کڕیاری یەکەم دەکرێت، ئەندامانی لیژنەی یاسا روونیان کردەوە، بەلام روون کردنەوەیەکەیان زۆر خاوبوو و، ئەبوایە زۆر لەسەری وەستابان بیانووتیایە تکایە باسی کڕیاری دووەم مەکەن تا برگەی (٦) کۆتایی دێت، سوپاس.

**بەڕێز کاکەڕەش محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

وای بۆ دەچم کە بە هەموو لایەکمان لای ئەو پێشمەرگانەمان گرتووە بەلام، لەوانەیە ئێستا خانوویەک لەسەر ئەو زەویەکرابێ و، نیو ملیۆن دینار بکات، لەکاتێکدا لەوانەیە کاتی خۆی بە (٣٠) هەزار دینار کرابێ، ئێستا برا پێشمەرگەکە سەری سورماوە چی بکات؟، خاوەن خانووەکەیشی ئەگەر بواری بدەیت خانووەکەی تێک بدات لەوانەیە هەر بە تەنها دارو بەردەکەی سێ ئەوەندە بکات، سوپاس.

**بەڕێز فرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

وترا کڕیاری یەکەم نیازی پاک نەبووە، زەلامێک هەیە خانووی شەهید (عەبدوللا)ی کڕیووە کاک (پیرۆت ئەحمەد) ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی پارتی چووە پێی وتووە ئەم خانووە هیَ فلان کەسە مەیکڕە ئەوجا هەر کڕیوەتی هەمووی سالێک نابێت، سوپاس.

**بەڕێز حازم ئەحمەد محەمود یوسفی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

من بۆ بەڕێز ئەیادم نووسی وتم لەناو مادەی دوو رای جیاواز هەیە دەبێت ئەندامان ئەوە بزانن ئێمە تا ئێستا قسە لەسەر کڕیاری یەکەم دەکەین، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەنجا ئێستا پاش ئەو تێبینیانە لەسەر برگە (٤). کێ لەگەڵ ئەوەدایە برگە (٤) وەکو خۆی وەربگیرێت؟.. تکایە دەست بەرز بکاتەوە.. دەست بەرز کرایەوە.. سوپاستان دەکەین.. کێ دژە؟.. کەواتە بەزۆربەی دەنگ برگە (٤) پەسەند کرا.

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**

٥ـ اذاكان المشتري الاول قد قام بهدم المنشأة العائدة للمالك الاصلي وأقام منشأة اخرى محلها فيظل قيمة المنشأة المهدمة بتأريخ نفاذ هذا القرار ويحرم المالك الاصلي من الفقرة (٤) من هذه المادة.

**بەڕێز عەفان عوسمان نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

کە سەیری یاساکە دەکەین دیارە زۆر ڕێکوپێک و، خۆیان لەگەڵ ماندوو کردووە ئەمەش وەفایە بۆ تێکۆشەرانی میللەتەکەمان، بەڵام ئەوەی سەرنجم داوە و چەند جارێک خوێندومەتەوە شتێکی گرنگ کە تیایدا نییە. وابزانم بەرچاوی برایانی یاسا نەکەوتووە لەوانەیە حاڵەتێ واش کەمتر بووبێت، ئەویش ئەوەیە زۆر لەو برا پێشمەرگانەی کە چوونەتە دەرەوە خانووەکانیان رووخێنراوە بەبێ ئەوەی درابێ بەکەس، ئێستا نیوەی ماوەو، نیوەی رووخاوە و، ئێستا نە مافیان هەیە بچن خانووەکە چاک بکەنەوە کەسیش نییە کە ئەم پارەیان بداتەوە، چونکە کەس نەیکڕیووە، وابزانم لە سلێمانیدا (٤٠) خانووی وا هەیە، سوپاس.

**بەڕێز کاکەڕەش محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڵێ ئەو حاڵەتانە هەیە زۆربەی ئەو خانووانەش بەناوی خاوەنەکانیانەوە ن وماوە تەنها هەر ئەمە کراوە، یاحاڵەتی وا هەیە لەناوچەیەک تەقەکراوە پێنج شەش خانوو رووخێراوە کەواتە مەسەلەی(تعویضی) نەک مەسەلەی گەڕانەوە، لەکاتێکدا ئەو خانووانەی ئێمە باسیان دەکەین مسادەرەن وئەو جۆرە شتانە (حجزە)، لەکاتێکدا پێویستە بابەتی تەعویز، بەشتێکی ترە وەربگرێت، ولەکاتێکدا کە ئابووریمان هەندێک ڕێکوپێکتر بێت. سوپاس

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەن:**

پاش ئەو تێبینیانە و، ئەم وەڵامانە کێ لەگەڵ ئەوەدایە برگە (٥) وەکو خوێندرایەوە وەربگیرێت؟.. تکایە دەست بەرز بکاتەوە.. دەست بەرز کرایەوە.. کێ لەدژە؟.. کەواتە بەزۆری دەنگ برگە (٥) وەکو خۆی پەسەند کرا.

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**

٦ـ اذا كان المشتري الاول للعقار المصادرة قد امضى اليه فضلة المشتريات من الجهة الرسمية

فتملك الفضلة الى مالك العقار الاصلي بقيمة شرائها من الجهة المذكورة وكذلك المحدثات التي عليها بقيمتها بتأريخ ٣٠/١٢/١٩٩٠.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەن:**

کەس تێبینی هەیە لەسەر ئەم برگەیە؟. نییە؟، کەواتە دەیخەینە دەنگدانەوە.
کێ لەگەڵ ئەوەدایە برگە (٦) وەکو خۆی بمێنێتەوە؟.. تکایە دەست بەرز بکاتەوە.. دەست بەرز کرایەوە.. سوپاستان دەکەین.. کێ لەدژە؟.. کەواتە بەزۆری دەنگ وەرگیرا برگە (٦) پەسەند کرا. ئێستا کێ لەگەڵ ئەوەدایە کە گشت مادەی(٢) بەو دەستکاریانەوە وەربگیرێ؟.. تکایە دەست بەرز بکاتەوە.. دەست بەرز کرایەوە.. سوپاستان دەکەین.. کێ دژە؟.. کەواتە بە زۆربەی دەنگ مادە (٢) بە گشتی پەسەند کرا.

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**

المادة (٣): اذا كانت الاموال المصادرة منشآت او محدثات اقيمت تجاوزا على اراضي متعددة للدولة او البلديات وكانت مشمولة بالتمليك عند اقامتها او بعد ذلك. وتوفرت في صاحبها الاصلي شروط التمليك او ملكت لاقرانه عرصات مماثلة في المنطقة نفسها فيملك صاحبها المساحة المتجاوز عليها ضمن حدود المساحات المسموح بتمليكها لأقرانه حين تنفيذ القرارات الخاصة بالتمليك للمتجاوزين على الاراضي الاميرية والبلديات على ان يقوم صاحب المنشأة الاصلي بدفع قبل التملك الذي دفعه اقرانه في حينه للجهة ذات العلاقة.

**بەڕێز حسین عارف عەبدولڕەحمان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەراستی برادەران بەسەریاندا تێپەڕی، مادە (٢) شوێنی گفتوگۆ کردنی کرياری دووەم بەولاوە بوو، چونکە مادەکانی تر هەمووی شتی ئاسایین، سوپاس.

**بەڕێز کاکەڕەش محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پێشنیارەکە لە جێی خۆیدایەو ئەو مادەیە چارەسەر بکەن وئەو رایانە بخوێننەوە. سەبارەت کرياری دووەم و، وسێیەم تاکو گفتوگۆی لەسەر بکرێ ئەیکەین بەمادە سێ، سوپاس.

**بەڕێز فرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پرسیارێک ئاراستەی لیژنەی یاسا ئەکەم، ئەمە (٤) مانگە ئەو بابەتە بۆ چارەسەر نەکراوە؟ من ئەوەی بە کەمتەرخەمی دەزانم لەلایەن لیژنەی یاساوە، سوپاس.

**بەڕێز کاکەڕەش محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە نەمانخستە ناو یاساکە بەجیا دوو رامان دیار کرد بۆ ئەوەی ئەندامان لەسەر کام را

ڕێککەوتن، ئەو رایە لەناو یاساکە دابنێین، بەڵام رای لیژنە بلاونەکراوەتەوە بەسەر ئەندامان، سوپاس.

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**

رای یەکەم بەم شێوەیە:

اذا انتقل العقار المصادر الى مشترين اخرين من غير المشتري الاول فيعاد تسجيله باسم المالك الاصلي وفق الاحكام هذا القرار ويحق لكل مشتري الرجوع على سلفة، واذا تعذر ذلك بالنسبة لاحدهم فتحل حكومة اقليم كوردستان محله على ان ترجع الى المشتري الذي قبله.

رای دووەم:

أ- يعتبر المشتري الثاني سيء النية اصلاً ويبطل تسجيل العقار باسمه ويعاد التسجيل باسم المالك الاصلي وله الرجوع على المشتري الاول الا اذا تبين حسن نيته وتعوض حكومة الاقليم المالك الاصلي ولها الرجوع على المشتري الاول ببدل التعويض.

ب - يعتبر المشتري الثالث ومن يليه سيء النية اصلاً ويبطل تسجيل العقار الا اذا ثبتت حسن نيته فتعوض حكومة الاقليم المالك الاصلي ولها الرجوع على اي مشتر ثاني سيء النية اما اذا اثبت الوجود فيبطل تسجيل العقار باسم المشتري سيء النية ويعاد تسجيله باسم المالك الاصلي ولأي منهم الرجوع الى سلفة حسن المشتري ببدل الشراء.

**بەڕێز عەدنان محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پشتیوانی لە لیژنەی یاسای دەکەم ئێمە لە لیژنەی یاسا هیچ جیاوازیمان نەبوو، ئەگەر بەدەنگ بوایە، لەوانەیە دوو برادەرم بۆچوونی جیاوازیان هەبوایە لە بەر ئەوە وەکو ئەڵێن بۆ تێرکردنی بابەتەکە لە کاتی گفتوگۆدا هێشتیانەوە بۆ ئێوە، چونکە ئێمە لە لیژنەی یاسادا دەنگ لە سەر یاسا نادەین، سوپاس.

**بەڕێز ئەحمەد ئەبو بەکر بامەرنی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من بروام وایە کە یەکێک بروات خانووەک بکرێت هیچ نەبێت دەپرسێت کە کێ ئەم خانووەی دروست کردووە؟، لەبەر ئەوەی بەرای من نەک تەنیا کڕیاری یەکەم و دووەم، بەڵکو کڕیاری سێیەم و چوارەمیش نیازپاک نین، بەڵام ئێمە لە هەر ماڵێک بپرسین سەد سوێند دەخۆن دەڵێن نەمانزانیوە هی پێشمەرگەیە، لەبەر ئەوە دەبێت ئێمە هەندێک ڕێسا (ضوابط) دابنێین تابزانین کێ بریار ئەدات ئەمە (حسن نیە)یە، یا (سوء نیە)یە؟، سوپاس.

**بەڕێز بەختیار حەیدەر عوسمان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەو دوو پێشنیارە لیژنەی یاسا خوێندیانەوە، دیارە دوو را هەبووە و، ئەوەش دیاردەیەکی

راسته، بەڵام رای سێیەمیش هەیە کە لە پرۆژەکەدا نەهاتووە ئەویش ئەو پێشنیارەیە کە لەلایەن (١٠) ئەندام پێشکەش کراوە، لەبەر ئەوەی برگەی یەکەم کە باسی (انتقال العقار المصادر الي المشترين الاخرين) دەکات بەرای من تەنها چارەسەری ئەو حالەتەی دەکات کە مولکەکە لە وەزعی خۆی بمێنێتەوە، ئەو مولکانە چارەسەر ناکات کە دەستکاری تێدا کراوە پێویست بەوە دەکات کە دەسکاریەکانیش چارەسەر بکرێت، بۆیە ئەگەر راتان لەسەر بێت پێشنیاری یەکەم وەربگیرێت، بەڵام پێشنیارەکەی ئێمە بەم شێوەیە: (اذاكان عقارا قد انتقل من المشتري الاول الى خلفة وقام الاخير بهدم منشأة المالك الاصلي واحدث منشأة اخرى في العقار المصادر فيخول مالك العقار الاصلي بين تملك تلك المنشأة بقيمتها بتأريخ ١٩٩٠/١٢/٣١ او استلام قيمة الارض المصادرة من تأريخ نفاذ هذا القانون والمستحق المالك الاصلي قيمة المنشأة المهدمة القائمة وقت البدء)، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەن:**

وابزانم ئەندامانی لیژنەی یاسا ئەوەیان مۆرکردووە و گفتوگۆیان کردووە، ئەم دوو سیغەیەیان داناوە لاریشمان نییە لەسەرئەوەی سیغەی سێیەم دابنێین.

**بەڕێز کاکەڕەش محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

سەبارەت ئەوەی بەڕێز بەختیار وتی لە دەقەکەدا هەیەو، واتا ئەوەیە کە هەر شتێکی تێدا کرد بێت ئەوا حوکمەکانی یاساکەی بەسەردا جێبەجێ دەکرێ، سوپاس.

**بەڕێز کەمال ئیبراهیم فەرەج شالی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پشتگیری رای یەکەمیان ئەکەم بەتایبەتی ئەوەی (أ،ب) تێدایە، لەگەڵ ئەوەی دووەمیاندا نیم، چونکە کڕیاری سێیەمیش هیچ نیازک پاک نییە، هەروەکو بەڕێز ئەحمەد بامەرنی باسی کرد و، پێویستیش بەسەلماندن ناکات هەموویان لەیەکیان کڕیووەتەوە، ئیتر هیچ پێویست ناکات بۆ بەڵگە بگەڕێین ولە تاپۆیش زانیارییەکان هەیە ئەتوانن بچن ببینن.

سەبارەت بە سلێمانیشەوە (١٨) خانوو هەیە هەمان کێشەیان هەیە هەندێ لەو برادەرانەی لە پاش راپەرینەکە زۆربەی ئەو کەسانەی کە خۆفرۆش بوون لە ترسان بۆیان چۆڵ کردن ئێستا خاوەنی خۆیانی تێدایە و، بردووشیانن بۆ تاپۆ وتەنازولیان پێ کردوون ئەوەی دەسەڵاتی هەبووە لەوکاتەدا چووە کێشەی خۆی چارەسەر کردووە ئەوەشی دەسەڵاتی نەبووە ئەوا چاوەڕێی یاسا دەکات بۆی بگەڕێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز حسێن عارف عەبدولڕەحمان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لەگەڵ ئەوەدام کە خاوەن ماف کە حەقی خۆی وەربگرێتەوە بەتایبەتی پێشمەرگە وکەسوکاریان

ئەبێ بخرێتە سەر فیداکاریان، بەڵام ئێمە بۆ یەکەم جار گەیشتووینەتە ئەوەی کە ببین بە خاوەنی حکومەتی دیموکراتی حوکمی یاساشمان هەیە و، ئەمانەوێت بەرەو وەزعێک برۆین کە یاسا سەروەر بێت لەبەر ئەوە بەرای من ئەگەر بتوانین بە هیچ جۆرێک بەلای یاسای ئیستسنائیدا نەچین خۆمان نەدەین تەنها ئەگەر زۆر ناچار بووین، بەڵام بمانەوێت و، نەمانەوێت ئەمە یاسایەکی ئیستثنائیە چونکە دەقێک هەیە لە هەموو دونیادا کاری پێدەکرێ لە یاسا مەدەنیدا هەیە کە ئەڵێ سەندی تاپۆ (حجة علی الناس کافة)، بەڵام دەبێ(حسن النیە)یش لە بەر چاو بگیرێ، چونکە کابرایەک کە خانوو دەکرێ ناکرێ لە خاوەنی پێشوو و، پێشووتری هەزاران خانوو بکۆڵێتەوە ئەوجا لێی بکرێ، جا هیوادارم قسەکانم بە بەڵگە وەربگیرێن و، دەقێکی وا نەنووسین کە کەلێنی تێدا بێت بۆ پێشێلکردنی یاسا و، سەروەری یاسا، سوپاس.

**بەڕێز ئەبو بەکر حاجی سەفەر غولام:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

چەند رەچاوی یاسا بکەین هێشتا کەمە، چونکە لە وڵاتێکی وێران بوو داین، لە سەرەتاوە بەعسییەکان ویستویانە چەندیان لەتواناندا بێت دژایەتی میللەتەکەمان بکەن، لەبەرئەوە هاتوون یاسایەکیان داناوە وتوانیویانە کە ئەو موڵک ومالانە بفرۆشن، ئەوانەی کە لێیان کڕیون زۆربەیان خەڵکەکە یەکتری ئەناسن کە (١٠ــ١٥) جاریش بفرۆشرێت ئەزانن ئەوە خانووی یەکێکە لەتێکۆشەرەکان و، بەنارەوا لە (دائیرەی ئەمن) کڕراون لەبەر ئەوە کەسی یەکەم کە کڕیویەتی خزمێکی زۆر نزیکی خۆیانە کەسی دووەم هەروایە وکەسی سێیەم چوارەمیش چوارەم زۆر ئاگادارن، ئێستاش لەناو خۆماندا هەروایە کەیەکێک خانویەک دەکرێت دەچێتە بنج وبنەوانی کە هی کێیە؟، لەبەر ئەوە پێویستە ئێستا یاسایەکی وادابنێین کە خەڵک حەقی خۆی وەربگرێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز حەسەن حەمید رەحیم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بۆ مەسەلەی ئەم خانووانە من حەزدەکەم یەک راستیتان بخەمە پێش چاو، ئەوانەی ئەو خانووەیان کڕیوە لە (١٠٠٪) پیاوی خراپن من ناوی (١٠٠) کەس ئەڵێم، ئەگەر یەکێکیان پیاوی باش بوو حەقە بیگرینە ئاڵتوون . بەڵام حەقوایە ویاسایەک دابنێین کە (نەشیش بسووتێ نەکەباب)، بەڵام نەک ئەوەش بە جارێک هەر لەسەر خوێنی پێشمەرگە وکەسوکاری پێشمەرگە تەواو بێت، سوپاس.

**بەڕێز فەرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من دەمەوێ بزانم نیاز پاکی چییە؟، ئەوە ساڵێک و نۆمانگە راپەڕین بووە، ئەگەر نیازپاک بان

دەیانگووت کاتی خۆی ئێمە بەنیازپاکی کڕیومانە چاوەڕوان بووین ئێوە بگەڕێنەوە فەرموو ئەوە خانووەکانتانە، بۆیە حەز دەکەم بۆم روون بکەنەوە مەبەست لە نیاز پاکی چییە؟، سوپاس.

**بەڕێز حــازم ئەحــمــەد مــحــمــود یوســفی:**

**بەڕێــز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــومـــــەن.**

راستە وەکو بەڕێز عەدنان وتی ئێمە لە لیژنەی یاسادا هیچ دەنگمان لەسەر بابەتەکە نەداوە و، بەراستی زۆر گفتوگۆشمان کردووە لەسەر ئەو مەسەلەیە، بەڵام نەگەیشتینە ئەنجامێک تاوەکو بتوانین وەکو یاساکەی تر بیهێنینە بەردەمی بەڕێزتان هەتا گفتوگۆ بکرێت. ئەمە راستە کە ئێمە لەرووی یاسایەوە و، سەیری بکەین یاسایەکی ئیستسنائیە واتا یاسایەکی ئاسایی نییە، چونکە کە سەیری بکەین رەنگە بە پێچەوانە بێت لەگەڵ یاسای شارستانی، بەڵام چونکە دۆخەکە ئاسایی نەبووە هەموو ئەو شتانەی کە کردویانە هەموویان پێچەوانەی مافی مرۆڤ بوون، لەبەر ئەوە دەبێت ئێمە بەهەمان شێوەی ئەوان بکەین و، نەهێڵین موڵکوماڵی پێشمەرگە بۆ ئەوانە بێت کە دۆستی رژێم بوون وگوێیان بە بانگەوازی رادیۆکانی شۆڕش نەداوە کە دەیگوت نابێ ماڵ وموڵکی زەوتکراوی پێشمەرگە بکڕن، سوپاس.

**بەڕێز جــێگری ســـەرۆک ئەنجـــومـــەن:**

سوپاس بۆ هەموو ئەو راو سەرنجانەی کە دەرتانبڕی، پاشانیش لیژنەی یاسا بە شێوەیەکی یاسایی بۆ دایدەڕێژێتەوە.

**بەڕێــز حـــەســـەن عـــەبدولـکەریم بەرزنجی:**

**بـەڕێــز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــومـــــەن.**

ئەندمــان زۆر بەچاکی لەســەر یاســاکــە دووان، بەڵام من دەمــەوێ دووشت روون بکەمــەوە بۆ پەرلەمان:

یەکەم: پێشمەرگە هەیە ماڵەکەی دەستی بەسەر داگیراوەو، خەڵکێک هەیە ئەم ماڵەیان کڕیوە ئەو پێشمەرگەیەش لە هەموو حاڵەتێکدا وەریدەگرێتەوە، ئەگەر کڕیارەکەکە نیازی پاک بوو بێت یان نیازی پاک نەبێت، کەس نەیگوتووە با پێشمەرگە ماڵی خۆی وەرنەگرێتەوە ئیتر پێی ناوێ قسەی لێ بکەین.

دووەم: خەڵکێک هەیە خانووی پێشمەرگەیان کڕیوە، ئەو خەڵکانەمان دابەشی دووجۆر کردووە:
یەکێک بەناوی پێشمەرگەکە ماوەتەوەو ئەوە هیچ ئیعتبارێکمان بۆ نەکردووە یەکسەر بەناوی دەکرێتەوە و، هیچ گەڕانەوەی تێدا نییە.

دووەم خەڵکێک هەیە خانووی پێشمەرگەیان کڕیوەتەوە و، ئەم دەست وئەو دەستیان پێکردووە، ئەمانە رەنگە دوو کەسیان زەرەرەکەیان بکەوێتە ئەستۆو ئەوانی پێشووتر پارەی خۆیان دەسکەوتۆتەوە، یاساش دەبێ گشتی بێت، حکومەتی هەرێمیش ناچار نییە ژیانی ئەوانە ببژێرێتەوە و، دەبێ لە کۆتاییدا پێشمەرگە ماڵ وموڵکی خۆیان دەستبکەوێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز حەسەن حەمید ڕەحیم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

پێشەکی ڕەخنەیەکم لە بەڕێز جێگری سەرۆک هەیە، من خۆم بەپێشمەرگەی هەموو گەرمیان ئەزانم کە دێمە ئێرە ڕای زۆربەی خەڵکی وەرئەگرم ئەندام هەیە بچێتە ماڵەوە هەتا دێتەوە بۆ ئێرە ئاگای لە هیچ نییە، بەڵام من وانیم ئەچمە (کەلار، کفری، بازیان و، ئۆردوگاکان) هەو وتیان شتێک ڕوویداوە لە فلان شوێن ئەچم بەدەنگیەوە لەبەر ئەوە زۆر ڕای خەڵکم لا یە، حەقی خۆمە ئەگەر قسەیەکی هەڵەشم کرد نابێ وابمشکێننەوە، ئەگەر کاک مەسعود ومام جەلالیش هاتن حەقی قسەم بدەنێ منیش وەکو ئەندامی پەرلەمانم حەقم هەیە قسە بکەم، ترسنۆک نیم ڕاستە خوێندەواریم نییە، بەڵام لەناو جەماوەر وجووتیاران خوێندومە لەناو هێزی پێشمەرگەدا خوێندومەو، کۆمەڵێک ئەزموونم هەیە لەبارەی کشتوکاڵەوە هەندێ شت دەزانم ئەندازیاری کشتوکاڵیش نایزانێ، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجوومەن:**

ئەگەر قسەی منت وا وەرگرتبێ من داوای لێ بوردن ئەکەم. بەڵام من وتم بەڕێز حەسەن حەمید تەعلیقی ئەم جارەی دووردرێژ بوو، ئەو قسەی من بوو، بەو مەرامە نەبوو تەنها بۆ گاڵتە بوو.

پاش ئەم گفتوکۆیە لەسەر ئەم خاڵەی باسمان کرد برادەرانی یاسا دوو پێشنیاریان لەبەردەمدایە، لەپاش ئەوەی کە بەتێروتەسەلی باس کرا تکا دەکەم کە لە ماوەی کاتژمێرێکدا چارەسەری بکەن.

**بەڕێز عەدنان محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئێمە لە لیژنەی یاسادا کۆبوونەوەیەکمان کرد، ئینجا گەیشتووینە ئەو دوو سیغە، ئەگەر ماوە بدەن ئەندامانی لیژنەی یاسا بۆ چوونی خۆیان نیشان بدەن، وئەگەر بفەرموون پێشنیارەکان بخەنە دەنگدانەوە باشترە، ئێمە دوو دەقمان داناوە ئەگەر بەڕێزت پێت باش بێت بخرێتە دەنگدانەوە، سوپاس.

**بەڕێز فەرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

جاران لیژنەی یاسا لەسەر هەموو شتێ بێ دەنگدان ڕێک دەکەوتن بۆ ئەم جارە دیارە شتێکی مامناوەندیان نەدۆزیوەتەوە، سوپاس.

**بەڕێز حسێن عارف عەبدولڕەحمان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئەو دەنگدانەی کە بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن ئەیلێ کێ لەگەڵ ئەمەیەو، کێ لەگەڵ ئەو نییە؟، ئەوە یاساییە. ئەوەی بەڕێز فرەنسۆش باسی کرد ئەویش دیسانەوە شێوەیەکی دیموکراتیانەیەو،

ئێمە لەناو لیژنەکەدا وامان پێ باش بوو دوو رایەکە بێڵینەوە بۆ ئەندامانان کامەی پەسەند بکەن ئەو بخەینە ناو یاساکەوە، سوپاس.

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

رای یەکەم هەر ئەوەی (أ ـ ب)یەکە کە خوێندمەوە، رای دووەمیش هەمان رای یەکەمە لەگەڵ هەندێ دەستکاری: اذا اتنقل العقار من المشتري الاول الى المشترين الاخرين فيعاد الى مالكه الاصلي مع مراعاة احكام هذا القانون ويحق لكل مشتري الرجوع الى سلفة والمشترين بالمبالغ المدفوعة له واذا تعذر ذاك بالنسبة الى احدهم تحل حكومة كوردستان محله عدا موقع المشتري الاول عليه الرجوع على المشتري الذي قبله.

**بەڕێز شێروان ناسح عەبدوڵلا حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من (١٠٠٪) لەگەڵ ئەوەدام کە ماڵ ومولکی پێشمەرگە وەربگیرێتەوە ئەوە لایەنی سۆزو تورەبوونی شەرعییە، بەڵام ئەگەر بێینەوە سەر یاسا دەبێت جیاوازی بکەین لەنێوان ئەو کەسانەی کە(حسن نیە)تن وئەو کەسانەی کە(سیء نیە)تن لە هەموو یاسای عێراقیدا لە نێوان ئەو کەسانەی نیازپاک و نیاز پاک نین جیاوازی کراوە، سەرچاوەی یاسای عێراقیش یاسای فەرەنسیەو، ئەگەر بێتو تەماشای بەندەکانی مافی مرۆڤ بکەین دەڵێت دەبێت ڕێزی مولکیەت لە هەموو جیهاندا بگیرێت، ئەگەر بێتو تەماشای یاساکانی رژێم بکەین دەبینین هەموو پێشێلکاری بەندەکانی مافی مرۆڤە، بۆیە من لەگەڵ ئەو رایەم کە تەنها کەسی یەکەم ودووەم بە (سئ النیە) حیساب بکرێن و، سێیەم وچوارەم و، بۆ سەرەوە دەبێت مامەڵەی (حسن نیە)یان لەگەڵدا بکرێت، سوپاس.

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لە رووی سۆزەوە ئەوە راستەو قسەی ناوێ کە هەموو لەگەڵ ئەوەداین کە پێشمەرگە ماڵ و مولکی خۆی وەرگرێتەوە، بەڵام نابێ هەڵە بەهەڵە چارەسەر بکەین، بۆیە واچاکە لە لە کڕیاری(سێ یەمەوە)ئیتر(حسن النیە) هەڵسوکەوتی لەگەڵدا بکرێ. چونکە مەسەلەکە دوور کەوتۆتەوە و، ناکرێ ئەوانیش وەکو کڕیاری یەکەم و، دووەم تەماشا بکرێن. سوپاس.

**بەڕێز حەسەن حەمید رەحیم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بێگومان ئەوانەی کە ئەیکڕن ئەپرسن ئەم خانووە هی کێیە هەر لە خۆیانەوە ناچنە سەری ونایکڕن، ئەوە وانیە(٢٠) دەستیش بکات هەر ئەزانن هی ماڵە پێشمەرگەیە، ئەگەر یەک کەسیش هەبووە لە بەسراوە هاتووە نەیزانیوە ئەوا خانووی کڕیوە من رازیم با هەمووی وابڕوات، سوپاس.

**بەڕێز د. قـــاسم مـــحـــمـــەد قـــاسم:**

**بەڕێز ســــەرۆکی ئـەنجـــــومـــــەن.**

بەڕێزان شێروان و ئەیاد ئاماژەیان دایە سۆز، من لەگەڵ ئەواندا جیاوازم، مەسەلە حەقێکە داوا دەکرێتەوە ئەگەر (حسن نیەتن) حەز دەکەم پێچەسپینین (حسن نیەت)واتای چییە؟، سوپاس.

**بەڕێز فـــــرەنسـو تـۆمـــا هـەریری:**

**بەڕێز ســــەرۆکی ئـەنجـــــومـــــەن.**

ئێمە دەقی هەردوو پێشنیارەکەمان لانییە حەز دەکەین بزانین جیاوازییان چیە؟ تا چارەیەکی بۆ بدۆزینەوە، سوپاس

**بەڕێز جـــێگری ســــەرۆکی ئـەنجـــومـــەن:**

بۆچوونێک هەیە ئەڵێ ناتوانین هەمـوو ئەو خـەڵکانە بە (سیء نیـە) دابنێین مـاڵ ومـوڵکی پێشمەرگەیان کڕیوە ولێیان بسێنینەوە بەبێ ئەوەی هیچیان بدەینێ، چونکە دەڵێن ئیمتیازێکی زۆر هەیە کە سێیـەم چوارەم کـەس (حسن نیـە)یان هەیە. بۆ چوونی دووەمیـان ئەڵێن ئەمـانە هیچیان بە (حسن نیە) دانانرێن و، هەندێ ڕێسایان داناوە بۆ گەڕانەوەی ئەم خانووانە.

**بەڕێز کـاکـەڕەش مـحـمـەد نەقـشـبـەندیی:**

**بەڕێز ســــەرۆکی ئـەنجـــــومـــــەن.**

بە کورتی هەردوو رایەکە ئەوەیە:

پێشنیـاری یەکـەم: ئەوەیە ئەڵێ ئەبێ ئەو مـوڵکە هەر بگەڕێتـەوە بۆ خـاوەنی با چەند دەستی کردبێ. پێشنیاری دووەم: ئەگەر زیاتر بوو ئەوە لە دووەمین کەس یا سێیەمین وا دانراون ئەوانە خەڵکی پاکن حکومەتی کـوردسـتـان دەبێ قـەرەبووی پێشـمـەرگـەکە بکاتەوەو، بگەڕێتـەوە سەرکڕیاری یەکەم ،یا دووەم، یا سێیەم ئەگەر دەرکەوت(سیء النیە)ن لێیان وەربگرێتەوە. دەمـەوێ برادەران بزانن حکومـەت لەوە زەرەرمـەند نابێ، ئەگـەر کـڕیارێکیش دیار نەبوو ئەوە حکومەت پارەکە دەدات و، دەگەڕێتەوە سەر ئەوەی پێشووتر، سوپاس.

**بەڕێز بەخـتـیـار حـەیدەر عـوسـمـان:**

**بەڕێز ســــەرۆکی ئـەنجـــــومـــــەن.**

پشتگیری لەو بۆچوونە دەکـەم کە کڕیاری یەکەم ودووەم هەرگیز( حسن النیـە)نین و، ئەگـەر دیاری کردنیشان ئاسان نییە، بەڵام ئەوەش گرفت نییە و، ڕێگای ئیسباتی یاسایی هەیە کە بەشایەت دەکرێ، سوپاس.

**بەڕێز کـاکـەڕەش مـحـمـەد نەقـشـبـەندیی:**

**بەڕێز ســــەرۆکی ئـەنجـــــومـــــەن.**

کاک فرەنسۆ دەڵێ لای من روون نییە من حەز دەکەم تۆزێک بۆی روون بکەمەوە بەتایبەتی

ئەوەی دەڵێن یەکێک بگەڕێتەوە سەر یەکێک. بۆ نموونە خانوویەک ئەگەر(٥)دەستی کردبوو، پێیدا دەگەڕێنەوە تادوا کەس، ئەگەر یەکێکیان لەوانە لەبەر دەست نەبوو ئەوە دەچینە سەر ئەوەی پاش ئەو کە(تعویض)بکرێ، بە مەرجێک ئەو کەسە یەکەم کەس یا دووەم کەس نەبن کە(سوء النیە)ن و، حکومەتی هەرێم زەرەرو زیانیان نابژێرێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجوومەن:**

لە هەموو حاڵەتێکیشدا ئەگەر چەسپا حاڵەتەکە(حسن النیە)یە ئەوە زیانەکەی دەبژێردرێتەوە، بەڵام ئەگەر یەکێک خانوویەکی لەسەر زەویەکی داگیر کراو بە(٥٠)هەزار دینار دروست کردبێ و، ئێستا ئەو خانووە (٣)ملیۆن دینار بکات، وتۆ هەر بە(٥٠)هەزارەکەی بۆ بژێریتەوە، ئەوەش ڕەوا نییە.

**بەڕێز کاکەڕەش محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئەو دەقەکەی دوایی هەموو کڕیارەکانی بە(سیءنیە) داناوە بۆیە پێویست ناکات لە مەسەلەی عەدالەتی(٥٠) هەزارەکەش بکۆڵینەوە، سوپاس.

**بەڕێز حازم ئەحمەد محمود یوسفی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئەمەوێت سەرنجی ئەندامانی لیژنەی یاسا رابکێشم بۆ ئەوەی کە هەردوو وەدەقەکە وەکو یەکیان لێ هاتووە، لەوەی دووەم کە خوێندیانەوە دەڵێ:(اذا تعذر منهم)، لێرەدا مەبەستی کێیە؟ کە ناتوانێت یەکێک بگەڕێتەوە سەر ئەوی دیکە حکومەتی کوردستان بەخۆڕایی پارەکە دەدات؟، سوپاس.

**بەڕێز کاکەڕەش محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئەوەی بەڕێز حازم ئەڵێ مەبەست ئەوەیەکە ئەگەر یەکێک لە کڕیارەکانی دەستنەکەوت پارەکەی لێی وەربگرێتەوە وپەیوەندیی بە(سوء نیەت) و (حوسنی نیە)تەوە نییە، چونکە کڕیارەکان لێرەدا هەمووی(سیء نیەتن).

سەبارەت بە پرسیارەکەی بەڕێز فرەنسۆش، جیاوازەکە ئەوەیە کە رایەک دەڵێت ئەگەر دەرکەوت (حوسنی نیەتە) بوو بە سێیەم وچوارەم ئیتر پێویست نییە ئەو موڵکە بگەڕێتەوە بۆ برا پێشمەرگەکە با(تەعویض) بکرێ لەلایەن حکومەتی کوردستان. رای دووەم هەر ئەوەیە کە بەهەر شێوەیەک بووە ئەبێت بۆی بگەڕێتەوە، وئەویش نابێت زەرەرمەند بێ لەناو ئەو کێشەیەو کڕیارەکان بگەڕێنەوە سەر یەکتر، چۆن لە یەکتریان کڕیوە ئاواش بیدەنەوە، سوپاس.

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**

٣- أـ يعتبر المشتري الثاني سيء النية اصلاً ويبطل تسجيل العقار بأسمه واعادة تسجيله بأسم المالك الاصلي وله الرجوع على المشتري الاول ألا اذا اثبت حسن النيته فتعود حكومة الاقليم للمالك الاصلي ولها الرجوع الى المشتري الاول ببدل التعويض.

ب ـ يعتبر المشتري الثالث ومن يليه المشتري حسن النية فتعوض حكومة الاقليم المالك الاصلي ولها الرجوع على اي من المشتري الثاني سيء النية الاول ببدل التعويض الا اذا اثبت وجود سوء نية ويبطل تسجيل العقار باسم المشتري سيء النية ويعاد تسجيله بأسم المالك الاصلي ولأي منهم الرجوع على سلفه ببدل شراء.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئێستا کێ لەگەڵ ئەو دەقەدایە؟ تەنها (٩) کەس دەستیان بەرزکردەوە..کەواتە ئەمەیان پەسەند نەکرا.

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**

دەقی دووەم: بڕگە(٧) اذا انتقل العقار من المشتري الاول الى المشترين الاخرين فيعاد الى مالكه الاصلي مع مراعاة احكام هذا القانون ويحق لكل مشتري الرجوع على سلفه والمشترين بالمبالغ المدفوعة له واذا تعذر ذلك بالنسبة الى احدهم فتحل حكومة كوردستان محله عدا المشتري الاول وعليها الرجوع على المشتري الذي قبله.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەن:**

کێ لەگەڵ ئەوەدایە ئەو دەقە وەکو خوێندرایەوە وەربگیرێت؟..تکایە دەست بەرز بکاتەوە.. دەست بەرز کرایەوە.. سوپاستان دەکەین.. کێ دژە؟.. بەزۆربەی دەنگ بڕگەی(٧)لە مادەی(٢)دا پەسەند کرا.

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**

فقرة(٨) :اذا كان المال المصادر عرصة خالية تم مصادرتها بسبب عدم تسييجها وكان مالكها ملتحقا بالحركة التحررية الكوردية أو معتقلاً بسببها خلال فترة نفاذ قرار(مجلس قيادة الثورة)المرقم(١٢٢٣)الصادر في١٣/١١/١٩٨١ فتتم معالجة الآثار الناجمة عن تنفيذ القرار المشار اليه اعلاه كما يلي:

أـ اذا كانت العرصة لازالت خالية لحين صدور هذا القانون فتعاد الى مالكها الاصلي وتسجل بأسمه ولكل مشتري حق الرجوع على سلفه بالمبالغ المدفوعة له عن قيمتها.

ب ـ اذا كان المشتري الاول للعقار المصادر قد اقام منشأت عليها ومحتفظا بملكيتها بموجب سجلات التسجيل العقاري فيخير المالك الاصلي للعرصة بين تملك المنشأت بقيمتها او تمليك الارض الى صاحب المشأت بقيمتها وقت صدور هذا القانون.

ج ـ اذا كانت العرصة قد اقيمت عليها منشأت وانتقلت ملكيتها من المشتري الاول بموجب

سجلات التسجيل العقاري فيلزم المشتري الاخير بدفع قيمة العرصة وقت صدور هذا القانون الى مالكها الاصلي ولكل مشتري الرجوع على سلفه بما دفعه من فرق البدل.

د ـ تسري احكام هذا القانون على جميع القضايا الخاصة بمصادرة العرصات بسبب عدم تسييجها والتي سبق وان صدرت فيها قرارات من قبل اللجان المشكلة وفق المادة التاسعة من القانون رقم« ١٦ » لسنة ١٩٩٢سواء اكتسبت الدرجة القطعية او لم تكتسب.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەن:**

کێ لەگەڵ ئەوەدایە کە برگە(٨) لە مادە(٢)دا وەکو خۆی بمێنێتەوە؟..دەست بەرزکرایەوە.. کێ دژە؟ کەواتە بە زۆربەی دەنگ پەسەند کرا.

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**

المادة الثالثة: اذا كان المال المصادر والمنشآت او المحدثات المقامة اقيمت تتجاوز على اراضي تعود للدولة او البلديات وكانت مشمولة بالتملك عند اقامتها او بعد ذلك وتوفرت في صاحبها شروط التملك او ملكت لاقرانه عرصات مماثلة في المنطقة نفسها فيملك صاحبها المساحة المتجاوز عليها ضمن حدود مساحات مسموح بتملكها لاقرانه حين تنفيذ القرارات الخاصة بتملك المتجاوزين على الاراضي الاميرية والبلديات على ان يقوم صاحب المنشآة الاصلي بدفع بدل التملك الذي دفعه اقرانه في حينه الى جهة ذات العلاقة.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەن:**

کێ تێبینی هەیە؟.. کەس نییە.

کێ لەگەڵ ئەوەدایە کە مادە (٣) وەکو خۆی وەربگیرێ؟.. تکایە دەست بەرز بکاتەو.. دەست بەرز کرایەوە.. سوپاستان دەکەین کێ دژە؟.. کەواتە بەزۆربەی دەنگ مادە (٣) پەسەند کرا.

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**

المادة الرابعة: اذا كان المال المصادرحقوقا تصرفية في ارض زراعية او بستاناً فيستحق صاحبها الاصلي اجر مثلها مدة الاستغلال من قبل المشتري وتطبق على المحدثات والمنشآة المقامة عليها احكام هذا القانون.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

داوا دەکەم مافەکانی تەسەروف دیاری بکرێت، سوپاس.

**بەڕێز کاکەڕەش محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دیارە دەگەڕێنەوە، چونکە پێشەکی وتمان بنەمایەیەک هەیە یەکەم مادە (حجز ومصادرە) دەگەڕێتەوە کە تەنیا لێرەدا بەکورتی جیا کراونەتەوە،و خەڵک زۆر زەرەرمەند بووە، سوپاس.

**بەڕێز بەختیار حەیدەر عوسمان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من لە رووی یاساییەوە بۆی دەچم مەسەلەی (اجر المثل) کە دەبێت یەکێک (حیازە)ی هەبێت وکە حیازەی کرد بەشتێکی مەشروع دادەنرێ ئێمە راستە دامان ناوە(غیر مشروعه) لەو بارەیەوە کە مالی تێکۆشەرانە، بەلام لەرووی یاساییەوە وە لە(حیازەی) ئەوە واتا ئەو تەسروفی پێ دەکات کە چۆن دەیدا بەکرێ وچۆنی نادا، مادام ئێمە داوای گێڕانەوەی لێ دەکەین بە بڕوای من ئەو کرێ وەرگرتنە شتێکی زیادە، سوپاس.

**بەڕێز کاکەڕەش محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بابەتەکە زەوی کشتوکالە بۆ لێ بگەڕێین ئەو چەند سالە تەسرفی تێدا بکات؟ کە بەشتێکی پێچەوانەی یاسا و ئیستسنائیمان زانی ئەو کەسەمان دانا بە مرۆڤێکی خراپ و، ئێستاش (١٠ـ١٢) سالە زەویەکەی خواردووە و، تەنها لێ ستاندنەوە بەرای من بەس نییە لەو پارەیەی کە پێی داوە لەوانەیە سوودی زۆری بێ و، چەند بەرامبەر پارەکەی خۆی لێ دەرهێنابێ، ئێوە دەزانن زەوی کشتوکال چ خێرو بەرهەمێکی هەیە؟ لەبەر ئەوە پێویست نییە هەر چاوی لێ بپۆشین بلێین هەر گێڕانەوە بەسە، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەن:**

مادە (٤) کێ لەگەڵ ئەوەدایە وەکو خۆی بمێنێتەوە؟.. تکایە دەست بەرز بکاتەوە.. دەست بەرز کرایەوە.. سوپاستان دەکەین.. کێ دژە؟..کەواتە بەزۆربەی دەنگ مادە (٤) پەسەند کرا.

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**

المادة (٥):

١ـ اذا كان المال المصادر منقولاً ستعاد الحيازة الفعلية الى صاحبه الاصلي ويسجل بأسمه إن كان مركبة او ماكنة.

٢ـ اذا استحال نقل الحيازة الفعلية الى صاحبها الاصلي لهلاكها او لأي سبب آخر فيعوض المشتري صاحبه الاصلي قيمته بتأريخ ١٩٩٠/١٢/٣١.

**بەڕێز بارزان خالید عەزیز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پێموایە ئەم مێژووە شتێکی خراپە، چونکە ئەگەر نرخی ئەو کاتی شتەکان لێک بدەینەوە بە دەقات هەرزانتر بوو لە ئێستا. بەرای من بگوترێ بەنرخی ئێستا، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەن:**

کێ لەگەڵ ئەوەدایە مادە (٥) وەکو خۆی بمێنێتەوە؟.. تکایە دەست بەرز بکاتەوە.. دەست بەرز کرایەوە.. سوپاستان دەکەین.. کێ دژە؟.. بەزۆربەی دەنگ مادە پێنج پەسەند کرا.

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**

المادة (٦): اذا كان المال المصادر قد انتقل حيازته الي الغير قبل مصادرته بموجب تعهد بنقل ملكيته صادر عن اقارب المالك الاصلي تحريراً وكانت درجة قرابة توحي للغير حسن النية بعلم المالك بتصرف المتعهد فيعتبر تصرف المشتري بالمال بحكم التصرف بزعم سبب الشرعي وطبق الاحكام للمادة (١١٢٠) من القانون المدني العراقي بشأنها وتعتبر قيمة الارض والبناء بتاريخ ٣١/١٢/١٩٩٠ اساساً للتقدير.

**بەڕێزجێگری سەرۆكی ئەنجومەن:**

كێ لەگەڵ ئەوەدایە وەكو مادە (٦) خۆی وەربگیرێ؟.. تكایە دەست بەرز بكاتەوە.. دەست بەرز كرایەوە.. سوپاستان دەكەین.. كێ لەگەڵ نییە؟.. كەواتە بەزۆربەی دەنگ مادە (٦) پەسەند كرا.

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**

المادة (٧): تحسم الديون الثابتة المؤشرة في سجلات التسجيل العقار المشمول بهذا القانون والمترتبة بذمة المشتري من المبالغ المستحقة له بذمة المالك الاصلي نتيجة تنفيذ احكام هذا القانون وفي حالة عدم كفايتها للدائن متابعة اموال المدين الاخرى.

**بەڕێز جێگری سەرۆكی ئەنجومەن:**

كێ لەگەڵ ئەوەدایە مادە (٧) وەكوخۆی وەربگیرێ؟.. تكایە دەست بەرز بكاتەوە.. دەست بەرز كرایەوە.. سوپاستان دەكەین.. كێ لەدژە؟.. كەواتە بەزۆربەی دەنگ مادە (٧) پەسەند كرا.

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**

المادة (٨): تعفى معاملات إعادة تسجيل الاموال المصادرة المشمولة بهذا القانون من رسوم التسجيل والضرائب المترتبة على اعادة نقل الملكية.

**بەڕێزجێگری سەرۆكی ئەنجومەن:**

كەس تێبینی هەیە لەسەر ئەم مادەیە؟ نییە. كەواتە دەیخەینە دەنگدانەوە.

كێ لەگەڵ ئەوەدایە مادە (٨) وەكو خۆی وەربگیرێ؟.. تكایە دەست بەرز بكاتەوە.. دەست بەرز كرایەوە.. سوپاستان دەكەین.. كێ لەدژە؟.. بەزۆربەی دەنگ مادە (٨) پەسەند كرا.

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**

المادة (٩):

١- تشكل في كل محافظة لجنة برئاسة حاكم من الصنف الثاني على الاقل وعضوية كل من معاون المحافظ ومدير التسجيل العقاري ومدير عقارات الدولة تتولى تطبيق احكام هذا القانون.

٢- تكون قرارات اللجنة خاضعة للطعن تمييزاً لدى محكمة اقليم كوردستان العراق خلال مدة ١٥ يوماًمن تاريخ التبليغ.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجوومەن:**

بەڕێز ئەکبەر حەیدەر پێشنیارێکی کردووە کە بگۆڕێ (بشمول احکام هذا القانون کافة انحاء اقلیم کوردستان حالة تحررها) من وابزانم ئەمە دەرئەنجامە یاساکە بۆ کوردستان دەرکراوە خوا بکا هەمووی بگەڕێتەوە بۆمان هەموو یاساکان بەسەریاندا جێبەجێ ئەکەین ئەوە نووسینی ناوێت، ئەوەی ئەیڵێی کاک ئەکبەر جیایە لەوەی کەنووسیوتە، ئەوە پەیوەندیی بەیاساکەوە نییە، بەڵکو پەیوەندیی بە قەرەبووەکانەوە هەیە کە ئەرکی ئەنجوومەنی وەزیرانەوە هەیە، ئەوە شتێکە و، ئەمەی یاساکە شتێکی ترە، ئێمە ئێستا ئەمە دائەنێین بۆ هەرێمی کوردستان جێبەجێ دەکەین.

**بەڕێز ئەحمەد تاهیر نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

(مدیر ألتسجیل العقاري) لێرە هەیە، بەڵام (مدیر عقارات الدولة) چییە؟ دەمەوێت بۆم روون بێت، سوپاس.

**بەڕێز کاکەڕەش محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

(مدیر عقارات الدولة) بەڕێوەبەری ئەملاکی پارێزگایە، بەڕێوەبەری تاپۆیە، بەڕێوەبەری ئەملاکە، جێگری پارێزگارە، دادوەر، ناوەکە وایە لە (تشکیلات)، سوپاس.

**بەڕێز بەختیار حەیدەر عوسمان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

من داوا دەکەم کە ئەو لیژنەیە نەبێت، بەڵکو دادگای (بداءە) کارەکەی بکات وەکو لە پرۆژەی یاساکەدا هاتبووە، چونکە دادگای بەدائە لە قەزاکانیشدا هەن و، ئیتر پێویست بەوە ناکات خەڵکەکە لە قەزاکانەوە بێنە پارێزگا بۆ لیژنەکە، چونکە ئەگەری کێشەی زۆری هەیە، لەوانەیە ئەم لیژنەی کاریگەری لەسەر هەبێت و، یاسا بەتەواوی جێبەجێ نەکات، چونکە تەنها یەک ئەندامی دادوەرە و، سێ ئەندامەکەی دیکە دادوەر نین لەوانەیە هەر یاساییش نەبن، ئەم شتە لە بنەڕەتدا جێگای پێداچوونەوەیە (تمییزە)، سوپاس.

**بەڕێز عەدنان محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئەوە لە لیژنەی یاسادا گفتوگۆی لەسەر کرا ئەم بابەتەمان نەدا بە دادگاکان، چونکە پێشمەرگە کە قوربانی داوە ئێمە هەموومان دەمانەوێ حەقی پێشمەرگە بدەینەوە ونەیخەینە دادگاکان و دواخستنی کێشەکەی و هەندێ گیروگرفتی تر، لەبەر ئەوە ئێمە دادمان بە ئیجرائاتی ئیداری بۆ ئەوەی بەسوکترین رێگا بگاتە مافەکەی خۆی مەبەستەکە هەر ئەوە بوو، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجوومەن:**

ئێستا کێ لەگەڵ ئەوەدایە مادە (٩) وەکو خوێندرایەوە وەربگیرێت؟.. تکایە دەست بەرز بکاتەوە.. دەست بەرز کرایەوە.. سوپاستان دەکەین.. کێ دژە؟.. کەواتە بەزۆربەی دەنگ مادە (٩) وەکو خۆی پەسەند کرا.

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئێمە کاتی خۆی بڕگەیەکمان نووسی بوو لە پڕۆژەی لیژنەی یاسا دەڵێت: (يشمل هذا القرار الكرد الفيليين المسافرين الى الخارج ايضا). ئێمە باسی ئەوانەمان کردووە بەتایبەتی کە کاتی خۆی ناسنامەی عێراقیان لێ زەوت کراوە، گەڕانەوەی موڵکیش پێویستی بە ژمارەی ناسنامەی عێراقی دەبێت، چونکە کاتی خۆی ئەوانەش حەقی خۆیان لێ سەندراوەو، پێویستە بۆیان بگەڕێتەوە، چونکە فەیلیش کوردن واتا مەسەلەکە سیاسیە، سوپاس.

**بەڕێز حەسەن عەبدولکەریم بەرزنجی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

بێگومان کێشەی برا فیلیەکان کێشەیەکی زۆر گەورەیە و، تا ئێستاش زۆر بەکەمەوە ناوی هاتووە و، هەر تایبەتمەندیەکی بدەینێ ئەوانیش دەگەڕێتەوە، چونکە زۆر کەسیان هەیە گوازراوەتەوە پێش ساڵی (١٩٦١)، لەبەر ئەوە تایبەتمەندیەکەی بدرێتێ چاکترە، چونکە نایانگرێتەوە، سوپاس.

**بەڕێزجێگری سەرۆکی ئەنجوومەن:**

من وای بۆ دەچم کە ئەم دەقە گشتیترەو، هەموو کوردستان و، هەموو کوردێکی تێکۆشەریش دەگرێتەوە بۆ هەموو کەسێک کە لەسەر کاری سیاسی موڵکی زەوت کراوەو، سوودمەندە. رای تایبەتی من ئەوەیە ئەمە بەسە بۆ ئەوەی ئەوانیش بگرێتەوە، چونکە ئێمە ناتوانین ناسنامە بدەین بەکەس.

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئێمە نابێ ناسنامەیان بدەینێ، من وتم بۆ ئیجرائات تۆمار بکرێتەوەو، نابێ (شهادەی جنسیەی عێراقی) ببێتە کۆسپ، سوپاس.

**بەڕێز کاکەڕەش محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

دیارە ئێمە بڕیارەکەمان لەسەر ئاستی نەتەوایەتی نییە هەتا بگەینە ئەو دەرئەنجامانە ئێمە وتمان هەر کەسێک لە کوردستانی عێراقدا ماڵ وموڵکی زەوت کرابێ دەیگرێتەوە جا ئیتر فەیلی بێت، یاغەیری فەیلی بێت، چونکە ئەگەر بەو حیسابە بێت دەبێت باسی برا ئاشوریەکانیش بکەین، سوپاس.

**بەڕێز ئەیاد حـــاجی نامق مـــەجـــیـــد:**

المادة(١٠): لايعمل بأي نص يتعارض واحكام هذا القانون.

**بەڕێز جـــێگری ســـەرۆكی ئەنجـــومـــەن:**

کێ لەگەڵ ئەوەدایە مادە (١٠) وەکو خۆی وەربگیرێ؟.. تکایە دەست بەرز بکاتەوە.. دەست بەرز کرایەوە.. سوپاستان دەکەین.. کێ لە دژە؟.. بەزۆربەی دەنگ مادە (١٠) پەسەند کرا.

**بەڕێز ئەیاد حـــاجی نامق مـــەجـــیـــد:**

المادة (١١): على الوزراء المختصين تنفيذ احكام هذا القانون.

**بەڕێزجـــێگری ســـەرۆكی ئەنجـــومـــەن:**

کەس تێبینی هەیە لەسەر ئەو مادەیە؟. نییە؟. دەیخەینە دەنگدانەوە.

کێ لەگەڵ ئەوەدایە مادە (١١) وەکو خۆی وەربگیرێ تکایە دەست بەرز بکاتەوە؟.. دەست بەرز کرایەوە.. سوپاستان دەکەین.. کێ دژە؟..کەواتە بەزۆربەی دەنگ مادە (١١) پەسەند کرا.

**بەڕێز ئەیاد حـــاجی نامق مـــەجـــیـــد:**

المادة (١٢): ينفذ هذا القانون اعتبارا من تاريخ نشره في الجريدة الرسمية.

**بەڕێزجـــێگری ســـەرۆكی ئەنجـــومـــەن:**

کێ تێبینی هەیە لەسەر ئەم مادەیە؟.. کەس نییە.

کێ لەگەڵ ئەوەدایە ئەم مادەیە وەکو خۆی وەربگیرێ؟.. تکایە دەست بەرز کرایەوە.. سوپاستان دەکەین..کێ دژە؟.. کەواتە بەتێکڕای دەنگ مادە (١٢) پەسەند کرا.

بەم شێوەیەش دانیشتنی ئەمرۆمان کۆتایی پێ هات، سوپاستان دەکەین.

**فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵڵا**
**سکرتێری ئەنجوومەن**

**نەژاد ئەحمەد عەزیز ئاغا**
**جێگری سەرۆکی ئەنجوومەن**

**جوهر نامق سالم**
**سەرۆکی ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق**

# یاسای گەڕاندنەوەی ماڵە دەست بەسەر داگیراوەکان بەهۆی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی کوردستانییەوە بۆ خاوەنە ئەسڵییەکانیان

**مادەی یەکەم:**

هەڵوەشاندنەوەی دەست بەسەر داگرتن وحیجزکردنی ئەو ماڵە نەگوازراوەیەی لەلایەن ڕژێمە یەک لەدوای یەکەکانەوە بەرامبەر بەشدارانی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی کوردستانی و کەس وکاریانەوە لە ١١/٩/١٩٦١وە کراوە سەرلەنوێ تۆمارکردنەوەی بەناوی خاوەنە ئەسڵییەکانیانەوە لە هەرێمی کوردستانی عێراقدا.

**مادەی دووەم:**

ئەنجامەکانی بەجێهێنانی حاڵەتەکانی ئەو دەست بەسەرداگرتن وحیجزکردنەی لەمادەی یەکەمی ئەم یاسایەدایە بەم شێوەیەی خوارەوە چارەسەر دەکرێ:

١-أ- ئەو ماڵە حیجزکراوانەی هێشتا بەناوی خاوەنە ئەسڵییەکانیانەوەن دەدرێنەوە دەستیان.

ب- ئەو ماڵە دەست بەسەرداگیراوانەی نەفرۆشراون بەناوی خاوەنە ئەسڵییەکانیانەوە تۆماردەکرێنەوە.

٢- ئەگەر ماڵە دەست بەسەرداگیراوەکان کەوتبوونە لای کەسانێک کەلەپێش ڕاپەڕینەوە یالەدوایی دا کوردستانیان جێ هێشتووە و چوونەتە پاڵ حکوومەت بەناوی خاوەنە ئەسڵییەکانیانەوە تۆمار دەکرێنەوە.

٣- ئەگەر موڵکە دەست بەسەر داگیراوەکە فرۆشرابێ و هێشتاش هەر بەناوی کڕیاری یەکەمەوە بێ و هیچ گۆڕینێکی تێدا نەکرابێ بەناوی خاوەنە ئەسڵییەکەوە تۆمار دەکرێتەوە و ئەم کڕیارە مافی ئەوەشی نییە داوای پارەی کڕینەکەی لەخاوەنی موڵکەکە بکاتەوە.

٤- ئەگەر موڵکە دەست بەسەرداگیراوەکە کەلاوەیەکی چۆڵ بووبێ و کڕیاری یەکەم خانووبەرەی تێدا کردبێ خاوەنە ئەسڵی یەکەی کەلاوەکە سەرپشک دەکرێ کە یاخانووبەرەکە بەو پارەیە هەڵگرێتەوە کە لەوەختی بیناکردنیدا تێی چووە یانرخی کەلاوەکە بەپێی ڕۆژی کارپێکردنی ئەم یاسایەدا لەکڕیاری یەکەم وەربگرێ.

٥- ئەگەر ئەو خانووبەرە موڵکی خاوەنە ئەسڵییەکە بووبێ و کڕیاری یەکەم ڕووخاندبێتی و خانووبەرەی تری لەجێگەی دروست کردبێ نرخی خانووبەرە ڕووخێنراوەکەی بەپێی ڕۆژی کارپێکردنی ئەم یاسایە لێ وەردەگیرێ و خاوەنە ئەسڵییەکەش بەپێی برگە(٤)ی ئەم ماددەیە سەرپشک دەکرێ.

٦- ئەگەر کڕیاری یەکەمی موڵکە دەست بەسەر داگیراوەکە(فضلە)یەکێ لە لایەنێکی ڕەسمی کڕی بێ وخستبیتییە سەری(فضلە)کەبەنرخی کڕینەکەی لەو لایەنە دەکرێتە

موڵکی خاوەنە ئەسڵییەکەی موڵکەکە. هەروەها ئەو خانووبەرە بەشی لەسەری درووست کراوە بەپێی نرخی رۆژی ۳۱/۱۲/ ۱۹۹۰ دەدرێتێ.

٧- ئەگەر موڵکەکە لە کڕیاری یەکەمەوە دەستاودەستی کردبوو بۆ کڕیاری تر لەگەڵ رەچاوکردنی حوکمەکانی تری ئەم یاسایەدا دەگەڕێنرێتەوە بۆ خاوەنە ئەسڵییەکەی و هەر کڕیارەش مافی گەڕانەوەی هەیە بۆ سەر کڕیاری پێش خۆی بەو پارەیەی وەری گرتووە. ئەگەریش ئەوە بۆ هەر یەکێکیان نەلوا ئەوا حکوومەتی کوردستان جێگەی دەگرێتەوە تەنیا کڕیاری یەکەم نەبێ و حکوومەتیش دەبێ بگەڕێتەوە سەر کڕیاری پێشوو.

٨ـ ئەگەر ماڵەدەست بەسەر داگیراوە کە کەلاوەیەکی بەتاڵ بووبێ و بەهۆی شووره بۆنە کردنییەوە دەستی بەسەر داگیرابێ و خاوەنەکەی چووبێتە پاڵ بزووتنەوەی رزگاریخوازیی کورد یا بەو هۆیەوە گیرابێ لەماوەی جێبەجێ بوونی بڕیاری (ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕش)ی ژمارە «۱۲۲۳»ی رۆژی ۱۳/۱۱/۱۹۸۱، چارەسەرکردنی ئەنجامەکانی ئەو بڕیارەی سەرەوە بەم جۆرە دەبێ:

أ ـ ئەگەر کەلاوەکە تا کاتی دەرچوونی ئەم یاسایە هێشتا هەر بەتاڵ بوو دەدرێتەوە بەخاوەنە ئەسڵییەکەی و بەناوییەوە تۆمار دەکرێ و هەر کڕیارێکیش مافی گەڕانەوەی بۆ سەر ئەوەی پێش خۆی هەیە بەو پارەیەی لە بریی نرخەکەیدا داویێتێ.

ب ـ ئەگەر کڕیاری یەکەمی موڵکە دەست بەسەرداگیراوە کە خانووبەرەی لەسەر بیناکرد بوو بەپێی تۆماری موڵکداریی خاوەنە ئەسڵییەکە سەرپشک دەکرێ لەنێوان هەڵگرتنەوەی خانووبەرەکە بەنرخەکەی یا فرۆشتنی زەوییەکە بەخاوەنی خانووبەرەکە بەنرخی کاتی دەرچوونی ئەم یاسایە.

ج ـ ئەگەر کەلاوەکە خانووبەرەی لەسەر کرابێ وبەپێی تۆماری موڵکداریی خاوەندێتییەکەی لەدەست کڕیاری یەکەمدا نەمابێ، دواکڕیار دەبێ نرخی کەلاوەکە بەپێی کاتی دەرچوونی ئەم یاسایە بدا بە خاوەنە ئەسڵییەکەو هەر کڕیارێکیش بۆی هەیە بگەڕێتەوە سەرپێش خۆی بەو پارە زیادەیەی دەیدا.

د ـ حوکمەکانی ئەم یاسایە گشت ئەو کێشانە دەگرێتەوە کە تایبەتن بە دەست بەسەر داگرتنی کەلاوە بەهۆی شووره بۆنەکردنییەوە و کەلەوەو بەر لەلایەن ئەو لیژنانەوەی بەپێی ماددەی نۆیەمی یاسای ژمارە «١٦»ی ساڵی ۱۹۹۲ پێکهاتبوون بڕیاریان تیادا دەرچووە، ئیتر سا گەیشتبنە پلەی بنبڕ یا نەگەیشتبن. «٦»

**مادەی سێیەم:**

ئەگەر ماڵە دەست بەسەر داگیراوەکە خانووبەرە بووبێ و بە(تجاوز)لەسەر زەوی وزارێک کرابێ کە موڵکی دەوڵەت یاشارەوانی بووبێ و لەکاتی دروستکردنیدا یادواتر بەربەموڵک کردن کەوتبێ و خاوەنە ئەسڵییەکەی مەرجەکانی بەموڵک کردنی تێدا بن یا کەلاوەی تری لەو بابەتە لەناوچەکەدا کرابن بەموڵکی ئەوانەی وەک ئەون ئەوا ئەو رووپێو (مساحە)یەی (تجاوز)ی کراوەتەسەر لەسنووری ئەو رووپێوەی ماوەی بە موڵک کردنی بەوانەی وەک ئەون دراوە لەکاتی

جێ بەجێ کردنی بڕیارە تایبەتیەکانی بەموڵککردنی زەوی وزارەکانی میری و شارەوانی دەکرێتە موڵکی خاوەنەکەی بەمەرجێک ئەم خاوەنە ئەسڵییەی خانووبەرەکە ئەو پارەی بەموڵک کردنە بدا بەلایەنی پەیوەندیدار کە ئەوانەی وەک ئەون داویانە.

**مادەی چوارەم:**

ئەگەر ماڵە دەست بەسەر داگیراوەکە مافی(تصرف)کردن بێ بەزەوییەکی کشتوکاڵی یا باخێکەوە خاوەنە ئەسڵییەکەی مافی وەرگرتنی کرێی هاوبابەت (أجر المثل)ی ئەو ماوەیەی دەبێ کەلەلایەن کڕیارەکەوە بەکارهێنراوە. هەروەها ئەو خانووبەرە وشتانەی لەسەری کراون حوکمەکانی ئەم یاسایەی بەسەردا جێ بەجێ دەکرێ.

**مادەی پێنجەم:**

١- ئەگەر ماڵە دەست بەسەر داگیراوەکە لەبابەتی گوازراوە بوو دەدرێتەوە دەستی خاوەنە ئەسلییەکەی و ئەگەر ماڵەکە ئۆتۆمبێل ومەکینە بوو بەناوییەوە تۆمار دەکرێتەوە.

٢- ئەگەر لەبەر ناوچوونی یالە هەر هۆیەکی تر نەتوانرا بدرێتەوە دەست خاوەنە ئەسڵییەکەی کڕیارەکە نرخەکەی بەپێی ڕۆژی٣١/١٢/ ١٩٩٠ لە بری دەدا بەو خاوەنە ئەسلییەی.

**مادەی شەشەم:**

ئەگەر ماڵە دەست بەسەر داگیراوەکە کەوتە دەست کەسانی تر پێش دەست بەسەر داگرتنەکەی بەپێی بەڵێنێکی نووسراو لەلایەن کەس وکاری خاوەنە ئەسڵییەکەوە و بەئاگاداریی ئەو خاوەنە لەو کارەی بەڵێندەرەکەو پلەی خزمایەتی یەکەش نیاز پاکی بەو کەسانەی تر رابگەیەنێ (تصرف)کردنی کڕیارەکە بەماڵەکە بەحوکمی(تصرف) کردن بە ئیدیعای هۆی شەرعی دادەنرێ وحوکمی مادده(١١٢٠)ی یاسای شارستانیی عێراقی بەسەردا جێبەجێ دەکرێ ونرخی زەوی وبیناکە بەپێی ڕۆژی ٣١/١٢/ ١٩٩٠ دەکرێتە بنچینە بۆ قەبلاندن.

**مادەی حەوتەم:**

ئەو قەرزە نەگۆڕانەی لە دەفتەری تۆماری موڵکداری دا لەسەر ئەو موڵکە هەن کە ئەم یاسایە دەیگرێتەوە ولەئەستۆی کڕیارەکەدان لەو پارەیە دەردەکرێن کە لەئەنجامی جێبەجێ کردنی حوکمەکانی ئەم یاسایە دا دەیکەوێتە ئەستۆی خاوەنە ئەسڵییەکە و ئەگەر بەشی نەکرد خاوەن قەرز بۆی هەیە دوای ماڵی تری قەرزدارەکە بکەوێ.

**مادەی هەشتەم:**

معامەلەی تۆمارکردنەوەی ئەوماڵە دەست بەسەر داگیراوانەی ئەم یاسایە دەیانگرێتەوە لەرەسمی تۆمار کردن وباجی گەڕانەوەی موڵکداری دەبەخشرێن.

**مادەی نۆیەم:**

١- لەهەر پارێزگایەکدا لیژنەیەک بەسەرۆکایەتیی دادوەرێک کەبەلایەنی کەمەوە لە پۆلی دووەم بێ و ئەندامێتیی یاریدەدەری پارێزگارو بەڕێوەبەری تۆماری موڵکداری و بەڕێوەبەری موڵکەکانی دەوڵەت پێکدێ وحوکمەکانی ئەم یاسایە جێبەجێ دەکا.

٢- بڕیارەکانی لیژنە دەشێ لەلای دادگای پێداچوونەوەی هەرێمی کوردستانی عێراق لەماوەی

پازدە ڕۆژدا لەڕۆژی پێراگەیاندنەوە تانووتی پێداچوونەوەیان لێ بدرێ.

**مادەی دەیەم:**

کار بەهیچ دەقێک ناکرێ کە لەگەڵ حوکمەکانی ئەم یاسایەدا ناکۆک بێ.

**مادەی یازدەیەم:**

دەبێ وەزیرە پەیوەندیدارەکان حوکمەکانی ئەم یاسایە جێبەجێ بکەن.

**مادەی دوازدەیەم:**

ئەم یاسایە لەڕۆژی بڵاوکردنەوەیەوە لە ڕۆژنامەی ڕەسمیدا کاری پێ دەکرێ.

**نەژاد ئەحمەد عەزیز ئاغا**

**و/سەرۆکی ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق**